**هەرێمی کوردستان - عێراق**
**پەرلەمانی**
**کوردستان - عێراق**

# پڕۆتۆکۆلەکان

# ١٢٨

سالّی/ ٢٠٢٢ – بەرگی سەدو بیست و هەشت

---

چاپی یەکەم/ سالّی ٢٠٢٣

له بڵاوكراوەكانی پەرلەمانی كوردستان - عێراق

---

ناوی كتێب: پرۆتۆكۆلەكانی ساڵی(٢٠٢٢)ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق
بەرگی: ١٢٨
چاپی یەكەم: ٢٠٢٣
تیراژ: ٢٥٠
پێداچوونەوەونەخشەسازی: سنوبر صابر حسن
ئینصات كردن: نەورۆز شێرزاد، دلێر اكرم، شوان محمد، كۆڤان خسرو، تارا رشـاد، رێبین رشاد، شیلان ملا عباس، رەنجدەر رقیب، شوان محمد، عورفی فقی.
ژمارەی سپاردنی بە كتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی كوردستان.
چاپخانەی شەهاب - هەولێر

# پێڕیست


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١) ی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە ٢٠٢٢/٩/١ ل ٥
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢) خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە ٢٠٢٢/٩/٢١ ل ٢٧
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣)ی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە ٢٠٢٢/٩/٢٢ ل ١٧١
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤ )خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە ٢٠٢٢/٩/٢٧ ل ٢١٧

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١)ی
پێنج شەممە ڕێکەوتی ١\٩\٢٠٢٢
خولی پێنجەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (١)
## پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٩/١

کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٩/١) پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د. ڕێواز فائق حسێن سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منى نبى قهوچى سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (١)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠٢٢) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمی مادەی (٥) و بڕگەی (یەکەم) لە مادەی (١٦) و بڕگەی (سێیەم) لە مادەی (١٨) و بڕگەکانی (یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم) لە مادەی (٢٠) و مادەکانی (٤٧، ٤٨) و بڕگەی (یەکەم) لە مادەی (٥٢) و مادەکانی (٥٤، ٥٥، ٥٦، ٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان-عێراق، دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (١)ی ئاسایی خولی پایزەی ساڵی چوارەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (١١)ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٩/١) بەم شێوەیە بێت:

یەکەم: یەك دەقیقە بێدەنگ وەستان بۆ ڕێزلێنان لە گیانی شەهیدانی کوردستان و عێراق لەگەڵ مارشی نەتەوەیی.

دووەم: کردنەوەی خولی پایزەی ساڵی چوارەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردن، لەلایەن سەرۆکی پەرلەمان بەپێی حوکمی بڕگەی (یەکەم) لەمادەی (٧)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

سێیەم: وتەی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بەبۆنەی کردنەوەی خولی پایزەی ساڵی چوارەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ـ-عێراق.

چوارەم: وتەی بەڕێزان سەرۆك فراکسیۆنەکانی پەرلەمان بەبۆنەی کردنەوەی خولی پایزەی ساڵی چوارەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان-عێراق، لە (٥) پێنچ خولەك زیاتر نەبێت.

پێنجەم: خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەم پرۆژەیاسایانەی خوارەوە، پشت بەستن بە حوکمی بڕگەی (دووەم)ی ماددی (٧٨) و بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (٨٣) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان:

پرۆژەیاسای کار لە هەرێمی کوردستان - عێراق.

پرۆژەیاسای هەمواری یەکەمی یاسای ئەنجوومەنی شورای هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٠٨

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

بە ناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ژمارە (١) ی خولی پایزە، ساڵی چوارەم لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان دەست پێ ئەکەین، سەرەتای کۆبوونەوە بە دەقیقەیەك بێ دەنگی وەستان بۆ ڕێز لە گیانی شەهیدانی کوردستان و عێراق لەگەڵ مارشی نەتەوەیی، ئەمڕۆ ( ١-٩) کردنەوەی وەرزی پایزەی ساڵی چوارەم لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان ڕائەگەیەنین، سەرەتا دەست بە جێ بەجێ کردنی بڕگەیەکی تری بەرنامەی کار ئەکەین، بە ناوی خوای گەورە،

ئەندامانی پەرلەمان و هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان، ئەمڕۆ (٢٠٢٢/٩/١) دەستپێکی وەرزی پایزەی ساڵی چوارەم لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، لە کاتێکدا ڕایئەگەیەنین کە عێراقی فیدرال بە دۆخێکی سەخت تێئەپەڕێ و هێشتان لە چاوەڕوانی ئەگەری نەخوازراو بەدەر لە حوکمی عەقل و لۆژیك دایە، نەگرتنەبەری بژاردەی گفتوگۆ وەك میکانیزمی عەقلانی و گەیشتن بە چارەسەری کێشەکان لە ڕێگەی دیالۆگی بنیاتنەرانە، بۆتە هۆکاری لێکترازان و جۆرێك لە ناسەقاگیری سیاسی کۆمەڵایەتی دەروونی ئابووری ئەمنی، پێشبینی کردنی داهاتوو ئاسان نییە و وڵات بەرەو عاقاری چارەنووسی نادیار هەنگا و ئەنێت، لەو نێوەندە و لەو ڕوانگەی هەرێمی کوردستان بەشێکە لەو دەوڵەتە فیدرالییەی کە لە هەموو ڕووێکەوە دۆخی مەترسیدارە و ناکرێ پێمان وابێ پریشکی بەر ئێمەش ناکەوێ، داواکارین لە هێز و لایەنە سیاسیە کوردستانییەکان بە جیاوازی بیروباوەڕ و بۆچوونی سیاسی گوتاریان یەك بخەن و ڕێزەکانیان تۆکمە بکەن و بۆ ئەوەی بە حیکمەت مامەڵە لەگەڵ دۆخی نوێی عیراق بکەن، هەوڵ بدەین ڕۆلی ئەرێنی لە کوژانەوەی ئاگری شەری بەرەکان و لایەنە ناکۆکەکان بگێرین و هەرێمەکەشمان لە پریشکی ئەو دۆخە نەخوازراوە بپارێزین، هاوکات پشتیوانی دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێم و بەتایبەت حکومەت بکەین لە بەهێز کردنی سەنگەرەکانی پێشمەرگە و تواناکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، بۆ ئەوەی نەهێڵین بۆشایی ئەمنی دروست ببێ بە تایبەت لە ناوچە سنوورییەکان و هاوسنوورەکان لەگەڵ ناوچە جێ ناکۆکەکان، هاوکات لەو ڕوانگەی بەهێزی هەرێمەکەمان و پارێزراوی قەوارەی سیاسی و دەستوورییەکەی لە ڕەزامەندی و متمانەی هاووڵاتیانە بە خودی قەوارەکە، ئەرکی ئێمەیە لە پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەتیش وەك دوو دامەزراوەی دەستووری متمانە پێدراو لە پەرلەمان کە بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ خواست و داواکارییەکانی هاووڵاتیانی خۆمان بکەین و پرۆسەی چاکسازی لە سیستەمی سیاسی و ئابووری و کارگێڕی دا بکەینە ئامانج و ئەرکی بەردەواممان و سل لە تەگەرە و ئاستەنگەکان نەکەینەوە، وەك چۆن ئەرکی هاووڵاتیشە لە پێناو دوورخستنەوەی پریشکی ناسەقامگیری و پاراستنی قەوارەی دەستووری هەرێمدا، ئەوەی کراوە نادیدەی نەگرن و هاوکات بەردەوامیش بن لە چاودێری کردنی دامەزراوە و دامودەزگاکان و پێشیلکاری بەهەدەردان لە کەس قبوول نەکەن و دەستبار و پشتیوانی دامەزراوەکان بن لە هەموو هەوڵ دەستپێشخەرییەکان بۆ ڕووبەڕووبونەوەی گەندەڵی و بەهەدەردانی ماڵی گشتی، ئەندامانی بەڕێز، دوای ئەو پێشەکییە بە پێویستی ئەزانم سەبارەت بە ئەرك و دەستکەوت و ئاستەنگەکانی بەردەم پەرلەمان چەند خاڵێك بخەمە ڕوو:

١- وەك لای بەڕێزتان ئاشکرایە هەرێمی کوردستان پێویستە خاوەنی دەستووری تایبەت بە خۆی بێ، بەپێی ئەو مافەی لە ماددەی (١٢٠) ی دستووری هەمیشەیی عێراق پێمان دراوە، بە تایبەت کە بوونی دەستوور ئەبێتە قەلغانێك بۆ پاراستنی ماف و ئازادییە گشتییەکان و ڕێکخستنی دەسەڵات و پەیوەندی نێوان دامەزراوە دەستوورییەکان و چەتر و مەرجەعی ئەو یاسایانەی کە لە هەرێم دەرئەچن، لەو ڕوانگەیەوە ئامادەکردنی ڕەشنووسی دەستوورێك بۆ هەرێم زەرووڕەتێکی حەتمی بووە و لە ئێستاشدا هەمان زەرووریەت و حەتمییەتی هەیە، لە ئەسڵدا ئەبوو لە ساڵی (١٩٩٢)ەوە دەستوورمان هەبووایە، لە ئێستاشدا بە تایبەت دوای ئەوەی دامەزراوەکانی هەرێم زیاد لە جارێك داوای یاساییان لەبەردەم دادگای ئیتیحادی لەسەر تۆمار

کـراوە بە هـۆی نەبـوونی دەسـتوور و بە پاسـاوی نەبـوونی پاڵپشـتی دەسـتووری بـۆ کـاری دامەزراوەکان، هەرچەندە ڕاوێژکاران و نوێنەرانی یاسایی پەرلەمـان توانیـان هەردوو داواکە لە بەرژەوەنـدی پەرلەمـان بـبەنەوە، بەڵام هەر مـایەی جۆرێـك لە ئیحـراجییە کە نەیـاری سیاسـی هەرێم لەبەردەم دادگا نەبوونی دەستوور و کەمتەرخەمی خۆمانمان بەرامـبەر بە مافێکمـان بیـر بخـاتەوە، بێگومـان ئەبـێ ئەو پرسـیارەش بکـرێ ئایـا لە ئێسـتادا و لەو قۆنـاغە هەسـتیارە نووسینەوەی دەستوور گرنگترە یـان ئەنجامـدانی هەڵبـژاردن؟ لە ڕاسـتیدا ئەڵێـین هەردووکیـان گرنگی خۆیان هەیە و ئامانجی لە پێشینەن، هەنگاوەکانی ئامادەکردنی ڕەشنووسی دەسـتووری هەرێم ڕێگر نابێـت لە تەواو کردنـی هەنگاوەکـانی ئەنجامـدانی پرۆسـەی هەڵبژاردنـی گشـتی لە هەرێمی کوردستان، ئەگەر بەڕاستی ئیرادەیەکی سیاسی کارێگەر لە پشت هەردوو پرۆسـەکەوە بێت.

٢- لە بنەڕەتـدا هەڵبــژاردن میکــانیزمیکی ئاشــتیخوازانەیە بــۆ گەیشــتن بە ئامــانجێ بــاڵای خزمەتکردنی باشتری خەڵك و گۆڕینی واقیع بەرەو باشتر، لەو قۆنـاغە ئەرکـی ئـێمە و سـەرجەم فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستانە، هەوڵی زەمینەسازی و نزیکردنەوەی هێـزە سیاسـییەکان بدەین بۆ ئەوە لێك تیگەیشتنی هاوبەش بکەنە بنەمای کارکردن لە پێناو ڕێکەوتن لەسـەر یاسـای هەڵبژاردنـی پەرلەمـانی کوردسـتان و کـاراکردنی کۆمیسـیۆنی بـاڵای سـەربەخۆی هەڵبـژاردن و راپرسی، بۆ ئەوەی لە نزیکترین کاتی گونجاو پرۆسەی هەڵبژاردنی خـولی شەشـەمی پەرلەمـانی کوردستان ئەنجام بـدرێ، هەرچەنـدە بە ڕوونـی لە ڕووی ژمـارەییەوە دیـارە کە لە (٦-١١) وادەی تەواو بوونی یاسایی خولی پێنجەمی پەرلەمانە، خـولی شەشـەم دەسـت بەکـار نابێـت، ئەمەش ئالنگــاری سیاســی و یاســایی قــورس و هەســتیارە و ئەبــێ بەرپرســیارانە مــامەڵە لەگەڵ چارەسەرکردنی و دروست نەبوونی بۆشـایی یاسـایی دەمەزراوەکـان لە هەرێمـا بکەیـن، بـۆ ئەو مەبەستەش ئەرکی هاوبەشمان ئەکەوێتە ئەستۆ.

٣- هاوکــات لەگەڵ کۆمیسـیۆنی هەڵبـژاردن دوو دامەزراوەی گرنگـی هەرێمـی کوردسـتان کە دەستەی دەستپاکی و دیوانی چاودێری دارایی لە ئێستادا ماوەی یاسایی خۆیـان تەواو کـردووە و وا پێویستە پاڵپشت بە یاسا بەرکارەکان ڕێککارە یاساییەکانیان بـۆ ئەنجـام بـدرێ، هەرچەنـدە پێشتر و بۆ ئاسان کردنی کاری لیژنەکانی دانووستان لەگەڵ حکومەتی فیدرالی بە شێوەی کـاتی ویلایەتی سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی لەلایەن پەرلەمانەوە چارەسەر کرا، بەڵام لە ئێستادا هەردوو دامەزراوەکە کێشـەی یاسـایی و کۆتـایی هـاتنی مـاوەی یاسـاییان هەیە، لە کاتێکـدا هەردووکیان دوو دامەزراوەی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵین، یەکیان سەر بە پەرلەمان و ئەوەی تـر لە ژێـر چـاودێری ڕاسـتەوخۆی پەرلەمـانە، بەداخەوە ئەڵـێم لەو ئەرکە لە ئاسـتی خواسـتدا نەبووین.

٤- سەبارەت بەو ئەرکانەی پەرلەمان تا ئێستا ئەنجامی داوە:

١- کۆی ئەو پێشنیاز و پڕۆژە یاسا و بڕیارانەی تا ئەمڕۆ ئاڕاستەی سـەرۆکایەتی پەرلەمـان کـراوە (١٣٢) پێشنیاز و پڕۆژە بوون، (٤٥) یان یاساکاری تێدا کراوە و بوون بە یاسا و بڕیارە یاسا، لەوانە (٢٥) یان پێشنیاز بوون و (٢٠) یان پڕۆژەی دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن بـوون، هاوکـات (٥٤) یـان لەلایەن لیژنەی یاسایی یان حکومەت یان ئەنجوومەنی دادوەری ڕەتکراوتەوە، (١٢) یان تا ئێستا وەڵامیـان لەلایەن لایەنـی پەیوەنیـدار نەهـاتۆتەوە، (٧) یـان بە پێـی مـاددەی (٧٩) ی پەیـڕەوی

ناوخۆ ئاڕاستەی لیژنەی یاسایی کراوەن بۆ بڕیاردان لەسەریان، (١٤) یان ئێستا لە ژێر پرۆسەی یاساکاری دان و ئومێد ئەکەین بتوانین زۆرترینیان پەسند بکەین و لە ئێستادا هیچ پڕۆژە یان پێشنیازە یاسایەك لای دەستەی سەرۆکایەتی نییە و ئێمە لە (١٠٠%) ی ئەرکی خۆمان بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ جێ بەجێ کردووە.

٢- ئەو بابەتە گشتییانەی بۆ مەبەستی گفتوگۆ لەگەڵ حکومەت بەپێی ماددەی (٦٦) ی پەیڕەو یان لەلایەن لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمان یان لەلایەن خودی حکومەتەوە بەپێی ماددەی (٥٣) ی پەیڕەو ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراون ژمارەیان (٤٥) یاداشتی تایبەت بە بابەتی گشتییە، (٢٨) یان خراوەتە بەرنامەی کار و دانیشتنیان لە بارەوە کراوە، (١١) یان ئاڕاستەی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان کراوە بۆ ئامادە کردنی ڕاپۆرتی زانیاری و داتاکان، (٤) یان تەنیا بە یاسا چارەسەر ئەبن و ئەنجامدانی دانیشتن بەپێی ماددەی (٦٦) و راسپاردە بە پێی ماددەی (٦٧) بابەتەکە چارەسەر ناکات، (٢) یان چارەسەر بووە و پێویستی بە دانیشتن نییە و لە ئێستا هیچ یاداشتێك لای دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان نییە، ئەوەی پەیڕەوی ناوخۆ بە پێویستی گرتووە سەرۆکایەتی ئەنجامی داوە.

٣- تا ئەمڕۆ (٤٣١٢) پرسیاری نووسراو و زارەکی بەپێی ماددەی (٥٨) ی پەیڕەو و لەلایەن پەرلەمانتارانەوە ئاڕاستەی حکومەت و دامەزراوە پەیوەندیدارەکان کراوە و (٣٨٦٢) پرسیار وەڵام دراوەتەوە و (٤٥١) پرسیار وەڵام نەدراوەتەوە.

٥- هاوتەریب لەگەڵ جێ بەجێ کردنی ئەو ئەرکانەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا لە ساڵی چوارەمان دا بە پێویستی ئەزانم باس لەو ئەرك و پابەندیانە بکەم کە ئەنجاممان نەداوە و ئاستەنگ و هۆکاریشی ڕوون بکەمەوە:

١- پەسند نەکردنی یاسای بوودجە کە یەکێکە لە سەرەکی ترین ئەرکی پەرلەمان و هاوتەریب لەگەڵ ئەرکی یاسادانان و چاودێری کردن دایە کە لە بنەڕەتدا ئەرکیکی تەواوکارییە لەگەڵ دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن، چونکە بەپێی یاسای دارایی کار پێکراو لە هەرێمی کوردستان ئەبێ پرۆسەی ئامادە کردنی پڕۆژەکە و راستاندنی لەلایەن وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و دواجار ئەنجومەنی وەزیران تەواو ببێ دواتر ئاڕاستەی پەرلەمان بکرێ وەك پڕۆژە یاسا، بەڵام بەداخەوە دووەم کابینەی حکومەتە بە بیانوو و پاساوی جیا جیا ئەو ئەرکەی خۆی جێ بەجێ ناکات و زیاتر لە (٩) ساڵە کۆکردنەوەی داهات و خەرجی لەو هەرێمە بە بێ پشتیوانی یاسایی بەڕێوە دەچێت، لە کاتێکدا ئەبوو حکومەت ئەو ئەرکە لەگەڵ پەرلەمان بەش بکات و پیکەوە بەرپرسیارییەتی شێوازی خەرجێ و هاوسەنگی مافی شار و شارۆچەکە و چین و توێژە جیاوازەکان لە ئەستۆ بگرین، بۆیە ئەگەر چی ئەو بابەتە درەنگ و دووبارەش بێ ئەمانەوێ حکومەت لەو پابەند یاساییە ئاگادار بکەینەوە و ڕایئەگەیەنین کە پێویستە پڕۆژە یاسای بوودجە بنێرنە پەرلەمان و چیتر بەردەوامی بەو پێشێلکارییە یاساییە نەدەن، بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین ئەرکە یاساییە تەواوکارییەکەی خۆمان ئەنجام بدەین.

٢- سەرەڕای ئەوەی ئەو پێشنیاز و پڕۆژە یاسایانەی تا ئێستا پەسندکراون گرنگ و بایەخدارن لە نێو سیستەمی قانوونی هەرێمەکەمان دا و توانیومانە بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ژینگەی یاسایی گونجا و لەبار بۆ کەرتە ئابوورییە زیندووەکانی وەکو کشتوکاڵ و گەشتوگوزار و بازرگانی و پیشەسازیش تا رادەیەك

برەخسێنین و پەرەپێدانی کەرتە ئابوورییە نانەوتییەکان بکەینە ئامانج کە ئاکامی لە ئایندەی نزیك دەرئەکەوی یاساگەلێکی تر هەن کە ئامانجی پەرلەمان بوو لەو خولە پەسندی ئەکات، بەڵام زەمینەی بۆ نەڕەخسا بەهۆی ئەو بارگرانییە داراییەی لە جێ بەجێ کردنی دروست ئەبێ لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە ڕەت کرایەوە، لە هەرە گرنگترینیان بیمەی تەندروستی و بیمەی کشتوکاڵی و چاودێری کۆمەڵاییەتی گشتگیرن.

٦- سەبارەت بە ئەولەیەت و کاری لە پێشینەی ئەو وەرزە بە پێویستی ئەزانم بە بەڕێزتان و ڕای گشتی ڕابگەیەنم کە یاسای پێکهێنانی لیژنەی ئامادە کردنی ڕەشنووسی دەستوور و بابەتی هەڵبژاردن بە یاسا و کۆمیسییۆنەوە لە پێش هەموو ئەرکەکانن و پێشبینی و چاوەڕوانیمان ئەوە لە ڕۆژانی داهاتوو لە کۆبوونەوەی لوتکەی هێزە سیاسییەکان لە سەرۆکایەتی هەرێم ڕێکەوتن، سەبارەت بە دیاری کردنی ڕۆژی هەڵبژاردن و بابەتەکانی پەیوەست بەو پرۆسەیە بکرێ، بۆ ئەوەی ئێمەش لە پەرلەمان ئەرکی خۆمان جێ بەجێ بکەین، هاوکات داوا لە سەرۆکایەتی ئەکەین ئەرکی خۆیان لەگەڵ ئەندامانی تری لیژنەکە و بەشێك لە فراکسیۆنەکان لە ئامادە کردنی پێشنیازە یاسایەك بۆ پێکهێنانەوەی لیژنەی ئامادە کردنی دەستوور بۆ ڕاپرسی جێ بەجێ بکەن، هاوتەریب لەگەڵ ئەو دوو ئەرکە بنەڕەتییە پەسند کردنی پڕۆژە یاساکانی پەروەردە و کار کە دوو یاسای زۆر گرنگن و ئەو پێشنیاز و پڕۆژانەی کە ڕاپۆرتیان ئامادە ئەبێ ئەرکی هاوبەشی سەرۆکایەتی و لیژنەکان و کۆی پەرلەمانتاران ئەبێ هاوکات داوا لە ئەنجومەنی وەزیران ئەکەم پەلە بکەن لە ناردنی هەردوو پڕۆژە یاسای خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و وەبەرهێنان کە تا ئێستا زیاتر لە جارێك دوو پاتیان کردۆتەوە، هەردوو پڕۆژەکە ئامادەن و هاوکات بە پێویستی ئەزانین وەك تەواوکاری بۆ یاسای کار پڕۆژە یاسای خانەنشینی تایبەت و دەستەبەری کۆمەڵایەتیش کە لە قۆناغی ئامادەکردن ئایا ئاراستەی پەرلەمان بکرێ، لە کۆتاییدا داوا لە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان ئەکەم کە لە پرۆسەی بەدواداچوون و چاودێری کردنی دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن بەردەوام بن و بە کۆکردنەوەی داتاو زانیاری و دیکیۆمینت یاداشت و داواکارییەکانیان دەوڵەمەند بکەن و داوای لە لیژنە هەمیشەییەکانیش ئەکەم ڕاپۆرتی ووردی ئەو بابەتە گشتییانە ئامادە بکەن کە پێویستە پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر بکات بە ئامادە بوونی لایەنە پەیوەندیدارەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی کۆبوونەوەی بەرهەمدار و بە ئاڕاستەی خزمەت کردنی هاووڵاتیان و جێ بەجێ کردنی داواکارییەکانیان ئەنجام بدەین، هەر شاد و سەرفراز بن، برگەی چوارەمی بەرنامەی کار جێ بەجێ ئەکەین کە بریتییە لە وتەی بەڕێزان سەرۆك فراکسیۆنەکانی پەرلەمان بە بۆنەی کردنەوەی خولی پایزەی ساڵی چوارەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی عێراق کە لە (٥) خولەك زیاتر نابێت، فەرموو سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە کاتێکدا دەست بە وەرزیکی تازەی یاسادانان ئەکەین ناوچەکەمان بە قۆناغیکی هەستیار تێدەپەڕێت و گەلی کوردستان چاوەڕوانی لێمان ئەوەیە ئەگەر ڕەنگیشمان جیاواز بن و وەکو یەك نەبن ئاڕاستەکانیش جیاواز بن، بەڵام ئامانجمان یەك بخەین و ئەزموونەکەمان و پاڕاستنی قەوارەی دەستووری هەرێمەکان لە سەرووی هەرشتێك بێت کە ئەبێتە هۆکاری ناکۆکی و قوڵ

کردنەوەی ململانێ سیاسییەکان کە سەرەنجام هیچ لایەك تێیدا براوە نابێت، بۆیە هەر لەو پێناوە داوا لە سەرجەم فراکسیۆنەکانە بەڕێزەکانی پەرلەمان بە هاوپەیمانەکانمان لە دەسەڵات و بەڕێزان لە ئۆپۆزۆسیۆن ئەکەین بەو پەڕی بەرپرسیارییەتی لە ئاستی دۆخەکە مامەڵە بکەین و رەچاوی پاڕاستنی ئەزموونەکەمان بکەین، لەو کاتەدا کە دەست بە دواین وەرزی ئەو خولەی پەرلەمانی کوردستان ئەکەین و نزیك ئەبینەوە لە تەواو بوونی خولی پێنجەمی پەرلەمان، سەرەڕای ئەنجامدانی زنجیرەیەك کۆبوونەوەی نێوان فراکسیۆنەکانی پەرلەمان و لەدەرەوەی پەرلەمانی کوردستانیش لە نێوان لایەنە سیاسییەکان بە سەرپەرشتی جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و هەوڵی دۆستەکانمان، بەڵام بە داخەوە هەمواری یاسای هەڵبژاردن تاکو ئێستا بۆتە گرێ کوێرەی نێوان لایەنە سیاسیەکان، ئێمە لە فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان تەئکید لە پێویستی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمان وەکو پرۆسەیەکی دیموکراسی و مافی هاووڵاتیان ئەکەینەوە و بەردەوام دانی ئەو پرۆسەیە بە مافی هاووڵاتیان ئەزانین، لەو پێناوە سەرەڕای ئەوەی لە ڕابردوو بۆ کاراکردنەوەی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن و راپرسی ئامادەیی تەواومان نیشاندا بۆ قبول کردنی پێشنیاری فراکسیۆنە بەڕێزەکانی تر، لە ئێستاشدا بەرمەبنای دەستپێشخەری جەنابی سەرۆك بارزانی بۆ دەرباز بوون لەو دۆخە چەق بەستووە سیاسیە ئامادەی هەر جۆرە گفتوگۆ و لێك تیگەیشتنێکین لەسەر هەمواری یاسای هەڵبژاردن و پێشنیاری تازەی پارتیمان بۆ هەمواری یاساکە وەك سیستەمی تێکەڵ و دابەشکاری کورسییەکان لەسەر ئاستی هەرێم و بازنەکان وەك دەرچەیەك و چارەسەرێکی هەنووکەیی ئەبینین، ئەوەش نەك وەك خواستی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ سیستەمەکە، بەڵکو وەکو رێگایەك بۆ دەرباز بوون لەو قەیرانە سیاسیە بە شێوەیەك گەلی کوردستان لە بری هەر لایەنێك تێیدا براوە بیت، جارێکی تر ئەکید لە پێویستی دەستووری هەرێمی کوردستان ئەکەینەوە، بۆ ئێستا و داهاتووی هەرێمەکەمان کاتییەتی کە هەموو هەنگاوەکان یەك بخەین و پشتیوانی فراکسیۆنی پارتی بۆ هەنگاو و رێککارە یاساییەکان تایبەت بە نووسینەوەی دەستوور لەو وەرزە دەردەبڕین، وێڕای دەست خۆشی و ستایشمان بۆ هەڤاڵانی لیژنە تایبەتمەندەکانی پەرلەمان بۆ بەجێ گەیاندنی ئەرکەکانیان و بەتایبەت لە ماوەی دوو مانگی ڕابردوو کاری جدیان بە ئامادە کردنی ڕاپۆرتی تایبەت بە پڕۆژە و پێشنیازە یاسایانە کە ئامادە کراون بۆ ئەو وەرزە، وەکو فراکسیۆنی پارتی جگە لەوەی چەند پێشنیازە یاسایەکمان ئامادەیە بۆ پێشکەش کردن لە هەمان کاتدا پڕۆژە یاسای پەروەدە و پڕۆژە یاسای کار لە هەرێمی کوردستان و هەمواری یاسای توندوتیژی خێزانی بە پێویست ئەزانین و هاوکار ئەبێن بۆ دەرچوواندنی، هاوتەریب لەگەڵ پێویستی ئەو یاسایانە، جارێکی تر ئەکید لە پێویستی ڕەوانە کردنی پڕۆژە یاسای بوودجە و پڕۆژە یاسای خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و پڕۆژە یاسای بیمەی تەندروستی و پڕۆژە یاسای دامەزراوەی خۆراك و دەرمان لە هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پەرلەمانی کوردستان ئەکەینەوە، لە هەمان کاتدا وێڕای دەست خۆشی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ هەنگاونانی بەردەوامیان لە چاکسازی ڕیشەیی کارگێڕی و دارایی بەرمەبنای ئیرادەی بەهێزی ئەو کابینەیە و پشت بەستن بە یاسای چاکسازی پشتیوانی تەواوی فراکسیۆنمان بۆ بەردەوامیدان بەو پرۆسەیە دەئەبرین و پەیوەندی تەندروستی نێوان دەسەلاتی جێ بە جێ کردن و یاسادانان و هەماهەنگی بە ئاڕاستەی خزمەتی گەلی کوردستان

به باشــی هەڵئەســەنگێنین، ئەکیــد لە پێویســتی چارەســەری گرفتــی مامۆســتایانی وانەبێــژ و فەرمانبەرانی گرێبەست و خۆبەخشانی کەرتی تەندروستی و کەرتەکانی تر ئەکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو فراکسیۆنی یەکێتی نیشتیمانی.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بــارودۆخە سیاســییەی ئێســتا عێراقــی پێــدا تێــپەڕ دەبــێ بە شــێوەیەکە نائــارامی و ناسەقامگیریەکی وای دروست کردووە بە دڵنیاییەوە کارێگەریشی لەسەر هەرێمی کوردستان ئەبێت، بۆیە فراکسیۆنەکەمان بە پێویستی ئەزانی بە هەموو لایەك هەوڵ بدەین لێك تێگەیشتن و پێکەوە کارکردن و هەماهەنگی لە بەغدا لە پێناوی بەدەستهێنانی مافی خەڵکی کوردستان و ئەو ئەگەرانەی ڕوو لە هەرێمی کوردستان ئەکەن خۆمانی بۆ ئامادە بکەین، لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستانیش لەو وەرزە نوێیەی یاسادانان چەند بابەتیکی گرنگ کە پێویستە کاری لەسەر بکرێ و پێویستە هەماهەنگی و لێك تیگەیشتن و پێکەوە بوون بەرجەستە بکات کار کردن لەسەر ئامادەکاری بۆ نووسینەوەی دەستوور کە پێویستە بە سازانی نیشتیمانی هەیە و هەر بۆیە دڵنیاتان ئەکەینەوە فراکسیۆنەکەمان بەردەوام لە هەوڵدا ئەبێت بەهەماهەنگی لەگەڵ فراکسیۆنە بەڕێزەکانی تری پەرلەمان تاکو ببێنە خاوەنی دەستوورێك لەو بۆشاییە دەستوورییەی هەرێمی کوردستان دەربچین، سەبارەت بە یاسای هەڵبژاردن و کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان ئومێدی زۆرمان هەیە حیزبە سیاسییەکان بگەنە ڕێکەوتنێك و سازانی نیشتیمانی بۆ دروست بێت و بتوانین بە زووترین کات هەمواری یاسای هەڵبژاردن بکەین لە کاتێکی نزیك وادەی هەڵبرژاردن دیاری بکرێت و هەڵبژاردن لە کوردستان ئەنجام بدرێ، ئەرکە لە پێشینەکانمان لەو وەرزە نوێیەی یاسادانان بریتی بێ لە:

١- کارکردن لەسەر ئامادە کردنی نووسینەوەی ڕەشنووسی دەستوور لە هەرێمی کوردستان، سازان و پێکەوە بوون بۆ هەموار کردنەوەی یاسای هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان، خاڵێکی ئەساسی کە گرنگە لەو وەرزە ببێتە ئەولەوییەتی کارەکان، بەداخەوە ماوەی (٩) ساڵە هەرێمی کوردستان یاسای بوودجەی نییە، بەلای ئێمە بەشێکی زۆری ئەو ناشەفافیەتە و نادادپەروەییەی لە هەرێمی کوردستان هەیە بە هۆی نەبوونی یاسای بوودجەوەیە، خراپی سیستەمی دابەش کردنی مووچە کە پێویستە کار بکرێ لەسەر چارەسەر کردنی، کار کردن لەسەر ناردنی پڕۆژەی خانەشینی یەکگرتووی هەرێمی کوردستان کە ماوەی (٢) ساڵە حکومەتی هەرێم ئەبیستین خەریکی ئامادەکارین بنێرێتە پەرلەمانی کوردستان، پڕۆژە یاسای خانەشینی ئاسایش و هێزەکانی ناوخۆ، پڕۆژە یاسای کار کە لە ئێستادا لە پەرلەمانە و خوێندنەوەی یەکەمی بۆ ئەکرێ گرنگە، پڕۆژە یاسای پەروەردە کە ماوەیەکی زۆرە لە پەرلەمان کاری لەسەر ئەکرێ بکرێتە یاسا، ماف و ئیمتیازاتی پێشمەرگە، پلە بەرزکردنەوەی فەرمانبەرانی شارستانی کە ئەزانین سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی حکومەت و سەرۆکایەتی پەرلەمانیش و وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی پێشمەرگە پلە بەرزکردنەوەیان کردووە، ئەوەی ماوەتەوە (٥٠%) ی فەرمانبەرانی شارستانییە، کار بکرێ بۆ بەرزکردنەوەی پلەکانیان، هەمواری یاسای وەبەرهێنان، کار بکرێ لەسەر دروست کردنی بەنداو، بە هۆی وشکە ساڵییەوە ئێستا بۆتە خەتەرێکی گەورە لەسەر

کشتوکاڵ، کار بکرێ بۆ چاککردنی ڕێگاوبان، ڕێگەی سلێمانی بۆ دەربەندیخان بوونەتە ڕێگەی مەرگ و ماوەیەکی زۆرە کاری لەسەر ئەکرێ، بەڵام تەواو نەکراوە تا ئێستا، کێشەی سووتەمەنی و نەبوونی و گرانی نەوت و بەنزین لە هەرێم، بابەتی زیندانیان کە مەحکومەکانی زیندانیانی هەرێم بۆتە جێ قسە و باس یا لیژنەی بۆ دروست بکرێ یان لیژنەی تایبەت ڕاسپێردرێ بە ئامادە کردنی ڕاپۆرتێك، ئایا پەرلەمانی کوردستان چۆن مامەڵەی لەگەڵ ئەکات، گرێبەستەکان بکرێنە هەمیشەیی لە کاتێکدا وەزارەتی دارایی ئەوەی دەرخستووە بە هەمیشەیی کردنی گرێبەستەکان بارگرانی ماڵی بۆ حکومەت دروست ناکات، پەلە بکرێ لە دروست کردنی ئەو خانووانەی بڕیار دراوە بۆ کرێچییەکان، دامەزراندنی یەکەم و دووەمی زانکۆ و پەیمانگاکان، زۆربەی گوندەکان ماوەیەکی درێژە بێ خزمەتگوزارین، پێویستە حکومەت بیر لەوە بکاتەوە، مینحەی زیندانیانی سیاسی کە بەشێکی زۆرە ئێستا کۆتایی هاتووە پێویستە دەست پێ بکاتەوە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو فراکسیۆنی گۆڕان.

**بەڕێز گلستان باقی سلێمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وتاری فراکسیۆنی گۆڕان بۆ دەستپێکی وەرزی پایزەی ساڵی چوارەمی خولی پێنجەمی پەرلەمان، لە فراکسیۆنی گۆڕان، پێمان وایە دۆخی سیاسی عێراق و ئەو گرژی و ئاڵۆزییانەی هاتۆتە ئاراوە کاریگەری لەسەر دۆخی هەرێمی کوردستان ئەبێت، بۆیە پێویستە دامەزراوەکانی هەرێم بەتایبەتی پەرلەمان کە مەرجەعی باڵای سیاسی و یاسایی خەڵکی کوردستانە ڕۆڵی کاریگەر بگێڕێ لە دانانی نەخشە ڕێگای نیشتیمانی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو کاریگەرییە سیاسی و ئابووری و دارایی و ئیداری و کۆمەڵایەتییانەی بەرۆکی هەرێمی گرتووە، ئەوەش ئەبێ بە ڕێکخستنی گوتاری سیاسی و یەك گوتاری بێت و لە نێوان هێزە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، وەك لە ماوەکانی ڕابردوو حەختی لەسەر کراوە، ئەوکات ڕووبەڕووی هەموو مەترسییەکی دەرەکی ئەبێینەوە، بەهێزی هەرێمی کوردستان لە ئەنجام چاکسازی گشتگیر ئەبێ کە هەمەلایەنە سەرجەم بوار و سێکتەرەکان بگرێتەوە ئەویش بە یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە و ئاسایش و بە نیشتیمانی کردنی، بە دروست کردنی یەك خەزینەی گشتی بۆ هەرێمی کوردستان و کۆتایی هێنان بە پرۆسەی بە سیاسی کردنی داهاتی ناوخۆ بە تایبەت لەو دابەشکارییە ناشرین و نادامەزراوییەی کە ناویان ناوە (٤٣) بە (٥٧) و ناردنی پرۆژە یاسای بوودجەی ساڵی (٢٠٢٣) بە پێویست ئەزانین لە پێناوی شەفافییەت و ڕوونی لەداهات و خەرجی هەرێم کە کۆتایی هێنان بێ بە دوو زۆنی دارایی و داهات، خراپ کۆکردنەوەی باج و ڕسوومات و کۆنترۆڵ نەکردنی سنوورەکان و قاچاغچییەتی و گەندەڵی و دەست بەسەرداگرتنی کۆمپانیا خزمەتگوزارییەکان لەلایەن کەسانی حیزبییەوە کە ڕێژەیەکی کەم لە کۆی داهاتەکان بۆ خەزینەی حکومەت ئەگەڕێتەوە، گوشار خستنە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دروست کردنی سەندووقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتی و گازیەکان لە پێناو جێ بەجێ کردنی یاساکانی پەرلەمانی کوردستان و شەفافەیەت لە داهاتی نەوت، هەنگاوەکانی چاکسازی وەکو پێویست بەڕێوە ناچن و چاکسازی هەموو بوارە جیاوازەکانی نەگرتۆتەوە، بەهۆی خراپی خزمەتگوزاری و نەبوونی هەلی کار و مەترسی کارە تیرۆریستییەکان و یەکلایی نەکردنەوەی گرفتی ناوچە

کوردستانییە دابڕێنراوەکـان و دیـاری کردنـی چارەنووسـیان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمـارەی کـورد لەو ناوچـانە کەم ئەبێـتەوە، لە شـارەکانی هەرێمـی کوردسـتانیش ڕێـژەی پێکهـاتەی نەتەوەی کـورد دادەبەزێت، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان کاری جدی لەسـەر ئەو پرسـە بکـات، پرسـی دەستوور کە گرنگە پێویستە لەو خولەی پەرلەمان هەنگاوی تەواو کردنـی دەسـتووری بگیـرێتە بەر، بەرامبەر ئەو بەڵێنەی بە خەڵکی کوردستان دراوە، بۆ پاراستن و مانەوەی قەوارەی هەرێمی کوردسـتان و ڕێکخسـتنی دەسـەڵاتەکان و پاراسـتنی مـاف و ئەرکـی هاووڵاتییـان و هەبـوونی دادگـاییەکی دەسـتووری کە چـاودێر بێـت بەسـەر دامەزراوەکـانەوە، دەرچـوواني ئەو پـڕۆژە پێشـنیازە یاسـایانەی کە کـاریگەری زۆری بە ڕێکخسـتنی ژیـانی هاووڵاتیـان و دژاییەتـی کردنـی گەندەڵییەوە هەیە، وەك هەمواری یاسای وەبەرهێنان و یاسای خانەنشینی هێزەکانی ئاسـایش و ناوخۆ و یاسای کار و دەرچوواندنی پڕۆژە یاسای پەروەردە و یاسـای دەسـتبەری کـۆمەڵایەتی و یاسـای داواکـاری گشـتی و پەسـندکردنی یاسـای لێبـوردنی گشـتی و یاسـای مـاف و ئیمتیـأزاتی شەهید و کەمئەندامی کارمەندانی هەڵگرتنەوەی مین و تەقەمەنی جەنگ، یاسای جیـاکردنەوەی خزمەتگوزاری کەرتـی تـایبەت لە کەرتـی گشـتی و یاسـای دەسـتەی نیشـتیمانی بـۆ دانووسـتان، هاوکـات پەرلەمـان ئەبـێ فشـار و هەمـاهەنگی لەگەڵ حکـومەت چـڕ بکـاتەوە لە چارەسـەری کێشــەکانی تــایبەت بە فەرمــانبەرانی گرێبەســت و مامۆســتایانی وانەبیــژ و خۆبەخشــانی تەندروسـتی و یەکەمەکـان و سـەرجەم دەرچـوواني زانکـۆ و پەیمانگاکـان و ڕاگرتنـی ئەو کـارە نایاسـاییانەی کە حکـومەتی هەرێـم پەیـڕەوی لـی ئەکـات لە ڕاگرتنـی پـلە بەرز کـردنەوە، بـۆ چارەسـەرکردنی قەرزی نێـوانی هـاووڵاتی و حکـومەتی داوای ئەکەیـن یاسـای لێبڕیخسـتن و مەقاصە لەو وەرزە پەسند بکرێ و پاشەکەوتی مووچە بۆ هاووڵاتی و مـووچە خـۆر بگەڕێـتەوە، لە کۆتاییدا جەخت ئەکەیـنەوە پەرلەمـان ئەبـێ و ئەبـوو چارەسـەری ئەو نـاکۆکییە سیاسـیانەی کردبووایە کە بوونەتە لەمپەر لەبەردەم هەمواری یاسای هەڵبژاردن و کاراکردنەوەی کۆمیسـیۆن بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پاك لە هەرێم، بۆ ئەو مەبەستە فراکسیۆنەکەمان وەك هەسـت کـردن بە بەرپرسیارییەتی بەرامبەر بە ڕێکەوتنەکان و ماوەی یاسایی پەرلەمان لە (٢٠٢١/٣/٣١) نزیـك لە دوو ساڵ پێش ئێستا ئەو پێشـنیازە یاسـایەمان پێشـکەش کـرد، فراکسـیۆنی گـۆڕان (٢٠٢٢/٩/١)، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا عبدالستار فراکسیۆنی کۆمەڵی دادگەری.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بە ناوی خوای گەورە.**

دید و تێڕوانینی ئێمە بۆ وەرزی پایزە بریتییە لە:

١- پڕۆژە یاسای بوودجە، نۆ ساڵە نەهاتۆتە پەرلەمان بەڕاستی سەر ئەکێشی بۆ دەسەڵات خـراپ ئەو خەرجـی بەکـاربێنێ، سەرئەکێشـێ بـۆ گەنـدەڵی و نـاعەدالەتی، ئەپرسـین بە چ یاسـاییەك حکومەت بێ ئەوەی پڕۆژە یاسا بێتە پەرلەمان ئەو پارانە خەرج ئەکات، یەکێ لە ئەرکە شـەرعی و یاسـایی حکـومەت بـریتییە لە دابـین کردنـی مـووچە، بەڵام بە داخەوە مـانگی نـۆیە ئەمـڕۆ مووچەی مانگی( ٨ ) دابەش ئەکرێ، لە کاتێکـدا بـاج و ڕسـووماتی زۆریـش لەسـەر هـاووڵاتییە،

نـازانم ئەو بـاج و ڕسـووماتە زۆرە کە زیـاد ئەکـرێ چـی لـێ دێ؟ ئەوەش وەزعـی مـووچەیە، دامەزراندنیش نییە کە ساڵانە نزیکی (٥٠٠٠) پێـنج هەزار کەس خانەنشـین ئەبـێ، خەڵـك ئەمـرێ، مۆڵەت وەرئەگرێ، ئەکرا سەندووقێك دابنرێ ساڵانە چەنـد هەزارێکێش لە بـڕی ئەوە دابـمەزرێ، ئەتـوانرا ئەو گرێبەسـتانەی هەیە کێشـەیەکی گەورەیە، بەپێـی یاسا خوێـندنەوەی یەکەمـی بـۆ کراوە کە (٢٧) هەزار کەس ئەبن، بەڵام تا ئێسـتا وەك خـۆیەتی، وانەبێـژیش بڕیـاری داوە نەچـنە هـۆلی خوێنـدن، حکـومەت چـی ئەکـات بـۆ ئەمـانە؟ پـلان چییـە بـۆ ڕەخسـاندنی هەلـی کـار؟ دامەزراندن با هەبێ بە پێی پێویست بە بەرنـامە، سـەبارەت بە هەڵبـژاردن، (٢٠٢٢/١١/٦) تەمەنـی پەرلەمـان کۆتـایی دێ، ئـێمە هـیچ پاڵپشـتی یاسـایی نـابینینەوە بـۆ درێژکـردنەوەی تەمەنـی پەرلەمان، ئەبوایە پەرلەمـانی کوردسـتان بە ڕێکەوتـن یاسـای هەڵبژاردنـی هەمـوار کردبـوایەوە، بۆیە بە عورفێکی باشـی نـازانین، کێشـەی پارێزگـای سـلێمانی سـەبارەت بە مـووچە و نەبـوونی سویلە و وەسـتانی پڕۆژەکـان، ئـێمە ئەڵێـین حکـومەت بەرپرسـیارە لە دابـین کردنـی بـوودجەی هەموو پارێزگاکان بێ جیاوازی، لە هەمان کات پارێزگاکانیش ئەبێ داهاتی خۆیان تەسلیم بکەن، ئەگەر داهـاتی خۆیـان تەسـلیم نـاکەن ئەوکـات حکـومەت بەرپرسـیار نیـیە، پێشـنیاری لیـژنەی پەرلەمـانی ئەکەیـن بـۆ ئەو بـابەتە و بـزانین هەرچـی داهـات هەیە ئەگەڕێـتەوە؟ ئەو قەرزانەی حکـومەت داوای ئەکـات لای هـاووڵاتی، ئەوەنـدە ئەڵـێم ئایـا حکـومەتیش قەرزار نیـیە؟ چەنـد مووچەی خەڵکی لایە؟ پێویستە حکـومەت بە بـڕی بخـات، داوای پـارەی کارەبـا و ئـاو ئەکەی کە پارەیەکی کەمیشە، وەبەر بخرێ باشترە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر شێرکۆ فراکسیۆنی یەکگرتوو.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفى :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە دەستووری هەرێمی کوردسـتان یەکگرتـووی ئیسـلامی کوردسـتان لەگەڵ ئەوەیە و کـاری کـردووە بە دەسـتوور چاکسـازی لە هەرێـم بکـرێ، بەڵام تـا ئێسـتا نەهـاتۆتە دی، هۆکـاری تایبەتی هەبووە کە دەسەڵات لە هەرێمی کوردسـتان نەیویسـتووە دەسـتووری هەبێـت، ئەوەش کارەسـاتێکی گەورەیە بەسـەر هەرێمـی کوردسـتان، کە چوارچێـوەی پـێکەوە ژیـان ئەو عەقـدە کۆمەڵایەتییە لە نێوان کۆمەلگە و دەسەڵات بوونی نەبووە. بۆیە ئەم شڵەژاوییە لە حـوکمڕانی و ژیانیش هاتۆتە دی، هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان بەداخەوە دەسەڵات نەیویست هەڵبژاردن لە کاتی خۆی بکرێ، هەر ئیدیعایەکیش ئاڕاستەی گشت لایەنە سیاسییەکان ئەکرێ بە ئۆپۆزۆسیۆن و دەسـەڵاتەوە کە ڕێگربـوون لە هەڵبـژاردن لە کـاتی خـۆی ناڕاستە، دەسـەڵات نەیویسـت، بـۆیە کۆمیسـیۆنی هەڵبـژاردن کـارا نەکـرایەوە، بـۆ ئەوەی لە کـاتی خـۆی نەکـرێ، پـێچەوانەی ئەو گرێبەسـتەیە لە نێـوان دەنگـدەر و پەرلەمـانی کوردسـتان و پەرلەمانتـاران کە ڕوویـدا، دوو ئیدارەیی، دوو هێزی پێشمەرگە، ئەم دووانە دۆخی سیاسی ئیفلیج کـردووە، نەبـوونی بـوودجە بەبەرچاوی پەرلەمان لە کاتێکدا داهـاتی هەرێـم سـەڕووی ملیـار و (١٠٠) ملیـۆن دۆلارە، بەڵام نە پاشـەکەوتی مـووچە، نە دامەزرانـدن و نە پەرلەمـانیش ئاگـادار ئەکـرێتەوە، نە چارەسـەری خانەنشـین و نە چارەسـەری قەیـران و نە گرێبەسـت، بە بەرچـاوی پەرلەمـان و دەستەوەسـتان وەستاوە، سەروەری یاسا گیراوانی بادینان تا ئێستا یاری بە ژیانیان ئەکـرێ، مەترسـی زۆر جـدی

ڕووبەڕووی هەرێم بۆتەوە کە پێی ئەوترێ جەردەی دەست ڕۆیشتوو، بەدەر لە حکومەت و پەرلەمان و سوڵتەی قەزایی زەوی داگیر ئەکەن و دەرمان نرخ بەرز ئەکەنەوە و سەروەتی ئەو وڵاتە ئەبەن بە بەرچاوی پەرلەمان و حکومەت، ئەو جەردانە گەورەترین مەترسییە کاتی سەرمایەدار دەستی لە پەرلەمان و حکومەت زیاتر ئەڕوا، پارێزگای سلێمانی وەکو نموونە، لە کاتێکدا داهاتی هەرێم سەرووی ملیار و دوو سەد ملیۆن دۆلاری تێپەڕاندووە، بەڵام سلێمانی مووچەخۆرانی و خانەنشینانی و لیستی مووچە دوائەکەوی، ئەو دیاردانە لە پارێزگاکانی تریش هەیە، هەر لە زەوی داگیر کردنەوە تاکو چەکی بێ ڕەسید، ئەو دەستەوەستانەی پەرلەمان و سوڵتەی قەزایی بەرامبەر بەو جەردانە کارەساتە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دکتۆر شێرکۆ، ئێوە پرۆژە یاسای زۆر باشتان پێشکەش کردبوو، ئامانج لای ئێمە ئەوەیە یاسای باش دەربچێ، فراکسیۆنی ئێوە ئەتوانن پرۆژە یاساکە دەوڵەمەند تر بکەن بەو ئەفکارانەی لاتانە، فەرموو کاك کاوە.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمەوی ئەوە بڵێم خولی پێنجەمی پەرلەمان (٦٥) ڕۆژی لەبەردەم ماوە، دوای ئەو ڕۆژە پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی وەزیران و هەرسێ سەرۆکایەتی هەرێم ماوەیان بەسەر ئەچێ و ئەبنە ماوە بەسەرچوو، گرنگە پەرلەمانی کوردستان هەندێ ئەرکی گرنگ هەیە کە پێویستە بیخاتە پێشینەی کارەکانی، لە سەرووی هەموویان یاسای هەمواری یاسای هەڵبژاردن و دروست کردنەوەی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن، ئەکرێ ئیشی لەسەر بکەین، ناکرێ لە ژێر هیچ بیانوویەك بیر لە درێژ کردنەوەی تەمەنی پەرلەمان بکرێتەوە، ئەکرێ لە دوای (١١/٦) پەرلەمان ئەرکەکانی هەڵپەسێری تا هەڵبژاردنی داهاتوو لە زووترین ماوە ئەنجام ئەدرێ، ئێمە ئەزانین کێ بوون بوونە هۆکاری ئەنجامنەدانی هەڵبژاردنی پێشوو، ئۆپۆزۆسیۆن هۆکار نەبوو، کێشەکانی نێوان دوو حیزبی دەسەڵات و ڕێککەوتنی دوو حیزبی دەسەڵات بۆ دواخستنی هەڵبژاردن، ئەکید ئەکەینەوە ئەبێ هەڵبژاردن لە کاتی خۆی بکرێ، هاووڵاتی هەرێم بۆ چوار ساڵ دەنگی بە پەرلەمان داوە، ناکرێ بە ئارەزووی خۆمان تەمەنی خۆمان درێژ بکەینەوە، پێچەوانەی مافی دەنگدەرە، نابێ دەستوور بکرێتە بەهانە بۆ درێژ کردنەوەی پەرلەمان، ئەو پرسیارە ئەکەم، دەستوورێك پەرلەمانێکی ماوە بەسەرچوو دەنگی پێ بدات ئەبێ چ دەستوورێك بێ، ئەکرێ پەرلەمان لیژنەیەك پێك بێنی بۆ نووسینەوەی دەستوور، بەڵام با پەرلەمانی داهاتوو دەنگی لەسەر بدرێ، پێویستە پەرلەمان هەندێ کێشەی سەرەکی هەیە چوار ساڵە باسی ئەکەین وەکو خۆی ماوە، مەسەلەی گرێبەستەکان و وانەبێژ و یەکەمەکان و دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان، مەسەلەی یاسای هێزەکانی ناوخۆ و پلە بەرزکردنەوە کە مافێکی ئاسایی و یاسایی فەرمانبەرانە، (٦) بۆ (٧) ساڵە ڕاگیراوە، بۆ پەرلەمان فشار ناکات، چۆن ئەبێ حکومەت بە ئارەزووی خۆی بیکات، بۆ فەرمانبەری پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکایەتی هەرێم پلە بەرزکردنەوەی بۆ بکرێ بۆ فەرمانبەری ئاسایی بکرێ، ئەگەر بەرپرسان بێنە ئێرە هەندێ کێشە هەیە چارەسەر ئەکرێ، بۆ نموونە گرێبەستەکان، بەپێی بەدواداچوونمان ئەو پارەی خەرج

ئەکرێ بۆ گرێبەستەکان ئەگەر بینە ڕەسمی حکومەت بوودجەیەکی کەمتر تەرخان ئەکات، هێزەکانی ناوخۆ ئەگەر یاسایەکە جێ بەجێ بکرێ بەهەزاران کارمەندی هێزەکانی ناوخۆ خۆیان خانەنیشن ئەکەن، خەڵکی گەنج دابمەزرێنن لە شوێنیان، دوێنی (٢٥) پەرلەمانتار واژوومان کۆکردەوە کێشە داراییەکانی سنووری پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و گەرمیان و ڕاپەرین، بۆ نەخراوەتە بەرنامەی کار؟ ئێمە یەك حکومەتمان هەیە، تاکەی ئەو کێشانە بەردەوام ئەبێت، پێویستە بەرپرسان ڕوون کردنەوە بدەن، ئایا داهاتی سلێمانی ڕاستە لەلایەن حیزبێکی دیاری کراو ئەبردرێت و نایەتە خەزینەی گشتی بۆ ئەوەی بکرێتە مووچە و پرۆژە، یان لە هەولێرەوە ئەو گەمارۆیە خراوەتە سەر سلێمانی، یانیش هەردوو هۆکارە، پەرلەمانتار و لایەنی حیزبی هەردووکی قسە ئەکات، بەڵام بەرپرسێکی باڵا ڕوون کردنەوە نادات، مەسەلەی دابەش کردنی زەوی...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ڕۆمیۆ.

**بەڕێز ڕۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێڕوانینی فراکسیۆنی هاوپەیمانی یەکێتی نەتەوەیی بۆ ئەو وەرزەی یاسادانان، پێمان وایە ئەبێ ئەو وەرزە یاساییانە بەڕێ بکەین، باشترین وەرزی ئەو خولە بێ لە ڕووی یاسادانان و چاودێری کردنی حکومەت و لایەنی پەیوەندیدار بۆ جێ بەجێ کردنی یاسا و بڕیارەکانی پەرلەمان، مەسەلەی دەستوور و هەڵبژاردن دوو بابەتی پێویستن بۆ ئەو وەرزە، ئەبێ دەستوور لەو وەرزە بنووسرێ و دەنگی بۆ بدرێ، مەسەلەی هەڵبژاردن هەرچەندە بەشی زۆری فراکسیۆنەکان لەگەڵ ئەنجامدانی هەڵبژاردن بوون لە کاتی خۆی، بەڵام هەڵبژاردن ناتوانرێ بکرێ، پێمان باشە بە زووترین کات وادەی ئەنجامدانی هەڵبژاردن ئاشکرا بکرێ، زۆر گرنگە پەرلەمان جەخت لە جێ بەجێ کردنی یاسای ژمارە (٥ ی ٢٠١٥) بکات کە پەیوەستە بە ماف و داخوازی و داهاتووی پێکهاتەکان، سەرجەم ئەو یاسا و بڕیارانەی لە پەرلەمان دەرچووە، بۆ پالپشتی پێکهاتەکان هەموویان لایەنی حکومەت ئیلزام بکرێ بۆ ئەوەی یاساکان جێ بەجێ بکرێ، مەسەلەی تەجاوزات کە ئەکرێتە سەر ماڵ و مولکی خەڵکی ئێمە کە بڕیاری لەسەر دەرچووە، داوا لە پەرلەمان ئەکەین لایەنی پەیوەندار ئیلزام بکات بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو یاسایانە، پرۆسەی خوێندنی سریانی، داوا لە حکومەت ئەکەین بیگرێتە ئەستۆی خۆیی و سەرجەم کەم و کوڕییەکانی بۆ دابین بکات، دووری بخات لە دەستێوەردانی حیزبی، پێمان وایە لە (٩٢) ەوە پرۆسەی خوێندنی سریانی هەوڵدراوە بۆ سودی حیزبی بکرێ، خزمەتگوزاری زیاتر بۆ گوند و شارۆچکەکانی پێکهاتەکان و ڕەخساندنی هەلی کار بۆ دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان، تەرخان کردنی کورسی خوێندنی ماستەر و دکتۆرا، ئەگەر بەو شێوەی ئێستا بێ بۆ (٥ بۆ ١٠) ساڵی داهاتوو هیچ مەسیحی یان کلدانێك نابینین دکتۆرای هەبێ، دابین کردنی کورسی خوێندن بۆ پێکهاتەکان، زیاد کردنی کورسی کۆتایی پێکهاتەکان لە پێناو مسۆگەر کردنی بەشداری بەهێزتریان لە بنیاتنانی داهاتوویان، تێبینی و پێشنیاریان لە کاتی موناقاشە کردنی یاسای هەڵبژاردن بە گرنگ وەرگیرێ، پەلە کردن لە ناردنی بوودجەی گشتی بۆ پەرلەمان بۆ موناقەشە کردن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، فەرموو کاك محمد.
**بەڕێز محمد سعدالدین انور:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
گوتاری سەرۆکی پەرلەمان و چەند فراکسیۆنێك جەخت لەسەر نووسینەوەی دەستوور بوو، وەکو پارتی گەشەپێدانی تورکمان و پێکهاتەکان حەختی لێ ئەکەینەوە، هەنگاوی فیعلی بکرێ بۆی، بۆ ئەوەی سیستەمی سیاسی باشتر بکرێ، مافی پێکهاتەکانیش جێگیر بکرێ، مەسەلەی بوودجە و نەناردنی لەلایەن حکومەتی هەرێم هۆکارەکەی بەغدایە، کێشە هەڵواسراوەکان و دۆخی داڕایی هەرێم، بەڵام پێشنیار ئەکەین تا بوودجە جێگیر ئەکرێ و بەغداش بە دەستوور پابەند ئەکرێ حکومەتی هەرێم مودێلی تر بدۆزیتەوە، بۆ نموونە پلانی دارایی خۆی ئامادە بکات کە خەرج و داهاتی خۆی جێگیری بکات تا بزانین لە (٢٠٢٣) وەزارەتەکان بە گوێرەی خەرجیاتەکان چۆنن، سەبارەت بە دۆخی ئێستای هەرێم لەبەر ئەوەی بە دۆخێکی هەستیار و عێراقیش هەروا، تاکە بژاردەی هەرێم یەکڕیزی لایەنە سیاسیەکانە، بۆ ئەوەی لە داهاتوو ڕووبەڕووی فەراغی یاسایی نەبینەوە باشترە بە گوێرەی واقیعی ئێستای هەرێم لایەنە سیاسییەکان ئیتیفاقیکی سیاسی بکەن بۆ ئەوەی لەو دۆخەی ئێستا بەهێزتر بین لە بەغدا، سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، فەرموو کاك باپیر.
**بەڕێز باپیر کاملا سلێمان:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
دەستپێکی وەرزی پایزەی ساڵی چوارەمی خولی پێنجەمی پەرلەمان هاوکاتە لەگەڵ دۆخی خراپی سیاسی عێراق و ڕووبەڕووبوونەوەی زلهێزەکان، ئارابوونی شەڕی ئۆکڕاین و ڕووسیا بێگوکان کاریگەری نەرێنی هەیە لەسەر ناوچەکە و ڕەنگدانەوەی خراپی ئابووری هەیە، چاوەڕێی ئەگەر و پێشهاتی نوێ ئەکرێ، تا ئێستا ڕوون نییە دۆخی عێراق بەرەو کام ئاڕاستە ئەڕوات، ئەوەی جێگەی هەڵوەستەیە فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کۆك نین و تا ئێستا نەگەیشتوونەتە ڕێکەوتن بۆ چۆنییەتی بەشدار بوون لە عێراق، بەسەر بەرەی جیاواز دابەش بوون، ئەو دۆخە خراپە ڕەنگدانەوەی خراپی لەسەر هاووڵاتیانی کوردستان دروست کردووە، بەهۆی ڕێکنەکەوتنی لایەنە سیاسیەکانی هەرێم لەسەر دیاری کردنی هەڵبژاردنی داهاتوو ئامانجەکان بەرەو دواکەوتنی هەڵبژاردنە کە دەبێتە هۆی لاوازی پێگەی سیاسی هەرێمی کوردستان و کەمبوونەوەی پشتیوانی دۆستەکانمان، پێشنیار ئەکەم بۆ هەموو لایەك کار بکەین بۆ ئەوەی بگەینە ڕێککەوتن و دیاری کردنی وادەی هەڵبژاردنی داهاتوو، یەکخستنی هێزی پێشمەرگە لە چوارچێوەی وەزارەتی پێشمەرگە، ئەگەر پەلە نەکەین دەرفەتی کەممان لەبەر دەستە، پشتیوانی دۆست و هاوپەیمانان یان لە دەست دەدەین یان بێ ئومێدیان ئەکەین، ئەو وەرزەی یاسادانان پێشنیار ئەکەم:
١-کار بکەین بۆ ئەوەی ببینە خاوەن دەستوور.
٢- پەسند یاسای بوودجەی ساڵی ٢٠٢٣,

٣- یاسای وەبەرهێنان هەموار بکرێتەوە.
٤- یاسای چاکسازی هەموار بکرێتەوە و ئەو توێژانەی زەرەری زۆریان پێگەیشتووە چ توێژی شارەزایان و چ پێشمەرگەی شاخ لەبەرچاو بگیرێ، یاسای کار و بیمەی کۆمەڵایەتی و بیمەی تەندروستی یاسای وەزارەتی پەروەردە، ڕێکخستنی باج بە یاسا بی نەك ڕێنمایی، بۆتە بارگرانی زۆر لەسەر هاووڵاتی، باشکردنی ژیانی خەڵك و هێنانەدی عەدالەتی کۆمەڵایەتی، ڕەخساندنی هەلی کار بۆ دەرچووان و چارەسەر کردنی گرێبەست و وانەبێژ و ڕێگری بکرێ لە کۆچی گەنجان و ڕەخساندنی هەلی کار، گرنگی دان بە شارەکان و شارۆچکەکان، تەواوکردنی پرۆژە تەواو نەکراوەکان، یاسای خانەنشینی هێزەکانی ناوخۆ پەسند بکرێ، یاسای لێبوردنی گشتی، کارکردن بۆ نەهێشتنی دوو ئیدارەیی، سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، فەرموو دکتۆر محی الدین.
**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
وەرزی پایزەی ساڵی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان تێڕوانینی فراکسیۆنی ئازادی ئەخەینەڕوو کە خۆی لەوانە ئەدات، یەکێ لە بابەتە گرنگەکان کە ڕووبەڕووی پەرلەمانی کوردستان بۆتەوە مەسەلەی ئەنجامدانی هەڵبژاردن بوو لە کاتی خۆی، بەداخەوە بە هۆی دەستێوەردانی حیزبی و بوونی بڕیاری حیزبی لە جیاتی پەرلەمانی کوردستان بە هۆی بوونی جیاوازی لەمەر بوونی بابەتەکانی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و راپرسی وایان کرد لە کاتی خۆی ئەنجام نەدرێ، ئەوەش ناسەقامگیری سیاسی و نا سەقامگیری یاساییە کە ئاماژەیەکە بۆ دەستیوەردانی حیزبی لە کاری دامەزراوەکان، لە کاتێکدا لەگەڵ ئەوەین پەرلەمانی کوردستان بپارێزری و بەردەوام بوونی خۆی هەبێ و هەرێم نەکەوێتە بۆشایی یاسایی و دەستووری، بەڵام دواخستنی هەڵبژاردنی پەرلەمان و درێژ کردنەوەی تەمەنی کاریگەری نەرێنی لەسەر هەرێم ئەبێت، یەکێ لە ڕەهەندە نیشتیمانییەکان مەسەلەی دەستوورە، سەنگەرێکە بۆ بەرگری کردن و پاراستنی قەوارەی هەرێم، بەتایبەتی ئەو رەوشەی عێراق ڕووبەڕووی گۆڕانکاری ئەبێتەوە، باس لە گۆڕینی دەستووری عێراق ئەکرێ هەروا سیستەمی حوکمڕانی لە سیستەمی پەرلەمانی بۆ سیستەمی سەرۆکایەتی کە تێکڕایی لەسەر بنەمای ناوەندیەتی رەهاییە و کەمکردنەوەی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستانە، بە تێڕوانینی ئێمە پەلە کردن لە پێکهێنانی لیژنەی نووسینەوەی دەستوور و بە ئەنجام گەیاندنی یەکێکە لە ئەرکە لە پێشینەکانی ئەو خولەی پەرلەمان کە ئەکرێ هەموو فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان لە ئاست ئەو پرسە نیشتیمانییە کۆك بن، سەرباری بوونی دید و تێڕوانی جیاواز، بابەتی ڕەهەندی نیشتیمانی تەنیا بابەتی هەڵبژاردن و پرسی دەستوور خۆی نابینێتەوە، لە تەك ئەوانە ژیان و گوزەرانی هاووڵاتی یەکێکە لە ڕەهەندە نیشتیمانییەکان، بەداخەوە بەپێی پێویست نییە، کێشەی گەورە ئەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی ئابووری پەیڕەوکراو لە هەرێم لەسەر بنەمای بەتایبەت کردنی کەرتی گشتییە بە شێوەیەکی ڕەها، ئەوەش پێچەوانەی پرۆسەی گەشەپێدانی مرۆیی بەردەوامە، ئەو سیاسەتە وایکردووە بەشێکی کەم بە خێرا دەوڵەمەند بێ و چینی مامناوەند نەمێنی، ڕێژەی هەژاری و دیاردەی بێکاری زیاتر بێ و کێشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی ڕوو لە زیاد بوون بکات، هێزی کاری

کوردستانی و دەرچوونی زانکۆ و پەیمانگاکان و بازاڕی کوردستان ناتوانێ لەخۆیان بگرێ، کێشەی بنەڕەتی ئەوەیە ئەو سیاسەتەی پەیڕەو ئەکرێ بریتییە لە گونجاندنی هێزی کۆمەڵایەتی کار لەگەڵ میکانیزمی بازاڕ، لە کاتێکدا ئەخوازی میکانیزمی بازاڕ بگوجێندری لەگەڵ هێزی کار، پەیڕەو کردنی ئەو سیاسەتە وایکردووە دیاردەی کۆچی لاوان و گەندەڵی زەق بوونەوەی دوو ئیدارەیی و نەبوونی سەقامگیری و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان کە پێویست ئەکات شێوازی چاکسازی لە ڕووکەشیەوە بەرەو چاکسازی ڕاستەقینە ئاڕاستە بکرێ بە چاوگێڕانەوە بە سیاسەتی ئابووری پەیڕەوکرا، کەلەبوونی کێشە و قەیرانی باو کە زیاد کردنی باج و ڕسوومات و ڕاگرتنی پلە بەرزکردنەوەی فەرمانبەر و کێشەی دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان و مامۆستایان و فەرمانبەرانی گرێبەست و دواکەوتنی دابەش کردنی مووچە و کەمی نزمی کوالێتی خزمەتگوزارییەکان لە بواری تەندروستی و ئاو و کارەبا و ڕێگاوبان و کەمی مووچەی خانەشین و قەیرانی سووتەمەنی جگە لە مووچەی پاشکەوتکراو و لێ بڕین، نەبوونی پڕۆژە یاسای بوودجە و دەست درێژی کردن و پێشێل کردنی ئازادی ڕادەربڕین کە بەداخەوە ڕێکخراوە نیودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ لێدوان و ڕاپۆرتی قسەی جدی هەیە لەسەری کە کاریگەری لەسەر ناوبانگی هەرێم هەیە، دیاردەی توندوتیژی دژی ژنان و چەك و کوشتن هەرەشەیەکی ترە لەسەر هەرێم، کەلەبوونی ئەو کێشە و چارەسەر نەکردنیان کاریگەری نەرێنی لەسەر ئاستی حوکمرانی و لەسەر ئاستی نیشتیمانی و کۆمەڵایەتی ئەبێ، هەنگاونان بەرەو دارشتنی نەخشەیەکی کوردستانی درێژراو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سیاسەتی بە عەرەب کردن کە لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم ئەنجام ئەدرێ بە شێوەیەکی سیستەماتێك کە دووچاری ئەو ناوچانە ئەبێتەوە، نەبوونی دیالۆگی نیشتیمانی بۆ ڕێککەوتن و سازبوون لەسەر بەرنامەیەکی رادە نزم بۆ پابەند بوونی لایەنە سیاسیەکان بۆ مامەڵە لەگەڵ کردن لەگەڵ ئەو هەرەشە و مەترسییانەی ڕووبەڕووی هەرێم ئەبێتەوە، نەبوونی ئەو سیاسەتە وایکردووە متمانەی خەڵك بە دامەزراوەکان و داکۆکی کردن لە ئەرکە نیشتیمانییەکان لاواز بێ لە کاتێکدا بە خەڵك ئەپارێزرێ، جەخت ئەکەینەوە لە باشتر کردنی ژیانی خەڵك و خۆش گوزارنی زامنی پاڕاستنی، جەخت ئەکەینەوە لە پەلە کردن لە نووسینەوەی دەستوور و بە ڕاپرسی گەیاندن و دەرکردنی ئەو یاسایانەی کە لە بەرژەوەندی کوردستانیان بێت و سەقامگیری سیاسی و یاسایی کۆمەڵایەتی و ئابووری بۆ گەلی کوردستان دەستبەر بکات لەگەڵ ڕێزمان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك هیمداد.

**بەڕێز هیمداد صباح بلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە بۆنەی دەست پیکردنی خولی پایزە ئومێدەوارم ئەو خولە بتوانی باشتر لە خولەکانی پێشوو کارەکانی بکات لە دەرکردنی یاسای پێویست و بەدواداچوون بۆ کارەکانی حکومەت و گەیاندنی داواکاری خەڵك بە لایەنی پەیوەندیدار بە تایبەتی زیاتر گرنگی دا بە بابەتی یاسای هەڵبژاردن و بژێوی خەڵك، وەکو فراکسیۆنی بەرەی تورکمانی تیشك ئەخەینە سەر چەند خاڵێك:

١ خوێندنەوەیەکی جدی بۆ چارەسەرکردنی نێوان هەولێر و بەغدا کە کاریگەری هەیە لەسەر هەرێم و ژیانی هاووڵاتی، ئێستا دەرفەتی باش لە پێشە بۆ چەسپاندنی مافە دەستوورییەکان،

نەك داواكاری حیزبی لە پێناو پاراستنی قەوارەی هەرێم، گرنگە هەرێمی كوردستان دەستووری تایبەتی خۆی هەبێت.
٢- دەركردنی یاسایەكی نوێ بۆ هەڵبژاردن و زیاد كردنی كورسییەكانی پەرلەمان بەپێی ژمارەی هاووڵاتیانی هەرێم و زیادكردنی كورسی پێكهاتەكان.
٣- كارا كردنەوەی كۆمیسیۆنی هەڵبژاردن و دیاری كردنی كاتی گونجاو بۆ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن، بەرەی توركمانی لەگەڵ ئەوەیە هەڵبژاردن زوو بەڕێوە بچێت و نەكرێتە قوربانی سیاسی.
٤- پەرەپێدان بە پەروەردە و خوێندنی زمانی توركمانی و پشتگیری كردنی و دوورخستنەوە لە دەستێوەردان، ماوەی (٩) ساڵە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی توركمانی بەڕێوەبەری گشتی بە وەكالەتە، هیچ میلاكی نییە، ئەمساڵ كاریگەری زۆر سلبی لەسەر قوتابخانە توركمانییەكان لە نیسبەی نەجاح هەیە، بابەتێكی تر چارەسەر كردنی كێشەی بێكارییە لە نێوان گەنجان، لە ڕێگەی یاسایەكەوە دەست بە كاركردنی ئەوانەی بێكاری و داوای كار ئەكەن، گرنگیدان بە بابەتی تەندروستی و پەروەردە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك فاهیك.

**بەڕێز فاهیك كمال صوغومون:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەڤرۆ دوماهیك وەرزی یاسادانانییە ل ساڵا چاری خولا پێنجێ، ڤێری ئەم دەست خۆشیی دەستیا سەرۆكایەتیا پەرلەمانی دكەین، دەست خۆشیی ئەندام پەرلەمانی بەڕێزی دكەین كو ڤان ساڵی بوریدا گەلك پرۆژا یاسا بیتە كرن، كو گەلەك گرنگیا وان هەبیت بۆ حكومەتی و هاووڵاتین كوردستانی، ب تایبەتی زان قۆناغی، ڤی وەرزی دوماهیك داخازین پارتین سیاسی كوردستانی ریك بكەڤن ب یەك دەست كار بكەن بۆ ئەنجامدانە هەڵبژاردنی كوردستانی ب زووترین دەمدا، ئەنجومەتی كومیسیاران بیتە كارا كرن، دا بتوانن بەروارەكی نی بۆ هەڵبژاردنا دیاری بكەن، ئەگەر شیاندان بیت دگەل هەڵبژاردنی داهاتووی كوردسانی دەستووری هەرێما كوردستانی بخاتە راپرسی، ئەگەر دەستوور هەبیت گرنگیا خۆ هەبیت بۆ ئەڤەجان كرنا موئەسەساتێت هەرێمی، پێویستە دەستوورا هەرێما كوردستانی بیتە نڤیسین ل سەر بنەمایی مافین مرڤی و دیموكراسی، مافین هەمی پێكهاتەیین كوردستانی پاڕێزراو بن، دڤیت ئامادە كرنا دەستووری رێك بێتن و دەسەلات بۆ یاسایی بێتن و موئەسەساتی هەرێمی، ئارمانجا ڤی دەستووری ئامادە كرنا هەرێمەكا پێشكەفتی بیت، ڤی وەرزی دوماهیكی دا ئەم داخازی حكومەتی كەین زووترین دەم كار ل سەر هەموارا یاسایی خانەنشینی هێزیت ناڤخۆ، ڤی وەرزی بگەهیتە سەرۆكایەتیا پەرلەمانی دا ئەڤ یاسا بیتە هەموار كرن و پەسند كرن ژ پەرلەمانی، داخازی حكومەتی دكەین بەری ئەڤ حكومەتی دوماهیك بیت ئەو فەرمانبەری گریسبەت بیتە دامەزراندن هەمیشەیی، پلیین بەرز كرنا فەرمانبەرین بێتە كرن، دوماهیكی بەردەوام بین بۆ پشتەڤانیا هەمین پەنگاڤین كابینا نوێیا حكومەتا هەرێما كوردستانی ژ بۆ رێكخستنا هەمین كاروبارین هاووڵاتین كوردستانی چ ناڤخۆیی چ حكومەتا عێراقیی بێتن بۆ پاڕاستنا بەرژەوەندیا باڵایین كوردستانی، پێشخستنا پرۆسەین سیاسین كوردستانی، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووو كاك ئازاد.

**بەڕێز ئازاد اكرام بهرام:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆچوونی فراكسیۆنی میللەت، گۆڕینی سیستەمی پەروەردە و چارەسەری كێشەی بینایە و پرۆگرام و مامۆستا و دەوام بكرێ، دەوامەكی زۆر بكرێ و پرۆگرامی خوێندن كەم بكرێ، پرۆگرامی زمانی عەرەبی و ئینگلیزی بگۆڕدرێ و ڕێزمانی و ئەدەب كەم بكرێتەوە و زیاتر قوتابی فێری قسە كردن و نووسین و خوێندن بكرێ، چونكە زۆربەیان ناتوانن زمانی عەرەبی و ئینگلیزی قسە بكەن، گرنگی بدرێ بە مامۆستا و وانەبێژ، (٢٥٠) هەزار دان بە وانەبێژ گرنگی نەدانە بە پەروەردە، گرنگی بە پەروەردەی رۆشنبیری توركمانی، بەڵام كێشەكان وەك خۆیەتی، (١٠) ساڵە شوێنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە بەتاڵە پڕ ناكرێتەوە، ئەم ساڵ نیسبەی سەركەوتنی پۆلی (١٢) بەشی توركمانی لە (٣٨) قوتابی بە هەردوو دەور (٢) قوتابی ناجیح بووە، داوا لە لیژنەی پەروەردەی پەرلەمان ئەكەین لێپێچینەوە بكەن لە سەبەبی ئەو سەرنەكەوتنە، گرنگی بە تەندروستی هاووڵاتی و باش كردنی كەرتی گشتی، كەرتی تایبەت زۆر گرانە، خەستەخانەی حكومی پەرەی پی بدری و وەكو تایبەت پارە بی بەڵام كەمتر بی، بۆ داهات گرنگی بدرێ بە كشتوكاڵ و گەشت و گوزار و كەرتی تایبەت و سیستەمی شارەوانیش باشتر بكرێ، گرنگی بە گلدانەوەی ئاو بدرێ بە فیڕۆ نەچێت و بەنداو دروست بكرێ، بوودجەیەك بۆ چاڵاكی نەتەوەیی كە تەرخان نەكراوە، هەمواری یاسای ژمارە (٥) بكرێ بۆ نەمانی كەموكوڕی، وەزیری پێكهاتەكان بكرێ بە وەزارەتی پێكهاتەكان بۆ جێ بەجێ كردنی كاری پێكهاتەكان، ئێستا بە جێ بەجێ كردنی كارەكانی فەرمانگەیەك نییە كێشەكان چارەسەر بكات، دەست بە نووسینی دەستوور بكرێ تا هەڵبژاردن بكرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو سەربەخۆكان.

**بەڕێز مم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە ناوی هەردوو پەرلەمانتار (سیروان بابان و دیاری انور) قسە ئەكەم، بە ڕای ئێمە كۆی ئەو پڕۆژە یاسایانەی لە ڕابردوو پێشكەش كراون و ئەو یادداشتانەی پێشتر پێشكەش كراون پەیوەندی بە ژیانی خەڵكی كوردستانەوەیە، پێویستە لەو وەرزەی یاسادانان بخرێنە بەرنامەی كار، ئەوەی زۆر گرنگە پرسی خانەنشینی هێزەكانی ناخۆ و خانەنشینی بە گشتی، دامەزراندنی یەكەمەكان و دەرچووانی زانكۆ و پەیمانگاكان و بە گرێبەست كردنی وانەبێژان و دامەزراندنی گرێبەستەكانیش جێگیر بكرێن، دەست كردنەوە بە پلە بەرزكردنەوە، مەسەلەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان، لە ڕابردوو وتمان جۆرێك لێك تێگەیشتن بكرێ لە نێوان هێزەكان وناكۆكییەكان چارەسەر بكرێن كە بۆتە هۆی ئەو دۆخە و نەتوانرێ هەڵبژاردن بكرێ، جەخت ئەكەینەوە ئەبێ ڕێك بكەون بۆ ئەوەی لە وادەی دیاری كراو هەڵبژاردنی بێ خەوش و یاسای هەڵبژاردن هەموار بكرێتەوە، بەداخەوە هەڵبژاردنە یەك لە دوای یەكەكان هێندە سەختەكاریان تێدا كراوە تێبینیان هەبووە لەسەری، ئەو نیگەرانییەی لای دەنگدەری دروست كردووە، هیوا بۆ

گەل بگەڕێتەوە، پەلە بکرێ لە هەڵبژاردنی پەرلەمان و پارێزگاکان بکرێ، نۆ ساڵە خاوەنی بوودجە نین، ئەبێ لە مانگی تیشرینی یەکەم حکومەتی هەرێم ڕەشنووسی بوودجە ڕەوانەی پەرلەمان بکات، بۆ ئەوەی بوودجەی ساڵی دواتر هەبێ، سەرباری گرنگی دەستوور کە سێ خولە لە کۆتایی ئەروژێنرێ، بەڵام خاڵی گرنگتر مەسەلەی هەڵبژاردنی پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاکان و یاسای بوودجە و دامەزراندنە، بۆ دەرچوواندنی دەستووریش ئەبێ رەچاوی مافە سیاسییەکان و ئازادییە گشتییەکان پێکهاتەکانیش بکرێ، دەستوورێکی دیموکراسی هەبێ لە هەرێم، ئەوانەی بە تۆمەتی ئازادی خۆپیشاندان و چالاکی مەدەنی دەستگیر کراون ئازاد بکرێن، زیندانیانی بادینان بگەڕێنەوە ناو خانەوادەکانیان و کۆتایی بەو دۆخە بێت، بۆ چارەسەر کردنی قەرزی مووچەخۆر لای حکومەت و قەرزی حکومەت لای خەڵك مەقاصە بکرێ و قەرز لەسەر مووچەخۆر لای حکومەت سفر بکرێتەوە، پەلە بکرێ لە دروست کردنی هەژماری بانکی مووچە خۆران، لەو وەرزە چاودێری ووردی جێ بەجێ کردنی یادداشتەکانی ڕابردوو و دەرچوواندنی ئەو یاسایانەی بۆ خزمەتکردنی خەڵك و پێداگیری ئەکەین لەسەر گەڕاندنەوەی مافی مووچەخۆران و خەڵکی کوردستان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست بە جێ بەجێ کردنی برگەی پێنجەمی بەرنامەی کار ئەکەین، داوا لە سەرۆکایەتی لیژنەی یاسایی ئەکەین بێنە ئێرە، هەموو فراکسیۆنێکی پەرلەمانی پێشتر کۆبوونەوەی خۆی ئەکات، ئەولەوییەتی تەحدید ئەکات و ئەدرێ بە بەڕێزێك بە ناوی هەموو فراکسیۆنەکەوە قسە ئەکات، ئەو بەڕێزەش نیگای بۆ وەرزێکی یاسادانان ئەخاتە ڕوو، گوێمان لە بەڕێزان سەرۆکی فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان گرت، ماوەیەکی زۆر کراوەیە بە دڵی خۆتان قسە بکەن، ئەوەی وترا هەموو ئەوانەیە کە ئەبوو بووترێ بە زیادیشەوە، فەرموو کاك بژار.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پڕۆژە یاسای کار لە هەرێمی کوردستان-عیراق، لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە، لە (١٥٩) مادده پێکهاتووە لەگەڵ هۆیەکانی دەرچوواندن، داوا لە بەڕێزتان ئەکەین ئەو پڕۆژە یاسایە ئاڕاستەی لیژنەکانی تایبەتمەندی پەرلەمان بکەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پڕۆژە یاسای کار لە هەرێمی کوردستانی عێراق ئاڕاستەی لیژنەی کار و باری کۆمەڵایەتی و لیژنەی یاسایی و سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان ئەکرێ، فەرموو.

پڕۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ئەنجومەنی شوورای هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (١٤)ی ساڵی (٢٠٠٨) کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە لە (١٥) مادده پێك هاتووە لەگەڵ هۆیەکانی دەرچوواندن، داوا لە بەڕێزتان ئەکەین ئەو پڕۆژە یاسایە ئاڕاستەی لیژنەکانی تایبەتمەندی پەرلەمان بکەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پڕۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ئەنجومەنی شوورای هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (١٤)ی ساڵی (٢٠٠٨) ئاڕاستەی لیژنەی یاسایی و کۆی ئەندامانی پەرلەمان ئەکرێ، فەرموو مونا خان.

**بەڕێز منی نبی قهوەچی/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوا لە بەڕێزت ئەکەم خولی پەرلەمان کۆنترۆل بکەی بۆ لەمەودوا لە پێشکەش کردنی وتەی سەرۆك فراکسیۆنەکانی پێکهاتەکان لە پەرلەمانی کوردستان، تێبینیم کردووە لە کاتی دەست پێکردنی وەرزی یاسادانان یان پەیامێك کە ئەیانەوێ بگاتە خەڵکی کوردستان ناو پێکهاتەکەیان هەوڵ ئەدرێ ڕێگە نەدرێ پەیامەکە نەگات، بۆیە داوا لە بەڕێزت ئەکەم جارێکی تر ڕێگە نەدرێ بۆ ئەو شتە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بیگومان داوا لە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان ئەکەین لە کاتی قسەکردنی سەرۆکی فراکسیۆنێك یان ئەندامی پەرلەمان هەموو تەرکیزیان لەسەر ئەو هاوکارەیان بێ، بە دیاری کراویش داواکاری بەڕێز سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنەکە هەڵئەگرین، سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **منی نبی قهوچی** | **هێمن هەورامی** | **د. ڕێواز فائق حسێن** |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢)ی
چوارشەممە ڕێکەوتی ٢١\٩\٢٠٢٢
خولی پێنجەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٢)
## چوارشەممە رێكەوتی ٢٠٢٢/٩/٢١

كاتژمێر (١٠)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوار شەممە رێكەوتی( ٢٠٢٢/٩/٢١ )پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی د. رێواز فائق حسێن سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منی نبی قهوچی سكرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠٢٢) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەرنامەی كار: بەپێی حوكمی ماددەی(٥) بڕگەی (یەكەم) لە ماددەی(١٦)، بڕگەی(سێیەم) لە ماددەی(١٨)، بڕگەكانی( یەكەم، دووەم، سێیەم، چوارەم، پێنجەم) لە ماددەی(٢٠)، ماددەكانی(٤٧، ٤٨) بڕگەی(یەكەم) لە ماددەی(٥٢)، ماددەكانی(٥٥،٥٤، ٥٦، ٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە(٢)ی ئاسایی وەرزی پایزە لە ساڵی چوارەم خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان لە كاتژمێر(١٠) پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێككەوتی (٢٠٢٢/٩/٢١) بەم شێوەیە بێت، خوێندنەوەی دووەم بۆ ئەو پێشنیازو پڕۆژە یاسایانەی خوارەوە بەپێی حوكمی ماددەكانی(٨٧، ٨٨، ٨٩، ٩٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان:

یەكەم/ پێشنیازە یاسای بەرەنگار بوونەوەی توندوتیژی

١- توندوتیژی خێزان لە هەرێمی كوردستان.

٢- پڕۆژە یاسای پەروەردەو فێركاری لە هەرێمی كوردستان.

٣- پێشنیازە یاسای پاراستنی ئاژەڵان لە هەرێمی كوردستان.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، فەرموون بەڕێزان دانیشن، دانیشتنەكەمان دەست پێدەكات دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی وەرزی پایزە ساڵی چوارەم لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی كوردستان، داوا لە بەڕێز سكرتێری پەرلەمانی كوردستان دەكەین بەرنامەی كارو پوختەی دانیشتنی پێشووتر لەگەڵ ناوی ئامادەنەبووان بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت بخوێنێتەوە.

**بەڕێز منی نبی نادر/ سكرتێری پەرلەمان:**

بەرنامەی كار: بەپێی حوكمی ماددەی (٥) بڕگەی (یەكەم) لە ماددەی (١٦)، بڕگەی (سێیەم) لە ماددەی (١٨)، بڕگەكانی (یەكەم، دووەم، سێیەم، چوارەم، پێنجەم) لە ماددەی (٢٠)، ماددەكانی (٤٧، ٤٨) بڕگەی (یەكەم) لە ماددەی (٥٢)، ماددەكانی (٥٥،٥٤، ٥٦، ٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی وەرزی پایزە لە ساڵی چوارەم خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان لە كاتژمێر (١٠:٠٠) ڕۆژی چوارشەممە ڕێككەوتی (٢٠٢٢/٩/٢١) بەم شێوەیە بێت، خوێندنەوەی دووەم بۆ ئەو پێشنیازو پڕۆژە یاسایانەی خوارەوە بەپێی حوكمی ماددەكانی (٨٧، ٨٨، ٨٩، ٩٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان:

یەكەم/ پێشنیازە یاسای بەرەنگار بوونەوەی توندوتیژی

١- توونالدوتیژی خێزان له‌ هه‌رێمی كوردستان.
٢- پڕۆژه‌ یاسای په‌روه‌رده‌و فێركاری له‌ هه‌رێمی كوردستان.
٣- پێشنیازه‌ یاسای پاراستنی ئاژه‌ڵان له‌ هه‌رێمی كوردستان.

به‌ڕێز سه‌رۆكی په‌رله‌مان پوخته‌ی دانیشتنی ژماره‌(١)ی ئاسایی، به‌پێی حوكمی بڕگه‌ی (دووه‌م)ی مادده‌ی (٥٢/٢٠) له‌ په‌یڕه‌وی ناوخۆی په‌رله‌مانی كوردستان پوخته‌ی دانیشتنی ژماره‌ (١)ی ئاسایی وه‌رزی پایزه‌ی ساڵی چواره‌م له‌ خولی پێنجه‌می په‌رله‌مانی كوردستان، له‌كاتژمێر (١١:٠٠)ی پێش نیوه‌ڕۆ ڕۆژی پێنج شه‌ممه‌، ڕێككه‌وتی (٢٠٢٢/٩/١) به‌م شێوه‌یه‌ی خواره‌وه‌ بوو:

یه‌كه‌م/ ده‌ست پێكردنی دانیشتن له‌لایه‌ن به‌ڕێز سه‌رۆكی په‌رله‌مان.

دووه‌م/ ده‌ست پێكردنی بڕگه‌كانی به‌رنامه‌ی كار له‌لایه‌ن به‌ڕێز سه‌رۆكی په‌رله‌مان.

سێیه‌م/ یه‌ك ده‌قیقه‌ بێده‌نگی وه‌ستان بۆ ڕێزلێنان له‌ گیانی شه‌هیدانی كوردستان و عێراق له‌گه‌ڵ مارشی نه‌ته‌وه‌یی.

چواره‌م/ كردنه‌وه‌ی وه‌رزی پایزه‌ ساڵی چواره‌م له‌ خولی پێنجه‌می هه‌ڵبژاردن له‌لایه‌ن به‌ڕێز سه‌رۆكی په‌رله‌مان.

پێنجه‌م/ وته‌ی به‌ڕێز سه‌رۆكی په‌رله‌مان به‌بۆنه‌ی كردنه‌وه‌ی وه‌رزی پایزه‌ی ساڵی چواره‌م له‌ خولی پێنجه‌می هه‌ڵبژاردنی په‌رله‌مانی كوردستان.

شه‌شه‌م/ وته‌ی به‌ڕێزانی سه‌رۆك فراكسیۆنه‌كانی په‌رله‌مان به‌بۆنه‌ی كردنه‌وه‌ی وه‌رزی پایزه‌ ساڵی چواره‌م له‌ خولی پێنجه‌می هه‌ڵبژاردنی په‌رله‌مان.

حه‌وته‌م/ خوێندنه‌وه‌ی یه‌كه‌م بۆ هه‌ردوو پڕۆژه‌ یاسای كار له‌ هه‌رێمی كوردستان، پڕۆژه‌ یاسای هه‌مواری یه‌كه‌می یاسای ئه‌نجوومه‌نی شورای هه‌رێمی كوردستان، ژماره‌ (٤)ی ساڵی (٢٠٠٨).

هه‌شته‌م/ كۆتایی هاتنی دانیشتن له‌لایه‌ن به‌ڕێز سه‌رۆكی په‌رله‌مان.

لیستی مۆڵه‌ت و به‌بێ مۆڵه‌ت ئه‌ندامانی ژماره‌ (١)ی ئاسایی له‌ (٢٠٢٢/٩/١) هه‌موویان مۆڵه‌تیان پێدراوه‌ ئه‌ندامه‌ په‌رله‌مانتاره‌كان، (ادریس اسماعیل عبوش، بختیار شوكری سلیمان، جه‌لال محمد عبدالله‌، چیا حمید شریف، ڕۆژان محمد كریم، سلمه‌ فاتح تۆفیق، فرید یعقوب ایلیا، كاظم فاروق نامق) به‌بڕیاری ژماره‌(٢)ی به‌ئاماده‌ نه‌بوو ( كلارا عودیشو یعقوب، گوڵستان باقی سلیمان، له‌نجه‌ ابراهیم عبدالرحمان)، به‌ڕێز سه‌رۆكی په‌رله‌مان ناوی ئه‌و ئه‌ندامانی كه‌ به‌ مۆڵه‌ت یان به‌بێ مۆڵه‌ت له‌ كۆبوونه‌وه‌ی لیژنه‌ی هه‌میشه‌ییه‌كان ئاماده‌نه‌بوون، ناوی لیژنه‌ (لیژنه‌ی كاروباری كۆمه‌ڵایه‌تی و داكۆكی له‌ مافی مرۆڤ) له‌ (٢٠٢٢/٩/٦)، (لیلی عبدالجبار حدو) ئاماده‌نه‌بوو، (لیژنه‌ی كاروباری پێشمه‌رگه‌)، (٢٠٢٢/٩/٦)، (ڕیڤینگ محمد محمد، سروان محمد علی، باپیر كاملا سلیمان، بژار خالد عبدالله‌) مۆڵه‌تیان پێدراوه‌، (لیژنه‌ی وزه‌و سامانه‌ سروشتییه‌كان و پیشه‌سازی و بازرگانی) له‌ (٢٠٢٢/٩/١٣)، (ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله‌، بختیار شوكری سلیمان) مۆڵه‌ت، (لیژنه‌ی دارایی و كاروباری ئابووری)، له‌(٢٠٢٢/٩/١٤)، (بهجت علی ابراهیم) مۆڵه‌ت، (لیژنه‌ی كشتوكاڵ و ئاودێری)، له‌ (٢٠٢٢/٩/١٤)، (احسان محمد سلیم، عثمان كریم سواره‌، یاسین خضر طه‌، هه‌ڵكه‌وت انور خلیفه‌) مۆڵه‌تیان پێدراوه‌، (لیژنه‌ی كاروباری یاسایی) له‌(٢٠٢٢/٩/١٨)، (جلال محمد امین) مۆڵه‌ت، (لیژنه‌ی كاروباری شه‌هیدان و جینۆسایدی زیندانیانی سیاسی)، له‌(٢٠٢٢/٩/٢٠)، (فاهیك كمال صوغومون) مۆڵه‌ت، (لیژنه‌ی كاروباری په‌رله‌مان و سكاڵا)، له‌(٢٠٢٢/٩/٢٠)، (ڕێڤنگ محمد، فرید یعقوب ایلیا) مۆڵه‌تیان پێدراوه‌، (هیمداد

صباح بيلال) ئامادەنەبوو، (ليژنەی داكۆكی كردن لە مافی ئـافرەت)، لە(٢٠٢٢/٩/٢٠)، (سـلمە فـاتح تۆفيـق) مـۆڵەت، (ليـژنەی نـاوخۆ و ئاسـايش و ئەنجـوومەنە خۆجێيیەكـان)، لە(٢٠٢٢/٩/٢٠)، مۆڵەتيـان پێـدراوە ( حكمـت محمـد عبـو زيـد، زيـاد ارشـد، نـزار مەلا عبـدالغفار، محسـن حسـين مصطفی ، ڕزگار عيسا سوار)، (ليژنەی دەستپاكی)، (٢٠٢٢/٩/٢٠)، (صباح محمـود محمـد) مـۆڵەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان ئێستا دەست بە جێبەجێ كردنـی بەرنـامەی كـار دەكەيـن، خـاڵە پەيڕەوييەكـان بـا بيان نووسين دەسـت پـێ بـكەن، ئەم بەڕێـزانەی كە داوايـان كـردووە خـاڵی پەيڕەويـان هەبێـت بەپێـی پەيـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی كوردسـتان مـاددەی (٥٦) كە يەك دەقەيە ئەم بەڕێـزانە ناوەكان دەخـوێنمەوە هەر ناوێـك نەنووسـرا بـوو پێمـان بڵـێن، ( د. اسـماعيل، كـاك سـيپان، كـاك دياری، كاك ابوبكر، مژدە خان، كاك مەم، كاك زياد، گوڵستان خان، شيرين خـان، ڕۆژان خـان، كـاك، كاروان كاك سەركۆ، شيرين امين، كاك ياسين، كاك گۆران، كاك علـی، كـاك چيـا، لەنـجە خـان، كـاك سروان، كاك حاجی هەڵكەوت، كاك هێڤيدار، كاك پێشەوا، سەرچنار خـان، كـاك مەم اسـكندر، كـاك جلال) كەسی تر ماوە، لەنجە خان فەرموو.

**بەڕێز لەنجە ابراهيم عبدالرحمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو ميهرەبان، داوا لە بەڕێزتان دەكەم كە فەرمان بكەن دەقەيەك بوەستين بـۆ ڕێزگرتن لە گيانی پاكی خاتوو (ژينا ئەمينی) كچە كوردی ڕۆژهەڵاتی كوردستان كە بەڕێكـارێكی دوور لە بەهاكانی مـافی مـرۆڤ و ئازادييەكـان گيـانی لەدەسـتدا هيـوادارم گيـانی بە بەهەشـت شادبێ و بكەرانی بە سزای عاديلانەی خۆيان بگەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێـزان بەنـاوی پەرلەمـانی كوردسـتانەوە پرسـەو سەرەخۆشـی زۆری خۆمـان ئاراسـتەی خانەوادەی خوا لێخۆش بوو (ژينا ئەمينی) ئەكەين، ئێستاش دەقەيەك وەستان ڕائەوەستين بـۆ گيانی پاكی لەگەڵ خوێندنەوەی سورەتی (فاتحە)، ڕۆحی شاد بێت فەرموون، سوپاس، فەرموو كاك اسماعيل.

**بەڕێز اسماعيل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

-مە ياداشتەكی دا بۆ تاقيكردنێـت ئەنجامیێـت مەرحەلا دوازدەيـێ ئەڤ سـاڵە گەلەك گەلەك دڵ ئێش بوون ڕێژەيا دەرچـوونێ (٤٨٪) بـوون، نە دەرچـوو (٥٢٪) بـوون، مە خـواز بـوو ڤەكـو ليژنـا پەيوەنيدار بێتە ڕاسپار كرن كـو نەتيجـێ بـۆچی ئەڤ سـەبەبە دێ چـێ بـوو دا سـاڵا بێـتن بێـتە چارەسەر كرن.

-دووێ: ئەز حەزكەم ئەگەر پەرلەمان بڕيارەكا دەربينيت هەيڤا نەھ و هەيڤا دەھ نەبووريت گازا سپی بێتە تەوزيع كرن، وەكو هەر ساڵ نەبيتن پشتی بيتە هەيڤا يازدەو دوازدە ڤـێ ئەڤـێ گـازێ چوويە دوو سەدو هەشتێ هەزارا وە خەلكی ئەو داهاتی نينە بچێتن بخـۆ زڤسـتانی باتەسـەری،

جا پێتڤیا پەرلەمان دەورێ خۆ ببینیت و بڕیارەکا مـولزم بـۆ حکـومەتی بـدات هەیڤا نەهـ و دەهـ گاز بێتە بلاڤ کرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك مەم.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن لەسـەر دوو مـاددە قسـە ئەکەم کە پێشـێل کـراون، مـاددەی (٦٦) بـڕگەی یەکەم و بـڕگەی سێیەمیان کە بەپێـی بـڕگەی سـێیەمی مـاددەکە پێویسـت ئەکـا لە چـواردە ڕۆژ تێـپەڕ نەکـات، وادەی دیاریکراو بۆ یاداشتەکان دیاری بکرێت، لەماوەی چەند مانگی ڕابـردوودا زیـاد لە سـی و شەش یاداشت پێشکەش کراوە، بەڵام تا ئەم ساتە وەختە بیست و یەك ڕۆژ تێ ئەپەڕێت بەسـەر وەرزی نوێی پایزە، بەڵام تا ئێستاکە ئەو یاداشتانە نەخراونەتە نـاو بەرنـامەی کـار سـەرۆکایەتی بۆمانی ڕوونکاتەوە هۆکار چیە.

دووەمیـان مـاددەی (٩٨) کە ئەبێـت لە مـانگی (١٠) هەمـوو سـەرەتای مـانگی تشـرینی یەکەمـی هەموو ساڵێك ئەنجوومەنی وەزیران پڕۆژە یاسای بـوودجە ڕەوانە بکـات (٩) سـاڵە نەیکـردووە، ئایا ئەم ساڵ پێشکەشی ئەکات یان پێشکەشی ناکـات، ئەگەر پێشکەشـی ناکـات واتـا (٢٠٢٣)ش، ئێمە هەر بەبێ بوودجە ئەبین چاوەڕێی وەڵامین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان سەبارەت بە یاداشتەکان، ئێمە لە کۆبوونەوەی دەسـتەی سـەرۆکایەتی لەگەڵ سـەرجەم سەرۆك فراکسیۆنەکان لەلایەن بەڕێز سـەرۆکی پەرلەمـان ئامـارێکی ورد خـرایە ڕوو کە هەمـوو یاداشتەکان کاریـان لەسـەر کـراوە ئاراسـتەی لیژنەکـان کـراون بـۆ ئەوەی ڕاپـۆرتی لەسـەر حـازر بکرێـت تەقـریبەن لیـژنەی دارایـی دوانـزە ڕاپـۆرتی هاوشـێوە وە ڕاپـۆرتێکی باشـیان لەسـەر ئامادەکردووە ئاراستەی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان کـراوە بـۆ ئامـادەبوونی بەڕێـز وەزیـری دارایی بـۆ بەژداری کـردن لەو کۆبـوونەوەیەو ئەوانـی تـریش ئیشـی لەسـەر ئەکرێـت، سـوپاس، فەرموو گوڵستان خان.

**بەڕێز گوڵستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر دەست خۆشیتان لێ ئەکەم کە ڕۆحـی جـوانە مەرگ (ژینـا ئەمینـی)تـان، بەرز ڕاگـرت، بەڵام پێشنیار ئەکەم بەرەسمی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردسـتان ئیـدانەی ئەو شـەهید کـردنەی ئەو خانمە بکات کە زوڵمێکی زۆر گەورەی لێکراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو رۆژان خان.

**بەڕێز رۆژان محمد کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان تەنها یەك بڕگە هەیە کە ئاماژە دەدات پێشـنیازی یاساو بڕیار ئاراسـتەی حکـومەت بکرێـت و ڕەئیـان وەربگیرێـت، ئەگەر ئەو پێشـنیازە لـێکەوتەی دارایی هەبێت، بۆیە جگە لەوە ڕەئیە هیچ وەڵامێکی تـر پەیـڕەوی نیـیە، سـەبارەت بە پێشـنیازە

یاسای ناونانی چەمچەماڵ بە پایتەختی شەهیدان و ئەنفالکراوان، پەرلەمان مولزەم نییە ڕەئیی وەزیرێك بەبڕیار ئەژمار بکات جگە لە بڕگەی دووی ماددەی (٧٩)، داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم وە لەسەرجەم ئەندامان بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ ئاماژە بە وەڵامی حکومەت کە باس لە لێکەوتەی دارایی نەکراوە لە وەڵامەکەیاندا ئەو پێشنیازە یاسایە بخاتە بەرنامەی کارەوەو خوێندنەوەی بۆ بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك علی.

**بەڕێز علی حەمە صاڵح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، ئێمە چەند یاداشتێکماندا، من گرینگترین ئەو یاداشتانە باس ئەکەم کە ناردوومانە، بەداخەوە ماوەی ساڵاێکە ئێمە بەچەندین یاداشت داوای دانیشتنێك ئەکەین لەسەر هەم دۆخی سلێمانی هەم ئەم دوو ئیدارەییە سیاسییەی کە هەیە لە کوردستانا، بەڵام ناکرێت لە نەتیجەی ئەوە ئێستا سەدان پڕۆژە ڕاگیراوەو خەڵك مانی گرتووە لەبەر نەبوونی جاددە تەنانەت تەنیا ئەم ساڵ سێ سەد ملیاری خەڵك لە بانکەکانا بەکارهێنراوە بۆ تەواو کردنی مووچە، دەیان کێشەی تریش، ئەگەر هەر مەنتیقەیەك داهاتی خۆی بۆخۆی لە داهاتی پڕۆژە بکات و دەرمان بکرێت و ئەوە بکات وەزیفەی حکومەتی هەرێم چییە؟ وەزیفەی وەزارەتەکانمان چییە؟ بۆیە هیوادارین ئەم بابەتە بخرێتە بەرنامەی کارەوە، بابەتێکی تر ئەویش داوای دانیشتنمان کردووە پەیوەندی بەهەموو خەڵکەوە هەیە داواکاری گشتی ئەڵێ ئەم دانانی کامێرای تیژڕەویە لەلایەن کۆمپانیاوە نایاساییە دژی بەرژەوەندی گشتییە، هەموومان ئەبین بە کرێچی چەند کەسێك داوامان کردووە ئەویش بخرێتە بەرنامەی کارەوە هیوادارین جوابی هەردووکیان هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

وەکو باسم کرد زۆرێك لە یاداشتەکان خاڵی هاوشێوەی تیابووە لیژنەی دارایی ڕاپۆرتێکی باشیان ئامادە کردووە بۆ دانیشتنەکە لەسەر ئەوەیە هەر کات بەڕێز وەزیری دارایی ئامادەبێت، سوپاس، فەرموو کاك چیا.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دماوەی بۆری دا لە سنووریٚ کەرکوکیٚ چەندین قوتابخانیٚ زەمانیٚ کوردیدا هاتنە داخستن و ئەڤ قوتابخانە کرینە زمانیٚ عەرەبی، ئەڤەش مەترسییە لسەر هەبوونی کوردان ویٚ دەڤەریٚ و ب عەرەب کردنا قوتابخانا ل سنووریٚ کەرکوکیٚ داخاز ژ ناڤێتە دکەم کو لیژنا پەیوەندیدارو ماددە(١٤٠) ڕاسپێرن دگەل پەرلەمانتاریٚ مە ل بەغدا چارەسەری ڤی بابەتی بێتە کرنیٚ و ئەڤە مەترسییەکە لسەر هەبوونا کوردان ل ڤی سنووری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشتریش دوو کۆبوونەوەی باش کراوە لەنێوان لیژنەی ناوچە کوردستانیەکان لەگەڵ دەستەی ناوچە کوردستانییەکان ئەکرێت لیژنەی ناوچە کوردستانییەکان موتابەعەیەکی وردتر بکەن، سوپاس، فەرموو کاك سروان.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، ئێمە چەند یاداشتێکمان لە لیژنەی خۆمان لیژنەی پێشمەرگە داوە سەبارەت بە ئەرکی زۆری پێشمەرگە، ئەوە سێ ساڵ و چەند مانگە ئێمە هاوار ئەکەین لەسەر ئەوە هەموو وەڵامەکانمان نا بەجێ دراوەتەوە لەلایەن خودی وەزارەتەکەوە یەعنی خوداش قبوڵ ناکات ئەوە، ئێستا من لێرە بەئێوە دەڵێم بە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەڵێم بە هەموو پەرلەمانتارم گوێت کەچی هەر وەك خۆی مایەوە، بەڵام لێرە ئەگەر کەناڵێك ئەگەر دەزگایەکی خێرخوازی ئەوە بگوازێتەوە بۆ سەرۆکی هەرێم وەکو فەرماندەی گشتی هێزەکانی لەشکری کوردستان بۆ سەرۆکی حکومەت غەدر لە پێشمەرگە دەکرێت، ڕۆژ نییە پێشمەرگە تووشی ژن تەڵاقدان نەبێت، یەعنی تاکەی ئێمە بێدەنگ بین ئەگەر پێشمەرگە نەبوایە ئێمە لێرە دەبووین هەرێم دەبوو ئاڵا دەبوو پیرۆزی دەبوو بۆچی بەدەنگ نایەن؟ ئەوە یەك.

دوو: سەبارەت بە یاسای خانەنشینی هێزەکانی ناوخۆ یەعنی بەڕاستی ئەمن و ئەمانی ئێمە هەموو لەدەست ئەوانە کەچی هەموومان پاڵکەوتووین و هیچ شتێك بۆ ئەوان نەکراوە وەك خۆی هێڵدراوە سێ ساڵە وەك خۆی هێڵدراوە بۆ بەدواداچوون ناکرێت بۆ لێژنەکان جوابی دروست یان وەزارەت وەزیر بۆ جواب ناداتەوە یەعنی خۆ وەزیر لە ئاسمانەوە نەهاتووە با جواب بداتەوە جوابی هەموو ئەو پرسیارانە بداتەوە، جوابی ئەو داوایانەش بداتەوە کە ئێمە گەلەبیان لێدەکەین بۆ وەزیر گەورەتر کراوە لە پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك هێڤیدار.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نووسراوێکی ڕەسمی بەڕێز وەزیری دارایی هەیە لە(٢٠٢٢/٩/١٤) دەرچووە کە نابێتن هاوسەر، دایك، باوك، کچ، کوڕ، برا، خوشك، پێکەوە لە دائیرەیەکی حکومەت دەوام بکەن لە وەزارەتی دارایی، ئەم ڕێنماییە پشت بەهیچ سەنەدێکی قانوونی نابەستێت ناقانوونییە ئەرکی پەرلەمانی کوردستانە دەمەزراوەیەکی حکومەت قەرارەکی ناقانوونی دەربکاتن ئەو قەرارە هەڵبوەشێنیتن، ئێمە قانوونی ژمارە (١٤)ی ساڵی (١٩٩١) بەرزەفت کردنمان هەیە ئی فەرمانبەران یاسای خزمەتی شارستانییەت هەیە ئینزباتی هەیە لە دائیرەیەك، ئەگەر کابرا ژنی لەگەڵ بێتن ژنەکەی ئەو دائیرەی بەکارهێنا ئیجرائاتی قانوونی لەگەڵ دەکرێت، بەڵام ناکرێت تۆ بڵێی ئەوە نابێت پێکەوەبن، چونکە هیچ سەنەدێکی قانوونی نییە، داوا لە بەڕێزت دەکەم لەسەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم ئەم قەرارە هەڵبوەشێتەوە، چونکە نابێت...

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر بە یاداشتێك بماندەرێ ئاوانابێت ئاراستەی بکە.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلیمان:**
ئێستا تەسلیمی جەنابتان دەکەم، زۆر سوپاس.
**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، فەرموو کاك دیاری.
**بەڕێز دیاری انور حمە رحیم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
بەناوی خوای گەورە، بەپێی ماددەی(٩٨) برگەی یەکەم ئەنجوومەنی وەزیران لە مانگی تشرینی یەکەم پڕۆژە یاسای بوودجە بێنێتە پەرلەمانی کوردستان نۆ ساڵە و ئەم چوار ساڵەی کە ئێمە لەم خولەی پەرلەمانی کوردستانین، هەروەها لە کۆتای تەمەنی ئەم خولەی پەرلەمانی کوردستاناین، بۆ تاوەکو ئێستا ئەنجوومەنی وەزیران پڕۆژە یاسای بوودجەی نەهێناوەتە پەرلەمانی کوردستان؟ بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بەپێی پەیڕەو کە پارێزەری پەیڕەو ویاسان لەسەر ئەم حەقە تا ئێستا نەهاتوونەتە دەنگ و زەختیان نەکردووە تا حکومەتی هەرێمی کوردستان پڕۆژە یاسای بوودجە بێنێتە پەرلەمانی کوردستان، ئەگەر پڕۆژە یاسای بوودجە بێتە پەرلەمانی کوردستان هەموو ئەو کێشانەی پەیوەندییان بە دامەزراندن و بە هەمیشەیی کردنی فەرمانبەرانی گرێبەست و مامۆستایانی وانەبێژو تەنانەت پڕۆژە یاسای خانەنشینی هێزەکانی ناوخۆ وهەموو ئەوانەی دیکە لەم پەرلەمانی کوردستانەوە چارەسەر دەبێت و ئەم پەرلەمانی کوردستانە لەم دۆخەی کە ئێستا تێیکەوتووە ناتوانێت هیچ قەرارێك بدات، تەنانەت ئەوەی کە هەر پڕۆژە یاساو هەر بابەتێك پەیوەندی یان ڕەهەندی دارایی هەبێت لەنێو پڕۆژە یاسای بوودجە پەرلەمانی کوردستان دەتوانێت چارەسەری بکات، یەکەم.
دووەم: داوا دەکەك بەپێی ماددەی (٤٣) برگەی دووەم، لیژنەیەکی کاتی دروست بکرێت لە لیژنەی ناوخۆ، لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان، لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی، لەسەر زیندانیانی بادینان ئێستا ماوەی یاساییان تەواو کردووە، بەڵام ڕێکارەکانیان بۆ ڕاناپەڕێنرێت وە یاسا پێشێل ئەکرێ، بۆیە داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەکەم نەیەڵێت یاسا پێشێل بکرێت، زۆر سوپاس.
**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، فەرموو کاك سیپان.
**بەڕێز سیپان سالم حسن:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
پاڵپشت بە ماددێ (٦٦) خالا یێکەم، یاداشتەك فەرمی ئاراستەی سەرۆکاتیا پەرلەمانێ کوردستانێ کردبووی بە ئیمزای بیست و دوو (٢٢) پەرلەمانتارا ژ بۆ ئیکێ ڕیشتنەکا تایبەت لسەر پرسا دەست لسەر کریێین بادینان بهێتە ئەنجامدان کو د ڕەوشەکا نالەبار دان هەم دناڤا چاکسازیێ دا هەم دناڤا گرتین گەهێن ئاسایشێ دا لێ هەتاکو ڤی دەمی کو بیست ڕۆژ لسەر تێتپەڕن هەتاکو ڤی دەمیشی هیچ ڕەنگێك نەخێستییە بەرنامەی کارو هیچ وەڵامەك نەبوویە

دەمەکی دا بابەتن نەك پێتڤی بو ژیانا ئەڤرۆکەدا بەڵکو بـابەتن هـیچ پەیوەسـت ب ژیانـا ڕۆژانە هاووڵاتیان ڤەنە ئێخستینا بەرناما کاری، بۆ نموونە ژی، تا کەنگێ پەرلەمـانێ کوردسـتانێ مـافێن هاوڵاتیان پاراستینە هەتاکو ئەڤروکە ب پیشنیازە یاسایەکا خاندنا بۆ پاراسـتنا مـافێن ئـاژەڵێ ل هەرێمـا کوردسـتانێ بـکەت، لەورا پێویسـتە بـابەتێن پێویسـت ل ژیانـا هاووڵاتیـان ب بێخیـتە بەرنامەی کاری نەك بابەتێن لاوەکی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سیپان، تەشریع ئەرکی پەرلەمانی کوردستانە ئەو بابەتانەش کە هەن بابەتی یاساییـن بابەتی لاوەکی نین، وە پەرلەمانی کوردستان درێغی نەکردووە، سوپاس، فەرموو کاك ابوبکر.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم: ئامـاژە بە مـاددەی (٢٤) بەهەر چـوار بـڕگەکەیەوە لە پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردسـتان، ئـێمە دوو هاوپیشـەمان لەم پەرلەمـانە مـژدە خـان و کـاك ڕزگـار لەلایـەن هێـزە ئەمنییەکـانەوە ڕووبەڕووی سـوکایەتی بـوونەوە،بەداخەوە سـەرۆکایەتی پەرلەمـان هـیچ هەڵوێستێکی نەبوو کە ئەوە ئەرکی سەرۆکایەتی پەرلەمـانە بەپێـی ئەو پەیـڕەوە کە بەرگـری لە ئەندامانی پەرلەمان بکات لە کاتی چاودێری کردن، یـان هەر ئیشـێکی تـری خۆیـان کە ئەنجـامی ئەدەن کە پەیوەندی بە کاری پەرلەمان خۆیانەوە هەیە.

دووەم: بەپێی ماددەی(٢) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان و یاسـای ژمـارە(١)ی سـاڵی (١٩٩٢) یاسای هەڵبژاردنـی پەرلەمـانی کۆردسـتان، ئێسـتا لە هەنـدێ مەرزەکـان زیـاتر لە شـەش، حەوت هێز هەیە کە چاودێری ئەو مەسـەلەی داهـاتوو هـاتووچۆ ئەکـات کە ئەمە پێویسـتە یەك هێز هەبێت لەژێر چەتری وەزارەتی ناوخۆدا، بەڵام پۆلیسی محەلی هەیە پۆلیسـی سـەر سـنوور هەیە ئاسـایش هەیە هێـزی تـر هەن کە ئەمـانە گومـان ئەکرێـت کەئەو داهـاتەی کـۆئەکەنەوە نەگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی حکومەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێـز مامۆسـتا ابـوبکر سـەبارەت بە مـژدە خـان لەگەڵ کـاك ڕزگـار سـەرۆکایەتی پەرلەمـانی کوردستان لیژنەی ناوخۆی ڕاسپاردووە کە لیـژنەیەکە لاوەکـی پێکبێـنن و بەدواداچـوونێکی ورد بۆ هەردوو بابەتەکە بکەن و نەتیجەکەش ئاگادارمان بکەنەوە، سوپاس، فەرموو کاك سەرکۆ.

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسین:**

**بەڕێز بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، ئێمە لە (٢٠٢٠/٣/١٠) پێشنیازە یاسامان پێشکەشی جەنابتان کرد لەسـەر هێزەکـانی نـاوخۆ و ئاسـایش، دواتـر چەنـدین جـار یاداشـتمان داوە بە سـەرۆکایەتی پەرلەمـان کە ئەم پـڕۆژە یاسـایە بهێنـدرێتە پەرلەمـان، وە چەنـد جارێـك لەگەڵ وەزیـر لە ئەنجوومەنی وەزیرانا ئەم کارە کراوە، وە ئێستا کە لەگەڵ جەنابتان قسە ئەکەین هاتووین باسی ئاژەڵان دەکەین، بەڵام هێزەکانی ئاسایش تێیاندایە سێ جار بریندار بووە چەنـد جارێـك بەهـۆی شەڕی داعشەوە بەهۆی گرتنی مافیای بازرگانی بە تلیاکەوە ئەمانە هەموو ژیانی خۆیـان خسـتە خەتەرەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاتەکەت تەواو کاکە، فەرمـوو کـاك زیـاد، ئەو بەشـەی قسـەکانی کـاك سـەرکۆ کە ئەڵـێ سـەرۆکایەتی پەرلەمـان لە خەمـی ئاسایشـی نـاوخۆ نیـیە، ئەسـڕێتەوە لە پڕۆتۆکـۆڵ، کـاك زیـاد فەرموو کاك زیاد سەرۆکی فراکسیۆنتە فەرموو کـاك زیـاد کاتەکەشـت تەواو، سـوپاس، فەرمـوو کاك زیاد.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لە ڕابردووا سیانزە یاداشتی ئەندامانی پەرلەمان کە بە ماددەی (٦٦) پێشکەشیان کـردووە ڕووبەڕووی لیژنەکەمان لیژنەی دارایی کراوەتەوە، ئێمە ماوەی سێ مانگ خەریکی ئامـادەکردنی ڕاپۆرتێك بووین ڕەنگە ئەو ڕاپۆرتە بەشی زۆری ئەو ڕاپۆرتانەی کە ئێستا ڕووبەڕووی جەنابتـان ئەبێتەوە تیا ئەبێت، داوا ئەکەیـن لە مـاوەیەکی نزیـك دانیشـتنێکی تـایبەت بکرێـت کە وەزیـری دارایی ئامادەبێت لێرە بۆ ئەوەی ڕاپۆرتەکە پێشکەش بکەین و وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانەش باتەوە کە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان هەیانە لێی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو شیرین خان.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پاڵپشت بە ماددەی (٤٣) لە پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردسـتان، دیـارە ژمـارەیەك گەنـج و چالاکوان لە سنووری کەلارەوە ئیدارەی گەرمیانەوە ڕێگای نێـوان ( کەلار- سـلێمانی )یـان، بەپـێ بڕیوە، هەروەها ماوەی چەندین ڕۆژە لەبەردەم نووسـینگەی پەرلەمـانی کوردسـتان لە سـلێمانی دەستیان داوەتە مانگرتن، بۆیە بەپێویستی دەزانم پەرلەمـانی کوردسـتان پاڵپشـت بەم مـاددەیە لیژنەیەکی تایبەتمەند لیژنەیەکی کـاتی پێکبهێنێـت، بـۆ ئەوەی ئەوەی بەدواداچـوون بکـرێتە کە لەکاتێکدا بەپێی پێویست داهاتی گەرمیان داهاتێکی هێنـدە زۆرە ئەتـوانم بڵـێم ئەگەر کەمتـرین لەنیوەی داهاتی مانگێکی گەرمیان بۆ ئەو ڕێگایە خەرج بکرایە ئێستا ئەو ڕێگـایە تەواو ببـوو، لە کاتێکـا ئەو ڕێگـایە بـووە بە ڕێگـای مەرگ، بەڵام بەداخەوە لە (٢٠٢٢/٦/١٢)وە، ئەنجـوومەنی وەزیـران بڕیـاری خەرج کردنـی شەسـت ملیـار دینـاری داوە تـاوەکو ئێسـتا یەك دینـاری تەرخـان نەکراوە بۆ خەرج کردنی ئەو ڕێگایە، بـۆیە داوادەکەیـن پەرلەمـانی کوردسـتان هەم هەڵوێسـتی هەبێت وە هەم جەخـت بکـاوەتەوە بـۆ ئەوەی ڕێکـاری دروسـت و گونجـاو بگـرێتەبەر بـۆ تەواو کردنی ئەو ڕێگایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك پێشەوا.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفی :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمویست لەبارەی خانەنشینی هێزەکانی ناوخۆ قسە بکەم، قسەکانم کرا دووبارەی ناکەمەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك سفین.

**بەڕێز سفین اغا عمر اغا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، دەمەوێت ڕوونکردنەوەیەك بدەم لەسەر پارەی جووتیاران، من بەدواداچوونێکم کردییە لە بانقەکانی ئەو بانقانەی کە پارەی جووتیارانی لێ دابەش دەکرا لە سالانی (٢٠١٤، ٢٠١٥، ٢٠١٦)، داتایەکم وەرگرتییە، سەرۆکی پەرلەمان ئێستا لە ساڵی (٢٠١٤) دوو ملیار و سەد و دوو ملیۆن و حەوت سەد و نەوەد هەزار دینار لە (٢٠١٤)وە، پارەی جووتیاران لە بانقی ماوە دابەش نەکراوە. چوار ملیار و دوو سەد و بیست و نۆ هەزار و سێ سەد و شەست و یەك هەزار دینار لە بانقی (حەدییە) ئی ساڵی (٢٠١٥) ماوە پارەی جووتیاران دابەش نەکراوە. لە بانقی (حەمرین) سێ ملیار و سێ سەد و سێزە هەزار و سێ سەد و هەشت ملیۆن لە (٢٠١٦)وە ئەو پارە لە بانقی ماوە دابەش نەکراوە.

پێنج سەد و شەست و دوو ملیۆن و هەشت سەد و یەك هەزارو پێنج سەد دینار لە بانقی (شیرین) ماوە لە (٢٠١٥)وە سایلۆی مەخمور دابەش نەکراوە. سەد و پەنجا و دوو ملیۆن و شەش سەد و حەفتاو حەفت هەزار دینار لە بانقی (شیرین) ماوە ئی ساڵی(٢٠١٤) لە پارەی سایلۆی مەخمور دابەش نەکراوە.

ئایا کێ بەرپرسیارە ئەو پارە لەبەرچی لە ساڵی(٢٠١٤)وە، ئەو پارانە ماوە دابەش نەکراوە، ئێمە هاوار هاوارمانە لۆ فەلاح دەڵێین کاکە پارە لە حکومەتێ نەماوە، کەچی ئەو پارە لە بانقەکان ماوە، ئایا کێ بەرپرسیارە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش کاك حاجی ئەوە بابەتێکی گرینگە.

**بەڕێز سفین اغا عمر اغا:**

قسەکەم تەواو نەکردبوو دەمەوێت تەواوی کەم ڕوونکردنەوەیە ئەوە غەدر کرایە لە فەلاحان ئەو پارەیەی کە لە (٢٠١٤، ٢٠١٥) لە بانقی ماوە ئایا کێ بەرپرسیارە ئەو پارە لەبەر چی خەواندرایە لەو بانقانە لۆ دابەش نەکراوە؟ پێویستە پەرلەمان لیژنەیەك دروست بکات و بەدواداچوون بکات لەسەر ئەو پارانە، چۆن ماوەو هەتا ئێستا دابەش نەکراوە پارەی فەلاحانە و ئەوەش هەموو بە داتا لە بانقەکان هێنامەو ئەوە نووسراوەکانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابت لە لیژنەی کشتوکاڵی، لیژنەی کشتوکاڵ ڕائەسپێرین بەهەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی دارایی بەدواداچوون بۆ ئەو بابەتە بکەن، سوپاس، فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنــاوی خــوای بەخشــندەی میهرەبــان، لە (٢٠٢٢/٩/٦) واتە چــوارده ڕۆژ پــێش ئێســتا ئــێمە یاداشتێکمان لەسەر کێشەی دابەش کردنی نەوتی سپی ماڵان پێشکەش بەئێوەی بەڕێز کردووە، لە (٢٠٢٢/٩/٨) لەسـەر کێشـەی کامێراکـانی تیـژڕەوی لە سـلێمانی و دانیـان بە کۆمپانیـای کەرتـی تایبەت کە ئەمە ناڕەزایییەکی زۆر زۆر گەورەی خەڵکی لەسەرە، تکایە ئەم یاداشتانە کەی ئەخەنە بەرنـامەی کـارەوە، ئەگەر ئەوە پێویسـتی بە حکـومەت بێـت بەڕێــز سـەرۆکی پەرلەمـان لە (٢٠٢١/١٢/١) ئێمە پێشنیازە بڕیارێکمـان جەخـت لێکـردەوە لەسـەر دەسـت پێکـردنەوەی پـلە بەرز کردنەوەی مامۆستایان و فەرمانبەران بە پێی ماددەی (٨٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، ئەگەر ئێوەی بەڕێز لیژنەی یاسایی پێشنیازە بڕیارەکەیان ڕەتکردینەوە ئەبێـت ئێـوەی بەڕێـز بێـنە نـاو هـۆڵی پەرلەمـان لێـرە بڕیـاری لـێ بـدەین، نـۆ دانە مـانگە ئەو پێشـنیازە بڕیـارە هەر نـازانین چارەنووسەکەی بە کوێ ئەگات، جەنابت ئەرکت پاراستنی پەیـڕەوی نـاوخۆیە جێبەجـێ کردنـی پەیڕەوی ناوخۆیە بەپێی ماددەی (١٨) تکایە ئەو پێشنیازە بڕیارە بێننە هـۆڵی پەرلەمـان بـا لێـرە قەرار بـدەین پـلە بەرز کـردنەوەی مامۆسـتایان و فەرمـانبەران دەسـت پێبکـاتەوە لە کاتاێکـا هێزەکــانی نــاوخۆ پێشــمەرگە بەدەســت خۆشــییەوە دەســتی پێکــردۆتەوەو هەرســێ سەرۆکایەتییەکەش دەستیان پێکردۆتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو سەرچنار خان.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەسەر دوو خاڵ قسە ئەکەم:

یەکەم/ ئەو یاداشتانەی کە قسەی لێوە کرا، یاداشتەکان ڕاستە نێـردراوە بـۆلای حکومەت، بەڵام مەوعیـدی دیـاریکراو نیـیە بەتـایبەتی هەنـدێکیان یەعنـی بـۆ نمـوونە چارەنووسـی مامۆسـتای وانەبێژ ئێستا دەوام دەستی پێکـردۆتەوە ئەوان چـاوەڕێی دانیشـتنی پەرلەمـانن گرێبەسـتەکان بەهەمان شـێوە پـلە بەرز کـردنەوە بەهەمـان شـێوە شـتەکانی تـریش، ئەکـرێ ئەمە زوو بخـرێتە بەرنامەی کارەوە بۆ ئەوانیش بەرچاوڕوونبن.

دووەم/ من ئەمەوێت ئەو پرسیارە لە سەرۆکایەتی پەرلەمان بکەم تا ئێستا دوو یاداشتم کردووە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان، بەڵام وەڵامیـان نەبـووە لەسـەر ئەوەی وەزیـری هەرێـم بـۆ کاروبـاری پەرلەمان بەچی ماددەیەك، بەچی حەقێك پێشنیازە یاسـای پەرلەمـان ڕەتـدەکاتەوە، بـۆ نمـوونە ناونـانی (چەمچەمـاڵ) بە (پـایتەختی شـەهیدان و ئەنفـالکراو) وەزیـری هەرێـم بە نووسـراوێك ڕەدی کردۆتەوە پێشنیازە یاسای مناڵە وون بووەکـان لە دیـاردەی کـۆچە بە کۆمەڵەکـان وەزیـری هەرێم بە نووسراوێك ناردوویەتی بۆ سـەرۆکایەتی پەرلەمـان ڕەدی کـردۆتەوە، کە ئەمە بەپێـی ماددەی(٧٩، ٨٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمـان ئەرکـی سـەرۆکایەتی پەرلەمـانە بە هەمـاهەنگی لەگەڵ لیژنەی یاسایی ئەو بابەتە یەکلای بکەنەوە نەك وەزیرێکی حکومەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو بدریە خان.

**بەڕێز بدريە اسماعيل محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری قسەكانی خاتوو سەرچنار ئەكەم لەسەر مامۆستایانی وانەبێژ، هەروەها خاتوو شیرین امین كە باس لە ئەو گەنجە چالاكوانانەی گەرمیان ئەكات كە ماوەی هەشت ڕۆژە لەبەردەمی نووسینگەی پەرلەمانان، ئێمە یاداشتێكمان ئاراستەی سەرۆكایەتی كردووە بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان زیاتر لە چل كەس واژووی لەسەر كردووە، بانگێشتی وەزیری ئاوەدان كردنەوەو داراییمان كردووە، تێچووی ئەم ڕێگەوبانە كە بەرەو زستان دەڕۆین سالانە سەدان كەس ژیانی لە مەترسی دایە، بۆیە مەفرووزە ئەو یاداشتەشی پێبكرێت هەردوو وەزیری پەیوەندیدار بانگێشت بكرێت، ئەو شەست ملیارەی كە بڕیاردراوە تێچووەكەی زۆر نییە بۆ حكومەت، بۆیە ئومێد ئەكەین بە زووی جێبەجێ بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك یاسین.

**بەڕێز یاسين خضر طه:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، دیارە هەموو ئەو برادەرانەی باسی هێزەكانی ناوخۆیان كرد دووبارەی ناكەمەوە، باسی بوودجەیان كرد دووبارەی ناكەمەوە، بەڵام دوو خاڵ هەیە دەمەوێت ئیشارەت پێبدەم.

یەكەم/ حكومەت و پەرلەمان لە شوێنێكییە پێی دەڵێن (ناز ستی) جگە لە بەڕێز سەرۆكی حكومەت و جێگری بەڕێز سەرۆكی حكومەت بەس ئەو دووەی لێنییە، بەڵام وەزیرو ئەندام پەرلەمان و هەرهەمووی لێیە، بە بەرچاوی ئەو هەموو حكومەتەی دا كۆمپانیایەكی تورك هەستا سەد و پەنجا داری دە ساڵەی بڕی كەس نووقەی لێ نەهات، بۆیە داوا لە بەڕێزت دەكەم لیژنەیەك پێكبهێنرێت كە كۆمپانیا بۆ ئەو دارانەی بڕیوە.

دووەم/ لەوكاتەی كە بەڕێز سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان هاتۆتە دەڤەری ڕاپەڕین بڕی چوار ملیاری بۆ دووسایدی ناو بازاڕی ڕانیە داناوە هەتا ئێستا كەس نازانێ ئەو پارە سەرف كراوە سەرف نەكراوە جادەكە وەك خۆی ماوە.

سێیەم/ ئێمە لێرە دیفاع لە ئافرەتان دەكەین، بەڵام ڕۆژانە سەدان ئافرەت بەناوی شەرەف و ناموس ئەكوژرێ كەس نووقەی لێوە نایەت، بەس تەنها لە فەیسبوك لایكەكی بۆ دەكەن، هەتاكو ئێستا كێشەی مالییە كەس نازانێ بۆ كوژراو بۆ نەكوژرا كەس نووقەی لێنایەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا تاوتوێی خوێندنەوەی دووەمی پێشنیازە یاسایەكی زۆر گرینگ ئەكەین، ئەزانم ماوییەتی كاكە جوابی كاك یاسینە، كاك جلال فەرموو پەلەتە، سوپاس، فەرموو كاك جلال.

**بەڕێز جلال محمد امين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، وەك دەزانین یەكێك لە وەزیفەو مهنە وگرینگەكانی پەرلەمانی كوردستان، چاودێریكردنی جێبەجێ كردنی یاساو بڕیارەكانە هەر بۆیە پێویستە باج و ڕسومات

و زەریبە لە چوارچێوەی یاسا ڕێکبخرێت، بەڵام ئەوەی ئێستا بەدی ئەکەین لە چەند ناوچەیەکی جیاواز چەند کۆمپانیایەك دروست بوون کە لەدەرەوەی یاسا باج و بەجۆرێك لە سەرانە لە هاوڵواتیان خاوەن کارەکان وەردەگرن، بەنموونە کۆمپانیای (ناترۆ) لە سنووری کێڵگەی غازی (کۆرمور) کە ماوەیەکی زۆرە لە هەموو ئۆتۆمبیلێکی کۆمپانیاکان کە داخڵی کۆمپانیای غازی (کۆرمور) دەبن، تەنانەت هەندێجار لە هاووڵاتیانی سنوورەکەش هەر ئۆتۆمبیلێك بڕی سەد دۆلار وەردەگرن لە دەرەوەی یاساو ڕێنمایی، وە دوێنێ چەند خاوەن کارێك ویستوویانە کۆببنەوە دژی ئەم ناعەدالەتیە هەندێکیان دەستگیر کراون لەدەرەوەی بڕیاری دادگا، بۆیە داواکارم لیژنەیەك پێکبهێنرێت لە پەرلەمانی کوردستان بۆ بەدواداچوونی ئەم بابەتە، خاڵێکی تر بۆ نازنامەی شەهیدان و ئەنفالکراوان بۆ پایەختی شەهیدان و ئەنفال بۆ شاری (چەمچەماڵ) پشتگیری هەردوو هاوڕێم خاتوو سەرچنار و ڕۆژان خان دەکەم هیوادارم پیاچوونەوەیەك بەو بڕیارەیا بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك هەڵکەوت.

**بەڕێز هەڵکەوت انور خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کێشەوگرفتێك بەرۆکی دانیشتوانی گوندنشینەکانی کوردستانی گرتووە بەهۆی ئەوەی کە ئەیانەوێت بڕۆنەوە بۆ دێهاتەکانی خۆیان و خانوو دروست بکەن، بۆ ئەوەی کە لە کوردستانا پەرە بە بواری کشتوکاڵی بدەن، ئەبوایە حکومەتی هەرێم ئاسانکاری بۆ بکردنایە، بەڵکو بەداخەوە حکومەتی هەرێم و ئیدارەکان بەداخەوە سنووری ئێمە سلێمانی و دەڤەری شارەزوور ڕێگری دەکەن لەو خەڵکەی بگەڕێنەوە بۆ دێهاتەکانیان، خانوو دەکەن خانووەکانیان ئەڕوخێنن بەهۆی ئەوەی گوایە ئەم ماڵانە کە ڕۆشتوون لە سنووری گوند دانین کاتی خۆی کە دێ دوای ئینتیفازەکە خەڵك دروست بووە بۆ نموونە، من بابی خۆم یەك نەفەر بووە لە ماڵێکا بووە ئێستاکە ئێمە هەژدە کەسین ئایا ئەو گوندە سنوورەکەی بۆ زیاد نەکرێت خەڵکی داماو چی بکات، داوا لە بەڕێزتان دەکەم نووسراوێك بکەن بۆ ئەنجوومەنی وەزیران بەتایبەتی ئیشارەت بدرێ بە وەزارەتی کشتوکاڵ و شارەوانی فراوانی گوندەکان بکرێت بە بڕیارێك لە سێ سەد مەتر کەمتر نەبێ و لە پێنج سەد مەتر زیاتر نەبێ و بە سنووری دێیەکە بۆ ئەوەی خەڵك بتوانن لەو کێشەوگرفتە ڕزگاریان بێت، هەروەها پشتگیری قسەکانی بەڕێز کاك سروان هەرکی دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو مژدە خان.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، وەك ڕوونە دوو مانگ جارێ سێ مانگ جارێ پاکەوانانان گردبوونەوە دەکەن و خۆپیشاندان دەکەن دژی ئەوەی کە مووچەکانیان پێنادرێت بەداخەوە هەر عەیبە پێشی بگوترێ مووچە سێ سەد هەزار دینارێك بەرامبەر ئەو هەمووە کارە زۆرە، هەم پاکەوانانی تەندروستی هەم ژینگە پارێزان لە هەڵبجە، لە ڕانیە،لە چەمچەماڵ، لە سلێمانی لە

سنووری پارێزگای سلێمانی بەگشتی دوو مانگ جارێك سێ مانگ جارێك ئەمانە دەبێت خۆپیشاندان بکەن و شارەکە ژێر زبڵ و خاشاك بکەون، کە ئەمە لە ڕووی تەندروستییەوە خراپە، بۆچی نەخراوەتە بەرنامەی کارەوە یاداشتمان کردووە ڕەتتان کردۆتەوە بەبیانووی ئەوەی کە ڕاپۆرتێکی لەگەڵ پێشکەش نەکراوە هەمیشە دەبینین کە لە شاشەکانەوە ژینگە پارێزی لە شەقامن هەیە شەش مانگە مووچەی وەرنەگرتووە مووچەکە شەش مانگ وەرنەگرتبێت دەبێت یەعنی چۆن بژین ئەوە تەنانەت لە خەستەخانەکاندا پاکەوانانی تەندروستی ناهێڵن نانیش بخۆن یەعنی ئەوانە هەر ئینسان نین ئەوانە هەر مافیان پێنادرێت، سەبارەت بە ڕێگەی کەلار-سلێمانی ڕێگەی دووسایدی بەینی (ڕانیە - هەولێر)، (ڕانیە - سایمانی) بوورن، دووسایدی (کۆیە - هەولێر)، (سلێمانی - هەولێر)، ئەوانە داواکارین بەزووترین کات بخرێتە بەرنامەی کارەوە برادەرانی کەلار هەشت ڕۆژە لەسەر شەقامن سەبارەت بەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك لقمان.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێ ئەنێینە وەرزی زستان بەتایبەت لە ناوچە سنوورییەکان کە پێویستیان بە دابەشکردنی نەوتی سپی هەیە ئێستا هەڵمەتی بڕینەوەی دار دەستی پێکردووە، دار هەیە تەمەنی سەد ساڵە ئەبڕێتەوە هاووڵاتی لەبەر ئەوەی کە توانای دابینکردنی نەوتی نیە کە بەرمیلێك نەوت لە ئێستادا بە دوو سەد و حەفتا هەزار دینارە کە قەت نەوت بەمشێوەیە نرخی بەرز نەبۆتەوە، بۆیە ئەمە خەتەرێکی زۆر گەورەی لەسەر ژینگە دروست کردیە و هاووڵاتی ناچارە پەنا بباتە بەر بڕینەوەی دار، بۆیە داوا ئەکەین پەرلەمانی کوردستان لەسەر ئەم پرسە بەجدی هەڵوەستە بکاو حکومەت و لایەنی پەیوەندیدار ڕابسپێرێت، وێڕای ئەوەی کە نەوتی پێویست دابین بکات کاریش بکات بۆ دابەزاندنی نرخی نەوت، چونکە هاووڵاتی لە ناوچە سنوورییەکان بەتایبەت پێویستی بەلایەنی کەم شەش، حەوت بەرمیلە نەوت هەیە بۆ ئەوەی بتوانی زستان خۆی گەرم کاتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان زۆربەتان باسی نەوتی سپیتان کرد بە سوپاسەوە لیژنەی وزەو سامانە سروشتییەکان میوانداری وەزیری سامانە سروشتییەکانیان بە وەکالەت کردووە دانیشتنێکی دووروو درێژ لەسەر ئەو بابەتە کرابوو، ئەگەر بکرێت لیژنە ئەتوانێت ڕوونکردنەوەی پێویست دات ئەگەرنا دواتر ئتوانن، فەرموو کاك علی ئەگەر جەنابت وەکو سەرۆکی لیژنە ڕوونکردنەوەیەك بدەی لەسەر ئەو زانیاریانەی لەو کۆبوونەوە باسکراوە، سوپاس، فەرموو کاك علی.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، یەك گرفت هەیە دوو ئەگەر هەیە لە زستانا بەرۆکی خەڵکی کوردستان بگرێت (نەوتی سپییە، غاز)ە، ئێمە بۆ هەردوو بابەتەکە کۆبوونەمانە کرد بۆ نەوتی سپی قەرارە مانگی دە (١٠) ناوچە شاخاوییەکان دەست پێبکات بە یەك بەرمیل نەوت حەفتاو چوار هەزار دینار دانراوە، یەعنی پارەکە هەیە ئێمە تەئکیدمان کردووە لە داهاتی محافەزات

بێت سەرف ناکرێت نەوتیان لە داهاتی سامانە سروشتییەکاندا ئەمە بەشی یەکەم، بەشی دووەم ئەترافی دەورووبەری سەنتەری شارەکانە ئەبێت مانگی یانزە (١١)بێت، ئەوە تا ئێستا تەخسیسی دارایی، هەروەها قۆناغی سێیەم سەنتەری شارەکانە کە بدرێت ئەویش ئەکەوێتە مانگی دوانزە (١٢) بۆ ئەوە یەك بەرمیلە تاوەکو ئێستاش تەئکیدمان کردووە کە نرخی چەندە ئەدرێت نرخەکەش دیاری نەکراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش بۆ ئەو ڕوونکردنەوانە، گوڵستان باقی، سەوسەن خان فەرموو.

**بەڕێز سەوسەن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا وێڕای پشتیوانیم بۆ ئەو یاداشتەی کە لەسەر ڕێگای (کەلار - سلێمانی)، ئاراستەی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوە، من پشتیوانیان دەکەم و داوا دەکەم کە لیژنەیەك لە لیژنە تایبەتمەندەکان پێکبهێنرێت بۆ بەدواداچوون بۆ ئەوەی بزانین ڕێگای (کەلار - سلێمانی) هۆکار چییە چەندین ساڵە ڕێگاکە دروست نەکراوە، چونکە ڕۆژانە دەیان کچ و کوڕی ئەنفالکراو لەو ڕێگایە گوزەر دەکەن، بۆیە داوا دەکەم لیژنەیەك پێکبهێنرێت دوای ئەوەی کە لیژنەکە پێکهێنرا دەرئەنجامەکانی دەرکەوتن ئەو کات وەزیرە پەیوەندیدارەکان بانگێشتی پەرلەمان بکرێت، هەروەها سەبارەت بە ئەشکەوتی (دەکان) ئێمە وەکو کاروباری شەهیدان سەردانی ئەشکەوتی (دەکانمان) کرد هەروەکو دەزانن پەنجاو سێ (٥٣) ساڵ لەمەوبەر ئەو ئەشکەوتە لەلایەن ڕژێمی پێشووی بەعس، یەعنی کە حەوتاو حەوت (٧٧) کەس کە خۆیان حەشاردەوە لە دەستی فڕۆکەکان و ڕژێمی بەعس خۆیان ڕزگار بکەن (٧٧) کەس لەیەك کاتدا لەو ئەشکەوتە شەهید کراون تا ئێستا یەعنی ئەو ئەشکەوتە لە ڕاستیدا ڕووفاتەکانیان بەشێوەیەکی شایستە نەنێژراون، بۆیە لێرە داوا دەکەم لە پەرلەمانی کوردستان کە لیژنەیەك پێکبهێنرێت بۆ ئەو بابەتە (لیژنەی شارەوانی، لیژنەی شەهدان، لیژنەی ئاوەدانکردنەوە) بۆ ئەوەی بەدواداچوونێکی تەواو بکەن بۆ ئەوەی ئەو ڕاسپاردانەی خۆیان ئاراستەی حکومەت بکەن داواکاری زۆر زۆر بەسیتیان هەیە کەسوکاری شەهیدانی ئەشکەوتی (دەکان)، بۆیە پێویستە لە کاتێکی زوو داواکارییەکان جێبەجێ بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس سەوسەن خان بەڕێزت سەرۆکی لیژنەی شەهیدانی بەڕێزت و لەگەڵ شارەوانی و لیژنەی ئاوەدانکردنەوە هەرسێکتان ئەتوانن ڕاپۆرتێك لەسەر ئامادەکەن بۆ ئەوەی بەدواداچوونی بۆ بکەین وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمان، کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران عمر علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، ماوەیەکە لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان دیاردەیەکی مەترسیدار سەری هەڵداوە کوشتن و ئەشکەنجەدانی هاووڵاتیان لەلایەن هەندێك هێز کە لەڕاستیا ئەرکیان

پاراستنی هاووڵاتیانە نەك هێرشکردنە سەریان بۆ نموونە کوشتنی کوڕی سەرۆکی کۆمپانیای خۆراك بەڕۆژی نیوەڕۆ لەبەرچاوی خەڵکدا لەبازاڕدا بەبێ تاوان، بۆیە داواکارم پەرلەمانی کوردستان و لیژنەی ناوخۆ ڕاسپێردرێ بە لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونی ورد لەو دیاردانە بکات، هەروەها پشتگیری سەرجەم قسەکانی هاوڕێی بەڕێزم کاك علی حەمە صالح و مامۆستا ابوبکر هەڵەدنی دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو شیرین خان.

**بەڕێز شیرین یونس عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری تەواوی قسەکانی کاك سەرکۆ دەکەم بۆ یاسای هێزەکانی ئاسایش و ناوخۆ کە ئێمە لە(٢٠١٩)وە، پێشنیازە یاسامان تەقدیم کردووە تا ئێستا پەرلەمانی کوردستان هیچ هەڵوێستێکی نەبووە لەسەر ئەوەی کە ئەوان پارێزەری ئێمەنە ناکرێت لەوە زیاتر بێدەنگ بین و خەریکە کۆتایی خولەکە دەبینین و یاساکە دەستکاری نەکراوە، هەروەها داواکاری ئەوم هەیە دووسایدی (کۆیە - هەولێر) (١٣)ساڵە بەردی بناغەی دانراوە ڕۆژانە بە بەرچاوی ئێمەوە گەنج و لاوەکانمان لەو ڕێگایە مەرگیان دەبینین، تائێستا هۆکاری چیە جکومەتی هەرێم تەواوی نەکردووە کە بە بەرچاوی ئێمەوە بەردی بناغەی دووسایدی دیکە دادەنرێ هەر بەردی بناغە دادەنرێ ئاسانە ئێمە هەر بەردی بناغە دابنێین و تەواوی نەکەین، هەروەها دووسایدی (ڕانییە - سلێمانی)، دووسایدی (کەلار - سلێمانی)، حکومەتی هەرێم ئەگەر خۆی بە خاوەنی ئەو کوردستانە ئەزانێت پێویستە چیدیکە مەرگی هاووڵاتیانی کوردستان نەبینێ بە بەرچاوی خۆیەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك دابان.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان چەندجارێك باسی ڕێگای (کەلار - سلێمانیان) کرد، ئەگەر دەرفەتم بدەی بۆ ئەوەی ڕوونکردنەوەیەك بەین وەکو لیژنەی تایبەتمەند، ئێمە لە ماوەی ڕابردوو بە مەیدانی بەدواداچوونمان کردووە بۆ ئەو پرسە گرێی ڕێگای (کەلار - سلێمانی) پەیوەندی بە سەرۆکی حکومەت، جێگری سەرۆکی حکومەت، وەزیری ئاوەدانکردنەوەوە هەیە، هەروەها بەشێکی ئەم تەخسیس نەکردنی پارەیە لە ماوەی ڕابردوو نەبوونی پارە بووە لە بانقەکانی سلێمانی، هەروەها جێگری سەرۆکی حکومەت باس لەوە ئەکات کە ئەم پارەیە بخرێتە سەر داهاتی نەوت، وەزیری ئاوەدانکردنەوەش ئەم داوایەیان کردووە، بەڵام سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران داوای کردووە کە لە بانقەکانی سلێمانی پارە بۆ ئەم ڕێگایە تەخسیس بکرێت، لەچەند ڕۆژی ڕابردووا یاداشتێك پێشکەش کراوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان داواکارین لە زوترین کاتا ئەمە بخرێتە بەرنامەی کارەوە، بۆ ئەوەی تەمویلی ئەم ڕێگایە بە لایەکا بخرێت، چونکە بەشێك داوای ئەوە ئەکەن کە لە داهاتی نەوت بێت بەشێك داوای ئەوە ئەکەن کە لە داهاتی محافەزەی سلێمانی بێت، تاوەکو ئێستا ڕوون نییە ئەگەر بەم شێوەیە بەردەوام بێت دەیان ساڵی تر کاری ئەم ڕێگایە

تەواو نابێـت نەك بـۆ ڕێـگەی (کەلار - سلێمانی) بـۆ ڕێگاکـانی تـریش داواکـارم لە زووتـرین کاتـا کۆبوونەوەیەکی پەرلەمانی ئەنجام بدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك کاروان.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، چوار ساڵ تێپەڕ ئەبێت بەسەر ئەم خولی پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمـی کوردسـتان، ئـێمە بەردەوام ڕەخنەمـان لە حکـومەت گرتـووە ئێسـتا کـاتی ئەوەیە هاوتەریـب لەگەڵ ڕەخنەکانمـان لە حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان ڕەخنەکانمـان لە پەرلەمـانی کوردسـتان خـۆی بگـرین، دوای تەواو بـوونی چـوار سـاڵی تەواو بـوونی پەرلەمـانی کوردسـتان ئـێمە چیمـان بـۆ خەڵکـی هەرێمـی کوردسـتان کـردووە جـگە لە دەرکردنـی چەنـد یاسایەکی پەرلەمان و یاساکانی حکومەتی هەرێمـی کوردسـتان، بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمـان ئەم پەرلەمانە فەرمانگەیەکە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان یان موئەسەسـەیەکی سـەربەخۆیە لە هەرێمـی کوردسـتان، بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمـان بە بڕیـار پەرلەمـانی کوردسـتان گەورەتـرین موئەسەسەی یاسای و داراییە لە هەرێمی کوردستان، بەڵام تا ئێستا بڕیار لە حکومەتی هەرێمـی کوردستان وەردەگرێت و خازعە بە بڕیاری زیرەکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەیان پرسـی هەڵپەسـێردراو دەیـان بـابەتی گشـتی و گرینـگ هەیە لە هەرێمـی کوردسـتاندا، وەکـو هەمـوو هاوڕێکانم باسیانکرد باسی مووچە لە بـابەتی پـلە بەرزکـردنەوە لە بـابەتی پێشـمەرگە لە بـابەتی دامەزرانـدن لە بـابەتی فەرمـانبەرانی گرێبەسـت، بەڵام پەرلەمـانی کوردسـتان کە دەنگـی گەلـی کوردستانە، ئەگەر پەرلەمانێك لەئاستی داخوازی خەڵکـی کوردسـتاندا بێـت هەبـوونی نەبـوونی جێگەی پرسیارە بەڕاستی هەبێ یـان نەبـێ چـی بـۆ خەڵـك گرینگە ئەوکـاتە، ئەگەر پەرلەمانێـك داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان بگەیەنێت بەشوێنی خۆی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سـوپاس کـاك کـاروان کـاتەکەت تەواو، ئەرکـی پەرلەمـان یاسـا دانـانەو بەشـێك لە یاسـاکانیش فراکسیۆنی جەنابتان پێشنیاری کردووە کاك کـاروان، هەر بەڕێـزێکیش ئەنـدامی پەرلەمـان پێـی وایە پەرلەمان ناتوانێت بوونی و نەبـوونی نیـیە بـا ڕاسـتگۆبێت و دەسـت لەکـار بکێشـێتەوە لە پەرلەمانی کوردستان.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمان عبدالله (کاروان گەزنەیی):**

ئێمە هەمیشە ڕاستگۆین...

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر کەسێك پێی وایە، ئەم قسەش لە پڕۆتۆکۆڵ ئەسڕێتەوە کە پەرلەمـانی کوردسـتان نـاتوانێ، ئاگادارتان دەکەم کاك کـاروان بەپێـی مـاددەی(٥٧) ئـارامی دانیشـتنەکە بپـارێزی، بەڵـێ بەڕێـزان دەسـت بە جێبەجـێ کردنـی بەرنـامەی کـار ئەکەیـن داوا لە لیـژنەی مـافی ئافرەتـان ئەکەیـن بفەرموون، ببوورە کاك نزار فەرمووو، کاك نزار فەرمووو کاکە.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خـوای گەورە، لەسـەر دوو بـابەت قسـە دەكەم، یەك لەو دوو بـابەتە كێشـەی چەنـد سـەد شەهیدێكە كە لە وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالكراوان بەڕێنماییەك ماوەی نـۆ مـانگە چەنـد سـەد شەهیدێك مووچەكانیان ڕاوەستاوە، بەهۆی ئەوەی گوایە پێشـمەرگەیەك لە دەوام هـاتۆتەوە بە حادیسەی سەیارە گیانی لەدەستداوە بە شەهید ئەژمار نەكـراوە یـاخود پێشـمەرگەیەك لە كـاتی دەوام دووپشـك یـان مـار پێـوەی داوە بە شـەهید ئەژمـار ناكرێـت، وەزارەتـی شـەهیدان بەپێـی ڕێنماییەك هەڵساوە نووسراوێكی ئاراستەی وەزارەتی پێشمەرگە كـردووە گوایە ئەمـانە بكـرێنە خانەنشینی پێشمەرگە، نۆ مانگە مووچەی ئەو شەهیدانە وەستاوە تاكو ئێستا لەبەینی وەزارەتی پێشمەرگەو وەزارەتی شەهیدان ئەو چەند سەد شەهیدە دێت و دەچێت، تاێسـتا مووچەكانیـان وەستاوە، ئێمەش یاداشتێكمان دایتە لیژنەی شەهیدان و ئەنفـالكراوان لەپەرلەمـانی كوردسـتان بە سوپاسەوە ئەوانیش كە لاریان لەسەر كردووە، بەڵام تائێستا لەلایەن وەزارەتـی شـەهیدانەوە ئەم بابەتە ڕاگیراوە.

خــاڵی دووەم/ ســەبارەت بە پلانــی پارێزگاكــان، چەنــد ڕۆژێــك لەمەوبەر پارێزگــاری هەولێــر بەرنامەوەو یاخود ۆركشۆپێك كۆنفرانسـێكی كـرد سـەبارەت بە گۆڕانكـاری كەشـوهەواو هـاتنی لافاو لە سنووری پارێزگاری هەولێر ئەمە جێگای دەست خۆشییە، بۆیە داوا دەكەین پارێزگاكانی تر لە هەرێمی كوردستان بەرنامەو پلانـی خۆیـان هەبێـت سـەبارەت بە گـۆڕانی كەشـوهەوا یـان هاتنی لافاو، بۆ ئەوەی ڕێگری بكرێن لەبەردەم زەرەروو زیانەكانی لافاوی داهاتوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس دەستتان خـۆش بەڕێـزان خـاڵی پەیـڕەوی تەواو بـوون ئێسـتا دەسـت بە جێبەجـێ كردنی بەرنامەی كار ئەكەین داوا ئەكەین لە بەڕێزان لە لیژنەی ئافرەتان بفەرموون بینە ئێـرە، نـا كـاك علـی تەواومـان كـرد فەرمـوو ئەتـوانی موناقەشـاتی مـاددەكە كەیـت، فەرمـوو لیـژنەكە بفەرموون، لیژنەی یاسایش بێن بفەرمـوون لیـژنەی یاسـایی كـێ لێـرەیە دەسـتەی سـەرۆكایەتی لیژنەی یاسایی كاك عباس، كاك بژار ئینجازەیە، كاك جلال، لیژنەی قانوونی بفەرموون دەی، بەڵی بەڕێزان وەكو لە سندوق بۆتان دانرابوو ڕاپۆرتی ڕەئسێندراوی لیـژنەی یاسـایی لەسـەر ڕاپـۆرتی لیژنەی ئافرەتان بۆیە بەپێی ماددەكانی پەیڕەو داواتان لێدەكەین هەر بەڕێزێك لەگەڵ ئەوەیە بۆ ئەوەی وەخت بپارێزین چونكە بەرنامەی كارمان چڕوپـڕە هەر بەڕێزێـك لەگەڵ ئەوەیە ڕاپـۆرتی لیژنە بكرێتە بنەمایەك بۆ گفتووگۆ با دەسـت بەرزكـاتەوە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ ئەوەیە ڕاپـۆرتی ڕائسێندراوی لێرە بكرێتە بنەمـا بـا دەسـت بەرزكـاتەوە؟ بەزۆریـنە پەسـەندكرا فەرمـوو لیـژنەكە دەست پێبكەن ماددە بە ماددە بە ناونیشانەوە فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان بابەت ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند كە ڕائساندنی بۆ كـراوە لەلایەن لیـژنەی كاروبـاری یاسـایی، لیـژنەی كاروبـاری یاسـایی ڕۆژی دووشـەممە ڕێككەوتـی (٢٠٢٢/٨/٢٢) كاتژمێر (١٢:٠٠)ی نیوەڕۆ كۆبوونەوەی خۆی ئەنجامـدا بەمەبەسـتی پێـداچوونەوەو داڕشـتنی یاسـای دڵنیـابوون لە دژ نەبـوونی دەقەكـانی لەگەڵ دەسـتوورو یاسـا كارپێكراوەكـان

بەپێـی حوکمەکـانی مـاددەی (٨٥) بڕگەکـانی یەکەم و سـێیەم لە پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـان تایبەت بە ڕاپۆرتی لیژنەی داکۆکی کردن لە مافەکانی ئافرەت بۆ خوێندنەوەی دووەم، سەبارەت بە پێشنیازە یاسـای بەرەنگـار بـوونەوەی تونـدوتیژی خێـزان و ئـافرەت لە هەرێمـی کوردسـتان- عێـراق، لیـژنەی یاسـایی ئەم داڕشـتنەوەی خـوارەوەی پـێ پەسـەندە، سـەبارەت بە ناونیشـانی پڕۆژەکە پێشنیازە یاسای هەمواری یەکەمی یاسـای بەرەنگـاربوونەوەی خێـزان لە تونـدوتیژی لە هەرێمی کودستان-عێراق، ژمارە (٨) ساڵی (٢٠١١)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك ئەیەوێت لەسەر ناونیشان گفتوگۆ بکا با ناوی خۆی تۆمار بکات؟ لەسەر ناونیشـان جارێ، بەڕێزان ئەبی پێشنیازەکەش ناونیشان ئەبی گفتوگۆی لەسەر بکرێت هەندێك هەیە ڕەئی جیاوازی هەیە لەسەر ناونیشان، ئەکرێت ئەویش بکرێت بەڕێزان زۆر ئاساییە لەسەر ناونیشان و لەسەر ماددەکەش بێت ماددەی (١) بخوێننەوە کاك عباس بـا هەردووکـی بکـرێتە یەك تەبیعیـیە، بەڕێزان ئەصڵی تەشریعی وایە ناونیشان بەجیـا بێـت، بەڵام هەنـدێکتان ڕەئـی جیاوازتـان هەیە کامیتان ئەویَ ئێمە ئاساییە لەلامان، با جیابێـت تەواو بەڕێـزان، هەر بەڕێزێـك ئەیەوێـت لەسـەر ناونیشان گفتوگۆ بکا با ناوی خـۆی تۆمـار بکـات؟ کـێ لەسـەر مـاددەی (١) قسـەی هەیە لە کـاتی گفتوگۆی ماددەی (١) ناوی تۆمار بکات، ئەو بەڕێزانەی ئەیانەوێت لەسەر ناونیشان گفتوگۆ بکەن ئەم بەڕێزانەن با ناوەکـان بخـوێنمەوە ئەگەر ناوێـك نەنوسـرابوو ئینجـا (د.شـێرکۆ، د.اسـماعیل، ڕوپاك خان، مامۆستا عمر، مامۆستا ابوبکر، هلَز خان، سەرچنار خان، کاك مەم برهان، کـاك مسـلم، مژدە خان، بدریە خان، کاك عبدالستار، ئاشنا خان، د.هەورامان، شنۆخان، د.شایان، حسـیبە خـان، مەم اسکندر، کاك علی) کاك مەم اسکندر فەرموو.

**بەڕێز مەم اسکندر مەم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناونیشـانەکە وابـزانم هەڵەی تێـدایە یاسـای بەرەنگـاربوونەوەی خێزانـی، بـۆیە پێشـنیار دەکەم بەمشێوەیە بێت پێشنیازە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای بەرەنگار بوونەوەی توندوتیژی دژ بە خێزان و ئافرەت لە هەرێمی کوردستان-عێراق، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو حسیبە خان.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای مەزن و دلۆڤان، وێڕای دەست خۆشیم بۆ هەڤاڵانمان لە لیژنەی تایبەتمەنـد و ئەرك کێشانیان بۆ ئامادەکردنی ئەم یاسایە بەڕاسـتی ئەوەی مـن تێبینـی ئەکەم زۆرجـار ئـێمە خۆمـان ئەبینە ئەگەری ئەوەی کە پرسەکانی ئافرەت ئەوەنـدە زەق و بەرجەسـتە بکەیـن کە کێشـەکانیان زیاتر بکەینەوە، ئەگەر بێت و تەماشای ناوەڕۆك بکەین باس لە خێزان کرایە خێـزان تەنهـا لە یەك ڕەگەز پێکـنـایەت هەم ئـافرەتە هەم پیـاوە، بـۆیە بەڕای مـن هەر وەك خـۆی ئەوەی کە لە یاسـای ژمـارە(٨)ی سـاڵی(٢٠١١)دا هەبـووە بمێنێـتەوە تەنهـا بکـرێتە هەمـوارێکی گشـتگیر، لەبەر ئەوەی پێویستی بەزۆر ماددە هەیە بەم شێوەیە لێبکرێت، پێشـنیازە یاسـای هەمـواری یەکەمـی یاسـای بەرەنگاربوونەوەی خێزان لە توندوتیژی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك شێرکۆ.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفی :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ناونیشانەکە لەڕووی زمانەوانییەوە کە ئەڵێ پێشنیازە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای بەرەنگاربوونەوەی خێزان لە توندوتیژی ئەمە لەڕێیی زمانەوانییەوە ئایا خێزان لە توندوتیژی تەواوە؟ بێگومان تەواو نییە، بۆیە پێشنیار دەکەم بکرێت بە هەمواری یەکەمی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی یان توندوتیژی بەرامبەر بە خێزان، لەڕووی زمانەوانییەوە پێم وایە ئاوا دروست ترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك عبدالستار.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، والله سەبارەت بەم پێشنیازە یاسایە کە دیارە منیش پێم وایە خێزان پێکدێت لە (باوك، دایك، کوڕ، کچ)، ئەگەر فراوانتری کەین کە ماددەیەکی تر نووسراوە کە فراوانتریشە، من پێم وایە بەڕاستی بنووسرێ هەمواری یەکەمی یاسای بەرەنگاربوونەوەی خێزانی یەعنی توندوتیژی خێزانی، چونکە لێرەدا بەڕاستی جیاکارییەك کراوە لەنێوان پیاو و ئافرەت، من پێم وایە خێزان پێکهاتووە لە هەموویان وە جیاکاریش نەکرێت هەر بەگشتی، بەڕاستی یاساکە پێم وایە کۆمەڵێ کەموکوڕی زۆری تێدایە، هەروەها پێم وایە دەبوو ئەم پرۆژە یاسایە، چونکە ڕەهەندی یاسایی هەیە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی هەیە ڕەهەندی ئایینی هەیە، من پێم وایە دەبوو بەڕاستی بەلایەنی کەم بدرابا بە لیژنەی فەتوا و کۆمەڵێك زانایان لە هەرێمی کوردستان هەندێك سەرەنجی خۆیان لەبارەوە بخستبایە ڕوو، چونکە ئێمە دەڵێین شیرازەی خێزان نەپچڕێت، بەڵام پێم وایە بەو بڕگەو ماددانەی کە هێندێکی دوای دێینە سەری یەك یەك من قەناعەتم وایە ئەمەش شیرازەی خێزان دەپچڕێنێت کۆمەڵگەی کوردەواری پێم وایە بەڕاستی بەشێوەیەکی وردتر مامەڵەی لەگەڵ بکرێت نە بەلای ئافرەتدا ئێمە بیشکێنینەوە نە بەلای بەڕاستی پیاودا بیشکێنینەوە بەڵکو خوای گەورە دەفەرمووێت (**ولهن مثل الذين عليهن بالمعروف**)، کۆتایی پێهێناو بڕاندوویتیەوە وەکو یەك مافیان هەیە وەکو یەك ئەرکیان هەیە وەکو یەك حەقی پاراستن و دەرفەت پێدان و ژیان و هەمووشتێکیان هەیە، بۆیە پێم وایە دەبێ زۆر وریابین ئەم یاسایە فعلەن گرینگە، بەڵام دەبێت زۆر وریابین مامەڵەکی وریای لەگەڵ بکەین، دەنا ئێمە نەك شیرازەی خێزان دەپارێزین لە پچڕان، بەڵکو ئێمە زیاتر خێزان وێران دەکەین و دەیپچڕێنین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو ئاشنا خان.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تاڕادەیەك هاوڕێیان قسەکانی منیان کرد منیش هەمان تێبینیم هەیە لەسەری زیادکردنی وشەی ئافرەت پێم وایە زیادکردنی ئەو وشەیە بەڕاستی نەك بۆ بەرژەوەندی ئافرەت دەشکێتەوە بەڵکو

پێچەوانەوە بە زیانی ئەشكێتەوە، چونكە جۆرێـك لە جیاكـاری دروسـتكراوە، ئـێمە باوەڕمـان بە یەكسانی هەیە، بەڵام نەك زەقكردنەوەی وشەی ئافرەت بەو شێوەیە، چـونكە بەڕاسـتی ئەوە بـۆ پاراستنی...

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەس ئاشنا خان جارێ قسە لەسەر ناونیشانە.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

... بەڵـێ، ئـاخر مـن لەگەڵ زیـادكردنی وشـەی دژ بە ئـافرەتم لە ناونیشـانەكەیا لەگەڵ ئەوەیـام، چونكە دوای ئەگەر گۆڕانكاری بەسەرهات هەر پەیوەندی بە كۆی پـڕۆژەكەوە هەیە، بـۆیە ئەگەر ئێمە پێمان وایە ئەگەر خێـزان ئەپـارێزین بەڕاسـتی خێـزان لە ( پیـاو، ژن، منـاڵیش) پێكهـاتووە، بۆیە بەم شێوەیە بەتەنها تەركیزەكە خراوەتە سەر زۆرتر چڕكـراوەتەوە لەسـەر ئـافرەت، چـونكە دوای ئەوە ئەبێت قانوونێكی تر بكەین پارێزگاری لە مافی پیاوان بێت پارێزگاری لە مافی منداڵان بێت، بۆیە پێشنیار ئەكەم یاسـای بەرەنگـار بـوونەوەی توندوتیژی دژی خێـزان بێـت، ئـافرەتەكە لابدرێت لە هەرێمی كوردستان-عێراق، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك ابوبكر.

**بەڕێز ابوبكر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منـیش پـێم وایە جیـاكردنەوەی ئـافرەت و ژنـان لە جیاكردنەوەكەیـا نیشـانەیەكی نەرێنـیە نەك ئەرێنـی، هەروەهـا پـێچەوانەی مـاددەی(١٤، ٢٩) لە دەسـتووری عێـراق كە ئەڵـێ (الاسـرة اسـاس مجتمع وتحافظ الدولة على كيانها والقيم الدينية والاخلاقية والوطنية).

دووەم/ وەك د.فـاروق ڕەفیـق ئەڵـێ (تـاقە قەڵایەك لەنـاو كـۆمەڵگەی كوردیـا بەپێـوە مـابێتەوە خێزانە) بەداخەوە ئەم جۆرە یاسایانە هەندێ بڕگەی ئەم یاسایانە ئەوەندەی تر شیرازەی خێزان تێك ئەدات، ئەوەی كە بكوژی ژنە كاتێك كە تۆ دێی سوڵحی عەشایەری بۆ ئەكەی دەسـەڵاتداران داڵدەیان ئەدەن قەڵەویان ئەكەن ئاشتەواییان بۆ ئەكەن ئەمە ڕێژەكانی كوشـتنی زیـاتر كـردووە نەك بێـی لێـرەوە جـارێكی تـر پیـاو و ژن بخەیـتە موقـابیلی یەكەوە لەجیـاتی ئەوەی كە خێـزان پێكەوە بگونجێنین لەلایەكی تریشەوە لە ڕاستیا ئەم ماددەیە كە هاتووە لە ڕاسـتیا كە ژنـی جیـا كردۆتەوانی لە كاتێكا پێناسەی كراوە لە دەستووری عێراقیا كە لە یەسا بەركارەكـانی هەرێمـیش هـاتووە كە پێكـدێت لە( پیـاو، ژن، منـداڵ)، وە لەهەنـدێ ماددەكـانی تـری یاسـاكەیا كە چـووینە ناویەوە منداڵ چۆن سكاڵا بكات كاتێك كە توندوتیژی خێزانـی بەرەو ڕووی دەبێـتەوە، بـۆیە مـن پێم وایە هەر ناونیشانەكەی پێشـتر بێـت ئەو وشـەی ژنـانە جیـا بكـرێتەوە لە ناونیشـانەكە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لەسەر ناونیشان بەڕێزان بەڵێ فەرموو با قسە بكەن سوپاس، فەرموو شنۆ خان.

**بەڕێز شنۆ اشقی عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ناونیشان پشتیوانی لە قسەکانی ئاشنا خان ئەکەم، پێم وایە کە وشەی دژ بە ئافرەت زیادەیە خێزان ژن و کچیش ئەگرێتەوە هەم لە پێناسەکانیش لە خاڵی سێیەم و چوارەم لە پێناسەوی توندو تیژی خێزانی و لە پێناسەی توندوتیژی دژ بە ئافرەت کراوە هەمان پێناسەیە ئەوەش پاڵپشتییەکە کە ژن لە ناونیشانا زیادەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان و سەرۆکی ئەنجوومەنی کاروباری خانمان خانمان ئەکەین، د.هەورامان فەرموو.

**بەڕێز هەورامان حمە شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، تەبعەن دیارە ناونیشانی هەر پرۆژەیەك پێکەڵ پێك بێت و سدقی تیابێت لەگەڵ ناوەڕۆکەکەیا هەر لەم ناونیشانەو ناونیشانەکە پێچەوانەیە لەگەڵ ئەم هەموارەی کە پێشکەش کراوە هەموارەکە بڕگەو بابەتێکی تێدایە کە ڕاستاو ڕاست پێچەوانەی شەریعەتی خوایە و پێچەوانەی دەستووری عێراقە کە هەموومان دەنگمان پێداوە، لەبەر ئەوە بەڕاستی هەندێ بڕگەو بابەت هەیە لەم یاسایە ئەگەر بێت و جێبەجێ بکرێت پێچەوانەی ئەم عینوانەیە کە ئەڵێ یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەم یاسایە ئەگەر بەو جۆرە بڕواو جێبەجێ ببێت ئەبێ کەواتە عینوانەکەی ناو بنێین یاسای تەفتیت کردن و شپرزە کردنی خێزان ئەوە یەك.

دووەم/ هەندێ بابەتی تێدایە کە خوا بە خوایەتی خۆی عقوبەی لەسەر دانەناوە تۆ لێرە عقوبەت بۆ داناوە هەروەها هیچ یاسایەکی سەر زەمینیش عقوبەی بۆ دانەناوە، بۆ نموونە پچڕاندنی پەیوەندی خێزانی کە عونف لە قەڵەم دراوە پچڕانی پەیوەندی خێزانی کەسێك ئەگەر بڵێ من ئامۆزاکەم ئەبێ بێتە ماڵم پیاوەکەم ڕازی نەبێت ئەوە بڕۆن شکایەتی لێ بکات بە پچڕاندنی پەیوەندی خێزانی لە قەڵەم ئەدرێت، بە جەریمە لە قەڵەم دراوە هەندێ شت هەیە لە شەریعەتی خوای پەروەردگار بە مەکرەمە لە قەڵەم دراوە، بەڵام لێرە بە جەریمە لە قەڵەم دراوە کە ڕاستاو ڕاست پێچەوانەیە لەگەڵ دینی ئەم میللەتە، بۆیە من پێم وایە ئەم یاسایە ئەم هەموارە دەبێت ڕەتبکرێتەوە ئەصڵەن هەر موناقەشەش نەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەخێرهاتنی بەڕێزان لە ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان و تەواوی چالاکوانان دەکەین بۆ پەرلەمانی کوردستان، د.شایان فەرموو.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، خاڵێکی پەیڕەویم هەیە بەپێی ماددەی (٩١) بڕگەی سێیەم، لە خستنە دەنگدانی ڕایەکان پێویستە ئەو ڕایەی دەخرێتە دەنگدان بەلایەنی کەم سێ ئەندام پشتگیری ڕایەکە بکات جگە لەو دوو ئەندامەی بۆ ئاخاوتن دەکەونە ڕیزبەندی کۆتایی تەنها مەبەستمە

ئەگەر پشتیوانی یەکتری نەکەین ڕایەکانمان جێگیر نابی لەبەر ئەوە من پشتیوانی ئاشنا خان دەکەم قسەکانی دووبارە ناکەمەوە قسەکانم کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك علی.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، من پێش دەستپێکی خوێندنەوە ویستم نوقتەیەکی نیزامی وەرگرم ڕێگەم پێنەدرا، تەبعەن جگە لەوەی ئێمە قسە لەسەر ئەوە ئەکەین توندوتیژی خێزانی و ئافرەت، ئافرەت بەشێك نییە لە خێزان، یەعنی ئەم جیاکارییە چییە.

دووەم/ ئێمە کێشەمان لەو یاسایە نییە کە ئێستا هەیە بەرکار نییە، کێشە لەوەیە یاساکە جێبەجێ نەکراوە ژنکوژ ناگیرێت چ ڕەبتی بە فەراغی قانوونیەوە هەیە پاشان خوێندنەوەی وردوو درشتی ئەم قانوونە بکە خزمەت بە ئافرەت و خێزانیش ناکات هەموومان خێزانمان هەیەو خوشکمان هەیەو ئەوانە یەعنی ئەوەی کە شەرعیەت ڕێی پێداوە کۆمەڵگە ڕێی پێداوە تۆ هاتووی لێرە ئەیکەی بە تاوان، ئەیکەی بە جەریمە، نامەوێت نموونەکان بڵێمەوە کە لە ماددەی (٤) بەڕوونی هاتووە، بەبۆچوونی ئێمە مەسەلەن ئەگەر ژن و مێردێك لەناو خۆیاندا دەمە دەم و موناقەشەو دەنگە دەنگێکیان هەبوو دراوسێیەك ئەڕوا هەواڵیان لێ ئەدات، واتە خۆیان سکاڵا کار نین دواتر داواکاری گشتی ئیجبار ئەکرێت لە سکاڵاکە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك علی لەسەر ناو نیشانەکە قسە بکە.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

... قسەی ئێمە ئەوە بووە هەر لە سەرەتاوە ئەو یاسایە پێویست نیە ئێمە پێمان وایە ئەم هەموارە ڕەتکرێتەوە لە بڕی خزمەت بە خێزان خێزان هەڵئەوەشێتەوە بەپێی ئەم یاسایە ئەگەر ببێتە یاسا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو روپاك خان.

**بەڕێز روپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە هەرێمی کوردستان کە یاسا دەردەکەین چەند هۆکارێك هەیە، یەك لەوانە ئەگەر فەراغی یاسایمان هەبوو، هەروەها ئیشکال لە جێبەجێ کردنی هەبوو، هەروەها ئێمە یاسا بۆ ڕێکخستنی ژیانی خەڵك دەردەکەین، پێم وایە ئەم سێ هۆکارە هیچی تێدا نییە ئەو یاسایە ئەوەندەی کە ناوەڕۆکەکەی خێزان لێکهەڵدەوەشێنێتەوە، خێزانەکان ناگەیەنێتەوە یەك، بۆیە من پشتگیری ئەو بەڕێزانە دەکەم کە داوای ئەوە دەکەن ئەم هەموارە ڕابگیرێت ئەمڕۆ خوێندنەوەی بۆ نەکرێت، چونکە بوعدی شەرعی هەیە بوعدی کۆمەڵایەتی هەیە زۆر بە وردی دەبێت ئەم هەموارە تاوتوێ بکرێت، هەروەها پێم وانیە پێویست بێت ئەم هەموارە دەربچێت، چونکە ئیشکالمان لە جێبەجێ کردنی یاسای پێشتر هەیە نەك ئیشکالمان لە خودی یاساکە هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو سەرچنار خان.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منــیش هەر لەگەڵ ئەو ڕەئیــانەم کە ئەڵــێ ڕەتکــرێتەوە لەبەر ئەوەی ئــێمە یەکەم فەراغــی یاسایمان نیـیە، دووەم کاتێـك کە سـەیری ناونیشـانەکە ئەکەی، ئێمە پـێش یاسـای ژمـارە(٨)ی ساڵی(٢٠١١) هەبووە یاسای بەرەنگار بـوونەوەی خێـزان لە تونـدوتیژی، هەروەهـا تەتبیقـاتیە و ئیشکالێکی وامـان بـۆ دروسـت نەبـووە دوای ئەوە کە دێـت لە دژی خێـزان و ئـافرەت، یەعنـی ئافرەت جیائەکاتەوە هەر خـۆی لە ئەوەلەوە ئـافرەت کە لەنـاو خێـزانە ڕەکیزەیەکـی ئەساسـی خێزانە دەری ئەکات لە خێزان کە ئەوە پێچەوانەی ماددەی(١٤)ی دەستووری عێراقیە کە ئەڵـێ (العراقیون متساوون أمام القانون دون تمییز بسبب الجنس) ئەمە تەمیـزێکە ئەمە پـێچەوانەی نەصێکی صەریحی دەسـتووری عێـراقیە کە پێویسـت ناکـات ئـافرەت لە خێـزان جیـاکەیتەوە ئەمە خـزمەت بەو پێشـنیازە ناکـات ئەوەنـدەی مـن خوێنـدبێتمەوە خـزمەت بە دۆزی ئـافرەت ناکات منیش لەگەڵ ئەوەم کە ڕەتبکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو مژدە.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، منیش لەگەڵ ئەوەدام ئەو بابەتە خزمەت بە مافی خێـزان و ژن ناکـات بـۆ هەڵوەشـاندنەوەی خێـزانە، ئەگەر ئەم یاسـایە خـزمەت بەژن و خێـزان ئەکـات بـۆچی ئەوانەی کە داکــۆکی کــارن لە مــافی ژن، بە نمــوونە ســەرۆکی پەرلەمانمــان ژنە لە دەســتەی سەرۆکایەتی دوو کەس ژنە، سەرۆکی دەستەی مافی مـرۆڤ ژنە، هەمـوو ئەو ڕێکخـراوانەی کە داکـۆکی لە مـافی ژن دەکەن بە بەرچـاوی هەمووتـانەوە ژنە پەرلەمانتارێـك کە پەرلەمانتـارەو حەسانەی هەیە دەگیرێت، سوکایەتی پێدەکرێ ئیهانە دەکرێ بەشەق و مسـت و داری کارەبـای و بە قژ ڕاکێشان لە ناو بازاڕی ڕانـیە بە بەرچـاوی خەڵکەوە ژنێـك سـزا ئەدەی نە سـەرۆکی مـافی مرۆڤ نە سەرۆکی پەرلەمـانەکەم کە ژنە، مـن ئەنـدامێکم لە پەرلەمـان هەر بەدەر لەوەی کە مـن هەر ئەنـدامێکم بەبـێ ئەوەی کە ژنێکیشـبم مەفـروز بـوو بەرگـری لە ئەنـدامەکەی خۆتـان بـکەن لەسەری بەجواب بێن عەیبە ئەگەر داکۆکی لە ئەندامێکی خۆتان نەکەن چـۆن داکۆکیتـان پـێ لە مافی خاڵکێك دەکرێ، ئێمە پێتان دەڵێین بەڕێز بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئـێ باشـە سـەرۆکێکی پەرلەمان کە ژنە داکۆکی لە مافی ژنێك نەکا هەموو ئەوانەی کە داکـۆکی کـارن لەمـافی ژن، مـن پێویستیم بە بەرگری نییە، بەڵام مەبەستم بابەتە حەساسەکەیە هەموو ئەنجـوومەنی خانمـان و نازانم چی ئەوانە لە کـوێ بـوون کاتێـك کە لە ژنە پەرلەمانتارێـك دراو گیـرا بە سـووکایەتی و بە شەق و مست برابووە ئاسایش، بەڵام یەك ژن نەهاتنە جواب ما ژن نەبووم، من باسی خۆم ناکەم گریمـان ئەگەر خـۆت بیـت لە جـێگەی مـن سـەرۆکی پەرلەمـان مـن لەسـەرت بەجـواب نەیەم سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤ کە ژنە ئەوە هەر بەدەر لە ژن مافی مرۆڤیشی تێـدایە، بـۆیە ئەو بابەتە هیچ داکۆکی نییە لە ژن و باوەڕیان بە مافی ژن نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مـژدە خـان بەڕێـزت بەبـێ ئەوەی هـیچ یاداشـتێك بـدەیتە سـەرۆکی پەرلەمـان سـەرۆکایەتی پەرلەمان، وەکو ئەوەی کە کاك ڕزگار یاداشتی دابوو، ئێمە یەکسەر لیژنەمان بـۆ تەحقیـق دانـاوە بەبێ ئەوەی خۆت داوای بـکەی، بەبـێ ئەوەی تەلەفـۆن بـۆمن بـکەی، بەبـێ ئەوەی بیـزانم بەبـێ ئەوەی هیچ زانیـارییەکی ڕاسـتم لەسـەری هەبێـت، جـگە لە ڕاگەیانـدن خـۆم تەلەفـۆنم کـردووە قسەم لەگەڵ بەرپرسی ئیـدارەی ڕاپەڕیـن کـردووە، قسـەم لەگەڵ بەرپرسـی ئاسایشـی ڕاپەڕیـن، کردووە قسەم لەگەڵ بەڕێوەبەری پۆلیسی ڕاپەڕیـن، کـردووە بەس تـۆ هـیچ شـکاتێکت تەقـدیم نەکرد.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

ئەگەر کوژرابوومایە مەفروز بوو لە قەبر زیندوو ببمەوە بێم شکایەت بکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ان شاءالله تەمەنت درێژ دەبێت، سوپاس، فەرموو کاك هێڤیدار.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەقریبەن قسەی من هەمان قسەی برادەرەکانە، یەعنـی ئێسـتا جەنابـت سـەرۆکی پەرلەمـانی و ئافرەتی لە ماڵێکی تـر بەتەنیـا دەژی و پیـاوەکەت و منـاڵەکەت بەتەنیـا دەژیـن لە ماڵێـك، ئەکیـد هەمووومان لە ماڵێك دەژین ئەگەر وابێتن ئەبێت یاسایەك بۆ بەرەنگاربوونەوەی تونـدوتیژی دژی خێزان دژ بە ئافرەت یاسایەکەی تـر دژ بە کـوڕ، یاسـایەکی تـر دژ بە کـچ، مـن داوا دەکەم یاسـا و پێشـنیارەکە ئـاوای لێبێـتن، یاسـای بەرەنگـاربوونەوەی توونـدوتیژی دژی خێـزان وە پاراسـتنی خێزان، هاوڕای قسەی بەڕێز کاك ابوبکر هەڵەدنی دەکەم یەعنی پاراستنی، پاراستنی خێـزان زۆر مـوهیمە دەبێـت لێـی زیـادبکرێتن ئەو قـانوونە دەبێـت بەو شـێوەیە دەوڵەمەنـد بکـرێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، سـەرۆکی لیـژنە دوای ئەبێـت ڕوونکـردنەوە بـدات ئەو ئیـزافەیە بـۆ کـراوە لەسـەر داوای کێ کراوە چۆن کراوە؟ هەست ئەکەم تێنەگەیشتنێك هەیە، فەرموو د.اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز پشتگیریا ڤانا ئاخافتنێت دا هاتنە کرن دەستپێکی هەمی لگەر هەندێ هەر وەکو کوکن دگەل ئیکن ئك دەنگن ئیك بووچوونن، ئەڤە ئڤ زێدە کرنا زیادە دژ بە ژن یا جودا کرنەکـا نەیـا درسـتە جودا کرنەکا گەلەکا خرابە، ئەز براو خوشکێت ئاخافتی خوشکا حسیبە بگەرەو، د.شێرکۆ بگەرەو ماموٚستا عبدالستار، ماموٚستا ابـوبکری و خوشـکا ئاشـنا خـان و هەمیـان ماموٚسـتا علـی حەمە و خوشکا روپاك و خوشکا سەرچنا و د.هەورامان و مژدە خان پشتگیری و پشـتەڤانیا هەمیـا دکەم ئەم نە پێتڤی ڤێ هەموار کرنێ نە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
بەناوی خـوا، بەڕاسـتی ئـێمە یەکێـك لەو شـتانەی کەهەرهەمووومـان ئیتفاقمـان لەسـەری هەیە خێـزانە لە کـۆمەڵگەکە، سـوپاس بـۆ خـوا تـا ئێسـتا پـارێزراوە سـەلامەتە، هەروەهـا لە باشـترین خێزانەکانی دنیان، وە زۆر گەلانی پێشکەوتوو دنیا ئەبێت لە بواری کۆمەڵایەتی و ژیانی خێزانی و ئەو بەها بەرزانەی لە ئافرەتی ئـێمە هەن ئەبێـت لێـرە دەرس وەرگـرن فێـربن ئاشـنای کلتـوری ئێمەبن لەو ڕووانەوە، بەڵام بەداخەوە ئەم یاسایە هەندێ بڕگەی تیایە ڕێك لێدانە لە خێزان ڕێك بە ئاراسـتەی هەڵوەشـاندنەوەی خێـزانە، بەڕێـزان مـن پێـنج سـاڵ و نیـو بەڕێـوەبەری گشـتی کۆمەڵایەتی بووم، پێنج ساڵ و نیو مامەڵەم لەگەڵ یاساکەی پێشـوو کـردووە، پێـنج سـاڵ و نیـو سەرپەرشتیاری مـاڵی داڵـدەدانی ژنـانی هەڕەشـەلێکراو بـووم لە سلێمانی، وە زۆر بـاش ئەزانـم یاسـاکەی پێشـوو خەلەلـی تیـابوو، بەڵام لێـرە خەلەلەکـان نەك دەسـت نەبـراوە بـۆ چاککردنیـان ئەصـڵەن بەپـێچەوانەوە ئەمە ڕێـك دەسـتی کـچ ئەگـرێ وەرە دەرەوە لە دەرەوە بچـۆ نـاو نەتیجەکەشی چی لێ ئەکەن، معاشی ئەدەینـێ ژیـانی بـۆ دابـین ئەکەیـن شـوقەی ئەدەینـێ؟ نـا بچێت لە کافتریایەکا نێرگەلە دروستکات بۆ گەنجان نابێت ئەمە بەم جۆرە مامەڵە لەگەڵ خێزان و ژنی خۆمان بکەین، بۆیە پاڵپشت بە مـاددەی (٩٧) داوا لە بەڕێـزت ئەکەم ئەم یاسـایە بخەیـتە دەنگدانەوە ڕەدبکرێتەوە بنێردرێتەوە بۆ حکومەت یان گفتووگۆ بکرێت جارێکی تر باشتر ئامادە بکرێتەوە بەڕێزان ئەمە هەموار نییە ئەم یاسایە خۆی هەموارەکە (١٤) ماددەیە ئەصـڵی یاسـاکە (١٠) ماددەیە ئەمە کەی هەموارە، هەموار ماددەیەکە بڕگەیەکە دوانە سێیانە ئەمە (١٤) مـاددەیە هێنـراوە بـۆ ئەوەی (١٠) مـاددەی پـێ هەمـوارکەین خـۆی یاسـاکە (١٠) مـاددەیە، (٨)ی هەمـوار کراوەتەوە تەنها ماددە شکڵییەکان هەموار نەکراوەتەوە بەڕێـزان مـاددەی تیـایە خێـزان بۆخـۆی دانیشتوون دەمە بۆڵەیەکیان هەیە یەکێك ئەتوانێ بچێ بەنهێنـی هەواڵ بـدات ئینجـا داواکـاری گشتیش مەفروزە لەسەری بچێ سکاڵا بکـات کاتێـك ئەزانـی پـۆلیس لە تەقەی دەرگـا ئەدات تـۆ خێزانێکی ئارام دانیشتووی ئەوە چیە والله قۆڵبەستت ئەکەن توندوتیژیت کردووە بەرامـبەر بە ژن و منالْ، چۆن وا مامەڵە لەگەڵ خێزان دەکرێت، ئێمە پەرلەمانی کوردستانین بەڕاسـتی ئەبـێ لە ڕوانگەی مەصلەحەت ئەبێ ئەو کەسانەی مەیـدانییەن لە مـاڵی داڵـدەدان ئیشـیان کـردووە لە بەڕێوەبەرایەتییەکـانی تونـدوتیژی لە سـەنتەرەکانی ڕاوێژکـاری خێزانـی کە ئێسـتا لە وەزارەتـی ناوخۆ ئیشیان کردووە، ڕاوێژ پێ بکرێن چی مەصلەحەتی ئەم میللەتەیە ئەوە هەڵبژێرین خێزان تاکە شتێکە ئەبێت هەر هەمووومان داکۆی لـێ بکەیـن، بـۆیە تکایە ئەو یاسـایە ڕەتـبکەنەوە، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، فەرموو هێلز خان.
**بەڕێز هێلز احمد محمد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سەبارەت ڤی پیشنیازا یاسایێ ئەز پشتگیریا وان بەڕێزان دکەم کو دیـاربوو ژی تەن هـو زۆربەی دگەر هندێ دانە ئەڤ پیشنیازا یاسایێ بێتە ڕەت کرنێ، پسیارا مـن ئەڤەیە لیـژنەی تایبەتمەنـد و لایەنێـت پەیوەندیـدار ئەڤەیە ئایـا مە فەراغەکـا یاسـای هەیە ئایـا فعلـەن ئەلڤێـرێ جـودا کرنـا

ئـافرەتش خێزانـێ ئەڤە بەرژەوەنـدیا خێزانـێ دایە پاراسـتنا شـیرازا خێـزانێیە؟ ئایـا ئـافرەت نە بەشێکە وێ خێزانێ بوچی ئەڤ جیاوازیا ئێخستینێ کو بویە ئەگەرێ هەنـدێ پتـر دوو بەرەکـی پەیـدا بیتنـێ دنـاڤ خێزانـێ دا، دوهـی ئەز هنـدەك ل وی دا بـووم ل ئوفیسـێ بەرەنگـار بوونـا توندوتیژی دژی ئافرەتا جهنینە خەلك لێ بڕینتە خارێ جهنینە هندێ ئافرەتێ تێـنە وێـرێ هنـوکە سکاڵا دکەن لسەرا تشتەکی گەلەکێ بەسیت دایکت مە خرەکا ئەو ناخوشـیەت دیتـین داپیرێـت مە خرەکا ئەو ناخوشیەت دیتین مە هەمیا ئەو ناخۆشیەت دیتین بەس تەعامولا کری، ئەڤـروکە یاسایەکی ڕێکا دایە ژنێ کو بێتە سەر تشتەکی گەلەکێ سادە ژیانا وێ ڕۆژانەدا زەلامێ خـۆ یـان خەسـویا خـۆ یـان خێزانـا خـۆ بکێشـتە مەحـکەمە و ببێـتە ئەگەرێ عـورف و عادەتێـت هەیـن سوبەهیا خێزانا هەمی ئەڤ زەلاما هەنێ ل ڤی ژنـی نـابوریتەڤە جارەکا دی بزەڤـرینتەوە، لـبەر هنـدێ تامـامەن ئەز دگەل بیـرو بۆچونێـت مامۆسـتا عمـر گـوڵپیمە کـو شـکلەکی ئەڤە سـودەکی ناگەهینتە خێزانا مە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لەسەر چییە کاك کاروان، پەیوەندی بەو بابەتەوە نییە، بـا بـدریە خـان قسـەکەی بکـات، نـوقتەی نیزامی وەرنەگرتووە کاك کاروان، یەکجار بۆت هەیە، کاك کـاروان خەڵـك قسـە دەکـات جـارێ بـا قسەکەی تەواوکات، فەرموو بدریە خان.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنـاوی خـوای گەورە، ئەم پێشـنیازە یاسـایە بێگومـان وەکـو بـرای بەڕێـزم مامۆسـتا عبدالسـتار خستیەڕوو زۆر ڕەهەنـدی هەیەهەم ڕەخەنـدی شـەرعی هەم ڕەهەنـدی یاسـایی، هەم ڕەهەنـدی کۆمەڵایەتی، وە برای بەڕێزم مامۆستا عمر زۆر بەجوانی باسی بنەماکانی خێزانی کرد لە کلتوری کوردیدا، ئێمە فەخر بەوە دەکەیـن کە خێزانەکانمـان الحمـدلله زۆر پـارێزراون، هەروەهـا ئەبێـت هەموو وڵاتانی دونیا ئەبێت شـانازی بە کلتـوری کـوردی و خێزانـی ڕەسـەنی کـوردییەوە بکـات، پشتگیری هەموو ئەو بەڕێـزانە دەکەم کە بـاس لەوە دەکەن ئەم پـڕۆژە یاسـایە بـا وردبینییەکـی تری بۆ بکرێت، بۆ نموونە لەگەڵ لیژنەی ئەوقاف و ئەو لایەنە پەیوەندیدارەی کە مەعنین بۆ ئەم پڕۆژە یاسایە دیراسەیەکی تـر بکـرێتەوە بـۆ ئەوەی تووشـی ئەوە نەبـین کە بەڕاسـتی یاسـایەك دەربکرێت زەرە بە خێزان و تاکی خێزان بگەیەنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك کاروان، نوقتەی نیزامیت.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله (کاروان گەزنەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خودا، بەڕێـز جەنـابی سـەرۆکی پەرلەمـان ئـێمە زیـاتر لە جـارێکە لەنـاو قـاعەی دووبـارە دەبێتەوە ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان وتەی پەرلەمانتاران دەبڕێت، زەحـمەت نەبـێ بەکـام مـــاددەی پەیـــڕەوی بەکـــام یاســـا بەکـــام قـــانوون ڕاگەیانـــدنی پەرلەمـــانی کوردســـتان وتەی پەرلەمانتاران دەبڕێت، وتەی من وتەی کاك سەرکۆ و وتەی کـاك علـی چەنـدان جـار ڕەفیقەکـانی

تریشـمان کاتێـك کە لە مەسـلەحەتی پەرلەمـان و حکـومەت نیـیە دەیبـڕن، ئەمە ئەتـوارێکی زۆر ناشرینە، من بەگوێرەی ماددەی (٢١) ئەندامی پەرلەمانی کوردستانم مـافی ئاخـاوتنم هەیە هـیچ کەسێکیش بۆی نییە کە وتەی من ببڕێت لەناو پەرلەمانی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەدواداچوون دەکەین، لە ئیطاری پەیڕەوا بێت نابڕدرێت، فەرموو لەنجە خان.

**بەڕێز لەنجە ابراهیم عبدالرحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دیاری لەشوێنی خۆتەوە قسـە مەکە، هەر لە پەیـڕەوا نیـیە بڵێـی پەخشـی ڕاسـتەوخۆ هەیە شـتی وای تیـانیە، ئـێمە ئەصـڵەن ئەتـوانین تەسـجیلی کەیـن و دوای بـڵاوی کەیـنەوە، سـوپاس، فەرموو کاك سەرکۆ.

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە دوو دەقەی خاڵی پەیڕەوی کراوە بە دەقەیەك، دەقەکەش ئەکرێت بە دە سـانیە، یەعنـی ئەمە بەس ئەمە بێت بەس ئەوەنە بڵاو ئەکەنەوە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، بایکۆت مافە فەرموو، بەڵی فەرموو، سوپاس، فەرموو لەنجە خان.

**بەڕێز لەنجە ابراهیم عبدالرحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت تەبعەن پێمان خۆشە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سـەبرتان هەبـێ سـەبرتان هەبـێ بەخۆتـان قسـەتان کـرد مەجـالی ڕەفیقەکانیشـتان بـدەن جوابـداتەوە، بەڕێزتـان ئەو هەمـوو قسـەیەتان کـرد نابێـت سـەرۆکی لیـژنەکە بـزانن بـۆچی ئەو پڕۆژەیەی هێناوەتە بەردەستتان مەجالی بدەن ڕاپۆرتەکە خـراوەتە دەنگـدان بـۆ ئەوەی بکـرێتە بنەمای موناقەشە و دەنگتان داوە، بڵێ فەرموو لەنجە خان.

**بەڕێز لەنجە ابراهیم عبدالرحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی لیژنەی داکۆی کردن لە مافی ئافرەت، پێمان خۆشـە هەنـدێك ڕوونکـردنەوە بـدەین لەبەر ئەوەی لێك تێنەگەشتنێك هەیە لەگەڵ ئەندامانی بەڕێز، هەندێك لە ئەنـدامانی بەڕێـزو ڕاپـۆرتی لیژنە تەبعەن سەرەتا لە ناونیشانەکەی بڵێین یان ئەو دەقەی دەست پێدەکەین کە دەڵێ پێشنیازە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای بەرەنگار بوونەوەی خێزان لە توندوتیژی کە ئەوە تـێکەڵ کـراوە لەگەڵ لای هەندێك لە هاوڕێیانمان لەگەڵ ماددەی (١)، ئەوە هەمـواری دەقـی یاسـایەکەیە وەکـو خۆی یاسای بەرکار لۆیە عینوانەکە وەکو خۆی دانرایتەوە ناتوانین دەستکاری بکەین، سـەبارەت بەو باسانەی کە لێتانەوە کرد بێگومانبن لەوەی کەوا لیژنە ڕەچاوی هەموو بەهاکانی پیرۆزەکانی

ناو کۆمەڵگەی کوردەواری کردییە بەهاکانی مافی مرۆڤ ئایینە پیرۆزەکان هەموو شتمان کردییە، بەڵام هەمووومان دەزانین کۆمەڵێك کێشەو بەربەست دەهاتە بەردەم یاسای بەرکاری ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠١١) لە جێبەجێ کردن، وە هەندێ خاڵ هەبوو جێبەجێ نەکرایە ئێمە لەگەڵ ئەوەینە، بۆیە لەسەر داواکاری کۆمەڵگای کوردی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی کوردی و بەشێکی زۆر لە پەرلەمانتارەکان لایەنی تەنفیزی داواکرا کە ئەم یاسایە هەموار بکرێتەوە تەبعەن موناقەشاتێکی زۆر زۆر کراوە، هەروەها ئێمە توانیتمان کەوا شتی زۆر باش تێدا بگۆڕین بەڕێزان، ئەو مەترسییانەی کە لەلایەن ئێوە هەیە بەو شێوەیە نییە تەبعەن لە ناوەڕۆکەکەی ئافرەتمان لۆ زیادکردلەسەر داوای بەڕێوەبەرایەتی گشتی توندوتیژی خێزان بوو ئێمە لەگەڵ ئەوەینە کەوا پێکهاتەی خێزان لە ئافرەت لە پیاو لە منداڵ هەمووی پێکدێت، بەڵام هەندێکجار ئافرەت ڕووبەڕووی توندوتیژی لە کار لە شەقام دەبۆوە، ئەو بەڕێوەبەرایەتی گشتی توندوتیژی خێزان کە تەحامولیان لەگەڵ دەکرد بەرێنمای تەحامولیان لەگەڵ دەکرد لەبەر ئەوەی لە چوارچێوەی ئەو یاسایە دانەبوو، بۆیە داوایانکرد کە پێناسەیەك بۆ توندو تیژی بەرامبەر ئافرەت مەبەستمان لە دەرەوەی چوارچێوەی خێزانە بەڕێزان.
باس لە تاوانی مەزن دەکرێت هەندێك تاوانی مەزن نایەتە چوارچێوەی ئەو یاسایە خوشك و برایانی بەڕێز هەندێ تاوان هەیە بەبێ ئەوەی ئێمە لێرە ئاماژە پێ بکەین دەچێتە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە(١١١)ی ساڵی(١٩٦٩)، بۆیە ئێمە ئەو دانیشتنەمان بەمەبەستی ئەوەیە، ئێوە لەهەر بڕگەیەك لەهەر شتێك کە سەرەنجێکتان هەیە پێشنیاری جوان بکەن پاڵپشتیتان هەبی دەیخەینە ڕاپۆرتی دووەم لۆ خوێندنەوەی سێیەم، بەڵام باوەڕتان بێت کەوا ئەو نیگەرانی و ئەو شتانەی کە ئێوە باسی دەکەن بەو شێوەیە نییە لەناو یاسایەکە، هەروەها پێمان خۆشە ئێوە بە سەرەنجە جوانەکان دەقەکانتان پێشنیار بکەن و بێگومان هەموومان بەیەکەوە یاسایەکی تۆکمە بۆ پاراستنی مافی ئافرەت بۆ پاراستنی خێزان و پاراستنی سەقامگیری کۆمەڵایەتی دەردەکەین ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، بۆیە پێم خۆشە بەردەوام بین لە یاسایەکە ماددەکانیش موناقەشە بکەین.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆی هەیە جوابی پرسیاری هەمووتان بداتەوە پرسیارتان کردووە، سوپاس، فەرموو لەنجە خان.

**بەڕێز لەنجە ابراهیم عبدالرحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵام هێشتا نەچووینە ناو ماددەکان هەتا بەپێی ماددەکان جوابدەینەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس لەنجە خان، ئێمە ماددەی (٩٧)مان لەبەر دەستە پیش پەسەند کردن وەکو ئەوەی نەوت دەیخەینە دەنگدان، ئەگەر وتتان با نەچێتەناو پرۆسەی دەنگدان لەدوای موناقەشە ڕەفز ئەبێتەوە تەواو، ئەڵێ بۆ پەسەند کردن پەسەند کردن کەیە دانیشتنی سێیەم موناقەشە کردنی ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند خراوەتە دەنگدان دەنگی هێناوە کراوەتە بنەما و موناقەشە ئەکەین، ئەگەر بۆ پەسەند کردن ئەو ڕەئیانەی ئێوە دەبێتە یەکێك لەو ڕەئیانەی کە بژاردەیە بۆ خستنە دەنگدان لە عینوانەوە هەندێ ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان داوا ئەکەن بەپێی ماددەی (٩٧) چی لێ بکرێت؟ ڕەتبرکرێتەوە، ئێمە لە دانیشتنی خوێندنەوەی سێیەم ئەو واجبەی خۆمان جێبەجێ

دەکەین، بەڕێـزان تەواو مـاددەی (١) فەرمـوون دەرفەت بـدەن تەواو قسـەی خۆتـان کـرد تەواو، بەڕێزان بچنە ماددەی (٩٧) بێزەحمەت بۆتـان ئەخـوێنمەوە ئـێمە لە نەوتـیش هەر ئاوامـان کـرد، ناتوانم ئێستا بیکەم کاك علی قاعەکە ئەصڵەن نیسابی تیـانیە، ئیسـتا بـیکەی چـیە هەر ئەصـڵەن سەلاحیەتم نییە، بەڕێزان ئەڵی سەبارەت بە پەسەند کردن جیاوازی ڕائی دروست بوو دەخـرێتە دەنگدان، خوێندنەوەی سێیەم، مامۆستا هەورامان قسەت کـردووە بەرێـزم قسـەی چیـت مـاوە، بەڵێ وەکو ئەوەەی ئەنجـوومەن نەوت و غـاز جەلسـەی سـێیەم دەیخەیـنە دەنگـدان، کـاك علـی جەناب سەرۆکی لیژنەی وزەی بەڕێـزان بـا قسـەکانمان بکەیـن جەنابـت سـەرۆکی لیـژنەی وزەی لەسەر قانوونی ئەنجومەنی هەرێمی هامان غیلاف دروست بوو یەکێك لە بژاردەکانی هێنانمـانە هۆڵی کۆبوونەوە بۆ دەنگدان یەکەم بژاردە، ئەگەر یەکەم بژاردە ئەوە دەنگی هێنا کە ئەم یاسایە نەڕوا ئەوانی تر ناخەینە دەنگدان، تکایە با بەردەوامبـین، بەڕێـزان ئەگەر لە کـاتی گفتوگـۆ کردنـا لەسەر پرۆژەو پێشنیازی یاساو بڕیارێك ئەگەر ڕەئی جیـاواز دروست بـوو ئێسـتا ڕەئـی جیـاواز دروسـت بـووە کـاتی چـیە گفتوگـۆیە کەی بڕیـار ئەدەیـن پەسـەند کردنـا؟ لە جەلسـەی سـێیەم، بەڕێزان جارێك دەنگ دراوە لەسەر ئەوەی ئەو ڕاپـۆرتە گفتووگـۆی لەسـەر بکـرێ و تەواو بـووە، سـەبارەت بە پەسـەند کـردن لە دانیشـتنی سـێیەم بەڵێنتـان ئەدەمـێ دەیـخەمە دەنگـدان بەبـێ گفتوگۆ، تکایە بەڕێـزان ئـێمە موناقەشـە ئەکەیـن ئـێمە گفتوگـۆ ئەکەیـن هامـان ئەو حاڵەتەمـان، ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان ئێمە ماددەی (٩٧)مان هەیە، ماددەی (٩٧) جارێکی تـریش جێبەجـێ کردووە ماددەکە دەڵێ چی، کاك عباس یەك دەقە.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله من ڕایەکم هەیە لە نێوانی هەردوولاتان و بەڕاستی بیـرو بۆچـوونەکەی ڕاسـتە یەعنـی لە ئەنجامی گفتووگـۆ کردنـا دەکرێـت گفتووگۆیەکـان لە ناوەڕاسـتدا لە کۆتـاییەکەی دروسـت بـوو دەکرێت لە دەنگدانی سێیەمیان ئەم بابەتە بخـرێتە دەنگـدان، بەڵام ڕەئیەکـی تـر هەیە لە خـاڵی چوارەم پێشنیازی دواخستنی گفتووگۆ بۆ دانیشتنێکی تر ئەمەیان دەکرێت لەم جەلسەیە بکەین بـۆ دانیشـتنێکی تـر دەکرێـت لەمە گفتوگـۆیەکە لە دەرەوەی ئێـرە بکرێـت لە لیژنەکـان بکرێـت، یەعنی هەردوو حـاڵەتەکە دەگـرێتەوە، ئەگەر لە کۆتـای گفتوگـۆیەکە بێـت بـۆ دەنگـدان بێـت وە ئێستا لە سەرەتای گفتوگـۆیەکەیە دەکرێـت دانیشـتنەکە دواخەی بـۆ کـاتێکی تـر، مـن پێشـنیاری ئەوە دەکەم خاڵی چوارەمی ماددەی (٩٧) جێبەجێ بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە پشوێك وەرئەگرین بۆ ماوەی یەك چارەگ، سەرۆکی فراکسیۆنەکان فەرموون بۆ نوسینگەی ئێمە بۆ ئەوەی قسە بکەین، زۆر سوپاس.

**پاش پشوو**

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان دوای ئەوەی پشوویەکمان وەرگرت، کۆی فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان هاوڕان دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانیش لەوەیا پشتیوانیانە کە لەدوای موناقەشە کردن هەر بابەتێك، هەر برگەیەك، هەر ماددەیەك، دوای ئەوەی ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان تەرحی ئەکا لەڕێگەی ئەنجومەنی فەتواوە یەکلایی کرایەوە بۆمان کە دژی بنەما سەرەکییەکانی شەریعەتی ئیسلامییە، کۆی فراکسیۆنەکان هاوڕان پێکەوە ئێمە پشتوانیانین کە نایخەینە دەنگدان، ئەمە یەك، دووەم/ بەڕێزان، کاك دیاری بێ دەنگ، با من قسەکانم تەواو بکەم، قسە ئسوڵی هەیە، یەکێك تەواو ئەبێ یەکێکی تر قسە ئەکا، هاوکات ماددەی (٩٧) لە پەیڕەوی ناوخۆ وەکو خۆی جێ بەجێ ئەکەین، لەبەرئەوەی بەشێك لە ئەندامانی پەرلەمان داوای ڕەد کردنەوەی کۆی یاساکە ئەکەن لە دانیشتنی خوێندنەوەی سێهەم یەکەم بڕاردە کە دەیخەینە دەنگدان ڕەد کردنەوەی یاسایەکەیە، بەڵێ دەست پێ بکەن، شادی خان فەرموو.

**بەڕێز شادی نوزاد وهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی(١):

ناونیشانی یاسایەکە هەموار دەکرێتەوە و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی و دژ بە ئافرەت لە هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ موناقەشە کراوە ئەوە، دوای ئەوە، ئێ ئەوە هەر ناونیشانەکەیە، بەڵام هەر عەینەن مەوزوعە تەواو بەڵێ ناو بنووسن نازانم هەمووتان بۆ وا تووڕەن! خوا فرسەت بدا، بەڵێ تۆزێ ئارامتر بن، ناویان بنووسە کێ لەسەر ماددەی یەکەم قسەی هەیە؟ بەڕێزان بەس ئەوانەی کە ناویان ئەخوێنینەوە ئیزافە کردن نییە دواتر، بەڵێ لەسەر ناونیشان بەڕێزان، بەڵێ ئەو ناوانە ئەخوێنمەوە کەسی تر ئیزافە ناکەین، ئەوەی لە کاتی خۆیا نەهاتۆتە ژوورەوە بۆ کۆبوونەوە دواتر بە هەوای هەوەسی خۆی دێت ئیزافەی ناکەین، د.شیرکۆ، مامۆستا عمر، کاك سیروان، مامۆستا عوسمان، کاك مم برهان، کاك کاوە، کاك باڵانبۆ، ڕۆژان خان، کاك مەلا ناصر، شنۆ خان، خدیجە خان، کاك رۆمیۆ، کاك سەروان، قسە بکە فەرموو کاك سەروان.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان، من لەگەڵ کۆی پێشنیازە یاسایەکە نیم وەکو سەروان، من دەڵێم دەبووایە لیژنەی موختەس ئەوانەی کە پێشنیازە یاسایەکەیان هێناوەتە پەرلەمان ڕێزم بۆیان هەیە، دەبوایە ڕاوسەرنج و تێبینی لەگەڵ لیژنەی ئەوقاف و کاروباری دینی کرابایە، ئەوانیش لەگەڵ لیژنەی فەتوای هەرێمی کوردستان، چونکە ناکرێت بەو جۆرە بێتن، ئێمە ڕێز لە ئافرەت دەگرین و نەتەوەیەکی زۆر بەڕێزیشین، هیچ بێ ڕێزی بەرامبەر بە ئافرەت نەکراوە بەو جۆرە کە تەهەجوم یەعنی پیاو وا لێ بکرێت بەو ئەگەر ئەو پرۆژەیە و پێشنیازە یاسایە دروست بڕوات واللە پیاو ناشیرین دەبیت و شیرازەی خێزانیش تێك دەچێت و جوانترین ڕێز و

جـوانترین ئەدەبـیش ئەوەیە لە قورئـانی پیـرۆز و لە دینـی ئیسـلام بـۆ مەگەر پیرۆزتـرین شـت بەهەشت نییە کە ئینسان نوێژی بۆ دەکات و ڕۆژی بۆ دەگرێت کەچی خراوەتە بن پێی ئـافرەت، ئێ لەوە زیاتر چی یانی بۆ وابکەین دینـی خۆمـان و کۆمەڵگـای خۆمـان ناشـیرین بکەیـن، لەگەڵ نیم و داواش دەکەم هەمووتان ڕەتی ئەو یاسایە بکەنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خدیجە خان فەرموو.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ناونیشانی یاساکە خۆی پێشتر ئەمە کۆمەڵێك تێبینی و سەرنج خرانەڕوو سەبارەت بە عینوان یاخود ناونیشانی یاسـایەکە، ئەمـن ئێسـتا دووبـارە مـاددەی یەکـیش هەر لەسـەر ئەم بابەتەیە، یەعنی بەڕاستی لێم ئەوە بوویە کامە دەبیتە عینوانی یاسایەکە؟ ئەمە بەس یەك شتی تریش ئەگەر لە مـاددەی یەك جێگیـر ببیـتن ئەم ناونیشـانە کەوایە ئەمە یاسـایەکی نـوێیە، بـۆیە پێمــوایە دەبــی بەم شــێوەیە لــێ بکرێــت پێشــنیازە یاســای هەمــواری یەکەمــی یاســای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە خێزان و دژ بە ئافرەت، تۆزەك ڕەکیکە سیاغەکەشی یەعنـی ئەگەر بەم شێوازە لێ بکرێت باشتر دەبیت و گونجاو ترە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك ڕۆمیۆ فەرموو.

**بەڕێز رومیو حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بـۆ ناونیشـانەکەی منـیش لەگەڵ ئەوەدام بگـۆڕێ یەعنـی لەڕووی قەواعیـدییەوە زۆر جـوان نەهـاتووە، یاسـای بەرەنگـاربوونەوەی تونـدوتیژی بکرێـت دژ بە ئـافرەت و خێـزان لە هەرێمـی کوردستان دا، چونکی لە ماددەی (٧)یش کە دەبێتە ماددەی (٤) بـرگەی (٢ و٣) هەروا هـاتووە کە باسـی بەڕێـوبەرایەتی یـا نووسـینگەی بەرەنگـاربوونەوەی تونـدوتیژی دژ بە ئـافرەت و خێـزان دەکات لە دوو، سێ شوێن، دەبێ یەکلایی بکـرێتەوە ئەمە چ دەبێـت، مـن دەیبیـنم کـۆی یاسـاکە یاسایەکی زۆر باشە، ئێمە هەر لەو پەرلەمانە، لەم ساڵەدا یەك، دووجار دانیشـتنی تـایبەت کـراوە بە حـاڵەتی کوشـتنی ئـافرەت لە هەرێمـی کوردسـتان دا، یەعنـی لە حـاڵەت هەبـووە وا خەریـکە ئەبێتە دیاردەیەکی گەورە من پێموایە شتێکی باشە بۆ بنبڕ کردنی ئەم حاڵەتانە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئەمانەوێ ئەوە بۆ هەموو ئەنـدامانی پەرلەمـان ڕوون ببێتەوە ئەم پێشنیازە یاسایە بە تەنها بۆ پاراستنی ئافرەتـان نیـیە، بـۆ پاراسـتنی منالآنیشـە، بـۆ پاراستنی باوکانیشە، بۆ پاراستنی خوشك و براکانیشە، بەڵێ ئەو بەڕێزانەی کە ناومـان نووسـین و خوێندمانەوە ئەوانە قسە ئەکەن، کام مەلا ناصر فەرموو.

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنـاوی خـوای گەورە و میهرەبـان، مـاددەی یەك ناونیشـانی یاسـایەکە هەمـوار دەکـرێتەوە بەم شێوەیەی خوارەوە کە دەخوێندرێتەوە:

یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی دژ بە ئافرەت لە هەرێمی کوردستان، بەڕاستی لێرە وشەی ئافرەت زیادە لەبەرئەوەی کە یاسای بەرەنگاربوونەوەی دژی توندوتیژی خێزانی هەموو کەسێك ئەگرێتەوە، پیاو، ژن، منداڵ، دایك، خوشك، ئەمانە ئەگرێتەوە، لێرە وشەی ئافرەت زیادەیە، بۆیە ناکرێ وشەی ئافرەت لەم هینە دابندرێت کە توندوتیژی بەرامبەر بە هەمووی ئەکرێ یەعنی هەمووی بەرامبەر بە یەك نەفسی هینە ئەکرێ توندوتیژییە، تەنها دژی ئافرەت نییە ئەم توندوتیژییە، بۆیە من پێشنیار ئەکەم وشەی ئافرەت لەم ماددەیە لاببرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك باڵانبو فەرموو.

**بەڕێز بالانبو محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، من وێڕای پشتگیریم بۆ وتەکەی کاك مەلا ناصر و هەموو ئەوانەی لەگەڵ ئەوە دان کە وشەی ئافرەت لاببرێ، وشەی ئافرەت لێرەدا بە زیاد دەزانم لەبەرئەوەی ئافرەت تاکێکە لە خێزان، کاتێك تۆ دەڵێی توندوتیژی دژی خێزان، کەواتە ئافرەت، پیاو، منداڵ هەموو تاکەکانی خێزان ئەگرێتەوە، بەڵام مەبەست چییە لێرە کە تۆ ئەیهێنی بە زەقی وشەی ئافرەت لەم یاسایەدا بڵاوئەکەیتەوە، لەبەرئەوە بەڕاستی ئەگەر بمانەوێ یاساکە یاسایەکی پوخت بێ و یاسایەك بێ پاڵپشت بێ بۆ ئەوەی کە خێزانێکی باش ئێمە لە هەرێمی کوردستان دا بەرهەم بهێنین، پێویستە وشەی ئافرەت لاببرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەوەی پشتیوانی ئەکات کە وشەیەك لاببرێ شەرحی ناوێ یەکسەر بڵێ پشتیوانی قسەکەی فلان کەس دەکەم، ڕۆژان خان فەرموو.

**بەڕێز ڕوژان محمد کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، منیش پێموایە ئافرەت هەر بەشێکە لە خێزان و یەکێکە لە پێکهاتە سەرەکییەکانی خێزان، بۆیە ئەم وشەیە بەزیاد دەزانم و پێموایە پێچەوانەی مادده (١٤)ی دەستووره و ئەمە جیاوازی جێندەری دروست دەکات، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان قسەی یەکتری دووبارە مەکەنەوە، د.شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفی :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە موناقەشەی ناونیشانەکەدا قسەم کرد، بەس وترا ماددەی یەکیش، چونکە مادده یەکیش هەر بەهەمان شێوەیەیە، پشتگیری لە لابردنی وشەی ئافرەت ئەکەم بە تایبەتی کە ئەوە موخالەفەی ماددەی (١٤)ی دەستووری عێراقە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
لەگەڵ جەخت کردنەوەم لە بۆچوونەکانی خۆم کە ئەم هەمواره بەڕاستی ئیشکالی گەورەی هەیە لەڕووی ناوەڕۆکەو لەڕووی شکلیشەوە، ... .
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
زۆر سوپاس، باسی ناوەرۆك ناکەین، باسی ناونیشان دەکەین، فەرموو.
**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
بەسەرچاو، من بەڕاستی پێم سەیره ئەو ناونیشانە زۆر زۆر ڕەکیکە، هەم لەڕووی زمانەوانیەوە، تانەت ناونیشانەکەی یاساکەی پێشووش، یاسای بەرەنگاربوونەوەی خێزان لە توندوتیژی لە هەرێمی کوردستان دا، کورد وا قسە ناکات، نە ئەمەش یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی و دژ بە ئافرەت، ئەمە لە هیچ ڕستەیەك باوباپیرانمان نالی ومەحوی و مەولەوی بەم جۆرە قسە ناکەن، یاسای پاراستنی خێزان لە توندوتیژی، وشەی ئافرەتیش لابەرین جەخت ئەکەمەوە و پشتیوانی لە هەموو ئەو بۆچوونانەی کە هەبوون، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
زۆر سوپاس، کاك سیروان فەرموو.
**بەڕێز سیروان فرج محمد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی یەك بەدەر لەو هەموو قسانەی کە کرا سوپاس بۆ ڕوونکردنەوەکەی جەنابت، من پێش ماددەکە نوقتە نیزامیەکم هەیە کاتی خۆی سوپاس بۆ ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری ناوخۆ، بەڵام دەبوو بەڕێز وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتیش ئامادەبێ ئەگەر هۆکاری ئامادەنەبوونەکەیمان بۆ بڵێی زۆر سوپاست ئەکەم، ماددەی یەك ناونیشانی یاساکە ئەڵێ یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی ...هتد، شتی وانیيه، شتێك نییە توندوتیژی خێزانی، شتێکی وا موستەڵەحێك زۆر گەڕام لە گوگڵ دا لە وڵاتانی تر شتێکی وانییە، ئەوەی کە من مەبەستمە ئەگەر بکرێ یاسای بەڕەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی یان توندوتیژی لە خێزان دا، چونکە خێزان جەنابت ڕوون کردنەوەت دا، بەڵام خێزان پێکهاتووە لە کەسانێك ڕەنگە پیاوێك تەبەنی منداڵێکی کردبێت، نە کوڕیان بێ و نە کچیان بێ و بە یاساش کوڕیانە، یان شیریان خواردووە بە یەکەوە، ئەوە لە ماددەیەکی تردا وەسف کراوە من ئەوە هەر ئەم پێشنیازەم هەیە سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
زۆر سوپاس، مامۆستا عوسمان فەرموو.
**بەڕێز عثمان علی سمایل:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، سەرەتا بەخێرهاتنی جەنابی وەزیری ناوخۆ و شاندی یاوەری ئەکەم و بەتایبەت دەست خۆشی لە جەنابت ئەکەم بۆ ئەو قەیدەی کە دڵنیات کردینەوە لەوەی کە دوابەدوای تەواو بوونی ئەم کۆبوونەوەیە لیژنەی موختەس و لیژنەی فەتوا ڕادەسپێردرێ بۆ ئەوەی کە سەیرێکی بکەن، بەڵام من لێرە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، ئێمەش

سەرۆکی لیژنەی ئەوقاف ئامادەیە و بەڕێز جێگرەکەی ئامادەیە، ئێمەش و ئەو بەڕێزانەش ئەغلەبمان ئیختساسمان شەریعەی ئیسلامیە، ئێستا پێت دەڵێم کە ئەو یاسایە پێچەوانەی قورئان و سونەتە، کە خوای رب العالمین دەفەرموێ (وَاللَّاتِي تَخَافُونَ نُشُوزَهُنَّ فَعِظُوهُنَّ وَاهْجُرُوهُنَّ فِي الْمَضَاجِعِ وَاضْرِبُوهُنَّ) بەڵام ئەو (وَاضْرِبُوهُنَّ) کە دەفەرموێ ئەوە نا کە دەستی بشکێنی و منداڵی لەبار بچێ و شین ومۆری کەیەوە، ئەدی ئایا پێچەوانەی قورئانی پیرۆز چۆنە؟ بۆیە پێموایە لەگەڵ ڕێزم بۆ جەنابت دەتەوێ یاسایەکەی بڕوێنی بۆ ئەوەی کەوا ئێمە بە واستەی لیژنەی فتوا دەنگێ نەکەین، بەڵام من دەڵێم کاتێك کەوا چاو سوور کردنەوە و هەڕەشە کردن وتەهدیدەکی دەماقاڵێی بەینی ژن و مێردی توندوتیژی بێ، ئەدی لەو کاتەی کەوا باوکێك دەکوژرێ (٢٧) کچی هەیە ئایا ئەوە توندوتیژی نییە؟ چوار ژنی هەیە بەجێ هێشتراوە لە ڕانیەی، ئەدی بۆ لەسەر ئەوەی بەجواب نایەن؟ بۆیە بەداخەوە هەموو یاسایەکە پێچەوانەی قورئان و سونەتە و سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك مم فەرموو.

**بەڕێز مم برهان محمدقانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەمەوێ لە دیدگایەکی زۆر جیاواز لەو بەڕیزانەی کە قسەیان کرد، ئەگەر ڕێگەم بدەی نەختێ ڕوونکردنەوە بدەم، نا من مەسەلەی کە پەیوەندی بە بەشێکی زۆریان لە دیدگای ئایینیەوە قسەیان لەسەر ئەم چەمکە کرد کەمەسەلەی دژ بە ئافرەت پێویست دەکا لابرێ، من لە دیدگایەکی تەواو دیموکراسی و دیدگایەك کە بڕوای بە مەسەلەی یەکسانی جێندەری هەیە قسەیەك ئەکەم کە ئیشکالیەتی ئەم نانیشانە ئەخەمەڕوو کە بەداخەوە لیژنەی کاروباری ژنان بە سەریاندا تێ پەڕیوە، مەسەلەك هەیە تەبعەن لە دیدگای هەم دەستووری، هەم قانونی، هەم دیموکراسی، ئەمە ئیشکالیەتی تێدایە ئەم یاسایە وەکو ئەوەی ئەمە پێویست دەکا لە کۆی ئەم ناو یاسایە بەڕای من دژ بە ئافرەت لابرێ بۆ؟ تەنانەت بەڕێوبەرایەتیەك هەیە بەڕێوبەرایەتی توندوتیژی دژ بە ئافرەت، خێزانی دژ بە ئافرەت، من پێموایە پێویستە بەڕێوبەرایەتی توندوتیژی خێزانی بێ، ئەم عەقڵیەتە عەقڵیەتی جیاکردنەوەی ڕەگەزی هەم نا قانونیە، هەم نادەستووریە، هەم دژی پرەنسیپەکانی یەکسانی جێندەری ئەگەر ڕێگەم بەی، بۆیە ئەم خوشکە بەڕێزانە بە تایبەتی ئەم ئەندامە بەڕێزانە لە ناو لیژنەی کاروباری ژنان کە ئەمەیان ... ئێمە شەڕ لەسەر ئەوە ئەکەین کە ئەبێ یەکسانی جێندەری هەبێ، ئەبێ پیاوێك و ژنێك ئەبێ یەکسان بێ، ئەمە ئەلف و بێی بنەماکانی دیموکراسیە، بەڵام کاتێ کە تۆ فەزڵ ئەدەی هەموو ئەم توندوتیژیانە فەزڵ ئەدەی بەرامبەر بە .. من ئەزانم کە ژنان قوربانی پلە یەکن لەوڵاتی ئێمە ئەوە حەقیقەتێکە و ئەیزانین بەداخەوە ئازارمان ئەیا، بەڵام پێویست ئەکا لەناو ئەم یاسایە کاتێك توندوتیژی کەن دژ بەخێزان بوو و خێزان کە بچکۆلە ترە، لە عەرەبی دا ئوسرە هەیە و عائیلە هەیە هەموو ئەمانە لەناو بنەماڵەیا لە خێزان دا ئەم توندوتیژیە بەرامبەر بە کارەکتەرێك دەکرێ، چ دایك بێ، چ خوشك بێ، چ هاوسەر بێ، چ کچ بێ، هەموو ئەم مەسەلانە بەشێکە لەو توندوتیژیانەی یەکێتی ئەگەر ڕێگەم بەی لەناو کێشەکە ئەوەیە پێوست دەکا ڕێکرخراوەکانی داکۆکی کردن لە ژنان و ڕێکخراوەکانی ... .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەتەوێ وشەی ئافرەت لابرێ بەڕاستی ئەو هەموو شەرحەی ناوێ، ڕێگەم زۆر دای شتێکی جیاواز نالێی دەلێی ئافرەت لابرێ لەناونیشانەکە و تەواو، زۆر سوپاس بەڵێ کاك کاوە فەرموو.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری هەموو ئەوانە دەکەم کە دەڵێن ناونیشانەکە بگۆڕدرێت بەو شێوەی لێ بکرێت یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بەخێزان، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان کە ماددەیەك ئەخوێنرێتەوە، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەرلەمان کە ناو ئەنووسن ناوەکانیان ئەخوێنینەوە، دوای ئەوە هیچ ناوێك ئیزافە ناکرێ، سەیری پەیڕەو کەن ئەڵێ ئەوانەی کە ناویان تۆمار کردبوو، ماددەی (٢) فەرموو.

**بەڕێز شایان کاکەصالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١)ی یاساکە هەموار دەکرێتەوە بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

بۆ مەبەستی حوکمەکانی ئەم یاسایە زاراوە و دەستەواژەکانی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریان دەگەیەنن:

١ - هەرێم: هەرێمی کوردستان ـ عێراق

٢ - خێزان: کۆمەڵێك کەسی سرووشتین کە پەیوەندی خێزانی یان خزمایەتی تا پلەی چوارەم دەیان بەستێتەوە، لەگەڵ ئەوانەی کە بە یاسا هاتوونەتە ناو خێزان.

٣ - توندوتیژی خێزانی: هەر کردارێك یان وتەیەك یان هەڕەشە پێکردنێك یان لە چوارچێوەی پەیوەندی خێزان دا کە لە سەر بنەمای هاوسەرگیری یان خزمایەتی تا پلەی چوارەم بنیاد نرابێت، ئەوانەی بە پێی یاسا هاتوونەتە ناو خێزانەوە، لەڕووی جەستەیی و جنسی و دەروونی یان دارایی زیانیان پێ دەگەیەنێت و ماف و ئازادییان سنووردار بکات.

٤ - توندوتیژی دژ بە ئافرەت: هەر کردارێك یان هەرەشە پێکردنیان لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی دژ بە ئافرەت ئاڕاستە کرابێت، ببێتە مایەی زیان پێگەیاندنی لەڕووی جەستەیی یان جنسی یان دەروونی یان دارایی کە ببێتە هۆی ئەوەی ماف و ئازادییان سنووردار بکات.

٥ - فەرمانی پاراستن: فەرمانی دەرکراو لەلایەن دادگا بەدانانی تاوانلێکراو لە شوێنێکی ئارام تاوەکو نەمانی مەترسی یان هەڕەشە.

٦ - فەرمانی دوورخستنەوە: فەرمانی دەرکراو لەلایەن دادگا بە دوورخستنەوەی تۆمەتبار بە ئەنجامدانی توندوتیژی تاوەکو یەکلایی کردنەوەی داواکە.

٧ - بەڕێوبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی و دژ بە ئافرەت.

٨ - بەڕێوبەرایەتی: بەڕێوبەرایەتیەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی و دژ بە ئافرەت.

٩ - نووسینگە: نووسینگەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی و دژ بە ئافرەت کە سەر بە بەڕێوبەرایەتیەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی و دژ بە ئافرەتان.

١٠ -ناوەندەکانی ڕاوێژی خێزانی: ناوەندی تایبەتمەند بەو پرسانەن کە لەلایەن دادگاوە بۆی ڕەوانە دەکرێ بۆ ئاشتکردنەوەی تاوان لێکراو و تۆمەتبار یان پێشکەش کردنی ڕاوێژی خێزانی، پاڵپشت بە داواکاری زیانلێکەوتوو لە توندوتیژی خێزانی لەڕووی کارگێڕییەوە سەر بە وەزارەتی ناوخۆ دەبێت.

١١ -بنکەی پاراستن و حەوانەوە: شوێنی پەنادانی قوربانیانی توندوتیژی خێزانی دژ بە ئافرەتانە تا ئەو کاتەی دۆسیەکەیان لە دادگا یەکلادەبێتەوە لەڕووی کارگێڕییەوە سەر بە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی دەبێ.

١٢ -دادگا: دادگای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی و دژ بە ئافرەت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان ناوەکان ئەخوێنمەوە ئەگەر یەکێکمان نەنووسی بوو پێمان بڵێن، کاك نزار، کاك هێڤیدار، کاك ڕۆمیۆ، مامۆستا مەلا احسان، کاك چیا، گولیزار خان، خدیجە خان، لیزا خان، د. هەورامان، کاك بالانبو، کاك عباس، ئاشنا خان، روپاك خان، کاك سەرکۆ، کەس هەیە نەمان نووسی بێ؟ کاك علی، تەواو، مامۆستا ابوبکر، مژدە خان، کاك سیروان، مامۆستا عمر، کاك مسلم، کاك مم، سەرچنار خان، د.شێرکۆ، د.اسماعیل، بەدریە خان، کەس هەیە نەمان نووسی بێ؟ کاك دیاری، کەس هەیە نەمان نووسی بێ؟ تەواو کاك نزار فەرموو.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خودای گەورە، بەخێرهاتنێکی وەزیری ناوخۆ و یاوەرانی دەکەین، لە ماددەی (٢) خاڵی (٢) کۆمەڵێك کەسی سروشتی کە پەیوەندی خێزانی یان خزمایەتی تاکو پلەی چوارەم دەیان بەستێتەوە لەگەڵ ئەوانەی کە بە یاسا هاتوونەتە ناو خێزان، ئێمە زۆر نموونەمان هەیە، بۆ نموونە لە کۆچ ڕەوەکەی بەهاری ساڵی (٩١) خەڵکانێك لە کۆچڕەو مناڵیان هەڵگرتیتەوە، تاکو ئێستا ئەو مناڵانە بە یاسا نەخراونەتەوە سەر ئەو خێزانە، ئایامەسیری ئەوانە چی لێ دێت؟ مەبەستی من ئەوەیە کە لێرە دەرێ کە بەیاسا هاتوونە، ئەی ئەوانەی کە بە نایاسایی هاتوونەتە ناو خێزان؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك هێڤیدار فەرموو.

**بەڕێز هیڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەبێ ئەم قانوونە ئێستا حەسم بکرێت، هی خێزانە یاخود تایبەت بە ئافرەتە، بە کراسی ئافرەت دەوردراوە یاخود هەموو بەس باسی ئافرەتە تەنیا لەو ماددەی (٢) لە خاڵی (٣ و ٤و ٨ و ٩ و ١١ و ١٢) ئەم دژ بە ئافرەتە دەبێ عیلاج بکرێت، ئێستا ئەبێ حەسم بکرێت، بۆ ئەوەی موناقەشەکە لە ماددەکانی تریش تێدا هەیە، خۆ ئەگەر قانونەکە بۆ ئافرەتە با قانونەکە قانونێکی تایبەت سەرباری ئەوەی ئەحوالی شەخسی هەیە لە هەرێمی کوردستان بەرکارە، با قانونێکی تایبەت بۆ ئافرەت دەربکەین، ئەگەر بۆ خێزانە خێزان دیارە تەعریفەکەی، هەموومان خێزانمان هەیە، خوشکی من لەگەڵ منە خێزانە، کچی من خێزانی منە و خێزانی منیش هەر خێزانە، ئافرەتیش هەر خێزانی منە، ئایا قانونەکە بۆ دەسەڵاتی ئافرەتە بە تایبەت؟ ئێستا ماددەکانی تریشم

خوێندووەتەوە، ئەو موشکیلە هەیە لە هەموو ماددەیەك ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، پێمخۆشە داوا لە لیژنەی پەیوەندار و لیژنەی یاسایی و جەنابت لە سەرۆکایەتی و ئەنجومەنی خانمان ئەمە حەسم بکە بۆ ئەوەی بتوانین لە ماددەکانی تریش قسەی لەسەر بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك ڕۆمیۆ فەرموو.

**بەڕێز رومیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەی (٣) توندوتیژی خێزانی هەر کردارێك یان هەڕەشە پێکردنێك، من لەڕووی قەواعیدییەوە من پێموایە تەواو نییە، یان هەڕەشە کردنێك یاخود هەڕەشەیەك لە بڕگەی (٤) هەر کردارێك یان هەڕەشە پێکردنیان ئەمەش هەر بە هەمان شێوە لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی، لێرە جۆری کۆمەڵایەتی هاتووە لە ماددەی (٤) بڕگەی (١٤) لە جیاوازی ڕەگەزی هاتووە، بۆ ئەوەی جیابکرێتەوە، لە پێنجەم فەرمانی پاراستن تاوانلێکراو شوێنەکەی دیاری کراوە لە کێ دەپارێزێ، بەڵام لە برگەی (٦) فەرمانی دوورخستنەوە، فەرمانی دەرکراو لەلایەن دادگا بەدوورخستنەوەی تۆمەتبار لەوێ دەوەستێ، بۆ کوێ دووردەخرێت؟ بۆ زیندانیە بۆ چاکسازییە؟ بۆ کوێ؟ ئەمەش دیاری بکرێت شتێکی باشترە، لەبڕگەی (١١) بنکەی پاراستن و حەوانەوە هەر خۆی وەکو ناوەکەی تەنها شوێنی پەنادان نییە، پەنا دەدرێت و دەشی پارێزێ، واتا پەنا دان و پاراستنی قوربانیانی توندوتیژی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئاشنا خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەر لەوەی بێمە سەر تێبینیەکەم لەسەر ماددەی (٢) ئەو قسەیەی کاك هێڤیدار زۆر تەواوە، یەعنی ئێمە ئێستا یەکلایی ببینەوە بەڕاستی ئەم قانونە بە تەنها بۆ خێزانە یان بۆ ئافەرەتیشە؟ چونکە لە ڕوونکردنەوەکانی خاتوو لەنجە سەرۆکی لیژنە ئاماژەی بەوەیا ئەم ئافرەتە بۆیە زیاد کراوە خراوەتە ناو قانونەکەوە لە دەرەوەی خێزان، بۆیە ئەم وشەیان زیاد کردووە، وشەی ئافرەت، بۆیە ئێمە بەڕاستی ئەبێ یەکلایی ببینەوە، چونکە ئەو توندوتیژیەی لەناو خێزان دا بەرامبەر بە منداڵ دەکرێ کەمتر نییە لەو توندوتیژیەی کە بەرامبەر بە ئافرەت ئەکرێ، یەعنی گرنگە ئێمە ئەگەر قەرارە بۆ خێزان بێ ئەبێ تەرکیز بکەینە سەر توندوتیژی بەرامبەر بە مناڵ بەڕاستی ئەوە بابەتێکی گرنگە، لەسەر تێبینیم لەسەر ماددەکە پێشتر لە قانونەکەدا بە تەنها هەرێم و خێزان و توندوتیژی خێزانی پێناسە کرابوو، بەڵام ئێستا ئەبینین توندوتیژی خێزانی و توندوتیژی دژ بە ئافرەت، فەرمانی پاراستن، فەرمانی دوورخستنەوە، بەڕێوبەرایەتی گشتی، هەمووی ئەمانە زیاد کراوە بە قەناعەتی من پێویست ناکات ئەمانە قانوونەکەی دووردرێژ کردووە، ئەو پێناسانە وەکو با بڵێین پێشووتر بمێنێتەوە ئەوانەی کە پێناسە کرابوون، ئەمانە پێویست ناکات جارێکی تر پێناسە بکرێنەوە، زیاتر بەوە گرنگی بدرێ بە ناوەڕۆکی قانوونەکە گرنگترە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك سەركۆ فەرموو.

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٢) من پرسیارێکم هەیە لە لیژنەی تایبەتمەند بەڕاستی باسی ئەوە ئەكات توندوتیژی خێزانی هەر کردارێك یان وتەیەك، ئەمە ئێمە لە كۆمەڵگایەكاین ئەوەی كە بەڕێزان و هاوڕێیانیش باسیان کرد یەعنی جاری وایە تۆ لە خۆشەویستیا مناڵەكەت ئەچێ بۆ لای ئاگرا لێی تورە ئەبی ئەوەش دەچێتە ئەوەی دەتوانێ بەكاری بهێنێتەوە بۆت كە ئەو خێزانە تێك بات؟ یەعنی ئەمە بەجدی پرسیار بكرێ، ماددەی (٤) خاڵی (٤) باسی ئەوە ئەكرێ یان لەڕووی جەستەییەوە یان جنسی یان دەروونی یان دارایی كە ببێتە هۆی ئەوەی ماف و ئازادییان سنووردار بكا داگیری بكا یان سنووورداری بكا؟ ئەو پرسیارە لەوانە، لە بەشی پێنجەم باسی ئەوە كراوە كە بە دانانی تاوانلێكراو لە شوێنێكی ئارام یەعنی ئێمە زۆر زۆر ئەوەمان هەیە لە ماوەكانی ڕابردوودا بەهۆی ئەو كێشە كۆمەڵایەتیانەی كە هەیە زۆربەی كات ئافرەتەكە بۆ نموونە چووە بۆ شوێنێكی شێلتەر بۆتە هۆی ئەوەی كە زیان گەیاندن ئەوە بووە كە بكوژرێ، یەعنی نەیتوانیوە ژیانی ئەو ئافرەتە یان ئەو بپارێزێ، ئەم شوێنە ئارامە بەڕاستی ئەبێ ڕوونبكرێتەوە و موئەسەسەی حكومە ئەو شوێنە بێ، یەعنی بە قەناعەتی من ناكرێ بكرێتە دەست ڕێكخراوەكان،، ئەمە بە بۆچوونی ئێمە پشتیوانی قسەكانی كاك هێڤیدار و ئاشنا خان ئەكەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، د.هەورامان فەرموو.

**بەڕێز هەورامان حمەشریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، وێڕای بەخێرهێنانی میوانە بەڕێزەكان لەسەر ئەم ماددەیە بە تەحدید بڕگەی (٤) خۆی ئەوەی كە جەنابت فەرمووت شتێك ناكەین پێچەوانەی شەریعەت بێ، ئیشكالیەتەكان لێرەوە دەست پێ ئەكات، كە پێشتر پێناسەی توندوتیژی خێزانی ئەكا كە ئافرەتیش دەگرێتەوە و دووبارە هەم ئافرەت زەق كراوەتەوە لەم بابەتە كە ئەوە بەڕێزان باسیان كرد نابێ دووبارەی بكەمەوە، بەڵام ئەوەی كە من ئیشكالە شەرعیەكەم لەسەری هەیە و بەیانی ئەكەم مەترسیەكی زۆر زۆر و زێدە گەورەیە كە ئەم فەلسەفەیە بڕواتە ناو قانونەوە لە هەرێمی كوردستان دا ئەوەیە كە ئەڵێ هەر كردارێك یان هەڕەشە پێكردن لەسەر بنەمای جۆری كۆمەڵایەتی دژ بە ئافرەت، ئەم جۆری كۆمەڵایەتیە كە لێرە كوردیەكەی نووسراوە سبەینێ ئەكرێتەوە بە عەرەبی ئەكرێتەوە بە ئینگلیزی و دەبێتە جێندەر، ئەمە یانی مەبەستەكەی ئەوەیە كە ئافرەت و پیاو جیاواز نین، ئەمە فەلسەفەكەیە، ئەمەیە لەگەڵ روحی شەریعەتدا ناگونجێت، چونكە بەڕاستی ئافرەت و پیاو ئەڵێ ئافرەت بە ئارەزووی خۆیەتی بۆ نموونە هەتا لەبواری كۆمەڵایەتیا پیاو بە ئارەزووی خۆیەتی، ئافرەت بۆی هەیە شو بكات بە ئافرەتێك بڵێین، ئافرەت هەیە ئەیەوێ شوو بكات بە كەسێك كە مەحرەمی خۆیەتی، ئەمە خۆی ئەم فەلسەفەیە ئەگەر جێگیر بێ ئەمە پێچەوانەی شەریعەتە كە نابێ جێگیر بێ، بۆیە من پێشنیار ئەكەم بەڕێز

سەرۆکی پەرلەمان کە هەر کردارێك یان هەڕەشە پێکردنیان دژ بە ئافرەت بکرێ ئیتر تۆ لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتیە بۆ ئەم دەستەواژەیە ئەخەیتە ناو ئەم بڕگەیەوە، ئەگەر مەبەست بەوە نەبێ کە بابەتی جێندەر تیپیت بکرێ و جێگیر بکرێ لە یاساکەدا، ئینجا ئەم تە فسیرەکەیمان بۆ بکەن بەڕێزان لیژنە پەیوەندارەکان، تەفسیرەکەیمان بۆ بکەن، نموونەیەکمان بۆ بێننەوە، بۆ نموونە نموونەیەکمان بۆ بێننەوە کە یانی هەڕەشە پێ کردن بێ کردارێك بێ کە لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی وەکو چی؟ بێ زەحمەت وەکو چی؟ هیوادارم وەڵاممان بدرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس انشاءالله، گولیزار خان فەرموو.

**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەستپێکێ بخێرهاتنا وەزیر و یاوەرەکانی دەکەم، والله من ملاحەزەك هەیە مادا (٢) فەقەرە (٢) بڕگەی دوماهیکی تەبعەن لەگەڵ لیژنا قانونی من تەوزیحەك من دڤێتن ژ وانا دگەل ئەوانەی کە بە یاسا هاتوونەتە ناو خێزان مەبەستیان چییە؟ لێرەدا کێن؟ لیژنەی قانونی حەز دەکەم تەوزیحەك بدەن، سپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك یاسین نوقتەی نیزامی فەرموو.

**بەڕێز یاسین خضر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، بەخێرهاتنی جەنابی وەزیری ناوخۆ دەکەین، دیارە لە هەموو گرژی و ئاڵۆز بوونێك لەوانەیە قسەیەك کرابێ یان نەکرابێ، بەڵام دیارە قسەیەك بەناوی من لێرە بڵاوبووەتەوە من هەر کەسێ بڵێ بەمنی گوتووە یان هەر کەسێك داوا لە پەرلەمانی کوردستان ... داوای لێ بوردن لە پەرلەمانی کوردستان و لەو کەسەش دەکەم کە ئەگەر شتی وام گووتووە، شتی وام نەگوتووە و نازانم بۆ وا ڕۆیشتووە نازانم، . .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەسەکە ناوی (شادی نوزاد)ە، فەرموو.

**بەڕێز یاسین خضر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بە غەڵەت تێ گەیشت بووبێ داوای لێ بوردنی لێ دەکەم، داوا لە هەمووشتان دەکەم ئەگەر ئەو قسەیەم کردبێ، لەبەرئەوە من لەخۆم ناوەشێنمەوە ئەو نەوعە قسانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، گولستان خان کاك زیاد مەجال بدە، فەرموو.

**بەڕێز گلوستان سعدی حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وەکو سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان بەناوی سەرجەم ئەندامانی فراکسیۆنەکەمانەوە داوای لێبوردن لە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان ئەکەم ئەگەر هەر گرژی و ئاڵۆزییەك بەهۆی ئێمەوە دروست ببێت بمانبەخشن بە گەورەیی خۆتان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك زیاد فەرموو.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە ڕێککەوتین لەسەر ئەوەی کە ئەو بەڕێزە داوای لێبوردن بکات، داوای لێبوردنیش بەو شێوەیە بۆ قسەیەکی بەو شێوەیە ئاست نزم کە لە هۆڵی پەرلەمان دا بیکەی من خۆم شەرم ئەکەم کە ئەو قسەیە دووبارە بکەمەوە، ئەوە داوای لێبوردن نییە، ئەو ئەندامەی کە قسەکەی بەرامبەر کراوە ناوی (شادی نوزاد)ە و لە فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە، بۆیە داوا ئەکەم بەڕوونی داوای لێبوردن لە فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و لە شادی خانیش بکرێ کە قسەکە کراوە و نامانەوێ لەوە زیاتر لەوە بچینە تەفاسیلێکەوە، بۆیە لەویا کێشەکە کۆتایی بێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك یاسین فەرموو.

**بەڕێز یاسین خضر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کوڕە داوای لێبوردن لە شادی خان و لە هەموو ژنان و لە فراکسیۆنی یەکێتی لە (٩٢)ەوە تا ئێستا دەکەم، باشە کاك زیاد؟ لە (٩٢)ەوە هەتا ئێستا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش زۆر سوپاس، سوپاس کاك یاسین، لیزا خان فەرموو.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری ناوخۆ و شاندی یاوەری دەکەم، هەروەها دەست خۆشی لە لیژنە دەکەم کە بەڕاستی ئەوەی کە دەیخوێنمەوە لەسەر ئافرەت ڕاستە دیدگایەکی زۆر باش هەیە لە کۆمەڵگەی کوردی بۆ ئەوەی پێداچوونەوە بەو یاسایانە بکرێ کە تایبەتن بە ئافرەت، بەڵام ڕای هەندێ لە برادەران وابوو کە خۆزگە ئەم پرۆژە یاسایە دوو پرۆژە یاسای جیاواز بووایە زیاتر ڕەنگدانەوەی باشتریشی دەبوو، ڕەنگە ئەم پشێوییەی ئەمرۆ دروست بوو لە هۆڵەکە ئێستا دروست نەئەبوو، پێم باش نییە ئافرەت لە خێزان جیا بکرێتەوە، پێم باشتر بووکە پرۆژە یاسایەك تایبەت بە خێزان و هەروەها پرۆژە یاساییەکیش تایبەت بە ئافرەت هەبێ ئەمە بۆچوونی خۆمە تەنها، بەڵام دیدگایەکی باشیش هەیە بۆ پرسی ئافرەت، زۆر سوپاسی لیژنەش ئەکەین بەڕاستی بۆ ڕاپۆرتەکەیان، لەسەر خاڵی (٦) برگەی (٦) لە ماددەی (٢) کە باسی فەرمانی دوورخستنەوە دەکات پێناسەکەی کە بەو شێوەیە هاتووە فەرمانێکە دەردەچێت لەلایەن

دادگــاوه بــۆ دوورخســتنەوەی تۆمەتبــار بە ئەنجامــدانی تــاوانێکی تونــدوتیژی تــا داواکە یەکلادەبێتەوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەوپێناسەیە ناکۆکە لەگەڵ ماددەی (٨) لە پێشنیارەکە کە تێیدا هـاتووە و دەڵـێ پێویسـتە لەسـەر دادوەری لێکـۆڵینەوە پـێش ڕەوانە کردنـی داواکە بـۆ دادگای تایبەتمەند کە تاوانکار و تـاوان لێکـراو بنێـرێتە بـنکەی ڕاوێژکـاری خێزانـی بە مەبەسـتی ئەوەی بخرێتە بەردەم لیژنەیەکـی ڕاوێژکـاری بە مەبەسـتی ئاشـتەوایی، ئایـا چـۆن ئاشـتەوایی دەکرێــت لە نێــوان لایەنەکــان تاوانکــار بەڕێــز ســەرۆکی پەرلەمــان لە کاتێــك دا فەرمــانی دوورخسـتنەوە بە تاوانبـار دراوە لێـرە تـا یەکلایـی کـردنەوەی کەیسـەکەی، بـۆیە پـێم باشـە دەستەواژەی تاك و یەکلابوونەوەی داوا لاببرێت لەو پێناسەیە زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك شێخ ظاهر فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنـاوی خـوای گەورە، والله مـن تێبینـیم لەسـەر کـۆی یاسـاکە هەیە، بەس مـادام بـووە بـابەتی موناقەشـە و ئەوانە دەمەوێ هەنـدەك سـەرنج و تێبینـی بـدەم، مـاددەی (٢) خـاڵەی (٢) خێـزان کۆمەڵێك کەسی سروشتین کە پەیوەندی خێزانی یان خزمایەتی تا پلەی چوار دەیان بەستێتەوە لەگەڵ ئەوانەی کە بە یاسا هاتوونەتە ناو خێـزان، مـن لێـرە پرسـیار دەکەم تـا پـلەی چـوار ئەگەر حساب بکەی دەرەجە یەك و دوو و سێ و چوار حسابم کردووە نـزیکەی (٢٠) کەس دەکـات، (٢٠) کەسی ئەسڵ جگە لەوەی کە فەرعەکان و جگە لەوانەی کە بە حوکمی یاساش، لەناو هەموو ئەو کەسـانە تەنهـا باسـی ئـافرەتە، ئەی ئەگەر پیاوێـك لەبەرامـبەر ژنەکەی غەدری لـێ بکـات یـاخود توندوتیژی بەرامبەری بکات کە بە پێی ئامـاری یەکێتـی پیـاوان لە هەرێمـی کوردسـتان لە سـاڵی (٢٠٢٢) دا (٢٣٣) حاڵەتی توندوتیژی ژنان دژی پیاوانە هەبووە، (٢١) حاڵەتی خۆکوشـتن هەبـووە، سێ حاڵەتیش کوشتن هەبووە کە ژنەکـان بەهاوکـاری پیـاوانی تـر پیاوەکانیـان کوشـتووە، لێـرە مادام یاساکە بەناوی یاسای توندوتیژی خێزانییە کەواتە دەبێ مافی ئەوانەی تریش تا پلە٤ لەناو ئەو یاسایە جێ بکرێتەوە، یاخود عنوان و ناونیشانی یاساکە بگۆڕێ بکرێتە یاسـایەك تـایبەت بە ئافرەتـان یـان بەشـێوەیەکی گشـتی هەمـوو ئەوانە لەخـۆ بگرێـت، خـاڵێکی تـر بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمـان، سـێیەم/ تونـدوتیژی خێزانـی هەر کردارێـك یـان وتەیەك یـان هەڕەشـە پێکردنێـك لە چوارچێوەی پەیوەندی خێزانی دا لەسەر بنەمای هاوسەرگیری یان خزمایەتی تا پلەی چوار بنیاد نرابێت و ئەوانەی بەپێی یاسـا هـاتوونەتە نـاو خێـزان لەڕووی جەسـتەیی و جنسـی، دەروونـی، دارایی زیانیـان پـێ بگـات و مـاف و ئازادییـان سـنووردار بکـرێ، ئەمـن پـێم باشـە ئەو خـاڵە بەم شێوەیەی لێ بکرێت بۆ ئەوەی زۆر وردەکاری تێدا نەبێت و کورت بکرێتەوە و هەمان مەعناشـی هەیە، ئەنجامـدانی تونـدوتیژی خێزانـی هەر کارێـك یـان ئەنجامـدانی هەر کارێـك یـان ئەنجـام نەدانی کارێك کە هەڕەشەپێکردنی هەر یەکێکیـان ئەنجـام بـدرێت لەنـاو خێـزان کە ببێـتە هـۆی زیان گەیاندنی ماددی یان مەعنەوی لەسەر بنەمای هاوسەرگیری خزمـایەتی تـا پـلەی چـوار یـان ئەوانەی بەپێی یاسا هاتوونەتە ناو خێزان، خاڵی/٤ توندوتیژی دژ بە ئافرەت لەبەرئەوەی هەمـان ناوەڕۆکی خاڵی سێیەمی هەیە پێشنیار دەکەم ئەو خـالە لاببرێـت، پێـنجەم/ فەرمـانی پاراسـتن فەرمانی دەرکراو لەلایەن دادگا لە دانانی تاوانلێکراو لە شوێنی ئارام تاکو نەمـانی مەترسـی یـان

هەڕەشە، من پێشنیاز دەکەم فەرمانەکە بکرێتە بڕیاری دادگا، بڕیاری دەرکراو لەلایەن دادگا بەدانان و پاراستنی تاوانلێکراو لە شوێنێکی ئارام بە مەبەستی دڵدەدانیان تا نەمانی مەترسی و هەڕەشەکان و چارەسەرکردنی گرفتەکانیان، خاڵی (٦) فەرمانی دوورخستنەوە بکرێتە بڕیاری دوورخستنەوە، بڕیاری دەرکراو لەلایەن دادگا بە دوورخستنەوەی تۆمەتبار بە ئەنجامدانی توندوتیژی تاکو یەکلاکردنەوەی داواکە، من لێرە پرسیار دەکەم بڕیاری دوورخستنەوە واتا شتێکی مەتاتیە چۆن دووردەخرێتەوە ئەو کەسە؟ کەسێك سەرۆکی خێزانە ئەگەر توندوتیژی بەرامبەر بە خێزانەکەی خۆی تەهدیدێك یان توندوتیژیەکی کرد چی لێ دەکرێت بە چ شێوەیەك دووردەخرێتەوە؟ هەرچەندە لە خاڵی (٤) ماددەی (٧) خاڵی (٢) دەڵێت ئەگەر نەوجەوان بوو لە شوێنی نەوجەوانان ئەوە دەکرێ، بەڵام باسی لە غەیری نەوجەوانان نەکردووە، خالێکی تر بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، دوازدەیەم/ دادگا: دادگای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی دژ بە ئافرەت، پێشنیار دەکەم ئەوە بێتە پێش خاڵی شەشەم و حەوتەم لەبەرئەوەی دوای وان باس لە بڕیاری دادگا دەکات کەواتە لەڕووی تەسەلسولی ئەوە ڕێکترە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس دەست خۆش بۆ بەشدارییەکانت، مامۆستا احسان فەرموو.

**بەڕێز احسان محمد سليم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بسم الله الرحمن الرحيم، ب ڕاستی من دڤێتن ئەز چەند خاڵەکا بەحس لێ بکەم ... .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرچنار خان کاك هێڤیدار شوێنەکەی لێرەیە لەوێ دانیشت بوو، لیزا خان شوێنەکەی لێرەیە لەوێ دانیشت بوو، کاك نزار شوێنەکەی لێرەیە لەوێ دانیشت بوو، بێتە سەر عەدالەت کەسم لە خۆم پێ عادل تر نییە، وەرتان ئەگرم هەمووتان، فەرموو.

**بەڕێز احسان محمد سليم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ب دیتنا من ئافرەت پیرۆزیەکا مەزن ئافرەتیا هەی هەم د ئایینێ ئیسلامێ دای و د هەمی ئایینا دا، د کۆمەڵگێت کوردی دا پیرۆزیەکا یەکجار مەزنا هەی ئافرەتێ، بەلێ ئەڤ پرۆژە یاسایە ب هیچ شکلەکی نابینم مەفایەکی مەزن گەینیتە ئافرەتا کورد، بەلکی جیاوازی دبینم بینم ببیتە سەبەبی هەندێ پتر تەڵاق ل مەحکەما زێدە ببیت، بینم ببیتە سەبەبی هەندێ گەلەك ئاریشەیەت مەزنتر بێنە ڕیدان، بێتن ئەم پرۆژە گرنگ چارەسەریەکی ببینین، حەلەکا جوان ببینین کو ڤیان و مەحەبەت ناڤ بەینا ئافرەتی و پیاوی وە ناڤ بەینا خێزانێ خڕێ دا پەیدا بیت، نە بەس عقوبە بدەینە بەر و پیاوی وە لێ بکەین پیاو بچیت مەحکەمێ و ئافرەتا خۆ بەردا تەڵاق بەتەڤە، یادی ترێ خالا دی ترێ ژی براستی جهێ ئەسەفێیە د بینم هەلەیەکا دەستەیا سەرۆکایەتیێ کریە بەرامبەری لیژنا ئەوقافێ، چنکی مادام ڕەهەندەکی شەرعی هەیە ڤیابا ئەڤ بابەتە چووبات ناڤا لیژنا ئەوقافێ دا، لیژنا ئەوقافێ چەندین مامۆستا و یەت شەریعەتێ دناڤ دانە، ڤێ چووبا ڤێرێ هاتبا گەنگەشە کرن ئەڤ مشکیلە دناڤا هۆڵا پەرلەمانی دا چی نەبووبا، هەر تشتەکی نوکە بێ ڕەهەندەکا شەرعی هەبیت بچیتە دناڤا لیژنا ئەوقافێ دا نەهێتە خەبسە نەهێتە ناڤا ڤێرێ دا یادی تری ژی ب ڕاستی ئەز دەست خۆشیی ل ئافرەتا دکەم، یەعنی زۆربەی پەرلەمانتارێت

ئافرەت دژی ڤێ چەندێ بوون کو جیاوازی بکەن ئەڤ ناڤێ هەنێ ناڤەرۆکا کو ئەڤ پـرۆژە دژی ئافرەت بی، یەعنی کەلیما ئافرەت زێدە کری دناڤ خێزانێ دا چنکی ئـافرەت دناڤـا خێزانـێ دا و ئێك پارچەیەت خێزانێیە، نابیتە جیاواز کرن، دیتنا من ئەڤە هەنێ باشتر بیتن ئەڤ پرۆژە و هەر پرۆژەکی دی چنکی ب ڕاستی بڕاستی هەر وەکی مـن ئەڤ پـرۆژا خانـدی گەلەك گەلـك نـاکۆکیە دگەل شەریعەتێ ئیسلامێ، هیچ پارتەکا کوردستانی یان کەسەکی کوردسـتانی قەبیـل ناکـاتەڤە بەڵکی ڕەنگڤەدانا خراپتر دناڤ کۆمەڵگایی کوردی دا دێ پەیدا بیتن ئەگەر ئەم ل ڤێرێ موتەفـق نەبین کۆمەڵگایی کوردی کو زۆربەی مسولمانە کو چەوا قەبیل کەتـن ئەڤ هەنـدێ بـکەتە ناڤـدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك مسلم فەرموو.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا مـن بەخێرهـاتنی وەزیـرە بەڕێزەکـان ئەکەم، قسـەکەم لەسـەر مـاددەی (٢) خـاڵی (٣) کە لەڕسـتەی یەکەم دا هەر کردارێـك یـان وتەیەك یـان هەڕەشـە پێکردنێـك، لەڕاسـتیدا وتەیەك و هەڕەشـە پـێ کـردن هەر قسـەیە، یەعنـی بـۆیە مـن پێمـوایە دەسـتەواژەی وتەیەك کە لێـرە بەکارهاتووە تەفسیری جیاواز هەڵدەگرێ و من پێموایە ئەم دەستەواژەیە ئەگەر لانەبرێ دەبێـتە هۆکاری ڕێخۆشـکەری بـۆ دروسـت بـوونی یـاخود زیـادبوونی کێشـە کۆمەڵایەتییەکـان و گـرژی زیاتری خێزانی، بۆیە ئەم وتەیە تەفسیری جیاوازی بۆ دەکـرێ لێـرە لابـرێ زۆر باشـترە، لەخـاڵی چـوارەم دا پشـتگیری قسـەکانی بەڕێـز د.هەورامـان ئەکەم کە بەراسـتی جـۆری کـۆمەڵایەتی و زائیدەن وشەی ئافرەتیش لابدرێ، ئەندامانی خێزان بێتە شوێنی کە ئەمە یاسایەکی گشـتگیرە و پەیوەنــدی بە تەواوی ئەنــدامانی خێــزان هەیە، لە خــاڵی شەشــەم و حەوتەم و هەشــتەم و نۆیەمیش دا پشتگیری وتەکانی کـاك هێڤیـدار دەکەم کە بەڕاسـتی ئەم یاسـایە پەیوەسـتدارە بە تەواوی ئەندامانی خێزان هیچ جیاوازیەك دروست نەکەین لە نێوانی باوك و کوڕ و کچ و ئافرەت لە ماڵـدا، پێویسـتە وشـەی ئـافرەت لابـدرێ و تەنهـا ئەنـدامانی خێـزان و دەسـتەواژەی خێـزان بمێنێتەوە، کۆتا قسەشم لەسەر خاڵی شەشەمە بەڕێزان ئێمە کە ئەڵێین فەرمانی دوورخسـتنەوە بۆ کەسی سکاڵا لەسەر دەردەچێ، ئەو کەسە دووردەخرێتەوە، ئێمە ئەگەر بێین تەنها نموونەیەك بێنینەوە کەسێك یان باوکێك بەهۆی وتەیەکەوە کە لە زاری دەرئەچێـت یـان مەسـەلەن ئەتـوانم بڵێم بە ئەم دەستەواژەیەی وتەیە بە سوعبەت دەری ئەکـا لەمـاڵ دووری ئەخەیەیـتەوە، یەعنـی ئەم جۆرە تاوانبارە کە تۆ ناوزەندی ئەکەی بە تاوانبار لەپێش چاوی ئەندامانی خێزان ڕووشکێنی ئەکەی، دەستگیری ئەکەی، دووری ئەکەیتەوە، چۆن جارێکی تر ئامادەیە بچێتەوە ماڵەوە، بچێتە ناو ئەو خێزانە یەعنی چۆن ئەو ئاشتەواییە دروست دەکەیەوە بەڕاستی بۆیە ئێمە دەقیـق بـین لەوەیا هەندێك دەستەواژە هەیە کە بەکاری دێنین لەناو یاسا پێوستە وردبینی تێدا بێ، زۆر زۆر سوپاس دووبارە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان هیوادارم کۆی یاساکە بەیەکەوە ببینین، ئینجا موناقەشە بکەین، فەرمانی دوورخستنەوە لە سوڵتەی تەقدیری قـازیە، قـازی بڕیـار ئەدا، لەسـەر

وتەیەك كە باوكێـك بیكـات یـان ژنێـك بە رامـبەر بە كـوڕەكەی یـان كـچەكەی بیكـا یەكسـەر دوورناخرێتەوە، بەڕێزتان ئەزانن لەناوەڕۆكی یاساكە بە وازحی هـاتووە، پـێش ئەوەی كەیسـێك بچێـتە بەردەمـی دادگـا، دادگـا یەكێـك لە وەسـیلەكانی كە دەسـتی بـۆ ئەبـا فەرمـانی دوورخستنەوەیە وتمـان ئـێمە خەڵكێـك دادەنیشـێ و سـەنتەرێك هەیە بـۆ ڕێكخسـتنەوەیان بـۆ سوڵح پێ كردنیان، واتا ئەگەر سوڵحیان كرد و ئەو شتە بەسیتە بێ كە برای ئازیزمان كـاك مسـلم باسـی ئەكـا ئەسـڵەن نـاچێتە بەردەمـی دادگا، ئەم پێناسـانەی دانـراون بـۆ ناوەڕۆكێـك دانـراون فەرەزییە و حوكمی هەر بابەتێـك لەم پێناسـانە لەنـاو ماددەكـان دا بە وازحـی هەیە، دەسـەڵاتی تەقدیری قازی هەیە، قـازی ئەنـدامێكی ئەم كۆمەڵگایەیە، ئەزانـێ لەڕووی كـۆمەڵایەتیەوە ئـێمە چۆنین، لەڕووی قانونیەوە چۆنین تاوانێك ئەوەی كە لێـرە بە تـاوان ناسـراوە كەسـێك ئەنجـامی دەدا جەسـامەتەكەی قورسـاییەكەی هەڕەشـەكەی بـۆ سـەر خێـزان یـان بـۆ كەسـی تـاوانلێكراو چەنـدە؟ یەعنـی هەر كەسـێك كە بـڕوات شـكات بكـات یەكسـەر بڕیـار نـادرێ بـاوكەكە دووربخـرێتەوە، ئەو كەسـانە دوورئەخـرێنەوە كە مەترسـی لەسـەر ئەنـدامانی خێـزان دروسـت دەكەن، بەڵێ كاك سیروان فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٢) لەبەرئەوەی بڕگەكـان زۆرە بە پەلە ئەیڵێم، تەبـعەن لە وەسـفی خێـزان دا تۆزێـك هەم زیادەڕۆیی هەم كەم تەرخەمی تیا كـراوە، مـن بـۆ ئەوەی زۆر نەڕۆم لەسـەری كـاك هێڤیـدار باسی كرد، بەڵام دیسانەوە باسـی ئەوە ئەكەم خێـزان هەیە مەسـەلەن یەكێـك بە كـوڕی خۆیـان ئەزانن یان یەكێك بە كچی خۆیان ئەزانن یان شیریان خواردووە بە یەكەوە یان . یان.. لەویا لەو وەسفەیا تۆزێك دەقیق تر بچنە ناوی زۆر سوپاسیان ئەكەم، لە سێهەما دیسانەوە مەسـەلەن ئەو هیـنەی كـاریگەریەی كە ئەڵـێ هەر كردارێـك ئەمە باسـی تونـدوتیژی ئەكـا سـوپاس بـۆ ڕوونكردنەوەكە و بەڵام ئەمە لە حاڵەتێكی عەمەلی پراكتیك دا تەتبیق ئەكرێت بە شێوازێكی تـر ئەگەر خێزانێك یان كچێك یان ژنێك بچێ بۆ لای زابتی تەحقیق بڵێ توندوتیژیم بەرامبەر كراوە، یان ئەم یاسایە ئەخوێنێتەوە ئەڵێ چی بووە والله بـاوكم پێـی وتـم ئەو جـلە و لەبەرتـا ئەیـدڕم، ئەوە ئەچێتە باری هینی داراییەوە، یان موبایلەكەی شتێكی خراپی پێ كردووە، كچێكی چواردە ساڵە باوكەكەی لێی وەرئەگرێت و ئەیشكێنێ ئەمە نابێتە تاوان یان توندوتیژی، ئێستا ئێمە لێـرە پێكهاتەی خێزانێكین كە پێمان ئەڵێن خێزانێكی پەرلەمانتاری یان خێـزانە ئەوەی كە ڕووی یـا لە موناقەشەی بەینی هەمووومان دا تونـدوتیژی نەبـوو جیـاوازی ڕائەكـان بـوون، لە خێـزانێكیش دا ئەبێ یەكێ نوێژ كاو یەكێ نوێژ نەكا، ئێ خۆ ناچێتە خانەی توندوتیژیەوە، مـن وەك تـوێژەرێكی كـۆمەڵایەتی ئینجـا وەك پەرلەمانتـار هەزار حـاڵەت هەیە كە ئافرەتێـك چـووە بـۆ لای پـۆلیس وتوویەتی شكات ئەكەم مێردەكەم دەرگاكەی كـردووەتەوە هـاتووە لێـی یـاوم و وتـوویەتی بـڕۆ دوو شاهید بێنە ئینجا گوێت لێ ئەگرم، جارێ عەینەن مەفەر ئەی چی بكەین، نە ئەم یاسایە ئاوا درگای كراوە بێتەوە، نە ئەوەی كە محققێكیش بی بە كچەكە بڵێ برۆ دوو شاهیدم بۆ بێنە ئەگینا لە كوێی دنیا هەبووە پیاوێك بچێ لە ژنەكەی با و دوو شـاهیدیش بەرێ لەگەڵ خۆیـا بڵـێ وەرن شـایید بـم لەسـەرم ئەمە بـۆ خـاڵی سـێیەم نووسـیومەتەوە بە لیـژنەی بەڕێـزی ئەیەم، لە ٤ دا نووسـراوەتەوە تونـدوتیژی دژ بە ئـافرەت ئـا لێـرە هەر یاسـاكەتان یاسـاكە خـراوەتە خزمەتـی

ئافرەتانی بەڕێز کە مافێکی بێگومانی خۆیان هەیە، بەڵام ئیتر کوا خێزانێکی کە یەعنی ئافرەت پێك هاتووە لە ژن و پیاو و منداڵ و کوڕ و ئەمانە ئا لەویاشا زیایە، لە هەموو شوێنێکیشا نووسراوە ئەگەر بە خێزان بێ و ئافرەتان جیا کردۆتەوە ئایا ئافرەت خێزان نییە، ئافرەت هەیە مێردەکەی مردووە ژنەکە (رب الاسرة) یە، یەعنی ژن بووە بە (رب الاسرة) و ژنەکە پێوەری بەڕێوەبردنی ماڵەکەیە، یەعنی زۆر زۆر زیادەیە، من پێموایە گەیاندنی زیان لەڕووی جنسی و جەستەیی و دەروونی تەواوە، بەڵام دارایی ئێ باوکێك حەز ناکات کچەکەی بەو جلە ناشیاوانە لەبەربکات ئەڵێی ئەیدڕم لەبەرتا، ئێ ئەوە زیانی پێ ئەگا لە کاتێك کە ئەم باوکە خۆی ئەم جلەی کڕیوە ناچێتە قالبی توندوتیژیەوە، ئەچێتە قالبی نەسیحەت وئامۆژگاری و تێکنەدانی کۆمەڵایەتیەوە، لە (١١) کۆتایی بنکەی پاراستن و حەوانەوە، لە کۆتاییەکەی هاتووە ئەڵێ ئافرەتەکە یان ئەو کەسی زەرەرمەند بووە ئەیخەنە شوێنی پەنادانی قوربانیەوە، بەڵام هەندێك کەس هەیە پێی ناخۆشە بچێتە ئەوێ، ئەڵێ ئەچمە ماڵی خاڵم بۆ ئەوەی ئەو حاڵەتە نەبێت بە ویستی خۆی، چونکە لە دنیایا هەیە ویستی خۆی ئەو زەلامە ئەگەر (١٨) ساڵ سەرووتر بوو ویستی هەیە، خواستی هەیە، ئارەزووی هەیە، من ناچم بۆنموونە مەسەلەن ئەگەر (١٤ ـ ١٨) بێت بە سەرپەرشتە و دایك و باوکی لێی نەبن ئەبێ بچێتە خانەی نەوجەوانان، بەڵام ئەی ئەگەر (١٨و ١٩) بوو ئەڵێ من ناچمە ئەوێ، لەبەرئەوەی دڵم ناخوازێ، بەڵام ئەگەر ویستی خۆی تیا بوو ئەو کاتە مامەڵەیەکی لەگەڵ دا ئەکەن، زۆرسوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لە ماددەکانی دواوە تیایەتی ئەو بابەتە ئیختیارییە ئەگەر کەسوکارێکی هەبوو بیگرێتە خۆی ناچێتە ناو یەعنی بە ئیجباری نانێردرێت بۆ ئەو شوێنە، سەرچنار خان فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمەوێ سەرنجتان بۆ ئەوە ڕاکێشم من لە یاساکەیا یاسای ژمارە (٨) ی ساڵی ٢٠١١ دە ماددەیە ئەوەی دیقەتم دایە سەر تەنها ماددەی (٨) و ماددەی (١٠) هەموار نەکراوەتەوە، هەمووی لە ماددەی (١) ەوە ئەڵێ هەموار ئەکرێتەوەو بەم شێوەیەی لێ ئەکرێ، ماددەی (١) کە هی یاساکە بوو هەموار کراوەتەوە بە (١٢) بڕگە هێناویەتی ئێستا من قسە لەسەر هەنێ بڕگە ئەکەم یەکێك لەوانە بڕگەی دووەمە باسی خێزانە پێناسەی خێزانە ئەڵێ کۆمەڵێك کەسی سروشتین کە پەیوەندی خێزانی یان خزمایەتی تا پلەی/٤ دەیان بەستێتەوە لەگەڵ ئەوانەی کە بە یاسا هاتوونەتە ناو خێزان، ئاوای لێ بکرێت، کۆمەڵێك کەسی سروشتین کە پەیوەندی هاوسەرگیری چونکە هاوسەرگیری ئەساسی خێزانە، ناکرێ لە پێناسەی خیزان دا وشەی هاوسەرگیری لابرێ، ئەمەی بۆ زیاد بکرێت پەیوەندی هاوسەرگیری یان خزمایەتی تا پلەی چوارەم دەیان بەستێتەوە لەگەڵ ئەوانەی کە بە یاسا هاتوون، ئێمە لە یاسا دوو یاسامان هەیە، یاسای ریعایەی ئەحداسمان هەیە کە (قـم) هەیە ئەوانەی کە دایك و باوکیان نەیانویستووە، هێنراونەتە ناو قانون، یان نیزامی ژمارە/٣١ ساڵی ١٩٧٤ مان هەیە هی ئەحوالی مەدەنی (لقیت)مان هەیە کە یەتە ناو خێزانەوە ئەو دووانەمان هەیە بەس بۆ ئەوەی یەعنی ئەگەر ئەوەنە مەتاتی نەبێت یاساکان ئاوای لێ بکرێت لەگەڵ ئەوانەی کە بە یاساو شەرع هاتوونەتە ناو خێزان، یاسا و شەرع، مەبەستم لە شەریعەتی ئیسلامیە بەپێی ئەحکامی ئەوان هاتوون، ئەوەی بۆ زیاد بکرێ، بڕگەی/٣

کە پێناسەی توندوتیژی خێزانی کردووە هەر کردارێك یان وتەیەك یـان هەڕەشـەپێکردنیان لێـرە ئەمانە فعلـن ئەکرێـت و قەولـن ئەمـانە، بەڵام ئیمتنـاعیش جـاری وایە هەر تونـدوتیژی دروسـت ئەکات، ئیمتناع لەشتێك بۆ نمـوونە دایکێـك کە شـیر نـایەت بە منـاڵ دووسـاڵەکەی ئەوەش هەر توندوتیژییە بەرامبەر بەوە، لەبەرئەوە بڵێی یان لێ گرتنەوەیان، یەعنی ئیمتناعێکیش ئەوە زیـاد بکرێ لەچوارچێوەی پەیوەندی خێزانی دا کە لەسەر بنەمای هاوسەرگیری یان خزمایەتی تا پلەی چــوارەم بنیــاد نرابــێ، ئەوانەی بە پێــی یاســا و شــەرع ئەمەشــی لێــرا بــۆ زیــاد بکرێــت بەو ئیشکالیەتەی پێشوو کە باسکرابوو دروست نەبێتەوە، لەڕووی جەستەیی و جنسی و دەروونـی دا کە زیانیان پێ بگەیەنێت، لێرا کۆتایی پێ بێـت ئەو مـاف و ئازادییـانە سنووردار بکـرێن ئەوە لابرێت، پێویست ناکات، بڕگەی (٤) هەر لابـرێ، چـونکە تونـدوتیژی دژ بە ئـافرەت ئـێمە کاتێـك باسـی تونـدوتیژی خێزانـی ئەکەیـن ئـافرەتیش گوتمـان بەشـێکە لە خێـزان و داوای ئەکـرێ کە لابراوە، پێویست ناکات تۆ هەموو لەویا فعلەکەیش و ئیمتناعەکەشی هێناوەتەوە لە خێزان دا بۆ ئـافرەتیش ئەگەڕێـتەوە هەم بـڕگەی/٤ زیـایە و لابـرێ، بـڕگەی (٥) فەرمـانی پاراسـتن، فەرمـانی دەرکراو لەلایەن دادگا یان دادوەر، چـونکە ئەمـانە لە مەحـکەمەی تەحقیـق دا دادوەریـش ئەبـێ فەرمان دەربکات، دادگا دادگای موختەسە، دادگای تایبەتمەنـدە، بەڵام دادوەر سـەرەتا کەیسـەکە ئەچێـتە بەردەم دادوەر ئەوە دادوەری بـۆ زیـاد بکـرێ بە دانـانی تـاوانلێکراو ئەوە، بـڕگەی (٦) فەرمانی دوورخستنەوە، فەرمانی دەکراو لەلایەن دادگا یان دادوەر دیسان بـۆی زیـاد بکـرێتەوە، بـڕگەی (٧) بەڕێـوبەرایەتی گشـتی ئەوە دژ بە ئـافرەتەکە لابرێـت، پێویسـت ناکـات، هەشـتەم/ عەینەن شت دژ بە ئافرەت لابرێت، نۆیەم/ نووسینگە ئەوەش دژ بە ئـافرەت لابـرێ کە سـەر بە بەڕێوبەرایەتی توندوتیژی دژ بە ئافرەت ئەوەش لابرێ، بڕگەی (١٠) ناوەندەکانی ڕاوێژی خێزانی ناوەنـدی تایبەتمەنـد بەو پرسـانەن کە لەلایەن دادوەر یـان دادگـاوە دیسـان دادوەری بـۆ زیـاد بکـرێتەوە، بـۆ ئاشـتکردنەوەی تـاوانلێکراو ئەو تـۆمەت بـار پێشـکەش کردنـی ڕاوێـژی خێزانـی پاڵپشت بە داواکاری زیانلێکەوتوو ئەگەر زیان لێ کەوتوو ئەگەر لێرا بکرێ بە سـکاڵاکەر باشـترە، چونکە جاری واهەیە زیان لێکەوتوو منـاڵە نـاتوانێ تەڵەبـی ئاشـتبوونەوە بکـات، ئەو ڕاوێژکـاری خێزانی بکات و چۆن لەویا ئەوە حەلەکەی ئەگەر لەناو مەحکەمەیا بی، لەڕووی کارگێڕیەوە سەر بە وەزارەتـی نـاوخۆ بێـت، وانـازانم لە ئیختساسـی وەزارەتـی نـاوخۆ بێـت ناوەنـدی ڕاوێژکـاری خێزانی بەڵکو لەڕووی کارگێریەوە سـەر بە وەزارەتـی کاروکاروبـاری کـۆمەڵایەتی بـێ هەروەکـو چۆن ماددەی (١١) لەڕووی کار و کـارگێرییەوە سـەر بە وەزارەتـی کـارو کاروبـاری کـۆمەڵایەتییە، بنکەی پاراستن و حەوانەوە بەهەمان شێوە ناوەندی ڕاوێژکـاریش هەر سـەر بە وەزارەتـی کـارو کاروباری کۆمەڵایەتی بێ، بڕگەی (١٢) دادگای بەرەنگـاربوونەوەی تونـدوتیژی خێزانـی ئەو دژ بە ئافرەتەی بۆ لابرێت و سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك دیاری فەرموو.

**بەڕێز دیاری انور حمەرحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنـاوی خـوای گەورە، گرنگـی دانـانی یاسـا لە کـاتی پێداویسـتیایەتی، ئـێمە یاسـای تونـدوتیژی خێزانیمــان هەیە، هەمــوارکردنەوەی ئەم یاســایە و هێنــانی ئەم یاســایە پرســیارێکی جــدیی

ئەوروژێنێت هۆكارەكی چییە؟ ئامانجەكەی چییە؟ دەتوانێ چی لە كێشەی خێـزان و ئـافرەت لە هەرێمی كوردستان كەم بكاتەوە، ئایا ئەم هەمواری یاسـایە دەتـوانێ ژن كوژەكـان یـان دیـاردەی ژن كوژی لە هەرێمـی كوردسـتان نەهێڵێـت؟ بازرگـانی كـردن بە ئـافرەت لە هەرێمـی كوردسـتان نەهێڵێت؟ هەمـوو ئەوەی كە لەم هەرێمـی كوردسـتانە بەرامـبەر بە ئافرەتـان وبە ژنـان ئەكرێـت چارەسەری بكـات؟ ئەمە یەكێك لە پرسـیارە گرنگەكـان، پرسـیارێكی دیـكە هەر بەڕاسـتی ئەگەر باوەڕتان بە دیموكراسی هەیە و باوەرتان بە جێندەر باڵانس هەیە ئەكرێ پێم بڵێن لە كـوێی ئەم هەموارەیـا مـاف و حەقـی پیـاو باشـە هـی جێنـدەری بەرامـبەر بـۆ نمـوونە پـارێزراوە و حەقـی پێدراوە؟ باشـە ئەگەر پیاوێـك بـۆ نمـوونە تونـدوتیژی كـرد دووردەخـرێتەوە و دەبێـت خەرجـی خێزانەكەیـی و منداڵەكانیشـی بـدات، ئەی ئەگەر پیاوێـك بـۆ نمـونە تونـدوتیژی بەرامـبەر كـرا و دەركرا ئەم پیاوە چی لێدەكرێت؟ چۆن تەعـامولی لەگەڵدا دەكرێـت لە كاتێكـدا خـانووەكەیی و مـاڵەكەی هەمـوو ئەملاكاتەكـانی رەنـگە دەسـتی بەسـەردابگیرێت؟ ئەمە یەكەم، خـاڵێكی دیـكە ئەوەنـدەی لێـرە تەركیـز كـراوەتە سـەر وشـەی ئـافرەت كە ئەمە دووبـارە لێـدانە لە پرۆسـەی دیموكراسی، دووبارە لێدانە لە جێندەر باڵانس، بۆ نمونە ئەی ئەگەر كـوڕێكی بۆنمـونە منـداڵێكی كوڕ ئەم هینانەی بەرامبەر بكرێت چارەسەری چییە؟ ئەی پیاوێك بۆنمونە ئەگەر شـوێنی نەبـوو، مەكـانی نەبـوو نـازانم چـی نەبـوو ئەمـانە چـۆن تەعامولیـان لەگەڵدا دەكرێـت، بـابەتێكی دیـكە هیوادارم ئێمە كۆمەڵگایەكی موسوڵمانین بەڕێز سـەرۆكی پەرلەمـان ئێـوە بۆخۆتـان دەزانـن ئەو بابەتە پەیوەندی بە موزایەدەوە شـتێكەوە نیـیە، یەعنـی بەشـێك لە بنەمـای تەشـریعی شـەرع و عورفە، ئەكرێ پێم بڵێن لەكوێی ئەم یاسایەیا، بۆ نمونە ئەم هەموارەیـا رێـز یـان گـوێ لە شـەرع گیراوە لە عورف گیراوە، هەر بەراستی لەناو كۆمەڵگـای ئـێمەدا دایـك و بـاوكی هەمووكـان كەی هەبووە باوكمان لە دایكمان تـوڕە بێـت و دایكمـان بـڕوات پـۆلیس بێنێـت و باوكمـان بگیرێـت و دووربخرێتەوە نـازانم ئەوە و ئەوەی بەرامـبەر بكرێـت ئەمە خاڵێـك، بـۆیە ئەمە هەنگـاو دەنێـت بەرەو لێكترازانی خێزان و كۆمەڵگای كوردی...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لەسەر پێناسەكان چیت هەیە؟

**بەڕێز دیاری انورحمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەسەر پێناسەكان هەموو شتێك ئافرەتی پێوەیە، بۆ ئەوەی لەسەر كۆی پـڕۆژە یاسـاكە جـارێكی دیكە دوو سێ شتی گرینگ هەیە كە بكرێت بەتایبەت لە ماددەی دووەم بۆیە بۆ هەمووی دەیڵێم جێندەر باڵانس بپارێزرێ، كە چۆن بڵێین شوێنی حەوانەوە بۆ ئـافرەت بـۆ خوشـكەكانمان دابـین دەكرێـت بەهەمـان شـێوە ئەو مـاف و ئیمتیازاتـانەی پێـدراوە ئەو حەقـانی پێـدراوە دەبێـت بـۆ پیاوەكانیش هەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم وشەی ئافرەتە بەراستی دروستكردن و زەق كردنەوەی جیاوازییە لێدانە لە دیموكراسی، تكا دەكەم تكا دەكەم چـۆن لەكـاتی پـرۆژە یاسـای لەبـاربردنی منداڵدا پڕۆژە یاساكەمان وەستاند گفتوگۆكەمان وەستاند تاوەكو پرسمان بە لیـژنەی فتـوا كـرد، تكا ئەكەم خۆ ئەو پـڕۆژە یاسـایە ئەگەر ئەمـڕۆش دەرنەچێـت هەفتەیەكـی دیـكەش بێـت هـیچ كێشەیەك نییە، با هەفتەیەكی دیكە بێت و رای لێژنەی فتوا بزانین، ...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئیتفاقمان كردووە.

**بەڕێز دیاری انور حمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەی ئیتفاقەكەی ئێوە خۆ نەصی قورئان نییە، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان ئەگەر ئەوەی من نامەنتقییە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئیتفقمان كردووە لەگەڵ لیژنەی فتوا، ئیتفاقمان كردووە بینێرین.

**بەڕێز دیاری انور حمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من نمونەت پی دەڵێم لەكاتی لەباربردنی منداڵدا پرۆژە یاساكە ئێمە وەستاندمان ناردمان بۆ لیژنەی فتوا، ئێ ئێستا خۆ چی دەبێت بۆ ئەوەی...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێ وتمان تۆ لێرە نەبووی بیدایەت.

**بەڕێز دیاری انور حمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لێرە بووم بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، ئەوە ئێوە بوون وتتان چارەكێك و دوو سەعات هاتنەوە، بەس من لێرە بووم، هەردوو جارەكە لێرەبووم، ئەڵێ دوای خوێندنەوەی دووەم، لەخوێندنەوەی سێیەما.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە زۆر سوپاس، تۆ چوویت بۆ حەج دەبێ زۆر ئارامتربیت، هەندێ ئارامتربە، لەسەرخۆتربیت باشتر گوێت لێ دەگیرێت دڵنیا بە، وەك چۆن گوێمان لە (سەرچنار) خان گرت، (د.اسماعیل)، فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەز لگەل تێبینێت خوشكا (سەرچنار)م، پشتەڤانیا كاك (دیار) دكەم، پشتەڤانیا وان تێبینیا دكەم ئەگە ربخوازی بێژم، ئەگەر ناخازی ژی دووبارە ناكەم، بەس ئەو تێبینێت خوشكا (سەرچنار) گووتی گرێدای خالا دوێ تەعریفا خێزانێ كا چ گووتییە هاوسەرگیری بێتە ئزافەكرن، پێدی ژی كە بە یاسا و شەرعی ئیسلام مەخصەد بشەرعی ئیسلامە هەر جهەكێ ئافرەت لێهاتبیتن مەفروزە ئەو نەمینێت دا بزانین كو ئەڤە یاسایەكا گرێدای خێزانێیە، پاراستنا خێزانێ دكاتن خێزانێ پێشڤەدباتن هەر خالەك هاتبیت ژخالا یەكێدا حەتاكو خالا دەهێدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس كاك دكتۆر، (خدیجە) خان، فەرموو.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیم هەیە لەسەر بڕگەی سێیەم کە باسی پێناسەی توندوتیژی خێزانییە، سەبارەت بە وشەی وتەیەك منیش هاوڕام لەگەڵ ئەو بەڕێزانەی کە باسی ئەوە دەکەن ئەو وتەیە لەوانەیە زۆر بە رەهایی هاتووە، ئیحتماله مەشاکیلەکان زیاتر قولتر بکاتەوە ببیتە هۆی ئەوەی کە ئەوراقی زیاد ببن لە مەحکەمەکان لە بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژییەکان ئەوانە پێم وایە دەکرێت وشەیەکی تردابنێین، هەروەها کە باس لەو دەکاتن دەڵێت (هەرەشەپێکردنیان لەچوارچێوەی پەیوەندی خێزاندا کە لەسەر بنەمای هاوسەرگیری یان خزمایەتی تا پلەی چوارەم بنیاد نرابیت ئەوانەی بەپێی یاسا هاتوونەتە ناو خێزان) ئەوە هەتا ئێرە پێناسەی خێزانە کە لە بڕگەی دووەم کراوە، یەعنی چ پێویست دەکات دووبارە ئەو پێناسەیە لێرە باس بکەینەوە، بۆیە پێشنیاز دەکەم کە ئەم پێناسەیە بەم شێوازەی لێبکرێت ( هەر کردارێك یان دەست درێژییەك یان هەرەشەپێکردنیان لە چوارچێوەی خێزان لە رووی جەستەیی و جنسی و دەروونی یان دارایی زیانیان پێبگەینیت و ماف و ئازادیان سنووردار بکات)، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (چیا)، فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو تێبینی هەبن، تێبینیا یەکێ ژلایی کاك (هێڤیدار)ی هاتیە بەحس کرن براستی من خال هەبوو کو ئایا ئەڤ پڕۆژە یاسایە بۆ ئافرەتێ یان بۆ خێزانێیە؟ پێتڤیا بێتە یەکلاکرن، ئەز پشتەڤانیا رەئیا کاك (هێڤیدار)ی و ڤان (ئاشنا) خانی دکەم، هەروەسا خالا دوێ جەنابێ وەزیرێ ناڤخۆش لڤێرێیە بنکەی پاراستن و حەوانەوە ئەڤ بنکەش کارگێری سەر وەزارەتا کارو کاروباری کۆمەڵایەتییە، بەلێ ژناحیا پاراستنێ ڤە سەر بە وەزارەتا ناڤخۆیە، چونکی پۆلیسێن وەزارەتا ناڤخۆ ڤان بنکا پارێزن، من پێباشە وەزارەتا ناڤخۆ بۆ پاراستنێ بێتە لێ زێدەکرن، هەروەسا خالا یا دی ژی دەرکردنا فەرمانێ ژلایێ دادگەهان وەکو (سەرچنار) خانێ پشتەڤانیا وێ رەئیێ دکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزت، کاك (عباس)، فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٢)، لە بڕگەی دووەمیان من پشتیوانی رەئیەکەی (سەرچنار) خان دەکەم، بۆ نمونە ئێمە باسی خێزان دەکەین بۆیە پێویست ناکات پەیوەندی خێزانی یان خزمایەتی، مادەم وایە خێزانیەکە بکەینە هاوسەرگیری، مەسەلەی شەرعیش لەگەری دەین، لەبەر ئەوەی ئێمە پەیوەندییەکی بەهێزمان لەگەڵ مەسەلەی شەرع و دین هەیە، عورفەکانی هەیە، ماددەی (٣) مەسەلەی وتەیەك یان هەرەشەیەك، وتەکە لابدرێت بەراستی، چونکە یەعنی ئەمە زۆر تۆخ دەکرێتەوە لەسەر تۆ هەر قسەیەك بکەی بەراستی سبەینێ بڕێن ئەم قسەیەی کردووە و دە شایەدت بێننە سەر، ئەمە لابدرێت من رەئی خۆمە، مەسەلەی داراییەکەش بەراستی لە وڵاتی

ئێمە دارایی کێشەیەك دروست دەکات لەنێو خێزاندا، دارایی چۆن دابین بکەین؟ خێزان هەیە لە وڵاتی ئێمە ناتوانێ هەموو پێداویستی و داواکاریەکانی خێزانەکەی بۆخۆی دابینی بکات نەك بۆ خێزان، بەراستی داراییەکە من پێم وایە زیادە لێرانە، ئەوەشیان پێویستە لایبدەین، ماف و زیان پێگەیاندن و ماف و ئازادییەکان سنووردار بکات، نازانم ئەم بابەتەیان یەعنی چی؟ سنووردار بکات نا، بەڵام ماف و ئازادییەکانی پێشێل بکات، بەڵام سنوورداری بکات ئێ والله لە موجتەمەعی کۆمەڵگای کوردەواری ئێمە بەراستی هەندێك شت هەیە بۆتە عورف و عادەت، عەیبەیە یەعنی بۆی سنووردار بکات برێ وەڵا ئەگەر تۆ نابێت مەسەلەن خێزانت لەوانەیە لەچەك لەسەر بکات برێی دەبێ لەسەری بکەی بچێ شکاتی لێبکات، ئەمە پەیوەندی بە خێزانییەوە هەیە، ئەوەندە تۆخی نەکەینەوە ئەو بابەتە، بڕگەی چوارەم پێویست نییە لەبەر ئەوەی بڕگەی سێیەم بەراستی من پێم وایە چوارەم هیچ زەرووریەت نییە هەر تێیدابمنێت ئەو بڕگەیە، چونکە هەمان شتە بە دووبارە، بەڵام توندوتیژی ئافرەتە، ئێمەش هەموومان تەقریبەت بە کۆی فراکسیۆن و ئەندامان کۆکین لەسەر ئەوەی مەسەلەی ئافرەت لە بابەتەکە لابدرێت، شەشەمیان فەرمانی دورخستنەوە نازانم دورخستنەوە یەعنی چی، بەراستی ئەمە هەر لە کێشە کۆمەڵایەتییەکان بیستوومە پێی برێی کاکە مارت مەینەوە ئێرە هەتاوەکو کێشەکە حەل دەکەین، ئەمە لە شتی قانوونیا نییە، یان دەیگری یا ئازادی دەکەی، ئیتر دوورخستنەوە بەراستی زیادە من پێم وایە لەم بڕگەیە، مەسەلەی دژ بە ئافرەتەکان لە حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم ئەمانە لابدرێت پێویستە، مەسەلەی دوازدەمیش بەراستی ئێمە زۆربەی یاسایەکان دەڵێین دادگای تایبەتمەند، نازانم وەڵاهی دادگای تایبەتمەند نە دایدەنێین، نەپێمان دادەنرێت، نە ئەو حکومەتە پێی دادەنرێت، ئیتر بۆ لێرە بارگرانییەك دروست بکەین یەعنی جێبەجێی ناکەین، دادگامان هەیە لەم وڵاتە ئیتر پیاو غەدری لە ژن کرد، ژن غەدری لە پیاو کرد منداڵ لە بابی کرد، باب لە ئەولادی کرد با بچێت لە مەحکەمە شکاتی لێبکات و ئەو قانوونەی لەسەر جێبەجێ بکرێت، من پێم وایە تەواوە، دەست خۆش، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (علی حمە صالح)، فەرموو.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، دیسان پرسیارێك ئاراستەی جەنابت دەکەم بە حوکمی سەرۆکی پەرلەمان، بە حوکمی پسپۆریت لەبواری قانوونی بە هەردوو حوکمەکە هیچ فەراغێکی قانوونیمان هەیە ئێمە بۆ ئەو حاڵەتانەی کە کراوە؟ چ قانوونی عقوبات، چ ئەو یاسایە کە ئێستا بەرکارە، بە دڵنیاییەوە نیمانە، پاشان هەندێك شت هەیە یەعنی لەو وڵاتانەی کە قیممەی گەشەکردنیشن ئێمە زۆر زیادەڕەویمان تیا کردووە، هەر کردارێك یان وتەیەك یان هەڕەشەیەك ئەمە لە منداڵەوە دەیگرێتەوە بۆ ژن بۆ کچ بۆ کوڕ بۆ باوك لە حاڵەتی وا تەواو تەواو، ئێمە ئێستا دۆخی کۆمەڵایەتی کوردستان لە شپرزەبییایە دەگاتە قۆناغێك کە من دەزانم هەموو حاڵەتەکانم خوێندۆتەوە لە ماددەی (١٤) کە توندوتیژی چییە، بۆ خاڵی چوارەم (١١،١٢،١٣،١٤) ئەمە تەفسیری ئێجگار زۆر هەڵدەگرێت توندوتیژی چییە، ئەصڵەن بەشێکی زۆر شایەدی دەوێت ئەو شایەدە هەر نییە لەو شوێنانە، چۆن دەیسەلمێنی ئەمە توندوتیژییە؟ پاشان مەسەلن منداڵمان هەیە

هەمووماڕ لە حاڵەتی (١٥) ساڵی بە کوڕەکەم دەڵێم نابێ فڵان ڕەفتارە بکەی دەیکات، دەڵێم نابێ بیکەی، دەیکا، حاڵەتی سێیەم دەڵێم ئەگەر بیکەی، هەڕەشەی لێدەکەم، بۆی هەیە ئەمە بڕوا سکاڵا بکات، دوای حاکم قەرار بدا یان من دوور دەخاتەوە یان ئەو دوور دەخاتەوە، ئەمە پێک هێنانەوەی خێزانە یان تێکدانی خێزانە؟ یان تێکدانی شیرازەی کۆمەڵایەتییە؟ پاشان من دەپرسم توندوتیژی دارایی یەعنی چی؟ مەسەلەن من نەبوونم ژنەکەم داوای شتێکم لێ دەکات، یەکێ نەبوونە ژنەکەی داوای دەکات، یەعنی ئەمە من دەزانم حاڵەتی مەحکەمەکانی ئێمە ئەگەر هەموو ئەمانە باس بکەین واقعی کۆمەڵایەتی ئەم دۆسیانە هەمووی بڕوات بۆ مەحکەمە، من خۆم دۆسیەم هەیە لە دادگا تەشهیرە مەسەلەن دووساڵە یەکلا نەبۆتەوە، دادوەرەکان، دۆسیەکان، ئەم هەموو دۆسیە ئاڕاستەی مەحکەمە دەکەین ئەوەی هەمانە و نیمانە شیرازەی کۆمەڵایەتییە، بە واقعی وڵاتە عەرەبییەکان بە ئێران، بە تورکیا، کۆمەڵگای کوردی لە تۆپایە، ڕاستە چەند ئافرەتێك دەکوژرێت هەمووماڕ دژین، وەك چۆن پیاویش دەکوژرێت دژین، زەق کردنەوە ئەو کۆمەڵگا رووخا ژن دەکوژێ ئەمە باش نییە، دوو ئەمە هانمان دەدات منداڵەکانیشمان ئەوە نییە لە ئەوروپا دەڵێن شتێك دەبێت تەلەفون بکە بۆ پۆلیش یان پیاوەکە جیادەکەنەوە یا کاکە وقعی کۆمەڵایەتی ئێمە بەرگەی ئەوە ناگرێت، شتێکی تر دەڵێم بەو واقیعەی هەیە لە چاکسازییەکان منداڵ هەیە لەسەر دزییەك گیراوە کە بنێش یان پاکەتی دزیوە دەزانی لە نەوجەوانان تووشی چی بووە؟ تووشی حاڵتی زۆر خراپتر بووە، واتە چاکت نەکرد، خراپت کرد، من پێم وایە دەست بۆ ئەم بابەتانە بردن لێکەوتەی زۆر خراپی هەیە، هەر بۆ ئێستا نییە، بیرکەرەوە (١٥) ساڵی دیکە ئەم کۆمەڵگایی چیلێدێت؟ گەنجێکی (١٨) ساڵ دەڵێ مەڕۆ بۆ کافتریا، نێرگەلە ئەترسم مدمن بی، چوار جار رێت پێدا هەڕەشی لێدەکەی، باوك هەیە لە حاڵەتێکدا ئینفیعال دەکات زلەیەك دەدات لە منداڵ ئەمە بووە، ئیتر دەبێت ئەمە ئیتر خێزان جیاکەینەوە، ژن جیابێتەوە، دوو ئەی پێکەوە ژیان یەعنی چی؟ یەعنی ئەگەر من بە ژنەکەم بڵێم واقعی کۆمەڵایەتی ئێمە وایە تۆ بۆنمونە بەشداری کاری سیاسی مەکە، ئەمە دەبێت بە تێگەیشتن قەناعەتم پێبکات دروستە یان بچێتە مەحکەمە ببێتە شکات و شکاتکاری لە ماددەی (٤) باسی دەکات، ئەمە بۆ بزنسێکیش دروستە کە باسی دەکات، بۆ دۆخی داراییش دروستە، زەقکردنەوەی ئەمانە، کێشەی ئێمە ژن کوژییە بە دەرەجە یەك، هیچ فەراغێکی قانوونیمان هەیە؟ نەخێر، ئەمە خەڵکن داڵدەی ژن کوژەکان دەدەن، لەبری ئەمە بڕۆن یاسا بەرامبەر ئەوان جێبەجێ بکرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دەستت خۆش بێت، (ڕوپاك) خان، فەموو.

**بەڕێز ڕوپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای ئەوەی پشتگیری لە قسەکانی کاك (علی) دەکەم، نمونەیەکی زیندوو دەمەوێت باسی بکەم لەگەڵ (بدریە) خان لە چوارچێوەی بەدواداچوونمان بۆ شەڵتەرەکان سەردانی شەڵتەرمان کرد لەسەر کەیسێك کە من لەبەر ئەوەی کە بەپێی ماددە (٢) لە بڕگەی سێیەم بۆیە ئەو نمونە دێنمەوە کە دەڵێ وتەیەك، لە شەڵتەر کچێکی لێبوو کە قوتابی زانکۆ بوو لەبەر ئەوەی کە وەرزی خوێندن تەواو ببوو هاوین بوو دەبوو بگەڕێتەوە ماڵی خۆی خانەوادەی پەیوەندییان پێوە

کردبوو کە بگەڕێتەوە رازی نەبووە بگەڕێتەوە بۆیە چۆتە شەڵتەر، ئێستا کێشەکەی ئەوەندە گەورە بووە بە کەس چارەسەر نابێت، چونکە نەباوك، بۆ نمونە ئەوە قبوڵ دەکات بێ ئەوەی هیچ کێشەیەکی کۆمەڵایەتییان هەبێت کچی بچێتە شەڵتەر و عورفی کۆمەڵگامان قبوڵ ناکات، لەسەر ئەوەی بە یاسای (٢٠١١) یاسای توندو تیژی خێزانی رێی پێداوە و دورخراوەتەوە و خۆی دوورخستۆتەوە، بۆیە لە بڕگەی سێیەم هەر کردارێك یان وتەیەك، وتەیەك لابدرێت چونکە بوعدی خراپی لێدەکەوێتەوە، چونکە ئێمە یاسا کە دەردەکەین لە ئەسنای جێبەجێکردن ئینجا دەزانین چ کارەساتێك روویداوە، ...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ (روپاك) خان لەسەر ماددەکان چیت هەیە، لەسەر پێناسەکان.

**بەڕێز روپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

توندوتیژی خێزانی هەر کردارێك یان وتەیەك، وتەیەك لابدرێت، هەروەها هەر بۆ ئەوە پشتگیری کاك شێخ (ظاهر)، کاك (عباس)، کاك (مسلم) دەکەم، لە چوارەم توندو تیژی دژ بە ئافرەت کە ئەگەر ئەو ماددەیە لابدرێت کە پشتگیریشی هەیە باشە، کە لانەدرێت جۆری کۆمەڵایەتی لەو یاسایە لە هەمووی بسڕێتەوە نەمێنێ، هەروەها لە بڕگەی دووەم پشتگیری لە پێشنیارەکەی (سەرچنار) خان دەکەم، لە کوێ دژ بە ئافرەت هاتبێ لە بڕگەکانی دیکە پشتگیری هەر لەو بەڕێزانە دەکەم کە باسیان کردووە لابدرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەی قولین ئەو فعل من بڕواناکەم لیژنەی تایبەتمەند لەخۆیەوە هێنابێتی، توندوتیژی بە قسەش دەکرێ، ئەمە کە ئێستا لێرە هاتووە لە قانوونە کۆنەکە هەیە، چەند ساڵە ئیشی پێدەکرێت، تەنها ئیعادەی سیاغە کراوەتەوە، شتێکی تازە نییە ئەم لیژنە بەڕێزە یان ئەو بەڕێزانەی پێشکەشیان کردووە هێناویانە، ئەگەر فعلەن توندوتیژی نییە و هیچ مشکیلەیەك نییە بەڕێزتان ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان سێ یاداشتتان بە ئیمزای خۆتان بۆ ژن کوژی، توندوتیژی بەرامبەر بە ژن داوە بە سەرۆکایەتی پەرلەمان داوای دانیشتنی پەرلەمانتان کردووە لەو بارەیەوە، ئەگەر فعلەن نییە ئەی بۆچی ئێوە مادەم داواتان کردووە دانیشتنی پەرلەمان، ئەگەر توندوتیژی نییە بۆچی داواکراوە دانیشتن بکرێت، دانیشتنەکەشمان ئەنجامدا، لەبیرتان چۆتەوە، بەڵێ (مژدە) خان، فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، ئەم یاسایە ئومێدەوارم دەرنەچێت، ئومێدەوارم ئەوانەی کە زۆر توندن لەسەر ئەوەی کە ئەم یاسایە دەربچوێنرێت هیوادارم بڕیارەکەیان بگۆڕن، دەست بردن بۆ ئەم یاسایە دڵنیام لێکەوتەی خراپی دەبێ، بۆی هەیە زۆرێکمان ئێمە وەکو پەرلەمان تووشی عەزابی ویژدان بین چونکە بەشێك دەبین لە تێکدانی خێزان، چونکە ئێمە دەرمان چواندووە، ئەگەر بێت و ئەو یاسایە لێژنەی فتوا رەتی کاتەوە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئێستا ئێمە مناقەشەی دەکەین ئەگەر هاتوو لێژنەی فتوا رەتی کردەوە ئێمە چی دەکەین دووبارە مناقەشەی دەکەینەوە یان ئەوەیە کە ئێمە ئیشی پەرلەمان و پەرلەمانتاران بێ رۆڵ دەکرێت،

هوادارم وەڵامێکتان هەبێت بـۆی، مـاددەی (٢)، دووەم خێـزان بـریتییە لە کـۆمەڵە کەسـانێك کە پەیوەندی خێزانی لەسەر بنەمای هاوسەرگیری یان خزمایەتی تا پلەی چوارەم دەیان بەستێتەوە لەگەڵ ئەوانەی کە بە یاسـا هـاتوونەتە نـاو خێـزان، لەسـەر بنەمـای خێزانـی بـۆ زیـاد بکرێـت، سـەبارەت بە خـاڵی سـێیەمی، مـاددەی دووەم تونـدوتیژی خێزانـی هەر کردارێـك یـان هەرەشەپێکردنێك، بەو شێوەیەی لێبکرێت، ئەو وشەی دارایـی لابرێـت هەر لە خـاڵی سـێیەمدا، سەبارەت بە خاڵی چوارەم بە تەواوەتـی لابـدرێت چـونکە زۆربەی پێشـنیارەکان لەگەڵ ئەوەدان توندوتیژی وشەی دژ بە ئافرەت لابدرێت بۆیە پێناسەکەی زەروور نییە و یاساکە درێژ دەکاتەوە، سەبارەت بە خاڵی پێنجەم کە دەڵێ فەرمانی پاراستن، فەرمانی دەرکراو لەلایەن دادگا بە دانانی تاوانلێکراو لە شوێنێکی ئارام، ئەو شوێنە ئارامە دەبێت روونکردنەوە بدرێ یان پێناسە بکرێ یان شوێنێکی حکومی بێت، مەفروزە بۆی زیـاد بکرێـت، شـوێنی ئـارام نـاڕوونە، سـەبارەت بە خـاڵی شەشەم فەرمانی دورخستنەوەکە کە دەڵێ فەرمـانی دەرکـراو لەلایەن دادگـا بە دورخسـتنەوەی تۆمەتبار، ئەو شوێنە کوێیە؟ یەعنی دووردەخرێتەوە بۆ کوێ زیندانی دەکرێ یان بـۆ؟ سـەبارەت بە خـاڵی حەوتەم ئەویـش دژ بە ئـافرەتەکەی لابرێـت، خـاڵێ هەشـتەم بە هەمـان شـێوە دژ بە ئـافرەتەکەی لابـدرێت، نـۆیەم بە هەمـان شـێوە، عەفـوو سـەبارەت بە بـڕگەی حەوتەم کە دەڵـێ بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی لەخـوارەوە بەڕێـوەبەرایەتی هەیە ئەو پێناسـەی بەڕێـوەبەرایەتییە گشتییە پێم وایە بەس زیادەیە، هاوشێوەی خاڵی هەشتەمە، سـەبارەت بە خـاڵی یـازدەم بـنکەی پاراسـتن و حەوانەوە ئەویـش دژ بە ئـافرەتەکەی لابـدرێت، دوازدەیەمـیش ئەویـش بە هەمـان شێوە دژ بە ئافرەتەکە، پشتیوانی قسەکانی (روپاك)خان، (سەرچنار) خان دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (مەم)، فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من روونکردنەوەیەك بە پێویست دەزانم ئینجـا دێـمە سـەر قسـەکانم، لە پێشـا ئەو چـارەکەی کە درابوو بۆ راگرتنی جەلسەکە دوو سەعاتی پێچوو سەرۆکی فراکسیۆنەکان دانیشتن ئەو بڕیارەی کەدراوە دوور و نزیك پەیوەندی بە پەرلەمانتارانی سەربەخۆوە نیـیە، ئەوە قسـەمە، دووەمیـان ئەمەویـت ئەوە بڵـێم کـاك (علـی)، کـاك (دیـاری)، (سـەرچنار) خـان پشـتگیری لە بەشـێك لە بۆچونەکانیان دەکەم، (سەرچنار) خـان ئەوەی کە پەیوەندیـدارە بە نەهێشـتنی بـڕگەی چـوارەم، بەشێك لە قسەکانی کاك (دیاری)، کاك (علی) پشتیوانیان دەکەم، بە نسبەت مـاددەی (٢)، بـڕگەی دووەم خێزان، هەڵبەتە لە عەرەبیا (أسرە)مان هەیە و (عائیلە) مان هەیە، (أسرە) خێـزانە، لە نـاو پێناسـەی لە عەرەبیـا کە (أسـرە) خێـزانە ژن و مێـرد و منـداڵەکانیان دەگـرێتەوە، بەڵام (عـائیلە) خانەوادەیە فراوانترە ژن و مێردە منداڵەکانیانە ژنی منداڵەکانیانە مناڵی مناڵەکانیانە وە زائیدەن دایك و باوکی ئەوەیە خانەوادەیەکی فراوانتر دەیگرێتەوە، لێرە پێناسەکردنی خێزان کە هاتووە پێناسەیەکە بۆخانەوادە زۆر گشتگیرە، زۆر فراوانترە کە پلە چواریش دەگرێتەوە، بۆیە پێم وایە ئیشکالیەتێك هەیە لەسـەر مەسـەلەی (أسـرة) و لیـژنەی بەڕێـز پێـداچوونەوەیەکی بکـات ئەگەر ویستیان دوایی من هاوکاریان دەبم بۆ داڕشتنەوەی سیاغەیەکی دیکە، بێگومان بڕگەی چـوارەم لابرێت، کێشەیەك هەیە لەناو کۆی یاساکەیا بەتایبەتی لەم پێناسانەیا، ئەندامانی بەڕێزی لێژنەی

پەیوەندیدار یەعنی دڵنیاتان دەکەم بەکارهێنانی دەستەواژەی توندوتیژی دژ بە ئافرەت کەم کردنەوەی ئافرەتە لەجیاتی گەورەکردنی لەجیاتی یەکسان کردنی جێندەری، ئەم چەمکە باش نییە لەناو خێزانێکا کۆڵەکەیە، ئافرەت کۆڵەکەی خێزانە، کە وتت خێزان ئیتر توندو تیژی بەرامبەر خێزان بکرێ ئافرەت کۆڵەکەیەتی، پێویست ناکات ئەم جیاکارییە، ئەمە جیاکارییەکی سەدا سەد جیاکاری رەگەزییە، ناکۆکە لەگەڵ یەکسانی جێندەری، بۆیە لە دەستووریش ئەوەی کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد، مەسەلەن لە بڕگەی حەوتەمیشدا تەنانەت من پێشنیاز دەکەم وەزیری ناوخۆش لێرەیە ئەگەر پێویستی بکات دەستەی سەرۆکایەتی ئالیەتێك بدۆزرێتەوە لە سەرەوە، بەڕای من هەم لە کوردستاندا دامەزراوەکانی دەوڵەتیش ناوی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان و بەڕێوەبەرایەتییەکانیش کە دژ بە ئافرەتی تیایە ئەمەش لابرێت، دژی خێزانی زۆر گشتگیرترە ئەمە خزمەتی ئافرەتیش دەکات لە کوردستاندا، لە بڕگەی نۆیەمیشدا دیسان دژ بە ئافرەت، دژ بە ئافرەتان هەموو ئەمانە لابرێن، بەنسبەت بڕگەی یانزەیەم بنکەی پاراستن و حەوانەوە خۆ حەوانەوە عادەتەن بۆ هۆتێل و ئەوانە بەکاردەهێنرێت، داڵدەدانە، ئەمە بنکەیەکە و پاراستن و داڵدەدانی ئافرەتەکانە ئەوە بەو شێوەی لێبکرێت، دیسانەوە ئەو دادگایەی کە لە ماددەی دوازدەیەما هاتووە دادگای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی و دژ بە ئافرەت لابدرێت، توندوتیژی خێزانی بێت دادگاکە باشتر کێشەکان چارەسەر دەکات، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، مامۆستا (عمر)، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا پشتگیری لە قسەکانی (روپاك) خان، مامۆستا (هەورامان)، کاك (علی)، بەشێك لە قسەکانی کاك (مەم)، (سەرچنار) خان دەکەم، سەبارەت بە بڕگەی سێیەم توند و تیژی خێزانی لەگەڵ ئەوەم لە هەموو ماددەکە وشەی ئافرەت لابرێن وەك لە پێناسەکەش باسمان کرد، کە ئەم یاسایە پاراستنی خێزانە، لە چوارچێوەی خێزانیشدا ئافرەت و ژن و کچ و ئەوانە هەموویان دەپارێزرێن، لەم بڕگەی سێیەمە تەنها باسی خێزان دەکات، بەڵام لە کاتێکدا زۆر لە توند و تیژییەکان لەدەرەوەی خێزانن، زۆرێك لەو توندوتیژیانە ئەوانەن کە بەناونیشانی خۆشەویستی دەبنە هەرەشە بۆ ژیانی کچێك، ژنێك، خەڵکێك، کە بەداخەوە دوایی لە دایك و باوکیان دەکەن و خۆشەویستییەکەشی دەست ناکەوێت، بۆیە لەگەڵ ئەوەم لەگەڵ باسکردن کە توند و تیژی خێزانی کامەیە یان هەر کەسێك لە دەرەوەی خێزان ببێتە هەرەشە بۆ ئەندامێکی خێزان، لەگەڵ بڕگەی ئەخیر ماف و ئازادییەکان سنووردار بکات بەراستی ئەمە زۆر زۆر خراپە ماف و ئازادی بەتایبەت بۆ قۆناغی منداڵ و هەرزەکار باوك و دایك دیاری دەکات مەصلەحەتی منداڵ کامەیە ناکرێت کچێك تەمەن (١٣) ساڵە بەرژەوەندی خۆی نەزانێت، مافەکانی خۆی نەزانێت، لەگەڵ دایك و باوك بەرکەوتنی هەبێت، یەك تەلەفۆن یان سکاڵاکارێکی نهێنی بچێت ئیتر پەلی ئەم کچە بگرێت بیبەی بۆ داڵدەدان و دواتریش لە خێزانەکەی بکەی و لە کۆمەڵگەشا هیچی دەست ناکەوێت، بۆیە جنسی و دەروونی و یان دارایی زیانیان پێ بگەیەنێ تا ئەویا بوەستێ، یاخود ئەوەی کاك (عباس) وتی کە ئیزافەی کرد، پاشان توندوتیژی دارایی چییە؟ بەراستی ئەمە جێگای پرسیارە، توند و تیژی لای ئێمە دیارە دەروونی، کۆمەڵایەتی، جنسی، ئەوانە هەن بەڵام

من نەمبیستووە توندوتیژی دارایی کامەیە، خاڵێکی تر ئەگەر هەشبێت دەچێتە بواری ترەوە، خاڵێکی تر بڕگەی چوارەم هەر لابربێت، ئەگەر هەر لانەبرا و مایەوە بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی ئەم وشەیە لە زمانی کوردیا نییە، لە فەرهەنگی کوردیا نییە، هیچ قاموسێکی کوردی نییە پێم بڵێ جۆری کۆمەڵایەتی چییە؟ عەرەبیەکەی (نوع الاجتماعی)ە ئینگلیزیەکەی (جێندەرە) کە بەداخەوە ئەو هەیمەنە عالەمییەی کە هەیە لەسەرمان وشەی جێندەری خستۆتە زمانی ئێمەوە بۆ ئەوەی وشەی ژن و پیاو نەمێنێ لە فەرهەنگی زماندا، خەڵك هەوەسی خۆیەتی ژن بێ، پیاو بێ رەگەزی خۆی دیاری بکات هێشتا دیاری نەکردووە نەخێر، ژن شوو دەکات بە ژن و، پیاو شوو دەکات... ئەمە سەر بۆ ئەوە ئەکێشێ، ئێستاش لە عالەما جێندەر هیچ رێککەوتنێکی زمانەوانی لەسەری نییە کە مەبەستەکە چییە، یەعنی هیچ پێناسەیەکی نییە لە عالەما کەچی بەداخەوە حکومەتیش لەمە تێکەوتووە لەژێر فشاری قونسولخانەکاندا هاتووە بەڕێوەبەرایەتی جێندەری کردووەتەوە لە وەزارەتەکانیا کە نە ئەرکیان دیارە نە کاریان دیارە نە پێکهاتەیان دیارە، خاڵێکی تر لە بڕگەی دەیەم تەنها لەسەر داواکاری زیان لێکەوتوو دەبێت قەزیەکە ببرێتە لای سەنتەری راوێژکاری خێزانی بەراستی ئەمە هەڵەیە، هەمووومان ئینسانین، خێزانمان هەیە ئەکرێ رۆژێك لە رۆژان هەڵە بکەین، بۆ تەنها ئەو کەسەی زیانی لێکەوتووە سکاڵاکارە بۆی هەبێت داوابکات قەزیەکەی ببرێتە سەنتەری خێزانی، با ئەوەشی تۆمەتبارە بەهەمان شێوە مافی ئەوەی هەبێت قەزیەکەی بچێتە سەنتەرێکی خێزانی کە وەزارەتی ناوخۆ لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی توندوتیژی هەیەتی بۆ ئەوەی قەزیەکە حەل ببێت، بەڵکو هەر لەوی بە رێکارێکی ئاسان و بەبی دادگا و سکاڵا و زیندان و سزا کێشەکە چارەسەرببێت، باوك بگیڕێتەوە لای منداڵ، ژن بگەڕێتەوە لای پیاو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڵێ کاك دکتۆر نوقتەی نیزامی، دوای ئەوە کاك (باڵانبو) جەنابت، فەرموو.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، بابەتێك هەبوو کە روونکردنەوەی لەسەر بدەین بابەتەکە وا لێك نەدرێتەوە بۆ میدیا، بۆ رای گشتی کە ئێمە سەرۆکی فراکسیۆنەکە لەم کۆبونەوەیە لەگەڵ بەڕێزتان لە سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاردرابێت کە ئەم پێشنیازی یاسایە بەم شێوەیە تێبپەڕێنرێت، ئێمە هەموو لایەکمان هاوڕابووین لەسەر ئەوەی کە خوێندنەوەی بۆ بکرێت، رایە جیاوازەکان لەناو هۆڵی پەرلەمان وەربگیرێ، هەر یەك لە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان رای خۆی بدات دواتر بنێردرێت بۆ لیژنەی فتوا وە لەوێ بڕیاری یەکلاکەرەوە بدرێت ئینجا بێتەوە هۆڵی پەرلەمان، بۆیە ئێمە لە فراکسیۆنی پارتی بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ هیچ ماددەیەکی ئەم یاسایە و هیچ یاسایەکی تر نابین کە دژ بە بنەماکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام و ئادابی گشتی بێت لە کۆمەڵگای هەرێمی کوردستاندا، لەهەمان کاتدا لە ماددەی (٨٨)، بڕگەی دووەم هاتووە کە لەکاتی خوێندنەوەی دووەمدا لە هەر ماددەیەك وەزیری پەیوەندیدار کە ئامادە دەبێت بۆی هەیە دوو خولەك لەسەر ماددەکە قسە بکات ئەم ماددەیەم بۆیە هێنایەوە ئەگەر بابەتی پێشنیازە یاساکە بمانەوێت وشەی ئافرەتی لێ جیا بکرێتەوە ئەگەر بەڕێزتان دەرفەت بفەرموون بۆ ئەوەی روونکردنەوەیەکی لەسەر بدەم بەڕێز وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان لێرە

ئامادەیە کە ئەگەر ئەم بابەتە لێك جیا بکرێتەوە بۆ ئەوەی ئەم جەدەلە هەرنەگیرت و مناقەشاتی زیاتر لەسەر ئەوە نەکرێت ئایا ئافرەت جیابکرێتەوە یان جیا نەکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان کە ئێمە سەرەتای قسەکانمان وتمان هاوڕاین واتا پێشتریش هەر ئەو رەئیەمان هەبووە، ئەگەر شتێك هەبیت مخالف بێت بۆ شەریعەتی پیرۆزی ئیسلام ئەنجومەنی بالای فتوا بۆ ئێمەی یەکلایە بکاتەوە بڵێ بەڵێ ئەمە دژە لە راستیا نایەتە دەنگدانی هۆڵی پەرلەمانی کوردستان، ئێمە دوو بەرە نین لە پەرلەمانی کوردستان دوو بەرە نییە بەرەیەك موسلمان بێت بەرەیەك موسلمان نەبیت، بەرەیەك ئیماندار بێت، بەرەیەك ئیماندار نەبێت، ئێمە هەموومان پێکەوەین یان بەرەیەك دژی ژن بێ و بەرەیەك لەگەڵ ژن بێت، ئێمە پێکەوین، ئەم یاسایە ئەگەر لەبەرژەوەندی گشتی بوو لەبەرژەوەندی خێزانی تەندروست بوو دەزانم ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان دەنگی پێدەدەن، ئەگەر لە بەرژەوەندی خێزانی تەندروست و پاراستنی کیانی خێزان نەبوو یان دژی بنەما سەرەکیەکانی شەریعەتی ئیسلامی بوو ئێمە پێکەوە دەبین، لەو بابەتە ئێمە پێکەوەین، زۆر سوپاس. کاك (بالانبو)، فەرموو.

**بەڕێز بالانبو محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢)، بڕگەی دووەم پێناسەی خێزان کراوە بە دروستی ئایا ئافرەت تاکە لە خێزان یان ئافرەت بەدەرە لە خێزان؟ ئەگەر ئافرەت تاکێکە لە خێزان کەواتە وشەی خێزان لەسەرجەم ئەم یاسایەدا وشەیەکی زیادەیە من پێشنیار دەکەم وشەی خێزان لەسەرجەم ئەم پێشنیازە یاسایەدا لابرێت...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئافرەت مەبەستتە؟

**بەڕێز بالانبو محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وشەی ئافرەت لەسەرجەم ئەم یاسایەدا لابرێت، چونکە ئەم یاسایە تۆ کەمادەم پێناسەی خێزانت کردووە ئافرەت تاکێکە لە خێزان، کەواتە هاتووی لەژێر سێبەری خێزانا ئەتەوێ کۆمەڵێك دەسەڵات لەدەرەوەی ئەمە بە ئافرەت بدەی لەگەڵ رێزم ئەمە بۆ تێکدانی شیرازەی کۆمەڵگایە نەك بۆ چاککردنی کۆمەڵگا، بڕگەی سێیەم توند و تیژی خێزانی کردار چییە؟ هەموومان دەزانین کردار چییە، ئەگەر دایك و باوكێك موبایلەکەیان لە منداڵەکەیان بسێنن لەسەر کارێکی ناڕەوا ئەمە کردار نییە؟ باشە ئەمە شکات دەکات باشە، جەنابت باس دەکەی دادوەر ئەمە یەکلایی دەکاتەوە، بەڵێ دادوەر شارەزاییەکی یاسایی هەیە بەس ئایە نازانین ئەگەر ئەو منالە شکاتی لە باوکی کرد یان لە دایکی کرد رق و کینەیەك لەناو خێزانەکە دروست دەبێت، ئەم رق و کینەیە بە ئێمە چارەسەر دەکریت، ئێمە گەنجەکانمان شارەزایی یاساییان نییە، نیوەی زیاتری کۆمەڵگا شارەزایی یاسایی نییە، ئێمە دەمانەوێت کۆمەڵگا رێك خەین، دەمانەوێت خێزان رێك خەین، نامانەوێت ئاژاوە لەناو خێزاندا دروست بکەین، وتە ئەی باشە بۆچی ئەم هەموو پێچ و پەنایەی تیا هاتووە، بۆ نالێین سەرۆکی خێزان کە رۆشتەوە ماڵەوە میوانێکی بە ئەدەب و موحتەرەم بێت یەك قسە نەکات چونکە کردار، وتە هەر هەمووی ئەچێتە

قالبی ئەو توندوتیژییەوە کە لێرە باسی کردووە، ماقول نییە باوکێك بە منداڵەکەی بڵێت سەعات حەوتی ئێوارە نەیەیتەوە ماڵەوە دەرگاکەت لێ ناکەمەوە تۆ بە توندو تیژی هینی کەی، کام لە ئێوە هەیە، کام لەم کۆمەڵگایە رقی لە منداڵەکانی خۆی بێت، هەموو کەس منداڵەکانی خۆی لە چاوی خۆی خۆشتر دەوێت، کاتێك باوکێك یان دایکێك لە منداڵەکەی تووڕە دەبێت مەبەستی ئەوە نییە بەلاڕێی غەڵەتیا بەرێ، ئەیەوێت لە غەڵەت بیگەڕێنێتەوە، مەبەستی باوك و دایکەکە تێبگەن، بەڵام ئەمە ئایا دراوسێکەی گوێی لێبێت بڕوات شکات بکات تۆ لێرە دەسەڵاتت داوە بە سری بڕوات بانگی بکات وەکو ئەلێم دایك و باوکەکەش سبەینێ دادوەر بڵێ هیچتان لەسەر نییە، بەڵام نائارامییەك رقێك لەبەینی دایك و باوك منداڵەکاندا دروست دەبێت، سەبارەت بە چوارەم وەکو پێشنیارم کرد چوارەم هەر دەبێت بەراستی ئەمە لابرێت، پێنجەم فەرمانی دەرکراو لەلایەن دادگا بەپێی دانانی تاونلێکراو لە شوێنی.. باشە دایك و باوکێك هەموو تەمەنیان سەرف دەکەن بۆ ئەوەی منداڵێك گەورە بکەن تۆ دێی لێی دەسەنیت دێی لە ماڵی مامێکی دای دەنێیت یان لە بنکەیەك دای دەنێیت ئەمە تازە ئەو دایك و باوکە چۆن رەحمیان بۆی ئەمێنێ، چۆن دەبنەوە بەو عائیلەی کە جاران هەبووە، کاکە ئەگەر کۆمەڵگامان پێ چاك نەکرێت با کۆمەڵگا تێك نەدەین، ئەم یاسایەی کە ئێمە هەمانە لێرە دەمانەوێت دەری بکەین بۆ دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی دەردەکەین بۆ سوید و نەرویج و دانیمارك دەرناکەین، ئێستاش لە ئەوروپا منداڵ لە خوار (١٨) ساڵەوە ناتوانێت بەبێ پرسی دایك و باوکی شەو بڕواتە دەرەوە یان بێتەوە، ئەمە وای کردووە بەراستی شیرازەی کۆمەڵگا تێك بچێت، لەبەر ئەوە من پێشنیاری ئەوە دەکەم ئەوەش لابرێت، شەشەمیش دورخستنەوە من هەموو تەمەنم سەرف کردووە بۆ ئەوەی کە ماڵێکم دروست کردووە خۆم و خێزان و منداڵەکانمی تیایا بژی بەیانی لەسەر شکاتێکی خێزانەکەم ... نا جەنابی سەرۆك سەر رامەوەشێنە ئەمە وایە بچێتە واقیعەکەوە، سبەینێ خێزانەکەم شکاتم لێبکات من دووردەخەنەوە دەڵێ بۆت نییە تۆ بڕۆیتە ماڵەکەوە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان سەرنجتان بۆ برگەی سێیەم لە ماددەی یەکەمی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندو تیژی خێزان کە ئیستا جێبەجێ دەکرێ و یازدە ساڵە جێبەجێ دەکرێت رادەکێشم کە نووسراوە توندوتیژی خێزانی هەر کردارێك یان وتەیەك یان هەرەشەیان پێ لێبکرێت لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی پەیوەندی خێزانیا کە لەسەر بنەمای هاوسەرگیری یان خزمایەتی تا پلەی چوارەم بنیات نرابێ و ئەوانەی بەپێی یاسا هاتوونەتەوە ناو خێزانەوە و دەشێ لەباری جەستەیی و جنسی و دەروونییەوە زیانیان پێ بگەیەن و ماف و ئازادیان لەدەست بدات، بەڕێزان یانزە ساڵە ئەم ماددەیە لەناو یاسایەکی کارپێکراوی هەرێمی کوردستان بوونی هەیە جگە لە رێکخستنەوەی زمانەوانی و ئیزافەکردنی یەك وشە کە وشەی دارایی و ئەم بەرێزانە دایان ناوە هیچ ئیزافەیەك نەخراوەتە سەر پێناسەکە واتا ئەگەر ئەو پێناسەیە بەتەواوەتی لەهەموارەکەش لابدرێت هیچ لە بابەتەکە ناگۆردرێت، هەمووومان دەبێت وازح بین لەوە، ئەم یاسایە بەتەنها بۆ باوك دانانرێت، زۆر جار کوڕێکی خێزانەکە لەراستیا هەرەشە لە باوکەکە دەکات کە هەردووکیان پیاون، رەنگە کوڕێکی خێزانەکە هەرەشە لە باوکەکە بکات ئەگەر دادوەر بگاتە ئەو باوەڕەی ئەم ئەندامەی خێزانەکە کە کوڕێکی خێزانەکەیە هەرەشەیە بۆ سەر خێزانەکە چی تێدایە ئەگەر بۆ ماوەی چەند رۆژێك دووری

بخاتەوە بۆ ئەوەی دوور بە ئەو هەموو حاڵەتی کوشتنی کوڕ و باوکە روونەدات کە لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، یەك تکای خوشك و برایانەتان لێدەکەم تکاتان لێ دەکەم ئەم پێشنیازە یاسایە وا پیشانی رای گشتی نەدەین کە ئێمە دانیشتووین بۆ ئەوەی کە سجن و فەرمانی دوورخستنەوە و فەرمانی عقوبەدان بۆ باوکەکان دابنێین بەڕێزان ئەمە بۆ پاراستنی کۆی خێزانە، ئەو کردەیە رەنگە ئەندامێکی خێزانەکە بیکات کە لە بنەڕەتا پیاوە، رەنگە ئەندامێکی خێزانەکەش بیکات کە دایکە، بۆ نمونە ژنی دووەمی کەسێك کەسێك کە پێی دەڵێن باوەژن ئەوە نمونەیەکە هەموو باوەژنەکان وا نین رەنگە توندوتیژەی بەرامبەر بە منداڵێك ئەنجام بدات کە منداڵەکە کوڕە، ئەم یاسایە بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو توندوتیژیانەیە کە لەناو خێزاندا ئەنجام دەدرێت رەنگە پیاوێك ئەنجامی بدات، رەنگە ژنێك ئەنجامی بدات، رەنگە باوك بێت، رەنگە دایك بێت، رەنگە کوڕ بێت، رەنگە برا بێت، رەنگە ئامۆزا بێت، رەنگە مام بێت، بەڕێزان یاساکە بەم شێوەیە نییە، ئێمە دەیان حاڵەتی بەداخەوە کوژتنمان هەیە لەو شێوەیە وە رۆژانە دەبیستین ئێستاش مۆدێلێکی تازەش هەیە کە راگەیاندن پەرەی پێدەدا، فڵان زاوا هێرشی کردە سەر ماڵی خەزووری قاچی شکان و دەستی شکاند وە ئەوەش بە ئازادی دادەنرێت، وای لێهاتووە خەریکە دەبێتە مۆدێل یان ئاسایی دەکرێتەوە کە زاوایەك کە کوڕی خێزانەکەیە پەلاماری خەزورەکەی دەدات وەکو نوکتە دەیخەنە ناو کۆمەڵگاوە، وەکو بێڕێزیکردن بە بەهایەکی کۆمەڵایەتی کە ئێستا هەیە زاوا کوڕی ماڵە خەزووره سەیر ناکرێت، ئەم پێشنیازە یاسایە لەلایەن لیژنەی بەڕێزی داکۆکیکردن لە مافی ئافرەتان بۆ داکۆکیکردن لە خێزانێکی تەندروست پێشنیاز کراوە هیچ ئامانجێ دوورخستنەوەی باوکێك نییە کە بە منداڵەکەی دەڵێ بۆ نمونە بە شەوان درەنگ مەیەنەوە، مامۆستا (عثمان )، فەرموون.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، پرسیارێکم هەیە ئەگەر وەڵامم بدەیەوە سوپاست دەکەم، لە چوارچێوەی پەیڕەوی ناوخۆیە، سەرەتای دانیشتنەکەمان پازدە ئەندام پشتیوانی وتەی یەکتریان کرد ئەو پشتیوانییە دەنوسرێتەوە لای جەنابتان، هەموو لابردنی دژ بە ئافرەت ئەوە لادەبردرێت؟ دەستت خۆش بێ ئەوە یەك، من لەبەر ناڕوونی هەم پێناسەی یاسای خێزان، هەم لەبەر رەنگدانەوەی لەناو بڕگە و ماددەکاندا دڵنیابومەوە لەوە ئەم یاسایە دژ بە خێزان و تاکی موسلمانە بەراستی، لەبەر چی؟ لەبەر ئەوەی ئێوە باسی نەك کردارێك بۆ نمونە لێدان بێت، بریندارکردن بێت دەڵێ هەر وتەیەك یەعنی هەرەشەیەك، چاوسوورکردنەوەش هەرەشەیە، ئەو هەموو دەچێتە بابی ئەوەی کە ئەو کابرایە جینایەتێك تاوانێکی کردبێت، پێغەمبەری خوا دەفەرمووێ (مُرُوا أولادَكُم بالصلاةِ وهُم أبناءُ سبعِ سنينَ ، واضرِبُوهُم عليهَا وهُمْ أبْنَاءُ عَشْرٍ) ئەوە حدیثە جەنابت دەفەرمووی ئەگەر پێچەوانەی قورئان بێت ئەی خودا دەفەرمووێت (الرجال قوامون علی النساء) ئەی بۆ پیاوێك شوو ناکات بۆ لای ئافرەتێك بچێتە لای ئەو و مارەیی بۆ دیاری بکات، بۆیە بەراستی سەرۆکی پەرلەمان روونکردنەوەی جەنابت (١%)ی کە باسی دەکەی لەوەی کە بەڵێ زاوایەك ئەوهای گوتووە من لەگەڵتم، لەگەڵ هەرچی توندوتیژی بەرامبەر ئافرەتان نیم، پیاو سالاری لەپێشەوە ئیسلام رەتی کردۆتەوە، بۆیە ئێمە زۆر جاری وا هەیە بۆخۆمان مامۆستایانی ئاینی گلەییمان لەخۆمان کردووە نەمان توانیوە رۆڵی ئافرەت وەکو

خۆی له وتاره هەینییەکاندا باس بکەین، بۆیه جەنابی وەزیری ئەوقاف زۆر گرینگە جەنابیان لێرە حزوریان هەبوایە، هەتا بکرێتە بڕگەیەك بەراستی مافی ئافرەتیش بەهەمان شێوە باس بکرێت، لەو ئەو هەموو پرۆژە و بڕیارەی کە دەنووسرێتەوە بەراستی هەموو جارێ فەقەرەی دژ بە ئافرەت دێتەوە، ئەو دژ بە ئافرەتە ئەدی ئەگەر ئەو پیاوە وایلێهات لێیدرا بۆ نمونە ئەگەر لێیدراو لەو کاتەدا بچێت بۆ کوێ؟ وەکو ئەو برایانەی کە باسیان کرد، بۆیە من بەراستی ئەو یاسایە یان لە نەرویجەوە هاتووە یان بۆ سویسرا نووسراوە، بۆ هەرێمی کوردستان نییە بۆیە پشتیوانی لە قسەکان و وتەی هەموو ئەو مامۆستا (مەلا احسان)، مامۆستا (مەلا هەورامان)، (روپاك) خان، مامۆستا (دیاری)، کاك (علی حمە صالح)، شێخ (ظاهر) مامۆستا (مسلم)، (مژدە) خان، مامۆستا (زانا)، هەر هەموویان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مامۆستا (ابوبکر)، فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی ئەم پێشنیازە بە نەفەسێکی ژنان نووسراوە، نەك بە نەفەسی خێزان بۆیە پێشنیار دەکەم بڕگەکانی چوار، حەوت، هەشت، نۆ، یانزە، دوانزە، ئەوەی کە دژ بە ئافرەتە لابرێت، خۆزگە خێزان ئێمەی کۆ بکردایەتەوە وەکو نیشتمان کۆمان ناکاتەوە، وەك سونبولەکان کۆمان ناکەن، چونکە تاکە قەڵایەك لە کۆمەڵگای کوردیا مابێت ئەم رایەڵە کۆمەڵایەتییەی خێزانە کە ئەمەش لە لێواری دارمان و رووخانەوەیە، (جۆرج بۆشی باوك) لە کتێبەکەی (تطلع على الامان) ئەو تازە بانگەشەی ئەوە دەکات کە بە گەنجەکان دەڵێ بگەرێنەوە بۆ ئامێزی خێزانەکانتان، لە یابان ئەمە پێی دەڵێن (تجربة تكامل الاجيال) ئەزموونی تەواوکردنی نەتەوەکان، لە کوردستان بەداخەوە هەندێك لە رێکخراوەکان ژن و پیاو ئەوەندە علاقەکەی خۆی دەبێت تەکامولی بێت نەك تەزاد بێت، دەبێت تەواوکاری بێت نەك دوژمنایەتی لە بەینی گەنج و پیردا دەبێت گەنجەکان رێز لە ئەزموونی بەتەمەنەکان بگرن، دەبێ بەتەمەنەکانیش رێز لە توانا و لێهاتوویی گەنجەکان بگرن، بەڵام ئێمە هەموو ئەمانە لێك دوردەخەینەوە، لە چین تازە هۆشیاری دەدرێت کە دەبێت مەکانەت و پێگەی پیاوان بمێنێتەوە وەکو خۆی بە هیچ پاساوێك نابێت پاشەکشە لەوە بکرێت، بۆیە بەرپرسێکی پایە بەرزی ئەم هەرێمە من قسەم لەسەر بڕگەی سێ و چوار و پێنجیەتی لە کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ حاکمەکانی ئەم هەرێمە وتبووی ئەم پرسی ژنان و گرینگی پێدان و گەورەکردنی تەنها بۆ شتێکە کە رۆژئاوا لەخۆمان رازی بکەین، پشتیوانی رۆژئاوا بەوە نابێت ئەمە رێز لە ژیاری رۆژئاوا دەگرین، رۆژئاواش دەبێت رێز لە ژیاری ئێمە بگرێت کە نەریتی خۆمان، کۆمەڵایەتی خۆمان، عورف و عادەتی خۆمان ئەمە رەمزی ئەم میللەتەن، کەشی ئارام کامەیە تۆ دەڵێی کەشی ئارامی بۆ دابین بکە، لە کوێ ئەم شەڵتەرانە کەشی ئارامی تێدایە، فیعلەن ئەوەی کە (روپاك) خان ئەوەی گێڕایەوە، من نمونەیەکم لایە نمونەیەکی زیندو باوکەکە تەلەفۆن دەکات بۆ کچەکەی دەڵێ کچم (١٢)ی شەوە لەکوێیت؟ ئەوە باوکە لەگەڵ رەفیقەکانم

لە شـاخی گـۆیژەم، وەڵا رۆڵە گیـان زانکـۆ تەواو...دوو قسـە دەکـات رێـك بـاوکەکە بە ریشـی سپییەوە دەگیرێت دە پیاوی پیاوانە دە کەسایەتی نەوعی برۆن ئینجـا تەکلیـف کەن تـا ئەم کـچ لەو باوکە خۆش بێـت، رۆژئـاوا نابێـت ئـێمە خسوسـیەتی خۆمـان لەدەسـت بـدەین ئێسـتاش لە کۆشکی (ئەلیزیا) هیچ وەزیرێك بۆی نییە بە غەیری فەرەنسی قسـە بکـات، لە فەرەنسـا حەرامە ئەفلام کارتۆن رەنگدانەوەی کەلتووری کوردی بێت، لە فەرەنسا دەبێـت رەنگدانەوەی کلتـووری فەرەنسی بێـت، ئـێمە هەمـوو شـتەکانمان لە راسـتیا مۆرکێکمـان پێـوە نـاوە، کەشـی ئـارام چـی تێکیدا؟ تۆ ئەم گەنجە تەعینی ناکەی، شەو تا بەیانی پۆپجی دەکات، سەیری ئەم فیلمانە دەکات کە هیچ قانوونێـك ئەوە وەزیـری نـاوخۆ لێـرەیە هـیچ فلتەرێـك نیـیە بـۆ ئەم سـایتە سێکسـیانە گەنجێك گەیشتۆتە (٣٠) ساڵ ناتوانێ ژن بێنێ، حکومەت هاتووە دەرماڵە یاخود ئەوەی کە پێـی دەوترێت جاران پێشینەی هاوسەرگیری دەدا ئەوەی بڕیـوە لەولاوە تـۆش باسـی ئـازادی دەکەی، لەولاوە باسـی ئـازادی دەکەی، بەڵام ئەم نیفـاقە دەسـەڵاتداران عەشـیرەت بەقـوەت دەکەن، لە هەڵبژاردنا ماڵ بە ماڵ دەگەڕێن بۆ عەشیرەتەکان، داڵدەی بکوژەکان دەدەن، بە مەرجی دەنگـدان نەچـن بکـوژی ژنـان و بکوژەکـانی تـر لە راسـتیا بەردەکەن، تـۆ ئەو نیفـاقە چیـیە لەولاوە بە مـن دەڵێی ئـازادبە لەولاوە دێـی کـابرایەکی دەسـت رۆیشـتووی بکـوژ ئـازاد دەکەی، بـۆیە لە راسـتیا دەبێت ئێمە هێشتا لە هەندێك ناوچەی کوردسـتان بـڕۆ ئەمـانە چارەسـەربکە، هێشـتا لە هەنـدێ ناوچەی کوردستان نابێت کچ شوو بکات بە غەیری عەشیرەیتەکەی خۆی، لە بەریتانیا پیاو هەیە ئەو کچەی کوژتووە تا ئینتەرپول لە دەربەندی رانیە هەردوو کەسـەکەی دەسـتگیر کـرد پۆلیسـی ئەنتەرپول، وەرە ئەم دیاردانە چارەسەربکە، وەرە گەنج تەعین بکە، وەرە لەجیـاتی ئەوەی هەزار کەس سەنگەری گواستۆتەوە مەعاشی بۆ دەبـڕیەوە یەکەی سـەربازی بـۆ دەکەیەوە پێـنج هەزار کەس هەلی کاری بۆ بدۆزەوە،...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا لەسەر ماددەکە، فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ لەسەر ماددەکەیە، کە تۆ باسی وتە دەکەی یەك ئامانجی هەیە ئەم مناڵانەشمان لێ بسـێنن، وەکو سوید چۆن مناڵ لە باوەشی دایك و بـاوك دەردەکەن، ئەم تـاقە ئـامێزە گەرم وگـوڕە مـاوە ئەمەش ناهێڵن، وەڵاهـی ئەمە خێزانـی کـوردی لە داهـاتووا هەر کەسـێك سازشـی لەسـەر بکـات خیـانەتێکی نەتەوەیـی و نیشـتمانییە، کـورد مـۆرکی یەعنـی خێـزان، کـورد یەعنـی بەعـس بە بەعسیەتی خۆی نەیتوانی خێزانی کورد هەڵوەشێنێتەوە. بڕۆن سەیری موزەکەراتەکـانی حزبـی بەعس بکەن لە ئەمنە سوورەکە، ئێستا خێزانی کوردی گەیشتووە بە کوێ، دەبێت بە زەییمان بە خێزاندا بێتەوە، کەی کێشە لەنـاو خێزانـدا هەیە وەرە چارەسـەری کێشـە خێزانییەکـان بـکە، تـۆ باوکی زەلیل دەکەی لە کاتی خۆیـا مـووچەکەی نـادەیتێ، گەنـجەکە تەعـین نـاکەی، کێشـەی بـێ

ئاوی هەیە، کێشەی خەدەماتی هەیە، گەنجەکەی سەری خۆی هەڵدەگرێت و دەڕوات لە ئیجە بخنکێ، ئەمە کێشەن بۆ خێزان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (بدریە)خان، فەرموو.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، من پشتیوانی لە قسەکانی مامۆستا (هەورامان)، (روپاك) خان، مامۆستا (عمر)، مامۆستا (مسلم)، (سەرچنار) خان، کاك (دیاری)، کاك (علی)، (مژدە) خان، کاك (بالانبو)، مەلا (احسان)، کاك (زانا)، مامۆستا (ابوبکر) دەکەم، سەبارەت بە ماددەی (٢) لە بڕگەی دووەم کە باس لە پێناسەی خێزان دەکات، خێزان کۆمەڵێك کەسی سرووشتین کە پەیوەندی خێزانی یان پەیوەندی هاوسەرگیری خێزانی یان خزمایەتی تا پێشنیار دەکەم کە پێش کۆمەڵێك دوو یان کۆمەڵێك پێشنیار دەکەم بۆ پێناسەی خێزان خێزان کە باس لە کۆمەڵێك دەکات پێش کۆمەڵێك دووی بۆ زیاد بکرێت ئینجا بکرێت بە کۆمەڵێك، پاشان باس لە خزمایەتی دەکات تا بە پلەی چوارەم دێت کە بە یاسای شەرع ئەویش پشتگیری لە پێشنیاری بەڕێز خاتوو (سەرچنار) دەکەم، سەبارەت بە ماددەی (٣) کە باس لە توند و تیژی خێزانی دەکات پشتگیری لە هەموو ئەو خوشك و برایانە دەکەم تایبەت کە یەکەم کەس مامۆستا (مسلم) پێشنیاری کرد ئەو وتەیە لابرێت، من بیدایەت لەکاتی نووسینی راپۆرتەکەشدا ئەو مناقەشەیەمان کرد سەبارەت بەو بابەتی دارایی توندوتیژی داراییە زۆر جەختم لەسەر ئەوە کردەوە ئەم وشەیە لابرێت، ئەمە وا نیشان دەدات وەکو ئابووری سەربەخۆ بۆ تاکێکی خێزان نیشان دەدات کە ئەمە بەراستی پێ دەچێت رەهەندێکی مەترسیداری هەبێت، ئێمە بەپێی بەداواداچوونەکانمان وزۆرێك لەو کەیس و کێشە و گرفتانەمان هەن کە ژنێك نایەوێت بۆ نمونە بەناوی ئابووری سەربەخۆ هاوکاری هاوسەرەکەی بێت یاخود پێچەوانەکەی پێ دەچێ ئەم بابەتە چۆن دەڵێی توندوتیژی زیاتری لێبکەوێتەوە ببێتە هۆی تێکدان و چۆن دەڵێی هەڵوەشانەوەی خێزان کە بەراستی ئەمە گرفتێکی گەورەیە، هەر لە وتاری ساڵانەی سەرۆکی ئەمریکادا جەخت لەوە دەکاتە پێویستە ئێمە خێزانەکانمان بتەو بکەینەوە، سەبارەت بە بڕگەی چوارەم منیش پێشنیار دەکەم پشتگیری هەموو ئەو خوشك و برایانە دەکەم کە ئەو بڕگەیە لابرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڵام زمەی مالی سەربەخۆ لەناو خێزاندا لەنێوان ژن و مێرددا یەکێکە لە فەخرەکانی نیزامی مالی ئیسلامی کە فەخری پێوە دەکات کە ژن نیزامێکی مالی سەربەخۆی هەیە لەگەڵ پیاودا، لەبەر ئەوە وەکو ئیسلامییەك دەبێت ئاگات لەو فەلسەفەیەی نیزامی مالی ئیسلامی بێت تایبەت خێزان، یەکێك لە فەخرەکانی کە ئیسلام دەیکا ئێمەی موسلمان دەیکەین ئەوەیە کە زیممەی مالی سەربەخۆمان هەیە لەناو خێزانەکانمانا...

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك سانیە، یەك سانیە، من شانازی بەوەوە دەکەم، من باس لە هاوکاری دەکەم، مەفروزە ژن و مێرد تەواوکەری یەکتربن بۆ پاراستنی خێزان، بەڵێ سەربەخۆیی ئابووری ئیسلام ئەو مافەی

داوه من ئازادم بۆ نمونە ئەو كولفە دارايیەی هەمە ئازادم چۆن سەرفی دەكەم، بەڵام كاتێك هاوكاری هاوسەرەكەم بم ئەوە شەرەفمەندییە، مەبەستم ئەو خاڵە بوو.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، دەست خۆش، (د.شێركۆ)، فەرموو.

**بەڕێز شێركۆ جودت مصطفى :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشەكی بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری ناوخۆ، ئەو بەڕێزانەی تر دەكەم، بەڕێزان من وێڕای پشتگیریم بۆ قسەكانی خاتوو (سەرچنار)، مامۆستا (ابوبكر)، ئەوەی كە ویستم بیڵێم ئەوان وتیان، بەڵام ئیزافەیەكم هەیە لە بڕگەی سێیەمدا كە باس لە مەسەلەی توند و تیژی كە هێشتا قسەمان لەسەر نەكردووە، تا ئێستا هەر باس لەسەر خێزانە ئەمانە، عونف، عونفی ئوسەری توند وتیژی ئەگەر فریای نەكەوین ئەم ماددەیە، ئەم بڕگەیە هەموو یاساكە بە ئاقارێكی زۆر مەترسیداردا دەڕوات، ئەو بەڕێزانەش هەندێكیان باسكرد، چونكە هەرەشەیەكی بەسیت و قسەیەكی بەسیت و ئەمانە لەوانەیە ببێتە مایەی سزادان و ئەمانە، عونف واتا توندوتیژی خۆمان دەڵێین توندوتیژی یەعنی دەبێ دوو شتی تیابێت، قوت و قودرەت، لەگەڵ قەست ومەبەست، ئەو دوانەی كە تیابوو دەبێتە عونف، ئێمە ئەم یاسایە ئەگەر یەكانگیری بكەینەوە لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامدا ڕێك دەبێتە ئەو یاسایەی كە زەرووڕەتی دەبێتە زەرورەتێكی و حەتمی پێویست بۆ ئاشتەوایی خێزانی، ئاشتەوایی كۆمەڵایەتی، ئاشتەوایی نیشتمانیش بەهەمان شێوە، ئەمە لە دونیایا كاتێك كە باسی عونفی ئوسەری دەكرێت بۆ ئەوەیە كە لە پەروەردەی خێزانییەوە لەناو خێزانەوە ئاشتەوایی و دووركەوتنەوە لە عونف جێبەجێ بكرێت، بۆیە پێغەمبەری خوا (د.خ) كە دەفەرموێت ( خیركم خیركم لأهلە) سەیر ئەم پێوەرە باشترینمان باشترینمانە بۆ خێزانەكانمان، یەعنی ئەوەی كە بتوانێ لە خێزانیا عونف بەكارنەهێنێ قوەتی، قودرەتی، قەسدی زیان گەیاندن ئەوە كەسایەتیەكی باشترینە، چاكترینە، ئەشێ بۆ كاری زۆر گەورەتر، من لێرەیا ئەوەی جەختی لەسەر دەكەمەوە بریتییە لەم دێرە بەڕێزان دەبێت ئیزافەیەك بكەین بۆ ئەم بڕگەی سێیەمە، بڵێین كە باسی زیانەكان دەكات بڵێین (زیانی كاریگەر و مەبەستدار) بۆ ئەوەی كە قوەت و قەسدەكە وازح بكەین، مەسەلەن كابرا هەرەشەیەك دەكات لە مناڵەكەی ئەوە نەقەسدی خراپی تیایە، نە قوەتیشی تیایە نەگەیشتۆتە دەرەجەی عونف، ئێمە دەمانەوێت لەوە بترسین، مەنعی ئەوە بكەین كە عونف دروست دەكات، نەك ئەوەی كە هیچ زیانێكی كاریگەر، بۆیە كە باسی زیان دەكەین دەبێت كاریگەری بۆ ئیزافە بكەین، دەبێت مەبەستیشی بۆ ئیزافە بكەین، ئەگەر بەبی مەبەست بوو، ئەسەری جێ نەهێشت واتا قوەتی تیا بەكارنەهێنا، قودرەتی تیا بەكارنەهێنا چ جای لە دارایی بێت، لە جەستەیی بێت، لە هەر چییەك بێت ئەوە نابێت عونف، كە نەبووە عونف ئەو كاتە ئەم یاسایە ئەوەی ناكات، بۆیە ئیزافەكردنی لە زیانەكانا كاریگەری و مەبەستدار بكەین، ئاخر قسەم مەسەلەی ماف و ئازادییەكانە كە بە بڕوای من لەم بڕگەی سێیەمیا دەبێت لابرێت، ماف و ئازادییەكان وشەیەكی مەگاگییە عورف و عادەت زۆر كاریگەری تێ دەكات لە ناوچە جیا جیاكانی هەرێمی كوردستان، ئەمە لای نەبەین تەفسیری ماف و ئازادییەكان تووشی مشكیلەی گەورەمان دەكات، هەر لە مەسەلەی ئەوەی لەوانەیە كەسێك محاسەبەی كەسێكی خێزانی خۆی بكات لەسەر شتێك كە لە

عورفی ئەوانایە مافە، بەڵام لە عورفی شوێنێکی ترا وا نییە، لەبەر ئەوە لابرێت کە دەڵێ ماف و ئازادییەکان بۆ ئەوەی ئەم بڕگەیە رزگار بکەین لە خراپ بەکارهێنانی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەریز وەزیری ناوخۆ، فەرموو.

**بەڕێز ڕێبەر احمد خالد/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان خۆمان بە خۆشحاڵ دەزانین جارێکی تر لە حزوری جەنابتانین بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پڕۆژە یاسایەکی هەمواری یاسایەکی پێشوو کە تایبەتە بە بابەتێکی گرنگ و هەستیار، سەرەتا من دەمەوێت باس لەوە بکەم کە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان ئێمە هەموومان باوەڕمان وایە کە خێزان بنەمای سەرەکی کۆمەڵگای کوردستانییە، چ لەگەڵ شەریعەتی ئیسلام، چ لەگەڵ هەموو ئەو ئەدیان و مەزاهەبەی کە لە کوردستان و لە عێراق هەیە، چ لەگەل عورف و عادەتی کوردەواری خۆمان، خێزان یەکەیەکی سەرەکییە دەبێت هەموومان هەوڵ بدەین بیپارێزین، بەهێزی بکەین، ئەو پەیوەندییەی کە لەنێوان خێزان هەیە چ بە پێناسەیەکی یاسایی، چ بە پێناسەیەکی کوردەواری خۆمان بێتن دەبێت ئەو پێناسەیە بپارێزن، ئەو پەیوەندییە بپارێزن، لەگەڵ هیچ وشەیەك و دەستەواژەیەکیش نابین کە ببێتە هۆی لاوازکردنی پێگەی خێزان لە کۆمەڵگای کوردستان، لەگەڵ هیچ شتێکیش نابین کە دژی بنەماکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بێت، هەروەکو چۆن لە دەستووری عێراق ئەمە چەسپێنراوە ئەو یاسایانەی کە لە عێراق دەردەچن و لە هەرێمی کوردستان دەردەچن دەبێت لەگەڵ ئەو بنەمایانە بگونجێن، دەبێت رەچاوی هەموو پێکهاتەکان و هەموو ئاین و ئاینزاکانی تریش بکرێتن، ناکرێت تەنها بیر لە شێك بکرێتەوە کە رەنگە لە بەرژەوەندی ئەگەر یەك نەفەریش نەبێت لەو وڵاتە دەبێت بیر لەو نەفەرەش بکرێتەوە، لەو پێکهاتەیەش بکرێتەوە کە هەموومان لەسەری کۆك بین و رازی بین، بۆیە ئێمە دەبێت کۆتایی بە ئەو جەدەلە بێنین، هەموومان یەك قسە دەکەین، ئەوەی کە هەستم کرد بە جیاوازی بیروبۆچونی سیاسی هەموو خەریکین دەڵێین خێزان بپارێزین، یەعنی پێویست بەو هەموو تەئکیدە ناکات چونکە کەس لێرە نییە دژی ئەو بۆچوونە بێت، کەسیش ماف بەخۆی نادات خێزانی کوردستانی لێك بترازێت، نەك لەبەر ئەوەی کە ئەو پەیوەندییانە پیرۆزن، لەبەر ئەوەی کۆمەڵگایەکین ئێمە بنەمای بوونمان لەسەر مانەوەی ئەو خێزانانە بووە، لەگەڵ رەچاوکردنی مافی ئازادی تاك مافی دەربڕینی تاك کە هەموومان لێرە لە پەرلەمان، لەحکومەت، لە حیزبە سیاسییەکان کە بابەتێکی جیاواز لەمەی ئێستا باس دەکرێت هەمووومان دەبینە رابەری ئازادیخوای تاك، رێبەرایەتی کۆمەڵگا دەکەین لەوەی کە باس لە ئازادی و مافی تاك دەکەین، من هەمیشە گوتوومە لێرەش باسم کردووە دووبارەی دەکەمەوە، ئەو قسەی ئینسان دەیکات چ لە پەرلەمان بێت، چ لە خێزان بێت، چ لەسەر شەقام بێت، چ لە کۆبوونەوەیەکی حزبی بێت، دەبێت یەك شت بێت، ناکرێت ئینسان لەبۆنەی جیا جیا بۆ یەك بابەت، بۆ یەك دەستەواژە بۆچۆنی جیاواز پێشکەش و دەرخوردی ئەم میللەتەی بدات، ئێمە لە ئاستێکی بەرپرسیاریەتی حکومین، ئێوە لە ئاستی بەرپرسیاریەتی پەرلەمانن، دەبێت هەوڵ بدەین ئارامی لەناو کۆمەڵگا دروست بکەین بە قسەکانمان، بە رەفتارەکانمان، بە گوتارەکانمان، ئەم بابەتانە بۆ مەبەستی جیا جیا بەکاری نەهێنین، من موتەئەکیدم لەو هۆڵە من رووبەرووی چەندین رەخنە بوومەتەوە لەلایەن پەرلەمانتارانەوە کە ئاراستەی حکومەت کراون باس لە

پاراستنی مافی ئافرەت دەکات، باس لە پاراستنی ئافرەت دەکات، باس لەوە دەکات دەبێت ئافرەت رۆڵی پێبدرێت، هەمووتان دەزانم (١١١) ئەندامن، بەڵام زۆر جار هەبووە سەد زیاتر قسەی کردووە زیاتر باسی مافی ئافرەتتان کردووە، باسی رۆڵی ئافرەت و پاراستنی ئافرەتتان کردووە، باسی حەوانەوەی ئەوانەی کە هەرەشەیان لێدەکرێت، ناکرێتن ئینسان لەو کاتەی کە پێویستی بە مافی ئافرەت بێت ببێتە سەرقافلەی وتەبێژەکان کاتێك کە باسی شتێکی تر دەکرێت دژی ئەو بۆچونانەی خۆی بێت، ئێمە دەبێت ڕاستگۆبین سەرەتا لەگەڵ خۆمان، لەگەڵ خوای خۆمان و لەگەڵ خەڵکی خۆشمان، یەك پەیاممان هەبێت ئەم پڕۆژە یاسایە هەبێت نەبێت گرینگ نییە، دەرچوێنرێت، دەرنەچوێنرێت گرینگ نییە، گرینگ ئەوەیە ئێمە ئاسایش و ئاشتی کۆمەڵایەتی لە کوردستان بپارێزین، ئەو گفتوگۆیانەی کە دەکرێتن وا لێك دەدرێتەوە کە ئەنەهوو هەندێك دەیانەوێت شتێك لەسەر خەڵکی کوردستان فەرز بکەن، ئێمە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەی بە قەناعەتی خۆمان نەبێت لە هیچ کەس و لایەنێکی قبوڵ ناکەین شتێك کە لەگەڵ داب ونەریتی کوردستان نەگونجێت لەسەر کۆمەڵگای ئێمە فەرز بکرێت، ئەوە قەناعەتە، نە بۆ راگەیاندنە، نەبۆ قەناعەت پێهێنانی خەڵکی ترە، ئەوە باوەڕی خۆمانە، من لەگەڵ ئەو بۆچوونەم ئەو یاسایەی لە وڵاتێکی ئەوروپی دەست دەدات رەنگە لە رۆژهەڵاتی ناوەراست دەست نەدات، ئەو یاسایەی لە وڵاتێکی عەرەبی دەست دەدات رەنگە لە وڵاتێکی وەکو ئێمە کوردستان دەست نەدات، هەر ئەوەشە کە جیاوازی بیروبۆچوون جیاوازی کۆمەڵگا پێشان دەداتن، بەڵام ئێمە ناکرێت لەبەر داب و نەریتێك کە هەندێك جار لەگەڵ سەردەم ناگونجێت خۆمان ببەستینەوە بە هەندێك شتی هەڵە، ئێمە یاسایەکمان هەیە دە ساڵ زیاترە ئیشی پێدەکەین، لەو پەرلەمانە دەرچووە، سەرەڕای جیاوازی بیروبۆچوون کە ئەو کاتە رەنگە معارەزە و ئەحزابی تری جۆرا وجۆر لە پەرلەمان بووبن ئەو یاسایەیان دەرچواندووە، یاسایەکەش لەگەڵ بنەماکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام گونجاوە، جێبەجێش کراوە، بەڵام ئەوەی کە پەرلەمانی کوردستان هەستی پێکردوو ئێمەش لە حکومەت پشتگیریمان کرد لەوەیە کە هەندێ کەم و کورتی لە یاساکەی کۆن هەیە، دەمانەوێت ئەو کەم و کورتیانە پڕ بکەینەوە، ئەگەر نا یاسایەکەش نەبێتن یاسای سزاکانی عێراقی خۆ زۆر گشتگیرە و زۆرێك لەو بابەتانەی تێدایە، چارەسەری زۆرێك لەو کێشانەی کردووە، لێرە مناقەشە لەسەر ئەوە دەکرێت ئاخۆ حەوانە بێت، داڵدەدان بێت، یاخود وتە هەبێت، ئەمانە هیچی پیرۆز نییە، ئەصلی کە پیرۆزە خودی ئینسانە، دەمانەوێت پیرۆزی ئینسان لەو کۆمەڵگەیە باشتر بکەین، ئەوەی کە ئاینی پیرۆزی ئیسلام باسی مرۆڤ دەکات، ئەوەی کە ئەدیانەکانی تری سەماوی باسی مرۆڤ دەکەن، دەمانەوێت لەرێگەی موئەسەساتی حکومەت و پەرلەمانی کوردستانەوە بەرزی رابگرین، من رجام وایە ئەم بابەتە زیاتر لە قەبارەی خۆی گەورە نەکرێت، هیچ وشەیەکیش لەوانەی لێرە نووسراون ئایەتی قورئانی نینە کە نەگۆڕدرێن، ئێمە پاڵپشتی هەموو گۆڕانکارییەك دەکەین کە پڕۆژە یاسایەکە دەوڵەمەند بکاتن و هەستیارییەکان کەم بکاتەوە، بەڵام ناکرێتن بڵێین ئەم شتە سەرلەبەری پێویست ناکات، ئێمە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستیمان بەوەیە کە پەرلەمان پشتگیریمان بکات لەوەی کە بتوانین ئەم بارودۆخە چاك بکەین، بەڕێزان ئێوە باس لەوە دەکەن بنکەکانی حەوانەوە ئەوانە وەکو پێویست نییە، داڵدەدان وەکو پێویست نییە، پاراستن وەکو پێویست نییە، بەڵێ راستە ئێمەش گلەییمان هەیە، تواناکان لە ئاستی پێویستدا نینە بۆ ئەوەی رووبەڕووی ئەو هەموو هەرەشە و مەترسیانە ببینەوە، هەرەشەکانی ناو خودی کۆمەڵگا یەکجار

زیاترن لەو هەرەشانەی کە لە دەرەوەی کۆمەڵگایە، ئەوەی کە لە دەرەوەی کۆمەڵگایە ئینسان بە چاوی ناحەز و دوژمن تەماشای دەکات، بەڵام ئەو هەرەشانەی لەناو خودی کۆمەڵگانە کێشە و گرفتی گەورەمان بۆ دروست دەکەن، ئێمە لە وەزارەتی ناوخۆ، وەزراەتی کاروباری کۆمەڵایەتی، ئەوقاف، ئەو وەزارەتانەی کە پەیوەستن بەو کێشە ئێمە هەموومان رووبەڕووی ئاستەنگ بوینەتەوە گرفتمان هەیە، بۆچی پێشنیار کراوە ئافرەت زیاد بکرێت، یەعنی بابەتێکە پرسیارێکی لەجێیە، بۆچی ئافرەت زیاد بکرێت؟ ئەگەر ئێمە سەیری یاسای پێشوو بکەین هەموو ئەو شتانەی کە لەم پێشنیارانەی ئێستا هەیە شتێکی کەمی لێ دەستکاری کراوە بەرەو باشتر کردنی بارودۆخەکە، ئەگەر نا، خۆ یاسای کۆن هەموو ئەو شتانەی تێدایە، تەرکیزی یاسای کۆنیش لەسەر ئافرەتە، بەڵام ئێمە لەو پرۆژە یاسایە لکاوین بە وشەیەك کە دەڵێ ئافرەت، زیاد کراوە، لە حاڵەتێك لە ناوەرۆکی یاسای پێشوو هەمووی ئافرەتە، باسی هیچی تری نەکراوە، ڕاستە نووسراوە پرۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی، بەڵام (٩٨%)ی ئافرەتە، بۆچی ئافرەت؟ بۆچی ئێمە باسی شتێکی تر ناکەین؟ ئێمە هەموومان دەزانین ئێمە لە کۆمەڵگایەکی پیاو سالاری دەژین، ئەمە نە ئاینی ئیسلام تەبەنی پیاو سالاری دەکات، نە هیچ ئاینێکی تر، با ئەمە لەو مەیدانە هەموومان ڕێك بکەوین لەسەر ئەو مەبادیئانە، کەس ئیتیهامی ئیسلام ناکات کە باسی پیاو سالاری دەکات، ئەوە خوڕەوشت و ڕەفتاری ئێمەمانانە کە وا پێشانی کۆمەڵگا دەدەین، ئافرەت بە لاواز لە قەڵەم دەدەین و پیاویش بەهێز، ئێمە ئافرەتمان هەبووە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ڕۆڵی سەرکردایەتی هەبووە، هیچ پیاوێك لە ئێمە نەیتوانیوە قسەیەك بۆ کوردایەتی و بۆ خەبات و بەرخودانی ئەو وڵاتە بکات ئەگەر ئافرەتەکان ماڵ و منداڵەکانیان نەپاراستبا، شەرەف و کەرامەتی عائیلەیان نەپاراستبا، هەموو ئەو پێشمەرگانەی لە شاخەکان بوون بە ساڵ، ئافرتەکان ئیشیان کردووە، پەروەردەیان کردووە، خەباتیان کردووە، بەشداریش بووینە لە ڕێکخستن، یەعنی بۆچی ئێمە بە چاوێکی کەم سەیری ئافرەت بکەین؟ بەڵام لە هەمان کات دا خاڵی ئاسان بۆ ئەوەی هەموومان زیادەڕەوی لەسەر بکەین ئافرەتە لە کۆمەڵگا، یەعنی ئەمە بنەمایەکی زانستی یە، بنەمایەکی ئاینی یە، بنەمایەکی کلتووری کۆمەڵایەتی یە، لەو هەموو بنەمایانە لە ئەنجامی ئیش کردنی ئێمە لە دەزگاکانی حکومەت ئەگەر ڕۆژێك هەر یەکێك لە بەڕێزان حەفتەیەك بچێت لە بنکەیەکی وەرگرتنی سکاڵای هێڵی گەرمی وەزارەتی ناوخۆ دابنیشیت، بزانین کێنە کە سکاڵا دەکەن؟ (٩٩%)ی ئافرەتە، سکاڵا دەکات، بۆچی جاران سکاڵا نەبوو؟ تەلەفۆن نەبوو، هەموو ماڵێك تەلەفۆنی نەبوو، ئاستی گوزەرانی خەڵك جیاواز بوو، بۆچی جاران باسی کوشت و کوشتار نەدەکرا؟ کەس هەر باسی نەدەکرد، هۆیەکانی پەیوەندی و ڕاگەیاندن وا ئازاد نەبوون، خەڵك تێگەیشتنی وا نەبوو، دینی ئیسلام پێمان دەڵێ دەبێ ئەو پەڕی ڕێز لە ئافرەت بگیرێت، بەڵام هەندێك نەفام لە پەنای ئەو بابەتانە بێ ڕێزی بەرامبەر بە ئافرەت دەکەن، ئێمە ئەو یاسایانە دەردەکەین تایبەتمەندی دەدەین بە ئافرەت بۆ ئەوەی ئەم بێ ڕێزییە کە ئیسلام ئافرەتی زۆر بەرز داناوە و ڕێز و پایەیەکی زۆر بەرزی بۆ داناوە، بە کۆڵەگەی سەرەکی خێزان و مرۆڤایەتی داناوە، ئێمە دەمانەوێ ئەو پێگەیە بپارێزین، بۆچی ئەو ڕووە گەشەی یاسایەکە نابینن؟ باسی ڕووە ناخۆشەکەی یاسایەکە دەکرێت کە دەمانەوێ ئافرەت بشکێنین، کە دەمانەوێ خێزان تێك بدەین، ژمارەی ئەوانەی کە دەکوژرێن، دەسووتێندرێن، ناچار دەکرێن خۆیان بسووتێنن، ناچار دەکرێن خۆیان بکوژن، (٩٩%)ی ئافرەتە، ئێمە بە داتا قسە دەکەین، بە عاتیفە قسە ناکەین، خۆزگە وای لێبێتن کە ئێمە لە کوردستان

پێویستیمان بە یاسایەکی توندوتیژی هەر نەبێت، ئامانج لەو یاسایە ئەوە نییە ئەو ڕەفتارەی هەر یەکێك لە ئێمە لە ناو عائیلەی خۆی دەکات سنووردار بکرێن، باسی ئەو دەکرێت ئەگەر کوڕێك وای گوت بە باوکی و باوکی، ئەم تەفاصیلانە ئەگەر وابێ دەبێ هەموو یاسایەکان هەڵوەشێنینەوە بەڕێزان، یاسای سزادانی عیراقی یاسایەکی گشتگیرە، بەڵام لە پێشکەوتنی سەردەم و پێشکەوتنی هۆیەکانی ژیان و پەیوەندی و ئیتیصالات وای کردییە کە ئێمە پەنا ببەینە بەر ئەوەی یاسای تایبەتمەند بۆ بواری تایبەتمەند دەربکەین، ئەگەر نا باشە یاسایەك بۆ کەم ئەندامان چ پێویست دەکات؟ یاسایەك بۆ خزمەتی خانەنشینی چ پێویست دەکات ئەم هەموو یاسایانە؟ چونکە تایبەتمەندی بابەتەکەیە، لێرە ئەوەی کە دەبێتە قوربانی لەو کۆمەڵگایانەی سەردەمی ئێستا ئافرەتە قوربانی یە، ئێمە ڕاستە دەڵێین پیاو تووشی توندوتیژی دەبێتەوە، بەڵام ئەو ڕێژەی پیاوە یەکجار کەمە، لێرەش کە دەڵێین خێزان، من لەگەڵ هەندێك بۆچوونی ئێوەم کە دەڵێن هاوسەرگیری دەبێ هەبێت، ڕاستە دەبێ هەبێ، باسی تەعریفی خێزان دەکەین، خێزان بە بێ هاوسەرگیری دروست نابێت، یەعنی ناکرێت ئێمە دەستەواژەی هاوسەرگیری لە خێزان جیا بکەینەوە، کام خێزان؟ من لەگەڵ ئەوەمە ئەو هەستیاریەی کە هەندێك مامۆستایانی بەڕێز باس دەکەن کە سەر بکێشێت بۆ بابەتی جیاواز کە دوور لە دابوونەریتی کوردستانی و کوردەواری خۆمان جێگای مەترسی یە، بۆ هەمووومان جێگای مەترسی یە، بەڵام هیچ دەقێك لێرە باسی ئەوە ناکات، هیچ تاوانێکیش لە دادگاکان و لە ناو موئەسەساتی حکومەت بە بێ نەصێك کەس تەعامولی لەگەڵ ناکات، باسی ئەو بابەتە نەکراوە ئەوەی کە جێگەی مەترسی یە بۆ ئێوە، لە یاسای پێشووش باسی جۆری کۆمەڵایەتی کراوە، قەت حکومەت تەعامولی لەگەڵ نەکردووە کە ئەمە ببێتە بابەتێك دوور لە عورف و عاداتی کوردستان، ئێمەش وەکو ئێوە خەمی ئەو میللەتەمانە و خەمی ئەو خێزانانەشمانە، بۆیە حەز دەکەم ئەو مەترسییانە وا گەورە نەکرێتن، یاسای پێشوو باسی خێزانی دەکرد بەڵام هەموو ئافرەت بوو، ئێمە گوتمان لەگەڵ پەرلەمان ئەو لیژنە پەیوەندیدارانە، خۆم ئەمە جاری چوارەمە دێمە پەرلەمان، وۆرك شۆپێك بوو نازانم گەورەتر لە وۆرك شۆپێك لیژنەی ئافرەتان لە پەرلەمان ئامادەی کرد، هەموو ڕێکخراوەکان، هەموو خەڵکی پەیوەندیدار هاتن ئامادەبوون، پێم سەیرە ئەو موناقەشەی ئێستا لێرە دەیکەین لە لیژنەکان بۆ نەکرا؟ یەعنی ئەو موناقەشەیە مەفرووز بوو لە کۆبوونەوەیەك سەرۆکی پەرلەمان خۆی سەرپەرشتی کرد، هەموو لیژنەکان، بەشێك لەو برادەرانەی ئێستا لەسەر هەندێك بڕگە قسە دەکەن لەوێ هیچ کێشەیان نەبوو، ئێستا لێرە بۆتە بابەتێکی زۆر گەرم، یەعنی ئەو کاتە موناقەشە کرا، بۆچی ئافرەت زەرووره لەگەڵ ئەم مەوزووعە بێت؟ هەبوونی ئێمە لە ژیانی ڕۆژانە کێشەی ئافرەتە لە وەزارەتی ناوخۆ، لەسەر شتی زۆر کەم ئافرەت دەکوژرێ، ئێوە هەمووتان دەزانن، لە پێکەنینێك، پێکەنینێکی زۆر بەریئانە ئافرەت کوژرایە، مەسجێکی زۆر سادە بۆ کچێك هاتووە ئەو کچە کوژرایە، لە خێزان، لە دەرەوەی خێزان، پێش ماوەی ساڵێك کارمەندێك لە وەزارەتێك کوڕێك حەزی لێ بوو، کچەکە ڕەفزی دەکرد، ئێ توندوتیژی چییە؟ کابرا چوو بە دەبانچە کوشتی، خۆ لە ناو خێزان نەبوو، ئەمە نە پەیوەندی بە خێزان بوو، نە پەیوەندی بە ماڵێ بوو، نە پەیوەندی بە خزمایەتی بوو، ئەم مەوزووعە بابەتێکی گرنگە، ئافرەت لە ناو خێزان توندوتیژی بەرامبەر دەکرێت، وە لە دەرەوەی خێزان زیاتر توندوتیژی بەرامبەر دەکرێت، توندوتیژییەکی بێڕێزانەی بەرامبەر دەکرێ، زۆرجار ئیستیغلالی بوونی ئافرەت لە فەرمانگە و لە شوێنەکانی ئیش کردن دەکرێت، ناچار دەکرێت

هەندێك شت بكات لەبەر ئەوەی كە ئیشەكەی خۆی لە دەست نەدات، ئێ ئەوە چ عیلاقەی بە خێزانە؟ مودیرێكە كارمەندێكی ئافرەتی هەیە، ناچاری دەكات، ئێ ئەوە توندوتیژییە بەرامبەری دەكات، دواتر ئەو ئافرەتە لە ماڵی خۆی لە ئامۆزایەكی خۆی، خزمێكی خۆی دەكوژرێت، ئەو پیاوەش مودیرەكە لە شوێنی خۆی بەسەر بەرزی دەمێنێتەوە، كەس نابی هیچی پێ بڵێت، ئێمە بۆ واقیع بین نینە بەرامبەر بە كۆمەڵگای خۆمان؟ بۆ وا قسە دەكەین (كأنما) ئێمە دەمانەوێ خێزان هەڵوەشێنین؟ كێ باسی خێزان هەڵوەشاندنی كردووە؟ خێزان بنەمای ئەم میللەتەیە و دەبێ بشمێنێتەوە وەكو بنەما، دەقە ئاینییەكان دەبێ ڕێزیان لێ بگیرێ و لەسەر سەری خۆشمانی دادەنێین، بەڵام ناكرێت لە پەنای هەندێك وەكو بڵێی (كلمە حق یراد بها الباطل) لەسەر ئەو بنەمایە ئیش بكەین، لەبەر ئەوەی كە نابێت ئافرەت ئەو ڕەفتارە بكات چونكە تەحەدای دەسەڵاتی پیاو دەكات، لە كوێی ئاینی ئیسلام باسی ئەوە دەكات ئافرەت دەبێ بەو شێوەیە بێ ئەوەی كە ئێستا ئێمە ڕەفتاری لەگەڵ دەكەین؟ من تەحەدا دەكەم دەقێكی ئاینی بێنن كە باس لە چەوساندنەوەی ئافرەت بكات، هیچ ئاینێك باس لە چەوساندنەوەی ئافرەت ناكات، ئێمە مرۆڤین ئەو دەقانە بەكار دێنین بۆ بەرژەوەندی خۆمان، بۆچی ئەو ڕەفتارەی مرۆڤان دەكەنە دەقی ئاینی؟ ئەو یاسایانە بۆ ڕاستكردنەوەی ڕەفتاری مرۆڤەكانە، نەك بۆ گۆڕینی بنەماكانی ئاین و كۆمەڵگایە، بۆیە لە هەبوونی ئافرەت لەگەڵ ئەم ناوە، لە نەبوونی، هیچ لە كێشە ناگۆڕێت، قەزییەیەك هەیە، تەعەدا و تەجاوز دەكرێت لەسەر خوشك و دایكی هەر یەكێك لە ئێمەمانان بە جۆری جیاواز، ئێمە دەمانەوێ ئەم سنوورە بەرتەسك بكەینەوە لەوەی كە ئەم هەڕەشانە كەم ببنەوە، كە دەڵێین یەكسانی مەبەستمان ئەوە نییە هەموو شت بنەماكانی ئاین وەلا بنێین، بنەماكانی ئاین وەكو خۆی لە شوێنی خۆیتی، بەڵام دەبێ هەلی یەكسان بۆ كچ و بۆ كوڕ لە ناو خێزان دروست بكرێ، بۆ خوێندن، بۆ پەروەردە كردن، بۆ شوو كردن و ژن هێنان، بۆ ئیش كردن، ئەم یاسایە بۆ ئەوەیە، بۆ ئەوە نییە كچێك سەعات (١٢)ی شەو بێتەوە باوكێك نەتوانێت پێی بڵێت لە كوێ بووی؟ ئێمە كەسمان ئەوە قبووڵ ناكەین، كوڕێك، منداڵێكی (١٥) ساڵی بچێ لە نایت كلەبێك دابنیشێ یان لە كافیتیریایەك دابنیشێ، یاسا ڕێگای پێ نادا لە (١٨) ساڵ كەمتر بچێتە كافتریا، هیچ یاسایەك ڕێگەی پێ نادا، بۆیە تكام وایە مەترسییەكانتان ئەوەندە مەبەنە سەر ئەوە، چونكە ئێمە لە جێبەجێ كردن تووشی گرفتی گەورە دەبین، خەڵكی گەورە و ئازا بڕیاری ئازاش دەدات، ئێوە پەرلەمانی كوردستانن، دەبێ كۆمەڵگە هیدایەت بكەن بەرەو ئاراستەیەكی دروست، هاوكاری حكومەت بن لەوەی كە بتوانین یاساكان وەكو خۆی جێبەجێ بكرێت، مەسەلەی وتە، هیچ موشكیلە نییە ئەو وتەیە دەربێنن، ڕاستە، ئێستا من جۆرێك دەنگم بەرز كردووە ڕەنگە بەشێك لە ئێوە وا تێبگەن من جۆرێك لە هەڕەشە دەكەم، یەعنی مەبەستم،...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

نا بای ئەوە سیقەمان بە خۆمانە كە جەنابت هەڕەشەمان لێ ناكەی.

**بەڕێز ڕێبەر أحمد خالد/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مەبەستم، یەعنی من قەصدم چییە؟ كە دەنگت بەرز دەكەیەوە یەعنی ڕەنگە یەكێك وا تێبگا هەڕەشە دەكەی، ئەمە وتەیە، بۆچی سبەی لەسەر ئەم دەنگ بەرز كردنەوە گفتوگۆیەكی دەنگ بەرز كردنەوە من خێزانم لێك بكەوینە سەنگەر؟ من لەگەڵ ئەو بۆچوونەم، ئەم وتەیە لاببەن، كە

دەڵێین هەڕەشە، هەڕەشەیە، ئینجا با هەڕەشە تەعریفی تری هەبێ، بەڵام نەکەینە وتەیەك دوو قسەی نەصیحەت بکەین لە یەکتری سبەی ببێتە کێشەیەك لە بەینی خێزان، ئێمە دەمانەوێ کێشەیەك چارەسەر بکەین نەوەکو کێشە دروست بکەین، حەوانەوە بکرێتە داڵدەدان، زۆر جوانە، چونکە بەڕاستی داڵدەدانە، حەوانەوە ڕەنگە هۆتێل بگرێتەوە، شتی تر بگرێتەوە، بەڕێزێك باسی سایتەکانی ئینتەرنێتی کرد، ئێمە لە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن پێش ماوەیەك بڕیارێکی دروست درا کە پاکێجێکی ئینتەرنێتی خێزانی، ئەو خێزانەی بیەوێت پاکێجێکی ئەنتەرنێتی خێزانی هەبێت دەتوانێ ئەو پاکێجە وەربگرێت، ئەو پاکێجە فیلتەر کراوە، ئەوەش ئازادی یە، جەنابت دەتەوێ پاکێجێکی ئازادی فولت هەبێت، بڕیار لە دەست خۆتە وەکو خێزان، دەتەوێ پاکێجێکی خێزانیت هەبێ ئەمە بەکار دێنی، ناتوانین ڕەئییێك لەسەر ڕەئییێك زاڵ بکەین، ئیتر بیرمان لە هەموو ئەم بابەتانە کردۆتەوە، با لەسەر ئەو دەستەواژانەی کە بڵێین هەندێك وشە زیادە، کەمە، ئێمە هیچ کێشەمان نییە، ئەو دەستەواژانە گۆڕانکاری بکرێ لە ڕووی زمانەوانییەوە، بە مەرجێك کە تەئسیر لە روحی یاسایەکە نەکات، بەڕێزان من دەمەوێ سەرنجتان بۆ بابەتێك ڕابکێشم، زۆر جاران هەموو خێزانەکانی ئێمە کە باس لە پلە سێ و چوار دەکەین، باوەڕتان هەبێ دایك و باوك و خوشك و برا و ئەوانە هەموو ڕازینە لەسەر بابەتێك، ئامۆزایەك لەولاوە دێت کێشەیەك بۆ خێزانەکە دروست دەکات، کوڕە خاڵێك لەولاوە دێت دەڵێ شەرم ناکەن لە خۆتان کوڕەکەی ئێوە وای کردییە، کچەکەی ئێوە وای کردییە، ئەم خێزانە تووشی لێکترازان دەبێ لە نەتیجەی ئامۆزایەك و خاڵۆزایەك، بۆیە گرنگە ئێمە کێشەکە وەکو خۆی ببینین، ئەگەر نا هەندێك خێزان هەیە لە ناو کوردەواری خۆمان دەچێت بۆ سەد، دوو سەد نەفەر حەقی تەداخولیان هەیە لە ژیانی نەفەرێك، بڕیاردان لەسەر چارەنووسی ئافرەتێك، یان کچێك، ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە بڕگەیەك زیاد بکرێت پێش ئەوەی کە بابەتەکە بچێتە لای دادگا، کە دادگا یەکلایی بکاتەوە، سەنتەرەکانی ڕاوێژکاری کە سەر بە بەڕێوبەرایەتی گشتی توندوتیژی دژی خێزانن ئێستا لە وەزارەتی ناوخۆ، بابەتەکە بچێتە وێ ڕاوێژ بە یەك بکەن، ئەگەر لە ڕاوێژ نەگەیشتنە نەتیجە ئەو کاتە ببێتە سکاڵا، یەکسەر قۆناغەکە بە سکاڵا دەست پێ نەکات کە ژن و مێرد، یان منداڵ لەگەڵ دایك و باوکیان لە خێزانێك بکەونە سەنگەر و سبەی ئەگەر ئاشتیش بینەوە بێ ڕێزییەك لە بەرامبەر یەکتری بکەن، بەڕێزان ئێوە ئەو مەترسییەی کە هەتانە لەسەر توندوتیژی بەرامبەر بە پیاو، یان بەرامبەر بە منداڵ، یان بەرامبەر بە هەر کەسێکی تر، ئەمە هەمان ئەم یاسایە باسی دەکات، خۆ ئێمە لێرە باسی منداڵیشمان نەکردووە، بەڵام تایبەتمەندییەکمان داوە بە ئافرەت، چونکە ئافرەت زیاتر لە هەموو تاکێکی ئەو کۆمەڵگایە لە ناو خێزان و بەتایبەتی لە دەرەوەی خێزان تووشی گرفتی یەکجار دەبێت، بۆچی دوای یازدە ساڵ ئێمە هاتین داوا دەکەین ئافرەت زیاد بکرێت، چونکە ئەو توندوتیژییەی لە دەرەوەی خێزان بەرامبەر بە ئافرەت دەکرێ، لە یاساکان دەچێتە بەر دەستی دادوەر، دەڵێ من نەصێکم نییە لەسەر ئەم مەوزووعە، بەپێی یاسای توندوتیژی خێزان مامەڵەی لەگەڵ بکەن، باسی خێزان باسی ناو ماڵە، بەڵام دادگا کە پێی دەڵێی ئافرەت، کەواتە ئافرەت لە هەر شوێنێك بێت دەبێت بپارێزرێت، بابەتی دارایی کە هەندێك لە بەڕێزان باسیان کرد، تەبعەن ئێستا ڕەنگە زۆرێك لە خێزانەکانی هەمووومان مەسەلەن، ئافرەت مووچەخۆرە، مووچەکەی دەباتەوە دەبێ ڕادەستی وەلی ئەمری خۆی بکات، ڕەنگە لەو مووچەیە سەد هەزاریشی پێ ڕەوا نەبینن بیدەنەوە،

ئەمەش جۆرێكە لە زەوت كردنـی هەنـدێك مـاف، یەعنـی هاوكـاری بەخێـوكردنی خێـزانە، بەڵام موسـتەفید نیـیە لە ئەو هاوكـارییەی كە دەكرێـت، هەسـت كـراوە بەشـێكی زۆر لەو خێزانـانەی تووشی كێشە دەبن كە دێنە سەنتەرەكانی ڕاوێژی خێزانی لە وەزارەتی ناوخۆ، باس لەوە دەكەن پیاوەكەی، یان براكەی، یان كەسێك لە ماڵێ هیچ پارەی ناداتێ، نە خەرجی خۆی بكات، نە جل و بەرگێك بكرێت، نە بۆ چارەسەری نەخۆشی، ئێ خۆ هەمووومان لە ناو ئەو خێزانە نـین، بە دەیـان ڕەنـگە خـزم و كەسـی هەمووومـان تووشـی ئەو كێشـەیە بـووبن، ئەمە واقیعێكە،ئەممـا بـابەتی دارایـی، كێشـەیەكە ئـافرەت بە دەسـتییەوە دەناڵێنێـت، حەتـا ئەگەر ئـافرەت ئیشـیش نەكـات، پێویستە خێزان پێداویستییەكانی ئافرەت دابین بكات لە ڕووی دارایـیەوە، كە بەداخەوە ئێسـتا وەكو پێویست نییە، ئێمە باس لە كێشەكان دەكەین، باس لە گشتی ناكەین، ڕەنـگە كـۆمەڵگە زۆر گۆڕابێت، بەڵام بەشێكی زۆری تەڵاق لەسەر ئەوە بووە ئافرەت دەچێت سكاڵا دەكات، دەڵێت ئەم كەسە خەرجیم ناكات، خەرجی خۆم و منداڵەكانم ناكات، ئەمە بابەتێكی گرنگە بەڕێزان، یەعنـی پیاو هەیە زۆر زاڵمانە ڕەفتار دەكـات لەو مەوزووعە، پیـاو هەیە ئـافرەتی خـۆی، خێزانـی خـۆی، كچی خـۆی بەكـار دێنێـت بـۆ لەشفرۆشـی، بـۆچی باسـی ئەو ڕووە نـاكەن كە پێویسـتە ئـافرەت بپارێزرێـت؟ چەنـد ئافرەتمـان كە دەسـتگیر كـردووونە لە شـوێنی نەشـیاو بەشـێكیان ئەوە بـووە پیاوەكە هانی دەدا بۆ پەیداكردنی پارە، دواتر پارەكەشی لێ صـەرف ناكـاتەوە، یەعنـی مـن حەز دەكەم ئەم بابەتـانە هەر ئەو ڕووەی نەبیـنن كە تێكـدانە، ئەم ڕووە ببیـنن كە ئەم ڕەفتـارانەی ئێمەمانەن دەبێتە تێكدانی خێزان، دەمانەوێ بەو یاسایە بیپارێزین، دواتر هۆیەكـانی پەیوەنـدی كردن، ئەلیكترۆنی، ئێستا بەشی هەرە زۆری كێشەكانی كۆمەڵایەتی و تێكدانی خێزان بەڕاسـتی هۆیەكـانی پەیونـدینە، یەعنـی شـك و گومـانێكی یەكجـار زۆر دروسـت دەبـێ لە نـاو خێزانێـك، سەعات (١٢)ی شەو مەسجێك بە هەڵە دێت بۆ یەكێك، ڕەنگە ئافرەت بەرامـبەر بە پیـاوەكەی بە گومان دەبـێ، مەسـجێكی بـۆ دێـت، ئەوی تـر مەسـجێكی بـۆ دێـت، ئەم خێـزانە تووشـی گرفـت دەبێت، یەكێك هەبێت لە نێوانیان دابنیشێت بڵێت كـاكە ئەم مەسـجەی تـۆ هـیچ مەعنـای نیـیە، ئەوەش هیچ مەعنای نەبوو، ئەم خێزانە لەبەر یەك هەڵناوەشێ، بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەوەینە نەبێتە سكاڵا، دادگا یەكەم بڕیار نەدات، بچێتە سەنتەری ڕاوێژكاری، من نامەوێ زیاتر لەوە قسە بكەم و وەختتان بگرم، زۆر سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ سـوپاس، بەڕێـزان هەمـوو ڕوونكردنەوەیەكـی دا، سـوپاس، جـوابی هەمـوو پرسـیارەكانی دایەوە، بڕۆنە ماددەی (٣)، بەڵام دەبێ هەمووومان ئیلتیزام بە ماددەی (٨٨) بكەیـن لەوەی كە (٢) دەقە زیاتر نابێ، بەڵێ، فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٣):

ماددەیەك بە زنجیرەی (دووەم) زیاد دەكرێت بـۆ یاسـاكە و ڕیزبەنـدی ماددەكـانی دیـكە سـەر لە نوێ ڕێك دەخرێتەوە، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

ماددەی (دووەم)

ئامانجی ئەم یاسایە بریتی یە لە:

١- بەرەنگاربوونەوەی هەموو جۆرەکانی توندوتیژی خێزانی و دژ بە ئافرەت و سزا گەیاندنی تاوانباران.
٢- پاراستن و ڕاهێنانەوەی قوربانییانی توندوتیژی.
٣- هۆشیار کردنەوەی کۆمەڵگا سەبارەت بە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی دژ بە ئافرەت.
سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان، کێ قسەی هەیە؟ چڕی بکەنەوە لەسەر ئەم ماددەیە، بەڵێ ئەم بڕگەیە، ئەم ماددەیە ئەوەی لابەن، ئەوەی زیاد بکەن، دەمەوێ ئاوا بێ، بەڕێزان بەیانیش دانیشتن هەیە، یاسای پەروەردەیە، بەرنامەمان ئیعلان کردووە، یەعنی دەبێ ئەم شەو هەر چۆن بێ تازە ئەمە تەواو بکەین، تەصەوڕمان نەکرد ئەوەندە درێژە بخایەنێ، بەرنامەی دانیشتنی بەیانیمان ئیعلان کردووە، ئەمەی تیا نییە،...

**بەڕێز ڕێبەر أحمد خالد/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیجازە هەیە؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ فەرموون بەڕێزتان.

**بەڕێز ڕێبەر أحمد خالد/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئیلتیزامێکی ترم هەیە، بەڕێزان لێرەنە، (د.ڤالا)، ئەگەر شتێکی تریش هەبوو ئێمە دواتریش لە خزمەت دەبین، ئەگەر ئیجازەی من بدەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، لەسەر چی؟ بەڵێ فەرموو، بیاننووسە، بە هەمان شێوە یاسای چەك پێویستمان بە یاسایەکی تر دەبێت بەڕێز وەزیری ناوخۆ، بە مەبەستی حازر کردنی ڕاپۆرتی دەنگدان، (کاك حاجی هەڵکەوت، کاك سەروان، کاك شێخ ظاهر، خدیجە خان، د.گەلاوێژ، کاك هێڤیدار، ئاشنا خان، شیرین أمین، کاك یاسین، کاك بەڵێن، کاك سەرکۆ، مامۆستا أبوبکر، مژدە خان، د.إسماعیل، سەرچنار خان، کاك مەم، مامۆستا عمر، کاك باڵانبۆ)، بەڵێ کاك (سەروان)، فەرموو پرسیارەکەت بکە.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بە ناوی خودای گەورە و میهرەبان.**

بەڕاستی من دوو پرسیارم لە بەڕێز وەزیری ناوخۆ هەیە، لە لیژنەی تایبەتمەند، پرسیاری من لە وەزیری ناوخۆ ئەوەیە کە ئەو پێشنیازە یاسایە بۆ تێکنەچوونی شیرازەی خێزانە، بۆ ئەوەی ئافرەت بحەسێتەوە، ئافرەت هیچ هەڕەشە و هیچ مەترسییەکی لەسەر نەمێنێت، من پرسیار دەکەم خێزانی پێشمەرگە ئەوە دەگرێتەوە ئەو یاسایە؟ من دەڵێم نایگرێتەوە، بۆ؟ لەبەر ئەوەی سێ ساڵ و نۆ مانگە من تەڵەبی ئەوە دەکەم کە فەوجێکی پێشمەرگە کە سەر بە وەزارەتی ناوخۆیە بیست و یەك بە حەفت دەوام دەکات، تاکو ئێستا زیاتر لە (١١) کەس ژن و مێردن لێك

جیابوونەتەوە لەسەر ئەرکی زۆری پێشمەرگە، ئەگەر بۆ ئەوەتانە خێزان بحەسێتەوە، ئەگەر بۆ ئەوەتانە، بەڕاستی چارەیەکی ئەوە، وەکو برایەك پێت دەڵێم، چەند جار داوامان کردووە ئیهمال کراوە، ئەوە یەك، دوو/ لەسەر لیژنەی تایبەتمەند، ئێمە پێمان خۆشە ڕاستی، یەعنی تاکو ئێستا ئەو لیژنەیە دامەزراوە، سەرەتای دامەزراندنتان، ئەم خولەی پەرلەمان دەڵێم، تاکو ئێستا بەدواداچوونتان کردووە کە لەوەتەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و ئەو بەڕێوبەرایەتییانەی بە ناوی پاراستنی ئافرەت و مافی ئافرەت دامەزراون و پێش دامەزراندن ڕێژەی کوشتن ئەو کات زۆر بووە یان ئێستا زۆر بووە کە ئەوان هەن؟ بۆ؟ با شیکردنەوەکی بچووك بدەم بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوو دەقەیە تەواو، فەرموو کاك (هێڤیدار).

**بەڕێز هێڤیدار أحمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سوپاسی ڕوونکردنەوەکانی بەڕێز وەزیری ناوخۆ کاك (ڕێبەر) دەکەم، کاك (ڕێبەر) ئەم هەموو ڕوونکردنەوەی جەنابت و ئەو قسەی برادەران کران، کە مەسەلەی ئافرەت جیابکرێتەوە لەوە، دەرەنجامی هۆیەکانی دەرچوونی ئەم ڕاپۆرتەیە، کە خوێندمەوە لەگەڵ ڕێزم بۆ لیژنەی پەیوەندیدار، لە کۆڵیان کردۆتەوە، هیچ تەفاصیلێکی نەداوە ئەم قانوونەی بۆ دەردەچێت؟ فەراغەکە لە کوێ یە؟ هۆیەکە لە کوێ یە؟ زەحمەت نەبێ حەز دەکەم هەموو ئەندامانی پەرلەمان هۆیەکان بخوێننەوە، یەعنی شعورێك نەکراوە کە فەراغێك هەیە، بۆیە ئەم بابەتی دژ بە ئافرەتان لکێندراوەتەوە بە پرۆژە قانونەکە؟ دەستخۆشی لە جەنابت دەکەین کە ئەو ڕوونکردنەوەت داوە، لەسەر ماددەی (٣)، جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، بڕگەی (٣) هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا چۆن دەکرێ؟ یەعنی هۆشیار کردنەوەی کۆمەڵگا، سەبارەت بە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی دژ بەئافرەت، چۆنە؟ لەڕێگای قوتابخانەیە؟ میدیایە؟ ڕێکخراوەکانە؟ مزگەوتەکانە؟ دەبێ تەفاصیلەکەی لەگەڵ هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێز وەزیری ناوخۆ ئەو دوو پرسیارە وەڵام بدەیتەوە، دواتر دەتوانی بڕۆی، بەڕێزان بۆ بابەتی دەرەوەی بابەتی توندوتیژی خێزانی نەهاتوون بەڕێزیان، فەرموون بەڕێزتان وەڵام بدەنەوە.

**بەڕێز ڕێبەر أحمد خالد/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، من لەسەر ئەو بابەتەی پێشمەرگە، پێشمەرگە جێی شانازی هەموومانە، بوونی ئێمە لە حکومەت و پەرلەمان و وەکو کۆمەڵگاش هەموومان قەرزداری ماندووبوون و خەباتی پێشمەرگەین و خوێنی شەهیدانین، بە تەئکید هەر یاسایەك دەربچێت دەبێ خێزانی پێشمەرگە ئەولەویەتی پێ بدرێت، ئەو کێشەی کە جەنابت باسی دەکەی یەعنی شتێکی تایبەتە و وا خەریکین ئینشاڵلا لەگەڵ فەرماندەی زێرەڤانی چارەسەری دەکەین، بەدەر لەو بابەتە دەبێت، بابەتی ئەوەی کە لەگەڵ زۆربوونی ڕێکخراوەکان ئەم کێشەیە زۆر بووە و زەق بووە، ئەوە وەکو باسم کرد پێشتر کەس باسی نەدەکرد و کۆمەڵگاش بەو شێوەیە نەشێوێندرابوو، کۆمەڵگاکەمان

زۆر سادەتر بوو لەوەی ئێستا، پەیوەندییەکانی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی، خێزانی زۆر سادەتر بوون، داواکارییەکانی ئێمە وەکو مرۆڤ زۆر سادەتر بوون، لە خێزان یەك نەفەر مووچەخۆر بوایە هەموومان قەناعەتمان هەبوو بەو مووچەیە دەژیاین، ئێستا لە خێزانێك ئەگەر (١٠) نەفەر بن، دەبێ هەر (١٠) نەفەر بینە خاوەن مووچە، ئەو کاتە هەموو خەڵك ڕازییە، ئێمە هەموومان لەو خێزانانە گەورە بووین کە باوکمان مووچەی هەبووە، کەسی تر نەیبووە، ئەگەر هەی بووبێت، ئەگەر نا بە کرێکاری، بە جووتیاری، بە هەر شێوەیەك بێت بە سەربەرزی ئێمەیان پەروەردە کرد، ئێستا لە خێزانێك چەندین مووچەخۆر هەیە، بەڵام خێزانەکە هەر گلەیی هەیە، کێشە هەیە، چونکە هەر یەك نوێنەرایەتی خۆی دەکات، مووچەکەی بۆ خۆی دەوێت، بۆ خێزانی ناوێت، ئینجا ئەمە بۆیە کێشەکان زیاترن، بابەت زۆر بەرفراوانترە لەوەی کە ئێمە تەصەوری دەکەین، بەڵام ئێرە شوێنی ئەوە نییە، ئەگەر ویستتان دواتر لە شتی تایبەت دادەنیشین و گفتوگۆیەکی تێروتەسەل دەکەین، بابەتی کاك (هێڤیدار)، من نازانم وەڵلا ڕاپۆرتەکە چۆن ئەوەیە، بەڵام ئەو هۆکارانەی کەوا دەکات ئەم بابەتە زیاد بکرێت من شەرحم کرد، بەڵام پرسیاری دووەمی کە هۆشیاری، تەبعەن ئەو هۆشیارییە ئێمە لە ئەنجومەنی وەزیران داوامان کردووە، پێری کۆبوونەوەکمان هەبوو لە وەزارەتی ناوخۆ لەگەڵ جێگری سەرۆکی حکومەت لەسەر ئەو بابەتانە، بابەتی توندوتیژی، هۆشیارکردنەوەی تاکی کوردستان لە پەروەردەوە دەست پێ بکەین، وەزارەتی پەروەردە، بیکەینە بەرنامەیەکی خوێندن، پەرتووکێك هەبێتن و لە زانکۆکانیش ئەم بابەتە لە موحازەرات بخوێندرێت، لە هەمان کات دا لە ڕاگەیاندن باس بکرێت، بەڵام من لێرەوەش لەو شوێنە پیرۆزە کە نوێنەرایەتی گەلی کوردستان دەکات، داوا لە ڕاگەیاندنەکان و ڕاگەیەندکارەکان دەکەم بابەتەکان وەکو خۆی باس بکەن، نەبنە هۆکاری بڵاوکردنەوەی توندوتیژی، کە زۆر جاران شێوازی بڵاوکردنەوەی هەواڵەکان وایە خەڵك فێر دەکات توند و تیژی ئەنجام بدات، یان ئافرەت فێر دەکات کە چۆن خۆی بکوژێت، یان خۆی بسووتێنێت، بڵاوکردنەوەی شێوازی ئیشەکە زۆر خراپە، لەگەڵ یاسا، لەگەڵ دابوونەریت ناگونجێت، بابەتەکانی هۆشیار کردنەوە ڕێکار زۆرن، ئێمە ئیشی لەسەر دەکەین و بە خۆشبەختانەوە وەزارەتی پەروەردە ئەمساڵ لە سەرەتای خوێندن دەستی پێکردووە کە موحازەراتی تایبەت لەسەر بابەتی چەك، توندوتیژی، ژینگە پارێزی، خۆپارێزی، ئەوانە بکاتە بابەتێکی پەروەردەیی، هیوادارم لە ئایندەدا ببێتە بابەتێکی مەنهەجی و بخوێندرێت لە هەموو قۆناغەکان، من زۆر سوپاستان دەکەم، ئەگەر ئیجازە هەبێت من دەردەچم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، سوپاس بۆ ئامادەبوونی بەڕێزت، لە ماددەی (١٠)، کاك هێڤیدار، دەڵێ (پێویستە وەزارەتی پەروەردە، خوێندنی باڵا، ڕۆشنبیری و لاوان ڕۆشنبیری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی و دژ بە ئافرەت بخەنە ناو پرۆگرامەکان.

٤-وەزارەتی ڕۆشنبیری و وەرزش و لاوان ڕێنمایی پێویست بۆ چۆنیەتەی ڕوماڵی میدیایی کەیسەکانی توندوتیژی دەردەکات)، بەڵێ، زۆر سوپاس، تیایەتی، ئەگەر هەموو پرۆژەکە وەکو خۆی بخوێنیتەوە تیایەتی، بەڵێ، خوا حافیزت بێ، زۆر سوپاس بەڕێز وەزیری ناوخۆ، کاك (یاسین)، فەرموو.

**بەڕێز یاسین خضر طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

دیارە من پێشی لێرە نەبووم بۆ ئەوەی لەسەر ئەو یاسایە قسە بکەین، برادەران هەموو قسەیان کرد و تەئیدی هەموویان دەکەم، بەڵام لێرەدا لە ماددەی (٣) دەڵێ (هۆشیار کردنەوەی کۆمەڵگا سەبارەت بە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی دژ بە ئافرەتان)، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە لە منداڵی کە خوێندوومان دەیانگوت خێزان بریتی یە لە باب و باپیر و نەنك و خوشك و برا و ئەوانە، بەڵام بەداخەوە ئێمە ئەگەر بمانەوێ توندوتیژی نەبێ، ئەگەر بمانەوێ تاك پەروەردە بکەین، دەبێ لە ناو پەروەردە پەروەردەی بکەین، بەڵام ئێستا ئەو هەموو ڕێکخراوی ئافرەتان هەیە من پێشنیارەکییان بۆ دەکەم، بۆ ئافرەتان، چ ئافرەتەك دەبێ بە سەرکردە، شۆڕشەك دژی توندوتیژی بەرپادەکات من دەبم بە پێشمەرگەیان، ئەو شتانەی کە لەو یاسایەدا نووسراوە سەرتاپای دژی ئاینی ئیسلامە، ...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك (شاخەوان)، لێرە نییە، مامۆستا (أبوبکر)، فەرموو.

**بەڕێز أبوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣) ئەو سەرنجانەم لەسەر یاساکە، لە خاڵی یەکەم هەموو یاسایەك دوو ئامانجی هەیە ڕەدع و سزاش لە ڕاستی دا، ئێستا باسی ڕەدعیش بکەین لەمەدا، لە خاڵی دووەم دا باس لە پاراستن و ڕاهێنانەوەی قوربانییان دەکات، لە قانون دا خۆت دەزانی (ضحیە) نییە (متضرر) هەیە، بۆیە ئەوە بیانکەین بە (زیانلێکەوتووان)، ئەوە چونکە پێناسە نەکراوە، پێناسەی قەزائی و تەشریعی بۆ نەکراوە، خاڵی سێیەمیش (هۆشیار کردنەوەی کۆمەڵگا سەبارەت بە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی..) ئەمە هەر لایەنە نەرێنییەکەیە، با باسی لایەنە ئەرێنییەکە بکەین (هۆشیار کردنەوەی کۆمەڵگا سەبارەت بە ئاشتەوایی خێزانی و خێزانێکی تەندروست)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستخۆش، زۆر زۆر سوپاس، کاك (مەم)، فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها داوا دەکەم دژ بە ئافرەت لە هەر سێ بڕگەکە لابرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، (مژدە)خان، فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەکان دا دژ بە ئافرەت لابرێت، خاڵی سێیەم کە دەڵێ (هۆشیار کردنەوەی کۆمەڵگا سەبارەت بە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی..) بە چ ڕێکارێك؟ هەر ڕێکخراوەکان بەرەنگاری

دەبنەوە، هۆشیاری بڵاو دەکەنەوە؟ یان ئەوەتا لە مینبەری مزگەوتەکان، فەرمانگەی میدیا و زانیاری، زانکۆکان، یەعنی چۆن؟..

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

(مژدە) خان ئێستا من ماددەکەم نەخوێندەوە؟ ماددەی (١٠) دوو بڕگەی تیایە، وەزارەتەکانی ڕۆشنبیری، خوێندنی باڵا، پەروەردە ئیلزام کراون کە لە پرۆگرامەکانی خوێندن داینێن، هەروەها وەزارەتی ڕۆشنبیری پابەند کراوە کە ڕێنمایی پێویست بۆ ئەو ڕووە دابنێ.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئوکێی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (بەڵێن)، فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن إسماعیل حاجی إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بێجگە لەو تێبینییەی کە پەیوەندی بە هۆیەکانی دەرچوواندنەوە هەیە، بێگومان پێویست دەکات دەوڵەمەند بکرێ، سوپاس بۆ جەنابی وەزیر کە ڕوونکردنەوەی لەسەر بڕگەی (٣) دا، جەنابیشت، لە ماددەی (١٠) ئیشارەتی پێ کراوە، بەڵام لە خاڵی (٢) کە دەڵێ (پاراستن ڕاهێنانەوەی قوربانییانی توندوتیژی) جیهەتەکە دیار نییە، ئەو شوێنە کوێیە کە ئەم ڕاهێنانەی تیا دەکرێ؟ ئەگەر پاراستنەکە دیار بێ بۆ شوێنی حەوانەوە و داڵدەدان و ئەوانە، بەڵام لە ڕاستی دا شوێنی ڕاهێنانەوەکە، سەنتەرە؟ لە یاساکە ئەگەر هەبێ ئەوە باشتر، ئەگەر نا، ئەوە دیارە پێویستی بە چارەسەرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس کاك (بەڵێن)، کاك (باڵانبۆ)، فەرموو.

**بەڕێز باڵانبۆ محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣) خاڵی (یەکەم) و خاڵی (سێیەم) من پێشنیار دەکەم کە ئافرەت لابرێ، دەمەوێ ئەوەش بڵێم ئێمە مەبەستمان لە لابردنی ئافرەت ئەوە نییە کە ئێمە زددی مافەکانی ئافرەت بین، بەڵام بەڕاستی زۆرم بەلاوە سەیرە ئێمە دوو بابەتمان تێکەڵ کردووە، وەك ئاماژەم پێکرد، ئافرەت خۆی یەکێکە لە پێکهێنەرەکانی خێزان، لەم یاسایەدا تۆ ئەم مافانەی کە پێی دەدەی تەنها لە چواردەوری خێزاندایە، لە دەرەوە ئەگەر ئەم ئافرەتە هەر دەستدرێژییەك، هەر شتێکی بکرێتە سەرەوە ئەم یاسایە نایگرێتەوە، لەبەر ئەوە من سوپاسی جەنابی وەزیری ناوخۆ دەکەم ڕوونکردنەوەی دا، بەڵام ڕوونکردنەوەکانی ئەو بابەتانەی کە جەنابیان باسی کرد، هەمووی یاسا سزای بۆ ئەوانە داناوە، کەواتە لێرە بۆمان ڕوون بکەنەوە، ئەمە ئەم یاسایە یاسای توندوتیژی دژ بە ئافرەتە یان یاسای توندوتیژی دژ بە خێزانە؟ بۆ ئەوەی دوو بابەت تێکەڵاو نەبێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، (شیرین ئەمین)، فەرموو.

**بەڕێز شیرین أمین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٣) خاڵی سێیەم (هۆشیار کردنەوەی کۆمەڵگا سەبارەت بە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی دژ بە ئافرەت) ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ یاسای بەرەنگاربوونەوەی خێزان دژ بە توندوتیژی با بڵێین، یاخود ئەم هەموارەی کە ئێستا لەبەر دەستماندایە، ڕەنگە بە هەموو بڕگە و ماددەکانەوە نەتوانێ ژنێك لە کوشتن ڕزگار بکات، بەڵام هۆشیارکردنەوە ئەگەرێکی بەهێزە، بۆیە هەست دەکەم لێرەدا ڕەنگە نەتوانین بەپێی پێویست هەقی پێ بدرێ، چونکە هیچ بەرنامە و ئاکارێکی تێدا نییە، بۆیە ئەگەر ئەو خاڵی سێیەمە هەڵبگیرێت بۆ ماددەی (١٠) هەم زیاتر موناقەشە هەڵدەگرێت، هەم پێشنیاری باشتری بۆ بکرێت زۆر باش دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ئەوە لە زیمنی ئامانجە، ئالیەتی تەحقیقی ئامانجەکە لە دواوەیە، (ئاشنا) خان، فەرموو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستییەکەی من بە پرسیارێك دەست پێ دەکەم، ئێمە دوو لیژنەمان هەیە لە پەرلەمانی کوردستان، لیژنەیەکمان هەیە لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکی لە مافی مرۆڤ، لیژنەیەکی تریشمان هەیە لیژنەی داکۆکی کردنە لە مافی ئافرەتان، ئەم قانونە بە هەموو حەقێك بێ لیژنەی تایبەتمەندەکە ئەگەر وەکو ئێمە وەکو خۆی وەربگرین، لیژنە تایبەتمەندەکە دەبێ داکۆکی بێ لە مافی مرۆڤ، چونکە خێزان پیاوی تیایە، منداڵی تیایە، ئەم پرسیارە بۆ دەستەی سەرۆکایەتی یە، بۆچی ئاراستەی لیژنەی با بڵێین داکۆکی کردن لە مافی ئافرەتان کراوە؟ لە ئەساس دا دەبێ لیژنە تایبەتمەندەکە لیژنەی داکۆکی کردن بێ لە مافی مرۆڤ، ئەگەر وەڵامم بدەنەوە سوپاستان دەکەن، لەسەر ئەوەی کە ئامانجی ئەم یاسایە پێموایە تەرکیزەکە زیاتر لەسەر هۆشیار کردنەوە بێ، نەك ئەوەی کە ئێمە باس لە بەرەنگاربوونەوەی ئەوە بکەین، ڕاست دەکەی لەسەر قسەکانی بەڕێز جەنابی وەزیریش بەداخەوە کە بەڕێزیان لێرە نین، ئەی ئێمە لەگەڵ یەکسانی جەندەریداین، هەمووشمان پێمانوایە کە ئافرەت زوڵمێکی گەورەی لێ دەکرێ لەم کۆمەڵگایەی ئێمە، بەڵام ئێمە ئەگەر دەمانەوێت پارێزگاری لە مافی ئافرەت بکەین، بەڕاستی دەبێ قانونێکی جیای بۆ دەربکەین کە لە ناو خێزان بیپارێزێ، لە دەرەوەی خێزان بیپارێزێ، بە هەموو شێوەیەك بتوانین ئەو ئافرەتە لە هەموو توندوتیژییەك بپارێزین، نەك ئەوەی کە بێین بەیەکەوە بیبەستینەوە لەگەڵ یاسایەك کە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی بێ، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، (د.گەلاوێژ)، فەرموو.

**بەڕێز د.گەلاوێژ عبید عثمان :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣) ماددەی (٢) خاڵی (دووەم) (پاراستن وڕاهێنانەوەی قوربانییانی توندوتیژی)، لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە توندوتیژییەکان ئێمە گوتمان زۆرە، ئەوجا لێرە دەتوانین من پێشنیار دەکەم (پاراستن و ڕاهێنانەوەی قوربانیانی توندوتیژی هەر جۆرێك بێت توندوتیژییەکە)، یەعنی (هەر جۆرێك)ی بۆ زیاد بکرێ، لایەنەکەش دیاری بکرێت، لە خاڵی (یەکەم)یش (بەرەنگاربوونەوەی هەموو جۆرەکانی توندوتیژی خێزانی و دژ بە ئافرەت..) پێم باشە بکرێت بە (دژ بە تاك)، یەعنی (تاك) هەمووی دەگرێتەوە، هەم ئافرەتی دەگرێتەوە، هەم پیاوی دەگرێتەوە، هەم منداڵی دەگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك حاجی (هەڵکەوت)، فەرموو.

**بەڕێز هەڵکەوت أنور خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

پێشەکی بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر و ستافەکانی دەکەین، خۆشحاڵین بە ئامادەبوونیان، ماددەی (٣) لە ماددەی (٢) بڕگە (١) هاتووە دەڵێ (بەرەنگاربوونەوەی هەموو جۆرەکانی توندوتیژی خێزانی و دژ بە ئافرەت و بە سزا گەیاندنی تاوانباران)، من پێم باشە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەگەر هاتوو توندوتیژی دژ بە پیاو یان هەر کەسێکی تر بوو لەو خێزانە لەلایەن ئافرەتەوە، بۆ نمونە جەنابیشت هەرچەندە ئیشارەتت پێدا، چەند حاڵەتمان بینی کە باوەژن چی بەسەر منداڵی هاوسەری خۆی هێناوە، بۆیە پێشنیار دەکەم بڕگەکە بەم شێوەی لێ بکرێ (١-بەرەنگاربوونەوەی هەموو جۆرەکانی توندوتیژی دژ بە کۆی خێزان سزا بدرێت بە گوێرەی ئەو توندوتیژییەی بەرامبەر بە تاکی خێزان دەکرێت).

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێخ (ظاهر)، فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینییەك لەسەر ئەوەی کە جارێکی تر ئەو یاسایە دەنێردرێتەوە لیژنەی فتوا...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕاستی ئێمە هەموو شتێ نانێرینەوە بۆ لیژنەی فەتوا، بۆ ئەوەی ڕوون بێ، تەنها ئەوەی کە خیلافی شەرعی لەسەرە دەچێتە لیژنەی فەتوا.

**بەڕێز ظاهرمحمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ ئەوەی خیلافی لەسەرە دەنێردرێ بۆ لیژنەی فەتوا، من پێشنیار دەکەم جارێکی دیکە ئەو یاسایە، ئەو پێشنیازە یاسای هەمووارە بدرێتەوە لیژنەی یاسایی، چونکە ئەو یاسایە ئەگەر تەماشا بکەی دژایەتییەك دروست دەکات لەگەڵ هەموو ئەو یاسایانەی کە بەرکارن لە هەرێمی کوردستان، هەر بۆ نمونە لێرە هەندێك بابەت تایبەتە بە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لەسەر ئامانج قسە بکە کاك شێخ (ظاهر).

**بەڕێز ظاهرمحمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا ئەگەر ئەو ڕوونکردنەوەیە بدەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ناوەڵلا لەسەر ئامانج قسە بکە، ڕوونکردنەوە مەدە.

**بەڕێز ظاهرمحمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باش، ماددەی (٢) بریتی یە لە بەرەنگاربوونەوەی نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی توندوتیژی خێزانی و دژ بە ئافرەت و بەسزا گەیاندنی تاوانباران، من پێشنیار دەکەم بەم شێوەیەی لێ بکرێ (بەرەنگاربوونەوەی هەموو جۆرەکانی توندوتیژی لە ناو خێزان دا...) (دژ بە ئافرەت) لاببردرێت، و (...و بەسزا گەیاندنی تاوانباران)، خاڵی سێیەم (هۆشیار کردنەوەی کۆمەڵگا سەبارەت بە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی) هەتا ئێرە بی و (دژ بە ئافرەت) لاببردرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان لەوانەیە دوو سەد جار وترابێ ئەو (دژ بە ئافرەت)ە لاببرێ، ئیتر ئەوە بە دووبارەی ئەژمار دەکەین، لە زۆر شوێنی تردا هەیە، تکایە دووبارەی مەکەنەوە، پێکەوە موناقەشی دەکەین، دواتر پێش ئەوەی بیخەینە دەنگدان، جەلسەی دەنگدان بکەین، بەڕێزان ئەگەر لە بیدایەت لە ناونیشان لامان برد لە هەموو شوێنێ خۆی لادەچێت، (خدیجە) خان، فەرموو.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینییەکم هەبوو سەبارەت بەخاڵی (٢) کەدەڵێت (پاراستن و ڕاهێنانەوەی قوربانییانی توندوتیژی)، ئەو ڕاهێنانەوە لێرە مەبەستی (تأهیل)ە یەعنی (شیاندن)ە، ئێمە لە لیژنەش جێگیرمان کرد، نازانم ئیدی تێپەڕیوە، ئەوە (تأهیل) ئەرکی وەزارەتی کاوباری کۆمەڵایەتی یە کە لە ماددەی (٩)ش باسکراوە، بۆیە پێم باشە هەر لە پێناو یەکخستنی وشەکان و لە ئەسڵی یاساکەش هەر شیاندن هاتیە، لێرەش (ڕاهێنان) بکرێتە (شیاندنەوە)، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دروستە قسەکەت، بەڵێ زۆر سوپاس، (سەرچنار) خان، فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار أحمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا پشتگیری لە وتەکانی بەڕێز مامۆستا (أبوبکر هەڵەدنی) و کاك (مەم برهان) دەکەم، ئیزافەتەن بۆ ئەوە لە بڕگەی (یەکەم)دا بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، کاتێك کە بەرەنگاربوونەوەی هەموو جۆرەکانی توندوتیژی خێزانی و دژ بە ئافرەت) دژ بە ئافرەتەکە باسی ئەوەمان کرد کە لاببرێ، (بە سزا گەیاندنی تاوانباران) ئەوە یەعنی نەصێکی عامە، چونکە هەموو یاسایەکی سزایی ئامانجەکەی سزایە و ڕەدعیشە، ئەم تەنها سزای هێناوە و ڕەدعەکەی نەهێناوە، ڕەدعەکەشی بۆ زیاد بکرێ زۆر باشە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کوردی چی پێ ئەوترێ (سەرچنار) خان؟

**بەڕێز سەرچنار أحمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلاهی زۆر گەڕام ڕەدعم دەستنەکەوت، خاڵی (٢) (پاراستن و ڕاهێنانەوەی قوربانییانی توندوتیژی) ئەو ڕاهێنانەوە ئێمەش دەڵێین بە چ میکانیزمێك ڕاهێنانەوە؟ چونکە لەگەڵ ماددەی (١٠) یەك ناگرێتەوە، دەبێ میکانیزمەکەی بۆ دیاری بکرێ، بابەتی وشەی (قوربانی)، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، (زیانلێکەوتوو) بێ باشترە، چونکە قوربانی پێناسە نەکراوە تا ئێستا، لە یەك یاسا هەبووە یاسای ژمارە (٨)ی (٢٠١١) نە پێناسەیەکی قەزائی هەیە حاکم پێناسەی کردبێ، نە پێناسەیەکی تەشریعی هەیە لە قانونی عقوبات پێناسەی کردبێ، لەبەرئەوە ئەوە وشەیەکی غەریبە، یان دەبێ بیهێنینە ناو کلیلەکانەوە پێناسەی قوربانی بکەین، یان دەبێ ئەم (قوربانی)یە بکەینە (زیانلێکەوتوو) لە هەر شوێنێکی یاساکە هاتبێ، خاڵی سێیەم دیسان دەڵێم ( هۆشیار کردنەوە)کە لەگەڵ ماددەی (١٠) یەك ناگرێتەوە، دەبێ میکانیزمەکەی بۆ دیاری بکرێت، بڕگەیەکی تریش بە زنجیرەی خاڵی (٤) زیاد بکرێت بۆ ئامانجی یاساکە کە ئاشتەوایی خێزانییە، چونکە هەدەف لەم یاسایە ئاشتەوایی خێزانی یە، ئاشتەوایی خێزانی بۆ دیاری بکرێ و بە میکانیزمی ناوەندەکانی ڕاوێژکاری خێزانی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (سەرکۆ)، فەرموو.

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢) ئامانجی ئەم یاسایە، خاڵی یەکەم و خاڵی دووەم، دوایی ئەگەر بە بڕگەیەك زیاد بکرێت (کردنەوەی خولی دەروونی و سەنتەری شیاو بۆ بینا کردنەوەی هێزی دەروونی قوربانییان)، لەگەڵ ئەوەش دا خاڵی سێیەم بکرێتە خاڵی (چوارەم) ئەوەی کە (هۆشیار کردنەوەی کۆمەڵگایە سەبارەت بە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی دژ بە ئافرەت)، ئەوەی کە لە ماددەی (١٠) لە بڕگەی (١) و (٢) و (٣)دا باسکراوە لە ماددەی (٢)دا، ئەگەر بکرێ لێرە جێگەی بکرێتەوە (بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە و زیادکردنی وانەیەکی خوێندن بۆ ئەم بابەتە).

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس کاك (سەرکۆ)، کاك (شاخەوان)، فەرموو.

**بەڕێز شاخوان رؤوف مصطفى :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣) پێویستە ئامانجی ئەم یاسایە بریتی بێ لە هۆشیار کردنەوەی تاکەکان پێش ڕوودانی توندوتیژی و پاراستنی قوربانییان و لەسەر بنەمای (الوقایە خیر من العلاج)، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مامۆستا (عمر)، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مـن سـەبارەت بە بـڕگەی (دووەم) لەگەڵ وشـەی (ڕاهێنـانەوە) نـیم بەڕاسـتی، هەسـت دەكەم گونجاو نیـیە لەگەڵ ئەو ژنـانەی ڕوو دەكەنە ماڵەكـانی داڵـدەدانی ژنـانی هەڕەشـەلێكراو، لەگەڵ وشەی (داڵدەدان)م، پاراستن و داڵدەدانی قوربانییانی توندوتیژی، تێبینی و سەرنجێكیشم هەیە هەم سەبارەت بە قسەكانی جەنابت، هەم جەنابی وەزیری ناوخۆش لێرە بوو هەمـان شـتی وت، باسی ئەوەتان كرد كە گوایە ئێمە بۆ ئەم موناقەشانە دەكەین لە كاتێـك دا لە یاسـاكەی پێشـوودا هەیە، شتێك لە یاسای پێشوودا هەبێ مەعنای وانییە من پێـی ڕازیـم، كەی مەعنـای وایە؟ وەڵـلا من ڕازیم و تەواوە و باشە، جەنابت دەزانی یەكێك لە ئەركەكانی ئـێمە هەمـواركردنی یاسـاكانە، كەواتە بۆچی یاساكان هەموار دەكەین، كەواتە لێیـان نـاڕازین، بـۆیە بـوونی لە یاسـای پێشـوودا مەعنای ئەوە نییە من ئێستا بۆ موناقەشە دەكەم؟ بۆ بەڵامەوە سەیرە؟ نەخێـر هەر فراكسـیۆنی كۆمەڵ بیرم دێـت (٢٠١١) كـاتی موناقەشـەی ئەو یاسـایە دژی بـوون، دەنگیـان پـێ نەدا، بیزەبـت لەسەر ئەو پێناسەیەش هەردژی بوون، بۆیە یەعنی ئەمە ئەوە نییە بڵێـین ئـێمە لێـرە موناقەشـە دەكەین وەڵلا لە یاسـاكە هەیە، ئەوە وەكـو مـولاحەزەیەك حەزم دەكـرد وەزیـری نـاوخۆش لێـرە بوایە تا ڕوون بێ، پاشان وەڵلا ئەگەر دەرفەت بدەن من هەنـدێ ئامـار سـەبارەت بە قوربانییـانی توندوتیژی بخەمەڕوو.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ناوەڵلا ببوورە، سوپاس، مامۆستا (عمر) ئێمە لە ماددەی (٣)ین، ئامانجەكان چیت هەیە؟

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەك ڕستە، زۆرینـە وجـهە نەزەری یاسـاكە سـەبارەت بە بەكارهێنـانی پۆلیسـە بـۆ ئەوەی خێـزان بپـارێزێ، لە كاتێـك دا خێـزان بە پەروەردە، بە هۆشـیاری كـۆمەڵایەتی، بە شۆڕشـی ڕۆشـنبیری دەپـارێزرێ، ئەوەی جەنـابی وتـی وەزیـری نـاوخۆ نەك ئەم یاسـایە، هەمـوو ماڵێـك پۆلیسـێكی بەسەرەوە دانێی ئەوە نایێتە دی، بە شۆڕش لە قوتابخانەكانەوە، لە مزگەوتەكانەوە، لە ناوەنـدی ڕۆشنبیرییەوە ئەوە دێتە دی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دەستخۆش مامۆستا (عمر)، (د.إسماعیل)، فەرموو.

**بەڕێز إسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من گەلەك پێ خۆش بوو جەنابێ وەزیری حازر با ئاخافتنا من پشت وی نەهاتبا گوتن، بەس چوو دەركەفت، بەس ل ئیعلامێ دەگەهیتێ، تەبعەن ئەم هەمی وەختی بێـژ بـۆ وە نـاكەینە؟ بـۆ ئـاوا تەفكیر دەكەین؟ بۆ؟ بۆ؟ بۆ؟ بۆ؟ ئەز دبیـنم ئەوە شـیرەت كـرنە بـۆ پەرلەمـانی و نەیـا دروسـتە، ئاخافتنێش وەزیرا بێتە كرن بۆ وەزیری پەرلەمانتارا شیرەت كەت نەصـیحەت كەت، مەفـرووزە بەس ئیقتیصار ب هەندێ كردبا تەوزیح دابـا كـانێ هەدەف و ئارمـانجی وانە بـێ هەمـوار كرنـی چییە؟ ئەمما وەكی دیت ناڤ كۆمەڵگای جا چ دبیت؟ چێ نەبیت؟ مـن گەلە تشـتا دزانـی، گەلەك

ئاخافتنێت وی ئەز تێدگەهەم تێگەهشتم کو وەکو شیرەت و نەصیحەتا بوو، موەجەھ بووە بۆ پەرلەمانتارا..

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە ئەو ڕەئیە، ڕەئی خۆیەتی.

**بەڕێز إسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باش نەبوو ئەوە هاتبا کرن، دوو/ ئەز پشتگیری پشتەڤانیا ڤان مامۆستا (أبوبکر)، مامۆستا (مەم)، خوشکە (مژدە)، (بالأنبۆ)، خوشکە (سەرچنار) دکەم، تایبەت خوشکە (سەرچنار)، هەمی تێبینیێت وێ لسەر خالا (١) کو پێتڤیا (ردع) تێدا ئاشکرا ببیت، چونکە فەلسەفە یا قانونی هەمی ڕەدعە، ئەم بادینی بینێ (پاشڤەبرن) جۆکایین ب سۆرانی دێ چ کنە تێدا، خالا (٢) ڕاهێنان، من حەز کر یەعنی لیژنا تایبەت مەخسەدا وانە ب ڕاهێنانی چییە؟ ڕاهێنان مەخصەد پێ چییە؟ ئەکە ڕاهێنان بیت و دبی چ ئالیەت بی ڕاهێنانا؟ مەخصەدا وانا پەیڤەکا دبیتن، ئەو تشتەکی جودایە، دیسان ئەز دگەلم کو قوربانی بێتە زیانلێکەوتن، چونکی نە مەعقولە قوربانی نەهاتیە پێناسە کرن، کو بێتە زانین، خالا (٣) پشتی خالا (٣) ئێك بێتە ئاشکرا کرن، یان چارێ بێتە دیاری کرن، یەکیش ئارمانجێت ڤێ هەمواریێ ئەڤەیە ئاشتەوایا خێزانی بڕێکێ سەنتەرێت ناوەندێت ڕاوێژکاریێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ماددەی (٤) بخوێننەوە بەڕێزان، مەبەستیان لە ڕاهێنانەوە ئیعادەی تەئهیلە، (لەنجە) خان، فەرموو.

**بەڕێز لنجە إبراهیم عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان.**

تەبعەن سەبارەت بە هۆشیارکردنەوە کە لێرە چەند بەڕێزێك کە ڕەخنەتان لەسەر گرت، لە ماددەی (١٠) لە خاڵی (٢) و (٣) و (٤) و ئەوانە خاصەتەن خاڵی (٢) کە دەڵێ (ئەنجومەنی باڵای خانمان بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا، وەزارەتی پەروەردە، وەزارەتی ڕۆشنبیری، ڕیکخراوەکانی کۆمەڵەی مەدەنی ئەوە ستراتیج دادەنێ، هەروەها زۆر گرنگە کە بەڕاستی ئێمە لە مەسەلەی پاراستن، پاراستن مانای داڵدەدانە بەڕێزان، مەبەستمان لە ڕاهێنان لێرە شیاندنەوەیە، خۆمان نوسیتیشمان شیاندنەوە، لەبەر ئەوەی لە ڕووی دەروونییەوە ئەوەی تووشی توندوتیژی خێزانی بووە، بە تەئکید حاڵەتی دەروونی تەواو نییە، دەبی ئێمە چارەسەری ئەوانە بکەین و شیاندنەوەیان بۆ بکەین، لە ماددەی (٩)ش ئەوانە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی بەرپرسە لەو ئیشە، لە هۆشیارکردنەوە، لە ڕاهێناندنەوە، لە شیاندنەوە، ئەوانە من لەگەڵ ڕێزم بەڵام هەست دەکەم هەندێك لە پەرلەمانتاران ئێستا دەیخیننەوە، چونکە ئەگەر ئەوانەشیان خوێندباوە پرسیاری وەیان نەدەکرد، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، ماددەی (٤) بخوێننەوە، فەرموون.

**بەڕێز شادی نوزاد وهاب:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (٤)
ماددەی دووەمی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:
ئەم کردەوانەی خوارەوە بە تاوانی توندوتیژی خێزانی و دژ بەئافرەت لە هەرێمی کوردستان دادەنرێت:
١-خۆکوشتن و زیانگەیاندن بەخود لەڕووی جەستەیی ودەروونی و کۆمەڵایەتی لە ئەنجامی توندوتیژی.
٢- هاوسەرگیری بە زۆر، ژن بە ژن (شغار)، منداڵ بە شوودان، بە شوودان لە بری خوێن (دیە).
٣- بە زۆر جیابوونەوەی هاوسەرگیری تالۆق کردن (تعلیق).
٤- پچڕاندنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی (صلة الرحم).
٥- زۆر لێکردن بۆ کاری بەدڕەوشتی و لەشفرۆشی.
٦- خەتەنەکردنی مێینە.
٧-ناچارکردن بۆ جێهێشتنی کار، خوێندن، دەرۆزەکردن، کارکردنی بەزۆر.
٨- منداڵ لەبارچوون لە ئەنجامی توندوتیژی.
٩- لێدان.
١٠- سووکایەتی پێکردن و جنێودان و تۆمەت هەڵبەستن.
١١- بە کەم تێڕوانین بەرامبەر بە ئافرەت یان ئەندامانی خێزان.
١٢- ئازاردان و ئەنجامدانی گوشاری دەروونی.
١٣- بە زۆر سەرجێیی کردنی هاوسەرگیری یان هاوسەری.
١٤- بێبەش کردنی ئافرەت لە ماف و ئازادییە سیاسی و ئابوورییەکان بە هۆکاری جیاکاری ڕەگەزی.
١٥- گێچەڵ پێکردن (تحرش).
١٦- زەوت کردنی بەڵگەنامە کەسییەکان.
١٧- ئەنجامدانی توندوتیژی یان هەڕەشە پێکردن لە ڕێی تەکنەلۆژیاوە.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڵێ بەڕێزان ئەوانەی ئەیانەوێ قسە بکەن، بەڕێزان (کاك مەم برهان، سەرچنار خان، مامۆستا عمر، مامۆستا أبوبکر، مژدە خان، د.إسماعیل، محمد سعدالدین، کاك شێخ ظاهر، کاك جلال، خدیجە خان، د.گەلاوێژ، گولیزار خان، کاك سیپان، بدریە خان، کاك سیروان، مامۆستا عثمان ، کاك مسلم، د.هەورامان، کاك عباس، مامۆستا عبدالستار، ئاشنا خان، ڕوپاك خان، کاك شاخەوان، شنۆ خان، مامۆستا وەیسی، خدیجە خان، کاك سروان، کاك بەڵێن)، فەرموو کاك (مەم).
**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
دەربارەی ماددەی (٤) من داوا دەکەم بەتایبەتی لیژنەی پەیوەندیدار ئەگەر دیقەتی زۆر بدەن، ڕەنگە کۆمەڵێك پێشنیاز بخەمەڕوو سوودی هەبێ بۆیان، وەکو وتمان (دژ بە ئافرەت) هەمووی لابرێ، یەعنی تا تەواو دەبێ تا هۆیەکانی دەرچووانـدن دژی ئەوەم، یەعنی ئەوە ئیتر قسەی

لەسەر ناکەین، بە نیسبەت ماددەی چوارەم خاڵی (٤) پچڕاندنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی (صلة الرحم) پەیوەندی کۆمەڵایەتی نییە، پەیوەندی نزیکایەتی یە، بۆ نمونە دەکرێ کەسەکان هیچ نەبن، هیچ پەیوندییەکی کۆمەڵایەتییان نەبێ، باشە؟ بەڵام لە ئەسڵدا خۆی پەیوەندییەکی نزیکی بەیەکەوە بیانبەستێتەوە، وازحە لەلاتان؟ واتا لە نێوان باوك و کوڕ، دایك و کچ، خوشك و برا، ئامۆزا، ئەوانە، ئەوە پەیوەندی نزیکایەتی پێ دەووترێ، بە نیسبەت خاڵی (٧) ئەگەر دیقەت بدەن ناچار کردن بۆ جێهێشتنی کار، خوێندن، واتا ئا لێرەدا ئەمە دەبێ بە شتی سەربەخۆ، ناچار کردن بۆ جێهێشتنی کار، ئەمە بەشێکە لە توندوتیژی، بەڵام خوێندن، خوێندن وەکو خوێندن توندوتیژی نییە، دەبێ بووترێ جێهێشتنی خوێندن، تەئکید کەیتەوە، چونکە لێرە جێهێشتنەکە، ئەگەر جێهێشتنەکە نەخەیتە سەری بە تەنیا خۆی ئیجابی دەبێت، بەڵام کە جێهێشتنەکەت خستە سەری دەبێتە پرۆسەسێکی سەلبی، دەرۆزەکردن و کارکردنی بە زۆری دیسان ئەوە فشارخستنە سەر بۆ دەرۆزەکردن واتە سواڵکردن و کارکردنی بە زۆر، هەشتەم: منداڵ لە بارچوون لە ئەنجامی توند و تیژی، ئێمە باسی توند و تیژی دەکەین، دەڵێین توند و تیژی ئەمانە دەگرێتەوە، چۆن بە توند و تیژی پێناسەی دەکەی، یەعنی ئێمە باسی توند و تیژی دەکەین، بۆیە خۆی باشتروایە ئەم سیاغەیە بەم شێوەیە لێبکرێت، هەشتەم: منداڵ لەبارچوون لە ئەنجامی توند و تیژی لەبارچوونی منداڵ بەهۆی ئەو رێگایانەی کە لە خاڵەکانی ئەم ماددەیەدا هاتوون، کۆی ئەوانەی کە لە ناو ئەم ماددەیەدا هاتوون کە ببێتە هۆکاری لەبارچوونی منداڵ ئەوە...

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرچنار خان فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەندێك تێبینیم هەیە لەسەر بڕگەکانی ئەم ماددەیە، خاڵی یەکەم: خۆ کوشتن و زیانگەیاندن بە خود لە رووی جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی لە ئەنجامی توند و تیژی، خۆ کوشتن خۆی ئینتیحار جەریمە نیە، لە ئەنجامی توند و تیژیش ناگەڕێتەوە بۆ خۆ کوشتنەکە، ئەگەر ئەوای لێ بکات هۆکار یان بەشداریکردن ئەو دەبێت بە جەریمە، هەر وەکو لە یاسای عقوباتیشدا هاتووە، لە رووی جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی یەعنی توند و تیژی کۆمەڵایەتی هەر نیە، نەمان بووە، ئەوە دەکرێت وەکو پێشتر بگەڕێینەوە بۆ جەستەیی و دەروونی و دارایی کە پێشتر بۆی ئیزافەکراوە، بکرێت بە دارایی، خاڵی دوو: هاوسەرگیری بە زۆر ژن بە ژن، منداڵ بە شوودان، ئەو مەسەلەی منداڵ بە شوودانە دەبێت پێناسە بکرێت، ئێمە لە دوو یاسادا پێناسەی منداڵمان هەیە، ئایا منداڵ مەبەستیان ببێت پانزە ساڵ بێت ئەوە لە ماددەی یەك بڕگەی سێ لە یاسای (١٤)ی ساڵی (٢٠٠١) ئەوە تەواوە، بەڵام پێویست دەکات پێناسە بکرێت، ئەگەر مەبەستەکەی تا تەواوکردنی هەژدە ساڵ بێت یەعنی (سن الرشد) بێت ئەوە موخالیفی شەریعەی ئیسلامیە، وە ماددەی هەشت لە یاسای باری کەسی ژمارە (٨٨)ی ساڵی (١٩٥٩)ی معدل، هەروەها موخالفە لەگەڵ مەبدەئی دەستووری (الزواج الشرعی لا فی الضمان) ماددەی (٦) لە یاسای مەدەنی هاتۆتەوە، یان دەبێت تەوزیحمان بداتێ لیژنە لەسەر ئەوە مەبەستی چیە ئەو منداڵە، پانزە بۆ چواردە ساڵە یان کاملی هەژدە ساڵە، چونکە مەعقول نیە

حاكمێك بە هەر هۆكارێك بێت كەسێك حەڤدە ساڵ بێت عەقدی زەواجی بۆ بكات و لەم لاشەوە بە یاسایەك بێت عقوبەی بدات، بڵێت لەبەر ئەوەی نا یاساییە، یەعنی ئەمە تەزاروب دروست دەبێت لە نێوان یاساكاندا، دەبێت یەكلایی بكرێتەوە، خاڵێكی تر دەڵێت بە زۆر جیابوونەوەی هاوسەرگیری ئەمەی بۆ زیاد بكرێت زیاتر نەبێت لە مارەیی وەرگیراو، چونكە ئەوەش جار وایە بە مەبلەغێكی زۆر دەكرێت ئەوە تووند و تیژی دروست دەكات، بەس ئەگەر زیاتر نەبێت بە مارەیی وەرگیراو ئیتیفاقی نێوان ژن و مێردەكەیە دەتوانرێت بكرێت...

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

وەختەكان تەواو، ئەگەر ماددەی (٨٨)ی پەیڕەوی ناوخۆ بخوێننەوە زۆر روونە، بەڕێزان دەتوانن سەرەنجەكانتان لە ماوەی دوو دەقە چڕ بكەنەوە، ئەوە بابەتێكی هەستیارە، زۆر ئاساییە ئەم بابەت تەوافوقی گشتی لەسەر نەكرێت لە لیژنە و تاوتوێ نەكرێتەوە و رای هاوبەشی لەسەر دروست نەكرێت ناهێنرێتەوە بۆ دەنگدان، تەواو، كاك سیپان فەرموو.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی چوارێ كو هەڤدە خاڵ ل خو دەگریت، بەشێك ل وان خالان هۆكار بۆ توند و تیژی بهێتە كرن بەرامبەر خێزانێ، یەعنی هانا خێزانی ددات ئەگەر حەڵەتێكی ب ڤی رەنگیش بهێتە كرن توند و تیژی بێتە حسیاب كرن، ل دەمەكیدا ئەڤە نە توند و تیژینە، بەڵكو ل یەك تێ نەگەیشتنەك ل ناڤبەرا ژن و مێرا دا ئەڤرۆكە وەكو سكالا بهێتە تۆمار كرن، وەكو توند و تیژی هاتیە حیساب كرن، نێزیك بوونا ژن و مێرا ل دەف یەك و دوو وەكو سكالا دێتە تۆمار كرن و توند و تیژی هاتیە حیساب كرن، كەواتە ل شوێنا ڤێ هەموارا یاسایا توند و تیژیا خێزانێ هەوڵ بدەین توند و تیژی كێم ببیتن، دەبیت ڤان خالان دەست نیشان بكەین كو توند و تیژی ل یەك تێنەگەیشتن ژ یەك ڤەبوون (طلاق) ژ ل یەك جودا بوون، ئەنجامدانا سكالا ل ناڤبەرا ژن و مێرا زێدە تر بیت ل هەرێما كوردستانێ بەڕاستی، مەبەستا مە ل ڤی یاسایێ ئەوە ئەڤ چەندە بهێتە كێم كرن، شێوازێ كومەڵگەهێ شێوازێ خێزانێ بهێتە پاراستن، پەیوەندیا كۆمەڵایەتی بهێتە پاراستن، بەداخەوە ل ڤان خالان دەست نیشان بكەین پتر موبەڕیران دەینیت ژ بۆ یەكێ خێزان هەڵوەشێت، پتر خێزان بەرەڤ خراپبوونێ ڤە دچیت نەك بۆ چارەسەر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك مسلم فەرموو.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەسەر ماددەی چوار بەڕاستی وەك لە سەرەتاكەیدا باسمانكرد دژ بە دەستەواژەی دژ بە ئافرەت لابرێت، چوارەم: پێمباشە بە شێوازێك بنووسرێتەوە رێگریكردن لە بەجێهێنانی سیلەی رەحمی ئەندامانی پلە یەكی خێزان بەبێ هۆكار، پێمباشە خاڵی شەشەم لابرێت، حەوتەمیان ناچاركردن بۆ جێهێشتنی كار بكرێت بە ناچاركردن بۆ جێهێشتنی فەرمانبەریەتی، ئینجا خوێندن و دەرۆزەكردن و كاكردنی بە زۆر، نۆیەم: بەڕاستی لێدان بەم شێوازەی بەم دەستەواژەی ئێستا هاتووە پێویستی بە روونكردنەوەیە یاخود تەفاسیلێكی پێبدرێت، چ جۆرە لێدانێك بە لێدان

حیسابە، ئینجا خاڵی دەیەم و یازدەیەم و دوازدەیەم ئەم سێیەیان بەڕاستی ئەمە کێ تەفسیری دەکات، بە چ شێوازێك لێکدەدرێتەوە و لێکدانەوەی بۆ دەکرێت، لە کاتێکدا هەست دەکەم لەم سێ خاڵەدا شێوازی جیاواز لە تەفسیر هەڵدەگرێت، وە هەست دەکەم بەپێی یاسا کێشە و گرفتەکانی لە نێو خێزان و لە نێو کۆمەڵگا زیاد دەکەین، هەروەها سێزدەیەمیشیان بەڕاستی پێمباشە خاڵی سێزدەیەمیش لابرێت، جگەلەوە حەڤدەیەمیش بە شێوازێکی تر بنووسرێتەوە کە ئێستا پێموایە نا روونییەك هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، تەنها یەك روونکردنەوەی پێویست، لە ماددەی (٨٨) بڕگەی یەکەم زۆر روونە کە ئەو ئەندامەی ناوی تۆمارکردووە دەتوانن لەسەر هەر ماددەیەك تەنها یەك جار بدوێت و نابێت لە دوو خولەك تێپەڕێت، ئەگەر لە کاتی گفتوگۆکردنی دووەمی پڕۆژە پێشنیازەکە وەزیری پەیوەندیدار ئامادەبوو دەتوانێت لە بارەی هەر ماددەیەك دوو خولەك بدوێت، واتە وەزیر بۆ روونکردنەوە بەرامبەر هەر ئەندامێکی پەرلەمان دەتوانێت دوو خولەك بێت، بەڵام لە پێشتر نزیکەی بیست و پێنج ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان سەرەنج و تێبینی و پرسیاری خۆیان خستۆتە روو، بۆیە ئەگەر کۆی بکەیتەوە مافی ئەو وەزیرە بەڕێزەیە کە لێرە بتوانێت وەڵام بداتەوە، بەڵام ئێمە ئەگەر دەرفەتی بدەینێ تەنها بەرامبەر بە هەر ئەندامێکی پەرلەمان دەبێت دوو خولەك بێت، فەرموو مامۆستا عثمان .

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ ئەو پەڕی رێزم بۆ ئەو لیژنە بەڕێزە زۆر لێزانانە لە بواری بە ناو مافی ئافرەت...

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا تکا دەکەم لیژنە لیژنەی پەرلەمانی کوردستانە، ئەندامی پەرلەمانە نوێنەرایەتی هەموو فراکسیۆنەکان دەکەن بە نوێنەرایەتی فراکسیۆنەکەی جەنابیشت ئەندام بووە تێدا، هەموویان لەگەڵ یەکتری، بۆیە تکا دەکەم ئەو بابەتە کۆتایی پێ بێنن کە لیژنە لە دۆڵێك بێت و ئێمە لە دۆڵێکی تربین، فەرموو.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز سەرۆکی لیژنە دەڵێت هەندێك لە ئەندامان تازە دەیخوێننەوە، ئاخر ئەگەر تازە بیخوێنێتەوە چۆن تێی گەیشتین، نەخێر، وا نیە خوای گەورە دەفەرموویت (ولهن مثل الذي عليهن بالمعروف)، ئەگەر بیزانیبا مەعنای چیە ئەو هەموو خاڵەی ریز نەدەکرد، والله داوا دەکەم بڕگەی شەشەم هەر عەیبە باس بکرێت بەڕاستی، لابرێت ئەوە یەك، پاشان یان ئەوەتا دەبێت باوك بە زۆری کچەکەی لە خوێندن دەربهێنێت یان دەبێت حکومەت ناچار بکەی کە بەشی خوێندنی تایبەتی بۆ بکاتەوە، پاشان سیلەی رەحم لەو حاڵەتەی ژن و مێرد ئیتیفاقێکیان کردبێت لەسەر وەزعێکی ئێستا بۆ ئێمە بچین بە ملیان دابێنینەوە والله با سەرەدانی ماڵی باوکی نەکات و نەچێتە ماڵی خەزوری و ئەم حاڵەتانە، بەڕاستی بەرژەوەندی ئافرەت پێشێلکرا سەد لە سەد، لەبەر ئەوەی لە قورئان لادراوە ئەو یاسایە، هەموو زانیان ئاگادار دەکەمەوە کە ئەم لیژنەیە راچاوی پرانسیپەکانی ئیسلامی نەکردووە، کالبوونەوەی...

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

جارێکی تر دووپاتی دەکەینەوە هەموو فراکسیۆنەکان هاوڕابووین کە پێکەوە ئەو بابەتانەی جیاوازی بۆ تێڕوانین لەسەر شەریعەتی پیرۆزی ئاینی ئیسلام لەسەری هەبێت ئاڕاستەی لیژنەی فتوا دەکرێت ئەو کات قسە لەسەر ئەوە دەکەین، هاوڕابووین لەسەر ئەوە، سەرۆکی فراکسیۆنەکەت لەوێبووە جەنابیشی لێرەیە، یەك بابەتیش بە زۆرینە و کەمینە نەهاتۆتە پەرلەمانی کوردستان، کاك ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە ئەم ماددەیە هەر زیادە، بۆ؟ لەبەر ئەوەی خۆ کوشتن لە ماددەی (٤٠٨)ی عقوبات هاتووە، هاوسەرگیری بە زۆر لە ماددەی (٩) لە یاسای باری کەسیەتی هاتووە، منداڵ بە شوودان لە ماددەی (١٠) فەقەرە پێنج لە یاسای باری کەسیەتی هاتووە، مەسەلەی خەتەنەکردن لە ماددەی (٤١٢) لە یاسای سزادانی عێراقی هاتووە، منداڵ لەبارچوون لە قانونی عقوبات لە ماددەی (٤٣٣-٤٣٤) هاتووە، بڕگەی دە و یازدە و دوازدە پێم بڵێ جیاوازیان چییە، خاڵی سێزدە چۆن دەیسەلمێنیت، پێچەوانەکەشی هەیە کەمتەرخەمی لە هەردوو تەرەف ئیتر ئیهمالکردنە یان شتی تر، بەس چۆن دەیسەلمێنی، وە من ئەوەی کە بەدواداچوونمکردووە تاوەکو ئێستا هیچ مەحکەمەیەکی کوردستان سکاڵایەك لەو جۆرە تۆمار نەکراوە، کە بڵێی سەرجێی بە زۆر هەیە، بڕگەی چواردە هەر ئەوە مافی دەستوورین ئەوانە، ئازادی لە رووی ئیقتیصادیەوە، ئەوە هەمووی لە یاساکاندا هاتووە، خاڵی حەڤدە لە یاسای خراپ بەکارهێنانی هۆیەکانی پەیوەندیکردن ئەمەش هاتووە لە راستیدا لە رێگەی تەکنەلۆجیاوە، بۆیە من پێموایە ئەم ماددەیە بەڕاستی سەر لەبەری زیادە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شاخوان فەرموو.

**بەڕێز شاخوان رؤوف مصطفى :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە خاڵی حەوتەم ناچارکردنی منداڵ بۆ کارکردن و سواڵکردن و بەجێهشتنی خوێندن کە ئەمە هەم لە یاسای سزادان و یاسای چاودێری ناکامەکان هەیە بۆ زەقکردنەوەی پێویست نییە، خاڵی یەکەم: پشتگیری مامۆستا ابوبکر هەڵەدنی دەکەم بۆ لابردنی خاڵی یەکەم لە ماددەی چوار، خاڵی نۆیەم: لێدان بکرێت بە لێدان بە هەر پاساوێك، خاڵی سێزدە: لابرێت، لەبەر ئەوەی ئەم کارانە بە تاوان یەك ناگرێتەوە لەگەڵ پاراستن و قورسیەتی خێزان، لە رووی سەلماندنیشی کارێکی قورسە، لابردنی باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

شنۆ خان فەرموو.

**بەڕێز شنۆ اشقی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی چوارەم خاڵی یەکەم پێشنیار دەکەم کۆمەڵایەتی لابرێت، خۆ کوشتن و زیانگەیاندن بە خۆت لە رووی جەستەیی و دەروونی کافیە، پرسیارێکم لە لیژنەی تایبەتمەند

هەیە، خاڵی چوارەم: پچڕاندنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بۆچی توونـد و تیـژیە؟ خـاڵی یـازدەم: بە کەم تێـڕوانین بە ئـافرەت یـان بە ئەنـدامانی خێـزان ئەمەشـیان سـزاکەی چـی دەبێـت، یەعنـی شەخصی خۆم ئەگەر کەسێك بە کەم سەیرم بکـات منـیش بە کەم سـەیری دەکەمەوە، پێویسـت ناکـات بـابەتەکە گەورە بکرێـت و بچێـتە دادگـا و سـکاڵا تۆمـار بکـات، زیـاتر گەورە بکرێـت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عباس فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی چوار واللە دژی ئافرەتانە لێرەش لاببرێت باشـە، لەبەر ئەوەی ئـێمە سـەرەتا قسەمان لەسەر ئەوەکردووە بۆ ئەوەی بابەتەکە تایبەت نەبێت بە ئافرەت، بابەتەکە تایبەت بێـت بە خێـزان کە ئـافرەتیش دەگـرێتەوە و زۆرتـر کێشـەکان هەر ئەو بـابەتە دەبێـت، خـاڵی سـێیەم: هاوسەرگیری بە زۆر، هاوسەرگیری بە زۆر ژن بە ژن، واللە ئەمە بەڕاستی من لە کۆمەڵگەی ئـێمە جاران زۆر زۆربوو ئێستا زۆر بە دەگمەنە، مـن پێمـوانیە ئەو بـابەتە هەر بـوروژێنین، لەوانەیە لە هەندێك زۆر تایبەت ئەمە مابێـت، ئەگەر نـا بەڕاسـتی زۆر دەگمەن بـووە، مـن بە زەرەوی نـازانم ئەمە جارێکی تر باس بکرێت، منداڵ بە شوودان بۆ منداڵ بە شوودان، یەعنی تۆ یەکسـەر باسـی کچ دەکەی یەعنی مـارەکردن و لەیەك مـارەکردن بێـت هەردووکیـان بگـرێتەوە، خـۆ کـوڕەکەش بەڕاستی تووشی ئەوە دەبێت بە منداڵی ژنـی لـێ مـارە دەکەن، ئەگەر ئـێمە دەمانەوێـت خێـزان بپارێزین با هەردوو لایەن بگرێتەوە، هەر چەند خۆی ئۆتۆمـاتیکی دەیگـرێتەوە، خـاڵی شەشـەم: خەتەنەکردنی مێینە یەعنی نازانم بۆ ئەمە بکرێت، دەکرێت بڵێی بە زۆر، یەعنی دەکرێـت بڵێـین بە زۆر بێـت بە تـاوان هەژمـار دەکرێـت، بەڵام تـۆ ئیجبـاری دەکەی نەکرێـت لەوانەیە لە هەنـدێ کۆمەڵگە لە هەنـدێك مەنتـیقە هەر قەبـول نەکراوبێـت، بـۆیە ئەمەش زۆر زەق نەکـرێتەوە لێـرە باشە، منداڵ لەبارچوون لە ئەنجامی توووند و تیژی من پێمباشە بڵـێن لەبـارچوون یـان لەبـاربردن بێت، نەك لەبـارچوون، لەبـاربردنی کـاری توونـد و تیـژی، وشـەی لێـدان یەعنـی بکرێـت خـاڵێکی گەورە، مـن ڕەئـیم وایە لێـدان لەگەڵ خـاڵی دوازدە لەیەك بـدرێت، ڕێـك بخـرێتەوە بەڕاسـتی، بگووترێت لێدانێك بە جەسـتەیەوە دیاربێـت، چـونکە هەر ژنەکە بچێـت شـکایەت لە پیـاوەکەی بکات بڵێت لێمدراوە یان پیاوەکە شکایەت لە ژنەکەی بکات بڵێت لێمـدراوە ئەوە نابێـت، یەعنـی دەبێت گەر تووڕە بێت یان قاتێکی لێبدات، ئەوەندە شتەکان توووندوتیژ نەکەیـن، مـن پێمـوانییە ئەوەندە بەو شێوەیە بێت، سووکایەتی پێکردن و جنێـودان و تـۆمەت هەڵبەسـتن، ئەمەیـان هەر لاببرێت باشترە، زۆر مەتاتیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

خدیجە خان فەرموو.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیارێکم هەیە بەڕاستی لە لیژنەی تایبەتمەند، ئایـا ئەو ژمـاردنە کە کـراوە لەم مـاددەیە لە پێناو حەسرە یان لە پێناو تەمسیلە، چونکە بەس ئەو دوو شێوازەمان هەیە بۆ ژماردن لە یاسادا،

ئەگەر لە پێناو حەسر بێت پرسیارێك دروست دەبێت كە ئایا ئەگەر حاڵەتی تر هەبوو و ئێمە لە بیرمانكردبێت لە یاسادا باس بكەین چی لێدێت، توونـدوتیژی بـۆ دژی ئـافرەت، بـۆ نمـوونە ئەمە یاسای میراتمان هەیە ئەگەر ئافرەت بێ بەش بكرێت لە میـرات ئایـا ئەوە توونـد و تیـژی نـیە كە لێرەش باس نەكراوە، وە پێدەچێت لە ماددەكەشدا كە لە پێنـاو حەسـر باسكراوە ئەو حاڵەتـانە، ئێمە ناتوانین دواتر ئەگەر حاڵەتی نوێ دروست بوو بخەینە زمنی ئەم یاسـایە، بـۆیە پێمـوایە كە دەتوانین بڕگەی یان خاڵێكی تر زیاد بكەین خاڵی هەژدەیەم بڵێـین كە هەر توونـد و تیژیەكـی تـر كە لە یاسا بەركارەكاندا هاتبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شێخ ظاهرفەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی چوار ئەگەر سەیری ئەو ماددەیە بكەین كە حەڤدە خاڵی تێدایە هەر حەڤدە خاڵەكە ئەگەر یەك دوو خاڵی نەبێت ئەگەر نا هەمووی لە یاسا بەركارەكانی تر چارەسەركراوە، بۆ نمـــوونە خـــۆ كوشـــتن و ئەوانە لە قـــانوونی عقوبـــات هەیە، هاوســـەرگیری بە زۆر یـــان هەر هاوسەرگیرییەكی بە زۆر بێت ئەو عەقدی نیكاح جائیز نیە، بە زۆر جیـابوونەوەش ئەوەش هەر هەیە، زۆری لێكـــردن بـــۆ كـــاری بەدڕەوشـــتی ئەوەش لە قـــانونی عقوبـــات چارەســـەركراوە، خەتەنەكردنی مێینە پێموابێت یاسایەكمان هەیە لە بارەی خەتەنەكردنـی مێیـنە، ناچـاركردن بـۆ جێهێشتنی كار ئەمەش چارەسەركراوە، منداڵ لەبارچوون لە ئەنجامی توونـد و تیـژی بكرێـت بە لەبارچوونی منداڵ لە ئەنجامی تووند و تیژی، خاڵی نۆیەم: لێرە لێدان وشەی لێدان بە مـوتلەقی هاتووە، دبێت جیابكرێتەوە ئایا لێـدان بە مەبەسـتی تەئـدیبە لێـدان بە مەبەسـتی زیانگەیانـدنە، چونكە ماددەی (٤١) لە قانوونی عقوباتی عێراقی باس لەوە دەكات مافە بۆ باوك یاخود مامۆستا یاخود هاوشێوەكانیان ئەگەر لێـدان لە منـداڵەكەنیان لە خێزانەكانیـان بە مەبەسـتی تەئـدیب كە ئەمە مافێكی شەرعی و قانوونی و عورفیە، ئەو خاڵانەی تر كە مـاوە پێموابێـت خـاڵی حەڤـدەم ئەنجامدانی تووند و تیژی یان هەڕەشە لێكردن لە ڕێگەی تەكنەلۆجیـاوە، پێموابێـت ئەو بـابەتە چارەسـەر نەكـراوە، بـۆیە سـەیر دەكەم ئەم یاسـایە دژایەتیـیەك دروسـت دەكـات لەگەڵ یاسـا بەركارەكان، بۆیە پێشنیار دەكەم جارێكی تر ئەم یاسایە بگەڕێتەوە بۆ لیژنەی یاسایی بـۆ ئەوەی لە ڕووی سـیاغەكردن، لە ڕووی یاسـای ئەسـولی محاكمـات و قـانوونی عقوبـات و هەمـوو ئەو یاسـایانەی كە پەیوەسـتن بەم یاسـایە جـارێكی تـر چاوخشـاندنەوەی پێـدا بـكەن، بـۆ ئەوەی سیاغەیەكی باشتر بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

گلیزار خان فەرموو.

**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەئیدی تێبینیەكانی سـەرچنار خـان دەكەم لە ڕووی یاسـاییەوە، هەروەهـا تێبینیەكـانی خـدیجە خان، هەورەهـا خۆشـم تێبینـیم هەیە لە خـاڵی نـۆیەم لێـدان، ئایـا مەبەسـتان لێـرە چـیە لێـدان، تەبعەن بەپێی قانون دەبێـت تەحدیـد بكرێـت جەریـمەكە، لێـدان هەیە (ضـرب المبرحـة وضـرب

الخفيف)یش، بەپێی قانون ئسول مەحاكمات جزائی تەحریكی دەعوا دەگۆڕێت لێرەدا دەبێت تەحدید بكرێت لێدانەكە چ جۆرە لێدانە، هەروەها خاڵی دوازدە ئازاردان بۆ ئەنجامدانی گوشاری دەروونی، ئازاردان ئایا هەر لێدانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك جلال فەرمووو.

**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی خانزاد خان و فێنك خان دەكەم، من پڕ بە دڵ دەستخۆشی لە ستافی لیژنەی داكۆكیكار لە مافەكانی ئافرەت دەكەم، خۆزگە برادەران بە تاك پیاوم لەگەڵیانم دەزانم چەند ماندووبوونە، تاكە كەس ماندوو نەبێت منم لەگەڵیان، چونكە ئەوان شەو رۆژیان بە یەكەوە گرێداوە بۆ ئەوەی یاسایە دەربچێت بۆ خزمەتی خێزان لە كوردستان، من لەسەر ماددەی چوار خاڵی سێزدە قسە دەكەم بە زۆر سەرجێیكردنی هاوسەری، الحمد لله من نە پێشتر پێویستم بەو كارەی هەیە نە ئێستا و نە لە داهاتووش سەرم راحەتە لە خودای بە زیاد بێت، بەڵام ئەوە نەسەن دژی فەرمووودەكی پێغەمبەر (د.خ) دەڵێت ئەگەر پیاو داوای سەرجێیكرد لەگەڵ خێزانی كرد ئافرەتەكە رێگر بوو تا بەیانی بەر نەعلەتی خودا و فریشتەكان دەكەوێت، بە خوای ئەوە بۆ حەزرەتی عیساش تەواوە بۆ دینی حەزرەتی موساش تەواوە، بۆ ئێزیدی و كاكەیی و بۆ سائیبە و بۆ هەمووان تەواوە، چونكە ئەوە هەمووی بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی و بۆ ئەو پرۆسە گەورەیەیە هاتۆتە بەرهەم، وەكو گوتتان گرنگە بەڕاستی لە نێوان لیژنەی فتوا و لیژنەی خۆمان كاروباری ئاینی لە پەرلەمانی كوردستان ئەو هەماهەنگیە هەبێت بۆ ئەوەی ئەو یاسایە دەربچێت، بۆ ئەوەی لەو جەدەلە دەرباز بین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سروان فەرمووو.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هاوڕای بەشێك لە تێبینیەكانی سەرچنار خان و كاك عباس و شێخ ظاهرم، وە لەگەڵ ئەو قسەیەی كاك جلالم بەڕاستی لەسەر لابردنی بڕگەی سێزدە بە زۆر سەرجێیكردنی هاوسەری كە لە هەموو روویەكەوە دژی شەریعەتی ئیسلامە، ئەوەی دژی شەریعەتی ئیسلامی بێت و ئەوەی لە قورئان و فەرموودەكانی پێغەمبەرمان رەتكرابێتەوە وەكو سروان من رەتی دەكەمەوە، ئەوەی تریش خاڵی شازدە زەوتكردنی بەڵگەنامە كەسییەكان، باشە ئەگەر خێزانی كەسێك ئافرەتەكەی لەگەڵ پیاوەكەی بە كێشە هاتن و دەمەقالیانكرد، ئافرەتەكە تەلەبی سەفەریكرد ئەو پیاوەش حەزی لێنەبوو ئەو پاسەپۆرتەی لای خۆی هێشتەوە كەواتە ئەوە ئافرەتەكە شكایەتی لێدەكات قوربەسەری پیاوەكە دەكات، یەعنی بەڕاستی پێداچوونەوەیەكی وردتر و دەقیقی دەوێت، یەعنی ناكرێت ئەوەی نووسراوە بە حەزی چەند كەسێك بێت، من رێزم هەیە بۆ لیژنەكە هەیە، هەمووتانم خۆش دەوێت و قەدری هەمووتان دەگرم، بەڵام ناكرێت ئەوەی ئێوە پێتان باشبوو و ئەوانەی كە لە جیهەتی مەعنیەوە بۆتان نێردراوە ئیتر تەواو ئەوە فەرزی سەر

هەموو کۆمەڵگای کوردی بکرێت، دیسانیش بە هەمووتان دەڵێمەوە با هەموومان رەتی ئەو پێشنیازە یاسایە بکەینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماموستا ویسی فەرموو.

**بەڕێز ویسی سعید ویسی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشێك لە قسەکانم پێشووتر کرا، بەڵام سەبارەت بە ماددەی چوار ماددەیەکی هەرە گرنگی ئەو یاسایەیە کە ئەو کردەوانە دیاری دەکات بۆ تاوانی توند و تیژی خێزانی دانراون، بۆیە من پێشنیار دەکەم بەڕاستی بڕگەی دووەم و نۆیەم و سێزدەم ئاڕاستەی لیژنەی فتوا بکرێت بۆ ئەوەی بە هیچ شێوەیەك ناکۆك نەبێت لەگەڵ ئاینی پیرۆزی ئیسلام کە ئەم یاسایە لە داهاتوودا بۆ کۆمەڵگای ئێمەیە کە زۆرینەی کۆمەڵگای ئێمە موسڵمانە، هەروەها سەبارەت بە بڕگەی یازدەیەم بە کەم تێڕوانین بەرامبەر بە ئافرەت یان ئەندامی خێزان ئەمە لابرێت، چونکە سەلماندنەکەی زۆر زەحمەتە، هەروەها هاوڕای بڕگەی چواردەم کە ماموستا خدیجە پێشنیاریکرد سەبارەت لە بێبەشکردنی ئافرەت لە میرات کە ئەویش گرنگە جێگیر بکرێت، وە پێشنیار دەکەم لە بڕگەی چواردە وای لێبکرێت بێبەشکردنی ئافرەت لە ماف و ئازادیە سیاسی و ئابووریەکان بە هۆکاری جیاوازی رەگەزی و بێبەشکردنی لە میرات کە بە داخەوە بەشێك کە لە دابونەریتەکانی کۆمەڵگای ئێمە کە زۆرجار ئافرەت لە میرات بێبەش دەکرێت کە پێچەوانەی ئاینی پیرۆزی ئیسلامیشە، هەروەها بڕگەیەکی تریش لە کۆتاییدا زیاد بکرێت هەر تاوانێکی تر کە لە یاسا بەرکارەکاندا هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پێموایە ئەم ماددەیە زیادەیە بە تایبەتی لە یاسای باری کەسییەتی و لە قانوونی عقوباتدا هەموو ئەو بابەتانەی کە پەیوەندی بە توندوتیژیەوە هەیە باسکراوە، لەم بابەتانە هەندێك شت هەیە زیادەڕەویەکی یەکجار گەورەی تێداکراوە، بۆ نموونە لە خاڵی چوارەم کە باسی سیلەی رەحم و پچڕانی سیلەی رەحم دەکات، پچڕانی سیلەی رەحم لەگەڵ پورزا دەکات پێش پاراستنی شیرازەی خێزان نیە، لە کاتێکدا رەنگە وا پێویست بکات بەرژەوەندی وا بخوازێت ئەم سیلەی رەحمە لەو کاتە بپچڕێندرێت، ئەمە گرنگتر نییە لەوەی کە خێزانەکە تێك بچێت، خاڵی نۆیەم: لێدان، لێدان تەفسیری هەیە، لێدان چیە، هەندێك لێدان هەیە بۆ تەئدیبە بە قانوون بە شەریعەت، هەموو ئەمانە رێگەی پێداوە، تۆ موتەلەقی بە یەك وشە دەنووسی لێدان، هەموو لێدانێك بۆ سجن، ئەمە ناکرێت، بە کەم تێڕوانین، بە کەم تێڕوانین تەفسیرێکی یەکجار زۆر هەڵدەگرێت، ئەسڵەن ئافرەتێك یان پیاوێك دەچێتە مەحکەمە دەڵێت مێردەکەم بە سووکی سەیری کردووم، ئەمە زۆر هەڵدەگرێت، ئەمە هەر سەر لە مەحاکمەکانیش تێکدەدەین، ئازاردان لە ئەنجامی گوشاری دەروونی، گوشاری دەروونیش وشەیەکی یەکجار مەتاتییە، یەعنی تۆ چۆن

گوشاری دەکەی، ئەمەش بابەتێکە، خاڵی سێزدە: یەعنی من لە یەك شت تێ ناگەم هەموو مەحاکمی کوردستان بگەڕێ دەعوایەکی تێدا نییە لەسەر بە زۆر سەرجێیکردن، یەعنی بۆ زەقیەکەی تۆ وەکو ئەوە وایە کێشەی ئەم کۆمەڵگا هەمووی ئەمە بێت خەڵکێك بێت دیراسەی لەسەر بکات، هەر نا سەلمێت لە ڕووی یاساییەوە دوو سێ شت هەیە بۆ ئەوەی تاوانێك بسەلمێت، بەڵگە هەیە، ئیعتیراف هەیە، شاهید هەیە، هیچ شتێك نییە بۆ ئەمە، بۆیە با (التحرش) لە چوارچێوەی خێزان یەعنی چی، یەعنی با بۆمان تەفسیر بکەن، لە چوارچێوەی خێزانێکدا تەحروش پێکردن یەعنی چی، بۆیە من ئەوانەی کە سزای ئافرەتە لێدان بە مانای توونـد و تیـژیەکەی لە قانوونە بەرکارەکان هەمووی هاتووە، بۆیە من پێموایە ئەم ماددەیە زیادەیە، دەرگا دەکاتەوە لەسەر شتێك کە پێویست نییە و زیادەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالستار فەرمووو.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دیارە لە سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکی فراکسیۆنەکان هەموومان هاوڕابووین لەسەر ئەوەی کە بەڵێ لەم پڕۆژە یاسایەدا هیچ ماددەیەك و هیچ یاسایەك دەرناکرێت کە پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلام بێت، وە ئەوەی کە ئێستا لێرە گفتوگۆی لەسەر دەکەین گفتوگۆی خۆمانە و هەر کەس ئازادە لەوەی کە بۆچوونی جیاوازی بخاتەروو و پشتگیریشی بۆ پەیدا بکات، ئاساییە، بەڵام هەم بەپێی دەستووری عێراق و هەم بەپێی ئەوەی کە ئێمە هەموومان هاوڕابووین کەس خیلافی نەبوو کە هەر بڕگەیەك هەر ماددەیەك پێچەوانەی شەریعەت بێت و دواتر کەوتە موناقەشە لە لیژنەی پەیوەندیدار دیارە دەچێت بۆ لیژنەی فتوای هەرێمی کوردستان ئەوان یەکلایی دەکەنەوە کە ئەمە شەرعییە یان نا شەرعییە، حەرامە یان حەرام نییە، دروستە یان دروست نییە، بەس وەکو سەرەنج بەڕاستی پێموایە لەگەڵ ڕەئی ئەو پەرلەمانتارانەم کە ئەم ماددەیە زیادە، چونکە فیعلەن بەشێکی زۆری لە قانوونی عقوبات و بەشێکی زۆری لە یاسای باری کەسیەتیدا هاتووە، ئێمە لێرە هیچ پێویستمان پێ نییە بە هەندێك دەستکاری هێناومانە خۆمان تووشی گێژاوێککردووە، هەست دەکەم خۆمان خستۆتە ناو حەقلی ئەلغام و بەولادا پچین پێماندا دەتەقێتەوە، بەو لادا بچین پێمان دەتەقێتەوە، پێویستمان پێ نەبووە بەڕاستی، چونکە هەیە، ئینجا هەندێکیشی بەڕاستی مەتاتییە، یەعنی فیعلەن دەرگا دەکاتەوە بۆ کێشەی زۆر گەورە، مەسەلەن جارێ هەندێکی لە ڕووی شەرعییەوە هەر دروست نییە، مەسەلەن دەڵێی هاوسەرگیری بە زۆر ئێ هەر دانەمەزرێت، یان باسی ژن بە ژن پێغەمبەرمان (د.خ) هەر نەهی لێکردووە تەبعەن، یان باسی منداڵ بە شوودان هەر نابێت دروست نییە، ئەگەر کرابێت لە کەلتووری کوردەواری لە جێیەك ئەو جیاوازە، بۆیە بەڕاستی مەسەلەی لێدان وەکو تازە باسکرا بە زۆر جیابوونەوە هەر دروست نابێت، بۆیە پێموایە بەڕاستی ئێمە خۆمان تووشی هەندێك کێشەکردووە کە هیچ پێویستمان پێی نەبووە، وە ئەوەی کە ئێستا هەشە لە کۆمەڵگای کوردەواری هیوادارم بەڕاستی بەوەی کە هەندێك ماددە و بڕگە لێرانە بکەین بە یاسا لە داهاتوودا کێشەمان بۆ خۆمان دروست دەکات، جاری وا هەیە هەندێك شت حەرام و نا شەرعییە کێشە دروست دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاشنا خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەر لە هەموو شتێك پشتگیری لە قسەکانی کاك ابوبکر و سەرچنار خان و کاك علی و مامۆستا عبدالستاریش دەکەم، منیش پێموایە دانانەوەی ئەو خاڵانە لێرە زیادەیە، چونکە زۆرێك لەو یاسایانەی کە هەمانە و لێرە بەرکارە لە یاسای سزادان و یاسای چاودێری و ئەوانە ئەم بابەتانە ئاماژەی پێکراوە، دوای ئەوە ئێمە چەند خاڵێکی تێدایە زۆر دووبارەیە، جیاوازی لێدان و ئازاردان چییە یەعنی، من نازانم، لێدان و ئازاردان چ جیاوازیەکی هەیە کراوە بە دوو خاڵی جیاواز، جگەلەوەی باسی لە گێچەڵ پێکردن کردووە، گێچەڵکردن لە چوارچێوەی خێزاندا نازانم یەعنی لەوە دەچێت حاڵەتیش نەبێت زۆر کەمە، بۆچی ئێمە لێرەدا هاتووین لێرەدا باسی بکەین بە جۆرێك لە جۆرەکان کاریگەری پێچەوانەش دروست بکات لەسەر خێزانی ئێمە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سیروان فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەم ماددەیەی کە زۆر قسە هەڵدەگرێت ماددەی چوار، هاوڕێیانم زۆر قسەیان لەسەر ماددەکان کرد، منیش دەمەوێت سەرەنجەکانی خۆم بە خێرایی بیڵێم، جارێ لە یەکەمدا خۆ کوشتن و زیانگەیاندن تەبعەن خۆ کوشتن ئەو کەسەی کە خۆی دەکوژێت دەمرێت، قابیلە سزای چی بێت، بەڵام دەبێت بگەڕێیتەوە بزانی کێ وای لێکردووە، چ بێ ئومێدیەك لە ژیانیان دروست بووە کە ببێتە هۆی ناچار بێت بەم حاڵەتە، تەبعەن ئەوە بە پرۆسەیەك دەڕوات پرۆسەیەکی زۆر دوور و درێژە کە کێ وای لێکردووە ئەم کەسە ئایا خەڵکێك بوو یان لە بێ ئومێدی لە ڕێی تەعین نەبووبێ یان ڕێگای نەبووە، حکومەت بووە، پارتێك بووە، زەلامیك بووە، ئەمە دەچێتە ماددەیە تر کە لە یاسای سزاکانی جێبکراوەتەوە، حەوتەم: ناچارکردنی بەجێهێشتنی کار و دەرۆزەکردن، کە دەرۆزەکردن گەورەترین و کوشەندەترین ڤایرۆسە لە کۆمەڵگایەك کە ئێستا لەسەر شەقامەکاندا بەداخەوە زۆرینەی ئەوانەی کە دەرۆزە دەکەن زۆرینەیان لە دەرەوەی کوردستان هاتوون کە لێرە نابێت جێی بکرێتەوە، قابیلە هیچ باوکێك هەبێت ئەوەندە کەرامەتی هەبێت و منداڵەکەی بنێرێت بۆ دەرۆزە کەواتە ئەوە شایەنی سجنە بە ماددەی (١٠٦)ی عێراقی، ئازاردان و ئەنجامدانی گوشاری دەروونی شتی وا هەر نییە، گوشاری دەروونی لە کوێ هەیە لە کوردستاندا، پێی دەڵێن دروستکردنی فشاری، دەروونی گوشار چییە، من شتی وام نەبیستووە، سووکایەتی پێکردن و جنێودان و تۆمەت هەڵبەستن، جارێ تۆمەت هەڵبەستن لە هەموو کۆمەڵگاکاندا زۆرینەی ئافرەتان تۆمەت بۆ پیاوەکانیاندا هەڵدەبەستن دەڵێن چاوی وایە و سەیری ژن دەکات ئەوە تۆمەت هەڵبەستنە، قابیلە ئەمە بچێتە تۆمەت هەڵبەستنەوە، یەعنی ئێمە هەموومان خێزانداری و ئەوەی کە خێزانیشی نیە خوشك و دایکی هەیە، کەواتە ئەوە ناچێتە بواری توند و تیژیەوە، یەعنی قسەکردنە، بڕگەی سێزدە کە زۆرینەی هاوڕێیانمان خۆیان لێ لادەدەن من بە روونی باسی دەکەم، بە زۆر سەرجێیکردنی هاوسەرگیری، بە

عەكسیشەوە راستە، یەعنی چەند كەس هەیە دەچێت ژنی دووەم دەهێنێت یان دەچێت شوو دەكاتەوە هاوسەرەكەی ناتوانیت ئەو ئەركە جێ بەجێ بكات، وە دوای ئەوە زۆر لە هاوڕێیانمان ئەگەر بپرسن چۆن دەسەلمێنێت ئەوە ئیلا بە تەقریرێكی توبی لە سەر گیانی ئەو ئافرەتە یان ئەو پیاوە بێت كە بە زۆری راكێشرابێت، ئیتر ئەمە بە روونی قسە بكەین بۆ ئەمە بخەینە ناو كۆمەڵگاكەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ ئەوەی قسەكانم دووبارە نەكەمەوە پشتگیری لە قسەكانی مامۆستا ابوبكر هەڵەدنی دەكەم بە تەواوەتی، تەنها ئەوەی كە سیروان باسیكرد سەبارەت بە خاڵی سێزدە، فیعلەن ئەوە پێویست دەكات ئەوە پەرلەمانی كوردستان لەسەری بووەستن مانای ئەوەی نیە كە تاوەكو ئێستا دەعوایەك لە دادگاكانی هەرێم لەسەر ئەمە تۆمار نەكراوە ئەو تاوانە رووی نەداوە، روویداوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئاستی هۆشیاری خێزانی یان باس نەكردنی لە دەرەوە یان شێوازی مامەڵەكردنی بۆ سەلماندن و نە سەلماندنی لە نێوان خێزانەكان، ئەگەر نا ناشرینترین تاوانە، والله ئەگەر هیچ شتێك تاوان نەبێت ئەوە تاوانە، بەڵام حەقە لیژنە چۆن دەرچەیەكی بۆ دەدۆزنەوە بۆ شێوازی سەلماندنی بۆ شێوازی ئەوەی تری رێگەی لێ بگرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

دكتۆرە گلاوێژ فەرموو.

**بەڕێز گلاوێژ عبید عثمان :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا پرسیارێكم هەیە لە لیژنە، ماددەی سێ و ماددەی چوار هەردووكیان هەمواری ماددەی دووەمە لە یاسا كۆنەكە، بۆچی كردووتیانە دوو ماددە، چونكە هەردووكیان هەمواری ماددەی دووەمە، بە نیسبەت لێدان و ئازاردان و ئەنجامدانی گوشاری دەروونی، پێمباشە ئەو دوو بڕگەیە بكرێتە یەك، چونكە هەردووكیان لێدان هەر ئازاردانە، بە نیسبەت خاڵی حەڤدەیەم ئەنجامدانی توندوتیژی یان هەڕەشەپێكردن لە رێگەی تەكنەلۆجیاوە بەخۆی لەسەرەتاوە نووسراوە ئەوانە سزایەكانی بە تاوانەكانی توندوتیژیە، بۆیە جارێكی تر پێویست ناكات لێرە دووبارە بكرێتە ئەنجامدانی توندوتیژی تەنها بكرێتە هەڕەشە پێكردن لە رێگەی تەكنەلۆجییاوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد سعدالدین انور:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەنها لە خاڵی چوار پچڕاندنی پەیوەندی كۆمەڵایەتی سیلەی رەحم، ئەمە وەكو تاوان هاتووە، پچڕاندنی سیلەی رەحم یاخود ئیهمالكردنی مەسەلەی سیلەی رەحم ئەوە عادەتێكی خراپە، تەبیعاتەكی زۆر خراپە، بەڵام تاوان نییە، كردەوەیەك نییە بەرامبەر بە یەكتر كردبێت، بۆیە ئەمە زیادەیە لێرە كە نووسراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بدریە خان فەرموو.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە قسەكانی مامۆستا عبدالستار و مامۆستا ابوبكر دەكەم، سەبارەت بە ماددەی پێشنیار دەكەم كە خاڵی یەكەمی لابرێت، لەبەر ئەوەی لە یاسای عقوبات لە ماددەی (٤٠٨) هەیە و فەراغی یاسایی نییە، هەروەها سەبارەت بە خاڵی ئەكەم و دووەم هەر بەهەمان شێوە پشتگیری دەكەم، سەبارەت بە خاڵی چوارەم كە باس لە پچڕاندنی پەیوەندی سیلەی رەحم دەكات پێمباشە پاشگرێكی بۆ زیاد بكرێت بەبێ هۆكار، سەبارەت بە خاڵی شەشەم پێشنیار دەكەم ئەو خاڵە لابرێت، لەبەر ئەوەی لە یاسای عقوبات لە ماددەی (٤١٢)دا هەیە، سەبارەت بە خاڵی حەوتەم بە ناچاركردن بۆ جێهێشتنی كار ئەگەر هاوڕێیانم لە بیریان بێت من زۆر جەختم لەسەر ئەو بابەتەكردەوە كە تۆزێك گشتگیرە جاری وا هەیە شتی تر دەگرێتەوە، بۆ نموونە تۆ نەیارییەكت بەرامبەر بە كوڕەكەت یان بە كچەكەت هەبێت سەبارەت بە كارەكەی یان بە پیشەكەی بە حەرام و حەڵاڵی كارەكەی تۆ بتەوێت پێی جێ بهێڵێت ئەوە چۆن دەڵێی ئەمە دەست و پێ دەبەستێت، بەڵام لە یاسا كۆنەكەدا هاتووە باس لە كاری وەزیفی دەكات، جێهێشتنی كاری وەزیفی، سەبارەت بە خاڵی نۆیەم هاوڕێیانم لە لیژنە ئاگادارن زۆر جەختم لەسەر بابەتی ئەم لێدانە كردەوە كە زۆر گشتگیرە، مادام لە یاسای سزادانەكاندا هاتووە ماددەی (٤١٣، ٤١٤، ٤١٥) هاتووە پێشنیار دەكەم لابرێت، یان لەگەڵ خاڵی دوازدەیەم لێرە بكرێت بە یەك، وە پێشنیار دەكەم خاڵی چواردە جیاوازی رەگەزی لابرێت بە هۆكاری جیاوازی رەگەزی، بە هەمان شێوە خاڵی حەڤدە ئەنجامدانی توندوتیژی یان هەڕەشە پێكردن لە رێگەی تەكنەلۆجیاوە ئەویش لە یاسای خراپ بەكارهێنانی هۆیەكانی پەیوەندیدكردندا هاتووە، پێشنیار دەكەم خاڵی حەڤدەش لابرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، لە بیرتان بێت هەر بەڕێزێك كە پێشنیار دەكات دەبێت پشتگیری هەبێت بۆ ئەوەی دواتر لیژنە بتوانێت بیخاتە ناو راپۆرتەوە، جگەلەوانەی كە لە كۆتاییەكان پێشنیار دەكات، دواتر گلەیی نەكەن بڵێن واللە پێشنیارمكردبوو بۆ لەناو راپۆرتەكەدا نییە، ئەگەر پتشگیری نەبێت ناچێتە ناو راپۆرتەوە، مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبداللە فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم ماددەیە پشتگیری لە قسەكانی كاك عبدالستار و مامۆستا ابوبكر هەڵەدنی سەرچنار خان و كاك شێخ ظاهرو ئاشنا خان و مامۆستا علی و بدریە خان دەكەم، بەڕاستی ئەم ماددەیە زۆرینەی بڕگەكانی لە یاسای سزادانی عێراقی و یاسای باری كەسیەتیدا هاتوون، وە هەندیكیشیان بەڕاستی نە بەردەستە نە بەڵگەیان لەسەر كۆ دەكرێتەوە و وەكو فەرەزیەكیش نین تاوەكو لەبەرامبەریاندا سزا دیاری بكرێت، یەك لەوانە مەسەلەن تۆ ئەگەر تەنانەت قەرار بوو ئەم ماددەیە بمێنێتەوە، بۆ نموونە لێدان لایەنی كەم وای لێبكرێت لێدانی توند و ئازاردانی و گوشاری دەروونی بە مەبەست و بەردەوام و بە بەرنامە، تەبعەن ئەم حاڵەتانەم بینیووە

بەڕاستی خەڵك هەبووە لەگەڵ منداڵەكەی بە بەرنامە و بەردەوام و بە مەبەستیش توند و تیژی جەستەیی و دەروونـی ئەوانەی بەكارهێنـاوە، هەنـدێك خـاڵی تـر بە كەم تێـڕوانین و گوشـاری دەروونی و ئەوانە بەڕاستی تەفسیركردنی زۆر زەحمەتە، خاڵی سێزدە هەر زیادە ئەسڵەن، ژیانی ژن و پیـاو گەیشـتە سـەر ئەوەی كە بە زۆر سـەرجێی لەگەڵ یەك بـكەن ئەسـڵەن هەر ژیـانی خێزانیان هەڵوەشاوەتەوە، وە لە رووی شەرعیەوە ئەوانە بە خێزانیش نامێنن، سەیرە خێزانی وا هەبێت بە خێزانیش هەژمار دەكرێت، وە خاڵەكانی تریش بەڕاستی ئیشكالیان تێدایە هەندێكیان ئەگەر مـانەوە پێویسـتیان بە پێـداچوونەوەیە، بـۆ نمـوونە بـڕگەی چـوار پچڕانـدنی پەیوەنـدی كۆمەڵایەتی، مامۆستا علی باسیكرد ئەگەر كەسێك یەعنی پیاوێك یـان ژنێـك پـێ خـۆش نەبـوو ئامۆزاكەی بێتە ماڵی ئیتر ئەوە بە توند و تیژی حیساب دەبێت، نەخێـر، لایەنـی كەم ئەگەر هەر مایەوە وای لێبكەن رێگریكردن لە بەجێهێنانی پەیوەنـدی خزمـایەتی لەگەڵ ئەنـدامانی پـلە یەك یـان پـلە دووی خێـزان ئەوەنـدە، مەسـەلەن كەسـێك رێـگە نەدات هـاوژینەكەی لەگەڵ بـراكەی پەیوەندی كۆمەڵایەتی هەبێت، لەگەڵ خوشكەكان پەیوەندی هەبێت، یەعنـی لایەنـی كەم ئەگەر مایەوە ئەوای لێبكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

مژدە خان فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سـەرەتا پشـتیوانی لە قسـەكانی مامۆسـتا ابـوبكر و سـەرچنار خـان دەكەم سـەبارەت بەوەی كە هەنـدێ مـاددەكە لە قـانونی عقوبـات و بـاری كەسـیەتیە، ئەوانە لاببـرێن، بەڵام ئەگەر لا نەبـرا لە خاڵی یەكەمدا لە سەرەتاكەی بۆ نمـوونە نووسـراوە خـۆ كوشـتن و زیـان كەیانـدن بە خـود، خـۆ كوشتنەكە بكرێتە ناچار بە خۆ كوشتن، لە خاڵی حەوتەمدا نووسراوە ناچاركردن بـۆ جێهێشـتنی خوێندن و دەرۆزەكردن و كاركردنی بە زۆر، لەسەر دەرۆزەكردنەكە تێبینـی ئەوە هەیە كە منـداڵ هەیە تەمەنی یەك مانگ و دوو مانگە بەكار دەهێندرێت بە كرێ وەردەگیری، ئەو ژنانەی كە ناچار بە دەرۆزەكردن دەكەن ئەوانە جێی نەكراوەتەوە لەو بڕگەیەدا، یاخود ئەو منـداڵانە خـۆ نـاتوانن سكاڵا بكەن، هەموو ترافیكەكان پڕە لە منـداڵ كە بە زۆر دەرۆزەیـان پـێ دەكرێـت بە نـاوی جـام سڕینەوە و جۆرێك لەو كـارانە لەسـەر شـەقامەكانن، ئەی ئەوانە خـۆ نـاتوانن سـكاڵا بـكەن، ئەوە چۆن جێگەی دەكرێتەوە، بڕگەیەكی تر بە بڕوای من زیاد بكرێت ئەویش ئەوەیە كە بێبەشكردنی ئافرەت لە میرات، بێ بەشـكردنی ئـافرەت لە میـرات ئەوەش بە تونـد و تیـژی هەژمـار بكرێـت، چونكە مافی خۆیەتی ژنیش وەكو ئەندامانی تری خێزان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

مامۆستا هەورامان فەرموو.

**بەڕێز هەورامان حمە شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیـارە ئەم مـاددەیە بەڕاسـتی ئەو بـابەتەیە كە ئیشـكالییەتی زۆر هەڵـدەگرێت، لە راسـتیدا ئەو خوشك و برا بەڕێزانەی كە لە بە تەفسیڵ باسیانكرد كە ئەمەی دانراوە حەقـدە خـاڵە لە راسـتیدا هەندێكی تەحسیل حاصڵە، بەس مـن هەنـدێك سـەرەنج دەخەمە روو لە ئیختیصاصـی خۆمـدا،

ئێستا بۆ نموونە هەندێك بابەت هەیە پێغەمبەری خوا (د.خ) موکرەمەی داناوە بۆ ئافرەت، لێرە بە جەریمە دانراوە، تاوانی تووند و تیژی خێزانی داناوە، بەڕاستی ئەمە نابێت، هەندێك بابەت هەیە خوای پەروەردیگار بە گەورەیی خۆی عقوبەی لەسەر دانەناوە وەکو پچڕاندنی سیلەی رەحم، عقوبەی نییە، بابەتێکی مەعنەوییە، عقوبەتێکی ئوخرەوی هەیە، عقوبەتێکی قیامەتی هەیە نە لە دنیا، چونکە ئەو بابەتە سەیر لەوەدایە کە هەندێك بابەت هەیە خوای پەروەردگار عقوبەی لەسەر داناوە جێ بەجێ ناکرێت، خوای گەورە بە ئاشکرا عقوبەی قەتل و عقوبەی زینا عقوبەی داوێن پیسی و عقوبەی عارەق خواردن و عقوبەی رێگەگرتن عقوبەی بوختان بۆ خەڵك کردن و تاوەکو کۆتایی، ئا ئامانە بە نەصی سەریحیان لەسەرە لە قورئان و لە سونەتدا، هیچ عقوبەیەکی بۆ دانەنراوە و جێ بەجێش ناکرێت، بەڵام هەندێك بابەت هەیە عقوبەی بۆ دانەناوە خوای گەورە وەکو پچڕاندنی سیلەی رەحم لێرە عقوبەی بۆ دانراوە و بە جەریمە حیساب دەکرێت عقوبەی سجن و مادیشی لەسەر دانراوە، لەبەر ئەوە لە راستیدا بابەتەکە زۆر قسە هەڵدەگرێت هەندێکیان لەم حەڤدە بڕگەیە یان ئەوەتا لە یاساکانی تردا یاسای سزادانی عێراقی عقوبەی لەسەرە کە پێویست ناکات لێرە باس بکرێت، یان بابەتەکە هەندێکی پەیوەندی بەوەیە کە پێچەوانەی شەریعەتە لێرە هەر باس نەکرێت، کەواتە باشتر وایە لە راستیدا بۆ ئەوەی نەکەوینە ناو ئەم گێژاوە گەورەوە باشتر وایە کە ئەم ماددەیە لابرێت، تۆ لە پێشتر پێناسەیەکتکردووە تۆ کە کاتێك دەڵێی پێناسەی توند و تیژی خێزانی هەموو کردار و رفتارێك ئیتر پێویست ناکات حەسری بکەی لە کۆمەڵێك مفرەدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

روپاك خان فەرموو.

**بەڕێز روپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی چوار من پێشنیار دەکەم ئەم ماددەیە لابرێت، چونکە فەراغی یاسایی نیە و لە یاساکانی عقوبات و باری کەسیەتی زۆربەی هەرە زۆری عیلاجکراوە و هەیە، بۆ نموونە هاوسەرگیری بە زۆر لە مادده نۆی یاسای باری کەسیەتیدا هاتووە، منداڵ بە شوودان کە هەر لە خاڵی دووەم منداڵ بە شوودان لە مادده (١٠)ی بڕگەی پێنجی یاسای باری کەسیەتی هەیە، هەروەها خەتەنەکردنی مێینە لە مادده (٤١٢)ی قانوونی عقوباتدا هەیە، هەروەها بڕگەی هەشتەم منداڵ لەبارچوون لە ئەنجامی توند و تیژی منداڵ لەباربردن لە یاسای سزادان لە مادده (٤١٦، ٤١٧، ٤١٨) باسکراوە، وە بڕگەی نۆیەم لێدان، لێدان لە یاسای عقوباتی عێراقیدا هاتووە لە مادده (٤١٣، ٤١٤، ٤١٥) هاتووە، هەروەها سووکایەتی پێکردن و جنێودان و تۆمەت هەڵبەستن جنێو و بوختان لە قانوونی عقوباتی عێراقی لە مادده (٤٣٣، ٤٣٤)دا هاتووە، مافی ئافرەت مافی ئازادی سیاسی و ئابووری ئەوە هەر لە دەستووردا بۆ ئافرەت جێگیرکراوە، هەروەها بڕگەی حەڤدەم لە یاسای خراپ بەکارهێنانی هۆیەکانی پەیوەندیدا هەیە، بۆیە فەراغی یاسایی نیە، کە فەراغ نەبێت پێویست ناکات ئاماژەی پێبدرێت و پێویستە ئەم ماددەیە لابرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆرە شایان فەرموو.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا من دەمەوێت زۆر دەستخۆشی لە هەردوو لیژنەی تایبەتمەند بکەم، من ئەم خاڵانەم زۆر پێباشە، وە بە پێچەوانەوە لەگەڵ ئەوەدام هەندێك خاڵی تری بۆ زیاد بکرێت، لەبەر ئەوەی ئەوەی کە ئێمە نایبینین یان ئەگەر ئێمە شتێك بە چاوی خۆمان نەبینیەوە مانای ئەوە نییە کە ئەو شتە نیە، یەعنی مەفروزە خاڵەکان زیاتریش بکرێن، لەبەر ئەوەی توونـدوتیژی هەنـدە زۆرە، بەڵام ئێمە رەنگە نەیبینین، هەر بۆ نموونە خاڵی سێزدەهەم کە زۆرترین موناقەشەی لەسەربوو ئەوە لەو کاتەی کە پزشیکی شێرپەنجە بووم نەخۆشمان هەبوو خاتوونە شێرپەنجەی هەیە دەڵێت دڵی پڕبووە لەبەردەمم دانیشتووە دەڵێت من چی بکەم ناتوانم پیاوەکەم هەمیشە لالووتە لێم، هەمیشە لێم تووڕەیە، هەمیشە بێ تاقەتە، لە تاوا هەیە یەکسەر بۆ خۆی چووە ژنی دیکەی بۆ هێناوە، من ناڵێم با ئەم نەخۆشانەی شێرپەنجە بچن سکاڵا تۆمار بکەن، بەڵام لایەنی کەم ئەو یاسایە رادعە، یەعنی پێمباشە خاڵەکان بەو شێوەیە بێت، وە یاساش دوو جەمسەرەیە بە خراپ دەتوانی بەکاری بێنی و دەتوانیش بە باشیش بەکاری بێنی، راستە هەندێك لە خاڵەکان ناتوانی بیسەلمێنی لە دادگا، ناتوانی شاهێدی بۆ بێنی، بەڵام ئەو شتانە هەمووی روودەدات بۆیە دووبارە دەستخۆشیتان لێدەکەمەوە، وە ئەوە لە یاسا کۆنەکەش بەشەکی هەیە هەندێکتان زیادکردووە پێویستە هەندێکی تریشی بۆ زیاد بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەستپێکێ ئەز پشتگیری و پشتەڤانیا وان پەرلەمانتارا دکەم کو دبێژن ئەڤ ماددە زێدەیە، پشتگیریا خوشکە سەرچنار و مامۆستا ابوبکر و مامۆستا شێخ ظاهر و مامۆستا علی حەمە صالح و مامۆستا عبدالستار و مامۆستا سیپان و ئاشنا خان و مامۆستا و عمر و خوشکە روپاك و دکتۆر هەورامان دەکەم، دگەل وەش من تێبنیێت هەی ئەز دبینم ئەڤ خاڵە نە توونـد و تیژی کێم دکەن ئەڤ خاڵە توونـد و تیژی زێدە دکەن، چونکی گەلەکیش وانا ئەگەرێ هەنـدێنە بـۆ زێـدەکرنا توونـد و تیژیێ ل ناڤ خێزانی، دەستپێکێ دێ ئەز پرسیارەکێ دەست پێبکەم حەز دکەم کـو لیژنەیا تایبەتمەند بەس بۆ من دروستاهی تەعریفەکا وازح بە زۆر جیابوونەوەی هاوسەرگیری تالوقکرد هەموو پێگڤە گەل تالوقکردن کە بۆ من تەعریف بکەن وازح بیت دیار بیت ئەڤە چیە مەخسەد پێ، مەخسەدا وان تەلاقێت تەعەسوفیە، کە مەخسەدا وا تەلاقێت تەعەسوفیە ئەڤە نە تەلاقا تەعەسوفیە، ئەگەر بە زۆر جیابوونەوە (اکراه) بیت، (اکراه) لە دەرەوەی ئیدی هاتبیتە کرن ئەڤە یا هاتیە چارەسەرکرن ل گەلەك جێی دی، یەعنی هەندەك شت گەلەك یا مەتاتینە، خاڵا حەفتێ بەرێ خۆ بدێ دبێژیتن ناچارکردنی بۆ جێهێشتنی کار، باشە ئەگەر کارەکێ نە گونجاو بیتن دگەل ئاستی کۆمەڵایەتی یەعنی کوڕی وی دکتۆرە دچیت جگارە دەفرۆشیت، قەبیل ناکات کوڕی وی بچیت جگارە بفرۆشیت، دکتۆرەکە و مەستەوایێ وی مەعیشی و کۆمەڵایەتیدا ل سەر شارعی قەبیل ناکەت، کار پێتڤیە ئەوە بێتە قەیدکرن چ نەوعێ کاری، کارەکێ هۆسا نە یێ گونجاو بیتن دگەڵ پێگەیێ وی یا کۆمەڵایەتی، ئەز گەل هەندێمە ئەگەر هەندەك خاڵ بێتە زیاد

کرن ئەڤە خوشکە موژدە گووتی زڕبارکرنا میراتی، کو ئەڤرۆکە ئەز گەلەکی دبینم فیعلەن گەلەك کوردێت مە کچێ زڕبار دکەن ژ میراتی و میراتـی بەس دەدەنە کـوڕان نـادەنە کچـا، ئەڤە خەڵەك بیـتن یـان دەسـت نیشـانکری بیـتن، لێـدان هۆسـا ڤەکـری یەعنـی مەعنـای ئەوەیە قەلەمەك ژی هاڤێتێ لێدانە، ئەگەر بالیفەك ژی هـاڤێتێ مەعنـای وێ لێـدانە و بە جەریـمە هـاتە حسـێب کـرن، سوکایەتی پێکردن و جنێودان یەعنـی ئەگەر ئەز ئاخافتەنەکـا زڤـڕ رەق بێژمـێ هەڕە واللە ئەڤە جنێودانە، یەعنی گەڵەك تشتێ وی ڤەکریە دبیتە ئەگەری هەندێ کو پتر تووند و تیژی پەیدا بیت و سـکالا ل مەحـکەمە ئەگەر دە بـن دبیـتە سـەد و دوو سـەد و زێـدەتر، خـالا شـازدە زەوتکردنـی بەڵگەنامە باشە ئێکێ نەڤێت کوڕێ وێ بچیتە خارج نەڤێت کچا وێ بچیتە خارج ئەم بێژنـێ تـۆ تاوانەکێ دکەی باشە ئەم بێژینە خەڵکی خێزانا وا نەهێڵن بچنە دەرڤە و جەوازا کچا خـۆ زەفـت بکەت بێژتە کچا خۆ ناچیە خارج دبێـژیتە کـوڕا خـۆ نـاچیە خـارج، ل نـاڤ وڵاتـێ خـۆ بە و نـاڤ میللەتێ خۆ بە و خزمەت ب میللەتی خۆ بکە، دبێژی نا ئەڤە جەریمەکەیا تە کر، بۆ زانیاری حەتـا کوڕێ وی عەمری پێنجساڵ بیت شەش سـاڵ بیـت مەسـەڵەحەتا خـۆش ژی نەزانیـت قـانون ل ڤێرێـدا حەقـی دانە دبێژیـت ئەڤە جەریـمەیە و پێتڤـیە ئەو بـاب بێـتە عقـوبە کـرن، کـورت و کرمانجی ئەڤان ئەگەر هەر خەڵەکێ دی جارەکی دی ل سەر راوەستن پێتڤیە لیژنەیـا تایبەتمەنـد ئەڤان خالان دە جاری دی ل سەر راوەستن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەو بەڕێزانەی کە ناویان تۆمارکردبوو کۆتـایی پێهـات لەسـەر ئەم مــاددەیە، بــۆیە داوا لە لیــژنەی تایبەتمەنــد دەکەم روونکــردنەوەی پێویســت و وەڵامــی ئەو پرسیارانە بدەنەوە لە ماوەی پێنج دەقەدا، فەرموو لەنجە خان.

**بەڕێز لەنجە ابراهیم عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ببوورن کە تەئکید لەو بـابەتە دەکەیـنەوە بە هـیچ شـێوەیەك هـیچ یەك لە ئەندامانی لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی ئافرەت لەو یاسایە هیچ مەبەستێکمان نییە کەوا دژی ئاینی پیرۆزی ئیسلام یان هەر ئاینێکی پیرۆزی ئاسمانی بێت، بێجگە لەوەی کەوا هەدەفمان پاراستنی خێـزانە پاراسـتنی ئـافرەتە پاراسـتنی ئاسایشـی کـۆمەڵایەتییە، ئەو گفتوگۆیەمـان بـۆ باشترکردنی یاسایەکەیە، پێمانخۆشە جاری وا هەیە دەقی تەواومـان بـدەنێ بـۆ ئەوەی بتـوانین لێرە جێگەی بکەیـنەوە، تـاوەکو ئێسـتا دەقێکـی مەنتقیمـان وەرنەگرتـووە کە جێگـای دەقەکـانی خۆمــان بکەیــنەوە، بــێجگەلەوەی کەوا ئەو بەڕێــزانەی کە یاســایەکەیان لەســەرەتا لەگەڵ تەوقیعکردووە کە ئێستا بەشێکیان پێچەوانەی تەوقیعەکەی خۆیانن، هەروەها ئەندامی بەڕێزی لیژنە هەیە واژووی لەسەر هەر هەمووی کردووە تەنها یەك خاڵ نەبێت ئێسـتا بە پـێچەوانەوەی واژووەکەی رەخنە لە یاسایەکە دەگرێت، کاتێك کە ئێمە جەلسەی ئیستیماعمانکرد سەد کەسمان داوەتکرد لە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان لە پارتە سیاسیەکان لە رێکخراوی ئافرەتـان و ژنـان لە ناو پارتە سیاسیەکان لە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەو خاڵانەی ئێسـتا بـاس دەکەیـن هەموومـان بە وردی باسـکردووە، یەك کەس ئەو قسـانەی کە لێـرە جەنابتـان دەکەن کە هەمـوو پەیوەستن بە فراکسـیۆنەکانی بەڕێـز ئەگەر بەراسـتەوخۆ یـان بە ناراسـتەوخۆ هەیە لەگەڵتانـدا یەك سەرەنجێکی لەسەر ئەو بابەتەی بەو شێوەیە نەدایە، زۆریـش دەبیـنم زۆرجـار نمـوونەی وا

دێت لامان سەیرە وەکو لیژنەی ئافرەتان بە هیچ شێوەیەك فکری لێ نەکرایەتەوە، چونکە پاراستنی خێزان پاراستنی تاکی خێزان پاراستنی ئافرەت شکۆی ئافرەت لە لای ئێمە زۆر گەورەیە، بەڕێزان، ئێمە کە ئافرەتمان زیادکردووە لە دەرەوەی خێزان لەسەر داواکاری لایەنی پەیوەندیدار بڵێین لایەنی جێ بەجێکاری بەشێکیان، هەروەها ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و زۆرەك لە خەڵکانی تر لەبەر ئەوەی ئافرەت لە دەرەوەی خێزانیش لە کار و لە شەقامیش تەحروشی پێدەکرێت، باشە ئەگەر لێرە جێی نەکەینەوە ئەی لە کوێ جێی بکەینەوە، باس لە سیلەی رەحم دەکەن، زۆر تەئکید لەسەر ئامۆزا و پورزا دەکەنەوە، باس لەوەی ناکەن جاری وا هەیە هاوسەر تەئکید لە خێزانەکەی دەکاتەوە کە دایك و باب و خوشك و برای نابێت بێنە ماڵ، قەیدی ناکات حەقتانە، بەڵام بڵێین بەو شێوەیە دایڕێژنەوە کە ئەوە تەنها دایك و باوك و خوشك و برا بگرێتەوە، ئێمە بۆیە پێکەوە کار بکەین بۆ ئەوەی یاسایەکی تۆکمە و پوخت دەربکەین خزمەت بە خێزان و بە کۆمەڵگا بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شادی خان.

**بەڕێز شادی نوزاد وهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، من تەنها سەرەنجێکی کورت دەدەم بەگشتی لەسەر ئەو تێبینیانەی کە تاوەکو ئێستا بەڕێزان هەتانبووە، زۆر باسی کەلتور و عادات و تەقالیدی کوردەواریکرا و خێزانی کوردەواریکرا، من لە پێش هەمووتانەوەم بۆ تێك نەچوونی شیرازەی کۆمەڵگە و شیرازەی خێزان و پارێزگاریکردن لە خێزان، بەڵام کاتێك دایکم نەنکم پورم باوە گەورەم یان هەر کەسێك کە توند و تیژیەکی بەرامبەرکرابێت لە خێزانەوە قەبولیکردبێت ئەمە مانای ئەوەنیە کە توند و تیژیەکە توند و تیژیە، یان ئەو کردەیە توند و تیژی نیە، مانای ئەوەیە کە ئێمە ڕێژەیەکی بەرزی توند و تیژیمان هەبووە کە پەردە پۆشە، ئێمە بەم یاسایانە تاوەکو ئێستا ئەو کارانەی کراوە تەنها دەرخستنی ئەو ڕاستیەبووە کە لە کۆمەڵگاکەماندا ڕێژەیەکی بەرزی توند و تیژیمان هەیە، ئێمە پێویستە دەست بخەینە سەر برینەکەی خۆمان خوێنی لێبێنین بۆ ئەوەی بتوانین چارەسەری بکەین و پاکی بکەینەوە، کۆمەڵگاکەمان پێویستی بەوەیە کە یاسایەکی لەم شێوەیەی هەبێت بۆ خۆ پارێزی و پاراستنی خێزانەکانمان، بۆ پارێزگاریکردن لە رەگەزی مێینەی کۆمەڵگاکەمان لە توند و تیژی، کە کاتێك باس لە خێزان دەکەین لەم یاسایەدا خێزان بە گشتی دەگرێتەوە تاوەکو پلە چوار بە نێر و مێوە، تاوەك پلە چوار دەگرێتەوە، لە پلە چوار ترازا دەبێتە توند و تیژی بەرامبەر بە ئافرەت، بەرامبەر بە ژنان، لە هەر شوێنێك کە توند و تیژی ئەگەر ئامۆزازایەکیش بیکات ئەمە دەچێتە بابی ئەمەیانەوە، وەڵامی ئەو پرسیارەی کە یەکێك لە ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان ئەو پرسیارەیکرد گووتی ئەگەر بە یاسا نەهات بۆ ناو خێزانەکە و توند و تیژی لە خێزانەکە ئەنجامدا ئەوە وەڵامی پرسیارەکەیە کە ئەم کەسە توند و تیژی دژی ئافرەتی بەکارهێناوە، زۆرێك لەو ماددانەی کە باستانکرد من زۆر سوپاسی کاك بەڵێن دەکەم بۆ سەرەنجەکەی لەسەر خاڵی سێزدەیەمی، بەڵێ، ئێمە ئەمەمان زۆر زۆرە حاڵەتە لە ناو هەرێمی کوردستاندا، سەرجێیکردن لە ناو ئیتاری هاوسەرگیریدا بە زۆر، مەرج نیە وەکو دکتۆرە شایان ئاماژەی پێدا ئەوەی لەبەر چاوی من

نەبێت وجودی نەبێت، نەخێر، ئێمە لیژنەی موخەصین بە داوای لێبوردنەوە من ئەو قسەیە دەکەم، لیژنەی موختەصین ڕۆژانە کەیسمان دێتە بەردەم، ڕۆژانە حاڵەت رووماں تێدەکات، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش کە هانا بۆ ئێمە دەهێنن کە ئێمە لیژنەی موختەصین، دەیان جۆر کێشەی زۆر قوڵمان هەیە لەم کۆمەڵگەیا لەم خاڵانەیە، ئەسڵەن وەکو دکتۆر شایان باسیکرد ئێمە خاڵەکان بەڕاستی چەند جار لە فەلتەرماندانەتەوە تا کردوومانە بە حەقدە، وە ئەندامانی لیژنەی تایبەتمەند خۆیان شاهێدن و لیژنەی یاسایی شاهێدن و راوێژکارە بەڕێزەکان شاهێدن، وە هەموو ئەو ماددانەی لە ناو ئەم یاسایە هەن بە کۆی دەنگ و بە ئیتیفاق تێپەڕیوون، هیچ ماددەیەك دەنگی لەسەر نەدراوە بۆ ئەوەی تێپەڕێت، زۆرینە و کەمینەشمان بەکار نەهێناوە لە لیژنەکەماندا، وەکو لەنجە خانیش ئاماژەی پێدا ئێمە لە جەلسەی ئیستیماعدا سەد میوانمان هەبووە لە زانکۆکان لە ڕێکخراوەکانی ژنان لە ئەحزابە سیاسیەکان، لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی لە حکومەت لە دادگاکان لە ئەنجوومەنی دادوەری، دواتریش کۆبوونەوەیەکی چەند سەعاتیمان لە پەرلەمان لەنێوان لیژنە تایبەتمەندەکان حکومەت بەجێگری سەرۆکی حکومەتەوە تاوەکو چەند سەعات لە ناو ئەم پەرلەمانە کۆبوونەوە لەسەر بڕگە بە بڕگە و ماددە بە ماددەی یاساکە کراوە، ئێمەی لیژنەی تایبەتمەند بەبێ بەدواداچوون و بەبێ لێکۆڵینەوە و بەبێ وەرگرتنی را و سەرەنج کارمان لەسەر ئەم یاسایە نەکردووە، هەر هەمووشمان وەك وەکو یەك دڵگرانین ئێستا لەو روئیایەی کە ئێستا لەلای ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان دروستبووە بۆ ئەندامانی لیژنەکە، کە ئێمە بەڵێ هەموو ئەرشیفەکانیش ماون هەموو کارەکان، یەکەمجاریشە لە پەرلەمانی کوردستاندا جەلسەی ئیستیماع ئەنجام بدرێت، لیژنەی ئێمە ئەنجامیداوە بۆ ئەم یاسایە، گرنگە بیر لەوە بکرێتەوە سەد کەس کە خەبیرن لە مەجالەکەدا بەیانی تاوەکو ئێوارە قسەیان لەسەر ئەم پرۆژەیە کردووە بۆ ئەوەی ئەمەی لێدەربچێت کەئێستا لەبەردەمی بەڕێزتانەدایە، ماندووبوونێکی زۆریشی پێوەکراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ روونکردنەوەتان، دەچینە سەر ماددەی پێنج، بدریە خان فەرموو.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابت شاهێد حاڵی من تێبینم لەسەر ماددەی چوار هەبوو گووتت با جاریّ راپۆرتەکە بنووسین لە هۆلی پەرلەمان رەخنە بگرە، لەسەر خاڵە سزاییەکان تێبینم هەبوو جەنابت گووتت بوارت پێدەدەم لە هۆلی پەرلەمان قسە بکە، وە بابەتی هەواڵدەری هەمووتان دەزانن دوای نووسینەوەی راپۆرتەکە جێگەیکرایەوە زۆر جێگەی داخە بەڕێز لەنجە خان دەڵێت ئەندامانی لیژنە لەویّ قسەیان نەبووە، هەر من و کاك جلال لەسەر ستەیج نین، کەواتە ئەو دووەمانین کە بۆ نموونە رازیبووین و ئێستا رەخنە دەگرین، بە داوای لێبووردنەوە و دووبارە دەستخۆشی دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، دەچینە سەر ماددەی پێنج، فەرموون بیخوێننەوە.

**بەڕێز شادی نوزاد وهاب:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (٥):
ماددەیەك بە زنجیرەی ماددەی چوارەم بۆ یاساکە زیاد دەکرێت و ڕێزبەندی ماددەکانی تر سەر لە نوێ ڕێکدەخرێتەوە و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە.
ماددەی (٤):
یەکەم: داوای جەزائی لە تاوانەکانی تووند و تیژی دژ بە ئافرەت و خێزان بە سکاڵایەکی زارەکی یان نووسراو دەجوڵێندرێت کە پێشکەش دەکرێت بە بەڕیوەبەرایەتی یان نووسینەگەکانی بەرنگاربوونەوەی توووند و تیژی و دادوەری لێکۆڵینەوە یان لێکۆڵەر یان ئەفسەری تایبەتمەند بە کەیسی توووند و تیژی لە بنکەی پۆلیس، یان هەر ئەندامێکی بەرزەفتی دادگەری لەلایەن تاوان لێکراو یان ئەوەی بە یاسا جێگەی دەگرێتەوە.
دووەم: هەر کەسێك بەرووداني تاوانێکی توووند و تیژی بزانێت دەتوانێت هەواڵ بداتە دادوەری لێکۆڵینەوە یان لێکۆڵەر یان داواکاری گشتی یان بەرپرس لە بنکەی پۆلیس یان ئەندامێکی بەرزەفتی دادگەری.
سێیەم: هەواڵدەر لە تاوانەکانی توووند و تیژی بۆی هەیە داوا بکات ناسنامەکەی ئاشکرا نەکرێت.
چوارەم: لە کاتی هەواڵدان لە دۆسیەیەکی تایبەت بە توووندوتیژی لەلایەن هەواڵدەرەوە و نەبوونی سکاڵاکار داواکاری گشتی دەبێت سکاڵا بجوڵێنێت.
پێنجەم: لە هەر دادگایەکی لێکۆڵینەوە تۆمارنامەیەکی تایبەت ڕێکدەخرێت بە ناوی تۆمارنامەی هەواڵدەرە نهێنیەکان، تێیدا پوختەی هەواڵدان و گووتەی هەواڵدەر دەنووسرێت، بێجگەلە دادوەر یان دادگای تایبەتمەند کەس بۆی نییە بڕوانێتە ئەم تۆمارنامەیە.
شەشەم: دادوەر لە دەستپێکی هەر دادبینیەکی تایبەت بە تاوانی توووند و تیژی پێویستە ڕای تاوان لێکراو وەربگرێت لەسەر نهێنی یان ئاشکرابوونی دانیشتنی دادبینیەکە.
حەوتەم: پێویستە کارمەندانی بواری تەندروستی وپەروەردە هەر دامودەزگاییەکی فەرمی بۆ هاوکاریکردنی قوربانییانی توووند و تیژی خێزانی دژ بە ئافرەت هەواڵ بدەن.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
سەبارەت بە بڕگەی چوار بەڕێز سەرۆکی لیژنەی داکۆکی لە ئافرەتان قسەیەکمانکرد ئێمە کە داواکاری گشتی تەنها لەو حاڵەتانەدا دەتوانێت لە حاڵەتی نەبوونی سکاڵاکاردا داوا بجوڵێنێت کە مافی گشتی تێدابێت، واتە ئەگەر مافی گشتی تێدا نەبوو ناتوانێت سکاڵا بجوڵێنێت، چونکە ئەو نوێنەرایەتی مافی گشتی دەکات، بۆیە لە ئێستاوە دەبێت ئەو بڕگەیەی بۆ زیاد بکرێت، بەڵێ بەڕێزان ناوەکان ئەخوێنیەوە ئەوەی ناوی نە نووسرابوو، هلز احمد محمد، سەچنار احمد محمود، سیپان سالم حسن، اسماعیل علی طه، عمر عبدالله فتاح، شێرکۆ جودت مصطفی ، مژده محمود محمد، عثمان کریم سواره، بدریه اسماعیل محمود، سیروان فرج محمد، عبدالستار مجید قادر، باڵانبۆ محمد علی، هەورامان حمه شریف، مسلم عبدالله رسول، ئاشنا عبدالله قادر، عباس فتاح صالح، شاخوان رؤوف مصطفی ، شیرین امین عبدالعزیز، علی حمه صالح، شنو اشقی عبدالله، کێمان نه نووسیوه لێره بەڕێزان ئەوەی گوێ لە ناوی خۆیەتی پێویست ناکات، دەست

بەرزکاتەوە، خدیجە عمر طە، سروان محمد علی، لیزا فلك الدین صابر، هەلکەوت انور خلیفە، کێمان نە نووسیوە جگە لەوان، ظاهر محمد علی.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان، والله سەبارەت بە ماددەی (٥) و بڕگەکانی کە تەماشا دەکەم بەراستی زیاتر بابەتی هەواڵدەرەکە زیاتر لە فتنەچی و ئاژاوەچییەك دەبینم بەسەراحەت یەعنی مشتومرێك لە نیوان یەعنی دوو کەسی خێزانێك روودەدات، لەوانەیە دەنگ بەرزکەنەوە لەوانەیە مەسەلەن تۆزێك نەخۆشیان ببێت، یەکێك لە پەنای دەرگای مەسەلەن لەم دیو مەسەلەن تەلەفونێك دەکرێت، ئیعتیادی دەچێت، هەواڵ دەداو داەاکاری گشتی دەهێنێتە سەر خەت وە بانگی مەحکەمەو لێکۆلینەوەو ئەو شتانەیان دەکەن، یەعنی ئەمن دەپرسم دیسانەکە ئایا ئەمە کێشەنانەوە نیە لە خێزان ئایا کە خێزانێك ئارام ئیحتمالی هەیە، هەر برێ موشتومریان ببێ و دوای هەر بەخۆیان ئاشت ببنەوە یەعنی، بەلام لە ناکاو پۆلیس لە درگا بداو کاکە وەرن ئێوە بێنە دەبێت، تەحقیق لەگەلتان بکرێ و کێشەتان هەیە، و دەلێن بابە کێشەمان نەماوە ئێمە، با کێشەتان هەیە، هەر لە رووی شەرعیشەوە ئێمە حدیسێکمان هەیە، و ئایەتێکیشمان هەیە، **(ولا تطع كل حلاف مهين هماز مشاء بنميم)** دەفەرموێت ئەو کەسەی کە قەتا چییە ئەو یا دەفەرموێت( **لَا يَدْخُلُ الْجَنَّه قَتَّات** ) کەسەی کە قسە لە بەینی خەڵکی دەهێنت و دەبات قسەیەك بووە موشتومرێك بۆە قسەی ئەم بۆ ئەو دەبا قسەی ئەو بۆ ئەو دەبات تەبعەن کێشە دروست دەکات، فیتنە دروست دەکات، ئەمن یەك شتی بگێرمەوە، تەبعەن لە دەرەوەش بۆ بڕوابکەن بەڕێز جەنابی سەرۆکی پەرلەمان برادەرێك شتێکی لۆی گێرامەوە بەس یەعنی ئێمە هەوڵ نەدەین ئەم کێشانە گەورەبن و هەوڵدەین گچکەیان کەینەوە و یان هەر باس نەکرێن گووتی یەکێك چووە لەو لە خەلکێکی یەعنی چووە مەسەلەن لە دەرەوە لە ولاتی ئەلمانیا دلسوزی نواندووە مەسەلەن هەندێك ڕاپۆرتی لەسەر من و یەکێکی دیکە نووسی بوو وتی کاکە ئەمانە خراپن پیاوی خراپ و ئاوا گوتی کاکە ئێمە پێویستیمان بەو قسانەی نییە ..

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس هلز خان فەرمووو، ماددەی (٨٨) دەڵێ (٢)دەقەیە.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

تێبینێت من سەر بڕگا (٢) و بڕگا (٤) هەر کەسەك بە روودانی تاوانێك توندوتیژی بزانیت باشە ئایا ئەگەر تنیا نەکردبێت تنهێ یا گوهلێ بووی جیرانە یا گوهلێ بۆی کۆ مالا جیرانێت وی شەڕە وە پشتی هنگی سولحاکری وە سولحو خیر مەعقولە بچیتن سکالایێ یان هەواڵدەریێ بکەتن و سەر جیرانێ خۆ مالا وی وێران بکەتن ئایا خێزان هەیە بێ مشاکل ئایا ژن و مێر هەنە کۆ بێ گلەیی و گازندە و دەنگ بلندی ناف ڤێ خێزانێ دا نەبیتن خێزان کۆمەکا مرۆڤانەو مەشارعن و ئۆ تەبیعەتن و ئیحتمالە شەڕبیتن و ئیحتمالە سولح بیتن بەر هندێ قەناعەتامن هیچ شکلەکی ئەز گەل ڤی مەوزوعی دانینم کۆ هەر کەسەکێ پێ حەسیا تاوانەکا توندو تیژیێ باشە تنێ گوهێ خۆ یێ گولێ بووی هەتا چاڤاژی نەدیتیە، مەعقولە بچیتن مالا ئێکی وێران بکەتن سەر ژی ڤی مەوزوعێ هەنێ خالا (٤) ژیدا ئەگەر خۆ کەسێ ژی سکالاژی نەکربیتن هاواڵدەری تشت گەهاندبیتێ ڤێتن داواکارێ گشتی سکالایێ جۆلینیتن باشە ئەڤە نە مخالفا ماددێ (٢) بڕگا (١) ژ

یاسایێ داواکارێ گشتی ئایا ئەڤە ئەرکێت وینە یەعنی داواکارێ گشتی تنێ راوەستیایە چ شولێ دی نین چ وەزیفێت دی نین چت گوهێ خۆ بدەتێ ژن و مێر یێت لێك کەتی یان دایك و کۆرێت لێك کەتی وەرەئسەن تەحریر دەعوە سەروان بکەتن بەر هندێ ئەز گەڵ ڤان هەردوو برگادا نینم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك ظاهر.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی (٤) من پێشنیار دەکەم ئەو هەواڵدەرە لابرێت لەبەرئەوەی ئەو تاوانانەی تاوانی کەسینە شەخسینە، تاوانی کەسیش کەڵە قانوونی مەحاکمات جزائی دیاری کراوە تەنها کەسەکە خۆی دەتوانێت، ئەوەی مەزڵمە و تاوانی لێکراوە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر مافی گشتی تێدابوو.

**بەڕێز ظاهرمحمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر مافی گشتی تێدابوو جیاوازە ...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەواو ئەوە روونکردنەوەماندا دەست خۆش.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵێکی ترِ خاڵی (٦) دادوەر لە دەست پێکی هەر بنینێکی تایبەت تاوانی توندوتیژی پێویستە رەئی تاوان بار وەربگیرێت لەسەر نەهێنی یان ئاشکرانەبوون لە دانیشتنی داد بینیەکە ئەوە لە قانوون مەسەڵەحاتی جزائی ئەوە چارەسەرکرایە ئەسڵ لە دادگا عەلەنییە عەلەنی بە مانای لەناو جەلسە نەك لۆ ڕاگەیاندن و سۆشیاڵ میدیا، بەڵام دەتوانێت بکرێتە جەلەسەیەکی نهێنی لەسەر داوای ئەگەر حاکم بە باشی زانی یاخود لەسەر داوای تاوان لێکراو، زۆر سەپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك.

**بەڕێز باڵانبۆ محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٤) برگەی (٢) بەڕاستی هەرکەسێك بە جاسوس کردنی خەڵك بەسەر یەکەوە ئەزانی ئەگەر من رقم لە تۆ بێت دەتوانم برۆم بڵێم فلانە کەس توندوتیژی کردووە لە منداڵەکەی تورە بوو قسەی بە مێردەکەی وت، باشە ئەوە من ئەڕۆم خۆ تۆ پێویستە بێیت خۆت بڵێی وایە ئەگەر لە ئامادە نەبوونی تۆ یان ئەگەر تۆ هاتی وتت وانییە من چیم بۆ ئەمێنێتەوە باشە، بەڵام گرنگ ئەوەیە من ناوی تۆم زڕاند تۆم بردە دادگاوە، لەبەرئەوە ئەمە زۆر گرنگە ئەبێت، بیری لێبکرێتەوە یان ئەبێت سزایەك بۆ ئەو موخبیرانە دابنرێت ئەگەر هاتوو ئەو هەواڵدەرەی داوییەتی خاوەن ماف کە هات وتی ئەمە هیچ وانییە لایەنی کەم (١٠) ساڵ سزا بدرێت، بۆ ئەوەی خەڵك فێل

نەبێت ببێت، بە جاسوس بەسەر یەکەوە، یەعنی بیرکەنەوە ئەوانەی نووسراوە بە تێڕوانینی هەندێ کەس نووسراوە یەعنی بەراستی ئەمە بەراستی بە بیرکردنەوە نە نووسراوە نەبوونی سکاڵاکار کاکە من وازم لە مافی خۆم هێناوە وەتۆ حەقت چییە بەسەرمنەوە شکایەت لەسەر من ئەکەی،

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە روون کردنەوەماندا لەو بارەیەوە بەڕێزان ئەخباری (الكاذية) شتێك ببەی بۆ سڵوتاتی عامە خەبەرەکە هەواڵەکەی کە داوتە ناڕاست بێت لە قانوونی عقوباتی عێراقیش ژمارە (١١١) ساڵی ١٩٦٩ عقوبەی بۆی دیاری کراوە، ئەوە ئەوەیان ئەوەی تر سکاڵاکەر نەبۆ نموونە ئەهێنینەوە بۆ نموونە رەنگە هەڵەیەك هەبێت دبوا بۆتمان نووسیایە ئەگەر مافی گشتی تێیابۆ ئەگەر بۆ نموونە برایەك برایەکی خۆی ئەکوژێت هەواڵ ئەدرێت دەدۆزرێتەوە بەڕێزان با خۆمان بەرێنە بەردەم حاڵەتەکە هەواڵ ئەدرێ ژنێکە (٢) کۆری هەیە، یەکێك لە کۆرەکانی کۆرەکەی تری کوشتووە، وە دایکەکە ئەزانێت، بەڵام لەبەردەمی دادگا ئەڵێت من شکاییەت لە کوڕەکەی ترم ناکەم هیچ سکاڵایەکم لەسەر کوڕەکەم نییە، باشە کوشتنی ئینسانێك لەلایەن ئینسانێکی ترەوە ئەگەر خاوەن حەقیش لێی خۆش ببێت مافی گشتی تێیا نییە، ئەو کاتە دەچێت بۆ قانوونی کارپێکراو لە هەرێمی کوردستان، سوپاس کاك باڵانبۆ سوپاس فەرموو کاك شاخوان.

**بەرێز شاخوان رؤوف مصطفى :**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە خاڵی (٤) هەردوو بڕگەی (٤) و (٥) هەر زیادەیە ئەو (٢) پڕۆژەیەش بەهەمان شێوە زیادەیە، چونکە ناوی هەواڵدەر نهێنی لە سجڵی هەواڵدەردا لە ماددەکە هەیە، خاڵی (٧) کاتێك باس لە کارمەندی تەندروستی و پەروەردە دەکات کە هاوکاری قوربانییانی توندوتیژی بدەن زیادەیەو هاوکاری هەموو کەس واجبی کارمەندانی حکومی و پێویستە پێویست بەو جیاکاریەی ناکات بۆ کەلێنەکانی توندو تیژی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو سەرچنار خان، لێرە نییە، مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکێك لە بڕگە خراپەکان ئەم هەواڵدەرە نەهێنییە کە بە موتڵەقی و بەم جۆرە لێرە هاتووە، ئەگەر هەوڵدەری نهێنی یان هەواڵدەر لەسەر توندوتیژێك بۆ تاوانی کوشتن یان بەرنامە دانان بۆ کوشتن بریندار کردن، سوتاندن، زیندانی کردن ئەمانە بێت، تارادەیەك یەعنی ئەوە شتێکی باشە، بەڵام کێشەکە لێرەیە تۆ بابڵێین لە یاساکە عەفو لە پڕۆژەکە هەموو ئەمانە بە توندوتیژی هاتوون، پچڕاندنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئەکرێت هەواڵدەری نەهێنی، یەعنی هەواڵی لەسەر بدات، خەتەنەکردنی مێینە زۆر لێکردن بۆ کاری نازانم ناچارکردن بۆ جێهێشتنی کار یان دەرۆزەکردنی بە زۆرو مەسەلەن لێدان بە هەواڵدەری نهێنی ئەکرێت، بۆیە بەو موتلەقییە هاتی هەواڵدەری نهێنی بۆ تاوانەکانی توندوتیژی وە تاوانەکانی توندوتیژیش ئەم (١٧)خاڵە بن کە ئێمە ئەیانبینین هەڵەیە، بەراستی وا کێشە بۆ خێزان دروست ئەکات، وە ئارامی خێزان ئەشێوێنێت وە ئەمنییەتی خێزان تێك ئەدات و قودسیەتی خێزان و ماڵیش تێك ئەدات، بۆیە من پێشنیار

ئەکەم جیابکرێتەوە هەواڵدان بۆ تاوانەکانی کوشتن یان هەوڵدان بۆ کوشتن بریندارکردن سوتاندن زیندانی کردن ئەمە دەرفەتی پێ بدرێت وە ئەوی تریش جیابکرێتەوە هواڵدەری نەهێنی تێدا نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك سیپان.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

ل‌ی ماددێ (٥) و ماددێ (٤) (٣،٢،٥،٤) بەهیچ رەنگێکی پێویست نابینم ناڤا ڤێ یاسایێ دا کۆ ببیتە یاساو دەرکەین چونکی ئەڤە هۆکارەکە ژبۆ هندێ توندو تیژیا خێزانی زێدەتر لێ بێتن نافبەرا خێزانێ دا نەك بۆ وێ ئێکی کۆ چارەسەر بێتەکرن چونکە ئەڤرۆکە رێیا هەواڵدەرەکی نهێنی کەسەك دۆژمن کاریا گەڵ تەهەی کەسەکی نەیاری یا گەڵ تەهەی وەختێ شێتن هەواڵەکێ نەڕاست کەسەکی گەهینیتن ڤێ گاڤێ دێ ئەڤێ خێزانی بەرەو هەڵوەشاندنێ ڤەچیت و رەنگە چ ڕاستی یەك بۆ نەبیت دکەڵتۆرێ مەیێ کوردەواریش دا ژوی رەنگیە گەلەك جارا ژن دچیت سکالایەکێ تۆمار کەت یان نەهێنیەکا ڤی رەنگی یان کێشاوان دگەهیتە دادگایێ دگەهیتە توندوتیژیێ خێزان بەرەف هەڵوەشاندنێڤەچیت نەهێتە چارەسەرکرن لەوڕا گرنگ بینم (٢، ٣، ٤، ٥) تایبەتن بە هەواڵدەرێ نهێنی بهێنە لادان و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو خدیجە خان.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەو ماددەیەدا خاڵێکی تێدایە کە پێم وایە ئامانجێکی سەرەکی گرنگە بۆ هەواری ئەم یاسایە کە ئەویش ئەوەیە ماف بە داواکاری گشتی ئەدات کە بڵێین سکاڵا بجولێنێت لەو تاوانانە ڕاستی پێش روونکردنەوە، منیش پێم وابوو کە ئەمە دژایەتییەك دروست دەکات لەگەڵ ماددەی (١٩٤) لە قانوونی (ئصول) مەحاکمەی کەباسی سوڵح دەکەت کە دەبێت لەو داعاویانە بێت، کە لەلایەن (مەجلسی عولیا) یەعنی جۆڵێنرابیتن، بەڵام ئەگەر بتوانین ئەوەی کە باست کرد ئەوە زیاد بکەین پێم وایە ئەو ئیشکالیەتە نامێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو مامۆستا هەورامان.

**بەڕێز هەورامان حمە شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان، من لەو ماددەیە ماددەی (٥) بڕگەی (٢، ٣، ٤)ئەمە ئیشکالی گەورەی لەسەر ئەم بابەتە، چونکە ئەمە هەم پێچەوانەی ئایەتە خوای گەورە دەفەرمووێت ( ولا تجسسوا)، ئەکەی بەراستی بگەڕێی بزانە کێ خەتەنە کراوەو کێ خەتەنە نەکراوە وە کێ هاوسەرگیری ئەکاو کێ بە شەو بەزۆر ئەچێتە لای خێزانەکەی کێ بەزۆر ناچێ و ئەمە خەڵك فێری تجسس کردنە بەراستی بەسەر خەڵکەوە و هەروەها پێچەوانە ئەو حەدیسەی پێغەمبەرە (ص) کە ئەفەرموێت (من حسن إسلام المرء تركه ما لا يعنيه) ئینسان کە شتێك پەیوەندی بە ئەوەوە نەبێت، قەزییەکی خێزانییە

ئەی باسی خێزان ناکەی توندو تیژی خێزانی چوارچێوەی خێزانە خۆیان کارەکەیان کار گەشتە ئەوەی کە بگاتە شەکواو بگاتە قازی و بگاتە مەحکەمە ئەوە بابەتێکی ترە ئەما ئەتۆ بۆ ئەرۆی کە یەعنی ئەو حەقە، لەبەرئەوە بەراستی ئەمە ئەسلەن وا ئەکات ئاسایشی کۆمەڵایەتی نامێنێت، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان خەڵك هەمووی لە یەکتر ئەکەوێتە گومانەوە تۆ کێشەیەکت بوو، بۆ نموونە میوانێکت هەبووە رێك لە میوانەکەت ئەکەویتە گومانەوە ئەو بووە هەر بابەتەکە دراوسێ نییە یەعنی خزمایەتی نا مێنیت خەڵك هەمووی گومانی بۆ یەکتر دروستی ئەبێت، و شەری گەورەتر دروستی ئەبێت، کابرا بۆ نموونە ئەڵێت تۆ چ مافێکت هەیە، چووی هەواڵت لە من داوە لە مەحکەمەو شکایەتت لەمن کردووە و لە خێزانەکەم و منداڵەکانم ئەبەن بۆ شورتەو بەراستی یەعنی ئەوە بوعدێکی زۆر خراپی هەیە ئەم بابەتە وەکو گوتم خەڵك فێری تجسسوس کردن و وەهەروەها بەڕاستی خەڵك تۆشی ئەوە ئەکەی کە خەڵك هەمووی لە یەکتر بکەوێتە گومانەوە خەڵك وای لێ ئەکا کە سڵ لە سێبەری خۆشی بکاتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو شیرین خان.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە هاورێیانی بەرێز شەرحی ئەتوانین بڵێن بڕگەو ماددەکانی یان کرد، بۆیە من پێشنیازی هەڵگرتنی بڕگەی (٢، ٣، ٤، ٥، ٦، ٧)دەکەم لەو ماددەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو شنۆ خان.

**بەڕێز شنو اشقی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٥) خاڵی (٢) کە باس لە هەواڵدەر ئەکات بوونی هەواڵدەر لایەنی باش و خراپیشی هەیە، من پێشنیار ئەکەم لە ئەگەری مانەوەی ئەم خاڵە تاوان لێکراو منداڵ بێت، دۆسییەکە قبوڵ بێت، یەعنی هەواڵدەرێکی باشە ئەگەر هەبێت، یان تاوانلێکراو شیاوی تەواوی نەبێت، هەمووومان ئەو چیرۆکەمان بیست و کە چەند ساڵێك پێش ئێستا باوکێك منداڵەکەی خۆی چەندین مانگ بە زنجیر بەستبووەوە ئەشکەنجەی دابوو، دواتر گیانیشی لە دەستدا، هەر هەواڵدەربووە یەعنی دراوسێ بووە ئەو کەیسەی گەیاندە دادگاو رای گشتی، لەبەر ئەوە لایەنی باشیشی هەیە لایەنی خراپیشی هەیە، وەکو بەشێك لە هاوپیشەکانم ئاماژەیان پێدا، خاڵی چوارەم ئەویش لەکاتی هەواڵدان و نەبوونی سکاڵاکار مافی گشتی لەبەرچاو بگیرێت لە کاتی نەبوونی ساکاڵاکار دۆسیەکەیان دابخرێت یان مافی گشتی لەبەر چاو بگیرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك علی.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، دیارە بۆ جەرائمی حەقی عامی لەسەربێت، هەواڵدەر گرنگەو پێویستە، بەڵام ئایا ئەوە بۆئەم جەرائیمانەیە بۆ ئەو (١٧) خاڵەیە پێناسە کراوە، ئەگەر بۆ (١٧)

خاڵەکەیە ئەمە پەلە کێشیە بۆ شتی تر باشە، لە خاڵی (٣) ئەڵێت ئەکرێت ناسنامەی خۆی ئاشکرا نەکات کە ناسنامەی خۆی ئاشکرا نەکات ئینسان گومان ئەکات لە هەموو کەسێك لە گومانێکی گەورەیا ئەژیت، وە دوو ئەمە زەمینە هەیە بۆ ئیستقلال بکرێت بۆ شتی تر خۆم لەوانەیە کێشەمە لەگەڵ (٢٠) بۆ (٣٠)کەسا هەبێت، جا ئەمە ئەکرێت هەرجارەو یەکێك تەلەفۆن بۆ پۆلیس بکات ناسنامەی خۆی ئاشکرا نەکاو برۆ بۆ پۆلیس و پاکانە بکەو نابێت، بۆ بەرامبەر بە منداڵ هەرچەندە ئەوەی قانوونی تریش هەیەو رێگریٚ هەیە، بەڵام ئەمە بەم شێوەیە موتلەقیە هەواڵدەر هەبیٚ و بۆی هەبیٚ ناسنامەکاو بۆ ئەو (١٧) خاڵە بێت، بەراستی ئەمە شیرازەی خێزان تێك ئەچێت لەبری ئیستقلالی خێزان و کۆمەڵگا پێچەوانەکەی دروستە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك مسلم.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکانی کاك علی و مامۆستا عمرو کاك دکتور هەورامان ئەکەم لەسەر ئەو رایانەی کە هەیان بوو، منیش قسەم لەسەر چەند بڕگەیەك هەیە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لە بڕگەی (٢) هەر کەسێك بەراستی رەنگە ئەو کەسە رەقێکی شەخسی هەبێت، لەگەڵ ئەو جیرانەو ئەو هاوسێیەو بچێت شکایەتی لیٚ بکاو ئەنجا رەنگە ببێت، بە دیوێکی تریش ئەسڵەن رەنگە پەیوەندێکی هەبێت، لەگەڵ ئەندامێکی ئەو خێزانە بە شێوەیەکی نا شەرعی وناتەندروستی ئەتوانێت بچێت شکایەتی لیٚ بکات، ئینجا لە خاڵی (٣) ئەگەر هاتوو ناسنامەکەی کەشف نەبێت، ئەو هەر زۆر زۆر باشترو رێی خۆشکەرێکە بۆ کەسێك بچێت بە ئاسانی شکایەت لە کەسێکی هاوسیٚ بکات ئەو پشتی خۆی بە ئەوە قایم ئەکات بڵێت بەراستی من لە معامەلەیەکا لەشتێکی رۆژانە کەسێك معاملە لەگەڵ کەسێك ئەکات زەرەری کردووە ئەچێت لە بەرامبەرئەوە زەربەیێکی لیٚ ئەداو خۆی ئەڵێت خۆ هەر ناوم کەشف نابێت، لە خاڵی (٥) کە ئەڵێت هەواڵدەری نهێنی، بەراستی ئەوەش خۆی لەخۆیدا پێم وایە ئەمە کارێکە بۆ دروست کردنی دوژمنایەتی ئەو کەسەیە کە بەراستی زوڵمێکی لێی ئەکریٚ بەراستی شکایەتی لێی ئەکریٚ بەگرتن ئەدریٚ بە دوای ئەو کەسەوە ئەبێت، کە بچێت ناسناوی ئەو کەسە کەشف بکات کە هەواڵی لێداوە رەنگ بێت، من پێم وایە کوردستانە ئەکرێت بە پارە بەهەر شێوازێکی تربیٚ، راستە ئەو لێرە ئەڵیٚ هەواڵدەری نهێنی، بەڵام ئەو ناوە هەر کەشف ئەبێت، و ئەو کەسە بەدوای ئەو کەسەی حقدی شەخسی دروست ئەکات لە دوایش ئەگەر ناوەکە بزانێت لە بە شێوازێك کە ناوەکەی پێی ئەگات ئەوە ئەبێتە ئەوەی کە دوژمنکارییەك دروست ئەبیٚ و باجی لەسەر ئەدریٚ لە نێوان خێزانەکان و شیرازەی ئەو خێزانە ئەپچڕێنیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو مژدە خان.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵیٚ سەبارەت بە ماددەی خاڵی (٢) من لەگەڵ ئەوەدان یم پێم باشە لاببرێت وە خاڵی (٣) کە دەڵێت ئەویش بەهەمان شێوە، بەڵام لە کاتێکدا بمێنێتەوە حاڵەتی کوشتن یان مافی گشتی

تێدابێت، چونکە بۆی هەیە حقدی شەخسی هەیە، ئێ دوای بەو حقدە شەخسیەوە پیاوەکە متمانەی بە ژنەکەی نامێنیت پێی وایە ئەو هەواڵی داوە، بۆیە ئەوە موشکیلەیە، یەعنی موشکیلەی زیاتر دروست دەکات بۆ خێزان پێشنیار ئەکەم پێداچوونەوەی بۆ بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

دەست پێکی ئەز پشتەڤانیا وان ئەنداما کەم ئەوێت گوتی خالا (٢، ٣، ٤، ٥، ٦،٧)ئەوێت گرێدای هەواڵی ڤە نەمینیتن چونکو ئەڤە بیتە سەبەبێ هندێ جاسیسی پەیدابیتن یەعنی دیف ئێکودۆ پکەڤن و ئەڤە دێ بیتە سەبەبێ هندێ کۆ پەیوەندێت کۆمەڵایەتی پتر تێك بچن و نەخۆش ببن تایبەت سەحکە خالا (٧) بێژیت پێویست دەکات کارمەندانی تەندروستی و پەروەردە وە هەر دام دەگایەکی فەرمی بۆ هاوکاریکردنی قوربانیانی توندوتیژی خێزانی و دژ بە ئافرەت هەواڵ بدەن پێویستە یەعنی هەموو ئەو فەرمانبەرانە بچن هەواڵ بدەن ئەگەر هەواڵ لێ هاتە خاستن ئەو شەهادەتە ئەو نابیتە هەواڵ، هەواڵ و شەهدەدان تشتەکێ جدایە هەرکاتا جهەتێت مەعنی شەهدیا فەرمانەری خاست فەرمانبەر دی َدەت ئەما ڤێرێ بێژیت نە پێتڤیە بچیت هەواڵ بدات یەعنی تەبەروع بکەت موبادرەبکەت ئەمەچییە یەعنی مەعناڤێ ئەم خەڵکی پاڵدەین جاسیس بن سەر ئێکودۆ ئەم خەڵکی پاڵدەین دوژمنیا ئێکودۆ بکەن مەعەلعلم ئەو ئەزو ئەو خێزان و خۆ شەرێك چوون خەستێ فەرمانبەر بچیت پشت منرا بچیت شکایەتی لێ من کەت هەواڵ بەت یەجیۆ یەعنی ئەز بێژم ئەف خالێت گرێدایی هەڤالیڤە یا (٢، ٣، ٣، ٤، ٥، ٦، ٧)ێت زێدەنە چونکی زەرەراوانا زیانا وانا گەلەك گەلەك پترە ژ مفایێ وانا فایدێ وانا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك هەڵکەوت.

**بەڕێز هەلکەوت انور خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، ماددەی (٥) بڕگەی (٣) دەڵێت هەواڵدەر تاوانەکانی توندو تیژی بۆی هەیە داوابکات ناسنامەکەی ئاشکرا نەکات، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، کێ دەڵێ ئەو هەواڵدەرە ناحەزی ئەو خانەوادە نەبێت،و وە بیەوێت کێشەکەیەکی خێزانیان بۆ دروست بکات، بۆیە من داوا دەکەم بڕگەکە وەك خۆی بنووسرێتەوە، بەڵام ناسنامەی هەواڵدەر ئاشکرا بکرێت و بە بەڵگە بی سەڵمێنێت لەم حالەتەدا پێویست ناکات خالی (٣، ٤، ٥) هەرسێکی لابرێت بۆ ئەو خاڵە بنووسرێتەو پرسیارێکیشم لە بەڕێز لیژنەی ئامادەکاری هەیە، کە نووسینەوە جەنابی شادی خان فەرمووی ئێمە (١٠٠) کەسمان بانگێش کردووە بۆ پرسیارو ڕا گۆرینەوە، ئایا ئێمە لە کوردستانا لە ساڵی ١٩٩٥ ی کوردستان بە شەرعی ئیسلامەوە ئەڕۆینە ڕێوە و وەکو ئیسلامین ئایا لەم حالەتا یەکەم لێژنەی ئەوقاف، دوو، یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلام، سێ لیژنەی فتوای کوردستانیان بانگ کردووە لەسەر ئەم یاسایە کە نووسیویانەتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو گولیزار خان.

**بەڕێز گولیزار رسید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەئیدی قسەکانی ئەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە دەڵێن لە ماددەی (٥) خاڵی (٢، ٤) پێچەوانەی ماددەی (٣) قانوونی ئوصولاتی مەحاکماتە تەنها ئەگەر حەقی عامی تێدانەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك عباس.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم ماددەیە من هەست دەکەم بەراستی هەواڵدەر دەسەڵاتێکی زۆری پێداوە، یەعنی لەم (٧) بڕگەیە بڕگەیەکی لێدەرچێت باقی تر هەمووی باسی هەواڵدەر ئەکات، من جارێ لەپێش هەواڵدەر ئەوەندە دەسەڵاتی هەواڵدەر بۆ کێشەیەکی خێزانی، یەعنی هەرچەندە بەراستی ئەگەر ئەم یاسایە ئەگەر چەندین وشەی ئافرەتەکانیش لێی لابدەین جارێ هەر (١٧) تاوانە بخوێنیەوە هەمووی پەیوەندی بە ژن و ئافرەتەوە هەیە، یەعنی بەم دووانەوە هەیە، یەعنی ئەمە یاساکە ناگۆڕێ نابێتە خێزان پەیوەندی بە خێزانەوە نییە مەوزووعەکە ژنە موختەسەرەن، بەڵام یەعنی دەکرێ ئەم دەسەڵاتی هاوەڵدەرە بدرێت بە پلەی خزمایەتی تا پلە (٣)بێت، یەعنی مەوزووعەکە ئەوەیە خوشك و برا و مام لەوێ دانەبەزێت، بەراستی ئامۆژاش دانەبەزێت لەوانەیە کێشەی تێدا دروست بێت، لەبەرئەوەی من پێم وانییە لەم قۆناغەی ئێستا کەسێك هەبێت ئەبێت تەلەفونێك بەشەو بە دزییەوە بکات، هەزار تەلەفونی ئەولاو ئەم لا دەکرێ بۆ دائیرەی پۆلیس بکات بڵێت ئەمن ئەو کێشەم هەیە، ئەمە ل لایەك لەلایەکی تر مەسەلەن بۆ ببردرێتە داواکاری گشتی، ئەگەر هەر (١٧) خاڵەکە بخوێنیەوە هیچ پەیوەندی بە داواکاری گشتی یەوە نییە هەموو پەیوەندی لێدان و شەخسی و کوشتن و زەربەو تەعداکردن و وە ئیلا ئاخیری..

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کوشتن نییەتی.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نە کوشتن نە (١٧) خاڵەکە تاوانە، یەعنی ئێمە ئەم (١٧) خاڵە بۆ ئەم یاسایە ئەم (١٧) خاڵە تاوانە بۆ ئەم یاسایە بەکاردێ باقی تر ئێمە یاسامان هەیە، یاسای قانوونی عقوباتمان هەیە بۆ کوشتن بەکار دێت، یەعنی ئەمە (١٧)خاڵەکە دیارکراوە چ تاوانە، مەسەلەن بۆ نموونە کەسێك هەیە منداڵەکەی خۆی نانێرێتە مەکتەب، بۆ نموونە ئێ نایینێرێتە مەکتەب، لەوانەیە لەبەر فەقیری بێت تۆ مامۆستاکە هەواڵبدەن یەکسەر بڵێن بڕۆن ئەو دایك و بابە بگرن، بەڵام تۆ دەتوانی بچی چارەسەری کیشەکەی بۆ بکەی بۆ کچەکەی یان کورەکەی بەردەوام بێت، لە خوێندن بێگومان تۆ ئەمایان چارەسەر ناکەی، بەڵام دەتەوێت بچی لە زیندانی بکەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو ئاشنا خان.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستییەکەی من تێبینم هەبوو لەسەر خاڵی (٤)، بەڵام بەو شێوەی کە بەڕێزتان وتتان ئەوە چارەسەر ئەبێت، ولەسەر خاڵی (٧) ڕوونکردنەوەیەك ئەیەم داوای وەڵامێکی پرسیاریش لە ئەندامانی لێژنەی بەرێز ئەکەم نازانم ئەو خاڵی حەوتەمە کە ئەڵێت پێویست ئەکات ئەندامانی بواری تەندروستی پەروەردەو هەر دام و دەزگایەکی فەرمی بۆ هاوکاری کردنی قوربانیانی توندو تیژی خێزانی و دژ بە ئافرەت هەواڵ بدەن، مەبەستی لە چییە بۆ هەر ئەم دوو هینە دیاری کراوە با بڵێین کارمەندانی تەندروستی و پەروەردە جا لە حالەتێکا ئەگەر بۆ نموونە هەواڵ نەیەن بۆ نموونە شتێك ئەزانن هەواڵ نایەن، ئایا ئەمانە هیچ لێپێچینەوەیەك و عقوبەیەك ئەدرێت ئێ عقوبەکە دیاری کراوە چییە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لە قانوونی عقوباتدا بەڵێ هەیە.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر باشە بەڵێ تێگەیشتم بەرێز سەرۆکی پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك عثمان .

**بەرێز عثمان علی سمایل:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خودای بەخشندەی میهرەبان، دەمەوێت پشتیوانی لە قسەکانی بەڕێز کاك باڵانبۆ کاك علی حمە صالح، کاك مسلم، مامۆستا هەورامان، بدریە خان، ماموستا عبدالستار بکەم، لەسەرەتا بەراستی پرسیارێکم لە لیژنەی تایبەتمەند هەیە، با وەڵام بدەنەوە (١٠٠) کەسی پسپۆر لەو بوارەی ناوەکانمان پێویستە ئەوە یەك ئەو بەڕێزانە زۆربەی هەرە زۆرمان ئیستیشارەمان بە ئایەت و حەدیس کردووە زۆربەی زۆرمان من خۆم لە ئەوانە (٤ تا ٥) ئایەتم هێناوەتەوە، تکایە گوێمان لێبگرن با وەڵامەکە دروست بێت، دوای ئەوە بەرێزێك لە لیژنەی مافی ئافرەتان دەڵێت قسەکانتان مەنتقی نین، ئایا مەبەستت ئایەت و حەدیسەکەیە مەنتقی نییە، ئەدی قسەی ئەو بۆ مەنتقی نییە بەڕێز سەرۆکی لێژنەی ئەوە ئەو بەڵێ وتت قسەکانتان مەنتقی نین، ئامادەم لە هەموو شتێك ئەگەر ئەوەت نەوتوبێت، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەو هەواڵدەرە ئێمە تێکەڵمان کردووە بە تاوانەکان، کاتێك کە تاوانێکی ئەگەر شەقە زللەیەکی لە منداڵێك یان ژنێك بدەی و کوشتنێك بێت، جەنابت دەفەرمووی مافی گشتی پێوەبێت، ئەگەرنا مافی گشتی بێت، چۆن بێ لە شاهیدێکی دوور لە رووتان نەناسراو خۆی نەناسێنیت، وەلله مامۆستا عثمان براکەی خۆی کوشتوە ئاخر چۆن ئەوە دەچێتە باری جێبەجێ کردنەوە، دەبێت بۆ شەقەزللەیەك بۆ یەکێ وا یەك شاهیدی نەناسراو ئەگەر فاسقیش بێت شاهیدەکە، بەڵام ئەگەر بێت و قەتڵ بێت دوو شاهید بێت، دەبێ ئاشکرابێ وئەگەر وانەبوو ئەو کاتی من تومەتبار بکرێم بە قەتڵی براکەم چۆن لەو کەسە خۆش دەبم، بۆیە من داوا دەکەم ئەو ماددەیە هەڵبگیرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك مەم.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەراستی ئەمەوێ با بەڕاشکاوی قسە بکەین، بە ڕای من یەکێکە لە پڕۆژە زۆر خراپەکان ئەمەی کە دایانناوە بەتایبەتی ئەزانی کلتوورێك دروست ئەکەن، کلتووری بە سیخوری کردن، کورد قسەیەکی هەیە ئەڵێ شەرکەر وازی هێناوە ناو بژیکەر واز ناهێنێ، ئێ ژن و مێردێك ئەبێت، بە قرنەیەك ژیان ئێ لەدوای ئەوەچی کە زەلامێك ئەچێ هەواڵدەرێك وازناهێنێ و داواکاری گشتی بۆی ئەهێنێتە سەر خەت و تا تێئەگەینێ ئەم شتە هین نییە، ئەمە بەراستی بڕگەی (٢) بڕگەی (٤) بڕگەی (٧) وە بڕگەی (٥) هەموو ئەمانەی پەیوەندی بە هەواڵدەرو بەچی و ئەوشتانەوە، کورە کێشەی خێزانی کێشەی ژن و مێرد جاری واهەیە زۆر بەسیتەو ئەمانە هەواڵدەر ئەبێت بڕوات لێیان تێك ئەدات، بڕواتان هەبێت قەزییەکە قوڵ ئەکاتەوە حەلی کە هەیە، واز لێ بێنن ئەمانەی دانێ و هەر واز لە هەواڵدەر بێنن، هەواڵدەر لەناو ئەم پڕۆژە یاسایە بەرای من زیانی گەورەی پێی ئەگەینێ و سیخور دروست ئەکاو و مەشاکلی گەورەی لێك ترازانی خێزانی دروست ئەکا، بۆیە ئەوە هەڵبگیرێت خزمەتی تا رادەیەك ئەوەی یاساکە کە تێبینیمان زۆرە لەسەری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك سروان.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خودای گەورەو میهرەبان، والله مامۆستا عبدالستار چۆن ئەگەر نا پێم خۆش بوو ئاڵوگۆڕی دەقەکەی من بۆ ئەو بکرابا، بۆ ئەوەی بتوانی با قسەکانی تەواو بکرێت، چونکە بەراستی پێم ناخۆشە کە قسەی یەك دەبڕدرێت...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

قسەکانت بکە کاك سروان فەرموو.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم دەکەم بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، من دەلێم ئەگەر ئەو پێشنیازە یاسایە وا بڕوات والله کەس ناوێرێت ژن بێنێت، ئاخیری زەرەر هەر بە ئافرەت دەگات، ئەوە ئەو قسە با بمێنێت بۆ مێژوو بزانە ئەو پێشنیازە یاسایە لە زەرەر زیاتر ئەگەر هیچ سوودێکی هەبوو، ئەگەر ئەو کاتی هەرکەسێك ئەگەر مابووم شتێکم پێ بڵێین، ئەگەر مردیش بووم تفێك لە گۆڕی من بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بمێنی ان شاء الله، سوپاس فەرموو روپاك خان.

**بەڕێز روپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێموایە زۆر قسە لەسەر ئەو ماددەیە كرا مادده (٥) وە پشتگیری هەموو ئەو رەئییانە دەكەم كە داوای لابردنی بڕگەی (٢، ٣، ٤، ٥، ٦، ٧) دەكات، چونكە دەعوای ئیدیعای عام شمولی سولْح ناكات وە ئێمە دەمانەوێت خێزانەكان بگەیەنینەوە یەك، نەك لێكیان بترازێنین، بۆیە موبەڕری قانوونیمان هەیە، پێشنیار دەكەین كە لابرێت ئەو ماددەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس فەرمووو بدریە خان.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڵێ منیش هەمان رەئی روپاك خانم هەیە پشتگیری لە قسەكانی ئەكەم بەتایبەت لە بڕگەی (٢) تا (٥) پێشنیار ئەكەم لابرێت پێویستە ئەو بابەتی هەواڵدەری جیا بكرێتەوە تەنها بۆ تاوانە گەورەكان هەواڵدەر هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس فەرمووو سەرچنار خان.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من هەندێ تێبینی یاسایی لەسەر بابەتەكە هەیە، سەبارەت بە بڕگەی (٢) هەركەسێك بە ڕوودانی تاوانێكی توندوتیژی بزانێت دەتوانێ ئەمەی كە باسكرا هەواڵ بدات بابەتی هەواڵدان لەم یاسایە هێشتان یەك لای نەبۆتەوە حەقی عام و حەقی خاسە یەكلایی نەبۆتەوە، خۆمان ئەزانین هەواڵدان و لە حەقی موقبیل و خاسە پێویست ناكات بەس لە حەقی عامە پێویست ئەكات، ئەگەر نەتوانین ئەم بڕگانەش لابەین ئاوای لێبكرێت هەر كەسێك بە ڕوودانی توندوتیژی بزانێت كە سكاڵای تێدا دەجوڵێنێ بە بێ شەكوا (تحريك دعوى فيها بلا شكوى) یەعنی ئەوەی بۆی زیاد بكرێ ئەمن مەبەستمە، ئەگەر ئەوە نەكرێت لەم بڕگەیە ئەوە موخالەفەی ماددەی (١٧) دەستوور ئەبێت كە ئەڵێ (حرمە المساكين) هەروەها موخالفی ماددەی (١،٤٧،٤٨) ئوسولی مەحاكماتی جزائی دەبێت، كە ئێستا بوار نییە باسی بكەم لە بڕگەی (٤) لەكاتی هەواڵدان لە دۆسییەكی تایبەت بە توندوتیژی لەلایەن هەواڵدانەوە نەبوونی سكاڵاكار ئەوەی بۆی زیاد بكرێت، مافی گشتی تیابوو، چونكە ئەگەر مافی گشتی تیا نەبێت ئەوا داواكاری گشتی ئەڵێت دەبێت سكاڵا بجوڵێنێت ئەوا بە پێچەوانەی ماددەی (٣) لە ئوسوڵی مەحاكمات ماددەی (٢) بڕگەی (١) لە یاسای داواكاری گشتی و مەبدەئی خسوسی و خسوسیەتی فەردی حورمەتی خێزانی ناهێڵێ و هەروەكو لە دەستووردا باسم كرد، چونكە داواكاری گشتی لە كەیسە عامەكانە بوناوی خۆی، بەو ناوە تایبەت نییە داواكاری گشتییە ئەبێت ئەو بابەتە چارەسەر بكرێت و لە بابەتی هەواڵدەر بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان من لە دادگا بووم سجلی هەواڵدەر موخبرین زۆر زەرووڕە ئەم شتانەی تیابێت، ئایا تكایە یەعنی بەهەند وەریگرن لەهەر دادگایەكی لێكۆڵینەوە تۆمارنامەیەكی تایبەت ڕێك دەخرێت بەناوی تۆمار نامەی هەواڵدەر، نهێنییەكان تێدا پوختەی هەواڵدان، بەس ئەمە كافی نییە كات و شوێن و چۆنییەتی ڕووداو بەڵگەشی لەگەڵ بێ و ئەوە

واژووی هەواڵدەرە ئەمانەی تیا نەبێت، هەر کەسێ شتێك ئەڵێت و بە عام باسی ئەکات و ئەڕواتە دەرەوە گرفتێك بۆ مەحکەمە بۆ داواکاری گشتی دروست ئەکات ولە ئەوەشدا ئەڵێت بێجگە لە دادوەر یان دادگای تایبەت کەس بۆی نییە بڕواتە ئەمە ئەبێت بڵێی بێجگە لە دادوەر و داواکاری گشتی، چونکە داواکاری گشتی لە ناو مەزلومەکەیایە ئەبێ لەوێ ناوی بۆی بنووسرێت، بڕگەی (٦) چۆن دادوەر لە دەستپێکی دادبینێك دادبینی کەلیمەیەکی مەدەنییە، یەعنی مورافعات دەبێ بڵێین هەر دادگایی کردنێك کە ووشەیەکی جزایی هی ئەو دادبینیانە کەلە هەردوو بەشەکە هاتووە هەر دادبینیەکی تایبەت بە تاوانی توندوتیژی، پێویستە رایی تاوانلێکراو تاوانلێکراویش بکرێت، ئەگەر بکرێت بە سکاڵاکار باشترە، چونکە زیان لێکەوتووش ئەگرێتەوە تاوانلێکراویش ئەگرێتەوە مەعناکەی فراوانترە لەسەر نەهێنی ئاشکرابوونی دانیشتنی دادبینەیەکە، دیسان یان ئەوە بکرێتەوە بە دادگای یەکە بڕگەی (٧) ئەوە باسمان کرد کە وتمان قوربانییەکە ئەبێت بکرێ بە زیانلێکەتوو یان لە کلیلەکانە باس لە قوربانیان بکرێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

واللە سەرچنار خار ئەگەر بکرێ سیاغەکان بنووسێتەوە بێ زحمەت، سوپاس فەرموو کاك سیروان.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٥) تەبعەن زۆر قسەی لەسەر کرا باسی ئەو هەواڵدەرە، هەواڵدەر ئەگەر ئێمە لە یاسایەکی تر دەرمانکرد لەسەر ماددەی هۆشبەر یەعنی لەوێ باسکرا هەواڵدەر بۆچی ئەبێت نەهێنی بێت، من تێناگەم لێرە بۆچی هەواڵدەر نەهێنی بێت، یەعنی من یەکێك ئەبینم لە منداڵاکەی ئەدات لە پاسە بە گێچکەی ئەهێنێتە خار یان لە ژنەکەی ئەدات ئیتر ئەگەر من مافی، جارێ ئەمە مافی هاووڵاتی بوونە، من کۆمەڵگاکەم بپارێزم ئەرکیشمە کە بچم خەبەر بدەم، ئیتر من لەچی ئەترسم ئەگەر من لەسەر دین و کۆمەڵگاو عورف عادەت پێم ئەڵێ نابێ ئێکێك لە ژنێك بدات، تۆ سەیری کەی یان ئەچم دەستی ئەگرم یان پۆلیسی بۆی بانگ ئەکەم ئیتر ئەم هەواڵدەرە نەهێنیە، ئەگەر لێژنەی بەڕێز مەبەستیان ئەوەیە بۆ مەسەلەن خەڵك هەیە دراوسێیە نایەوێت کەشف ببێت دەحەقت نەبێت بەسەرەوە، سەرت نەئێشێ پەرۆی پێوە نەهێنە، قسەیەکی تر ئەی کات ئەگەر مەبەستیش ئەوەیە لە کاتی دادگایی دەموچاوی بپارێزرێ ئەوەش جەلەسەی نەهێنییە وەکو ئێمە چۆن جاری واهەیە دەڵێ بائەم جەلەسەیە تۆمار نەکرێت نەچێتە پەخشەوە، ئەمە دوو شتی زۆر لێك جیاوازن، لێژنەی بەڕێز ئەبێت یەعنی مادەم هەمووومان قسەمان لەسەرکردووە ئەوە هەندێك جار ئێمە هەست ئەکەین لێژنەی بەڕێز یان وەزیرێکی بەڕێز لێرە نەسیحەتمان ئەکات کە ئێمە قسە ئەکەین بۆ جەنابتان یان رەخنەیەکمان هەیە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەنییە ئێوەش نەسیحەتییان ئەکەن.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نە ئەوەش ناکرێت بە هەرحاڵ خاڵی حەوتەم لێرە ئەگەر مەبەست ئەوە بێت، کە ئەڵێت کارمەند لە بـواری تەندروستـی و پەروەردە هەواڵ بـدات، کارمەنـد بـۆچی هەواڵ بـدات کارمەنـد ئەبێـت راپۆرت بدات چۆن وەکو ئەوەی کە دکتۆرێك عەملیاتێك بۆ یەکێك ئەکات کۆچی دوایی ئەکات، ئەبێت ڕاپۆرت بدات بۆچی کۆچی دوایی کردووە، داری بەرسەری کەوتووە، یەعنی هەواڵ بدات هەموو برادەران ووتیان نەیکەیت بە جاسوس ڕاپۆرت بدات، ئینجا نەنووسرێت ئەبێت، ڕاپۆرت بدات چونکە ئەگەر ڕاپۆرت ئەدات نابێت، لە برگەی (٢) کەسێك رووداونێك تـاوانێکی تونـدوتیژی بزانێت دەتوانێت هەواڵ بدات لەویَ یا ئەبێ بڵێی هەواڵ بدات، ئەرکـی هـاووڵاتی بـوون ئەوەیە کە کۆمەڵگـایەکە بپارێزرێـت کە نووسـراوە ئەتوانێـت ئەکـرێ بیـبەی و هەواڵـیش نەیـات، بەڵـێ ئەبێت هەواڵ بدات بە تەلەفۆنی خۆی هەواڵ بدات، ژمارەکەی تۆمار بکات و ناوی سیانی بڵێـت، زۆرسوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك شێرکۆ.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفی :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە تێدەگەین لە عیلەتی ئەو مەوزووعە هەواڵگرییە کە ئـافرەتێکی مەزلـوم و سـتەم لێکـراو لە ماڵی خۆیا مێردەکەی زوڵمی لێ ئەکا ناوێرێـت بە کەس بڵێـت، ناوێرێـت لێرەیـا ئەم مەزڵـومیەتە هاتوون لەم یاسایە بە ئـالیەتێکی غەلەت حەلـی ئەکەن، ئەگینـا ڕاسـتە زۆرێـك لە ئافرەتەکـان لە ماڵەکانیانـدا لە مێردەکانیـان زوڵمیـان لـێ ئەکەن تونـدوتیژی بەرامبەریـان ئەکەن، بەڵام نـاوێرن باسی کەن، بەڵام ناگـات، چـونکە ئەم هەواڵگرییە وازحە و بەڕێـزانیش وتیـان، مـن پشـتگیری لە قسـەکانی دکتـۆر اسـماعیل و خوشـکە سـەرچنارو مامۆسـتا هلـزو مامۆسـتا عبدالسـتارو ئەو بەرێـزانەی تـر ئەکەم کە بـاس لە لابردنـی ئەکەن، چـونکە کارەسـاتە هەواڵگـری بـۆ ئەو ژیـانە نهێنیـیەی لە نێـوان ژن و مێـردا هەیە، بەڵام عـیلەتەکە واقـیعە کە ئـافرەتی سـتەم لێکـراوی کە مێردەکەی توندوتیژی بەرامبەری ئەکات ناوێرێت باسی بکـات، ناویرێـت بیگەینـێ و ئەم واقـیعە ئەم مەزلـومیەتە بەم ئـالییەتە غەلەتە حەل نابێـت، ئەمە موخـالەفەی دەسـتوورو موخـالەفەی قانوونی ئوسوڵ مەحاکماتی عێراقیشەو حورمەتی مەسـاکین و هەمـوو شـتێك پێشـێل ئەکـات، پێشنیاری من ئەوەیە هەواڵدەر مەزڵومەکەی خـۆی بێـت، لە دونیایـا لە وڵاتە پێشـکەوتووەکاندا میکانیزم و ئالییەتی وا هەیە کە تەنانەت ئەشیپارێزیت کە نەزانرێت خۆی هەواڵـدەرە، ئەو کـاتە خۆی بوو بە هەواڵدەر ئیجرائاتی یاسایی بەشێوەیەك بکرێت کە تەحقیقات و ئەمانە لە حالەتێکا کە مەزڵومەکە هاتەدی، بۆیە ئەو مەزڵومیەتە کە واقـیعە نابێـت، بەم ئـالییەتە چارەسـەر بکرێـت بەڕاستی ئالییەتێکی زۆر زۆر هەڵەیە مـن لەگەڵ ئەوەدام کە لابرێـت، پێنشـیاری مـن ئەوەیە کە مەزڵومەکە خۆی ببێت بە هەواڵدەر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، سکاڵاکارە ئەوکاتە بەڵێ لێژنە ئەگەر قسەیەکتان هەیە.

**بەڕێز لەنجە ابراهيم عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێـزان ئەنـدامانی بەڕێـزی پەرلەمـان، تەبـعەن سـەبارەت بە هەواڵـدەر بـابەتێكی باشـە ئەگەر هەبێـت، لەبەرئەوەی بـۆ نمـوونە مـن جیـرانێكم هەیە منـداڵەكەی خـۆی بـابڵێین بە زنجیـر بەستایتەوە ئەو منداڵە كو سكاڵا بكات، یـان خێـزانەكەی لە ژووڕێكیـان كـردیەو دەرگـای لەسـەر كليل داوە، ئەو حاڵەتانە هەیە، بەڕێـزان بـۆیە لەگەڵ ئەوەیەنە خۆشـمان لەگەڵ دكتـۆرە و لیـژنە قسەمان كردیە دابڕێژرێتەوە بە شێوەیەك كەوا بتوانیت خزمەت بەو بابەتانە بكات، ڕەنـگە ئـێمە لۆ لێرەوە دیسان موناقشە دەكەین، بۆیە شتەكان رێك خەینەوە بەرێـزان بـێجگە لەوەی كە ئەمە رێمان دایتە لایەنی پەیوەندار كە وەزارەتی ناوخۆییە بە رێنمـایی هەمـوو شـتەكان رێكخـاتەوە، تەبعەن كە دەڵێین رێكخاتەوە ئەوانەی كە جەنابتـان باسـی لێـوە دەكەن هەمـوو ئەو رێنمـایی بە كـاملی رێ درایـتە وەزارەتـی نـاوخۆ تەنزیمـی كـات، سـەبارەت بە نەخۆشـخانەو كارمەنـدی تەندروستی و قوتابخانەو زانكۆ حاڵەت هەیە لێی درایە یان لەسـەر قـادرمەی بەریـدایتەوە یـان هەمـوو جەسـتەی شـكایە، دەیـبەنە خەسـتەخانەی كارمەنـدی تەندروسـتی هەر لە فەحسـەكەی دەزانێـت كە ئەوە رووداوێكـی ئاسـایی نیـیە، ئەوە ئـازار درایە، ئەشـكەنجە درایە، ئەوە لەو حالەتەی هەر تاوانێكە بیشاریتەوە هەواڵ نەدات، لە حالەتی قوتابخانەو زانكۆكـانیش بە هەمـان شێوە رۆژانە تەعـامول لەگەڵ قوتـابی و منـداڵ گەنـج دەكەن دیسـانەوە بەهەمـان شـێوە مـافی ئەوەیـان هەیە، بـێجگە لەوە وڵاتـانی ئەوروپـی ئەوە لەوە زۆر موناقشـەمان كـردییە وڵاتـانی عەرەبی هەیە بۆ نموونە سەلتەنەی عەممان كە سزای ئەوانەی دەدات كە بزانـی ئەو بابەتانەیـان زانیــوەو شــاردیتیانەوە هەواڵیــان نەدایە، بەڕێــزان مەخســەدەكە لێــرە ئەزمــوونی زۆر كە وەرمانگرتیە بە تەنیاش نەبووینە لەگەڵ هەمـوو ئەو بەڕێـزانەی كە لە موناقشـەكانی جەلەسـەی ئێستماند موناقشەكانی ناو پەرلەمـان، لەگەڵ هەمـوو لایەنە پەیوەنـدارەكان ئینجـا ئەو بڕیـارانە درایە، بەڵام دووبارە دەیلێیمەوە فعلەن هەواڵدەر رێكخستنەوەی دەوێـت، بەڵام هەبێـت باشـترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس ماددەی (٦)مان بۆ بخۆێنەوە بەرێزان.

**بەڕێز جوان یونس محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مادده (٦) ماددەی (٣) یاساكە هەموار دەكرێتەوە بەم شێوەیەی خوارەوە دەخۆێندرێتەوە :

١-لە ناوەندی هەر پارێزگاو ئیـدارە سـەربەخۆو قەزاكانـدا دادگـایەكی لێكـۆڵینەوە و دادگـایەكی تایبەتمەند بە پرسەكانی توندوتیژی پێك دەهێندرێت.

٢-بەرێـوەبەرایەتی و نووسـینگەكان بەدواداچـوون بـۆ كێشـەكانی تونـدوتیژی خێزانـی و دژبە ئافرەت دەكەن.

٣-پێویستە وەزارەتی ناوخۆ ئەفسـەرێكی تـایبەت لەنـاو بنكەكـانی پـۆلیس دا تەرخـان بكـات كە بەشێوەیەكی بنەڕەتـی ئـافرەت بێـت و راهێنراوبێـت بـۆ هەڵسـوكەوت كـردن لەگەڵ كێشـەكانی توندوتیژی خێزانی و دژبە ئافرەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەریزان کێ لەسەر ئەو ماددەیە قسە ئەکات؟ ماددەی (٦)، سوپاس فەرموو سەرچنار خان.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله من تێبینیەکم بۆ دروست بوو لەسەر بڕگەی یەکەم ئەلێت لە ناوەندی پارێزگاو ئیدارەی سەربەخۆ قەزاکان ئیدارەی سەربەخۆ لە یاسایی ژمارەی (٣) ساڵی ٢٠٠٩ یاسایی پارێزگاکانە وجوودی نییە هەر محافظە هەیەو، قەزا هەیەو، ناحییە هەیە، ئیتر نازانم ئەوە چۆن هاتووە، خاڵی دووەم ئەوەی وتووە دژبە ئافرەتە زۆر وتمان لابرێت،خاڵی (٣) پێویستە وەزارەتی ناوخۆ ئەفسەرێکی تایبەت لەناو بنکەکانی پۆلیس تەرخان بکات کە بەشێوەیەکی بنەرەتی ئافرەت بێ و راهێنرابێ و لە هەڵسوکەوت کردن، ئەم بابەتە ئێستا ئەگەر ئەمە بکرێ بە یاسا بڵێین ئەگەر جەختی لەسەر بکرێ ئیلا ئەو ئەفسەرە ئافرت بێت، هەست ئەکەم لایەنگرییەك دروست ئەبێت، بۆ چارەسەری ئەمە پێم باشە بۆ ئەوەی کە پیاوێکیش سکاڵای بەرامبەر کرا یان توندوتیژی بەرامبەر کرا کە موتمەئین بێت، بچێتە بەردەم دادگا یان ئەو نووسینگانە و هەرچییەك بێت، دووان بن یەعنی پیاوێك و ئافرەتێکیش بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك چیا.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

من یەك دوو تێبینی هەبین خاڵا (١) دادگایەکی تایبەتمەند راستە سەر وەرەقێ رێك و پێکە بەس جێبەجێ کرناوێ کۆ دادگا تایبەتمەند گەلەك و گەلەك زحمەتە بازێرەکێ وەك زاخۆ دادگایەکی تایبەتمەند تۆ داینی بەس بۆ توندوتیژیێ بارگرانیەك سەر حکومەتێ دێ چێ بت و مە دادوەر زۆر زۆر کیم هەنە لێ بازێری هەتا تۆ تایبەتمەند دێنی ئەگەر دادگایەکی عادی ژی بت زۆر زۆر عادیە پێویست دادگایەکی تایبەت ناکەت، چونکی توندتیژی هند زێدە نەبۆیە کۆ تایبەت دادگایەك هەبت، خاڵا (٢) من پێ باشە بەرێوەبەرایەتی و نووسینگەکان بەدوادچوون بۆ توندوتیژی خێزانی بکەن ئەف خالە بێتە لادان چونکی نورماڵ سەتنەرێ توندوتیژی هەیە، سکالاو نورماڵ و ئۆتوماتیکی چنە وێرێ و شکایەت تێنەکرنێ ئەف خالە زێدەیە خاڵا (٣) یەعنی بێژیتن لە ناو بنکەکانی پۆلیس تەرخان بکرێتن بە شێوەیەکی بنەرەتی ئافرەت بت ئەفسەرێ ئافرت زۆر زۆر زحمەتە قەزایەك ئیدارەی سەربەخۆ وەك زاخۆ مە پولیسێن یەعنی پولیسێن ئافرەت نین، مە بارێ لەشکریدا یەعنی عەسکریدا هەنە نێزیکی چەند کەسەکا یەك ئەفسەرێ ئافرەت لێ هەمی ئیدارا سەربەخۆ کۆ تایبەتمەندبیت، ڤی بابەتی دا مە نینە احتماله جەوازاتێ هەبت وە سەر میلاکێ عێراقێ یە، بۆ وێژی من پێ باشە وەکۆ سەرچنارخانێ گوتی زۆر زۆر نورمالەژی ئەگەر زەلامەك ژی بتن هیچ پێویست ناکات تنێ ئافرەت وەختێ تە یاسایدا نقیسی ئافرەت جێبەجێ کرنا وێ زۆر زۆر زحمەتە ژبەرهندێژی هیڤیدارم زەلامژی تێدا هەبیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی راهێنراوبێت ژن بێت، پیاو بێت هیچ موشکیلە نییە، سوپاس فەرموو لیزا خان.

**بەڕێز ليزا فلك الدين صابر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕاستييەكەی من لەسەر ئەم ماددەيە نييە، بەڵام دەستەواژەك هەيە، لەناو پڕۆژەكە لەسەر هەمووارەكە هاتووە ئەويش دەستەواژەی توندوتيژی داراييە خۆی ( ekonemek vi l ns)وەرگيراوە بە ئينگليزييەكەی ئەگەر تەرجومەی كەی نابێت، بە دارايی ئەبێت بە توندوتيژی ئابووری ئەوەش لەسەر كێ وەرگيراوە لەوەی كە فەراهم كردنی ئابووری سەربەخۆ بۆ تاكەكانە لەوەوە ئەم جۆرە توندوتيژە هاتوتەكايەوە، بۆيە ئەگەر بكرێت ليژنە ئەم تێرمەيە ياخود ئەم دەستەواژەيە چاككەنەوە بيگۆڕن بۆ توندوتيژی ئابووری، چونكە لەهەموو ياساكانی وڵاتانی پێشكەوتوو بەم شێوەيە هاتووە باسی دارايی نەكراوە، هەروەها توندوتيژييەكی تريش هەيە كە ئێستا لە وڵاتان كە بەهۆی پێشكەوتنی تەكنەلۆجيا و بە هۆی زيادبوونی ئامێرە زيرەكەكان لە ماڵەكان دا دروست بووە ئەويش توندوتيژی ميدياييە، ئەويش لێرە باس لێوەنەكراوە كە ئايا ميدياييەك سايتێك پەيجێ،ك سۆشيال ميديا كاتێك بابەتێكی دروست كرد كە بووە هۆی دروست بوونی توندوتيژی يان تەئسيری دەروونی لەسەر ئەفرادەكانی خێزان هەبوو، چۆن معامەلەی لەگەڵ دەكرێ، پێم باشە ئەگەر بكرێت لێرە ئەو توندو تيژيە ميديايە زياد بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو كاك هيڤيدار.

**بەڕێز هيڤيدار احمد سليمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٦) يەكەم يەعنی ئێمە تەجروبەمان هەيە، لە هەرێمی كوردستان لە دانانی دادگای تايبەت، يەعنی ئەوە لە مەسەلەی نەزاهە مشكيلەيەكی زۆر گەورە هەبوو قەراريش دەرچوو قەراری هەمووشتێك دەرچوو، تەعين نەبوو گرەنتی چييە ليژنەی مەعنی هيچ گرەنتييەك وەريگرتووە، ئايا دادگاكە دادەمەزرێت دانامەزرێت دادوەرەكان هەن نين، ئەسڵەن كێشەی دادوەرمان هەيە، لە هەرێمی كوردستان لەسەر ئەو بابەتە داوای ڕوونكردنەوە ئەكەم، هی سێيەميش پاڵپشتی ئەندامی بەڕێزی پەرلەمانی كوردستان كاك چيا حميد ئەكەم لەگەڵ بۆچوونی بەڕێزيمە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو عبدالناصر.

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە ناوی خوای گەورەو مهيربان ماددەی (٦) ماددەی (٣) ياساكە هەموار دەكرێتەوە بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە برگەی (٣) پێويستە وەزارەتی ناوخۆ ئەفسەرێكی تايبەت لەناو بنكەكانی پۆليس تەرخان كات بە شێوەيەكی بنەڕەتی ئافرەت بێت و ڕاهێنراوبێت، بۆ

هەڵسوكەوت كردن لە گەڵ كێشەكانی توندوتیژی خێـزان و دژ بە ئافرەتـان، بـۆیە لێـرە پێویسـت ناكـات لە هەمـوو بەرێـوەبەرایەتی نووسـینگەكانی بەدواداچـوون بـۆ كێشـەكانی تونـدوتیژی ئەفسەری ژنی تایبەتمەندو لێكۆلەری ژنی تایبەتمەند هەیە، بۆیە ئەو مەبەستانە ئیتر ناكرێ بكرێ بەمەرج ژن لە بنكەكانی پۆلیس هەبێت، بۆ ئەو مەبەستە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو كاك اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆكا پەرلەمانی.**

تێبینێت مـن خـاڵا (١) یەكەم بەعسـی دوو دادگـابكەتن دادگـای لێكـۆلینەوە و دادگـای كەتـن دوو مەحكما دروست كەن وە ئەگەژی راستی ئەز بینم گەلەك یا بار گرانییە ئەگەر عەل ئەقەل دادگای لێكۆڵینەوە پێویسـت ناكـات دادگـای كەتـین (جـنح) مـومكنە ئەوێ دی بیـتن ئەز پشـتەڤانیا كـاك چیای كەم بۆ وێ خاڵێ، خاڵا (٢) فعلەن مەسـەنتەرێت تونـدوتیژێت هەن ئەو ڤـی كـاری رات بـن بەدواداچوون و دیف چوونێ پێ تگی ناكەتن جهەتەكێ دیژی رابتن ڤی كـاری خـاڵا (٢) ئەز بیـنم یا زێـدەیە تێبینیـامن سـەر (٣) ئەفسـەر كـانێ ژن بیـتن یـان زەڵام بیـتن ئەز بێـژم یەعنـی ئەگەر هەردووبـن چـونكی مـومكنە هنـدەجارا پێویسـتی زەڵامـی یە هەنـدەجارا پێویسـتی ژنـێ یە كە هەردوو ئەفسەر هەبن دوو ئەفسەربن مەسئوڵ ژوێ دێ باشتربیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو مژدەخان.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٦) بڕگەی (١) بەڵێنی ئەوە وەرگیراوە لەلایەن ئەو دادگاوە كە پێـك دەهێنرێـت، چـونكە ئێستا ئێمە (٩) ساڵە دەستەی نەزاهەمان هەیە، تاوەكو ئێستا حاكمی نەزاهەمان نییە، سـەبارەت بە بـڕگەی (٢) پێشـنیار دەكەم لابرێـت، چـونكە زیـادە، سـەبارەت بە بـڕگەی (٣) بەو شـێوەیەی لێبكرێت پێویستە وەزارەتی ناوخۆ دوو ئەفسەری تایبەت لە ناو بنكەكانی پۆلیس تەرخان بكـات كە بەشێوەیەكی راهێنراوبێت، بۆ هەڵسـوكەوت كـردن لەگەڵ كێشـەكانی تونـدوتیژی خێزانـی و دژبە ئافرەتان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو كاك شێركۆ.

**بەڕێز شێركۆ جودت مصطفى :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە قسەكانی سەرچنار خان و لیـزا خـان و كـاك چیـا ئەكەم قسـەی منیـان كـرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو كاك سیروان.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
لە ماددەی (٦) لە سێیەم کە ئەتۆ دەڵێی پێویستە وەزارەتی ناوخۆ ئەفسەرێکی تایبەت لەوێ دابمەزرێنێت بە شەرتێکی بنەڕەتی ئافرەت بێت، ئەگەر پیاویش بێت ئیعتیادییە لایەنەکە ئەگەر دەست نەکاو، بەڵام لە شوێنەکا هاتووە ئەڵێت ئەبێت ڕاهێنراو بێت، بۆ هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ کێشەکان ڕاهێنراو چییە، یەعنی زۆری کێشە بینی بێت و، حەلی کردبێت، مشاکلی خەڵکی حەل کردبێت، ئەوە ڕاهێنانە، ڕاهێنراو ئەوەیە کێ ئەکادیمی بێت، ئەکرێت مەرجێك دابنرێت خاڵێك بڕوانامەی توێژەری کۆمەڵایەتی بۆ نموونە، چونکە لە دنیایە وایە ئێکێك کێشە حەل ئەکات دادوەر بێت، یان مەسەلەن ئەیانگەیەنێت بە شوێنێك یەکێکیش ئەگەیەنێت بۆ لای دادوەر، لەبوارەدا ئەگەر پرۆفایلی نەبێت، یەعنی بڕوانامەی هەبێت یان ئەکرێت بڵێت دەرچووی زانکۆ بێت، لە بوارەکانی توێژەری کۆمەڵایەتی یان دادوەری یان شتێك ئەوە زۆر گرنگەو، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
ماددەی (٧)مان بۆ بخوێنەوە بەڕێزان فەرموون.
**بەڕێز لەنجە ابراهیم عبدالرحمن:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (٧) ماددەی (٤) یاساکە هەموار دەکرێتەوە بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:
١-فەرمانی پاراستن یەك دادوەر لەسەر داواکارێکی نووسراو یان زارەکی کە لەلایەن کەسی قوربانییەوە پێشکەش دەکرێت یان ڕاپۆرتێك کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی یان یەکێك لە نووسینگەکانییەوە پێشکەش دەکرێت لە حاڵەتی بوونی مەترسییەك کە هەڕەشە بێت، لەسەر تاکیکی خێزان یان ئافرەتێك دەتوانێت فەرمان دەربکات بە پاراستنی قوربانییەکە و لە یەکێك لەو بنکانە دابنرێت کە بۆ ئەم مەبەستە ئامادە کراون.
٢-پێویستە لەسەر دادگای لێکۆلینەوە یان دادگای تایبەتمەند فەرمانی پاراستنی لاببات لەکاتی دڵنیا بوونی لە نەمانی مەترسی یان هەڕەشە لەسەر ئەو کەسەی کە مافی پاراستنی بۆ بەرژەوەندی دەرکراوە.
٣-هیچ کەسێك بۆی نییە چاوپێکەوتن بکات لەگەڵ ئەو کەسەی فەرمانی پاراستنی بۆ بەرژەوەندی دەرکراوە وبەبێ ڕەزامەندی نووسراو یان ڕەزامەندی نوێنەرە یاساییەکەی ئەگەر نەوجەوان یان شیاوی تەواوی نەبێت، (ناقص الاهلیە) بێت، ئەویش بەسەرپەرشتی توێژەری کۆمەڵایەتی لە بنکەی پاراستن و حەوانەوە بە ئامادەبوونی ئەفسەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی.
٤-پاڵپشت بە داواکاری تاوان لێکراو بنکەکانی پاراستن و حەوانەوە وبەڕێوەبەرایەتی نووسینگەکانی بەرەنگاربوونەوە و توندوتیژی بە هەماهەنگی هەڵدەستن بە هەڵسەنگاندنی دۆخەکەو پێراگەیاندنی بە دادگا بەشێوەی نووسراو.
**دووەم:** فەرمانی دوورخستنەوە: یەك: دادگای لێکۆڵینەوە یان دادگای تایبەتمەند دەتوانێت فەرمانێکی دوورخستنەوە دەربکات بۆ ئەو کەسەی توندوتیژی خێزانی ئەنجامداوە لەماڵی خێزانەکە لەگەڵ بەردەوام بوونی پێدانی خەرجی ژیانی خێزان ئەگەر بە خێوەکەری بێت،.

**دوو**: ئەو کەسەی توندوتیژی خێزانی ئەنجامداوەو لە خێزان دوورخراوەتەوە بەپێی حوکمەکانی خاڵی یەك ئەم برگەیە بۆی نییە پەیوەندی بکات بە تاکەکانی خێزان تەنها بە رەزامەندی ئەوان یان رەزامەندی نوێنەری یاسایی تاکەکانی خێزان نەبێت، ئەگەر تەمەنی (١٨) ساڵانیان تەواو نەکردبێت، یان قوربانییەکە شیاوی تەواوی نەبێت، واتە (ناقص الاهلیە) بێت، چاوپێکەوتنەکەش لە شوێنێك دەکرێت کە دادوەری لێکۆڵینەوە یان دادگای تایبەتمەند دیاری دەکات بەسەرپەرشتی توێژەری کۆمەڵایەتی و بە ئامادەبوونی ئەفسەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی.

**سێ**: بەرێوەبەرایەتی یان نووسینگەی توندوتیژی دژبە ئافرەت و خێزان ئەوەی ماڵی خێزانەکە دەکەوێتە سنووره کارگێرییەکەی چاودێری کردنی پیادەکردنی فەرمانی پاراستن لە ئەستۆدەگرێت وە پێویستە لە حاڵەتی پێشێلکردنی فەرمانی دەستبەجێ دادوەری لێکۆڵینەوەیان دادگای تایبەتمەند ئاگادار بکاتەوە،.

**چوار**: ئەگەر تۆمەتبار ناوجەوان بێت، ئەوا دەخرێتە بنکەی چاکسازی ناوجەوانن یان دەستی یەکێك لە خزمەکانی دەکرێت بەرامبەر بە لێدانی بە پارێزگاری لێکردنی و هێنانی بۆ بەردەم یاسایی تایبەتمەند لە کاتی داواکردنی.

**پێنج**: لە حالەتی پێشێلکردنی مافی خستنەوە سەرپێچی کار حوکمی ماددەی (٤٢١) لە یاسایی سزکانی عێراقی ژمارە (١١١) ساڵی ١٩٦٩ هەموار کراوی لەسەر جێبەجێ دەکرێت بورن ئەو برگەی ئاخیری لادرابوو، بەڵام وابزانم لە تەبع داندرایتەوە لێرە نوقتەی بۆ دێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان لەسەر ماددەی (٧) کێ دەیەوێت قسە بکات؟ باڵانبۆ محمد علی، اسماعیل علی طە، مەم برهان قانع، سەرچنار احمد محمود، ظاهرمحمد علی.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

ماددێ (٧) تێبینیامن یا ئێکێ ئەوەلەن هەر جهەکی قوربانی هات بیت کرن دێ بیتە سکاڵاکار وەکی بەری نۆکە مەگوتیە نە کەلێمەکا یاقانوونیە نەیا قەزایە ژبەهندێ ڤێت بێتە ئەوێ دیکرن تێبینیا (٢) بێژیتن رێزا سێ هەر ش خاڵا (١) بێژیتن توندو تیژی یان یەکێك لە نووسینگەکانی وە پێشکەش دەکرێت بەس پێتڤیە ئەڤ قەیدە بۆ بێتە زێدەکرن ئەگەر سکاڵاکار یێ رازی بیت، یەعنی ئەگەر یێ رازی نەبیت، چاوا دێ ئەڤ تشتە چێ بیت، پێتڤیە سکاڵاکار کابیتن یاڤی خاڵا (٣) هیچ کەسێك بۆی نییە چاوپێکەوتن بکات لەگەڵ ئەو کەسەی فەرمانی پاراستنی بۆ بەرژەوەندی لێکراوە هەتا ئەخیرێ راستی ئەڤە گەلەك گەلەك درێژە ئەگەر بێتە کۆرت کرن وە ئەز ل وێ باوەرێمە خوشکا سەرچنار وەختێ تێبنیاخۆ بێژیت دێ وێ کۆرت کرنێ بێژیتن وە ئەژی پشتەڤانیا دێ وێ کۆرتکرنێ کەم و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك ظاهر.

**بەڕێز ظاهرمحمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی (٢) فەرمانی دوورخستنەوە، ئەمن لە بیدایەتەوەش ئەم پرسیارەم کرد باس لەوە دەکرێت کە دوورخستنەوە بە چ شێوازێك، یەعنی چۆن دوور دەخرێتەوە پرسیار لە لیژنەی تایبەتمەند تکایە وەڵام بدەنەوە بزانین بەچ شێوازێك دوور دەخرێتەوە، لەکوێ دادەنرێت کەسێك هەر رەئیس عائیلەیەکە مەسەلەن لەلایەك ئیجباری دەکەی کە نەفەقەی ئەو خێزانە بکێشیت و دووریشی دەخەیەوە، ئەوە یەك خاڵی (٥) لە حاڵەتی پێشێل کردنی فەرمانی دوور خستنەوەی سەرپێچیکار ماددەی (٢٤١)لە یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە (١١١) ساڵی ١٩٦٩ هەموارکراو لەسەری جێبەجێ دەکرێت، ئەمن نازانم دەقە عەرەبیەکەش بەو شێوەیە کە لە (٧) رۆژ حەوت رۆژە، لێرە ئەگەر جوابی ئەم پرسیارەش بدەنەوە پێم وایە ماوەکەی زیاترەو جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ ئەوەی کوردییەکەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو باڵانبۆ.

**بەڕێز باڵانبۆ محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٧) بڕگەی (١) خاڵی (١) لە دێری کۆتا ئەلێت هەبوونی هەر مەترسیەك کە هەرەشە بێت، لەسەر تاکی خێزان یان ئافرەتێك، من پرسیارەکەم ئەوەیە ئایا ئافرەت تاکی خێزان نییە ئەگەر ئافرەت تاکی خێزانە لێرەدا بۆچی دووبارە جیاکراتەوە، یەعنی نەهجی ئەم پێشنیازە یاسایە دیارە ئەم پێشنیازە یاسایە حەق نەبوو خێزانی تێبکرابایە، بۆ ئەوەی باشتر بتوانرابایە داکۆکی لە مافی ئافرەت بکرایە بەو شێوەیە بایە کە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان یان دژی ئافرەتان بەو شێوەیە دابرێژرابایە، بەراستی ئەوە لەوێ هەر زۆر زۆر هەڵەیەکی واقیعییە، یەعنی ناکرێت تۆ بیهێنی ئافرەت لە خێزان جیابکەیتەوە، سەبارەت بەبڕگەی (٢) خاڵی (١) دەڵێت دادگای تایبەتمەند دەتوانێت فەرمانی دوورخستنەوە بکات، باشە فەرمانی دوورخستنەوە تۆ کابرا لە ماڵەکەی خۆی دائەبڕێت ئەم کابرایە ئەگەر خاوەنی ناحەز بوو باشە تۆ لێرانە ناهێڵی هیچ چاودێری ماڵەکەی خۆی بکات ئاگای لە ماڵ و منداڵەکی بۆ لێرە زەفەری بەم کابرایە هێنا تووشی کێشەیەك بوو کێ بەرپرسیار دەبێت لێی، کێ ئەم بەرپرسیاریەتییە هەڵدەگرێ، خاڵی (٢) ئەو کەسە کە ئەڵێ دوورخراوەتەوە ئەکرێ باوکێك یان دایکێك لەناو خێزانەکەی کێشەیەك لەگەڵ یەکێکیان هەبێت، یان باوك و دایکەکە کێشەیان هەبێت، مەعقوڵ نییە تۆ مەحرومیان کەی لەسەرجەم خێزانەکە، ئەو لە خێزانەکەی کێشەی لەگەڵ یەك کەسدا بووە تۆ مەحرومی ئەکەی لە هەموو کەسەکان، بەراستی ئەمە نا عەدالەتە نەیاسایە نازانم چۆن جێی ئەکەنەوە، لەبەر ئەوە بەهیوام چارەسەری ئەمانە بکرێت هەر وەکو ئەڵێم نەهجی یاساکە دیارە ئەوە بۆ ژنانە نەك بۆ خێزانە ئەگەر هاتوو قبوڵ تان نەکرد بەوەی کە ئافرەتەکە لابرێت، من پێشنیار ئەکەم خێزانەکەی لێی لابەرن، بۆ ئەوەی بتوانرێت بە جوانترین شێوە دابریژرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك مەم.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سەبارەت بە ماددەی (٧) هانم دەدات کە بە ناچاری لە سەر کۆی یاساکە قسە بکەم ماددەی (٧) یەکێکە لەو ماددانەی کە زۆر خراپە لە رووی داڕشتنی زمانەوانی و رێنوسەوە، یەعنی تۆ سەیری بکە هەر بۆ نمونە خاڵی سێیەم یەك فاریزەی تێدایە پێنج دێڕی نوسیوە، خاڵی دواتریش یەك فاریزەی تێدا نییە بە کۆی گشتی ئەوەی کە پەیوەندی بە بڕگەی دووەمەوە هەیە ئایا لیژنەی بەڕێز ئەمەیان داوە بە زمانزانێك پێیدا بچێتەوە لە لیژنەکەتان ئەوە هەیە راوێژکارەکان خەڵکی زمانزان ئەم یاسایە کەم و کوڕی زمانەوانی تێدایە بە نیسبەت خاڵی سێیەم شیاوی تەواوی هەبێت (ناقص الاهلیة) نییە کەم و کوڕی شیاو بوون، یەعنی جێگەی باشتر دەگرێت کەم و کوڕی شیاو بوون (ناقص الاهلیة) ئەمە دەقێکی قانونییە حەوانەوە دیسان پاراستن و حەوانەوە ئیشی ئەو شوێنانە حەوانەوە نییە داڵدەدان دەکات جگە لەوە کە مەسەلەن توند و تیژی خێزانی ئەنجامداوە یەك یاء فەرق دەکات مەفهومەکەی دەگۆڕێت دەبێت بە سیفەت یەعنی عەمەلییەی خێزانی (قصوة العائلیة)، بۆیە ئەگەر خەلەلێکی زمانەوانی هەبێت خەلەلی مەفهوم دروست دەکات وە خەلەلی گشتی دروست دەکات و کێشەی لێ دەکەوێتەوە، سوپاس.
**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، بۆ دەنگدان کە ئامادەی دەکەین دەبێت لە رووی زمانەوانییەوە زۆر باش ئامادە کرابێت، سەرچنار فەرموو.
**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سەرەتا پشتگیری لە وتەکانی دکتۆر اسماعیل دەکەم، ئیزافەیەکیشم هەیە لە بڕگەی یەك لە فەرمانی پاراستندا، چونکە ئەو ماددەیە باس لە دوورخستنەوە و فەرمانی پاراستن دەکات فەرمانی پاراستن دادوەر لە سەر داواکارییەکی نووسراو یان زارەکی کە لەلایەن کەسی قووربانییەوە، ئەگەر زیانلێکەوتوو بێت یان سکاڵاکار بێت زۆر باشتر دەبێت پێشکەش دەکرێت یان راپۆرتێك کە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگار بوونەوەی توندوتیژی یان یەکێك لەو نووسنگانە پێشکەش دەکرێت، ئەگەر رەزامەند بوو یەعنی ئەگەر خودی زیانلێکەوتووەکە یان سکاڵاکارەکە رەزامەند بوو فەرمانی پاراستنی بۆ دەردەکرێت نەك هەر خۆت دەری بکەی، چونکە ناکرێت تۆ بۆ مەسڵەحەتی ئەو ئیش دەکەی، ئینجا ئەمەش بە پاراستنی قووربانییەکە وەکو وتم زیانلێکەوتووەکە یان سکاڵاکارەکە دەبێت بڵێی لە یەکێك لە بنکەکانی پاراستن و حەوانەوە ئەگەر بکرێت بە داڵدەدان ئەوە باشتریش دەبێت، خاڵی سێیەم زۆر دوور و درێژە، وە من سیاغەیەکی ترم بۆ کردووە ئێستا بۆتان دەخوێنمەوە وە دوو قەیدیشی داناوە دەڵێت بە سەرپەرشتی توێژەری کۆمەڵایەتی و بە ئامادەبوونی ئەفسەری بەرەنگاربوونەوە کە قوورسە لە کاتێکدا تۆ بێنە بەرچاوی خۆت ئەو هەموو کەیسانە توێژەری کۆمەڵایەتی سەرپەرشتی بکات هەموو جار ئەفسەرێکی بەرەنگاربوونەوەشی تێدا بێت بەو شێوەیە بێت بە دوو دێرونیو چاوپێکەوتنی فەرمانی پاراستن بۆ دەرکراو تەنها بە رەزامەندی خۆی یان جێگرەوەکەی، یەعنی (أو من یقوم مقامە) دەبێت بە ئامادەبوونی ئەفسەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی یان سەرپەرشتی توێژەری کۆمەڵایەتی بڕگەی سێیەم فەرمانی دوور خستنەوە ئەگەر باسی بکەین بڕگەی چوار تاوانلێکراو بکرێت بە سکاڵاکار یان زیانلێکەوتوو لە فەرمانی دوور خستنەوە هاتووە

دادگای لێکۆڵینەوە یان دادگای تایبەتمەند دەتوانێت فەرمانێکی دوور خستنەوە دەربکات بۆ ئەو کەسە نا دژ بەو کەسەی یەعنی ئەوە یاسایی ترە و باشترە، وە ئەو سیغەیەشم بۆ فەرمانی دوور خستنەوەیە بڕگەی سێیەم باسی فەرمانی پاراستنە فەرمانی دوورخستنەوە هاتووە دەبێت ئەو فەرمانەی پاراستنە بچێتەوە ئەو دیو، چونکە باسی فەرمانی دوور خستنەوە نییە ئەگەر بیخوێنینەوە دیارە باسی دوور خستنەوەیە نەك فەرمانی پاراستن بڕگەی چوارەم ئەگەر تۆمەتبار نەوجەوان بێت ئەوا دەخرێتە بنکەی چاکسازی نەوجەوانان ئایا ئەو بنکەیەمان هەیە؟ ئینجا مەزمونی ئەو بڕگەیەش لە یاسای چاودێری نەوجەوانان هاتووە لەگەڵ ماددەی (١٠٩ و ٢٤٠)ی ئوسوڵ ئەوە باسی کردووە بڕگەی دووەم ئەم دارشتنەم بۆ کردووە چاوپێکەوتنی ئەندامانی خێزان لە لایەن تۆمەتباری دوورخراو بە فەرمانی دادوەر و دادگای تایبەتمەند و رەزامەندی سکاڵاکار یان جێگرەوەی (أو من يقوم مقامه) دەبێت کە دادوەر یان دادگای تایبەتمەند دیاری دەکات بە سەرپەرشتی توێژەری کۆمەڵایەتی یان ئەفسەری بەرەنگار بوونەوەی توند و تیژی ئەوەش لەوێدا قەیدەکە کەم دەکرێتەوە خاڵی پێنجەم لە حاڵەتی پێشێلکردنی فەرمانی دوور خستنەوە سەرپێچیکار حوکمی ماددەی (٢٤١) لە سزای عێراقی ژمارە (١١١) ئەمە تا ئێرە مەعقولە، بەڵام ئەوەی کە هاتووە لە حەوت رۆژ کەمتر نەبێت یان بە پێبژاردنێك ئەوە دەبێت لابچێت ئەگەر لابرابێت ئەوە باشتر، دەستتان خۆش هەر ئەوەندە بوو.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ماددەی دوای ئەو بخوێنینەوە لەسەر ئەساسی ئەو کۆبوونەوەی لەگەڵ بەڕێزان سەرۆکی فراکسیۆنەکان کردوومانە ئێمە پێکەوە راپۆرتی دەنگدان ئامادە دەکەین، فەرموون ماددەی هەشت بخوێننەوە.

**بەڕێز جوان یونس محمد:**

**بەڕێز سەرکی پەرلەمان.**

ماددەی (٨): ماددەی پێنجەمی یاساکە هەموار دەکرێتەوە و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

پێویستە لەسەر دادگای لێکۆڵینەوە پێش ئەوەی دۆسیەکە ئاراستەی دادگای تایبەتمەند بکات تاوانلێکراو و تۆمەتبار رەوانەی ناوەندی راوێژکاری خێزانی بکات لە بەرێوەبەرایەتییەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی یان نووسینگەکانی بە مەبەستی ئەوەی بخرێنە بەردەم شارەزایانی ناوەندەکە و ئەوانەی لە خشتەی شارەزایان تۆمار کراون لە سەرۆکایەتی دادگاکانی تێهەڵچوونەوە بۆ ئاشتکردنەوەی نێوانیان لە کەیسەکانی توندوتیژی خێزانی.

کاری ناوەندی راوێژی خێزانی بە رێنماییەك رێك دەخرێت کە لە لایەن وەزیری ناوخۆ بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی دەردەچوێنرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ لە سەر ئەو ماددەیە قسە دەکات؟ بەڵێ بەڕێزان کاك شاخوان فەرموو.

**بەڕێز شاخوان رؤوف مصطفى :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٨) ماددەی حەوتی یاساکە بە گۆڕینی ماددەی هەشت و هێشتنەوەی سزاکان وەك خۆی زیادەیە، چونکە تەقریبەن تێکەڵەیەك لەبەینی ماددەی حەوت وهەشت هەیە و بەماددەی هەشت و هێشتنەوەی سزاکان وەك خۆی زیادەیە، وە خاڵێکی تر لە پێشتریش باسی

ئەوە کراوە کە وشەی ئافرەت لابراوە، بەڵام ئـێمە وەك ئاماژەمـان پێکـردووە لەگەڵ زیـاد کردنـی وشەی ئافرەت نین هۆکارەکانی پێشتر روون کراوەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەلی زۆر سوپاس، دکتۆر هەورامان فەرموو.

**بەڕێز هەورامان حمە شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبـان، لە راسـتیدا ئەم مـاددەیە شـتێکی زۆر باشـە بە حەقـیقەت ناکرێت ئەگەر شتی باشیش هەبێت وەکو رەخنەمان گرت لەوانەی کە تێبینی شەرعی و یاسـایی ئەوەی کە باسـمانکرد ئەمـڕۆ ئەمەیـان شـتێکی باشـە، چـونکە ئەمە وا دەکـات یاسـاکە بەو جەمسەرەدا نەڕوات هەر خەڵك تاوانبار بکات و خەڵك بەرەو سجن و بەرەو بەنـدینخانە بەرێـت بەڵکو دەستیشی دەگرێت بەرەو چاکسـازی و بەرەو نەسـیحەت و بەرەو چـاکبوونەوە یەعنـی بە خۆداچوونەوە، لەبەرئەوە من تەئیدی ماددەی (٨) دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس دکتۆر، کاك سیروان فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددەی (٨) کە نوسـراوە پێویسـتە لە سـەر دادگاکـان ئەم درێـژی و تەفسـیلییە وەکـو دکتـۆر هەورامـان فەرمـووی نیەتێکـی پـاکی تێـدا نیـیە نـیەتەکە ئاشـتبوونەوەیە نیـیەت لە پێشـدا دەنوسرێت، بۆ ئەوەی کە هەرکەسێك دەخوێنێت ئیتر ئەوە دادوەر بـێ یـا نـا کە سـەیری دەکەی پێویستە لەسەر دادگا لێکۆڵینەوە رەوانە بکات، رەنگە یەکسەر پۆلیسی بۆ حازر بێت بڵێـت وەرن پێشـم کەون نـا مـن داڕشـتنەوەکەی بە بەسـیتی نوسـیمەتەوە بـۆ لیـژنەی بەڕێـز ئەگەر بکرێـت، چونکە مەبەسـتی پـاکی لە پێشـدا دەوترێـت هەدەفەکە لە پێشـدا دەوترێـت داڕشـتنەکە وابێـت مەبەستی ئاشـتکردنەوەی نێوانیـان لە کەیسـەکانی توونـد و تیـژی پێویسـتە ئەم کـارانە بکرێـت ئەگەر ئەوە بکرێت کارێکی باشە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەپاس، مژدە خان فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٨) برگەی یەکەم پێشنیار دەکەم بەو شێوەیە لێ بکرێت، پێویستە لە سـەر دادگـای لێکـۆڵینەوە پـێش ئەوەی دۆسـیەکە ئاڕاسـتەی دادگـای تایبەتمەنـد بکـات سـکاڵاکار و سـکاڵالێکراو رەوانەی ناوەنـدی راوێـژی خێزانـی بکـات کـورت بکـرێتەوە هەتـا ناوەنـدی راوێـژی خێزانی بکات بۆ ئاشتکردنەوەی نێوانیان لەکەیسەکانی تووند و تیـژی خێزانـی یەعنـی ئەو سـێ دێڕەی لێ لابرێت، و سەبارەت بەخاڵی دووەمیش وەزیری ناوخۆ پێموایە زیادەیە بەس تـایبەتە بە کاروباری کۆمەڵایەتی، دەستتان خۆش بێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مامۆستا عثمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای ڕەخنەکانیشم دەستخۆشیشم هەیە ئەو ماددەی (٨) بڕگەی یەکەم ڕێك ئەو ئەو ئایەتەی خوای گەورە دەفەرمووت (وإن خفتم شقاق بينهما فابعثوا حكما من أهله وحكما من أهلها إن يريدا إصلاحا يوفق الله بينهما)، بەڵام یەك داواکاریم هەیە بڕگەی دووەم بکرێتە کاری ناوەندی ئاشتەوایی خێزانی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا ئەمە زۆر زۆر گرنگە بەر لەوەی قۆناغی دادگایی و کاری دادگاکان دەست پێ بکات ئەم کێشانە ئاڕاستەی بنکەیەکی لەم جۆرە بکرێن ناوەندێکی لەم جۆرە بۆ ئاشتەوایی، بەڵام کێشەکە لەوەیە زۆرێك لەو هەواڵانەی یا لەو سکاڵایانەی کەهەن سکاڵاکار یان زیانلێکەوتوو نایەوێت ببێتە قەزییەیەکی سکاڵا و دادگا و لێکۆڵینەوە و ئەوانە، یەعنی دەیان حاڵەت هەبووە دەیگوت من بەیەك مەرج ئامادەم سکاڵا بکەم ئەویش نەچێتە پۆلیس ودادگا ومەحکومە کێشەکە ئەمەیە وێنەیەکم کەوتۆتە لای گەنجێك ئێستا هەڕەشەم لێ دەکات نامەوێت باوکم بزانێت نامەوێ دایکم بزانێت، جا بەرلەوەی ببێتە سکاڵا بنێردرێتە ئەم ناوەندی راوێژی خێزانییە ئەگەر ناوەندی راوێژی خێزانی پێی باش بوو ببێتە سکاڵا راوێژیشم لەگەڵ ناوەندی راوێژی خێزانیانە کردووە لە شارەکان پێیان باشە دۆسیەی لەم جۆرە توونە و تیژی بەر لەوەی ببێتە سکاڵا ببرێتە لای ئەوان هیوادارم ئەو داوایەم موراعات بکەن خاڵێکی تر لە پێکهاتەی ناوەندی راوێژی خێزانی من پێم باشە پێکهاتەکەی بنوسرێت ئەویش ئەوەیە پێك بێت لە توێژەر و شارەزایانی کۆمەڵایەتی و دەروونی و دوو مامۆستای ئاینی شارەزا لە بوارەکانی شەرع لە شارەکاندا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، سەرچنار خان فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٨) دەڵێت پێویستە لەسەر دادگای لێکۆڵینەوە پێش ئەوەی دۆسیەکە ئاڕاستەی دادگای تایبەتمەند بکات ئەمە یەعنی لە دادگای لێکۆڵینەوە ئیجرائاتی خۆی تەواو کردووە، بەڵام کە دەنێرێت بۆ مەحکەمەی مەوزوع ئیتر ئایا جونحە جنایاتە هەر چیێکە ئا لەو حاڵەتە، بەڵام ئەوە نیە کە هەر نەچووبێتە مەحکەمە، چونکە ئەوە سیفەتی سکاڵاکار و تاوانلێکراویش کە دەتوانین بیکەین بە سکاڵاکار لەگەڵ تۆمەتبار ئاگامان لەو مولاحەزەیە بێت، ئینجا بۆ داڕشتنەوەی ئەمە زۆر دوور و درێژە مەتنی قانونیش تا کورت بێت من ئەو تێبینیەم هەیە لە سەر دادگای لێکۆڵینەوە پێش ئەوەی دۆسیەکە ئاڕاستەی دادگای تایبەتمەند بکات

سکاڵاکار و تۆمەتبار رەوانەی ناوەندێکی راوێژکاری خێزانی بکات لێرەوە لابرێت هەتا بۆ ئاشتکردنەوەی نێوانیان لە کەیسەکانی توند وتیژی خێزانی، چونکە ئەو بابەتەی خەبیر و ئەوانە زۆر قورسە لەو بابەتەدا ئیجرائاتێکی زیادیشە بڕگەی دووەم کاری ناوەندی راوێژی خێزانی بە رێنماییەك رێك دەخرێت کە لەلایەن وەزیری ناوخۆ لابرێت هەر وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، چونکە پێشتریش باسمانکرد ئەم بابەتە زیاتر لە ئیختساسی وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتییە تا وەزیری ناوخۆ...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ناوەندی راوێژی خێزانی سەر بە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بێت ئەوان دەری دەکەن، بەس ئەگەر سەر بە وەزارەتی ناوخۆ بێت بێگومان وەزارەتی ناوخۆ، بەڕێزان ماددەی (٩) بخوێننەوە.

**بەڕێز جوان یونس محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٩):

دەقی ماددەی شەشەمی یاساکە هەڵدەوەشێتەوە و ئەم دەقەی خوارەوەش شوێنی دەگرێتەوە:

پێویستە لەسەر وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی لەهەرێم بنکەی پاراستن وحەوانەوە بۆ قووربانیانی توندوتیژی خێزانی و دژ بە ئافرەت دابین بکات ئەو شوێنانەش دەکەونە ژێر باری چاودێری داواکاری گشتی و پاراستنی وەزارەتی ناوخۆ.

قوربانیانی توندوتیژی خێزانی و دژ بە ئافرەت تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی دەیانگرێتەوە.

پێویستە لەسەر وەزارەتی تەندروستی چاودێری تەندروستی تەواو بەبێ بەرامبەر بۆ قوربانیانی توندوتیژی دابین بکات وبنکەی پێویست لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێم بۆ چارەسەری دەروونی و جەستەیی تاوانلێکراوان بکاتەوە.

پێویستە لەسەر وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی سەر لە نوێ شیاندنی قوربانیانی توند و تیژی خێزانی و دژ بە ئافرەت بکەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان کێ قسەی هەیە، دکتۆر هەورامان فەرموو.

**بەڕێز هەورامان حمه شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، بەراستی تەئید دەکەم ماددەیەکی زۆر باشە، بەڵام لایەنە عەمەلییەکەی ئایا بە چ میکانیزمێك دەبێت؟ تەبعەن پێویستی بە شوێن هەیە، پێویستی بە کارمەند هەیە، پێویستی بە خەڵکی پسپۆڕ هەیە بە راستی بۆ ئەم بابەتە من پێم باشە ئیستیعانە بکرێت بە دوو بەش بۆ دروست کردنی شوێنەکانی ئیستیعانە بکرێت بەو خوا پێداوانە یان بەوانەی کە لە شارەکاندا وەبەرهێنەرن زەوی باشیان پێ دەدرێت بە مەرج بکرێت لە سەریان کە بتوانن ئەم ناوەندانە دروست بکەن، وە خەڵکی بۆ تەعین بکەن بە مەرج بکرێت لە سەریان، بۆ ئەوەی دروستی بکەن جاری وا هەیە لەوانەیە شتێکی تریان پی دروست بکەن بە قەد ئەمە ئیستیفادەی بۆ لایەنی عام نەبێت دووەم بە راستی مامۆستایانێکی زۆر هەن کە لەم بوارە

پسپۆڕن ئیستیعانەیان پێ بکرێت بە تایبەت مامۆستایانی ئایینی وەکو مامۆستا عمریش فەرمووی پێشتر، چونکە ئەوان قسەیان مەسموحە و گوێلێگیراون لە لایەن خەڵکەوە، وە تەئسیریشیان لە سەر خەڵك هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، مژدە خان فەرمووو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٩) بڕگەی یەکەم پێشنیار دەکەم بەو شێوەیە لێ بکرێت، پێویستە لەسەر وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی لە هەرێمەکە لابرێت، زیادە بنکەی پاراستن و حەوانەوە بۆ قوربانیان بکرێتە زیانلێکەوتووانی توونـدوتیژی خێزانی و دژ بەئافرەت دابین بکات ما باقی لابرێت، و سەبارەت بە خاڵی چوارەم قوربانیانی توونـد و تیژی خێزانی دژ بەئافرەت بکرێتە زیانلێکەوتووان، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس دەستخۆش، مامۆستا عمر فەرمووو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم دوو سێ خاڵە زۆر زۆر گرنگن دەتوانم بڵێم شتێکی زۆر باشن لە یاساکە، بەڵام بەداخەوە هەرسێکی کەم و کورتییەکی زۆر زۆر گەورەی تێدایە، ئەو شوێنانەی کە هەن بۆ داڵدەدانی ژنان لە کوردستان بەراستی هێندە ئاستیان خراپە هێندە شوێنەکان نەگونجاون و هێندە ناشایستەن دەتوانم بڵێم هەموو ئەوانەی داڵدەدەرێن زوڵمیان لێ دەکرێت وەکو سجنێکی موحتەرەم وان و لە سجنیش خراپترە، کەیس هەبووە حەوت دانە ساڵ لەوێ ماوەتەوە لە چوارچێوەی چەند بینا و پەنجەرەیەکدا نەباخچەیەکی گونجاو نەکافتریایەکی گونجاو نەخزمەتگوزارییەکی گونجاو نەتوێژەری کۆمەڵایەتی ودەروونی وپزیشکی وەکو ژمارەی پێویست لەو شوێنانە نییە، بۆیە ئەمە یەکێك لە ئەرکە گەورەکانە کە بەداخەوە ئێستا نییە، ئینجا یەکێکی تر لە خراپییەکانی ئەو شوێنانە من پێم باشە ئەمەی بۆ زیاد بکرێت بنکەی گونجاو و شیاو، چونکە ئەو شوێنانە نابێت تێکەڵ کردنی هەموو کەیسەکانی تێدا بێت بەداخەوە کەیس هەیە زۆر رەفتاری خراپ فێر بووە، بەڵام لەبەر تۆڵە کردنەوەی کۆمەڵگە و تێپەڕاندن لە تۆڵە کردنەوە هێنراوەتە ئەوێ بۆ نمونە ئافرەتمان هەبووە خیانەتی لە مێردەکەی کردووە هێنراوە لەوێ کچیشت هەیە تەمەنی حەڤدە ساڵ هیچ تاوانێك نازانێت لەگەڵ ئەوانە هەموو تێکەڵ دەکەی فێری خیانەت دەبێت فێری خراپەکاری دەبێت، بۆیە دەبێت ئەو بینایانە پۆلێنکراو بن یەعنی گونجاو و شیاو بن خاڵێکی تر پێویستە لە سەر وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی سەرلەنوێ وشەی شیاندن گونجاو نییە

سەرلەنوێ خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی و دەروونی و رۆشنبیری پێشکەش بە قووربانیانی توندوتیژی خێزانی بکەن لە کاتی مانەوەیان لەماڵەکانی داڵدەدان، واتا وشەی شیاندن لابەرین لە بڕی ئەوە خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی و دەروونی و رۆشنبیریان پێشکەش بکرێت، خاڵێکی تر بڕگەی دووەمە بەداخەوە نە ئەمانە تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی دەیانگرێتەوە هیچ ئافرەت و ژنێك کە سەرچاوەی بژێوی ژیانی نییە نە هیچ منداڵێکی بێ سەرپەرشت، بۆیە من پێم باشە لێرە تەحدید بکرێت حکومەت بۆی پابەند بێت هەر ئەو قوربانییانە چوونە ناو ماڵەکانی داڵدەدان یەکسەر بینە خاوەنی مانگانە بە لای کەمەوە حەفتا و پێنج هەزار دینار بۆ خەرجییەکانیان ئەمە لە سەر وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی پێویست بکرێت، وە لە کاتی چوونە دەرەوەشیان ئەگەر هیچ سەرچاوەی بژێوی ژیانیان نەبوو بڕی سەد و پەنجا هەزار دینار بۆ دابین بکرێت وەکو هاوکاری کۆمەڵایەتی واتا ئەو بڕە پارانە دەستنیشان بکرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، مامۆستا عثمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو یاسایەی کە هەموار دەکرێتەوە لەگەڵ ئەو یاسایەی تر کە پێویستمان بەوەیە، یەعنی بەراستی ئەو ئاڕاستەی ئافرەتان یا ژنان یا هەر چی هەبێت بەو نەفەسەوە نەبێت لێرەدا توندوتیژییەکە هەر لە دژی ئافرەتە ئێمە گوتمان ئەگەر پیاوەکەش توند و تیژی بەرامبەر کرا، بەڕێز سەرۆکی لیژنەی مافی ئافرەتان باسی ئەوەی کرد کە ئافرەتێك نەساغە و شێرپەنجەی هەیە و پیاوەکەی بە زۆری تەعەدای لێدەکات و ئەو حاڵەتانە ئەو ئایەتەی خوای گەورە کە دەفەرمووت (انكِحُوا مَا طَابَ لَكُم مِّنَ النِّسَاءِ مَثْنَىٰ وَثُلَاثَ وَرُبَاعَ ۖ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تَعْدِلُوا فَوَاحِدَةً) ئەوە لێرە دەزانن توانای ماددی و مەعنەوی هەیە ئەو پیاوە دەبا فەقەرەیەکیش بۆ ئەوە زیاد بکەین بۆ ئەوەی ئەو هەموو رەشبینییە بۆ ئەو یاسا و پڕۆژەیە نەمێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزت، کاك سیروان فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە خاڵی دووەمی ماددەی نۆ یەکەم و دووەم تەقریبەن دووەم بچێتە لای یەکەم، چونکە هەمان شێوەیە، بەڵام من سەرنجێکم هەیە دووەم دەڵێت قوربانیانی توند و تیژی خێزانی دژ بە ئافرەت تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی دەیانگرێتەوە، یەعنی بۆ روونی نانوسن هاوکاری دەکرێن وا نییە؟ یەعنی مەبەست ئەوەیە...

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەس ناوەکەی ئەوەیە.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ دەیانگرێتەوە، بەڵام من شتێکی تر دەڵێم واقیع شتێکە و نوسین شتێکی ترە ئێمە هەندێك پرسیارمان کرد من ناوی دەنێنم پرسیارە بێ وەڵامەکان چەندین هاوڕێمان پرسیاری لە لیژنەی بەڕێز کرد ئایا لاپرستان بە حکومەت کردووە باری داراییەکەی هەڵیدەگرێت؟ هەفتەی پێشووتر لە سلێمانی هەموو ئەو تۆڕی کۆمەڵایەتییانە و خانەی نەوجەوانان و بەساڵاچووان و ئەمانە خواردنیان نەبوو نانیان لەبەر ئەوەی کۆمپانیای خواردنەکە پارەی وەرنەدەگرت چووین سواڵمان بۆ کردوون ئێستا هەموو بەڕێوەبەرەکان گوێمان لێبێت سواڵمان بۆ کردوون سواڵی نان و سەموون و خواردن و برنجمان بۆ کردووە کێ زامنی ئەمە دەکات ئەمەش بێتە سەرەوە وە ئەوە ناکرێت یەعنی ئەو خانانە مامۆستا عمر خۆی لە ئیشەکەدا بوو وەك پەرلەمانتار و پێشووتریش وەك توێژەر لەو ئیشە کارم کردووە ئاگام لێیە چ بەڵایەکیان بەسەردا دێت منداڵ جلی لەبەردا نییە ئافرەتەکان کە دەچن لەوێ دەڵێ دەخوێنین دەفتەر و قەڵەم نییە، ئینجا خواردن نییە پارەی دەرەوەچوون ئەمە چۆن زامن دەکرێت تکایە زیاتر لە سەری بووەستن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ئەو زیادکردنی ئەو بڕگەیە بە ئامادەبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرا بە ئامادەبوونی بەڕێزیان لە کۆبوونەوەکە کراوە و ڕەزامەندی پێ وەرگیراوە، سەرچنار خان فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە وتەکانی مژدە خان دەکەم کە ئەو هەرێمی زیادە، لەبەر ئەوەی کە دەڵێت وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی مەبەستت لە هەرێمە، وە دێڕی سێیەمیش زیادە یەعمی ئەوە تەحسیڵ حاسڵە لابرێت دەڵێت پێویستە لە سەر وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بنکەی پاراستن و حەوانەوە و زیانلێکەوتووانی توند و تیژی خێزانی دابین بکات ئیتر ئەو شوێنەش دەکەوێتە ژێر باری چاودێری داواکاری گشتی و پاراستنی وەزارەتی ناوخۆ تەحسیڵ حاسڵە و لابرێت و ئەوەندە درێژ نەکرێتەوە بڕگەی دووەم قووربانی بکرێت بە زیانلێکەوتوو بڕگەی سێیەم ئیدارە سەربەخۆکان لابرێت قووربانییەکە بکرێت بە زیانلێکەوتوو بڕگەی چوارەم هەر قووربانییەکە دیسان بکرێتە زیانلێکەوتوو و توند و تیژی خێزانی و دژ بە ئافرەتەکە لابرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك جنان فەرموو.

**بەڕێز جنان جبار بویا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٦) یەکەم دەڵێت لە ناوەندی هەر پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان و قەزاکان دادگایەکی لێکۆڵینەوە و دادگایەکی تایبەتمەند بە پرسی توند و تیژی پێکدەهێنرێت من پێشنیار دەکەم لە سێیەم ماددەی (٩) پێویستە لە سەر وەزارەتی تەندروستی چاودێری تەندروستی تەواو بە بێ بەرامبەر بۆ قووربانییانی توند و تیژی دژ بە ئافرەتان دابین بکات و

بنکەی پێویست لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێم و قەزاکان زیاد بکرێت هاوشێوەی ماددەی (٦) یەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵی زۆر سوپاس، دکتۆر اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخفتنێت من ژ لایێ خوشکا سەرچنار هاتە گۆتن ئەز پشتەوانێ بۆچوونێت وێمە گەل خوشکا مژدە و گەل سەیدا عمر فیعلەن پێتقییە ئەو جە جهەکێ ملایم و مناسب بیت بۆ حەواندنا وان کەسا، گەلەك سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەمە لە ماددە زۆر باشەکانی پێشنیازە یاساکەن هیوادارم کە قسەتان کرد بڵێن پێشنیازە یاساکە هەندێك رووی گەشیشی تێدایە، ماددەی (١٠).

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٠):

دەقی ماددەی حەوتەمی یاساکە هەڵدەوەشێتەوە ئەم دەقەی خوارەوە شوێنی دەگرێتەوە:

وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیری ناوخۆ و ئەنجومەنی باڵای خانمان و فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکان چۆنییەتی کارکردنی رێکخراوەکانی تایبەت بە توونـد و تیـژی خێزانـی و دژ بە ئـافرەت لەگەڵ بـنکەی پاراسـتن و حەوانەوە بەرێنمـاییەك رێـك دەخات.

پێویستە ئەنجومەنی باڵای خانمان بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ و ئەوقاف و تەندروستی و کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و پەروەردە و خوێندنی باڵا و رۆشنبیری و لاوان و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ورێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی کار بۆ چەسپاندنی رۆشنبیری و بەرەنگاربوونەوەی توونـد و تیژی خێزانی و دژ بە ئافرەت بکەن.

پێویستە وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا و رۆشنبیری و لاوان رۆشنبیری بەرنگاربوونەوەی توونـد و تیژی خێزانی و دژ بە ئافرەت بخەنە ناو پرۆگرامەکانی خوێندن لە قوتابخانە و زانکۆ و پەیمانگا حکومی و ناحکومییەکان.

وەزارەتـی رۆشـنبیری وەرزش و لاوان رێنمـایی پێویسـت بـۆ چـۆنییەتی رووماڵی میـدیایی کەیسەکانی توونـد و تیژی خێزانی و دژ بە ئافرەت دەردەکات، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان کێ دەیەوێ قسە بکات؟ (دکتۆر اسماعیل و دکتۆر هەورامان و مامۆستا شەمۆل)، مامۆستا شەمۆل فەرموو.

**بەڕێز شەمۆل اشین صابر:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سەبارەت بە ماددەی (١٠) خاڵی سێیەم کە دەڵێت پێویستە وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا و ڕۆشنبیری و لاوان ڕۆشنبیری بەرنگاربوونەوەی توند و تیژی خێزانی و دژ بە ئافرەت بخەنە ناو پڕۆگرامەکانی خوێندن لە قوتابخانە و زانکۆ و پەیمانگا حکومی و ناحکومییەکان من پێشنیار دەکەم وەزارەتی ئەوقافیشی بۆ زیاد بکرێت، چونکە لە ئێستادا خوێندنگا ئیسلامییەکان چوونەتە سەر وەزارەتی ئەوقاف و هیچ پەیوەندییان بە وەزارەتی پەروەردەوە نەماوە، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس مامۆستا، دکتۆر هەورامان فەرموو.
**بەڕێز هەورامان حمە شریف:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
بەناو خوای بەخشندەی میهرەبان، ئەم ماددەیەش زۆر گرنگە، چونکە ئەگەر دیقەت بدەین چەند وەزارەتێك هەموو موشتەرەکن لەم بابەتە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، وەزارەتی ناوخۆ، ئەنجومەنی باڵای خانمان، فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان، وەزارەتی ئەوقاف، وەزارەتی تەندروستی، وەزارەتی خوێندنی باڵا، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان یەعنی ئەوە حەوت وەزارەت و شوێنی تایبەتمەند، بەڵام دیارە (العبرة بالتطبيق) عیبرەتیش بە جێبەجێ کردنە نەك تەنها (الحبر على الورق) بێت ئەوەی زۆر بەڵامەوە زۆر گرنگ بێت خاڵی چوار وەزارەتی ڕۆشنبیری وەرزش و لاوان ڕێنمایی پێویست دەربکات بۆ چۆنییەتی ئەمە زۆر زۆر گرنگە بە ڕاستی، چونکە جاری وا هەیە حاڵەتێك دروست دەبێت کەناڵی وا هەیە فووی پێ دەکات لەبەر بەرژەوەندییەکی خۆی کاتێك دەزانێت سلبیاتێکی زۆر گەورە لەناو کۆمەڵگادا دروست دەکات، بۆیە ئەم بابەتە لە هەموو شتێك گرنگترە بە ڕاستی جاری وا هەیە حاڵەتێك دروست دەبێت بەس خۆی دراوسێکەی و ئەو خێزانە دەزانن، بەڵام کاتێك ئیعلام دەچێتە ئەوێ و بابەتەکە بڵاو دەکاتەوە حاڵەتێکی کوشتن دروست بووە و بە سلبیات دەشکێتەوە، سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس کاك دکتۆر، مامۆستا عمر فەرموو.
**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سەبارەت بە ماددەی (١٠) بڕگەی یەکەم من لەگەڵ ئەوە نیم بەڕاستی کە ئەم کار و مامەڵەکردن لەگەڵ ماڵی داڵدەدان و ژنانی هەڕەشەلێکراو و ڕێکخراوەکانی ژنان تێیدا بەشدار بن بەداخەوە هەندێك لە ڕێکخراوەکانی ژنان ناڵێم هەموویان ڕێکخراوی باشیان تێدایە، بەڵام هەندێکیان ئەجێندای تایبەت بە خۆیانیان هەیە ئەجێندایان هەیە کە ناگونجێن لەگەڵ بەها و نەریتەکانی کۆمەڵگای ئێمە لەگەڵ ئایینی کۆمەڵگای ئێمە، وە هەندێکیان ئەسڵەن ئەجێندای سەرف بیانی خەرج دەکەن و لە پشتیانە من بۆخۆم سکاڵام هەیە لە سەر ڕێکخراوێك لەم بارەیەوە کە خۆی وەکو ڕێکخراوی ژنان دەناسێنێت، بەڵام لە ڕاستیدا کاری تر دەکات کە دژی بەها و نەریتی ئەم کۆمەڵگایە و ژیانی سەلامەتی ئەم کۆمەڵگایەن، بۆیە من دژی ئەوەم ئەم بڕگەیە هەبێت وە

بڕگەی یەکەم تکایە لاببرێت، وە خاڵی چوارەم وەزارەتی رۆشنبیری وەرزش و لاوان رێنمایی پێویست بۆ چۆنییەتی رووماڵی میدیایی کەیسەکانی توند و تیژی خێزانی و دژ بە ئافرەت بە هەماهەنگی کاروباری کۆمەڵایەتی چونکە ئەمە بە راستی لە رووی شارەزاییەوە توێژەرە شارەزاکانی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی دەتوانن هاوکاری وەزارەتی رۆشنبیری بکەن بۆ دەرکردنی ئەو رێنماییە و چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵیاندا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵی زۆر سوپاس، دکتۆر اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینییا من یا ئێکێ ئەز پشتگیرییا مامۆستا عمری دکەم رێکخراو ڤەکری نەبیت رێکخراوێت ژنا، چونکی دیارە هندەکا هندەك ئارمانجێت تایبەت یێت هەین چێتبیت ببتە ئەگەرێ زەرەر و زیانێ تێبینییا من یا دوویێ خالا دوویێ رێزا ئەخیری دبێژیت پەیوەندیدار کار بۆ چەسپاندنی رۆشنبیری چەوا چەسپاندن تەسبیت چەسپاندن بەلاڤ کرن و گەشەپێدانا رۆشنبیرییێیە کەلیما تەسبیتێ یا خەلەتە خالا سێیێ پێویستە وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی بالا ئو دیڤرا هاتییە رۆشنبیری و لاوان ئێ باشە وەزارەتا پەروەردێ و خوێندنی بالا ئەوانا قۆناغێت هەین و دەرسا ددەن و پەیرەو پرۆگرام و مەنهەج یێ هەی رۆشنبیری و لاوان چ پەیوەندی پێڤە هەیە بێتە ناڤدا یەعنی ئەز بینم بەس وەزارەتا پەروەردێ و وەزارەتا خوێندنی بالا تنێ مەعنیێنە مەنهەجەکێ دانێن بێتە خاندن چ بۆ یێت ئەهلی چ بۆ یێت حکومی، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ تێبینییەکانت کاك دکتۆر، کاك مەم فەرموو.

**بەڕێز مەم بورهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٠) خاڵی یەکەم دەڵێ و فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکان کە زیاتر لە چوار هەزار رێکخراوی تێدا تۆمار کراوە راوێژ بە هەر چوار هەزاری دەکرێت؟ فەرمانگەکە بەس ئیشی تۆمار کردنە بە زیادی دەبینم فەرمانگەکان لێرەدا پێویستە جێگای دەستەی مافی مرۆڤ بکرێتەوە یەعنی رۆڵی هەبێت، وە لە خاڵی یەکەم و خاڵی دووەمیش کە دوو جار ئەنجومەنی باڵای خانمان هاتووە دیسانەوە جەخت لەو قسانەمان دەکاتەوە لەو پرۆژە یاسایە ئەولەوییەت بۆ ئافرەتە نەوەك بۆ مەسەلەی خێزان ئەو نوقتەیە نەزەری ئیعتیبار وەربگرن کە پەیوەندیدارە بە مەسەلەی کۆی گشتی خێزان کە ئێمە قسەی لە سەر دەکەین خاڵی دووەم بەم شێوەیە لێ بکرێت ئەوە ئەنجومەنی باڵای خانمان بە بڕوای من دەستەی مافی مرۆڤ ئەولەوییەتی پێ بدرێت نوسراوە لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ و ئەوقاف و تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی و پەروەردە و خوێندنی باڵا و رۆشبیری و لاوان هەست دەکەی ناوی وەزارەتێکە وەزارەتێکمان هەیە سێ چوار واوی لە بەینە لێرە پێویست دەکات بڵێین وەزارەتەکانی ناوخۆ فاریزە ئەوقاف فاریزە تەندروستی فاریزە کاروباری کۆمەڵایەتی فاریزە پەروەردە فاریزە خوێندنی باڵا، وە هەروەها رۆشنبیری و لاوان و رێکخراوە نێودەوڵەتی و ئەوانە بە نیسبەت خاڵی سێیەم ئەوەی کە رۆشنبیری خێزانی و توند و تیژی خێزانی لێرەشدا هەر لەگەڵ ئەوەدام دژ بە ئافرەت

لابریێت وەكو باسمان كرد خاڵی چوارەم بە بڕوای من زۆر خراپە من لەوانەم ڕەنگە ڕەئی ناكۆكم لەگەڵ هەندێك هاوپیشەكانم هەبێت خاڵی چوارەم زۆر خراپە ئێمە یاسایەكمان هەیە لە كوردستان یاسای ڕۆژنامەگەرییە یاسای ڕۆژنامەگەری ژمارە (٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٧) پاشبەندێكی هەیە پرەنسیبەكانی ئەتێكی ڕۆژنامەنوسی فیدراسیۆنی نێودەڵەتی كراوە بە مولحەق قووەتی قانونی پێدراوە مادام ئەوەیە لەناو ئەمەدا دەڵێت هەر جۆرە بابەتێك بڵاو بكرێتەوە توونـد و تیژی بێت فلان بێت فیسار بێت ئەمانە ناكۆكن لەگەڵ پرەنسیبەكانی ئەتێك و چوارچێوەی قانونی پێدراوە سزا و غەرامەی بۆ دانراوە مادام ئێمە یاسایەكمان هەیە ئەم حاڵەتی توونـد و تیژی و ئەو شتانە ڕێك دەخات لەو چوارچێوەیەدا دووەمیان بەراستی لە ماوەی ڕابردوودا وەزارەتی ڕۆشنبیری هەندێك ڕێنمایی دەركردووە من لەناو لیژنەی ڕۆشنبیری مناقەشەم كرد ڕێنماییەكان ناكۆك بوون لەگەڵ یاسای ڕۆژنامەگەری ئێستا بۆچی وەزارەتی ڕۆشنبیری بێت ڕێنمایی بۆ چۆنییەتی رووماڵكردنی میدیایی دەربكات خۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن نییە كە ئێمە نیمانە وەزارەتی ڕۆشنبیرییە جگە لەوە ناوەكەتان بە غەڵەت نوسیوە وەزارەتی ڕۆشنبیری و وەرزش و لاوان نییە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانە خاڵی چوارەم لابرێت من تكا دەكەم داوا دەكەم لابرێت هیوادارم پشتیوانی لەم پێشنیازە بكەن ئەمە لابرێت خزمەتی ئەم یاسایە دەكات واز لە وەزارەتی ڕۆشنبیری بێنین با ڕێنمایی بۆ ئەم مەسەلەیە دەرنەكات یاسامان هەیە ئەم حاڵەتە ڕێكخستووە، زۆر سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، سەرچنار خان فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا پشتیوانی لە مامۆستا عمر و دكتۆر اسماعیل و كاك مەم دەكەم ئیزافەیەكیشم هەیە لە بڕگەی یەكەمدا دەڵێت وەزیری كار و كاروباری كۆمەڵایەتی لەگەڵ وەزیری ناوخۆ جارێ ئەمە وەزیرە یا وەزارەتە با یەكلایی ببینەوە لەوە ڕێنمایی وەزارەت دەردەكات...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

وەزیر دەردەكات.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەزارەت دەدردەكات لەم بڕگەیەدا دەڵێت وەزارەتی ڕۆشنبیری ڕێنمایی دەردەكات ئەوەتا وەزارەت نوسراوە یەكلایی ببینەوە خۆی وەزیر دەردەكات مەبەست لێرەدا وەزیر و وەزارەت و ئەمانە با یەك بخرێتەوە جا بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی باڵای خانمان و فەرمانگەی ڕێكخراوە ناحكوییەكان ئەمانە هەمووی زیادە هەر موڵاحەزاتێكیان هەیە بدەن بەو دوو وەزارەتە ئیتر ناكرێت لێرە پەنجا ڕێكخراو بێت و ئەنجومەنی باڵای خانمان و لایەنگیری پێوە دیار بێت و ئێمە لە سەرەتاوە دەڵێین دژ بە ئافرەتەكە نەمێنێت ئێستا ئەنجومەنی باڵای خانمان زەق دەكرێتەوە خۆی جێگای پرسیارە، وە خاڵی دووەم ئەنجومەنی باڵای خانمان دیسان

هاتۆتەوە بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ و ئەوقاف ئەمانە هیچی لەگەڵی نیم ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان تەدەخولە لە سیادەی ئێمە وە خازع نییە بۆ قەوانینی ناوخۆی ئێمە، وە ئەوەی کە دەڵێت دەیپارێزێت ئەوە ئیشی دەوڵەتە ماددەی (٢٩) فەقەرەیەکی دەستوورمان هەیە کە دەوڵەت دەیپارێزێت دەبێت دەوڵەت قیەمی دینی و ئەخلاقی و وەتەنی بپارێزێت نەك ئەم ڕێکخراوە و ئەمانە ئێمە دەتوانین ئاوای لێ بکەین لایەنە پەیوەندیدارەکان هاوکار دەبن لە جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە ئیتر پێویست ناکات دوور و درێژ بێتەوە خاڵی سێیەم پێویستە وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا ئەو ڕۆشنبیری و لاوانە لابرێت خۆ ئەوە نە مەنهەجی هەیە و نە پەروەردەیە و نە خوێندنی باڵایە مادام باسی پرۆگرامەکان دەکات تایبەتە بەو دوو وەزارەتە ئەگەر بۆ دیراساتی ئیسلامی و ئەوقافیشی بۆ زیاد بکرێت ئەوە باشتر، وە خاڵی چوارەم وەزارەتی ڕۆشنبیری کە دەڵێم هاتووە ڕێنمایی دەردەکات بە وەزارەت هێنراوە ئەگەر دیقەت بدەن ئەمە چەند وەزیر و وەزارەت ڕێنمایی دەردەکات ناوخۆی تێدایە کاروباری کۆمەڵایەتی تێدایە ڕۆشنبیری تێدایە ئەنجومەنی وەزیرانی تێدایە یەك دونیا شتی تێدایە ئایا ئەمانە تەزاروب دروست ناکەن دوایی لە ئیختیساسەکانیان؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، مژدە خان فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە قسەکانی سەرچنار خان دەکەم، وە سەبارەت بە خاڵی چواری ئەم ماددەیە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان وەرزشەکە زیادەیە، دەستخۆش.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی دوای ئەوە بەڕێزان.

**لنجە ابراهیم عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١١):

ماددەیەك بە زنجیرەی ماددەی هەشتەم بۆ یاساکە زیاد دەکرێت، وە زنجیرەی ماددەکانی تر سەر لە نوێ ڕێك دەخرێتەوە و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

ماددەی هەشتەم:

هەر کەسێك توند و تیژی خێزانی و دژ بە ئافرەت ئەنجام بدات بە بەندکردن بۆ ماوەیەك کە لە (٦ مانگ) کەمتر نەبێت و لە (٣ ساڵ) زیاتر نەبێت و بە پێبژاردنێك کە لە (١٠٠٠٠٠٠) یەك ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (٥٠٠٠٠٠٠) پێنج ملیۆن دینار زیاتر نەبێت یان بە یەکێکیان سزا دەدرێت.

هەر میدیایەك پێچەوانەی ڕێنماییەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و وەرزش و لاوان رووماڵی دۆسیەکانی توند و تیژی بکات بە پێبژاردنێك کە لە (٣٠٠٠٠٠) سێ سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت

و له (١٠٠٠٠٠٠) يەك مليۆن دينار زياتر نەبێت سزا دەدرێت لە كاتى دووبارە كردنەوەى سەرپێچييەكە پێبژاردنەكە دوو هێندە دەبێت.
لە كاتى بوونى سزايەكى توندتر لە ياسا بەركارەكان دادوەر دەبێت سزا توندەكە بسەپێنێت بەسەر تاوانباردا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكى پەرلەمان:**

دكتۆر شێركۆ فەرموو.

**بەڕێز شێركۆ جودت مصطفى :**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

لەم ماددەيە هەر لە بڕگەى يەكەمدا باس لە دژ بە ئافرەت دەكات لە بيدايەتدا باسمان لە دەركردنى دژ بە ئافرەت كردووە وەكو پێشنيار بۆ تەعديلى ياساكە، بۆيە لێرەش هەر بە هەمان شێوە لابرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكى پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، كاك سيپان فەرموو.

**بەڕێز سيپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ل ماددێ هەشتێ هاتييە هەر كەسەك توند و تيژى خێزانى دژ بە ئافرەت ئەنجام بدات بەلێ ل ڤێرێ ئاماژە ب وێ چەندێ نەدايە كا ئەو تاوان كيشكن ما نەبى بزڤرن بۆ ماددێ چارێ و ئاماژە ب ماددێ چارێ بدەن كو ئەو تاوان كيشكن و دەستنيشان بكەن ئەڤێت كو ب توند و تيژى تێنە حساب كرن د گەل وێ چەندێ دا ژى خالا سێ ب زێدە دبينم د ڤێ ياسايێدا، چونكى دادوەر دەستڤەكرى بيت د ئەنجامدانا وى سزايى كو ل بەرامبەر تاوانبارى دەستنيشان دكەت نە ل ڤێرێ ئەم ژ بۆ تەحديد بكەين، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكى پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، كاك شێخ ظاهرفەرموو.

**بەڕێز ظاهرمحمد على حسين:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ماددەى هەشتەم يەكەم هەر كەسێك توند و تيژى خێزانى دژ بە ئافرەت ئەنجام بدات بەند دەكرێت بۆ ماوەيەك كە لە شەش مانگ كەمتر نەبێت و لە سێ ساڵيش زياتر نەبێت و بە پێبژاردنێك كە لە يەك مليۆن دينار زياتر نەبێت و لە پێنج سەد هەزار دينار كەمتر نەبێت يان بە يەكەيان سزا دەدرێت ئەوەى من تێبينيم كردووە لێرە جياوازى نەكردووە لە نێوان جۆرى تاوانەكان ئايا چ جۆرە تاوانێكە، چونكە هەموو تاوانەكان وەكو يەك عقوبەى بۆ داناوە تاوان هەيە بە فيعلى تاوانێك ئەنجام دراوە تاوانێكى دەستدرێژى بووە ياخود تاوانێكى تر بووە هەيە بەس هەڕەشەى كردووە، كەواتا هەر دوو عقوبەكەى وەكو يەك داناوە، بۆيە دەبێت جيا بكرێتەوە لە نێوان جۆرى تاوانەكان لە رووى جەسامەتەوە خاڵێكى تر سێيەم لە كاتى بوونى سزايەكى توندتر لە ياسا بەركارەكان دادوەر دەبێت سزا توندەكە بسەپێنێت بە سەر تاوانباردا

پێم باشە بەم شێوەیە لێ بکرێت لە کاتی بوونی سزایەکی توندتر ئەوا سزا توندەکەی لە سەر جێبەجێ دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك هیڤیدار فەرموو.

**هیڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی هەشتەم بڕگەی دووەم هەر میدیایەك پێچەوانەی ڕێنماییەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری ...هتد یەعنی نابێت ئەم ماددەیە ببێتە هۆی سنوورداری کاری میدیایی دەبێت ئەم ڕێنماییانە زۆر تەفاسیل بن بە شەرتێك دەبێت لە خوارەوە بنووسرێت نابێت ئەم ڕێنماییانەی کە وەزارەتی ڕۆشنبیری دەریبکەن دژ بن لەگەڵ یاسای کاری ڕۆژنامەوانی کە یاسای ساڵی (٢٠٠٧)ە لە هەرێمی کوردستان دەربچێت کێ گەرەنتی دەدات وەزارەتی ڕۆشنبیری دانیشێت ئەم میدیایانە هەمووی قەپات بکەن ئەم ماددەیە دژی ئەمەیە دەبێت ئەم ڕێنمایانە لەگەڵ لیژنەی مەعنی ئایا لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت کە ئەم ماددەیەی نووسیوە لەگەڵ لیژنەی مەعنی موناقەشە کراوە لەگەڵ وەزارەتی مەعنی ئەم موناقەشەیە کراوە؟ ئایا ئەم بابەتی سنووردار کردنی میدیای تێدا هەبووە ئازادی ڕۆژنامەگەری کە لە هەرێمی کوردستان یەکێکە لەو چوار کارانەی کە ئێمە مەدحی دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، مامۆستا عثمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، لەبەر ئەوەی قسەکانم لە لایەن بەڕێز کاك شێخ ظاهرو کاك سیپان کران پشتگیریان دەکەم و تەنها عقوبەکە دیاری بکرێت جۆری تاوانەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، مژدە خان فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیم لە سەر بڕگەی دووەمە ئەو ڕێنماییانەی کە وەزارەتی ڕۆشنبیری و وەرزش و لاوان دەری دەکات نابێت دژ بێت لەگەڵ یاسای ڕۆژنامەنووسی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ دەنووسین بە پێی یاسا بەرکارەکانی هەرێم، ڕوپاك خان فەرموو.

**بەڕێز ڕوپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٨) هەر کەسێك توند و تیژی خێزانی دژ بە ئافرەت ئەنجام بدات کە سزاکەی ساڵێك لە سێ ساڵ بکرێتە ساڵێك و پێبژاردنەکە پێنج ملیۆنەکە بکرێتە سێ ملیۆن پێشنیارم وایە بڕگەی سێیەم لابرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك مەم فەرمووو.

**بەڕێز مەم بورهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەی (٨) بڕگەی دووەم لێرە سزا بۆچی دانراوە بۆ ڕێنمایی مەجهول دانراوە هێشتا ڕێنماییەکە نییە بە ڕاستی بە پێی ئەزموونی متەوازعی من لەناو لیژنەی ڕۆشنبیری کە پەیوەندی بە وەزارەتەوە هەیە زۆر ڕێنمایی دەرکردووە ناکۆك بووە لەگەڵ یاسای ڕۆژنامەگەری ڕێنمایی دەردەکات ناکۆك دەبێت لەگەڵ ئەوە سزاشی بۆ دانراوە ئەمە ڕێنماییەکی مەجهولە نازانی چۆن دەری دەکات چەند ساڵی دیکە دەری دەکات بە بڕوای من یەکەمیان دەبووایە لیژنەی پەیوەندیدار ڕاوێژێکی لەگەڵ لیژنەکەی ڕۆشنبیری بکردایە، بۆ ئەوەی بمانتوانیبا بیر و ڕایەك بگۆڕینەوە کە ئایا پێویست بە ڕێنمایی دەکات یان نا ئەمە یەك دووەمیان یاسای ڕۆژنامەگەری هەیە جەخت دەکەمەوە یاسای ژمارە (٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٧) بە هەموو مولحەقەکەی ئەم چوارچێوانەی دیاری کردووە ئیتر چ پێویست دەکات ئێ غەرامەشی تێدایە ملیۆنێك بۆ پێنج ملیۆن بۆ ئەو کەسەی بڵاوی دەکاتەوە دامەزراوەکە پێنج ملیۆن بۆ بیست ملیۆن خۆ لە ئەستێرەیەکی ترەوە نەهاتووە توند و تیژی خێزانی ئەوەش یەکێکە لە کلتووری کۆمەڵگای ئێمە یەعنی هەموو ئەو سزایانەی لە یاسای ڕۆژنامەگەریدا هاتووە پەیوەندی بە ئینسانی کوردەوە هەیە پەیوەندی بە هاوڵاتیانەوە هەیە ئیتر چ پێویست دەکات ڕێنمایی تر دەرکەی بۆ ئەم مەسەلەیە ئەمە بارگرانییە هیچ پێویست ناکات میدیاکان ئەگەر بڵاویان کردەوە ئەو کاتە تۆی هاوڵاتی دەچی شکایەت دەکەی دەڵێی ئەوە توند و تیژی خێزانییە، بۆیە بە بڕوای من بڕگەی دووەم زۆر زۆر زیادەیە و پێویستیش ناکات و ئیشکالییەت دروست دەکات هەڵبگیرێت زیاتر خزمەتی یاساکە دەکات، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی یەکەم ئەو سزایانەی دەستنیشان کراون تەبعەن ئەگەر هەندێك تاوان کە لە یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان سزاکەیان دەستنیشان کراوە ئەوە دادوەری بەڕێز دەتوانێت دەستیان بۆ بەرێت پێویستی بەو سزایە نییە کە لێرە دەستنیشان کراوە، بەڵام ئەو سزایە بۆ ئەم جۆرە توند و تیژییانەیە کە لە یاساکاندا نین، بۆیە هەندێك لەو جۆرە توند و تیژیانەش بە ڕاستی زۆر بچووکن کەمن ئەم سزایانە بۆیان زۆرن تکایە با دەستی دادوەر نەبەستینەوە هەر حوکمێکی دا لە شەش مانگ کەمتر نەبێت ئەوە دەبێتە هۆی ڕێك لێدان کێشە بۆ خێزانەکە ئەگەر قەرار بێت لە دوای سزادان دەرفەتێکی ئاشتی و پێکەوە ژیان مابێت لە نێوانیاندا، بۆیە پێم باشە لە سێ مانگ کەمتر نەبێت و لە ساڵێکیش زیاتر نەبێت ئەوە زیندانییەکە، وە پارەکەش هەر بۆ زانیاریتان یەکێك لە خەسڵەتەکانی ئەو خێزانانەی توند و تیژیان تێدایە هەژارییە، بێکارییە، بۆیە لێرەش ئەو پارانە زۆرن لە پێنج سەد هەزار دەست پێ بکات تا پێنج ملیۆن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دەستتان خۆش بێت، كاك سیروان فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كورد دەڵێت لەوانە بترسە كە دەڵێت ناخۆم ئێمە رەخنەی زۆرمان لە یاساكە هەبووە دیفاعی لێ دەكەین بۆ دەوڵەمەند كردنی یاساكە و بۆ هاوكاری لیژنە مانای ئەوەیە كە ئێمە هاوكاری یەكترین ماددەی هەشتەم كە دەڵێت هەر كەسێك توند و تیژی خێزانی و دژ بە ئافرەت ئەنجام بدات بەند دەكرێت بەمە و بەوە لێرە ئافرەتی تێدایە خۆی لە ئەساسدا مرۆڤە مرۆڤ منداڵە گەورەیە باوكە دایكە تەبعەن ئەم زەق كردنەوەیە بۆ من پێم باشە هەر توند و تیژی ناو خێزان بێت یەعنی تۆزێك مەعقولتر و باشتر دەبێت لە خاڵی سێیەمدا لە كاتی بوونی سزایەكی توندترلە یاسا بەركارەكە دادوەر دەبێت سزای توندتر بسەپێنێت دەبێت بوترێت ئەوەندە سزا دەدرێت ئەگەر بۆ میدیاكانیشە میدیا قابیلە لە سێدارە بدرێت شتی وا نییە هەر ئەوەندە سزا دەدرێت ماددەی (٨) سێیەمی بە یەكەمەوە رەبت بكرێتەوە و ئەو داڕشتنەش بۆتان دەنێرم وەك خۆی، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس دەست خۆش، دكتۆر اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەستپێكێ هەر بۆ تەئكید كرن و بیر ئینانێ پشتەڤانیا وێ بۆچوونێ دكەین یا كو هەر جهەكێ دژ بە ئافرەت هاتبیت بێتە راكرن و ئیكتیفا بەس ب خێزانی بێتە كرن هەر وەكو دكتۆر شێركۆی كەرەم كری یا دوویێ دبێژیت شەش مانگا كێمتر نەبیت و ل سێ ساڵا زیاتر نەبیت ئەز بێژم یا كێمتر هەما هەر نەهێتە گۆتن ئەگەر هاتە تەحدید كرن حاكم مولزەمە شەش هەیڤا سجن بكەت شەشا هەتا ساڵەكێ، بەس ئەگەر بیدایەتێ ئەم یا كێمتر نەبێژین بێژین لە ساڵێك زیاتر نەبیت، چونكی مومكینە ئەو جونحە یان ئەو موخالەفە یا بەسیت بیت موحتاجی هەیڤەكێیە سجن كەت موحتاجی دوو هەیڤایە یەعنی بلا دەستێ حاكمی تەقدیرا وی یا ڤەكری بیت حەدێ كێم نەبێژن هەما حەدێ زیاد بێژین بێژین لە ساڵێك زیاتر نەبیت تێبینییا من یا دوویێ عادەتەن ئەڤ خیلافاتێت چێدبن یێت خێزانی بەینا وان خێزانانە ئەڤێت موشكیلێت ئیقتیسادی هەی فەقیر وەكو سەیدایێ عمری كەرەم كری ئەڤ غەرامە ژ ملیۆنەكی بۆ پێنج ملیۆنا گەلەكە یەعنی گەلەك ژ فەقیرییا خۆ توند و تیژیێ دكەن یێ چۆیە سیكێ شۆڵ دەست نەكەتییە یێ هاتیەڤە ئەو و خێزانا خۆ بەرەنگاری یەك و دوو بووی سەبەب شۆڵ نەبووە، ڤێجا وەرە گەل ڤێ عاتلیێ و بۆ توند و تیژی پێنج ملیۆن دینارا ژی بدە یەعنی گەلەكە بارەكێ گرانە ئەز بێژم ببیتە پێنج سەد هەزار كێمتر نەبیت و دوو ملیۆنا زێدەتر نەبیت، چونكی بارێ وانا یێ گرانە تێبینییا من یا دی ئەز پشتەڤانێ سەیدا مەم دكەم كو فیعلەن لاوان بۆ چی دێ میدیایێ بەرتەنگ كەن و ئازادیێ ژێ ستینیت مادام مە یاسایەك هەیە یاسا ژمارە (٣٥) یا ساڵا (٢٠٠٧) ئەڤە هاتییە رێكخستن

مومکینه هەر بێژیت هەر میدیایەك پێچەوانەی یاسای بەرکار حەتا ژمارێ ژی بێژیت موخالەفێ بکەت دێهێتە موحاسەبە کرن هەر هند بەسە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دکتۆر هەورامان فەرموو.

**بەڕێز هەورامان حمە شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، خۆی بە راستی ئیشکالەکان لێرەدا کە ورد دەبیتەوە دەست پێ دەکات ئەوەی کە ئێمە دەڵێین ئەوەتا نەتیجەکەی تۆ لە ماددەی (٤)دا کۆمەڵێك موفرەدەت ڕێکخستووە هەمووی بە تاوان و جەریمە لە قەڵەمداوە توونـد و تیژی خێزانی کە هەر یەکەیان و جۆرێکە لە ماددەی (٨)دا سزات بۆ داناون یەك جۆرە سزا بۆ هەر هەموویان کە ئەمە شتی وا نابێت لە ماددەی (١٣) دەڵێت کار بە دەقی هیچ یاسایەك ناکرێت کە پێچەوانە بێت، ئێ باشە ئەو موفرەدانەی داتناون هەر یەکەیان جۆرە سزایەکی هەیە هەندێکیان ئەسڵەن هەر پێویستی بە سزا نییە نە سزای سجن کردن نە سزای ماددی پێویستی بە نوسح هەیە پێویستی بە ئامۆژگاری هەیە نەك سزای بەسەردا بسەپێنیت بە راستی، ئینجا شتەکان جیاوازن یەعنی کەسێك کە مۆڕەیەکی کردووە جیاوازە لەوەی کە تەحەڕوشی کردووە جیاوازە لەوەی کە هەوڵیداوە بیکوژێت جیاوازە لەوەی کە بۆکسێکی لێداوە کەسێك کە ملیۆنێرە ئافرەتێکی وا لێ کردووە کە سکێکی داناوە ملیۆن دینار چییە کە تۆ سزای بدەیت، کەواتا پێویستە ئەوانە تەسنیف بکرێت ئێمە کە باسی شەریعەتی ئیسلامی دەکەین ئەوانەی کە خوا و پێغەمبەر (صلی الله و علیە و سلم) سزای بۆ داناون جێبەجێ بکرێت ئەوانەی سزایان بۆ دانەنراون بەس نەسیحەتە نەسیحەت بکرێن ئەوانەی کە هیچ سزایەکی دیاریکراویان نییە دەبێت پیغەمبەر (صلی الله و علیە و سلم) دەفەرمووت دەبێت تەعزیر بکرێن تەعزیر دەبێت دوو مەرجی تێدا بێت ڕەدع و زەجری تێدا بێت، ئەگینا کەسێکی وا هەیە کە دەوڵەمەندە تۆ سزای ماددی دەدەی نابێ بیدەی، چونکە ئەوە هیچ زەجری تێدا نییە بۆ ئەو کە دەوڵەمەندە و نابێتەی مایەی سەرزەنشت کردن، بەس کەسی فەقیرلەوانەیە ئەگەر سزای ماددی بدەی ببێتە هۆی سەرزەنشت کردنی و جارێکی تر ئەو تاوانە دووبارە نەکاتەوە هیوادارین ئەو بابەتە ئاوا بەو جۆرە نەڕوات، چونکە بە راستی تەناقوزێکی زۆر هەیە وەکو عەرەب دەڵێت (کلام ینقذ بعضه بعضا) هەندێکی هەندێکی تر هەڵدەوەشێنێتەوە ماددەیەك ئەوی تر هەڵدەوەشێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك مسلم فەرموو.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە سەر ماددەی (١١) بە راستی من قسەکەم لە سەر ئەوەیە وەکو برای بەڕێزم کاك دکتۆر هەورامان و مامۆستا عمر و کاك شێخ ظاهرباسیان کرد سزاکان بە پێی تاوانەکان پۆلێن بکرێن، چونکە بە راستی ئەگەر سەیری ماددەی (٤) و بەراوردێك لە نێوان سزاکان بکەین لێدان و سووکایەتی پێ کردن و بە کەم سەیر کردن و ئازاردانی دەروونی و جەستەیی زۆر جیاوازە لە تاوانێك کە کەسێك بووبێتە هۆکاری کوشتنی کەسێك تاوان هەیە بە راستی ملیۆنێك و پێنج

ملیۆن زۆر کەمە لە ئاست گەورەیی تاوانەکە، وە تاوانیش هەیە بە راستی سێ سەد هەزاریش لە بەرامبەری زۆرە، بۆیە ئومێد دەکەم ئەم سزایانە لە ئاستی تاوانەکان جیا بکرێنەوە و هەر سزایەك و پۆلێنی جیاوازی بۆ بکرێت سزایەکە لە قەدەر گەورەیی یا لە قەدەر پێگەی تاوانەکە بێت و ئیتر زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بدریە خان فەرموو.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، سەبارەت بە ماددەی (١١) ماددەی هەشتەم بڕگەی یەکەم ئەویش هەر دەبێتە نوقتەیەك لە سەرم، چونکە بە راستی لە کاتی ئەم ماددە سزایانە لەگەڵ گلستان خان موناقەشەمان کرد کۆدەنگ بووین لەسەر ئەو رێژە زۆرە سزایانە بڕگەی یەکەم وای لێ بکرێت هەر کەسێك توند و تیژی ئەنجام بدات بەرامبەر بە ئافرەت لە چوارچێوەی خێزاندا بە بەند کردن بۆ ماوەیەك کە لە شەش مانگ کەمتر نەبێت و سێ ساڵەکە بکرێت بە یەك ساڵ زیاتر نەبێت، وە بە هەمان شێوە ئەو بڕە پارەیەش بکرێتە سێ ملیۆن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بدریە خان، ماددەی دوای ئەوەمان بۆ بخوێننەوە ماددەی (١٢).

**بەڕێز شادی نوزاد وهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٢):

ماددەی نۆیەمی یاساکە هەموار دەکرێتەوە و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

یەکەم/ وەزیری ناوخۆ رێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەردەکات.

دووەم/ پێویستە لە سەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بڕگەی یەکەم و دووەم دەبێت شوێنەکانیان بگۆڕین، بەڕێزان کێ قسەی هەیە؟ خەدیجە خان فەرموو.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە تا ئێستا هەبووە بەم شێوازە ئەو ماددە پڕۆتۆکۆڵییەمان دانەڕشتووە نازانم ئەگەر هەردووکی بکرێتە ماددەی جیاواز پێم باشترە، چونکە تا ئێستا هەر وابووە دوو بڕگە نازانم یەعنی چی بە راستی بەم شێوازە تۆزێك نامۆیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ موشکیلە نییە دەیکەین، سەرچنار خان فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە زیادکراوە وەزیری ناوخۆ ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەردەکات ئەوە وتمان پاش و پێش بکرێت یەکەم بکرێتە دووەم و دووەم بکرێتە یەکەم، بەس بۆ بە تەنها وەزیری ناوخۆ؟ بەس وەزیری ناوخۆ مەعنییە لەم یاسایە یان وەزیری کار و کاروکاباری کۆمەڵایەتیش مەعنییە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی بەڕێوەبەرایەتی گشتی توونـد و تیـژی خێزانـی سـەر بە وەزارەتـی نـاوخۆیە ڕێنمـاییە ئەسیلەکە ئەو دەردەکات هەندێك ڕێنمایی فەرعی هەیە کە دەبێت وەزارەتەکانی دەربکەن یان وەزارەتی ناوخۆ بە هەماهەنگی دەربکات بۆ ئەوەیە، زۆر سوپاس ماددەی (١٣).

**بەڕێز شادی نوزاد وهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٣)

کار بە دەقی هیچ یاسا و بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بن

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە بەڕێزان؟ مامۆستا فەرموو.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە مامۆستا هەورامان باسیە کرد دەقەکەی ئەوەیە کار بە هیچ دەق و یاسایەك ناکرێت ئێمە وتمان ئەو ئایەتانەی خوێندمانەوە پێچەوانەی ئەو پڕۆژەیەن ئایا جەنابیشت وەعدت داوە کە لە لیژنەی فتوا ئەوان ڕازی بن ئینجا ئەو یاسایە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەمووی نە ئەوەی کە خیلافی لەسەرە بۆیان دەنێرین.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

دەستتان خۆش بێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی دوای ئەوە.

بە هەماهەنگی دەربکات بۆ ئەوەیە، زۆر سوپاس ماددەی (١٣).

**بەڕێز شادی نوزاد وهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٤)

ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان جێبەجێ دەکرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ قسەی هەیە بەڕێزان؟ هۆیەكانی دەرچوواندن.

**بەڕێز شادی نوزاد وهاب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هۆیەكانی دەرچوواندن

بە مەبەستی پڕكردنەوەی ئەو كەم و كورتییانەی كە لە میانەی جێبەجێ كردنی یاسای بەرەنگار بوونەوەی خێزان لە توونـد وتیـژی ژمـارە (٨)ی سـاڵی (٢٠١١) هـاتوونەتە ئـاراوە ئەم یاسـایە دەرچووێنرا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ كاك مەم و مامۆستا عثمان ، كاك مەم فەرموو.

**بەڕێز مەم بورهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەمەی كە لە هۆیەكانی دەرچوواندن هاتووە هۆیەكانی دەرچوواندن نیـیە لە راسـتی هۆیەكـانی هەمـــوارکردنەوەیە كە دەڵێـــت بەمەبەســـتی پڕكـــردنەوەی كەم و كورتییەكـــان ئەوە هەمواركردنەوەیە من پێشنیازێك دەكەم بۆ ئەوەی هۆیەكانی دەرچوواندن بێـت نەك هۆیەكـانی هەمـواركردنەوە ئەم سـیاغەی داڕشـتنەوە پێشـكەش دەكەم بەمەبەسـتی زامـن كردنـی ئاشـتی كۆمەڵایەتی و كەم كردنەوەی تووند و تیژی خێزانی وپێكەوە ژیانی ئاشتییانە لەناو خێزانەكاندا لەهەرێمی كوردستان، و هەروەها گرتنەبەری رێ و شوێنی گونجاو بۆ بەرگـرتن لە گەشـە كردنـی تووند و تیژی خێزانی ئەم یاسایە دەرچووێنرا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، مامۆستا عثمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەیە قەسدەكەی ئێمە هۆی دەرچوواندنی هەموار كـردنەوەی ئەم پـڕۆژە یاسـایە ئەوەیە كەوا بەرەنگـار بـوونەوەی توونـدوتیژی دژی خێـزان ئـافرەتەك تێیـدا نیـیە ئـێمە لەگەڵ ئەوەمـانە بە راستی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان بەم شـێوەیە دانیشـتنەكەمان كۆتـایی پێـدێت، لەبەر ئەوەی زۆر ماندوو بوون راستە بەرنامەی كارمان سەعات (١٠) ئیعلان كردووە، بەڵام سەعات (١١) دەست پێ دەكەین.

| د. ڕێواز فائق حسێن | هێمن هەورامی | منی نبی قهوچی |
|---|---|---|
| سەرۆكی پەرلەمانی | جێگری سەرۆكی پەرلەمانی | سكرتێری پەرلەمانی |
| كوردستان - عێراق | كوردستان – عێراق | كوردستان – عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣)ی
پێنج شەممە رێکەوتی ٢٠٢٢\٩\٢٢
خولی پێنجەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٣)
# پێنج شەممە ڕێكەوتی ٢٠٢٢/٩/٢٢

كاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێكەوتی ٢٠٢٢/٩/٢٢ پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی د. ڕێواز فائق حسێن سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منى نبى قهوچى سكرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (٣)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠٢٢) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەرنامەی كار، بەپێی حوكمی ماددەی (٥) بڕگەی یەكەم لە ماددەی (١٦) بڕگەی سێیەم لە ماددەی (١٨)، بڕگەكانی یەكەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم لە ماددەی (٢٠)، ماددەكانی (٤٧، ٤٨)، بڕگەی یەكەم لە ماددەی (٥٢)، ماددەكانی (٥٤، ٥٤، ٥٦، ٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (٣)ی ئاسایی خولی پایزەی ساڵی چوارەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان، لە كاتژمێر (١١)ی بەیانی ڕۆژی پێنج شەممە، ڕێكەوتی (٢٠٢٢/٩/٢٢)، خوێندنەوەی دووەم بۆ ئەم پێشنیاز و پڕۆژە یاسایانەی خوارەوە بەپێی حوكمی ماددەكانی (٨٧، ٨٨، ٨٩، ٩٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان بەم شێوەیە بێت:

یەكەم: پڕۆژە یاسای پەروەردە و فێركاری لە هەرێمی كوردستان.

دووەم: پێشنیازە یاسای پاراستنی ئاژەڵان لە هەرێمی كوردستان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

بە ناوی گەلی كوردستان، دانیشتنی ژمارە (٣)ی خولی پایزە ساڵی چوارەم لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی كوردستان دەست پێدەكەین، سەرەتاش بە گەرمی بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری پەروەردە و وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان دەكەین، دەرفەت دەدەین بە بەڕێز سكرتێری پەرلەمانی كوردستان بۆ خوێندنەوەی بەرنامەی كار پوختەی كۆنووسی كۆبوونەوەی پێشوو و ناوی ئامادە نەبووان، فەرموو.

**بەڕێز منى نبى نادر/ سكرتێری پەرلەمانی كوردستان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەرنامەی كار، بەپێی حوكمی ماددەی (٥) بڕگەی یەكەم لە ماددەی (١٦) بڕگەی سێیەم لە ماددەی (١٨)، بڕگەكانی یەكەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم لە ماددەی (٢٠)، ماددەكانی (٤٧، ٤٨)، بڕگەی یەكەم لە ماددەی (٥٢)، ماددەكانی (٥٤، ٥٤، ٥٦، ٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (٣)ی ئاسایی خولی پایزەی ساڵی چوارەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان، لە كاتژمێر (١١)ی بەیانی ڕۆژی پێنج شەممە، ڕێكەوتی (٢٠٢٢/٩/٢٢)، خوێندنەوەی دووەم بۆ ئەم پێشنیاز و پڕۆژە یاسایانەی خوارەوە بەپێی حوكمی ماددەكانی (٨٧، ٨٨، ٨٩، ٩٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان بەم شێوەیە بێت.

یەكەم: پڕۆژە یاسای پەروەردە و فێركاری لە هەرێمی كوردستان.

دووەم: پێشنیازە یاسای پاراستنی ئاژەڵان لە هەرێمی کوردستان.
پـوختەی دانیشـتنی ژمـارە (٢)ی ئاسـایی بەپێـی حـوکمی بـڕگەی دووەمـی مـاددەی (٢٠، ٥٢) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، پوختەی دانیشتنی ژمـارە (٢)ی ئاسـایی خـولی پـایزەی ساڵی چوارەم لە خـولی پێنجەمـی هەڵبژاردنـی پەرلەمـانی کوردسـتان لە کـاتژمێر (١٠)ی بەیـانی ڕۆژی چوار شەممە، ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٩/٢١) بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:
یەکەم: دەستپێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان.
دووەم: خوێنـدنەوەی بەرنـامەی کـار و پـوختەی دانیشـتن و نـاوی ئەنـدامانی ئامـادە نەبـوو بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت لەلایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمان.
سێیەم: دەستپێکردنی بڕگەکانی بەرنامەی کار لەلایەن بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان.
چـوارەم: خوێنـدنەوەی دووەم بـۆ پێشـنیازە یاسـای بەرنگـاربوونەوەی توونـد و تیـژی خێـزان و ئافرەت لە هەرێمی کوردستان.
پێـنجەم: دواخسـتنی خوێنـدنەوەی دووەم بـۆ پـڕۆژە یاسـای پەروەردە و فێرکـاری لە هەرێمـی کوردستان.
شەشـەم: دواخسـتنی خوێنـدنەوەی دووەم بـۆ پێشـنیازە یاسـای پاراسـتنی ئـاژەڵان لە هەرێمـی کوردستان.
حەوتەم: کۆتایی هاتنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.
لیستی بە مۆڵەت و بێ مۆڵەتی ئەندامان لە دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی لە (٢٠٢٢/٩/٢١) بەیانی، هەمـوو ئەنـدامە پەرلەمانتـارە بەڕێزەکـان مۆڵەتیـان پێـدراوە (بـاپیر کـاملا سـلیمان، بـڕار خالـد عبدالله، جمال حویز مصطفى ، حکمت محمد، ڕۆژان ابراهیم علی، ڕێبوار رحيم، ڕێڤینـگ محمـد، کاظم فاروق، سلمه فاتح توفیق، شوان کریم محمد، صباح محمـود محمـد، عثمـان کـریم سـوارە، فرید یعقوب ایلیا، هـاوڕێ بنـاء محمـد، گلیـزار رشـید حـاجی، محـی الـدین حسـن، نجـاة شـعبان عبدالله، هدیە مراد، هیمداد صباح بلال)، لیستی مۆڵەت و بەبـێ مـۆڵەتی ئەنـدامان لە دانیشـتنی ژمارە ئاسایی (٢٠٢٢/٩/٢١) ئێوارەکەی، ئەندام پەرلەمانتارەکان بەڕێزان مۆڵەتیان پێدراوە (ارشـد حسين محمد، باپیر کاملا سليمان، بژار خالد عبدالله، جمال حويز مصطفى ، حکمت محمد، رزگـار عیسی سوار، رزگار محمد محمود، ڕۆژان ابراهیم علی، ڕێبوار عبدالرحيم عبـدالله، کـاظم فـاروق نامق، سلمه فاتح توفيق، شوان كريم محمد، صباح محمـود محمـد، عثمـان کـریم سـوارە، هـاوڕێ بناء محمد، فرید یعقوب ایلیا، کاروان عبدالرحمن عبدالله، لیلـی عبـدالجبار توفیـق، محـی الـدین حسن یوسف)، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، دەست بە جێ بەجێکردنی بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کـار دەکەیـن، دوێنێ هەموو ئەوانەی کە بە ناوی نوقتەی نیـزامەوە وەرگیـراون، ئەگەر پەیـڕەو نەبـوو پەیـڕەو ناچارم دەکات بیبڕم، ماددەی (٥٦) دەیخوێنمەوە نەصەکە دەڵێت بۆ ماوەی یەك خولەك ئاخـاوتن دەکـات، ئەگەر ئەنـدام پەرلەمـان بە خـاڵی پەیـڕەوی ئاخـاوتنیکرد، بەڵام ئاخـاوتنەکەی خـاڵی پەیـڕەوی نەبـوو سـەرۆك دەتوانێـت ئاخـاوتنی پـێ ببڕێـت لە کـاتی دووبـارە بـوونەوەی لەو دانیشتنەدا هەلێکی تری بـۆ ئاخـاوتن بە خـاڵی پەیـڕەوی پـێ نـادات، مـاددەی (٥٦) بـڕگەی سـێ، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە ئیحترام و ڕێزێك هەیە لە نێوانمان، جەنابتـان بە نـاوی خـاڵی

پەیڕەوی قسە دەکات، هەموو دانیشتنێکی پەرلەمان سەعاتێك زیاتر قسە دەکەن، لە (٢٠%)ی ئەو قسانەی کە دەکرێت خاڵی پەیڕەوین، ئەوانی تر بابەتی گشتیە و قسە دەکرێت، دوێنێ قسەتانکردووە، خوشك و برای ئازیزی ئێمەن، ئێمە حەز ناکەین ئازادیتان لێ بگیرێت، کەس ناتوانێت ئازادی قسە لەئەندامی بەڕێزی پەرلەمان بگرێت، بەڵام ئیلتیزامێك بەو پەیڕەوە بکەن، پەیڕەوی نەبێت ناچارم قسەکەتان ببڕم، فەرموو کاك کاوە.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٢٠) یاسای چاکسازی لە ماددەی (١٣) دەڵێت حکومەتی هەرێمی کوردستان هەژمارەکی تایبەت بۆ سەرجەم مووچەخۆران دەکاتەوە، وە ئەو پارانەی کە خەرج نەکراوە ئەو مووچانەی کە خەرج نەکراوە کە مەبەستی پاشکەوت و لێبڕینی مووچەیە دەخرێتە سەری، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەمە جێ بەجێ نەکراوە، ئەم بڕگەیە جێ بەجێ نەکراوە، لە کاتێکدا حکومەت مانگانە سەدان ملیۆن دۆلار قەرزی کۆمپانیاکان دەداتەوە بۆچی قەرزی مووچەخۆران ناداتەوە، دوێنێ لە هەولێر فەرمانبەرێك تەلەفۆنی کردووە لەبەر ئەوەی پارەی قەرزی کارەبای نەداوە کارەباکەیان بڕیووە، باشە مەعقولە بۆ نموونە من دە ملیۆن دیناری تۆ قەرزاربم، بەڵام تۆ یەك ملیۆن دیناری من قەرزاربی من داوا بکەم تۆ ملیۆنەکەم بدەیەوە، بەڵام من دە ملیۆنەکەی تۆ نەدەمەوە، یەعنی ئەمە چیە حکومەت بۆ قەرزی مووچەخۆرانی هەرێم ناداتەوە، بۆیە داوا دەکەم بەڕاستی بەپرسانی حکومەت لایەنی پەیوەندیدار بانگهێشتی پەرلەمان بکرێت کە بۆچی ئەمە جێ بەجێ ناکەن، بۆچی کە ئێستا وەزعی دارایی باشبووە پاشەکەوت و لێبڕینی مووچەی مووچەخۆران ناداتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بدریە خان فەرموو.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم قسەیەی من داواکاری زیاد لە کەس و کاری شەش هەزار کەسی سزادراوە لە هەرێمی کوردستان، ئێمە چەندجارێك داوای لێبووردنی گشتیمانکردووە، بە پاداشت و بە پڕۆژە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

حازرە وەرە پڕۆژەکەت دەدەمێ بیبە ئیمزای بۆ کۆبکەوە یاخود حازری بکە و ئیمزای بۆ کۆبکەوە، کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران عمر علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دوێنێ باسی ئەوەمکرد کە لە هەندێك شار و شارۆچەکەکانی کوردستاندا هەندێك کەس هەڵدەکووتنە سەر هاووڵاتیان، لە کاتێکدا کە ئەمە ئەو هێزانە ئەرکیان پاراستنی مافی هاووڵاتیانە، خەڵك لە ناو بازاڕدا بە ڕۆژی نیوەڕۆ بەبێ تاوان دەکوژن، بەڵام لە پەخشی ڕاستەوخۆدا قسەکانی ئێمەیان نیوەی بڕیووە ئەوە وەکو گلەییەك لە بەشی ڕاگەیاندن دەکەم، هەروەها باسی ئەوەمانکرد بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان و دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی بەڕێز بەیاننامەیەك دەربکەن دژی ڕژێمی ئێران کەوا بە ناحەق (ژینا ئەمینی) شەهید کرد، وە

بەیاننامەکەتان دەرنەکرد، دیسانەوە داوا دەکەین کە بەیاننامەیەك دژی رژێمی ئێران دەربکەن بۆ شەهیدکردنی (ژینا ئەمینی) کەوا ئەمڕۆ ژمارەی شەهیدان و قوربانیانی ئەوان گەیشتوونەتە دوازدە شەهید، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوسن خان فەرموو.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راستیدا پڕۆژە یاسای پەروەردە و فێرکاری پڕۆژە یاسایەکی زۆر گرنگە، ئەو پڕۆژە یاسایە بۆ چەند مانگێك لە لیژنەی پەروەردەبووە بۆ ئەوەی را و سەرەنج و تێبینیەکانی خۆیان بخەنە روو، بەڵام دوو رۆژە لە سەندوقی پەرلەمانتاران دانراوە بەو پێیەی کە دوێنێش ئێمە یاسایەکی تر تاوتووێکراوە و موناقەشەکرا تەنها ئێمە چەند کاتژمێرێکمان لەبەر دەستبووە کە ئەو پڕۆژە یاسایە کە لە سەد و حەفتا لاپەڕە پێکدێت بخوێنینەوە، من تەئکیدم نیوەی پەرلەمانتاران پێ رانەگەیشتوون، ئەم پڕۆژە یاسایە کە گرنگیەکی زۆری هەیە بەوەی کە بۆ منداڵەکانمان دەردەچێت، من پێشنیار دەکەم کە ئەم پڕۆژە یاسایە بخرێتە حەفتەی داهاتوو بۆ ئەوەی تەواوی پەرلەمانتاران پێ رابگەن، مادده و بڕگەکانی بخوێننەوە و سەرەنج و تێبینیەکانی خۆیان لە کاتی خوێندنەوەی دووەم بخەنە روو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك هێڤیدار فەرموو.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٥٤)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان جێگەی موناقەشەیە کە بتوانین موناقەشەی لەسەر بکات، مەسەلەن خاڵی چوارەم یەکەم دەڵێت پەرلەمانتار بۆی هەیە لە سێ دەقە زیاتر نابێت قسە بکات، ئەمەش دەتوانین قسە بکەین لەسەری...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە بە ناوی خاڵی پەیڕەوی نا.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نووسیوویەتی پێنجەم شێوازی گفتوگۆکردن لە دانیشتنەکانی پەرلەمان...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە ماددە گشتیەکەیە، دوای بچۆ بۆ ماددە خاصەکە بۆ پەیڕەو یەك دەقەیە، بۆ هەر ماددەیەکی یاساییش دوو دەقەیە، کاك رزگار فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەمەوێت باسی ئەوە بکەم لەسەر راسپاردەی بەڕێزان سەرۆکایەتی پەرلەمان لیژنەی شارەوانی پێکهێنا بۆ ئەوەی بەدواداچوون بکات بۆ بەهەدەردانی زەوی، لیژنەکە ئێمە لە پشووی پەرلەماندا تەواوی شارەوانیەکانمان بینی، بەڵام یەك مەتر زەویمان دەست نەکەوت کە

بەهەدەردرابێــت، بــۆیە ئەمە هەمــووی یاســای ژمــارە (٤)ی ســاڵی (٢٠٠٦) یاســای ئیستیســمار ڕێکخراوە، بۆیە داوا دەکەین ئەو یاسایە هەمـوار بکـرێتەوە بـۆ ئەوەی زەوی بەهەدەر نەدرێـت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە نـاوی پەرلەمـانی کوردسـتانەوە داوا لە سـەرۆکایەتی ئەنجـوومەنی وەزیـران دەکەیـن پـڕۆژە یاسای وەبەرهێنان بنێرنە پەرلەمانی کوردستان، هەموار یان پڕۆژە یاسایەکی نـوێ، بەڵام لەگەڵ زروفی تازە بگونجێت، شیرین امین فەرموو.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پاڵپشــت بە مــاددەی (١٦) لە پەیــڕەوی نــاوخۆی پەرلەمــانی کوردســتان کە وەکــو دوێنــێ لە فراکسـیۆنی گـۆڕان سـەرۆکی فراکسـیۆن پێشـنیازی دەرکردنـی بەیـانێکیکرد بـۆ ئیـدانەکردنی شەهیدکردنی خاتوو (ژینا امینی)، بۆیە من پشتگیری لە قسەکانی کـاک گـۆران دەکەم، هەروەهـا بە داخەوە ماوەیەکە بە تایبەت لە زۆنـی ئاسـتی پارێزگـای سـلێمانی دیـاردەی کوشـتن دیـاردەی هەڕەشەکردن زۆر تەشـەنەیکردووە، سـەرباری ئەوەی زۆرجـار ئەو کەسـانەی کە هێـرش دەکەنە سەر خەڵك و ئەو کەسـانەی کە خەڵـك تیـرۆر دەکەن کە خەڵـك دەکـوژن هـیچ کـات ڕووبەڕووی دادگا و یاسـا و هێـزە ئەمنیەکـان نـابنەوە، بـۆیە ئەمە پرسـیارە لەسـەر هەم دەسـەڵاتی هەرێمـی کوردستان، وە دادگا و وەزارەتی ناوخۆ بۆچی ئەو کەسانەی کە تاوانبارن بە ئیعازی حکـومەت و حیزب زۆرجار ئەو کەسانە کە تیرۆر دەکەن یاخود دەتۆقێنرێن، بەڵام ڕووبەڕووی دادگا و یاسا و گرتن و زیندان نابنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەرکۆ فەرموو.

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەپێی پەیڕەوی نـاوخۆ قسـە دەکەم لەسـەر دوو بـابەت، بـابەتی یەکەم ئـێمە لە چەنـد ڕۆژی ڕابردوودا سی و حەوت واژوومان کۆکردەوە بـۆ ئەوەی کە دانیشـتنێکی تـایبەت بکرێـت لەسـەر ڕێگا تەواو نەکراوەکانی کوردستان، بە تایبەت ڕێگـای مەرگـی کەلار-دەربەنـدیخان-سـلێمانی کە بۆتە هۆی ئەوەی کە ڕۆژانە خەڵکی خۆشەویسـت ئەو نـاوچەیە دەبـنە قوربـانی تەواو نەکردنـی پڕۆژەیەکی حکومەت کە لە ساڵی (٢٠١٣)ەوە بەردی بناغەی بۆ دانراوە، بەڵام کابینە یەك لە دوای کابینەکان هەر تەنها بەڵێن دەدەن و هیچی نابەنە سەر، وە ڕەش پۆشی و جەرگ سـووتانیش بـۆ هاوڵاتیانی ئەو نـاوچەیە دەبێـت، بـۆیە داواکـارین جەنابتـان یەك دانیشـتنی تـایبەت بکرێـت بـۆ ئەوەی هەم وەزیری ئاوەدانکردنەوە و وەزیری پلاندانان و وەزیری دارایی و لایەنی پەیوەندیدار لە ئەنجوومەنی وەزیران بێتە ئێرە، وە بڕیار بدرێت ئەگەر نەتوانرا بکرێتە بڕیاری پەرلەمـانی بـۆ دەربکرێت بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنها پارەی بۆ سەرف نەکات بە ژمارە بەڵکـو خەرجی بۆ بدات لە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مــن لەســەر دوو خــاڵ قســە دەکەم، خــاڵی یەکەمیــان: بــرای بەڕێزمــان کــاك دکتــۆر کــاظم پەرلەمانتارێکی بـاش و دڵسـۆز بـوو، لێـرەوە دوعـای شـیفا و زوو چـاك بـوونەوەی بـۆ دەکەم ان شـاءالله زوو بگەڕێـتەوە نـاو خـانەوادەی خـۆی بە سـەلامەتی، بەڵام جەنابـت دەزانـی دەسـت لەکارکێشانەوەی پێشکەشکردووە ئێستا ئێمە هەمیشە ناوی دەخوێنینەوە کە غیاب دەدرێت ئایا ئەمە حاڵەتێکی پەیـڕەوییە دەسـت لەکارکێشـانەوەی بەو جـۆرە بە هەڵپەسـێردراوی بمێنێـتەوە، جەنابت جێ بەجێکاری پەیڕەوی ناوخۆی بەپێی ماددەی (١٨) ئەم حاڵەتەی کاك دکتۆر کـاظم کە خۆی ویستوویەتی دەست لەکارکێشانەوەی پێشکەش بکات پەیڕەوییە ئەو خـاڵی یەکەم، خـاڵی دووەم: ئێمە بەپێی ماددەی (٨٠)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان پێشنیازە بڕیارێکمـان پێشکەش بە بەڕێزتانکرد کە جەختکردنەوە بوو، سوور بووین، ماددە پەیـڕەوییەکە دەڵێـت ئەگەر پەرلەمانتاران سووربوون لەسەر پێشنیازە بڕیارەکەیان ئەوە دەهێندرێتە ناو هۆڵی پەرلەمان بـۆ ئەوەی بڕیاری لەسەر بدرێت ئەمە دەقی مـاددە پەیـڕەوییەکەیە، ئەو پێشـنیازە بڕیـارە تـایبەتە بە پـلە بەرزکـردنەوەی مامۆسـتایان و فەرمـانبەران، تکـایە ئەو پێشـنیازە بڕیـارە چـی لێهـات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مژدە خان فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەك دەزانین حکومەتی هەرێم بە چوار سەد و حەڤدە رێگا باج لە هاووڵاتیان وەردەگرێت، بەڵام بە فەرمی بە یەك رێگا لە هاووڵاتی سەرف ناکاتەوە، وەك دەزانین هەمووومان کە پێویستە باج بە یاسا رێك بخرێتەوە لەو پەرلەمانە بڕیار بـدرێت لەسـەر زیـادکردنی بـاج یـاخود هەر مـامەڵەیەك لەگەڵ باج بکرێت پێویستە بە یاسا بێن نە وەك بە بڕیار، خەڵك هەیە دووکانەکەی هەڵگرتـۆتەوە کارەکەی هەڵگرتۆتەوە و بەشی ئەوە ناکات ئەوەی کە پەیدای دەکـات بەس بیـدات بە باجەکـانی حکـومەت، کـارێکی تەواو نـا یاسـاییە، دەسـتی نـاوەتە بینـا قاقـای خەڵـك ئەو بڕیـارە بـاجەی حکومەت، بۆیە پێویستە لەسەر پەرلەمانی کوردستان بە زووترین کات هەڵوەستە بکـات لەسـەر ئەو بابەتە، چونکە بازدانە بەسەر دەسەڵاتی پەرلەماندا لە کاتێکدا بە بڕیار باج لەسەر هاووڵاتیان زیاد دەکرێت و گیرفانی هاووڵاتی پێ دەڕووتێنرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیزا خان فەرموو.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیارێکم هەیە تەنها لە یەك دەقە کۆتایی بە قسەکانم دەهێنم، نووسیوومەتەوە بۆ ئەوەی زۆر کات نەکوژێت، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بیسـت و پێنجـی نـۆ یادی ریفراندۆم بۆ سـەربەخۆییە، ئەو رۆژەیە کە لە (٩٣%)ی کوردسـتانیان سـەرەڕای جیـاوازیە سیاسیە فکریەکان لە هەولێر و کەرکـوك و سـلێمانی و دهـۆك و هەڵەبـجە بە بەڵـێ دەنگیانـداوە،

گۆرانکاری گەورە لە ناوچەکە بەڕێوەن، ئێمەش بۆ خۆ گونجاندن لەگەڵ پێشهاتەکان پێویستمان بە بەرگێکی کوردستانی نوێ هەیە، بۆیە پێشنیار دەکەم لە ساڵێکدا تەنها یەك رۆژ پەرلەمان بۆ پرسە نەتەوەیی و نیشتیمانیەکان کۆببێتەوە بۆ بەهێزکردنی گیانی نەتەوایی و یەکریزی و یەك گوتاری، با ئەمە بکرێتە عورفێکی نەتەوەیی و هەموو بیست و پێنجی نۆیەك پەرلەمان بۆ پرسە کوردستانیەکان کۆببێتەوە تاوەکو هەموو ساڵێك بە یادکردنەوەی لە پەرلەمان دەرفەتێك برەخسێت بۆ خولقاندنی کەشێکی گونجاو بۆ ئاشتەوایی و لەیەك تێگەیشتن و وەلانانی ناکۆیەکان، هەر بەرز و پیرۆزبێت یادی ریفراندۆم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، دەست بە جێ بەجێکردنی بەرنامەی کار دەکەین، سەرۆکایەتی هەردوو لیژنەی پەروەردە و لیژنەی یاسایی بفەرموون بێن بۆ سەر سەکۆی لیژنەکان، فەرموو گوڵستان خان.

**بەڕێز گوڵستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سێ خاڵم هەیە ئەگەر رێگە بدەی قسەکانم بکەم، یەکەمیان دەمەوێت قسە لەسەر ئەوە بکەم ئەو کەسانەی کاتێك کە خانەنشین دەبن لە کاتی خانەنشینبوونیاندا ئەگەر میراتگرێکیان نەبێت بەپێی ئەحکامی ماددەی (٤٥) بڕگەی شەشەم لە یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی (١٩٦٠) ئەو فەرمانبەرەی وەفات دەکات لە پاش خۆی کەسێکی لێ بەجێ نامێنێت کە شایستەی مووچەی خانەنشینیەکەی بێت مووچەی مۆڵەت کۆکراوەکەی بۆ خەرج ناکرێت بۆ میراتگرەکان، رەنگە چەندین ملیۆن دینار بێت لە کاتێکدا رەنگە میراتگرەکانی ئەو فەرمانبەرە پێش وەفاتکردنەکەی چەندین ملیۆن دیناریان بۆ خەرج کردبێت، بۆیە ئەم یاسایە پێویست بەوە دەکات کە هەموار بکرێتەوە، سەبارەت بەوەی کە ئێمە داواکاریەکمان دوێنێ پێشکەشکرد بە دەرکردنی بەیاننامەیەك لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمان بۆ ئەوەی کە ئیدانەی شەهیدکردنی (ژینا ئەمینی) و شەهیدانی تری رۆژهەڵات و ئێران بکات تاوەکو ئێستا ئێمە هیچ ئەنجامێکمان دەست نەکەوت، جگەلەوەی کە پشتیوانی لەو داوایەی بەڕێز وەزیری ئاوەدانکردنەوە دەکەم سەبارەت بە دابینکردنی برێك پارەی نەوت بۆ تەواوکردنی جادە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جنان فەرموو.

**بەڕێز جنان جبار بویا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠١٩) و یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی (٢٠٢١) رێنمایی وەزارەتی شارەوانی بۆ خانووە تەجاوزەکان لە (٩/٩) تەواوبووە، داوا لە بەڕێزتان دەکەین و لیژنەی پەیوەندیدار لەگەڵ حکومەت هەماهەنگی هەبێت بڕیار بدەن ئەو ماوەیە درێژ بکەنەوە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی ئاو کارەبا بە دەستی حکومەتە پێویستی بە هەمواری یاسایە، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، دەست بە جێ بەجێکردنی بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کار دەکەین کە بریتیە لە گفتوگۆکردن لەسەر پڕۆژە یاسای پەروەردە فێرکاری لە هەرێمی کوردستان_عێراق، ئەم پڕۆژەیە

ئێستا راپۆرتەکەی ئامادەیە و لەبەردەستاندایە، ئێمە ئەگەر راپۆرتەکە بخوێنینەوە هەر ئەمڕۆمان دەوێت بۆ خوێندنەوەی راپۆرتەکە، لەبەر ئەوەی چل و هەشت سەعات پێشتر بەپێی پەیڕەو لەبەردەستاندابووە، داوا لە بەڕێزتان دەکەم ئەوانەی کە ڕەزامەندن بکرێتە بنەما بۆ گفتوگۆ با دەست بەرزکاتەوە؟ پەسەندکرا، زۆر سوپاس، فەرموون دەست پێ بکەن.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، بابەت: راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند کە راستاندنی بۆ کراوە لەلایەن لیژنەی کاروباری یاسایی، لیژنەی کاروباری یاسایی رۆژی یەك شەممە رێکەوتی (٢٠٢٢/٩/١٨)، کاتژمێر (١٠)ی بەیانی، کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا بە مەبەستی پێداچوونەوە و داڕشتنی یاسایی و دڵنیابوون لە دژ نەبوونی دەقەکان لەگەڵ دەستوور و یاسا کارپێکراوەکان، بەپێی حوکمەکانی ماددەی (٨٥) بڕگەی یەکەم و سێیەم لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان تایبەت بە راپۆرتی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بۆ خوێندنەوەی دووەم سەبارەت بە پڕۆژە یاسای پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان_عێراق، لیژنەی یاسایی راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەندی پێ پەسەندە، سەبارەت بە ناونیشانەکەی، پڕۆژە یاسای پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان_عیراق.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان دەیەوێت لەسەر ناونیشان قسە بکات ناوی خۆی تۆمار بکات، دکتۆر زێدان فەرموو.

**بەڕێز زێدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای دەستخۆشی لە هەردوو لیژنە، لەسەر ناونیشان تێبینیەکانم ئەوەیە کە ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان کۆمەڵێك یاسامان دەرکردووە کە تایبەتن بە وەزارەتەکان، یاسای وەزارەتی کارەبا و هەمواری یەکەمی و یاسا وەزارەتی شارەوانی و یاسای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لەگەڵ چەند دەستەیەك، ئەم یاسایە هەم یاسای پەروەردەیە و هەم یاسای وەزارەتە، ئایا دەکرێت لە ناونیشان تەنها باس لە پەروەردە بکەن و ناونیشانی وەزارەتی تێدا نەبێت، بۆیە پێشنیار دەکەم ئەو بەشەی تایبەتە بە وەزارەت جیا بکرێتەوە، بکرێتە یاسای وەزارەتی پەروەردە، وە یاسای پەروەردەش لە ماددە یەك تا سەد و پەنجا و پێنج بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفى :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری پەروەردە و بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان دەکەم، دیارە باسی وەزارەتی پەروەردە و یاسای وەزارەتی پەروەردەکراوە بە هەمان شێوەی یاسای پەروەردەیە، لە بابەتی ناوی فێرکردن یان چەمکی فێرکردن بێگومان هاوڕام لەگەڵ ئەوەی کە دەبێت تەنها وەزارەتی پەروەرد بێت، چونکە ناوی پەروەردەیە یاساکەشی دەبێت تەنها یاسای وەزارەتی پەروەردە بێت، وە مەسەلەی فێرکردن ئیشکالێکی تێدایە، چونکە لە رووی

زمانەوانیەوە پێناسەی نوێی پەروەردەیە فێرکردن بەشێکە لە پەروەردە، وە پەروەردە گشتگیرە و فێرکردنیش لە خۆ دەگرێت، وشەی تعلیم بە فێرکردن دێت لە کوردیدا، فێرکاری دەبێتە تعلیمی، بۆیە تێبنی ئەوانە بکرێت، لەبەر ئەوە تەنها ئەوە بێت کە یاسای پەروەردە زۆر گشتگیرتر و بەهێزترە وەك لەوەی کە فێرکردنەکەی بۆ ئیزافە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەستپێکێ من داخازەکا هەی، داخازا من ئەوەیە پشتگیریا خوشکە سلمە دکەم، ئەڤ یاسایە گەلەکا درێژبوو کات و دەمێ مە گەلەکی کورت بوو بۆ ئەوەی ئەم پێداچوونەوەکا دیر بکەین، ژبەر هەندێ ئەگەر ئەڤرۆ گەلەك نەچین یەعنی دە ماددە تنێ بێنە موناقەشەکرن دا مە مەجال هەبیت ئەڤێ دی بە دروستاهی خوینین گەلەك پێتڤی و زروریە ئەڤە داخازا، یا دی ئەز پشتگیریا دکتۆر زێدانی دکەم، مەعقول نینە یاسایا پەروەردێ گەل یاسایا وەزارەتا پەروەردە پێکڤە بیت، ئەگەر دەروازا چوارێ جودا ببیت ببیتە دوو یاسا یاسایا پەروەردێ و یاسایا وەزارەتا پەروەردە، ژبەر هەندێ پشتەڤانیا دکتۆر زێدانی دکەم، تێبینیا من یا سێیەم فیعلەن پرۆژە یاسای پەروەردە فێرکردن دبینیم زێدەیە، فێرکردن بەشەکە ل پەروەردە، پەروەردە شامل ترە، تەڤگەرترە، ژبەر هەندێ کو ئەم بێژین بەس رەوشتە دگەل فێرکردنێ، پێتڤی ناکەت بێژین پرۆژە یاسای پەروەردە و فێرکردن، چونکی وەزارەت ژی ئەم بێژین وەزارەتی پەروەردە، نابێژین وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن، ئەگەر هات مەهەموارکر کردمانە وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن وی دەمی ئەم مەجبورین بێژین پرۆژە یاسای پەروەردە و فێرکردن، مادام وەزارەت وەزارەتی پەروەردەیە بێ فێرکردن تەواوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا عثمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ ئەو هەموو ماددەیەی کە سەد و هەشتا و یەك ماددە لەو پرۆژەیەی دایە بەڕاستی زۆر زۆرە، من پێموایە ئەم هەموو یاسایە پێویست نییە، بەڵام بگرە نیوەی زیاتر ڕێنماییین کراون بە یاسا، یەعنی حەز دەکەم ئەوە بەڕاستی بەسەرماندا تێنەپەڕێت، با ئێمە یاسا و ڕێنماییەکان بۆ جەنابی وەزیر روونتربێت لەوەی کە وەزیر دەتوانێت ڕێنمایی دەربکات، بەڵام ئەو یاسایە زۆر زۆرە، داوا دەکەم تەعدیلێك بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز وەزیری پەروەردە ئەگەر قسەیەکت هەیە لەسەر ئەو قسانەی ئەندامانی پەرلەمان، فەرموو.

**بەڕێز ئاڵان حەمە سعید صالح/ وەزیری پەروەردە:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بە پـڕۆژە یاسـای پەروەردە و فێرکـردن ئـێمە بە پـڕۆژە یاسـای پەروەردە و فێرکـاری ناردوومانە، بەڵام لیژنەی پەروەردە لە پەرلەمـانی کوردسـتان زاراوەی فێرکردنـی پـێ باشـتربوو، سەبارەت بە جیاوازی لە نێوان پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لە یەکچوونیش هەیە تەکامولیش هەیە، لە هەمـان کاتـدا جیـاوازیش هەیە، پەروەردە و فێرکـردن چەمکـی پەروەردە فراوانتـری دەکـات، هەنـدێك جـار پرۆسـەی فێرکـردن دەبێـتەوە بە بەشـێك لە پرۆسـەی پەروەردە، بەڵام بەکارهێنانی عورفێکی موتەبەعە بۆ ئەوەی کە بە تەواوەتـی تەرکیـزی پەروەردە بچێـتەوە سـەر کارەمەیی و بەهاکان و تەرکیزی پرۆسەی فێرکاریش بچێتەوە سەر بابەتی خوێندن و فێرکـردن، سەبارەت بەوەی کە پرۆژە یاساکە بە ناوی وەزارەت نیە، ئەمە پرۆژە یاسای کەرتـی پەروەردەیە بە گشـتی لە نـاو وەزارەتـی پەروەردە، وە خـاڵێکی گرنـگ ئەوەیە کە جیاکـاری نێـوان یاسـاکان زۆرجـار لە کـاتی پراکتیکەکردنـدا گرفتـت بـۆ دروسـت دەکـات، ئـێمە لە وەزارەتـی پەروەردە مەحکـومین بە دوو یاسـا، هەروەهـا بە سیسـتەمێکیش کە ئەویـش یاسـای ژمـارە (٤)ی سـاڵی (١٩٩٢)ی سـێ جـار هەمـوارکراوی سـاڵی (٢٠٠٧)ە، هەروەهـا یاسـای ژمـارە (١٤)ی سـاڵی (٢٠١٢)ی قوتابخانە و پەیمانگا نا حکومیەکـانە، وە سیسـتەمی قوتابخـانە بنەڕەتیەکـانی سـاڵی (٢٠٠٩)، وە سیستەمی خوێنـدگا ئامادەییەکـانی سـاڵی (٢٠٠٩)یە لە ئەنجـوومەنی وەزیـران دەرچـووە، لەبەر ئەوە پەرتەوازەییەکی زۆر لە یاساکاندا هەیە، ئەگەر دیقەت بدەی ئەم پرۆژەیەی کە ئێسـتا لەبەر دەسـتی بەڕێزتانـدایە پـڕۆژەیەکە کـۆکەرەوەی هەمـوو یاسـاکانە، هەنـدێ خـاڵیش کە بەڕێـزان باسیانکرد کە بۆ هەندێ شت وەکو ڕێنمایی دێتە پـێش چـاو کـراوەتەوە نـاو ئەم پـڕۆژە یاسـایە، پـڕۆژە یاسـاکە پـڕۆژە یاسـایەکی گشـتگیرە، ئەگەر سـەیری ئەزمـوونی دەوڵەتـان بـکەی دەبینـی مەسـەلەن لە بەریتانیـا دەسـتوور عـورفیە مەکتـوب نـیە، بەڵام پـڕۆژە یاسـاکانیان لە بـواری پەروەردە خۆی لە نۆ سـەد مـاددە دەبینێـتەوە، لە کەنـدا لە سـێ سـەد و حەفتـا و یەك مـاددە، لە سوید لە نۆ سەد، یەعنی مەبەستم چیە مەبەستم ئەوەیە حیکمەت لە فراوانبـوون یـان تەفسـیل لە هەنـدێك بـوار کە پێویسـت بـوو بێـت ئەوەیە کە دوورکەوتـنەوەی کەرتـی پەروەردەیە لە میزاجـی، وە بە گـۆڕینی ئەشـخاص و وەزیرەکـان هەنـدێك بـابەتی ئیسـتراتیجی هەن کە پێویستیان بەوە هەیە بەردی بناغەیەکی ئیستراتیجیان بۆ دابنرێت، گۆڕانکاریان بە ئاسانی تێدا نەکرێـت، بـۆ ئەوەی پرۆسـەی پەروەردە جۆرێـك لە ئیسـقرار وەربگرێـت، ئەمە بەردی بنـاغەی پرۆژەیەکی پەروەردەی کوردستانیە، بەڵام ئەگەر ئەزمـوونی دەوڵەتـان سـەیر بکەیـن لە کۆریـای باشوور پەنجـا یاسـای پەروەردە هەیە تەحکـوم دەکـات بە پرۆسـەکەوە، وە هەر یاسایەکیش بە دەیان و بە سەدان مـاددەیە، مەبەسـتەکە لە ئیسـتقرارە و لە پەرلەمانیشـەوە ئەمـانە موسـادەقە دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون ماددەی یەکەم بخوێننەوە.

**بەڕێز عبدالسلام عبدالله حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەروازەی یەکەم:

پێناسەکان و بنەما گشتی و بنچینەیی و ئامانجەکان

بەشی یەکەم: پێناسەکان

ماددەی (١):

بۆ مەبەستی حوکمەکانی ئەم یاسایە، ووشەو زاراوەکانی خوارەوە، ماناکانی بەرامبەریان دەگەیەنن:

یەکەم: هەرێم: هەرێمی کوردستان – عێراق.

دووەم: ئەنجومەنی وەزیران: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم.

سێیەم: وەزارەت: وەزارەتی پەروەردەی هەرێم.

چوارەم: وەزیر: وەزیری پەروەردەی هەرێم.

پێنجەم: ئەنجومەنی وەزارەت: ئەنجومەنی وەزارەتی پەروەردەی هەرێم.

شەشەم: ئەنجومەنی پەروەردە: ئەنجومەنی پەروەردەی پارێزگا، ئیدارە سەربەخۆ قەزاکان.

حەوتەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە: بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پەروەردەی پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکان.

هەشتەم: بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە: بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ناوەندی پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆ و قەزاکان.

نۆیەم: قۆناغی باخچە: قۆناغی شیاندن و ڕاهێنان و ئامادەکردنە، بۆ منداڵانی تەمەن (٤) چوار ساڵ و (٥) پێنج ساڵ بەر لە خوێندنی بنەڕەتی.

دەیەم: خوێندنی پەیڕەوکراو: ئەو خوێندنەیە کە لە قوتابخانە و خوێندنگە و کۆمەڵگەی پەروەردەیی و پەیمانگە پەروەردەییەکان لەتەمەنی یاسایی قوتابیان و خوێندکاراندا پەیڕەو دەکرێت.

یازدەیەم: خوێندنی ناپەیڕەوکراو: ئەو خوێندنەیە کە لە ناوەندەکانی پەروەردە و فێرکردن ئەنجام دەدرێت، بۆ ئەو کەسانەی کە لە ناوەندی خوێندنی پەیڕەوکراو، و بە پێی ئەو مەرجەی تەمەن کە لەم یاسایەدا هاتووە، مافی خوێندنیان نیە.

دوازدەیەم: خوێندنی پابەندکراو: قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی دەگرێتەوە کە تێیدا بەخێوکار پابەند دەبێت لە تەمەنی یاساییدا منداڵ بخاتە بەر خوێندن لە یەکێك لە قوتابخانەکان.

سیازدەیەم: خوێندنی بنەڕەتی : یەکەم قۆناغی خوێندنی پەیڕەوکراو و پابەندکراوە کە (٩) نۆ پۆلی خوێندن لەخۆدەگرێت.

قوتابخانەی بنەڕەتی: ناوەندی خوێندنی قۆناغی بنەڕەتییە.

چواردەیەم: خوێندنی ئامادەیی: ئەو قۆناغەی خوێندنە کە دوای قۆناغی بنەڕەتی دەستپێدەکات و (٣) سێ پۆلی خوێندنە و پۆلەکانی دەیەم تا دوازدەیەم لە خۆ دەگرێت.

خوێندنگەی ئامادەیی: ناوەندی خوێندنی قۆناغی ئامادەییە.

پازدەیەم: خوێندنی پەیمانگەی پەروەردەیی: قۆناغی خوێندنی پیشەییە، کە دوای خوێندنی بنەڕەتی دەستپێدەکات و (٥) پێنج پۆلی خوێندنە.

شازدەیەم: پەیمانگەی پەروەردەیی پیشەیی: ئەو ناوەندانەن کە خوێندنی پیشەییان بۆ ماوەی (٥) پێنج ساڵ پاش تەواوکردنی قۆناغی بنەڕەتی تێدا دەکرێت.
حەڤدەیەم: کۆمەڵگەی پەروەردەیی: ئەو دامەزراوانەیە کە باخچەی منداڵان و قۆناغەکانی خوێندنی بنەڕەتی و ئامادەیی لەخۆدەگرن.
هەژدەیەم: بازنەکانی خوێندن: ئەو پۆلانەی کە خوێندنی بنەڕەتیان بەسەر دابەش دەکرێت خوێندنی بنەڕەتی لە سێ بازنە پێکدێت، وە ماوەی هەر بازنەیەك، سێ پۆلی خوێندنە.
نۆزدەیەم: دامەزراوە: دامەزراوەی پەروەردەیی و فێرکردنە، کە باخچەی منداڵان، قوتابخانە، خوێندنگە، کۆمەڵگە و پەیمانگە پەروەردەییەکان، بە حکومی و ناحکومی و هاوبەشەوە دەگرێتەوە.
بیستەم: دامەزراوەی پەروەردەیی و فێرکردنی حکومی: ئەو دامەزراوانەی پەروەردەو فێرکردن دەگرێتەوە کە موڵکی حکومەتن و لەلایەن وەزارەتەوە بەڕێوە دەبرێن و خەرجیان لێدەکرێت.
بیست و یەکەم: دامەزراوەی ناحکومی: ئەو دامەزراوانەی پەروەردەو فێرکردن دەگرێتەوە کە موڵکی کەس و لایەنی پەروەردەکاریی ناحکومین و لەلایەن ئەوانەوە بەڕێوە دەبرێن و خەرجیان لێدەکرێت.
بیست و دووەم: دامەزراوەی ناحکومی قازانج نەویست: ئەو دامەزراوانەی پەروەردەو فێرکردن دەگرێتەوە کە تێیدا قازانجی دامەزراوەکە بۆ سوودی کەسی بەکار نایەت، بەڵکوو تەنها بۆ گەشەپێکردنی منداڵان و قوتابیان و خوێندکاران و مامۆستایان و کارمەندانی تری دامەزراوەکە و دابینکردنی پێداویستییە زانستی و کارگێڕییەکان بەکاردێت، ئەو دامەزراوانە خاوەنی کەسایەتی مەعنەوی خۆیانن و لە دام و دەزگای پەیوەندیدار تۆمار دەکرێن، دەبێت لە پەیڕەوی دامەزراوەکەدا دەقنووسکرابێت کە دامەزراوەکە قازانج نەویستە.
بیست و سێیەم: دامەزراوە هاوبەش و پشتیوانکراوەکان: ئەو ئەو دامەزراوانەی پەروەردەو فێرکردن دەگرێتەوە کە موڵکی حکومەتن، وە تێچووەکانیان لەلایەن حکومەتەوە دابین دەکرێت، بەڵام لەلایەن کەسانی پەروەردەیی نیشتمانی یان بیانیەوە، بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەت بەڕێوەدەبرێن.
بیست و چوارەم: قوتابی: ئەو کەسەیە کە لە قوتابخانەی بنەڕەتی ناونوس کراوەو بەردەوامە لە خوێندن.
خوێندکار: ئەو کەسەیە کە لە خوێندنگەی ئامادەیی یان بەشی ئامادەیی کۆمەڵگەی پەروەردەیی یان پەیمانگەکانی پەروەردەیی ناونووسکراوە و بەردەوامە لە خوێندن.
بیست و پێنجەم: پۆل: ساڵێکی خوێندنی قوتابی و خوێندکارە، لە هەرقۆناغێکی خوێندندا.
بیست و شەشەم: قوتابخانەی ئێواران: ناوەندی خوێندنی ئێوارانی حکومییە بۆ ئەو قوتابی و خوێندکارانە تەرخانکراوە کە بەهۆی مانەوەی دوو ساڵ لەسەریەك لە خوێندنی ڕۆژ، یاخود بەهۆی تێپەڕبوونی تەمەنی یاساییان، مافی بەردەوامبوونیان لە قوتابخانەی بنەڕەتی و ئامادەیی ڕۆژدا نییە.
بیست و حەوتەم: مامۆستا: کەسێکی شیاو و لێهاتووە بۆ وانەوتنەوە لە دامەزراوەکان بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

بیست و هەشتەم: مامۆستای پەروەردەی تایبەت: مامۆستای پسپۆرە لە پەروەردە و فێرکردنی منداڵانی باخچەی منداڵان و قوتابیانی خاوەن پێداویستیی تایبەت لە دامەزراوەکان.
بیست و نۆیەم : بەڕێوەبەری دامەزراوە: ئەو کەسەیە کە ئەرکی بەڕێوەبردنی دامەزراوەیەکی پەروەردەیی و فێرکردنی پێ دەسپێردرێت.
سییەم: یاریدەدەری بەڕێوەبەر: ئەو کەسەیە کە ئەرکی یاریدەدەری بەڕێوەبەری پێدەسپێردرێت.
سی و یەکەم: ڕێنماییکاری پەروەردەیی: ئەو فەرمانبەرەیە کە هەڵگری بڕوانامەیە لە یەکێك لە بوارەکانی دەروونناسی، کۆمەڵناسی، ڕێنمایکردنی پەروەردەیی و کاری کۆمەڵایەتی کە ئەرکی ڕێنمایی پەروەردەیی قوتابیان و خوێندکاران لە سنوری قوتابخانە و خوێندنگەکەی لە ئەستۆدەگرێت.
سی و دووەم: سەرپەرشتیاری پەروەردەیی: ئەوفەرمانبەرەیە کە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، لە دامەزراوەکاندا ئەرکی ڕێنمایی و بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن لە ئەستۆ دەگرێت.
سی و سێیەم: پلانی فێرکردن: بنەما ودیدگا گشتیەکانی پەروەردە وفێرکردنە، کە لەپرەنسیپە گشتی و فەلسەفیەکانی پەروەردەوفێرکاری هاتوو لەم یاسایەدا سەرچاوە دەگرێت، و بەها و بنەماکانی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنی لەسەر بنیات دەنرێت و ئەو ئامانجانەی بۆ هەر قوتابی و خوێندکارێك فەراهەم دەکرێن و ئامانجەکانی هەر بابەتێکی خوێندن لەهەر قۆناغێکدا، ئەو کارامەییانەی لەهەر منداڵ و قوتابی وخوێندکارێك لەهەر قۆناغێکی خوێندن چاوەڕوان دەکرێت، کاتژمێرەکانی خوێندنی هەر بابەتێکی خوێندن دەگرێتەوە.
سی و چوارەم: کتێبەکانی خوێندن: کتێبەکانی خوێندنی هەر بابەتێك کە وردەکارییەکەی لە پلانی فێرکردنەوە سەرچاوەی گرتووە.
سی و پێنجەم: پروگرامی خوێندن: بەشێکە لە پلانی فێرکردن کە پەیوەستە بە پۆلێك یاخود بازنەیەکی خوێندنی دیاریکراو، وە کتێبەکانی خوێندن لە هەر بابەتێك، لە قۆناغی یان بازنەی پەیوەندیدار، و کتێبەکانی ڕاهێنان و ڕێبەری مامۆستا و ڕێبەری سەرپەرشتیاری پەروەردەیی، و سیستەمی تاقیکردنەوەکان وهەڵسەنگاندن لە خۆدەگرێت.
سی و شەشەم: بەخێوکاری قوتابی: ئەو کەسەی بەخێوکردن و چاودێریکردنی منداڵ، قوتابی و خوێندکار، بە پێی یاسا بەرکارەکان لە ئەستۆ دەگرێت.
سی و حەوتەم: ئەنجومەنی بەخێوکاران: ئەنجومەنێکە بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە لەناوەندەکانی خوێندن پێك دەهێنرێت.
سی و هەشتەم: پەروەردەی تایبەت: بریتیە لە کۆمەڵێك بەرنامەی پەروەردەیی تایبەت، کە دەبێت بۆ قوتابیان و خوێندکارانی خاوەن پێداویستیی تایبەت دابین بکرێت، بۆ گەشەکردن و پەرەپێدانی تواناکانی خوێندنیان لە ڕێگەی هۆکارەکانی فێرکردنی گونجاو کە لەگەڵ تواناکانیان بگونجێت، بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجە فێرکارییەکان و ئامادەکردنیان بۆ ژیانی گشتی و تێکەڵبوونیان بە کۆمەڵگە.
سی و نۆیەم: قوتابیان و خوێندکارانی خاوەن پێداویستیی تایبەت: ئەوانەن کە گرفتێکی هەمیشەیی جەستەیی یان ناجەستەییان هەیە کە دەبێتە ڕێگر لە بەشداربوونیان بە شێوەیەکی یەکسان لە ناوەندەکانی خوێندن و فێرکردندا.

چل: پەروەردە و فێرکردن: ئەو پرۆسـەیەیە کە بەپێـی پلانـی فێرکـردن و پرۆگرامەکـان و لەژێـر چاودێری مامۆستا و بەمەبەستی بەهرەمەندبوونی قوتابی و خوێندکاران بە زانست و تێگەشتن و بنیاتنـانی بەهاکـان، لە دامەزراوەکانـدا بەڕێـوە دەچێـت و خوێنـدنەوەیەکی ڕەخنەگـرانەی دەقەکانیش لەخۆ دەگرێت.

چل و یەکەم: بەشـە وانە: پرۆسـەیەکی پەروەردەیـی و فێرکـردنە لە پـۆل و لەژێـر سەرپەرشـتی مامۆستا و لە ماوەیەکی دیاریکراودا بەڕێوە دەچێت.

چــل و دووەم: دڵنیـــایی جـــۆری: ئەو ڕێکـــارانەیە کە لە پرۆســـەی پەروەردەو فێرکـــردن لە دامەزراوەکاندا، بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی ئەم یاسایە دەگیرێتەبەر.

چـل و سـێیەم: خوێنـدنی خێـرا: ئەو خوێنـدنەیە کە ئامـانجی ڕەخسـاندنی هەلـی فێربـوونە، بـۆ ئەوانەی لە تەمەنی یاساییدا لە خوێندن بەردەوام نەبوون، یان هەر پەیوەندیان بە قوتابخـانەوە نەکردووە، ئەوەش لە ڕێگەی ئامادەکردنیان لە ماوەی (٥) پێنج ساڵ یان زیاتر، بۆ ئەوەی بە پێـی تەمەنەکانیان بگەنەوە سەر ڕێچکەی خوێندنی پەیڕەوکراو.

چـل و چـوارەم: نەهێشـتنی نەخوێنـدەواریی: بنیاتنـانی توانسـتەکانی خوێنـدنەوە و نووسـین و بنەماکانی ژمارەکارییە، بۆ ئەو کەسانەی کە نیانە و هـیچ پـۆلێکی خوێنـدنینان بە سـەرکەوتووی نەبڕیوە و تەمەنیشیان لە (١٦) شازدە ساڵ زیاترە.

چــل و پێــنجەم: شــوێنی حەوانــدنەوەی قوتابیــان: ئەو شــوێنانەن لە قوتابخــانە، کە لە دوای تەواوبوونی دەوامی فەرمی قوتابخانەکان دەکرێنەوە، بۆ ئەو قوتابیـانەی لە خـوار تەمەنـی (١٤) چـواردە سـاڵن، وە لەبەر کـاری بەخێوکاریـان نـاتوانن لە کـاتی تەواوبـوونی دەوامـی قوتابخـانە بڕۆنەوە ماڵەوە.

چل و شەشەم: دیداری گەشە: بریتییە لە دیدارێك کە لە قوتابخـانەو خوێنـدنگە بە ئامـادەبوونی مامۆسـتا، بەخێوکـار، قوتـابی یـان خوێنـدکار و بـۆ تـاوتوێکردنی بـاری خوێنـدن بەمەبەسـتی لێکتێگەیشتنی هاوبەش بۆ پەرەپێدانی تواناکانی قوتابی و خوێندکارو باشـترکردنی بـارودۆخی خوێندنیان ئەنجام دەدرێت.

چـل و حەوتەم: قوتابخـانە و خوێنـدنگەی بەهـرەداران و تایبەتمەنـد: بـریتییە لەو قوتابخـانە و خوێنـدنگەی بەهـرەداران، یـان تایبەتمەنـد بە هـونەر یـان وەرزش یـان هەر بـابەتێکی دیـکە کە وەزارەت ڕەزامەندی لەسەر دەدات.

چل و هەشـتەم: مـۆڵەت: ئەو ڕێگەپێـدانەیە کە لەلایەن وەزارەتەوە، وە بەپێـی حوکمەکـانی ئەم یاسایە و ڕێنماییەکانی بە دروستکردنی دامەزراوەیەکی ناحکومی دەدرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمـان، هەر ئەنـدامێکی پەرلەمـان دەتوانێـت (٢) دەقە قسـە بکـات، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو پرۆژە یاسایە پرۆژە یاسایەکی گرنگە ئیستسـنایەکی بـۆ دەکەیـن دەتـوانن (٣) دەقە قسە بکەن، بەڵام بیرتان بێت وەزیر ناتوانێـت بە (٢) دەقە وەڵامـی هەمـوو پرسـیارەکانتان بـداتەوە، هەر بەڕێزێـك دەیەوێـت قسـە بکـات دەتوانێـت نـاوی تۆمـار بکـات، بەڵـێ بەڕێـزان، ئەندامانی بەڕێز ناوەکان دەخوێنمەوە، ئەگەر یەکێـك نەنووسـرابوو پێمـان بڵـێ، گوڵسـتان خـان، مامۆستا عبدالستار، کاك بەڵێن، ڕوپاك خان، کاك سەرکۆ، کاك باڵانبۆ، کاك شاخەوان، شـادی خـان، کاك بەڵێن، کاك گۆران، شیرین أمین، د.شایان، کاك علی، کاك یاسین، کاك فیصـل، کـاك مەلا ناصـر،

د.شێرکۆ، د.إسماعیل، کاك سیپان، بدریە خان، مژدە خان، مامۆستا عثمان ، مامۆستا عمر، کاك مەم، سەرچنار خان، هەڵەز خان، سوسن خان، د.ڕێبوار، کاك چیا، شێخ ظاهر، ئاشنا خان، کاك مسلم، د.گەلاوێژ، کاك هێڤیدار، سوسن خان، فەرموو.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستی دا من تێبینیم لەسەر کۆی یاساکە هەیە کە لە ئێستاشدا من دەڵێم ئەو یاسایە گەلەك زۆرە، دەکرێت زۆر کورت بکرێتەوە، تێبینیم لەسەر ئەو ماددەیە لە ڕاستی دا لە خاڵی شەشەم ئەو (ئیدارە سەربەخۆ) بکرێتە (ئیدارە سەربەخۆکان)، هەروەها لە خاڵی هەشتەم دیسان بە هەمان شێوە بکرێتە (ئیدارە سەربەخۆکان)، لە خاڵی نۆیەم کە قۆناغی باخچەیە نووسراوە قۆناغی (شیاندن و ڕاهێنان و ئامادەکردنە بۆ منداڵانی تەمەن چوار ساڵ و پێنج ساڵ) بکرێتە (چوار تا پێنج ساڵ)، لە خاڵی چواردەهەم خوێندنی ئامادەیی ئەو (قۆناغە خوێندنە) کە دوای قۆناغی بنەڕەتی بکرێتە (ئەو قۆناغە خوێندنەیە) نەك ئەو قۆناغەی خوێندنە، لە خاڵی بیست و سێیەم پرسیارێکم هەیە سەبارەت بە ڕستەی کۆتایی کە دەڵێ (بەڵام لەلایەن کەسانی پەروەردەیی نیشتیمانی یان بیاندییەوە) ئەو (بیاندییە)چییە؟ ئایا مەبەست (بیانی)یە کە نووسرایە (بیاندییە)؟ چونکە بەو شێوەیە خوێندرایەوە لەلایەن سەرۆکی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا، هەروەها پرسیارێکی ترم سەبارەت بە قوتابی و خوێندکار، بۆچی لە شوێنێك قوتابی هاتووە، لە شوێنێك خوێندکار هاتووە؟ ئایا ئێمە دوای ئەو هەموو ساڵە نەمانتوانیوە لەسەر وشەیەك ڕێك بکەوین؟ هەروەها سەبارەت بە برگەی (٣٣) کە باس لە پلانی فێرکردن دەکات، بەڕای من ئەو برگەیە زۆر دوور و درێژە و دەتوانرێ کورت بکرێتەوە، دیسان سەبارەت بە خاڵی (٣٨) پەروەردەی تایبەت ئەم خاڵەش بەڕای من پێویستە کورت بکرێتەوە و دوور و درێژە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، د.ڕێبوار، فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیم لەسەر برگەی (٢٤) هەیە، تێبینییەکەشم دیارە پەیوەستە بە فەرهەنگی زمانی کوردی و بە تەحدیدی لەسەر ئەو هەردوو وشەیەیە، بڵێین وشەی (قوتابی) و (خوێندکار) و (قوتابخانە) و (خوێندنگە)، دیارە لە پڕۆژە یاساکە هاتووە (قوتابی) بۆ قۆناغی بنەڕەتی دیاری کراوە و پێناسە کراوە، (خوێندکار)یش بۆ قۆناغی ئامادەیی، من پێموایە دەستنیشان کردنی وشە و چەمکەکان بۆ ئەهلی ئیختیصاصی کوردی بەجێبهێڵین، ئەوە بابەتێك نییە پەیوەست بێ بە کەرتی پەروەردەوە، بەڵکو بابەتێکە پەیوەستە بە کۆڕی زانیاری کوردی و پسپۆڕانی زمانی کوردی، من پێموایە هەردووکی موورادیفی یەکە، قوتابی و خوێندکار هیچ جیاوازی نییە، موورادیفی یەکترن، بۆیە لێرە بە جیاوازی هاتووە، کەواتە وا باشە بەو شێوەیەی لێ بکرێ بڵێین

(قوتابی قۆناغی بنەڕەتی، خوێندکاری قۆناغی ئامادەیی) یـان (قوتـابی قۆنـاغی ئامـادەیی)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك چیا، فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

من دوو تێبینی هەبین، ئەز نزانم من پێشنیارەك هەیە، ئەز نزانم چ ڕادەکا ئەڤ پێشنیارە یاسایی یە، ئەڤ پڕۆژە یاسا نێزیکی (١٨٢) ماددەنە، ئەگەر ئەم ڤێ پڕۆژە یاسای کو رەئیـا بـرادەران (١١١) ئەندام پەرلەمانە، ئەز باوەڕ ناکەم هەیقهەتا دوو هەیڤـی ئەڤ پـڕۆژە یاسـای خەڵاص بـکەن، ئەز ئێـك پێشـنیارێ دکەم ژ هەر فراکسـیۆنەکێ سـێ یـان چـار کەس دگەل جەنـابێ وەزیـری خانـدنا دووێ بـۆ بێـتە کرنـێ، ئـاخیر جەلەسـە کە خانـدنا دووێ هـاتە کرنـێ، ئەڤ خانـدنا دووێ بێـتە ڕاگەهاندن بۆ مە هەمی پەرلەمانتارا، ب ڤی شـێوازێ ئەم هەمـی نە پسـپۆڕی پەروەردەیـنە، ئەم هەموو نە شارەزای پەروەردەینە، هەندەك کار بۆ کەسێن پەروەدە و پسپۆڕ و شارەزا بـن، بـۆ وێ ژی ئەگەر ئەڤ پێشـنیارا د جهـێ دا بـت، بـۆ مـاوەی حەفـتەیەك دا ئەم بشـێن ڤـێ پـڕۆژە یاسـا خەلاص بکەین، ئەگەر ب ڤی شێوازی بیت باوەڕ ناکەم دوو هەیڤـی دی جەلەسـە و دوو هەیڤـی دی جەنابێت وەزیر لڤێرێ روونن ژ هەمی کارا تێنە لادان، ئەڤ نزانم یاسایی یە ئان نا؟.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ناوەڵلا دەبێ لە ناو هۆڵی پەرلەمان موناقەشەی بکەین.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

تەمام، ئەز دێ تەنها یەك تێبینیا خوە گەهینم، بابەتێ پڕۆژە یاسا کە بۆ هەموو کوردستانێ یە، بۆ هەمووماڵبەتەکییە، بەڵـێ موخـابنی وە دەبـێ پـڕۆژە یاسـا بە سیاسـەت کرنـا پـڕۆژە یاسـای ئەز دبینم بەکار هینانا قوتابی و خوێندکارا نە تشتەکی جوانە پێ دڤی ئەم شتە نێتە کرن، دەمانزانی ناس دزانن باشترین کەلیمە لە هەموو دونیایێ ( st udent) دێتە بەکارهێنان و نـزانم بـۆچی یەعنی ئەم حەتا ڤێ ڕادەیێ پرۆژە یاسایەکێ دا سیاسەتێ دا بەکار بینن بۆ وێ من پێباشـە ئەڤ دوو کەلیمە بێنە لادان، نە قوتـابی بێـتە بەکـار هینـان، نە خوێنـدکار، بابەتەکـا زمـانزانەکی وەسـا بەکار بینن کو هیچ کەسەك سیاسەتێت پرۆژە یاسای نەیێتە کرنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك هێڤیدار، فەرموو.

**بەڕێز هێڤیدار أحمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێزان وەزیری پەروەردە و وەزیری پەرلەمان دەکەیـن کە لێـرەنە، لەسـەر مـاددەی (یەکەم) هاوڕای برای بەڕێزم کاك (چیا)مە، قوتابی و خوێنـدکار، ئەوە قوتـابی بەشـی ئیبتیـدائی یە، سـەرەتایی، خوێنـدکار بەشـی ئامـادەیی یە، ئەدی لە زانکـۆ چـی پـێ بڵێـین؟ دەبـێ وەزیـری تەعلیمی عالیش ڕۆژێك بینـنە ئێـرە و دابنیشـن و نـاوێکی بـۆ بێـنن، یەعنـی شـتەکە زۆر ئاسـانە، سبەینێ یەکێك، بەڕێز سـەرۆکی پەرلەمـان، سـبەینێ یەکێـك دکتـۆراکەی بنووسـێت لەسـەر ئەم قانونە و زۆر قانونی تر، دەڵێ کاکە خـۆ پـارتی و یەکێتـی شـەڕیان کـردووە کوردسـتان دروسـت

بکەن نەك قانونەکە بە ناوی حیزبی دروست بکەن، فێرخواز کەلیمەیەکی کوردی یە، جوانە، یان ناوێکی تر بۆ هەردووکی بەکاربینن، قوتابی لێرە بۆ سەرەتایی، خوێندکاریش بۆ ئامادەیی، ئەدی زانکۆ چی پێ بڵێین جەنابی وەزیری پەروەردە زەحمەت نەبێت لێرەی؟ یەعنی ناوێکی دەبێ دانیشین بۆ ئەویش داتاشین و بنووسین زەحمەت نەبێ، ماددەی (بیست و هەشتەم) جەنابی وەزیر مامۆستای پەروەردەی تایبەت، ئەم مامۆستایانەمان هەیە لە کوردستان؟ ئێستا من لە زاخۆ ئەم ساڵە یەعنی پرسیار بۆ ئێمە هاتووە مامۆستامان نییە، یەعنی دەرسی تایبەت بۆ تەڵەبەی کە تەواو ئەندامی جەستەی تەواو نییە، پێی بڵێتن، هەر نایزانی چۆن پێی بڵێت؟ ئایا لە کوردستان ئەو بەشە هەیە؟ (بیست و نۆیەم) و (٣٠)ەم دەڵێ (بەڕێوبەری دامەزراو ئەو کەسەیە..) (ئەو کەسە) بکرێتە (مامۆستا)، (٣٢)ەم سەرپەرشتیاری پەروەردە دەڵێ (ئەو فەرمانبەرەیە..) یەعنی نەتنووسیوە (ئەو کەسەیە)، مامۆستایە دەبێتە بەڕێوبەری دامەزراوەکە و بەڕێوبەری ئەوە، ئەو پێشنیارانەم هەبوو لەو ماددەیە، ماددەی (١)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، گوڵستان سعید، گوڵستان خان، فەرمووو.

**بەڕێز گوڵستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١)ی یاسای پەروەردە و فێرکردن پێم باشە لە بڕگەی سێهەمی هەتا هەشتەمی وشەی (فێرکردن) بخرێتە سەر پەروەدە، سەبارەت بە بڕگەی (٣١) کە باس لە ڕێنماییکاری پەروەردەیی دەکات، پێم باشە بکرێتە دوو بڕگە بە ناوی (توێژەری دەروونی) و (توێژەری کۆمەڵایەتی)، ئەو توێژەری دەروونی و کۆمەڵایەتی یە بەم شێوەیە بنووسرێت (توێژەری دەروونی ئەو مامۆستایەیە کە بڕوانامەی بەکالۆریۆس و بەرزتری لە دەروونزانی دا هەیە بە ئەرکی ڕێنمایی دەروونی و پەروەردەیی و قوتابیان وخوێندکاران ڕاسپێردراوە لەهۆکاری کێشە دەروونی وکۆمەڵایەتییەکانی قوتابییان دەکۆڵێتەوە و ڕێنمایی و هاوکاری ئاراستەیان دەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشە دەروونی وکۆمەڵایەتیی و ڕەفتارییەکان)، (توێژەری کۆمەڵایەتیش ئەو مامۆستایەیە کە بڕوانامەی بەکالۆریۆس و بەرزتری هەیە لە کۆمەڵناسی دا کە لە کاری کۆمەڵایەتی بە ئەرکی ڕێنمایی دەروونی و پەروەردەیی و هۆشیاری کۆمەڵایەتی قوتابییان و خوێندکاران ڕاسپێردراوە لە هۆکاری کێشە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی خوێندکاران دەکۆڵێتەوە و ڕێنمایی و هاوکاری ئاراستەیان دەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشە دەروونی وکۆمەڵایەتیی و ڕەفتارییەکان)، ئەو پێشنیازانەی کە بەڕێز کاك هێڤیدار کردی پشتیوانی لێ دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، مامۆستا عبدالستار، فەرمووو.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (حەوتەم) (بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردە بەڕێوبەرایەتییە گشتییەکانی پەروەردەی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان) من پێموایە هەر بنووسین (بەڕێوبەرایەتی یە

گشتییەکانی پەروەردە)، پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکانی بۆ چییە؟ لەوانەیە سبەی دیسانەکە لە شوێنێك بەڕێوبەرایەتییەکی گشتی پێویست بکات زیاد بکرێت، بە پێی ئێرە بێ ناتواندرێ، هەر بنووسرێ (بەڕێوبەرایەتی یە گشتییەکانی پەروەردە)، لە ماددەی (١٢) نووسراوە (خوێندنی پابەندکراو قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی دەگرێتەوە کە تێیدا بەخێوکار پابەند دەبێت لە تەمەنی یاسایی دا منداڵ بخاتە بەرخوێندن)، نازانم ئەو (پابەند)ە یەعنی مەبەستی چییە بەڕاستی؟ باشە ئەگەر بەخێوکەرێك نەیتوانی منداڵەکەی بخاتە بەرخوێندن، لە گوندێکە کە قوتابخانەی لێ دوور بێ، لە شاریشە بەڵام ئیمکانییاتی دارایی نییە، بەشێکی زۆر خەڵك ئێستاش منداڵەکانی دەنێرێت بۆ کارو کەسابەت، چونکە ژیانی خراپە، ئایا لێرە مەبەستی چییە یەعنی (بەخێوکار پابەند دەبێت لە تەمەنی یاسایی دا منداڵ بخاتە بەرخوێندن)؟ ئایا ئەمە ئیلتیزاماتێکیش لەسەر حکومەت دانانێ ئەگەر وابێ؟ یەعنی نابێ حکومەت هاوکاری ئەوانە بکات کە ناتوانن؟ چ بۆ گواستنەوە، چ بۆ ژیانیان کە ناچاربوو منداڵەکەی بنێرێتە بەر کەسابەت، لە خاڵی (٣١) ئەوەی کە گوڵستان خان باسی کرد منیش هەمان بۆچوونم هەیە بەڕاستی، خۆی عینوانی وەزیفی کە لێرەدا دروستی دەکەی پێموایە ئەوەیە کە توێژەری کۆمەڵایەتی بێ، ئەو عینوانەیان هێناوە ڕێنماییکاری پەروەردەیی کە جیایە لە کۆمەڵناسی و دەروونناسی و ئەوانە، من پێموایە زیاتر توێژەری کۆمەڵایەتی گونجاوترە، پشتگیری ئەوەی گوڵستان خان دەکەم، بەشێوەیەکی گشتیش بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان پێموایە ئەوە (٤٨) خاڵ بوو، یەعنی ئەگەر دابەشتان بکردبایە باشتر بوو تا (١٠) خاڵ (١٠) خاڵ پێدا بڕۆن، با قەینا یەك ماددەش بێ، بەس ئێستا ئەگەر من دوو، سێ تێبینیی دیکەم هەبێ چۆن بیڵێم؟ ڕەنگە رەفیقەکەم نەیڵێ، ڕەنگە شەوی دیکەش نەیڵێ، من پێموایە زۆر بوو (٤٨) خاڵ بەیەکەوە بڵێ قسەی لەسەر بکەن، زۆرە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لە پەیڕەو زۆر بە صەریحی هاتووە دەڵێ ماددە ماددە، بۆیە ئێمەش مەجبوورین، کاك باڵانبۆ، فەرموو.

**بەڕێز باڵانبۆ محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١) بڕگەی (٢٧) پێناسەی مامۆستای کردووە (کەسێکی شیاو و لێهاتووە بە وانە وتنەوە لە دامەزراوەکان بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە) شیاوی لە چ ڕوویێکەوە؟ ئایا مامۆستا پێویست نییە لێرە دیاری بکرێ هەڵگری چ بڕوانامەیەکی بێ، ئەمە ئەگەر دەڵێن بەپێی پەیڕەو ڕێکخراوە یان بەپێی پەیڕەو ڕێك دەخرێ، بۆ لێرە لانی کەم لە مامۆستای بنەڕەتییەوە دیاری ناکرێ هەڵگری چ بڕوانامەیەکە؟ بەڕێوبەری دامەزراوە (٢٩) (بەڕێوبەری دامەزراوە ئەو کەسەیە کە ئەرکی بەڕێوەبردنی دامەزراوەیەکی پەروەردەیی فێرکردنی پێ دەسپێررێ) ئەمیش لەسەر چ بنەمایەك ئەم ئەرکەی پێ دەسپێررێ؟ ئایا پێویست نییە ساڵەکانی خزمەتی بۆ دیاری بکرێ؟ کەسێك یەکەم ساڵ بهێنرێت دابمەزرێنرێت ودوای ئەوە یەکسەر بیهێنێ بیکەی بە بەڕێوبەر، یەعنی لێرەش دا پێویستە ڕەچاوی ساڵی خزمەت وئەو توانایەی بکەی کە پێشتر پێشانی داوە، یاریدەدەری بەڕێوبەریش بە هەمان شێوەیە، ئەویش پێویستە ساڵی خزمەت و هەڵسەنگاندنەکەی بۆ دیاری بکرێ ئەو کاتە ئەو پلەیەی پێ بدرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك شاخەوان، فەرموو.

**بەڕێز شاخەوان رؤوف مصطفى :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قسەکانم کرا، پشتیوانی پێشنیارەکەی گوڵستان خان دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك على حەمە صالح، فەرموو.

**بەڕێز على حەمە صالح طه:**

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری پەروەردە و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان دەکەین، من خاڵی (٢٧) پێشنیار دەکەم بڕوانامە بنووسێت، یەعنی دبلۆم بۆ سەرەوە، لە خاڵی (٢٨) کاك هێڤیداریش وتی ئایا ئەو ناوەندانە هەن؟ یاخود ئەو مامۆستا تایبەتانە هەن؟ لە پرۆسەیەك دا ڕێکخراونەتەوە؟ تایبەت دەکەن، خاڵێکی دیکە ئەو مامۆستایانەی کە وانەی تایبەت دەڵێنەوە چ لە سەنتەرەکان، چ ئەڕۆن بۆ ماڵان، ئەمە لە پێناسەکان دا نییە، لە چوارچێوەیەکیشدا ڕێکنەخراوەتەوە کە ئەمە ئێستا وای لێهاتووە زۆرترین بەرکەوتنی هەیە لەگەڵ قوتابی دا، ئەڕۆن لە ماڵەوە دەرس دەڵێنەوە، هەیە هەر بڕوانامەشی نییە، هەیە تەڵەبەی شەشی ئامادەیی یە، هەیە ئامادەییشی تەواو نەکردووە وانەی تایبەت دەڵێنەوە، ئایا نابێت ئەوانەش ڕێك بخرێتەوە لە ژوورەوە، ئەگەر ڕێك بخرێتەوە دەبێ دیسانەوە ئەم بابەتانەش ڕێك بخرێتەوە، بۆیە ئەوەش ئەگەر لە پێناسەکەدا جێگیر بکرێ بۆ توێژەری دەروونی و کۆمەڵایەتیش پشتیوانی گوڵستان خان دەکەم کە بەو شێوەیە جێگیر بکرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ئاشنا خان، فەرموو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستییەکەی هەندێك لە ئەندامانی بەڕێز باسیان لە وشەی قوتابی و خوێندکار کرد، من بۆ خۆم وەکو ئەندامی ئەم لیژنەیە هەوڵی زۆرمدا وهەندێك لئەندامانی تریش ڕاستییەکەی لەسەرجەم فراکسیۆنەکان هەوڵی زۆرمان دا لەوەی کە ئەو دوو وشەیە بکەین بە وشەیەکی یەکگرتوو، یەك وشە بێ، چونکە بەڕاستی ڕاستە ئێستا وا دابەش کراوە کە قوتابی بۆ قۆناغی بنەڕەتی یە و دوای ئەوە خوێندکار بۆ قۆناغێکی ترە، بەڵام بەداخەوە ویستێك هەبوو لەسەروو ئیرادەی ئێمەوە کە دەیویست ئەم دوو وشەیە بەم شێوەیە بمێنێتەوە، ئەمە ئەگەر وەکو وشە سەیری بکەین ڕاستەی دوو وشەی سەربەخۆیە ومورادیفی یەکن و هیچ موشکیلەیەکمان نییە لەگەڵی، بەڵام ئەمە باکگراوندێکی ناشیرینی هەیە بەکارهێنانی ئەم دوو وشەیە، پێمانخۆش بووە کە پسپۆڕی زمانەوانی بێن ئەم کێشەیە چارەسەر بکەن، وشەیەك پێشنیار بکەن با نە قوتابی بێ نە خوێندکار بێ، ئێستاش من پێشنیار دەکەم بەڕێزان لە فراکسیۆنی یەکێتی و لە فراکسیۆنی پارتی، ئەگەر ئێوە بتانەوێ بەڕاستی ئێمە دەتوانین وشەیەك دابنێین و ئەو شانازییە بۆ

پەرلەمانی کوردستان بێ، کە لایەنی کەم توانیومانە سیمای دوو ئیدارەیی و دوو زۆنی کاڵ بکەینەوە لە یەکگرتنەوەی ئەم دوو وشەیەدا، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك فیصل، فەرموو.

**بەڕێز فیصل عباس عولا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بە ناوی خودای گەورە و میهرەبان.**

بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم، لە ماددەی (١) لە خاڵی(٣١) داواکارم (ڕێنماییکاری پەروەردەیی) بگۆڕن بە (توێژەری دەروونی و کۆمەڵایەتی) بەم شێوە بنووسرێتەوە: (٣١- توێژەری دەروونی: ئەو مامۆستایەی کە بڕوانامەی بەکالۆریۆس و بەرزتری بە دەروونزانی دا هەیە بە ئەرکی ڕێنمایی دەروونی و پەروەردەیی قوتابیان و خوێندکاران ڕاسپێردراوە لە هۆکاری کێشە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان قوتابییان دەکۆڵێتەوە و ڕێنمایی و هاوکاری ئاڕاستەی دەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ڕەفتارەکانیان)، توێژەری کۆمەڵایەتی: ئەو مامۆستایەی کە بڕوانامەی بەکالۆریۆس و بەرزتری لە کۆمەڵناسی یان کاری کۆمەڵایەتی دا هەیە بە ئەرکی ڕێنمایی دەروونی و پەروەردەیی هۆشیاری کۆمەڵایەتی قوتابیان وخوێندکاران ڕاسپێردراوە لەهۆکاری کێشە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی خوێندکاران دەکۆڵێتەوە و ڕێنمایی و هاوکاری ئاراستەیان دەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ڕەفتارەکانیان)، پشتگیری لە قسەکانی سوسن خان و د.ڕێبوار و کاك هێڤیدار و کاك باڵانبۆ دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ڕوپاك خان، فەرموو.

**بەڕێز ڕوپاك أحمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە مادده (١) لەسەر چەند بڕگەیەك من داوای هەم تەوزیح دەکەم، بڕگە (١٠) خوێندنی پەیڕەوکراو و ناپەیڕەوکراو ئەگەر هەم لیژنە یان وەزیر تەوزیحەکمان بۆ بدات باشە، بۆچی پێناسەی خوێندنی نێودەوڵەتی نەکراوە؟ کە ئێستا دەخوێندرێ و قوتابخانەی نێودەوڵەتی لە پارێزگاکان زۆرە، هەروەها بڕگە (٢١) من پێمباشە نەمێنێ، لابدرێت، کە دامەوزراوەی ناحکومی پێناسە کراوە، پێشنیارەکم هەیە کە ئەگەر ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان پشتگیریم بکەن وەزارەت لەگەڵمان یەك ڕا بێ، خوێندنی ئەهلی نەمێنێ لە هەرێمی کوردستان، چونکە ئەوەندەی قوتابخانەی ئەهلی زۆرە، قوتابخانەی ناحکومی زۆرە، کاریگەری زۆر لەسەر قوتابخانەی حکومی کردووە کە گرنگییەکی ئەوتۆ بە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن نەدرێ، بۆیە ئەگەر ئەو بڕگەیە لابدرێ، (٢٦) لە پێناسەی ناوەندی خوێندنی ئێوارانی حکومییە بۆ ئەو قوتابی و خوێندکارانە تەرخان کراوە کە بە هۆی مانەوەی دوو ساڵ لەسەر یەك نەنووسراوە لە یەك پۆل، پێموایە دەبێ لەیەك پۆل، ئەگەر یان ڕوونکردنەوەیەکی زیاتر بدەن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس ڕوپاك خان، كاك سیپان، فەرموو.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

له مادده (١) من چەند تێبینی لسەر مادده (٩)، (١٤)، (٢١)، (٢٧)، (٣١)، (٤٨) هەیە، ژ مادده (٩) دەست پێ بکەین کو تایبەته به قۆناغا باخچەی، لڤێرێ ب وازحی ئاماژە ب وێ چەندێ دا کو قۆناغا باخچەی چار ساڵیش و پێنج ساڵیشی تێته وەرگرتن، لێ بەداخەوە د پرۆسا پەروەردێ دا ل هەرێما کوردستانێ وەزارەتا پەروەردەی کابینه دیڤ کابینه نەشیا گرنگیەکیا تەمام ب قۆناغا باخچێ بدات، کو قۆناغەکا سەرەتایی یا گرنگه ژ بۆ پێگەهاندنا قوتابی و ئامادەکردنا وی ژ بۆ پرۆسا خاندنێ، ئەڤرۆکه لڤێرێ چار ساڵ بۆ پێنج سال هاته نڤیسین، لڤێرێ پرسیارێن جەنابێ وەزیرێ پەرەوەردە دکەین، ئایا ل کی ژی چار سالی تێته وەرگرتن ئەگەر فەرمانبەر نەبی دایك و باب کەواته له هیچ جێهەکی چار ساڵی ناهێته وەرگرتن، ئەگەر دایك و باوك فەرمانبەر بن ئینجا تێته وەرگرتن، ل دەمەکی دا پلانا وەزارەتا پەروەردە ژ بۆ دروستکردنا باخچەیان چییە؟ زۆربەیان ناحیان ئەڤرۆکه بێ باخچەنە، ناحیەکا وەکی چەمانکێ سەدان داواکاری کردییە ل سنووری پارێزگا دهۆکی بێ باخچەیە، دەیان ناحیەی تر سنووری پارێزگەهێن هەرێما کوردستانێ بێ باخچەنە، کەواته دبێت دەستپێکی پلان ژ بۆ دانانا باخچەهان بێت ئینجا بەحس ل دەستنیشان کردنا تەمەنی بهێته کرن، چونکی ل درست کردنا چار ساڵێ لڤێرێ ب هیچ رەنگێکی دگەل پرۆسا پەروەردێ نووکه ل هەرێما کوردستانی ناگونجێت، چونکی وەکو پێتڤی باخچێن زارۆکا نینه، ماددەی (١٤) ئاماژە به خاندنن ئامادەیی دایه، ناوەندێن خاندنێن ئامادەیی پیشەیی، چونکی خاندنێن پیشەیی ل هەرێما کوردستانێ هەنه لێ ئاماژە پێ نەهاتییە دان، د ماددێ (٢١)، ماددێ (٢١) ئاماژە بێت وان دامەزراوێن پەروەردەیێن ناحکومی هاتییە کرن، گرنگه لڤێرێ ئەڤ چەنده لسەر بهێته زێده کرن، ئەڤ ناوەندێن پەروەردییێن ناحکومی بکەڤنه ژێر چاڤدێریا وەزارەتا پەروەردێ دا، داکو بشێت رەقیبەك ل سەر، چونکی د نووکەدا گەلەك دامەزراوەیێن ناحکومی هەنه پەروەردە هیچ پەیوەندی پێوە نینه براستی نەشێت تەداخلێشی تێدا بکات، ئەگەر سەتحی نەبیت یان چاودێرییەکا شکلی نەبیتن، دێ ماددێ (٢٧)دا ئاماژە به تەعریفا مامۆستا دریه، کو مامۆستا وەکو رێنیشاندەرێك ژ بۆ مه هەمیان، لێ د ناڤا ڤێ یاسادا ئاماژە ب رۆلێ وانەبێژا بهێته کرن، ئەڤرۆکه پرۆسا پەروەردا ل هەرێما کوردستانێ (٥٠%) ژ لایی وانەبێژا تێته برێڤەبرن، ئەگەر ئەم پارێزگەها دهۆکێ بکەینه نمونه (٥٠%)ی مامۆستایێن کو نووکه دەرسا دبێژن ل خاندنگاها وانەبێژن، ئایا رۆلێ وان لڤێرێ چ بیتن؟ یان ئەو خزمەتا وان کری دەهان ساڵە وانەبێژن و نەهاتینه گرێبەست کرن، نەهاتینه دامەزراندن، ڕۆڵێ وان وانەبێژ دڤێ یاسایێ دا چ بیتن؟ دبێت جێگرییەکی ژبۆ وان ژی لڤێرێ بێته کرن، نەك خزمەتا وان ب هەروا بچیت، چونکی لڤێرێ بتنێ ئاماژە بناڤێ مامۆستایێ دا بێ کو ئاماژە به وانەبێژا بدەن، کو (٥٠%)ی پتر پرۆسەیا پەروەردە ژ لای وانەبێژا تێته برێڤەبرن، ماددێ (٣١) ئاماژە به رێنماییکاری پەروەردەی دایه، ڤەکولەرێ جڤاکێ، هەبوونا ڤەکوولەرێ جڤاکی دە پرۆسا خاندنێدا د ناڤا هەر خاندنگەهێك دا گرنگییەکا زەروورییەکا ئەفزەلیش ژ بۆ یەکێ کێشێن وان قوتابییان، کێشێن وان خوێندکاران د ناڤا سازیەن خاندنگەهێدا برێکا ڤان ڤەکولەرا... .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.إسماعیل، فەرموو.

**بەڕێز د.إسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

من گەلەك تێبینیێت هەین سەر ڤێ ماددەی، بەس تێبینیەکا گشتی منا هەی هێڤیا من ئەوە گرنگی دان پێ بێتە دان، نزانم حەتا کەنگی، حەتا یاساییێت مە دا ژی ڤە رێژا دوو ئیدارەیی دێت دیارە بیت ئاشکرا بیت، خوێندکار و قوتابی، خوێندنگە و قوتابخانە، چەند ماددەکا لڤێرێ دا هاتی پێتڤیا ئەم ببینە ئێك، ئان قوتابخانەیە بۆ هەمی قۆناغا، یان خوێندنگە بۆ هەمی قۆناغا، قوتابی بۆ هەمی قۆناغا، ئان خوێندکار بۆ هەمی قۆناغا، بەس ئەز پێشنیار دکەم نە قوتابخانە بیت، نە خوێندکار بیت. قوتابی ئەسلێ وێ عەرەبیە هاتیشە ل (کتاب)یا هاتی کوتابا ئەوەی دەڤ زایات خاندن کتابەتیا هاتی کو کوتابە، قوتابخانا نە گەلەکا درستە، مادام پرۆژە عنوانێ وێ ژی هاتی پرۆژە یاسای پەروەردە و فێرکردن بۆچی ئەم ناڤێ قوتابی و ناڤێ خاندنگەهی ژی ژ ناڤی نا وەرگرن، ڤی عنوانی، پەروەردە و فێرکردن ئیزەن فێرکار و فێرگە، فێرکار بۆ قوتابیی مەرحەلا بنەڕەت و بۆ ئیدی، فێرگەهـ ژی بۆ قوتابخانە، یەعنی ئەڤە گەلەکا زەروریە ئەم ببینە ئێك، نیك من نە موشکیلەیە فێرگە بیت، قەتابخانە بیت، خوێندنگەهـ بیت، بەس پێتڤیا ئێك بیت، چونکو ئەڤ ئینقسامە ل تەربیی دا هەی ئەگەر هاتە چاندن مە تەربیەدا چاند دێ چەند شێین موستەقبەلەن ئەڤێ ئینقسامێ ڕاکەین، نایەتە ڕاکرن، ژ بەر هەندێ گەلەکا زەوریـیە ئەم ڤێ ڕاکەین، یەدی تێبینیەت من هەینە ل سەر ڤێ دی خاڵ خاڵ ڤێراچم، ئەوەلەن بێژتن خاڵا (١١)ی بێژیتن خوێندنی ناپەیرەو، ناپەیڕاو کراو یەعنی (غیر منظمة) مەعقولە غیر مونەزەمە تو شەهادێ بدەیی؟ مادام دێ شەهادێی دەیی بروانامەی دەیی پێتڤیا پەیڤەکا دی بێتە شینا نە پەیڕەوکراو نە پەیڕەو کراو یەعنی (غیر منظمة)، یەعنی (غیر معترف)، تشتەکی دی یەعنی موهیم ناڤەکی دی پیتڤیا بێتە دی کرن، مادام دێ شەهادەی دەنێ، دیسا ژ بیرا من چوویا پێنجێ قۆناغا باخچەیی ئەزی دگەل هەندێمە فعلەن ئەم میپالی تشتی واقعی دانێین، باشە بێژیت چارێ حەتا پینجێ، ڤێ گاڤێ بارا پترێ یەعنی ل ناحیاو قەزا ئیدی نینن، باخچە نینە دێ باشە ئەڤە چەوا ڤان باخچا پیتڤیا باخچە بێنە دروست کرن؟ دیسا تیبینیا من یا دی ل سەر ٢١ی بێـژیتن دامەزراوەی ناحکومی هەر دامەزراوە هات یبیتنی بێـژیتن دامەزراوەی پەروەردەیی یەعنی (المؤسسة التعلیمة غیر الحکومیة) پێتڤیا پەروەردە پێ ڤێتە کرن کە دەبیتە موئەسەسەی غیر حکومیە، موئەسەسەی حکومی یەعنی چ؟ مەخسەدا مە (المؤسسة التربویة الحکومیة) ئان (مؤسسة التربویة غیر الحکومیة) ژ بەر هەندێ هەر جهیت قانونێ دا هات بیتن دامەزراوەی حکومیا، نە حکومی پێتڤیا پەروەردەیی گەل بێتە ئیدی کرن، د خاڵا ویا دیماهیکێ دا بێژیتن بەڕێوەدەیرێت و خەرجیان لێ دەکرێ، نە خەرجیا، تەرخان دەکرێ (تخصیص) نە دێ بۆ میزانیە سەرف کا، دێ بۆ میزانیە بهێتە تەخسیس کرن، فەرقا هەی مابەینا خەرج کردن و تەخسیس کردن، یا (٢٤ و ٢٥)ی بێـژیتن قوتابی و خوێندکار ئەگەر ئەم موتەفق بووین مەعنا وێیە کە شانە دهێتە شەتب کرن، ئان قوتابیە یان خوێندکارە یان فێرکارە، پێتڤیا یەعنی ئەم ڤی پەرلەمانی وەسا نەهێلین ئەڤ ئینقسامە زهنا قوتابیی مە دا فێرکارێ مەدا دسەری وان دابیتن کو ئیدیا هەی، جودابوونیا هەی، ئێك ژ هەر سێکا فێرکار بیت فێرگەهـ بیت، یەعنی بێتە ئیدی

کرن، دیسا یەعنی ئەزێ دبینم گەلەکا زروریە تەعریفەك بۆ وانەبێژی هەبیت، ب هەزارەها مە وان بێژیت هەبین، بۆ؟ یەعنی دڤێ دا نەهاتیە تەعریفەك بۆ وانەبێژ نەهاتییە، دوو تەعریف ئەز دبینم زروری هەبن، ئێك وانەبێژ بێتە دیاری کرن، مەخسەد پێ کییە؟ دا ئیشتیهاد نەیەتە کرن، ئێکێ نە ئیختساس بیت بیتە کرن موناڤەسێ دگەل وانا بکات ئەڤێ ئەو موستەحەق بن ببنە وانەبێژ، یەعنی گەلەك جارا واستە دبیتە لڤێرێ هەندێ... .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، پێنج دەقیقەت قسە کردووە ئاگامان لێ نەما لە ڕاستی دا، کاك مم فەرموو.

**بەڕێز مم برهان محمدقانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من زۆر بەخێرایی ناچارم کەمی بکەمەوە بەهۆی کەمی کاتەوە، لە ماددەی (١٥٦)ەوە بە بڕوای من پێویستی ئەکرد یاسایەکی سەربەخۆ بێت و پەیوەندی بە وەزارەتی پەروەردەوە بێت، چونکەدیسانەوە لە دوای ئەوە کەوتۆتەوە پێناسە کردنی وەکیلی وەزیر و مدیری مەکتەبەکەی و ئەوانە، پێموایە بارگرانیەکی زۆری کردووە دەستووری عێراقی (١٤٤) ماددەیە بەو دەستوورەی کە لێشاوێ تێبینی هەیە لەسەری، (١٨١) ماددە پێموایە بارگرانیەکی زۆرە تۆزێ دەستیان پێوە بگرتایە لە وشە مەجالی تیایە، ئێستا من بەخێرایی باس لەهەندێ بڕگەکان ئەکەم، تەبعەن ئەمە یاسای پەروەردە وفێرکردنە، یەعنی لایەنی کەم ئەبوو پێناسەی پەروەردە بەجیا و فێرکردن بە جیا هەبووایە، من ئێستا پێشنیازێکم هەیە بۆ لیژنەی بەڕێز لەسەر مەسەلەی پێناسەکردنی پەروەردە، بۆ پێناسە کردنی پەروەردە، پەروەردە پێموایە پرۆسەی خوێندن و پەرەپێدانی توانای قوتابیان و خوێندکارانە لە چوارچێوەی پرۆگرامەکانی خوێندن و بونیادنانی بەهاکاندا، فێرکردن پەرەپێدانی توانای قوتابیان وبەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیارییانە لە چوارچێوەی پرۆگرامەکانی خوێندن دا، نەك هەردووکیان پەروەردە وفێرکردن لە ماددەیەك هاتووە کە بڕگەی (٤٠) پێناسەی هەردووکیانی کردووە کە تێبینیم هەیە لەسەری بەخێرایی ئێستا ئاماژەی پێ ئەکەم، مەسەلەن (١٣) یەم قوتابخانەی بنەڕەتی هاتووە، ناوەندی خوێندنی قۆناغی بنەڕەتیە، تۆ مادام باسی خوێندنی بنەڕەتیت کردووە کە خوێندنی پەیڕەو کراو و پابەند کراوە لەو قوناغانەیا، ئەوە عەرەب پێی ئەڵێ (تلمیذ) قوتابیە لەسەرەتاییەوە تا نۆ وە (طالب)یش هەیە لە ١٠ ەوە تاوەکو زانکۆ تەواو ئەکا پێموایە لەمەوە بەکاریان هێناوە، هیوادارم لەو عەقڵیەتە حزبایەتیەوە نەبووبێ کەهەندێ لە برادەران باسی ئەکەن، من پێموایە مەسەلە بەکارهێنانی ئەو دەستەواژانە ڕەنگە لەو ڕوانگانەوە بووبێ، ئەگەر وابێ ئەوە کارێکی باشە بۆ ئەو جیاکاریە، مەسەلەی خوێندنی ئامادەیی لەبەرئەوەی لە (١٤)یەم دا باسی خوێندنی ئامادەیی ئەکا، پێموایە خوێندگەی ئامادەیی ئیتر پێویست ناکات خوێندنی ئامادەیی لەو قۆناغەیا تەحسیل حاسڵە کە وتت خوێندنگەی ئامادەیی یەعنی لەو قوناغەیە یەعنی خوێندنی بنەڕەتی نییە تەبعەن یا شتێکی کە، خاڵێکی دیکە کە ئەمەوێ قسەی لەسەر بکەم، بە نیسبەت (٣٤)ەم کە کتێبەکانی خوێندنی هەر بابەتێك پێموایە (٣٤) لابرێ، لەبەرئەوەی لە (٣٥) کە باسی پرۆگرامی خوێندن ئەکەین، پرۆگرامی خوێندن وایە کتێبەکانیش تەحسیل حاسڵە بەشێکە لە پرۆگرامی خوێندن، من پێشنیاز ئەکەم (٣٥)ەم کورت بکرێتەوە بەم شێوەیە، پرۆگرامی خوێندن بەشێکە لە پلانی پەروەردەو فێرکردن کە پەیوەستە بە پۆلێك یاخود بازنەیەکی خوێندنی دیاری کراو، (٣٨)

پێموایە پێویست دەکات کورت بکرێتەوە، پەروەردەی تایبەت تاوەکو دابین بکرێت تەنیا دوو دێری بمێنێ ئەو تەفاسیلەی پێویست ناکات کە لەناو ئەو دوو دێرەیا نەتیجەکانمان ئەیاتێ، برگەی (٤٠) لابرێت لە پێشتر ئاماژەم بە دوو پێناسە کرد، پەروەردە وخوێندن کە بەو شێوەیەیە بێت، (٤٦) دیداری گەشە پێموایە پێناسەیەکی زۆر درێژە من پێشنیازێك ئەخەمە بەردەم لیژنەی بەڕێز دیداری گەشە دیدارێکە بۆ تاوتوێ کردنی باری خوێندن و ... .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالله فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١) خاڵی (٩) قۆناغی باخچە، قۆناغی شیاندن و ڕاهێنان وئامادەکردنە، من وا ئەزانم وشەی شیاندن بۆ مناڵی باخچە ناگونجێ، وشەی شیاندن بۆ چاکسازییەکان و بۆ هەندێ حاڵەتی تر گونجاوترە، بۆیە داوا لە لیژنەی بەڕێز دەکەم وشەی شیاندن بگۆڕن بۆ چاودێری، چونکە لە قۆناغی باخچە مناڵ تازە چوار ساڵی تەواو کردووە و تەواو نەکردووە، وابەستەیە بەقۆناغی پێشتر کە زۆرینەی چاودێرییە، قۆناغی دایەنگەیە، بۆیە پێم باشە ئەو وشەی شیاندنە بگۆڕن بۆ چاودێری، خاڵێکی تر سەبارەت بە دامەزراوە هاوبەش و پشتیوان کراوەکان لە خاڵی (٢٣)یەم بەڕاستی من پێم باشە ئەم برگەیە هەر لابرێ، حکومەت خۆی ئەرکی پەروەردە بگرێتە ئەستۆ، ئەرکی فێرکردن بگرێتە ئەستۆ، ئەمە ئەرکێکی پیرۆزە من وانازانم ئەبێ حکومەت لەمە پاشەکشە بکات یاخود پێویستی بە هاوکاری بێ، یەعنی ١٠٠% ئەبێ ستراتیجی پەروەردە و فێرکردنی مناڵی ئەم وڵاتە نیشتمانییانە ئەبێ بە پێی کۆمەڵگا و بەها پیرۆزەکانی کۆمەڵگای خۆمان بێت، بۆیە من تەنانەت ئەسڵەن ناڕازیم لە بوونی ناوەندی حکومی.. ناوەندی ناحکومی و خوێندنگەی ناحکومیش بەداخەوە کە ئەم وا ئەکات دەرفەت ئەرەخسێنێ بۆ ڕۆژ بەڕۆژ پاشەکشەی حکومەت لە قوتابخانەکانی خۆی، ببینە (١٠) ساڵ لەمەوپێش لەوە ئەچێ دوو قوتابخانەی ناحکومی هەبێ، بۆچی ئێستا ژمارەی قوتابخانەی ناحکومی ئەوەندە زیاد بوو؟ بۆچی ئێستا خەڵك ناچارە تەنانەت ئەگەر کرێکاریشی کردبێ حەز لەوە ئەکا مناڵەکانی بنێرێتە ناحکومی لە کاتێك دا قوتابخانە ناحکومیەکان نەچوونەتە ناو ستراتیجی پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان دا بەداخەوە ئێستا قوتابخانەی ناحکومی هەیە شانازی ئەکا بەوەی مناڵەکەی لە (١٨) ساڵی دا فێری ئینگلیزی کردووە و بەس کوردی بیرچۆتەوە، فێری کوردی ناکات، ئەمە دەلیلی چییە؟ دەلیلی ئەوەیە کاتێك پەروەردە و فێرکردن لە دەرەوەی ستراتیجی حکومەت و دەوڵەت و سیستمی نیشتمانیا نەبێ، ئەوەی لێ دەرئەچی بۆیە بوونی ئەم قوتابخانانە، باشە قوتابخانەی دامەزراوەی هاوبەشی پشتیوانی کراو کە حکومەت ئەرکی بەڕێوەبردنی لە ئەستۆ ئەگرێت بۆچی کەسێکی بیانی بێ هاوبەش بێ لەبەڕێوەبردنا، بەداخەوە زۆرێك لەو کەسە بیانیانە ئەجێندای تریان هەیە، بڕۆ بڵێ مەسەلەن ئەم شارەم پێویستی بە ئاوی خواردنەوە هەیە ئەڵێ ئەرکی حکومەتە بڵی ئەم مناڵانەم لە ماڵی مناڵانی بێ سەرپەرشت لە سلێمانی نانیان نییە، فلان ڕێکخراو و فلان ڕێکخراو وەرە نانیان بۆ دابین بکە ئەڵێ ئەرکی حکومەتە، بەس یەت ئیدارەی قوتابخانەیەکت بۆ ئەدا بۆ؟؟ چونکە ئەجێندای تری هەیە، بۆیە من بەهەموو شێوەیەك دژی ئەوەم حکومەت موئەسەسەیەکی خۆی

بخاته دەست ڕێکخراوێکی بیانی ئەبێ نیشتمانییانە ستراتیجیانە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لە ١٠٠% بە دەست ئینسانی ئەم وڵاتەوە بێ، خاڵێکی تر سەبارەت بە قوتابی و خوێندکار... .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك شێخ ظاهرفەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، ماددەی (١) خاڵی (١٢) خوێندنکار پابەند کراوە قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی دەگرێتەوە کە تێیدا بەخێوکار پابەند دەبێت لە تەمەنی یاسایی منداڵەکە بخاتە بەر خوێندن لە یەکێك لە قوتابخانەکان، پرسیار لێرە ئەگەر بەخێوکار پابەندە یەعنی ئیلزامی دەکات، ئەی ئەگەر بەخێوکار پابەند نەبوو؟ سزاکەی چییە؟ مادام ئیلزامت کردووە دەبی ئەگەر جێ بەجێی نەکرد سزا بدرێ، ئەی ئەگەر بەخێوکاری نەبوو، یان توانای نەبوو، لێرەدا پێویستە چارەسەرێك بۆ ئەم بابەتە بدۆزرێتەوە، خاڵێکی تر خاڵی (٢٤) هاوڕای هەموو ئەو بەڕێزانەم کە ئەو دوو وشەیە بکرێتە یەك یان وشەیەکی بەدیل ببینرێتەوە، خاڵی (٤٦) دیداری گەشە، تەماشای ناوەڕۆك و پێناسەکەم کرد هیچ وشەیەکی گەشەی تێدا نییە، بۆیە پێشنیار دەکەم بکرێتە دیداری پەرەپێدان، خاڵی (٤٨) مۆڵەت ئەو ڕێگە پێدانەیە کە لەلایەن وەزارەتەوە بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە و ڕێنماییەکانی بە دروستکردنی دامەزراوەیەکی ناحکومی دەدرێت، لێرە پێشنیار دەکەم لەبەرئەوەی ڕێنمایی کە دەردەچی لە چوارچێوەی یاسایە، پێشنیار دەکەم بەم شێوەیەی لێ بکرێت لەڕووی سیاغەکەی زۆر باشترە، مۆڵەت/ ئەو ڕێگەپێدانە فەرمییەیە کە لەلایەن وەزارەتەوە بەپێی ڕینماییەکان لەچوارچێوەی حکومەکانی ئەم یاسایە ڕێگا بە دروست کردنی دامەزراوەی ناحکومی دەدرێت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك مسلم فەرموو.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا پشتگیری وتەکانی کاك هێڤیدار و گولستان خان و کاك د.اسماعیل و مامۆستا عمر کاك شێخ زاهر ئەکەم، سەبارەت بە یەکخستنی ناوێکی یەکگرتوو بۆ قوتابیانی خوێندنگەی بنەڕەتی و ئامادەیی، دواجار پێشنیار ئەکەم کە وەك کاك د.اسماعیل باسی کرد، پێناسەیەك زیاد بکرێ لە دوای ئەوەی کە پێناسەی مامۆستایانی میلاك کراوە، پێناسەی مامۆستایانی یاخود بڵێین توێژەرە کۆمەڵایەتی دەروونیەکان، قوتابی و ئەنجومەنی بەخێوکار هەموو ئەمانە بەڵام پێویست دەکات پێناسەیەك بۆ مامۆستای وانەبێژ دابندرێ کە ئەمانیش شێوازی گرێبەستەکەیان و دەوام کردنیان ئەو پابەندییەی کە هەیانە، بەپێی ئەو ڕێژە زۆرینەش کە لە وەزارەتی پەروەردە دەیانگرێتەوە کۆڵەکەیەکی ئەساسین مافی خۆیان بۆ دابین بکرێ بەشێوەیەکی دیاری کراو پێناسە بکرێن، بەڕاستی ئومێد دەکەم وەکو پێشنیارێك خوێندنگە ئیسلامیەکان کە بابەتێکی ئەساسین پێناسە بکرێ، چونکە لە کۆتایی دا خوێندنگە ئیسلامیەکان کە لە ئێستاش دا لە زمنی وەزارەتی پەروەردەدان ڕاستە قسەیەك هەیە ئەچێتەوە سەر وەزارەتی ئەوقاف، بەڵام لە کۆتایی دا لە سیستمی ئیمتحانات و تاقی کردنەوەی وەزارەتی پەروەردە بەشدارن بۆیە

پێویست دەکا ئەمەش پێناسەیەکی خوێندگەی ئیسلامیەکانا بکرێ، ئومێد دەکەم بۆ بابەتی توێژەرە دەروونی و کۆمەڵایەتیەکان وەك ئەوەی کە خۆیان داوایان کردووە، ئەمانە توێژەری کۆمەڵایەتی و دەروونین لێرە بە ڕێنمایی کاری پەروەردەیی ناویان هاتووە پێویست دەکا مافەکانیان لەژێر ئەو ناونیشانە بێ کە خۆیان داوایان کردووە، ئەمانە دەرچوانی دەروونناسی و دەرچووانی کۆمەڵناسین کە ئەرکیان ڕێنمایی دەروونی و هۆشیاری کۆمەڵایەتییە قوتابیانە لە قوتابخانەکان بە ئاراستەی نەهێشتنی گیروگرفتی قوتابیەکان ئومێد دەکەم یەکێك لە خاڵەکانی تر کە قوتابخانە و خوێندنگەی بەهرەداران و تایبەتمەندە کە ئەمە پێموایە جیاکاریەکی زۆرە لە نێوان قوتابی زیرەك و قوتابیانی تر، یەعنی ئەمانە ئەم قوتابخانەن کە قوتابی بەهرەمەند و زیرەك تیایاندا دەخوێنێ، بەس ئێمە بۆ وابکەین قوتابی زیرەك و بەهرەمەند لە خەڵکی تر جیابکەینەوە با ئەوانە تێکەڵ بە قوتابیانی تر ببنەوەو قوتابیانی تریش سوودمەند بن لە زانیاری لە ئەزموون لە شارەزایی ئەم قوتابیە بەهرەمەندانە کە پێموایە جیاکردنەوەیان کارێکی باش نییە، لەگەڵ قسەکانی مامۆستا عمر دام بۆ ئەوەی کە بەهەمان شێوە ئەو قوتابخانانەی کە پشتیوانی ئەکرێن حکومەت خۆی بەڕێوەی ئەبا، خۆی خەرجی بۆ دابین دەکا پێویست دەکا ئەمانە لە ڕووی ئیدارە دانیشەوە خەڵکی خۆماڵی بە ئەزموونمان زۆرە، ئێمە سەرمایەکی مرۆیی زۆر باشمان هەیە لە وەزارەتی پەروەردە ئەتوانرێ ئیدارە بدرێن و سەرپەرشتی بکرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك شەمۆل فەرموو.

**بەڕێز شەمۆل اشین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١) خاڵی (٣١) ڕێنماییکاری پەروەردەیی، دەرچووانی کۆمەڵناسی و دەروونزانی دەگرێتەوە کە ئەوەش لە قانوونی میلاکاتی عێراقی هەموار کراو لە هەرێمی کوردستان نا و ناونیشانی وەزیفیان بە ڕابەری پەروەردەیی هاتووە، بۆیە پێم باشە ئەو ناونیشانە لەگەڵ ناوەڕۆکەکەی یەك بخرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، د. گەلاوێژ فەرموو.

**بەڕێز گلاویژ عبید عثمان :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٤٦) دیداری گەشە لێرە لە کاتێك کە پرۆژە یاسایەکە جارێکی تر داڕێژراوەتەوە هەندێك هەڵە و ئەوەی چاپی هەیە، بۆیە دەبێ ئێمە چاکی بکەینەوە، یەك لەوانە مەسەلەن لێرە کە مامۆستا خاوەن بڕوانامە بیتن کە دەبێتە مامۆستا، مامۆستا کەسێکی شیاو و خاوەن بڕوانامەی پەروەردەیی و لێهاتووییە، ئەوە پەڕێنراوە کە هەڤاڵان زۆر موناقەشەیان لەسەری کرد، لێرە لە ماددەی (٤٦) کە باسی دیداری گەشە دەکرێت، بریتیە لە دیدارێك کە لە قوتابخانە و خوێندنگە بە ئامادەبوونی مامۆستا و بەخێوکار و قوتابی یان خوێندکار وە ڕێنمایی کاریشی تێدایە ئەوە لە یاسا ئەساسەکەی ئێمە دامان ناوە لێرە پەڕێندراوە، ماددەی (٤٨) مۆڵەت ئەو ڕێگەپێدانەیە کە لەلایەن وەزارەتەوە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە و ڕێنماییەکانی

بەدروست كردنی دامەزراوەیەكی ناحكومی نا دامەزراوەیەكی پەروەدەیی و فێركاری ناحكومی دەكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك سەركۆ فەرموو.

**بەڕێز سەركۆ ازاد حسين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیری پەروەردە و وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان ئەكەم، من لەسەر ماددەی (١) بڕگەی (٩) پرسیارێكم هەیە ئاراستەی بەڕێز وەزیری پەروەردەی دەكەم، لێرە قۆناغی باخچە قۆناغی شیاندن و ڕاهێنان وئامادەكردنە بۆ منداڵی تەمەن چوار ساڵ وپێنج ساڵ، بەر لەخوێندنی بنەڕەتی، ئێمە ئەزانین لە پێش باخچەشەوە شوێنێك هەیە كە پێی ئەڵێن دایەنگە لە ساڵ و دوو مانگەوە منالی تیا پەروەردە ئەكرێ و چاودێری ئەكرێ و بۆچی هۆكار چییە لێرە جێگەی نەكراوەتەوە لەناو شارەكاندا هەبێ لەناو قەزاو ناحیەكان دا نەبێت لەژێر چاودێری بەڕێوبەرایەتیە گشتییە پەروەردەییەكانی پارێزگاكان ئەگەر ڕوونكردنەوەمان بەنێ لەسەری، لەسەر خاڵی دەیەم خوێندنی پەیڕەو كراو واللە ئەمە یەعنی بەدەر لە هەموو شتێك باسی ئەوە ئەكرێ ئەگەر ئێمە ئەمانەوێ ئەم یاسایە بۆ موئەسەساتی بێ و بۆ دەوڵەتداری بێ و عەقڵیەتی دەوڵەتداری و وڵاتمان هەبێ و هەرێمەكەمان هەبێ ناكرێت یەعنی بەم بیركردنەوەیە لە قوتابخانە و خوێندنگا، خوێندكار و قوتابی، یەعنی با ئەمە تێپەڕێنین، بە تایبەتی لە پەروەردەی نەوەكانی ئەم وڵاتەیا، ناكرێت خۆ ئەگەر یەكێتی و پارتییە كێشەكە، ئەگەر كێشەكە عەقڵیەتەكە ئەوەیە كێ ئەڵێ دە ساڵی دیكە پارتی ویەكێتی لە حوكم ئەبن، یەعنی خۆ ناكرێ ئەم بیركردنەوەیە ئەوە بێ، ئەگەر بكرێت وەزیری پەروەردە بتوانێ چارەسەری ئەوە بكات سوپاسی ئەكەین، خاڵی (٣١) پشتیوانی بۆچوونی مامۆستا شەمۆل ئەكەم لەوەی كە ڕێنمایی پەروەردەیی بدرێتە توێژەری كۆمەڵایەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من سەرەتا پشتیوانی لەو ڕایە ئەكەم كە كاك هێڤیدار زۆربەی هەندێك برادەران باسیان كرد لە یەكخستنی ناوی خوێندكار و قوتابی بۆ وشەیەكی موەحەد، بەشێوازێك كە لەگەڵ یەك وشە بەكاربهێنین، پێناسەی پەروەردە و فێركردن جیا بكرێتەوە كارێكی باشە، بەس من یەك پرسیارم هەبوو بۆ جەنابی وەزیر لەناو پێناسەكانا بە تایبەت لە بڕگەكانی (١٢ و ١٣) و ئەوانە یەعنی شوێن و مەكانی پەیمانگای كۆمپیوتەر و هونەرە جوانەكان و ئەوانە هەست دەكەم ناڕوونە نادیارە ئەكەوێتە كوێی ئەو پێناسانەوە، پێناسە و ئەركی مامۆستایانی وانەبێژ فعلەن پێویستی بەوەیە كە ڕوونكردنەوەیەكی زیاتری لەسەر بدرێ و لەناو پێناسەكان و زاراوەكان دا زیاتر تەركیزی بخرێتە سەر، بڕگەی (١٥ و ١٦) ئەڵێ خوێندنگەی پەیمانگای پەروەردەیی قۆناغی خوێندنی پیشەییە كە دوای خوێندنی بنەڕەتی دەست پێ ئەكات و پێنج پۆلی خوێندنە (١٦)یەم پەیمانگای پەروەردەی پیشەیی ئەو ناوەندانەن كە خوێندنی پیشەییان بۆ ماوەی (٥) ساڵە پاش

تەواو کردنــی قۆنــاغی بنەرەتــی دێــت نــازانم لەڕاســتی دا جیــاوازیەکە لە بەینــی ئەو دوو موئەسەسەیە و ئەو دوو شوێنە چییە ئەگەر جەنـابی وەزیـر ڕوونکـردنەوەیەك بـا، مـاددەی (٢٧) لەڕاستی دا ئێمە گرنگی پرۆسەی پەروەردە و فێرکـردن لە هەمـوو دنیـا یەعنـی ئەهـدافەکە دوو شتە، یەك/ مامۆستایە، دوو/ خوێندکارە، لەڕاستی من پێموایە پێناسە کردنـی مامۆسـتا لە دێـر و نیوێــك دا ئەم زاراوەیە کەموکــورتییە، پێویســت دەکــا ئــێمە بە وردتــر پێناســەی مامۆســتا دابڕێژینەوە، ئێمە لەگەڵ لیـژنە و لەگەڵ جەنـابی وەزیـر و وەزارەتـیش هاوکـار ئەبـین لەوەی کە بتوانین دوایی بە نووسراو پیناسەیەکی تر بـۆ مامۆسـتا دابڕێـژینەوە، بـڕگەی (٣١) پشـتیوانی لە گولستان خان ئەکەم بۆ ئەوەی دووبـارەی نەکەمەوە، بـڕگەی (٣١) سەرپەرشـتیاری پەروەردەیـی بەڕێز جەنابی وەزیر سەرپەرشتیاری پەروەردەیی فەرمانبەرە یان مامۆستایە؟ پرسـیارە چـونکە پێمـوابێ ئەوەی کە مـن تـا ئێسـتا هیـنم کـردووە ئەوان وەکـو مامۆسـتا کـار ئەکەن و زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، د. شایان فەرموو.

**بەڕێز شایان کاکەصالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنــاوی خــوای گەورە، ســەرەتا دەســت خۆشــی دەکەم لە هەردوو لیــژنە، بە تــایبەتی لیــژنەی تایبەتمەند، وەزیری بەڕێـز بەخێرهـاتی، سـەبارەت بە بـڕگەی (٢٧) کە لەو بـڕگەیەوە دەسـت پـێ ئەکەم، پێشـنیار دەکەم پێناسـەکەی بەو شـێوەیە لـێ بکـرێ، ئـێمە مامۆسـتای زانکۆشـمان هەیە چونکە، مامۆستا: ئەو کەسەیە کە بڕوانامەی لە بەکالۆریۆس کەمتر نەبێت و دەکرێت بڕوانـامەی بەرزتری هەبێت کەسێکی شیاو و لێهاتووە بۆ وانەوتـنەوە لە دامەزراوەکـان بەپێـی حوکمەکـانی ئەم یاسایە، ئەوە سـەبارەت بەبـڕگەی (٢٧)، سـەبارەت بە بـڕگەی (٢٩) بەو شـێوەیەی لـێ بکـرێ، بەڕێـوەبەری دامەزراوە، ئەو کەسـەیە کە ئەرکـی بەڕێـوەبردنی دامەزراوەیەکـی پەروەردەیـی و فێرکردنــی پــێ دەســتپێردرێت کە مــاوەی خزمەتــی لە دەســاڵ کەمتــر نەبێــت، بــۆ بــڕگەی (٣١) پشتگیری گولستان خان دەکەم، گولستان سعید، بـڕگەی (٣٢) سەرپەرشـتیاری پەروەردەیـی پـێم باشە بکرێتە ئەو مامۆستایەیە کە بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسـایە لە جیـاتی ئەو فەرمـانبەرەیە، بڕگەی (٣٩) لە دەستەواژەی قوتابیان و خوێندکاران، خوێندنگە، قوتـابی، پشـتیوانی لە وتەکـانی ئاشنا خان دەکەم، ئێمە دەتوانین لێرە وشەیەك یا دەستەواژەیەك ئیقتراح بکەین، بەڵام با نەبێتە ئەمە هی فلان فراکسیۆنە و ئەمە هـی فـلان حـزبە، لیـژنەی تایبەتمەنـد زۆربەی فراکسـیۆنەکانی تێدایە، خۆیـان لەسـەر دەسـتەواژەیەك لەسـەر موستەلەحێك ڕێککەون بـۆ ئەوەی سـیمای دوو ئیــدارەیی کــاڵ بــکەنەوە، بــۆ بــڕگەی (٤٦) دەســتەواژەی دیــداری گەشــە، لەڕاســتی دا جــوانە دەستەواژەیەکی ڕێکە، بەڵام من پێم باشترە بکرێ بە دیداری پەرەپێدان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، شیرین خان فەرموو.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١) بڕگەی (٢٧) بۆ ئەوەی قسەکان دووبارە نەکەینەوە پشتگیری لە ڕەئی کاك علی و دکتورە شایان دەکەم پێویست دەکات ئاستی بڕوانامەکە دستنیشان بکرێت، وە سەبارەت بە بڕگەی (٣١) کە دەڵێت ڕێنماییکاری پەروەردەیی لە راستیدا ڕێنماییکاری پەروەردەیی بە بەشی ڕێنمایی و دەروونی و پەروەردەیی دەوترێت، بۆیە پشتگیری لە ڕەئی گولستان خان دەکەم کە ڕێنماییکاری پەروەردەیی بکرێت بە توێژەری دەروونی و کۆمەڵایەتی، وە سەبارەت بە ماددەی (٣٩) بە هەمان شێوە پشتگیری لە ڕەئی ئەو بەڕێزانە دەکەم کە پێویست دەکات وەکو دکتۆرە شایان ئاماژەی پێکرد باشترە کە لیژنەی تایبەتمەند لەسەر ناوێکی گونجاو ریکبکەون، بۆ ئەوەی واز لە وشەی قوتابیان و خوێندکاران لەم یاسایەدا بهێنین و بەو شێوازە نەیەت و هەردوو وشەکە کە بەدوای یەکدا هاتووە، هەروەها سەبارەت بە بڕگەی (٤٧) کە دەڵێت قوتابخانە و خۆێندنگای بەهرەداران تایبەتمەند دیارە لەم بڕگەیەدا زیاتر ئاماژە بە توانای بەهرەیی و هونەری و وەرزشی کراوە، بەڵام لێرەدا من پرسیارێکم لە بەڕێز وەزیر هەیە مەبەست ئەو مندالانەی کە توانای زانستیان زۆر زۆر بەهێزە و جیاوازترن لە منداڵی زیرەك بابڵێین ئایا چ پلانێك یاخود پرۆگرامێکی تایبەت بۆ ئەو مندالانە دەبێت بۆ ئایندە؟ ئەگەر بکرێت لەم ئاسایەدا یاخود لەم بڕگەیەدا بە دیاریکراوی توانای ئەو مندالانەش وەلانەنرێت و جێگر بکرێت، وە بەهەمان شێوە پرسیارێکی ترم لە بەڕێز وەزیر هەیە دیارە گرفتێکی گەورە لە کۆی ناوەندەکانی خوێندنی هەرێمی کوردستان هەیە کە بەشێك لە پۆلەکان ژمارەیەکی زۆر خوێندکار یان قوتابی تێدایە بەداخەوە ئەم دوو وشەیە دەبێت بووترێت وە یاخود زۆربەی ناوەندەکانی خوێندن دوو دەوام و یاخود سێ دەوامیشمان هەبێت لە ئێستادا لە کاتێکدا وڵاتانی دونیا کاتێك پرۆژە یاسەیەك تەقدیم دەکەن هەوڵدەدەن کە بە رێکارێك بێت ئاستی توانای قوتابی بە ڕێژەیەکی بەرچاو لە توانای فێرکردن بەرزبکرێتەوە بەو مانایەی کە تەنانەت بیهێتەوە بۆ مالەوە ئەو منداڵە پشوو بدات وە سوود لە بەهرەکانی خۆی وەربگرێت دیسان لە مالەوە دەست بە نووسین و خوێندن نەکات، بۆیە پێشنیاری ئەوە دەکەم ئەگەر بکرێت لەم یاسا و لەم پرۆژە یاسایە دا پلانێکی وا دابڕێژرێت کە ئیتر لە ناوەندەکانی خۆێندن ڕێژەیەکی زۆری قوتابی و خۆێندکار لە پولێکدا نەمێننەوە چ ناوەندەکانی خوێندن لە دوو دەوام و سێ دەوام بەدەر بکرێت و رزگاربکرێت، وە بەهرە بە توانای قوتابی بدرێت لە ئاستێکدا کە نە بە دەوامی ناوەندەکانی قوتابخانەکانیش وەکو ناوەندە ناحکومیەکان لە(٨) بەیانی تاوەکو (٣) بێت، بۆ ئەوەی منداڵ بەهرە بە توانای زانستی و هۆنەری و توانای وەرزشی بدرێت بەداخەوە لە ناوەندەکانی خوێندنەوە تا ئێستا لە وانەی وەرزش و هونەردا منداڵەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك شێرکۆ.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفى :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا من بەوە دەست پێ دەکەم کە سەروەتی مرۆیی بێگومان لە هەموو سەروەتانی تر گرنگترە، ئێمە لە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان پەروەردە بە شادەماری گوڕانکاری و

ئایندەسازی نیشتمان دەزانین، وە ئێمە ساڵێك زیاترە خۆمان ئامادە كردووە بۆ ئەم یاسایە بەڕاستی خوبەراكانمان و تیمەكانمان لە پێناوی ئەوەی كە پشتیوان بین لە تێروتەسەلكردنی گرنگترین مەنهەج گرنگترین پرۆگرام كە باسی پەروەردە و باسی ئایندەسازی و مرۆڤسازی و لەم هەرێمی كوردستانەدا، سەرەتا بە قۆناغەكانی جاریٚ پشتیوانی لە كاك هیڤیدار و دكتور اسماعیل و ئاشنا خان دەكەم بۆ بابەتی فێرخواز و فێرگە كە ئەو یەكلایی بیێتەوە ئەو مەوزووعە بەسە تائێستا ئیتر ئەم قوتابی و خوێندكارە با كۆتایی پێ بێنین، وە هەروەها پێناسەی وانەبێژ بكرێت پشتگیری لێ دەكەم لە (٢٩،٣٠) باس لە بەڕێوەبەر و دامەزراوە كرا كە دەبێت پەروەردە و ئەركی پەروەردە فێركردن دەگرێتە ئەستۆ كە ئەوە بێگومان خەڵكی موختەس ئەوە بكات، بۆیە ناكرێت خەڵكی حزبی دابنێین لەو شوێنانە دەبێت جەخت لەسەر ئەوە بكەینەوە كە خەڵكی شیاو و موختەس لەو شوێنە بێت شیاو بۆ پەروەردە شیاو بۆ فێركردن، وە سەبارەت بە قۆناغی بنەڕەتی بكرێتە دوو بازنە یەك بۆ شەشی سەرەتایی حەوت بۆ ناوەندی، بۆئەوەی بە ئاسانی بتوانرێت ئامانجی بازنەكان دابڕێژێت لە ئێستادا ئامانجەكانی یەكبوون هەمان ئەو ئاماجانەن كە جاران بۆ قوناغی شەش نووسرا بوون وە قوناغی حەوت بۆ نۆ ئامانجی جیاوازی هەیە لە سیستەمی پێشوودا واتە لە (ئوسسی تعلیمی) شەش سێ بە سێ بوو، واتە شەشی سەرەتایی سێی ناوەندی سێی ئامادەیی دەگونجێت ئێستا هەمان شێوەبێت، بەڵام یەكبوونەوەی بنەڕتی كە لە شەشی سەرەتایی و سێی ناوەندی پێكبێت و یەك بۆ نۆ نیزامی بێت، وە سەبارەت بە خوێندنی پەیڕەوكراو پەیڕەوكراومان زیاتر بۆ رابردووە وەك هەواڵناو بەكار نایەیت لە (التعلیم نظامي) واتە لە (Fr mel Ocyshn)دا وشەی دووەم ئاوەڵناوە راستر وایە كە فێركردنی پەیڕەوییانە یان وشەیەكی گونجاوتر بەكار بهێنین پێشنیاری فێركردنی پابەندی دەكەین وەكو چۆن دەڵێین (تعلیمي نظامي) سەبارەت بە خوێندنە ناپەیڕەوكراو و ئامرازی نەرێنی ناچێتە سەركراو راستر وایە كە بە فێركردنی پەیڕەوییانە وەربگیرێت، وە خاڵێكی تر ئەو پێناسەیە هەڵەیە، چونكە فێرخواز لە هەر تەمەنێك و شوێنێك بخوێنێت حكومی بەیانیان حكومی ئێواران ناحكومی نێودەولەتی كە بڕوانامەی باوەڕپێكراو بێت بە فێركردنی پەیڕەوی (تعلیم نظامي)دادەنرێت وە فێربوونێكی ئامانجدارو رێكخراو، بەڵام (لا تعلیمي لانظامي Fr mel Ocyshn) فێركردنی ناپەیڕەوییانە و بڕوانامەی دانپێدان نییە، واتە یان هەر بڕوانامەشی نییە وەك بەشداریكرنی بەهێزكردنی خولی یان پەرەپێدانی مرۆیی لە پەیمانگا ئەهلیەكان، بەڵام (التعیلم غیر نظامي Fr mel Ocyshn) كە پێشی دەڵێن (تعلیم تلقائي)، واتە لە خۆوە فێربوون ئەو جۆرە فێربوونانە دەگرێتەوە كە چالاكییەكانی ژیانی رۆژانەیدا فێری دەبێت بە درێژایی تەمەنی بۆ نمونە منداڵ فێری زمانێك دەبێت، لە هاوڕێكانییەوە یان لە تەلەفزیۆنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك كاوە.

**بەڕێز كاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٢٧) دەست پێ دەكەم كە پێناسەی مامۆستا كراوە یەعنی سەرەڕای ئەوە كە دەكرا پێناسەیەكی تێروتەسەلتری بۆ بكرێت و لەگەڵ ئەوەشدا بەڕاستی هەر (٤٨) پێناسەكە

تەعریفەکە بەهیچ شێوەیەك باسی مامۆستای وانەبێژ نەکراوە، باسی ماموستای گرێبەست نەکراوە، هەرچەندە پێموایە گرێبەستەکان بوونەتە رەسمی، بەڵام بە تایبەت وانەبێژ لە ئێستادا عەمود فەقەری پەروەردە پڕۆسەی پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان بە دەیان هەزار ماموستای وانەبێژە ئەگەر مامۆستای وانەبێژ نەبێت لە هەرێمی کوردستان پڕۆسەی پەروەردە پەکی دەکەوێت، خۆم پێشتر ماموستا بووم لەناو پڕۆسەی پەروەردە بووم مامۆستایەك مافی تەواوەتی هەیە، بۆ نمونە عەلاوە و تەرفیعی هەیە هەتا مووخەسەساتی محەلی و کۆمەڵێك مووخەسەساتی تری هەیەن، بەڵام مامۆستایەکی وانەبێژ مافەکانی لە کوێیە؟ مامۆستا هەیە چەندین ساڵە وانەبێژە ئەگەر جاری وا هەیە بە هۆکارێکی حزبی یەکسەر دوور دەخرێتەوە یەکسەر لادەبردرێت جاری وا هەیە بە میزاجی شەخسی لادەبردرێت لە پەروەردەکان وە مافەکەشی دەسوتێت، بۆیە گرنگە لێرە پێناسەی مامۆستای وانەبێژیش بکرێت و مافەکانیشی دیاری بکرێت، وە ئەوەش دیاری بکرێت بەڕاستی مامۆستایەك کە دەبێتە وانەبێژ چەند ساڵ وانەبێژ دەبێت دوایی دەکرێتە رەسمی ئایا تا کەی وانەبێژ بێت؟ بۆیە نازانم ئەگەر تەفاسیلێك هەبێت ئەوە باشترە لەسەر رێنماییکاری پەروەردەیی ماددەی (٣١) کە ئەوە پێموایە داواکاری خۆیانە و بۆ سەرجەم پەرلەمانتاران هاتووە پشتگیری هەموو ئەو رەئیانە دەکەم کە بکرێت کە ببنە توێژەری دەروونی و کۆمەڵایەتی، وە لەسەر ئاخیر مادده ماددەی (٤٨) لەسەر مۆڵەت پێدان بە دامەزراوە ناحکومیەکان ئەگەر ئەوە روونتر بکرێتەوە چۆنە یاخود ئەو قوتابییانە بۆ ئەو مۆڵەتە بەتایبەت بۆ قوتابخانە ئەهلیەکان چۆنە وە شێوازەکەی چۆنە؟ تۆ ئەگەر سەیر بکەی ئێستا لە هەرێمی کوردستان لەو هەولێرە قوتابخانەی ناحکومی قەتابخانەی ئەهلی چەندین جۆری هەیە چەندین نرخی هەیە قوتابخانە هەیە لە هەولێر بە (١٦٠٠$)دۆلار (١٦) وەرەقە ساڵانە قوتابی وەردەگیرێت هەشە بە (٦٠) وەرەقە وەردەگیرێت بە (٦٠٠٠$)دۆلار وەردەگیرێت ئایا ئەم پێوەرە چۆنە؟ چۆن دەکرێت؟ وە چۆن تەقدیم دەکرێت؟ ئێمە ئەزموونێکی خراپمان هەیە لە قوتابخانە ناحکومی و ئەهلی لە هەرێمی کوردستان زۆربەی هەرە زۆری هی بەرپرسێکە یان پشکێکی بەرپرسێکی تێدایە، زۆرسوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یەك بەشمان هەیە لەسەر خوێندنگا سوپاس، فەرموو بدریە خان.

**بەڕێز بدریە اسماعل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خودای بەخشەندەو میهرەبان، سەرەتا من پشتگیری لە قسەکانی مامۆستا عبدالستار و روپاك خان و کاك سیپان بە تایبەتی لەسەر وانەبێژ لە کاك کاوە بەهەمان شێوە دکتور شێرکۆ و مامۆستا عمر و مامۆستا اسماعیل وە گولستان خان و مامۆستا موسلیم و شێخ ظاهرو هەموو ئەو براو خوشکانەی کە جەختیان لەسەر پێناسەی مامۆستایانی وانەبێژ کردەوە زۆر گرنگە لێرەدا پشتگیری دەکەم کە مافیان دیاری کرابێت، وە هەرچەندە یاسایەك هەیە، بۆ ئەوەوی دەوام بکەن و لە ساڵی چەندە بۆ نمونە ببنە گرێبەست و پاشان ببنە هەمیشەیی خوزگە ئەو یاسایە بۆ مامۆستایانی وانەبێژ جێبەجێ دەکرا کە ئێستا هەستیارترین قوناغە بۆ ئەوان کە بارستی هۆڵەکانی خوێندن چۆڵ دەبن ئەگەر ئەوان هەڵوێستێك وەردەگرن زۆر گرنگە حکومەت لەم کاتەدا مێژوویەك بۆ خۆی تۆمار بکات و بیانکاتە هەمیشەیی و دایانبمەزرێنێت، وە سەبارەت

به خـــاڵی (٢١) و (٤٧) قســـه دەکەم دامەزراوەی نـــاحکومی ئەو دامەزراوەیە کە دامەزراوانەی پەروەردەیی و فێرکردن دەگرێتەوە کە موڵك و کەسی لایەنی پەروەردەیی و ناحکومین و لە لایەن ئەوانەوە بەڕێوەدەبردرێن و خەرجییان لێدەکرێت من پێشنیار دەکەم ئەم خاڵە لابرێت، لەبەرئەوەی کە مـافێکی دەسـتووری هەیە کە بـاس لەوە دەکـات خوێنـدن بەبـێ بەرامـبەر بـۆ هاووڵاتیانی عێراقە بە هەرێمی کوردستانیشەوە من پرسیارێك ئاڕاستەی جەنـابی وەزیـر دەکەم جەنابتان هەست بەوە ناکەن کە لە خوێندنگەکاندا ئاستی زانستی دابەزیوە لە کەرتی حکومی بۆ نمونە مەنهەجیان زیاترە کاتژمێری خوێندیان زیاترە تەئسیرێکی سلبی دروستکردووە، بە پێـی بەدواداچوونەکانی من تەنانەت ئاستی ڕێژبەنـدی زانکۆکـانی گشـتی لە هەرێمی کوردسـتانیش ڕێزبەندیان دابەزیوە بەبـونەی کەرتـی تـایبەتەوە کە لە زۆربەی وڵاتـانی دونیـاوە خەریـکە زیـاتر پەرە بە کەرتی گشتی دەدرێت، هەروەهـا سـەبارەت بە خـاڵی (٤٧) منـیش پرسـیارێك ئاڕاسـتەی جەنـابی وەزیـر دەکەم کە بـاس لەوە دەکـات قوتابخـانە و خوێنـدگای بەهـرەداران و تایبەتمەنـد بریتیە لەو قوتابخانە و بەهرەدارانی تایبەتمەند بە هونەر یان وەرزش یان هەرباتەتێکی دیکە کە وەزارەت ڕەزامەندی لەسەر دەدات من دەڵێم جەنابی وەزیر چ پێوەرێـك هەیە بـۆ ئەم خـاڵە؟ وە ئایا ناعەداڵەتی دروست ناکات؟ چۆن منداڵانی بەهرەدار جیا دەکرێتەوە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك یاسین.

**بەڕێز یاسین خضر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نـاوی خـوای گەورەو میهرەبـان، بە خێرهـاتنی جەنـابی وەزیـری دەکەم دەمەوێـت سـەرەتا پشتگیری ئەو برادەرانە بکەم، لەبەرئەوەی من (٢) خالم هەیە ئەو برادەرانە هەموویـان قسـەیان کرد گولستان خان کاك هیڤیدار کە لە وشەی خوێندکار و قوتابی، هیوادارم بکرێتە فێرخـواز زۆر باشە روپاك خان کە وتی قوتابخانەی ئەهلی نەمێنێت، یەعنی بەڕاستی ئەو ئەهلییە هەر کـوردی تێکداوە بە جدی جەریمەیە دکتور اسماعیل وە کاك عمر و کـاك مسلم و کـاك شـیخ ظـاهرو کـاك کاوە بە جدی جەنابی سەرۆکی پەرلەمان ئەو خوێندکارە حکومییانە یان ئەو قوتابییە ئەهلییـانە هـیچ مستەوایەکیشـیان نیـیە، بڕواتـان هەبێـت مسـتەوایان نیـیە ئەوە جەنـابی وەزیـر لێـرە دانیشتووە من ئەوەندەی موتابەعەم کردووە زۆربەی ئەو خوێندکارانە هیچییان پێ نیـیە، بـۆیە پێمخۆشە هەر نەمێنێت من لەسـەر دووخـاڵ قسـە دەکەم خـاڵی یەك مەسـەلەن قۆنـاغی یەکەم قوناغی باخچە لە چوار ساڵی بـۆ پێـنج سـاڵی تەحدیـدکراوە بەجـدی ئێسـتا جـاری وا یەك ڕۆژی مـاوە وەری نـاگرن جـاری واهەیە دوو ڕۆژی بەسـەر چـووە وەری دەگـرن، بـۆیە پێشـنیار دەکەم حەلێك دابندرێت لە قۆناغی باخچەی ساوایان چوار ساڵ بۆ پێنج ساڵی داناوە با ببێت بە شەش ساڵ، بۆئەوەی ئەو تەلەبە تۆزێك شت فێرببێت بەڕاستی لە چوار ساڵی هیچ فێـر نابێـت خـاڵێکی دیکەمـان ئەوەیە بەس بـزانم حکـومەت حکـومەتە ئەنجـومەنی باوکـانی بـۆچیە؟ بـۆ ئەوەیە تەلەبەی چـی لـێ بکـات؟ ئـاخیر هـیچ نازانێـت ئەنجـومەنی باوکـان یەعنـی چ پەیوەنـدی بە حکومەتەوە هەیە؟ بۆیە داوادەکەم هەر ئەو خاڵەی ئەنجومەنی باوکان نەمێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك عبدالناصر.

**بەڕێز عبدالناصر مجيد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نـاوی خـوای گەورەو میهرەبـان، بەخێرهـاتنی وەزیـرە بەڕێزەکـان دەکەیـن دەستخۆشـی بـۆ هەردوو لیژنەی تایبەتمەند بەڕاستی زۆر ماندوو بوونە بەم پڕۆژە یاسایەوە لە ماددەی (١) بڕگەی (١٤) خوێنـدنی ئامـادەیی ئەو قونـاغی خوێنـدنە لە دوای بنەڕەتـی دەسـتپێدەکات سـێ پـۆلی خوێندنە، بەڵام لێـرە ئامادەیی پیشـەییەکان دیـاری نەکراوە ئامادەیی پیشەسـازی و ئامـادەیی کشتوکاڵییەکان پێویستە ئەوانیش هەر سێ ساڵی خوێندنە و بڕوانـامەی ئامادەی وەری دەگـرن ئەوەش زیاد بکرێت لە مادە (١) بڕگە (٢٧) پێناسەی مامۆستا کەسێکی شیاو و لێهاتووە بـۆ وانە وتنەوە لە دامەزراوەکان بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە هەرچەند برادەرەکان باسیان کرد کە ئەم بڕگەی مامۆستایان دیاری نەکراوە، بۆیە بەم شێوەیە بێـت بـۆ بڕوانـامەی دبلـۆم یـان زانکـۆ یـان زیاتری هەبێت پسپۆڕ بێت بۆ وانە وتنەوە لە دامەزراوەکـان، وە لە مـاددەی (٣١) پشـتیوانی کـاك شەمۆڵ و سەرجەم ئەو هەڤاڵانە دەکەم کە ڕێنماییکاری پەروەردەیی لابرێت و بکرێتە توێژەری کۆمەڵایەتی و دەروونناسی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك گوران.

**بەڕێز گوران عمر علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم و دەستخۆشی لە هەردوو لیژنەی بەڕێز بەتایبەتی لیژنەی تایبەتمەند دەکەم دەستیان خۆش بیت من لە ماددەی (١) خاڵی (٣١) پشتگیری لە وتەکانی بەڕێـز گولستان خان دەکەم، هەروەها پشتگیری لە تەواوی وتەکانی بەڕێز دکتورە شایان و شیرین خان و مامۆسـتا عمـر و روپـاك خـان دەکەم، وە داوایەکـم هەیە لە بەڕێــز وەزیــری پەروەردە کەوا قوتابخـانە ئەهلییەکـان کەم کـرێتەوە و بـایەخی زیـاتر بـدەن بە قوتابخـانە حکومیەکـان کە بـۆ خزمەتی زیاتری منداڵی فەقیرو هەژار، وە هەروەها لەو قوتابخانانەی کە ئێستا زمانە بیانییەکان دەخوێنن فێربوونی زمانی بیانی بۆ هەمـوو کەسـێك پیویسـتەو وە کـارێکی باشـە، بەڵام زمـانی دایــك واتە زمــانی کــوردی فەرامــۆش نەکەن، وە هەروەهــا لە هەنــدێك شــوێن و لە هەنــدێ قوتابخانەی ئێستا وەکو دەبیستین ڕێژەی قوتابیان زۆر زیاترە لەو خوێندنگەی کە ئێستا دەوامی تێدا دەکەن وە کاتەکانیشی دابەشکردووە، بەڵام هەر هەڵی ناگرێت ئەوەندە ڕێژەی قوتابییەکـان زیاترە لەو شوێنەدا داوادەکەین کە یان قوتابخانەکـان بۆیـان فـراوان بـکەن یـاخود هەوڵ بـدەن قوتابخانەیەکی نوێ لەو گەڕەکانەدا بکەنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو مژدەخان.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خوای گەورەو میهرەبان، لە مـاددەی (١) پـێش هەمـوو شـتێك پێشـنیار دەکەم بـڕگەیەك زیاد بکرێت بە ناوی بڕگەی (٢٩) بۆ مامۆستای وانەبێژ هەمووومان دەزانین کە مامۆستای وانەبێژ پێشـمەرگە ئاسـا لە سـلکی پەروەردەدا خزمەتیـان کـردووە بە هەمـوو بارۆدوخێـك و بە هەمـوو

قوورساییەك لەسەر ژیان و گیرفان و ڕێگاوبان و هەموو شتێك یەعنی شانیان داوەتە بەر ئەو بەرپرسارییەتییە هاوشێوەی مامۆستای میلاك بە زیادەوە خزمەتیان كردووە هیچ كەم و كوڕییەكیان نەبووە لە خزمەتكردندا، بۆیە بێویژدانیە ئەوپەڕی گوناحە ئەگەر پێناسەی مامۆستای وانە بێژ نەكرێت لەو پرۆژە یاسایە پەروەردەییەدا جێگای نەكرێتەوە كە ژمارەیان لە سی هەزار مامۆستا زیاترە گوناحە سی هەزار مامۆستا چەند ساڵە خزمەت دەكات بە شایستەیەكی زۆر زۆر كەم هەتا بڕیاری ژمارە (١٤) بۆ مامۆستایانی وانەبێژ دەركرا ژمارە (١٤) وەزارەتی دارایی كە لە (٢٦)ی مانگ بووە لە (٢٦) شایستەكانیان لە لیستی مووچەدا جێگیر بكرێت، بەڵام تاوەكو ئەو دەقەیە بڕیارەكە جێبەجێ نەكراوە بەڕێز وەزیری پەروەردە دەزانی كە ئێستا بەرەو مانگی (١٠)دەچین ئەوان شایستەی مانگی (٧) یان وەرنەگرتووە كە (١٥٠) هەزار دینارو (٢٠٠)هەزار دینارە یەعنی ئەوان ئێستا پارەی ڕێگایان پێی نییە ئێستا بە بەڵگەوە دەڵێم كە مامۆستای وانەبێژ وەریانەگرتووە، پارەی ڕێگایان پێ نییە (١٠٠%) یەعنی زانیارەكەم دروستە، بۆیە پێویستە لەو بابەتەدا بڕگەی بۆ بكرێتەوە، وە پشتیوانی هەموو ئەو بەڕێزانە دەكەم كە لەسەر مامۆستای وانە بێژ قسەیان كردووە وە ئەوانەی دوای منیش قسە دەكەن لەسەر مامۆستای وانە بێژ، بۆیە پێشنیار دەكەم پێناسەی بكرێت و جێی بكرێتەوە و ببێتە خاڵی (٢٩) لە دوای مامۆستا، چونكە شایستەن بەڕاستی سەبارەت بە بڕگەی (٤٠) هەر لە بڕگەی (٤٠) كە پەروەردە و فێركردنە پێناسەكردنی خۆی یاساكە پەروەردەو فێركردنە گوناحە لە (٤٠)دا دابنرێت خۆی یاسایە سەرەكییەكە ئەوەیە كە پێویستە ببێتە بڕگەی (٩) لە پێناسەكاندا، وە هەروەها سەبارەت خاڵی (٢٤) پشتیوانی قسەكانی ئاشنا خان و كاك كاوە دەكەم لەسەرئەوەی كە موڵكی حزبایەتی با لەناو پرۆژەیەكی پەروەردەدا نەبێت وشەیەكی گونجاو وشەی فێرخواز یان هەر وشەیەكی شایستە دابنرێ و بە جوانی پێناسە بكرێت كە شیاوی ئەوە بێت، وە سەبارەت بە خاڵی (٢٩، ٣٠) كە پێناسەی بەڕێوەبەری دامەزراوە دەڵێت ئەو كەسەیە نابێت بە شەخس ئەوە بكرێت ئەندازیارێك یاخود كەسێك بێ شەهادە ناتوانێت ببێتە بەڕێوەبەری خوێندنگایەك یاخود جێگری بەڕێوەبەر پێویستە ببێتە ئەو مامۆستایەی كە ئەركی بەڕێوەبردنی دامەزراوەی ئەركی پەروەردەیی و فێركردنی پێ دەسپێردرێت، وە هەروەها لە سێیەم یاردەدەری پەروەردە ئەویش بنووسرێتەوە بە شێوەی ئەو مامۆستایەی سەبارەت بە ماددەی (٣١) بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان ئەوە سێ دەقە، بۆیە زۆر زۆر گرنگە سەبارەت بە ڕێنماییكاری پەروەردەیی توێژەری كۆمەڵایەتی و توێژەری دەروونی لەوەدا جێگای نەكراوەتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بڵێ پشتیوانی یەك كەس دەكەم كەسێك كە وای وتووە پشتیوانی تۆ سوپاس، فەرموو هلز خان.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكا پەرلەمانی.**

تێبینێت من سەر ماددا (١) ئەڤەیە بڕگا (٤) پێناسا وەزیری یا هاتی ماددا (١٥٧)دا پێك هاتەیا وەزارەتێ سەر وەزیری یا هاتی وێری وەكیل وەزیر یا هاتی بریكارێ وەزارەتی پێناسێدا نەهاتییە راوێژكار یێ هاتی پێناسێدا نەهاتییە، بەر هندێ ب دیتنا من ئەگەر دەروازا (٤) بێتە جودا كرنێ و پرۆسەیەكا جودا پێكهاتا وەزارەتێ بێت دێ ئەڤ بابەتێ هەنێ بێژین دێ ئەڤ

ماددێت هەنێ ژی کێمتر لێ هێنێ و پتر دێ کۆنترۆلا ڤی پرۆژە یاسایی هێتە کرن، بەرهندێ یان ئەگەر وەکی خۆ مادەم بریکارێ وەزارەتێ هاتییە مادەم راوێژکار هاتییە ڤێرێ ژی پێناسەك بۆ وانەبێژ ژی بێتە کرنێ، چونکی بابەت بابەتێ پەروەردێ و فێرکردنێیە، وە ماددا(٤٠) وەك رێزبەندییا وێ گەلەکا دیرە دڤی پرۆژە یاسایدا بەرهندێ ئەز پێشنیارێ دکەم بێتە دەست پێکێ وە ببتە ماددا (٩) ناڤ رێزبەندییا پرۆژە یاساییدا ماددا (١) پشتگیریا وا مامۆستایا دکەم ئەوێت بەحسێ ئیزافە کرنا برگەیەکێ یان پێناسەیەکێ تایبەت مامۆستاییێت وانەبێژڤە کو دیارە ئەگەر ئەم بێژین سەرانسەرێ هەرێما کوردستانێ نزیکی (٣٠) هەزارا بن بەلێ ئەڤرۆکە پشکا هەرە زۆر بە پەروەردا دهۆکێ کەڤیت کو دیارە پارێزگەها دهۆکێ ئەگەر ئەڤرۆ مامۆستاێن وانەبێژ بریارا بایکۆتێ بکەن بێگۆمان دێ پرۆسا پەروەردێ وێرێ هێتە راوەستان، بەرهندێ پێناسا وانەبێژا بێتەکرن، چونکی ماددا (٩) بەحسی قوناغێت باخچا دکەت جەنابێ وەزیری کو بێژیت ل ژێ (٤) سالی و (٥) سالی بەلگە نمونە (٤)سالی دهۆکێ نەهاتینە وەرگرتن باخچە نەبووینە (٤)سالی ناهێتە وەرگرتنێ مەرجەکی ئەگەر دایك و بابێت وی فەرمانبەر نەبت من بەدواداچوونا کری پەروەردا دهۆکێ جەنابێ وەزیری پەروەردا زانین سالانا بچیك زیدە دبن زارۆکێت زێدە دبن (٤)سالی تنێ بۆ وانا هاتی تەبعەن چ رێنمایی ژی نەبویە تنێ ئەڤە ئیحتیماللە تەلەفونەکێ یا بۆ رێڤەبەرێت باخچا چووی (٤)سالی نەهاتینە وەرگرتن کێمەك نەبن (٥)سالی ییت هاتینە وەرگرتن، بەرهندێ ئەگەر ئەم واقعی بین یان ڤێ (٤)سالیێ بکەینە مولزەم یان ژی (٤) راکەین خیندنا ناپەیرەوکراو ماددا (١١)دا یا هاتی ئەڤ موستەلەحێ هەنێ دەڤ من خۆ وە هەتا لیژنێژیدا هەتا راوێژکارێت مە ژی پیچەك تێبینی سەر هەبوویە ئیحتیماله ئەگەر هاتییە وەرگێرانێ ناگونجێت گەل وەرگێرانا وێ یا درستاهی، هندێ ئەڤەژی لێ بێتە زێدەکرنێ سەبارەت، هەروەسا رێنماییکارێ پەروەردەیی ئەز پشتگیریا گشت وا مامۆستایا دکەم وان بەرێزا دکەم ئەڤێت گوتی ك بهێتە گۆرینێ توێژەرێ کۆمەلایەتی و توێژەرێ دەروونی، ئۆ جودا ژی بەحس لێ بێتە کرنێ پێناسا مامۆستادا جەنابێ وەزیری پرۆژە یاسایدا یا ژمنڤە گونجاوتر بوو کو نوکە هاتیە کرنێ مامۆستا کەسەکێ شیاو و لێهاتووە باشە مەرج نییە وانە هەبیتن هەما هەرکەسەکێ هات ببیتە مامۆستا ئەڤە بیتن بۆ بەری (١٠) سالا گونجاو بیت ك دەرچوویێ ئامادەییا بازرگانی بوو دەرچوویێ خولەکا (٦) هەیڤی بۆ کرنە مامۆستا دیڤ هەجەتا پەروەردێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرمووو سەرچنار خان.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

چەند تێبینیەکم هەیە لەگەڵ پشتگیری کردنی دکتور شێرکۆ دکتور اسماعیل و مامۆستا هلز و مژدەخان بە تایبەتی مژدەخان ئەوەی لە باری توێژەرەکە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەمە یەعنی هەست دەکەم یاسایەکی شازە بەڕاستی تا ئێستا یاسای وام نەبینیوە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچێت (١٨١) مادده بێت ماددەی (١)ی (٤٨)برگە بێت بەڕاستی ئەمە شازە، وە لە ناو شازتریش دوو بابەتی لە خۆگرتووە دوو بابەتی جیاوازە پەروەردە و فێرکردنی هێناوە لەگەڵ وەزارەتی هێناوە پێکهاتەی وەزارەتی هێناوە لە ماددەی (١٥٧)هاتووە باسی وەزیر دەکات لێرە هەرێم پەروەردە لە هەرێم لەوێ باسی وەزیر دەکات لەوێ باسی بریکاری وەزیر دەکات لەوێ باسی

نووسینگە دەکات لە پێناسەکاندا جێگای نەکردۆتەوە و هێناویانە بۆ پێکهاتەکان دەمجی کردووە دەکرا لە (١٥٧) لەو ماددەیە جیابکرایە یاسایەکی تر نەك وەزارەتی پەروەردە هەڵبوەشێتەوە و ئەوا دەمج بکرێت لە پێناسەکاندا منیش هەر هاوڕام لەسەری ئەوەی کە مامۆستای وانە بێژلەبەر ئەوەی تاوەکو ئێستا پێناسەیەکی تەشریعی نییە، وە ئەرك و مافی دیارینەکراوە وە لە ماددەی (٧٢) ئەو یاسایە ئیش دەکات کە هاتووە هەر باس لەوە دەکات دەڵێت بە پارەیەکی دیاریکراو وانە دەڵێنەوە و بە گرێبەست دامەزرێن و کە ئەمە گرفتەکانیانە لەو چەند ساڵا ئەوانەی خۆپیشاندان دەکەن لەسەر ئەمە ئێستا کە کاتی خۆیەتی کە لە یاسای پەروەردە و فێرکردندا ئێمە ئەو بابەتە چارەسەر بکەین و پێناسەیەکی بۆ بکەین چۆن پێناسەی مامۆستا کراوە لێرە بە هەمان شێوەش بەس بە گوڕانکارییەکەوە کە کەسێك کە بڕوانامەی هەیە بە پێی ئەحکامەکانی ئەم یاسایە دەتوانین مامۆستای وانەبێژ جیا بکەیتەوە، وە لە ماددەی (٧٢) چۆنیەتی ئەرك و مافەکانی دیاری بکرێت، بۆئەوەی ئەم گرفتەش چارەسەر بێت کە هی سی هەزار مامۆستایە و چەندین جار دانیشتنی پەرلەمان کراوە ئێمە نەمانتوانیوە دانیشتنێکیان بۆ ساز بکەین بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان دوێنێش ئیشارەتم بەوەدا وتم ئیدارە سەربەخۆکان زۆر هاتوونەتەوە تازە لێرە بوو بە ئەمری واقع، بەڵام ئێمە دەتوانین چارەسەری ئەوە بکەین لە یاساکانی پارێزگاکاندا بە تەعدیلێك ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٩) ئەوەشی بخەینە ناو پێکهاتەکاندا پێکهاتەی بڵێین جۆری ئیدارە سەربەخۆکان منیش هەر هاوڕام کە بڕگەیەك بێتە دوای بڕگەی (٩)، وە لەبەرئەوەی باسی پەروەردەو فێرکردن پێناسەی پەروەردە و فێرکردن ناکرێت ئەوەندە دوور بێت بچێتە بڕگەی (٤٠)، وە دەمەوێت ئاماژەش بۆئەوە بکەم ماددەی (٣٤)ی دەستووری عێراقی بڵێین هەیە کە باسی خوێندن دەکات بە ئیبتیدائییەوە ناوی هێناوە نەك بە بنەڕەتی، بەس نازانم بۆ ئەم وەرگێڕانەی هەرێمی کوردستان سەرەتا قوتابخانە سەرەتاییەکان کە رێك تەرجەمەی ئیبتیدائیە ئێستا بەس بنەڕەتی یەعنی ئەساسی ماددەی (٣٤) بە ئیبتیدائیە هێناویەتی، بەڵام لە خوێندگاکانی خۆماندا لە قوتابخانەکاندا بە بنەڕەتی هاتووە کە ئەوە یەعنی وەرگێڕانەکەی هەڵەیە بۆ ماددەی (٣٤)دەستوور منیش هەر جەخت لەسەر ئەو بابەتە دەکەمەوە فێرخواز و خوێندکار و قوتابی ئەم کێشە و گرفتەی ئەم دوو زۆنەی سی ساڵە هەر چارەسەر نەبووە نەهاتۆتە ناو یاسای پەروەردەش و وەزارەتی پەروەردە و فێرکردنیشەوە بۆ ئەوەوی دڵی ئەو لا رازیکەی و دڵی ئەولاش رازیکەی (٥٠ بە ٥٠) (٥٠) بۆ قوتابیش (٥٠)شی بۆ خوێندکار یەعنی بەڕاستی با بکرێت بە فێرخواز بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس فەرموو کاك عثمان .

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان، بڕگە (١٧، ٢١) بەڕاستی من بە کارەساتی دەزانم دژ بە گەلەکەمان بۆ جینۆسایدکردنی ئەو فیکرە رەسەن و کوردیەی کە هەمانە خوێندنی نا حکومی بکریتەوە بۆ ئەو ئایدۆلۆژیایەی کە بۆخۆیان ئەو مامۆستایانەی کەهەیانە لێی بەڕاستی لەو وڵاتانەی کە لەقیمەی تەقەدومی پەروەردە و خوێندن خۆێندنی ئەهلی نییە ئەوە یەك، وە پاشان چەندین کێشەی خێزانی زیاد کرووە ئێمە وەکو مامۆستایانی ئایینی رۆژانە ئەو کێشانەمان

هەیە باوکێك قوتابیەکەی ناردووە بۆ خوێندگای ئەهلی کچەکەی نەناردووە بۆ ئەهلی لەوە بووەتە کێشە من چووم حەڵم کردووە بەڕاستی با ئەو خوێندنە ئەهلییە نەمێنێت، وە هەروەها کە دەڵێم دژ بە گەلەکەمانە بەڕاستی ئێمە چەندین دەرچوومان هەیە دانەمەزراون بەڕاستی ئەو هەموو شهادەدارەمان هەیە ئەو هەموو خەڵکە لێهاتووەمان هەیە بۆ بچین خەڵکی بیانی هاوردە بکەین داواش دەکەم لە پێناسەی مامۆستایان هاووڵاتی بوون یان کوردستانی بوون یان هەر شتێکی دیکە بێت کە ماموستایەکی بیانی نەبێت، یەعنی غەیری کوردی نەبێت، وە لە بڕگەی (٢٨) پرسیارێکم لە بەڕێز وەزیری پەروەردە هەیە بەڕێز جەنابی وەزیری پەروەردە ئەو بانگشە و ئاماژەیەی کە لەسەر پەرتووکی قوتابی دووەمی بنەڕەتی زانستی زانست بۆ هەمووان هەیە ئەو بانگشەیە لەگەڵ ڕێزم بەڕاستی کە ئاماژەیە بە بانگشەی هاوڕەگەز خوازان چ بنەمایەك هەیە ئێستا ئەو شتە دانراوە؟ بۆ ناوی قائیدێکی کورد لێهاتوویەکی کورد چالاکوانێکی کورد با کەسێك بۆ ئاماژە نەبێت بەو هەموو پێشکەوتنەی کە گەلی کورد هێناوە ئەو هەموو قارەمانە ئەو هەموو مەوزووعە ئەو ئالایەی کە لەسەر بەرگەکە هەیە بەڕاستی ئالایە و ئاماژەیە بۆ کەسانی هاورەگەزخواز، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵی زۆر سوپاس ئەندامانی بەڕێز دەستان خۆش بێت، بۆ سەرنج و تێبینییەکانتان دەرفەت دەدەین بە بەڕێز وەزیر فەرموو، فەرموو کاك زێدان.

**بەڕێز زيدان رشيد خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ماددەی (١) هەندێك تێبینم هەیە، وەهەمان پێشنیاری ناونیشانیش دووبارە دەکەمەوە کە ئێمە پێچەوانەی کارەکان و یاساکانی رابردوو کار دەکەین پەروەردە و وەزارەت تێکەڵ دەکەین ئەوا دەبێت چارەسەر بکرێت، لەسەر وشەی قوتابی و خوێندکار پشتگیری هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەم کە ئاماژەیان پێکرد، بەڵام باشترین چارەریش ئەوەیە کە لە لیژنەش ئاماژەم پێکردووە لێرەش دووبارەی دەکەمەوە وەزارەتی پەروەردە بکرێتە قوتابی وەزارەتی خوێندنی باڵا بکرێتە خوێندکار چارەسەری هەموو ئەو پرۆسەیە دەبێت کێشەی نامێنێت سەبارەت بە خودی ماددەی یەکەم ئەگەر سەیری هەموو ئەو پرۆژە یاسایە بکەین بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان وە ئەوانەی شارەزایەکی تەواویان هەیە لە بواری یاسادانان ئەم یاسایە تێکەڵەی زۆری هەیە لە رووی دابەشکردنەوە بەشی داناوە وە هەمان ئەو بەشە بەشی تری لێی جیابووەتەوە و لە جاری دووەم کە بەش بەکارهاتۆتەوە تەوەرە و بڕگە و چەندین بەشی تر دانراوە کە پێچەوانەی ئەو یاسایانە، بۆیە کە ئێمە لە پێشتر دابەشمان کردووە وە دەرکراون و لە هەمان کاتدا ئەگەر سەیری ناوەڕۆکی خودی یاساکە بکەین لە ماددەی (١) تا کۆتایی زیاتر لە (٥٠%) ئەم یاسایە بە ڕێنمایی ئاماژەی پێکراوە دەکرێت کاتێك باس لە ڕێنماییکاری پەروەردەیی بکەین بە تەعریف، بەڵام ئەو وەسفەی کە بۆی دانراوە وە ئەو کارەی کە بۆی دانراوە بۆ هەموو بەشەکانی تر تا دڵنیایی و جۆری و مۆڵەت لە ڕێنمایی وەزارەتدا ئاماژە پێ بکرێت و تەفاسیلی پێ بدرێت ئەگەر لە بڕگەی (٣١) سەیری رینماییکاری پەروەردەیی بکەین کە لە ماددەی (٦٥) جارێکی تر تەعریفی کردۆتەوە تەفاسیلی داوەتێ، بەڵام کە دەروونناس و کۆمەڵناس ئاماژە پێدەکات دەبێت ئەوەشمان لەبەر چاوبێت کە ئێستا بەشی کۆمەڵایەتیش هەیە کە هەمان ئەو پیشە و کارە دەکات پێویستە لێرە

ئاماژەی پێ بکرێت، هەروەها لە بڕگەی (٣٤) ئاماژە بە کتێب کراوە لە دواتر لە چەندین ماددەی تر باس لە کتێب دەکات، بۆیە پێویستە هەموو بڕگەو ماددەکان یەك بخرێت لە یەك کات و لە یەك شوێندا ئاماژەی پێ بکرێت، وە بەڕێز وەزیری پەروەردە بۆ بەرچاو روونیتان ئەمڕۆش سەردانی چەند قوتابخانەیەکم کردووە ئەم ساڵ کتێبەکانی خوێندن خراپترین کوالیتیان هەیە لە رووی چاپکردنەوە چ سەیری ناوەڕۆکەکان بکەی و وە ئەو پەرتوکانەی پێویستە رەنگاو رەنگ بن یان لە بەرگەکانیشیانەوە سەیری بکەی یان لە رووی کەپسکردنەوە خراپترین کوالیتیان هەیە لە چاو ساڵانی رابردوو، وە بە هەمان شێوە بڕگەی (٤٢) وە برگەی (٤٨) کە سەیری دڵنیایی یان جۆری مۆڵەت دەکەین هەموو ئەو رێنمایانەی کە لە ماددەکانی تردا هاتووە رێنمایی ماددەی یاسایی نین پێویستە لە رینمایی وەزارەتدا دەربکرێت ئێمە چەندین یاسامان هەموار کردۆتەوە لەم ساڵانەی رابردووی پەرلەمانی کوردستاندا بەشێك لە یاساکان کە تەنها (١٠) یان (١٥) ماددە هەبوونە پێویستیان بە هەموار بووە ئەم یاسایە کە (١٨١)ماددەی تێدایە بەشی هەرە زۆری پێویستە رێنمایی بێت دلنیام لەوەی کە تەمەنی ئەم پەرلەمانە درێژ ببێتەوە پێویستی بە هەموار دەبێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان وابزانم لە لیژنەیەوە رەخنەیان هەیە، دوای ئەوە بەڕێز وەزیر قسە دەکات بەڵێ فەرموون.

**بەڕێز عبدالسلام عبدالله حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی.**

ئەندامانی پەرلەمان زۆر سوپاس بۆ پێشنیاز و تێبینەکانتان بۆ دەوڵەمەندکردنی پڕۆژە یاساکە وەڵامی زۆربەی پرسیارەکانتان لە ناوەڕۆکی پڕۆژە یاساکەدا بوونی هەیە ئەمە لە ماددەی (١) کە (٤٨) بڕگە لە خۆی دەگرێت کە تەنها پێناسەن ئەگەر بگەینە ماددەکانی تر ان شاءالله وەڵامەکان بە وازحی وەردەگرن، هەروەها بە نسبەت مەوزووعی بەکارهێنانی ناوی قوتابی و خوێندکار لە ناوەندەکانی خوێندن ئەوە بابەتێکی توندی گفتوگۆکانمان بووە لە هەموو کۆبوونەوەکانمان وە ئێمەش تەمەنا دەکەین لە خوێندنەوەی سێیەمی پڕۆژە یاساکەدا ئەم بابەتە ئەگەر بتوانین یەکلایی بکەینەوە، وە بەنسبەت برگەی (٢٣) لە ماددەی (١) دیارە هەڵەی ئیملائی هەیە خۆی دەقی ئەسڵەکە بەم شێوەیە ئەو دامەزراوە و فێرکردنە دەگرێتەوە کە مولکی حکومەتن و تێچووەکانیان لە لایەن حکومەتەوە دابین دەکرێت، بەلام لە لایەن کەسانی پەروەردەیی نیشتمانی یان بیانییەوە بەهەماهەنگی لەگەڵ حکومەت بەڕێوە دەبردرێن، پرسیارەکانی تر ئاڕاستەی بەڕێز وەزیری پەروەردە بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو بەڕێز وەزیری پەروەردە.

**بەڕێز ئالان حەمە سعید/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چەندێك کاتم هەیە بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیارەکانیان بدەمەوە؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

(٢٠) دەقە کاتت هەیە بۆ وەڵام دانەوەی پرسیارەکان، فەرموو.

**بەڕێز ئالان حەمە سعید/ وەزیری پەروەردە:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە بابەتی کاك دکتور زیدان دەست پێ دەکەم ئاخر بابەت کە باسی چاپی کتابی کردووە کاك دکتور زیدان ئەمساڵ بایی (١٧) ملیار دینار تەبعی کتاب کراوە (٢٤٠) ملیۆن مەلزەمە کە نزیکی (١٦) ملیۆن کتێب دەکات عێراق کە لە تەنیشتمانە هەموو مانگێك فائیزی (٢) ملیۆن دولاری هەیە، تا ئێستا یەك کتابی تەبع نەکردووە و داوای کتابە کۆنەکان دەکەنەوە، کتابەکان هەمانە لە مەتبەعەی مەساری ئیماراتی تەبع کراوە باشترین مەتبەعەیە لەسەر (شرق الاوسط) چوارەم مەتبەعەیە لە عالەمدا من ئەگەر سەرۆکی پەرلەمان ئیزنم بدات حەز دەکەم لیژنەکەی ئێوە رۆژی شەممە سەردانی (١٠) قوتابخانە لە شارەکانی کوردستان بکەن ئەگەر کتێبەکانی هی ئەم ساڵ لە هی هەموو (٣٠) ساڵی رابردوو کوالێتی باشتر، بەرزتر، جوانترو روونتر نەبوو من تەحەمولی بەرپرسیارییەتەکە دەکەم جەنابی سەرۆکی پەرلەمان زۆر زۆر سوپاس بۆ گشت خاڵەکانی دیکە کە ئاماژەیان پێداوە بەرێزان من دەمەوێت سوپاسی هەموویان بکەم بۆ خەمخۆریان بۆ دڵسۆزیان وە بۆ ئەو تێگەشتنە قووڵانە لە گرنگی کەرتی پەروەردە، بەڵام پێشنیارێکم هەیە ئەویش ئەوەیە ئەوەی کە ئێمە موناقەشەی لەسەر دەکەین تەعاریفی ماددەکەیە مەدخەلێکە، بەڵام لە ئێستاوە ئێمە بچینە ناو هەموو وردەکاری بابەتەکانەوە کە بەشێکی رەنگە پەیوەندی بەوەوە هەبێت بمبەخشن بە تەواوی نە خوێندراوەتەوە بەشێکی پەیوەندی بەوەوە هەبێت لەوە دەچێت یاساکە زۆرە پێموایە وەزیفەیەکی زۆر گرنگی نیشتمانی ستراتیجی لەسەر شانمانە ئێوە وەکو پەرلەمانتار وەزیفەتان تەشریعە ئێمەش کە ئەرکەکەمان ئەوەیە قانوونەکە جێبەجێ دەکەین لە ئەرزی عەمەلی تەحەمولی یاساکەمان هەبێت توزێك وردتر لێی بڕوانین باشترەکە، چونکە ئەوەی کە ئێمە موناقەشەمان کردووە بەس تەعریفە یەعنی نەچووینەتە ناو تەفاسیلی هیچ بابەتێکەوە من بە کورتی جواب دەدەمەوە قوتابی و خوێندکار بۆ کەس پشتگیری بۆچوونەکانی کاك دکتور هەورامانی نەکرد کە ئاماژەی دا بە (تلمیذ و بە طالب) بۆ هەمووی لە دیوی مەسەلەن سیاسەتەوە کردووە ئەمە لە (٢٠٠٩) هەیە لە سیستەمی بنەڕەتی قوتابخانەو ئامادەیی و پەیمانگاکانە هەیە ئەوە ئیشێکی موتەبەعە لە ناو وەزارەتی پەروەردە لە پۆلی (١) تا پۆلی (٩) دەوترێت قوتابی وە سەرووی پۆلی (٩)ەوە (١٠،١١،١٢)ش دەوترێت خوێندکار کەوابێت ئەمە لە (٢٠٠٩) هەیە ئەمە شتێکی تازە نییە، وە ئەو تەفسیرەی کاك هاورامان بە نەزەری ئیعیتباری وەربگرم باشترە بەس ئەوەی کە گرنگە بۆ ئێمە تەرکیزی بکەینە سەر ئەوە بابەتەکە جەوهەریتری بکات لەم بابەتە موسەلەحە کە لە ئەوانەی خیلافی دروستی کەین لەسەر بەڕاستی شتی گرنگتر هەیە، دوای ئەوەش پڕۆژە یاسا لە بەردەم پەرلەمانی کوردستان ئێوە دەنگی لەسەر دەدەن چۆنتان دەوێت وای لێی بکەن، بۆیە حزبەکانی خۆتانە هەمووی رێکخراوی قوتابیانی هەیە وە رێکخراوی خوێندکاری هەیە فێرخوازی هەیە، دواجار ئێوە ناوی لێی بنێن چۆن هەر (١١١) ئەندام پەرلەمان رێکەوتن ناوی لێبنێن ئێمە یاسا جێبەجێ دەکەین بەرێوەبەرە گشتیەکان بۆ باسی ئیدارە سەربەخۆکان و پارێزگاکان کراوە، لەبەر ئەوەی لە ناو وەزارەتی پەروەردە (١٢) مودیریەتی عام هەیە کە ئەوانە بەس تایبەتن بە دیوانی وەزارەتی پەروەردە بەخێوکاری قوتابی بۆ دەبێ پابەند بێت منداڵەکەی بباتە بەر خوێندن بەڕێزان دەستووری عێراقی خوێندنی ئیلزامی کردووە کەوا بێت هیچ کەسێك

ناتوانێـت منـداڵاکەی نەخـاتە بەرخوێنـدن دوو بـابەت هەیە حیکمەتـی ئیلـزام بـوونەکەی وە حیکمەتی ئێوە و هی دیکەش دەستووری عێراقی روونی دەکاتەوە دەڵێـت (تعلیم مجانیـة) وە ئیلزامیش یەعنی هیچ لەسەر دایك و بـاوك نیـیە نە پـارەی کتێبـی لەسـەرە نە مەسـەلەن پـارەی کرێی خوێندنی لەسەرە نە ئەو لەسەریەتی هەتا رەحـلەیەك بـۆ قوتابخـانەیەکیش بکڕێـت ئەگەر بکـڕێتیش کـارێکی خۆویسـتیە دەیکـات، بەڵام حکـومەت دەوڵەت هەمـوو پێداویسـتییەکانی خوێندن فەراهەم دەکات ئەو تەنها منداڵاکەی دەگەیەنێتـە قوتابخانە دەینێرێتە قوتابخانە، بۆیە هەم دەسـتووری عێراقـی خوێنـدنی ئیلزامـی کـردووە هەم مەجانیشـی کـردووە، وە خـاڵێکی دیـکەش دەمەوێـت ئامـاژەی پێـی بـدەم ئـێمە دەوڵەتـداری دەکەیـن ئینقـیلاب نـاکەین بەسـەر موئەسەسات ئەم پەرلەمانە یاسای دەرکردووە یاسای ژمارە (١٤)ساڵی (٢٠١٢) رێگەیـداوە بەوەی کە قوتابخانە ئەهلی هەبێت دەستۆری عێراقی ماددەی (٣٤) خاڵی (٤) دەڵێـت بە نەسـی سـەریع ئاماژە بۆ ئەوە دەدات دەڵێت (التعلیم الخاص والاهلي مکفول و ینظم بالقانون) ئەمە دەستووری عێراقـی رێگـای داوە لە عێراقـدا تعلیمـی خـاس ئەهلـی هەبێـت و ئەم پەرلەمـانەش یاسـای بـۆ دەرکردووە، لەبەر ئەوە با نەمێنێت و با دایخەین ئەی باشە هەر ئێستا لە کوردستـان یەك دیـوی نابێت ببینین ئێستا لە کوردستاندا بەس لە ناو وەزارەتی پەروەردە (١٤) هەزار کەسی نا دامەزراو لەناو ئەو قوتابخانانە کە بڕوانامەی دبلۆم و بەکالۆریۆسیان هەیە وەکو مامۆستا وەکو فەرمانبەر کار دەکەن کە ئەمەش دەرفەتێکی کاری باشـە رەخسـاوە، پاشـان حکـومەت دەرگـای بـۆ هەمـوو قوتابیان واڵا کردووە کە منداڵەکەت ببەیە قوتابخانەیەکی حکومی، بەڵام تۆ بە ئیختیاری خـۆت منداڵاکەت دەبەیە قوتابخانەیەکی ئەهلی ئەمە تایبەتە بە خـۆتەوە بە دیـوی خـۆتەوە دەسـتوور رێگـــای پێـــداویت، وە لە هەمـــان کاتیشـــدا هـــیچ کەس رێگـــری لەوە ناکـــات منـــداڵاکەت لە قوتابخانەیەکی حکومی دابنرێـت، هەروەهـا خـاڵێکی دیـکە بـابەتی رێنماییکـارانی پەروەردەیـی بەڕێزان پێشنیار دەکەم بابەتەکان بە دیـدێکی واقیعـی بخـوێنرێتەوە ئەو کەسـەی کە خەریجـی کشتوکاڵە لە وەزارەتی کشتوکاڵ کە تەعین دەبێت وەسفی وەزیـفەکەی عینـوانی وەزیفیـیەکەی کە وەزارەتـی تەختیـت دادەنێـت بە ئەنـدازیاری کشـتوکاڵی، بەڵام ئەو کەسـەی کە لە لایەن مـن تەعین بووە خەریجی کشتوکاڵە زانست دەڵێتەوە بە عینوانی مامۆسـتا تەعـین بـووە لە لای مـن ئەنـدازیاری کشـتوکاڵ نیـیە ئەو کەسـەی کە دەرچـووی بەشـەکانی کۆمەڵناسـیەوە لەوانەیە لە وەزارەتـی کاروبـاری کـۆمەڵایەتی وەزیـفەی هەیە پێـی دەوترێـت دەروونـنـاس یـان تـوێژەری دەروونی، بەڵام ئایا قوتابخانەکانی ئێمە توێژەری دەروونی تێدا دەکرێت؟ نەخێر قوتابخانەکانی ئێمە رێنماییکاری تێدایە ئەو کەسەیە کە مورشید تەربەویە راسپاردە دەدات ئاڕاستەی قوتابیـان دەکات توێژینەوە ناکـات چارەسـەری بابەتەکانیـان بـۆ دەکـات گوێیـان لێـدەگرێت موتابەعەیـان دەکات بزانێت لە کوێ گرفتێك هەیە لەو گرفتە دەکوڵێتەوە وە بەدواداچوون دەکات، بـۆ ئەوەی کە زەمینەیەکی باشتری دەروونی بخولقێنێت بۆ قوتـابی مەرج نیـیە ئەو کەسـەی کە دەرچـووی کیمیایە لە لای من بە عینوانی مامۆستای کیمیا لە ئامادەیی دادەمەزرێـت، بەڵام دەرچـوویەکی کیمیـا لە وەزارەتـی سـەحە بە عینـوانی یاریـدەدری کیمیـا دادەمەزرێـت بە عینـوانی مامۆسـتا دانامەزرێت، لەبەرئەوە حەز دەکەم من دەزانم لە لایەن ئەو بەڕێزانەوە بۆتان هاتووە بـۆ هەمـوو پەرلەمانتاران وە جەنابی سـەرۆکی پەرلەمـانیش ئەرکـی کێشـاوە تەوزیحێکـی سـێ لاپەڕییمـان بۆی نووسیوە لەسەر ئەو بابەتە هیـوادارم ئەو بـابەتە بە نەزەری ئیعتیبـار وەربگیرێـت مامۆسـتا

دیـاری نەكـراوە چ بڕوانـامەیەكە هەبێـت بەڕێـزان مامۆسـتا دیـاریكراوە چ بڕوانـامەیەكی هەیە مامۆستای وانەبێژ دیاریكراوە لە ناو پڕۆژەكەدا دیاریكراوە كە مامۆستا دەبێت لە دبلۆم كەمتری نەبێـت لە نـاوچەی دوور و نـاوچەی مەنـائی وە بكالۆریۆسـیش كەمتـریش نەبێـت، وە باسـی مامۆستای وانەبێژ كراو باسی گرێبەست كراو بەس ئەمە تەعریفە خۆ من نەم وتووە مامۆسـتای میلاك لە موقەدیمەكە قوتابی ئەم دابەشكاری (cal as f i sh cona) بكەم بۆ مامۆسـتای گرێبەست و بۆ میلاك و بۆ وانەبێژ ئەو بەس تەعریفـی مامۆسـتایە هیچـی دیـكە نیـیە مامۆسـتا جیا دەكاتەوە لەوەی كە فەرمانبەرێك جیاوازە پاشان ئێمە بۆ وانەبێژان بەڕێزان حەز دەكەم یەك تەوزیح بدەم ئێمە لەگەڵ هەموو مـافی وانەبێـژانین لە (٨/٢) بە خۆمـان بە شەخسـی پڕۆژەمـان داوەتە ئەنجومەنی وەزیران لەسەر مافی مامۆستایانی وانەبێژیش ئێمە رێنمایی ژمارە (١٤)مـان دەركردووە بس تەسحیحێك بۆ مژدەخان مومكینە مووچەیان دوادەكەوێت وە نووسراویشـمان كـردووە بـۆ وەزارەتـی دارایـی بـۆ ئەوەی مووچەیـان مانگـانە بـدرێت بەس مژدەخـان هـیچ مامۆستایەك نییە سەد هەزاری هەبێت وانە بێژبێت نییە دوو سەد هەزاریشیان نییە عەفوم بكە مامۆستای وانەبێژ چوار سەد هەزار وەردەگرێت ئەگەر مودیریش بێت، (٤٥٠) هەزار وەدەگرێت، بەڵام بە گوێرەی رینمایی دارایی مامۆستایە لە قەزایە هەبووە دەرس بڵێتەوە لە نۆزدە بەشـەوە بۆ سەرەوە بڵێن (٤٠٠) هەزار وەردەگرێت پێمان باشە زیاتری بكەین، بەڵام ئەم بابەتـانە هەمـووی پەیوەندی بە ئیمكانییەتی ماددیەوە هەیە روئیای خۆمـان داوە پلانـی خۆمـان داوە لە (٨/٢)ە وە لەگەڵ جەنابی سەرۆكی حكومەت لە كاتی زەنگی كردنەوەی قوتابخانەكان من لەوێ بەس باسی مامۆستایانی وانەبێژم بۆ جەنابی سەرۆكی حكـومەت كـردووە جەنـابی فەرمـوویەتی كە لەگەڵ ئەنجـومەنی راوێـژە لەگەڵ پلانـی خۆمـان گفتوگـۆ بكەیـن بـۆ ئەوەی كە هەرچییـەك بكرێـت بـۆ مامۆسـتایانی وانەبێـژ ئـێمە بتـوانین خزمەتیـان بكەیـن بەڕاسـتیخاڵێكی دیـكە وانەی تـایبەت و سەنتەرەكان وابزانم كاك عەلی باسی كرد لە ناو ئەو پڕۆژە یاسایە مەمنوع كراوە وانەی تـایبەت، بەڵام ئەوەی كە سەنتەری هەیە پەیمانگـای پیشـەیی هەیە بە قـانون مـۆڵەتی پێـدەدرێت و ئەوە حاڵەتێكی ئاساییە ئەوانەی كە دەوراتـی تەقـوییە دەكەنەوە، چـونكە رێنمـایی هەیە لە وەقـایعی كوردستان بڵاوكراوەتەوە رێنمایی ژمارە (١) و ژمـارە (٢)ی سـاڵی (٢٠٢٠) خوێنـدنی پەیڕەكـراو و خوێندنی نـاپەیڕەوكراو نـازانم ئەگەر تەرجەمەی بـابەتەكە تەواو نەبێـت، بەڵام ( f or mal & i nf or mal educat i on) ئەمە دەبێـت بە حـاڵەتێكی نـامونەزەم سـەیر نەكرێـت بە راسـتی ئەوە وەكـو ئەوە سـەیر بكرێـت كە سیسـتەمی پەروەردە سیسـتەمێكی نەرمە (f l exi bl e) تـۆ دەرفەت دەدەی بە كەسـێك كە بە هـۆی هەر دۆخـێكەوە نەیتوانییـوە خوێندن تەواو بكات یان نەچۆتە بەر قوتابخانە دەرەفەتی پێ دەدەی لە قوتابخانەی ئێواران یان لە خوێندنی خێرا بخوێنێت خوێندنی خێرا ئەگەر منداڵێك رووبەڕووی ئێمە ببێتەوە تەمەنی نـۆ ساڵ بێت نەچووبێتە بەر قوتابخانە چی لێ بكەین ناكرێت لەگەڵ منداڵێكی شەش سـاڵ داینـێن خوێنـدنی خێرامـان بـۆ كـردۆتەوە لە چوارچێـوەی (i nf or mal educat i on)ە ئەو خوێندی خێرایە بە پێنج ئاست نـۆ قۆنـاغ دەبڕێـت كە ئەمە سیسـتەمێكی مـوتەبەعە لە هەمـوو دنیا نیشـانەی نەرمـی سیسـتەمی پەروەردەیە نەك نیشـانەی پەرتەوازەی و خوانەخواسـتە ئەمە سیستەمێكی ناپەیڕەوكراو بێت، بەڵام ناتوانی پێی بڵێـی پابەنـدكراو، چـونكە پابەنـدكراو لە لای ئێمە بە گوێرەی ئەم یاسایە تا قۆناغی نۆی بنەڕەتیە واتا لە پۆلی دە خوێندن ئیلزامی نامێنێت لە

عێراق خوێندن هەتا پۆلی شەشی بنەڕەتی ئیلزامییە کەلیمەی بنەڕەتی کە ئەو بەڕێزە باسی کرد بۆ لە عێراق جیاوازە سەرچنار خان باسی کرد بەڕێزان دەستووری عێراقی سەلاحییاتی حەسری دیاری کردووە تەربیە لە زمنی سەلاحییاتی حەسری حکومەتی ئیتیحادی نییە لە دەستووری عێراقی هاتووە سیاساتی تەربەوی بۆ ئەقالیمەکانە دایبنێن و لە کاتێکدا ئەگەر قانوونێك هەبێت بەس موعارز نەبێت لەگەڵ دەستوور قانوونێك هەبێت لە هەرێمدا جیاواز بێت لە قانوونێك لە ئیتیحادی ئەفزەلییەت بۆ قانوونەکەی هەرێمە لەبورای پەروەردە، لەبەر ئەوەی سیاساتی تەربەوی لە زمنی سیاساتی حەسری ئیتیحادی نییە لای ئێمە سیستەممان بریتییە لە نۆ و سێ واتا قۆناغی بنەڕەتی و قۆناغی ئامادەیی لە عێراق تا ئێستا سیستەم بریتییە لە شەش، سێ، سێ بەو جۆرەیە و موخالیفی دەستووریش نییە خوێندنی نێودەوڵەتی تەعریف نەکراوە بەڕێزان تەعریف کراوە، بەڵام دەبێت بچینە ناوی سێ چوار جۆر قوتابخانە هەیە کە لێرە قوتابخانەی ئەهلین ئەو قوتابخانانەی قوتابخانەی ئەهلین بەڵام بە سیستەمی وەزارەتی پەروەردە دەخوێنن ئەوانەی کە قوتابخانەی ئەهلین بەڵام بیانین وەکو قوتابخانەی فەڕەنسی و ئەڵمانی ئەوانە بە سیستەمی دەوڵەتی ئەجنەبی دەخوێنن، وە شەهادەکانیان لە لایەن ئەوانەوە راستەوخۆ سەرپەرشتی دەکرێت، بەڵام بە ئیجازەی دیراسەت و سەرپەرشتی وەزارەت قوتابخانەیەکی دیکەش هەیە لە قوتابخانە نێودەوڵەتییەکانن ئەو قوتابخانانەن کەپڕۆگرامێکی نێودەوڵەتی، وهەروەها تێگەیشتنێکی نێودەوڵەتییان هەیە و سوپەرڤایزەری نێودەوڵەتیشیان هەیە قوتابخانەی چوارەم ئەو قوتابخانانەن کە ئەهلین و قازانج نەویستن کە تەعریف کراوە لە موقەدیمەدا کە دەبێت پارەکە لە پڕۆژەکەدا سەرف بکاتەوە نەك بۆ سوودی کەسی بێت ئەمانە هەمووی تەعریف کراون، بەڵام هێشتا ئێمە نەچووینە ناو تەفاسیلی ئەو بابەتانەوە خاڵێکی دیکە ئەم پڕۆژە یاسایە وەرگرتن لە باخچەی ساوایان باسی لێوەکرا باخچە قۆناغێکی ئیلزامی نییە خوێندنی بنەڕەتی ئیلزامییە بە پێی دەستووری عێراقی یەعنی دەکرێت باخچەت نەبێت بەڵام ئایا باخچەت نەبێت باشە؟ نا خراپە باخچە قۆناغێکی گرنگە، بەڵام ئیلزامی نییە ئێمە ئێستا لە کوردستان بەو جۆرە نییە کە ئێمە قوتابیانمان وەرنەگرتبێت بە راستی ئەمە داتای ئەمڕۆتان پێ دەڵێم قۆناغی یەکەمی باخچە لە کوردستان (٢٧٢) ژووری خوێندنمان هەیە بەس لە ئەهلییەکان، ئینجا ئێستا کۆی گشتییەکان رەقەمەکانتان پێ دەڵێم بۆ قۆناغی یەکەم و دووەم و ئێمە لەم پڕۆژە یاسایە چیمان موعالەجە کردووە وە چیش زۆر گرنگ دەبێت لە کوردستان (٨٧٦) ژووری پۆلی یەکی باخچە هەیە کە (١٩٣٤٦) منداڵی تێدایە لە قۆناغی دووەمی باخچە (٢١١٨٩) ژووری قۆناغی دووەمی باخچە هەیە کە (٧٢٠٢٢) منداڵی تێدایە کەوا بێت نزیکەی (٩٠٠٠٠) منداڵ ئێستا لە باخچەکان دەخوێنن، بەڵام خوێندنی باخچە خوێندنێکی ئیلزامی نییە ژمارەی باخچەکانمان زۆرن نەخێر لە کوردستان نزیکەی (٥٠٠) باخچەمان هەیە، بەڵام ژمارەی قوتابخانە بنەڕەتییەکانمان زۆرترن، بەڵام گرنگی پێ دەدرێت و لە ناو ئەو پڕۆژە یاسایەش ئیهتیمامی پێدراوە خاڵێکی دیکە خوێندنگە ئیسلامییەکان بۆ باس نەکراوە لەبەر ئەوەی خوێندنگە ئیسلامییەکان بە بڕیارێك گوازراوەتەوە سەر وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی هەرێمی کوردستان خوێندنگەی بەهرەداران جیاکارییە نەخێر خوێندنگای بەهرەداران جیاکاری نییە لە هەموو دەوڵەتێکدا هەیە بۆ ئەو قوتابیانەی کە توانایەکی زیاتریان هەیە پێموابێت یا شیرین خان بوو یا شایان خان بوو تێستی ئای کیویان کرد بۆ ئەو قوتابییانە ئەو تێستانە لە لایەن لیژنەیەکی

پسپۆڕی دەكرێت بۆ ئەو قوتابییانەی كە تێستی ئای كیو بەرزترین دەرەجەكان دەهێنن لەچاو منداڵانی ئاسایی دیكە جیا دەكرێتەوە تێستی ئای كیو بۆ هەر منداڵێك دەتوانی بیكەی، بەڵام ستانداردی هەیە كە تەسنیف دەكرێت بەسەر چوار بەشدا لەو چوار بەسە دیاری دەكرێت چ كاتێك ئەو قوتابییە یان ئەو منداڵە توانا عەقلییەكانی لە قوتابییەكی دیكە لە منداڵێكی دیكە جیاوازە بە تایبەت ئەگەر لە سەروو (١٨%) بێت تێستەكە هەتا لە (٣٠%)ش دەڕوات ئەو قوتابییانە زیاتر دەتوانن لە قوتابخانەكانی بەهرەداران بە پێی ئەو رێكارانە وەرگیرێن بۆ دڵنیا بوونیش بەرپرسم لەو قسەیە مـن لە (٧/١٥)ەوە وەزیرم یەك منداڵ لە یەك قوتابخانەی بەهرەداران نە بە ئیستیسنا بە واستە وەرنەگیراوە نەبە مەحسووبییەت نە بە مەنسووبییەت هەمووی بە حەقی خۆی لە سەر تێستی (ذكاء) وەردەگیرێت هەر منداڵێك وەرگیرابوو مـن لێی بەرپرسم جەنابی سەرۆكی پەرلەمان بە شێوەیەكی پوخت مـن هەوڵمدا وەڵامی ئەو بابەتانە بدەمەوە لە ئەسنای وەڵامدانەوە دەكرێت كە چووینە سەر بڕگە بە بڕگە مادده بە مادده وەڵامی پرسیاری تر بدەینەوە تەنها لەناو وەزارەتی پەروەردە ئەو كەسە پێی دەوترێت مامۆستا ئەوە وەڵامێكی شامله بۆ هەموو بەڕێزان، چونكە هەیە پرسیار دەكات لەسەر سەرپەرشتیار لەسەر رێنماییكار تەنها ئەو كەسە پێی دەوترێت مامۆستا كە (قائم بالتدريس)ە واتا وانە دەڵێتەوە ئەوەی كە وانە دەڵێتەوە بە تەنها ئەوە پێی دەوترێت مامۆستا سەرپەرشتیار كاتێك دەرەجەی ئیشراف وەردەگرێت سیفەتی مامۆستایەتی لە دەست دەدات دەبێتە سەرپەرشتیار بە سەر قوتابخانە و مامۆستا، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بەم جۆرە كۆتایی بە دانیشتنی ئەمڕۆمان دەهێنین زۆر سوپاس بۆ ئامادەبوونی بەڕێز وەزیر رۆژانی سێشەممە و چوارشەممە و پێنج شەممە.

| | | |
|---|---|---|
| **منى نبى قهوچى** | **هێمن هەورامی** | **د. ڕێواز فائق حسێن** |
| سكرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆكی پەرلەمانی | سەرۆكی پەرلەمانی |
| كوردستان – عێراق | كوردستان – عێراق | كوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

پڕۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤)ی
سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٢\٩\٢٧
خولی پێنجەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٤)
## سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٩/٢٧

کاتژمێر (١٠)ی بەیانی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی ٢٠٢٢/٩/٢٧ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د. رێواز فائق حسێن سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منى نبى قهوچی سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (٤)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠٢٢) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەرنامەی کار، بەپێی حوکمی ماددەی (٥) بڕگەی یەکەم لە ماددەی (١٦) و بڕگەی ( ٣) لە ماددەی(١٨) و بڕگەکانی (١، ٢، ٣، ٤، ٥) لە ماددەی (٢٠) و ماددەکانی (٤٧، ٤٨) بڕگەی یەکەم لە ماددەی (٥٢) و ماددەکانی (٥٤، ٥٥، ٥٦، ٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٤)ی ئاسایی خولی پاییزەی ساڵی چوارەم لەخولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (١٠) ی بەیانی ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٩/٢٧) بەو شێوەیە بێت:

١ بەردەوام بوون لەسەر خوێندنەوەی دووەم بۆ پڕۆژە یاسای پەروەردە و فێرکاری لەهەرێمی کوردستان بەپێی حوکمی ماددەکانی (٨٧، ٨٨، ٨٩، ٩٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

بە ناوی گەلی کوردستان. دانیشتنی ژمارە (٤) ی ئاسایی خولی پاییزە ساڵی چوارەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەست پێ ئەکەین، بەڕێزان دەرفەت بە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان ئەدەین بۆ خوێندنەوەی بەرنامەی کاری ئەو دانیشتنە.

**بەڕێز منى نبى قهوەچی / سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرنامەی کار، بەپێی حوکمی ماددەی (٥) بڕگەی یەکەم لە ماددەی (١٦) و بڕگەی ( ٣) لە ماددەی(١٨) و بڕگەکانی (١، ٢، ٣، ٤، ٥) لە ماددەی (٢٠) و ماددەکانی (٤٧، ٤٨) بڕگەی یەکەم لە ماددەی (٥٢) و ماددەکانی (٥٤، ٥٥، ٥٦، ٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٤)ی ئاسایی خولی پاییزەی ساڵی چوارەم لەخولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (١٠)ی بەیانی ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٩/٢٧) بەو شێوەیە بێت:

١ بەردەوام بوون لەسەر خوێندنەوەی دووەم بۆ پڕۆژە یاسای پەروەردە و فێرکاری لەهەرێمی کوردستان بەپێی حوکمی ماددەکانی (٨٧، ٨٨، ٨٩، ٩٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

پوختەی دانیشتنی ژمارە (٣) ی ئاسایی:

بەپێی حوکمی بڕگەی دووەمی ماددەی (٢٠، ٥٢) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان پوختەی دانیشتنی ژمارە (٣) ی ئاسایی خولی پاییزەی ساڵی چوارەم لە خولی پێنجەمی

هەڵبژاردنـی پەرلەمـان لە كـاتژمێر (١٠)ی بەیـانی ڕۆژی پێـنج شـەممە ڕێكەوتـی (٢٠٠٢/٩/٢٢) بەو شێوەیە بوو:
١- دەستپێكردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.
٢- خوێندنەوەی بەرنامەی كار وپوختەی دانیشتن و ناوی ئەنـدامانی ئامـادەبوو بە مـۆڵەت و بـێ مۆڵەت و ئامادە نەبوو بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت لەلایەن بەڕێز سكرتێری پەرلەمان.
٣- دەستپێكردنی بڕگەكانی بەرنامەی كار لەلایەن بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.
٤- خوێندنەوەی دووەم بۆ یەك مـاددە لە كـۆی گشـتی (١٨١) مـاددە لە پـڕۆژە یاسـای پەروەردە و فێركاری لە هەرێمی كوردستان.
٥- كۆتایی هاتنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.
لیستی بە مۆڵەت و بێ مۆڵەتی ئەندامان لەدانیشتنی ژمارە (٣) ی ئاسایی (٢٠٢٢/٩/٢٢).
مۆڵەتی نەخۆش بوون.
١- احسان محمد سلیم-مۆڵەت.
٢- ارشد حسین محمد-مۆڵەت
٣- باپیر كاملا سلیمان-مۆڵەت.
٤- بژار خاڵ عبدالله –مۆڵەت.
٥- جەماڵ حویز مصطفی –مۆڵەت.
٦- حكمت محمد عبۆ- مۆڵەت.
٧- دابان محمد حسین –مۆڵەت.
٨- رزگار عیسی سوار –مۆڵەت.
٩- ڕۆژان ابراهیم علی –مۆڵەت.
١٠- سلمە فاتح تۆفیق- مۆڵەتی نەخۆشی.
١١- شوان كریم محمد- مۆڵەتی نەخۆشی.
١٢- صباح محمود محمد –مۆڵەتی نەخۆشی.
١٣- عثمان كریم سوارە –مۆڵەت.
١٤_ فرید یعقوب ایلیا-ئامادە نەبوو.
١٥- كاروان عبدالرحمن عبدالله- ئامادە نەبوو.
١٦ گلیزار رشید حاجێ -مۆڵەت.
١٧- لیلا عبدالجبار – مۆڵەت.
١٨- نجاة شعبان- مۆڵەت.
١٩- هاوڕێ بناء محمد- مۆڵەت.
٢٠- هدیە مراد –مۆڵەت.
٢١- هیمداد صباح – مۆڵەت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دەست بەجێبەجێ كردنی بڕگەی یەكەمی بەرنامەی كـار ئەكەیـن، سـەرۆكایەتی هەردوو لیـژنەی پەروەردە و یاسایی فەرمووو، ناوەكان ئەخـوێنمەوە (مەلا وەیسـی، سوسـن خـان، كـاك سـەروان، مامۆستا احسان، كاك نزار، كاك كاوە، دكتۆر شێركۆ، ڕوپـاك خـان، بەدریە خـان، دكتـۆر اسـماعیل،

مامۆستا ابو بەکر، موژدە خان، کاك جمال، مامۆستا عبدالستار، شیرین یونس، کاك کاروان، کاك سەرکۆ، کاك یاسین، کاك رزگار، کاك عباس)، فەرموو کاك مەلا ویسی.

**بەڕێز وەیسی سعید وەیسی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەداخەوە چەند ڕۆژێکە لەلایەن کۆماری ئێرانەوە سنووری سیدەکان و برادۆست تۆپباران ئەکرێ، خەڵکی ناوچەکە ماڵ وحاڵی خۆی جێهێشتووە، تا ئێستا بەدەیان گوند لەبەر ئەوە ئاوەدان نەکراوەتەوە، بۆیە داوا ئەکەم بە پێی ماددەی (٢) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ڕێکارە دبلۆماسیەکانی خۆی بەگەر بخات بۆ وەستاندنی ئەو شەڕ وململانێیە ڕاوەستێ، بەردرێتە دەرەوەی خاکی کوردستان و عێراق، چیتر خەڵکی ناوچەکان نەکرێتە قوربانی ململانێیەکان، ڕێز لە مافی دراوسێیەتی هەرێمی کوردستان بگیرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سەوسەن خان.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من داوای ڕوونکردنەوە ئەکەم لە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کە ئەزانین کە ئەنووستوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان لە هەرێمی کوردستان کە پشت بەستن بە یاسای ڕێکخراوە ناحکومییەکان ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١١)، هەمووجار ڕاپۆرتێك بڵاوئەکاتەوە لەسەر کاروچالاکی پەرلەمانتار، ئایا ئێوە ڕێگریتان کردووە لەوەی ئەوان زانیاری بەدەست بێنن؟ ئەگەر ڕێگریتان کردووە و پەرلەمانی کوردستان زانیاری نادات بەو ڕێکخراوە ئەو زانیارییانە لە کوێ بڵاوئەکاتەوە؟ چونکە ئەو زانیارییانە بۆ ڕای گشتی بڵاوئەکاتەوە دوورە لە راستی، ئەوان لە لیستەکان ئاماژە بە مۆڵەتەکانی پەرلەمانتاران ئەکات، بەڵام ئەوەی راستی بێ خۆم لە هەموو ئەو دانیشتنانە کە سێ ساڵە لە پەرلەمانم یەك مۆڵەتم هەبووە ئەوەیش بەهۆی ئەوەی برازایەکم ئەمری خوای کرد، ئەو زانیارییانە لە کوێ بەدەست دێنن، ئەبێ ڕێگری لەو ڕێکخراوە بکرێ بۆ ئەوەی ئەو زانیارییە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك سەروان.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە قوربانیانی خۆپیشاندانی ڕۆژهەڵات قسە ئەکەم، دوێنێ و پێرێ بوو کوردستانی ڕۆژهەلات لە راپەرینە مەزنەکەی (٩١) ماڵی هەر هەموویان پەناگە بوو بۆ ئێمە، کەچی ئەو خۆپیشاندانە کرا شتێکی لەو جۆرەم نەدیت نە لە سەرۆکایەتی پەرلەمان، نە حکومەت، نە سەرۆکایەتی هەرێم و نە پەرلەمانتاریش، تەنیا لە فەیس بوکی خۆمان شتێکی وامان نەکردووە دڵی ئەوان خۆش بکەین، تازە ڕۆیی، بەڵام بۆ جارێکی تر بۆ خۆپیشاندانی بەشێکی تری کوردسان حەقە هەمووومان لەسەر خەت بین و لەگەڵیان بین.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك جەمال.

**بەڕێز جمال حويز مصطفى :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کیشەیەکی هەنووکەیی هەیە لە نێوان جەماوەری هەموو پارێزگاکانی کوردستان و وەزارەتی کارەبا، وەزارەتی کارەبا فشاری دروست کردیە لەسەر هاوولاتی، شتێکی زۆر خراپە پارەی خزمەتگوزاری نەدان، بەڵام مستەمسەکیان بە دەستە کە حکومەتی هەرێمیش قەرزاری مووچەی ئەوانە، داوا ئەکەین ئەو پڕۆژە یاسایەی پێشکەش کرایە (مەقاصە) جێ بەجێ بکرێ و بخەینە بەرنامەی کار.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدالستار.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٢) ی پەیڕەوی ناوخۆ پەرلەمانی کوردستان بەرزترین دەسەلاتی یاسادانان و چاودێرێ کردنی دەسەلاتە، بەڵام ماوەیەکە بە هۆی هەندێ پڕۆژە یاسای هەموار و گشتاندنی وەزارەتی ئەوقاف و هەندێ شتی تریش خەریکە شیرازەی ئەو کۆمەڵگایە نەمنێ، خەڵك بێزارە، خزمەتگوزاری لاوازە، کەسابەت نیە، شتێ مابێ موسلمانیەتی و فێرکردنی قورئانە، ئەوەش کەوتۆتە ژێر پرسیار، داوا ئەکەم سەرۆکایەتی پەرلەمان گشتاندنێك ئاراستەی سەرۆکایەتی حکومەت بکات کە واز لەو قەزییانە و خەڵك بێنن، خەڵك ئەوەندە بێزارە لەوانەیە لێمان ڕاپەڕن تەرو وشك بسووتێنن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك یاسین.

**بەڕێز یاسن خضر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەحوکمی ئەوەی ئەندامی لیژنەی ناوخۆم، ئەکادیمیایەکی پۆلیس لە سنووری ئەولای کراوەتەوە، سەوز، هەموویان ئاسایشن، هەریەکیان (٣٥٠) هەزاریان لێ وەرئەگیرێ، بەڵام لە هەولێر کراوەتەوە لێیان وەرناگیرێ، داوا لە بەڕێزت ئەکەم لیژنەی پەیوەندیدار ڕاسپێری، دووەم، داوا لەبەڕێزت ئەکەم لیژنەیەك ڕاسپێری بۆ دەڤەرەکەکان کێشە هەیە لە نێوان کۆمپانیاکان و هاوبەشەکانیان، کۆمپانیاکان بە ئاشکرا تەحەدا لە هاوبەشەکانیان پارەیان لێ ئەسەنن ئەڵێن عەقدتان نادەینەوە، خزمەتگوزاریش ناکەن، داوا لە بەڕێزت ئەکەم لیژنەیەك راسپێری و بچێتە ئەو دەڤەرە و لەو کۆمپانیایانە بکۆڵێتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سەرکۆ.

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسین:**

بەپێی ماددەی (٥٦) لە ماوەکانی ڕابردوو پەرلەمانی کوردستان و لیژنە تایبەتمەندەکان زۆر سەردانی گیراوانی بادینانیان کرد، ئەوەی ئەبیسترێ چەندین پرسیار هەبوو لەسەر دادگایی کردنەکە، بەڵام ئازاد کران بە ئیفراز شەرتی، تا ئێستا نە پەرلەمان و نە سەرۆکایەتی و نە

لیژنەکانیش بەدواداچوون ناکەن زیندانیانی بادینان ئازاد بکرێن، دوا ئەکەم لیژنەیەك پێك بێنن بۆ ئەوەی بەدواداچوون بکات ئەو زیندانیانە ئازاد بکرێن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك کاوە.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی دواین ڕاپۆرتی دیلۆیت برکی نەوت کە حکومەتی هەرێم لە ڕێگەی بۆری نایفرۆشێ و ئەیداتە کۆمپانیا ناوخۆیەکان، بە (٤٢%) ی کەمتر لە نرخی ئەو نەوتەی ئەنێردرتە دەرەوە ئەفرۆشرێتە ئەو کۆمپانیایانە، گومانمان هەیە ئەو کۆمپانیایانە بەشکیان حیزبی بن، ئەوەی تێبینی ئەکرێ تا ئێستا یەك بەرمیل نەوت لە هەندێ شوێن پێویستی بە گەرمکەرەوە هەیە حکومەت دابەشی نەکردووە، کەی دابەش ئەکرێ؟ مانگی (٤،٥) هات بۆ چییەتی، پێویستە وەزیری سامانە سروشتییەکان بانگهێشتی پەرلەمان بکرێ و ڕوون کردنەوە بدات ئەو نەوتەی ئەیداتە کۆمپانیاکان بە (٤٢%) کەمتر لە نرخی گشتی، بۆچی نەوت دوو هێندە بووە؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شێرکۆ.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفى :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاماژە بە پێشێلکاری گەورەی یاسایی ئەکەم کە موخالەفەی یاسای ژمارە (١) ی (٢٠١١) ی ڕێکخراوە ناحکومیەکانە، وەزیری ئەوقاف بڕیارکی دەرکردووە بە کۆنترۆل کردنی خوێندنی قورئان لە ڕێکخراوە ناحکومییەکان، ئەوانەی مۆڵەتی ڕەسمیان هەیە، لەبارەگا حیزبیەکانیش، ئەوە موخالەفەی دەستووری عێراق و سادەترین مافی مرۆڤ و یاسای ژمارە (١) ی ناحکومییەکانە، چونکە ئیختیساسی وەزارەتی ئەوقاف نییە مەنعی خوێندنی قورئان بکات یان کۆنترۆلی بکات، یاداشتمان تەقدیم کردووە، هیوادارین کۆبوونەوەی پەرلەمان بە حزوری وەزیری ئەوقاف ساز بکەن بۆ تاوتوێ ئەو بابەتە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك وەیسی.

**بەڕێز وەیسی سعید ویسی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو خاڵەی دکتۆر شێرکۆ باسی کرد لە لیژنەی ئەوقاف بەدواداچوونی ئەو نووسراوەمان کرد کەهی مانگی (٧)ی ئەمساڵ بوو دیارە لێکتێنەگەیشتنێك هەبوو، بەڵام وەزارەتی ئەوقاف ڕوون کردنەوەی پێویستی دا کە پەیوەندی بە چالاکی ئەو ڕێکخراوانە نییە کە لە چوارچێوەی یاسای بەرکارەکان و بەپێی ڕێنماییەکان مۆڵەتی کارکردنیان هەیە، بەڵکو مەبەستی ئەو شوێنانە بوو بێ مۆڵەت وانەی ئاینی ئەگوترێتەوە، مەبەستی کەسی و سیاسی نییە، ئەوەش ئەرکی وەزارەتی ئەوقافە لە پێناو بەرژەوەندی گشتی ئەو بابەتە بە شێوەی یاسایی و شەرعی ڕێکبخات، لێرە بە پێویستی ئەزانم دەست خۆشی لە وەزارەتی ئەوقاف بکەم ...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**
گومان لە بەدواداچوونی لیژنە گرت، بە ڕەسمی لیژنەی ئەوقاف ڕائەسپێرم بەدواداچوون بکەن بۆ دانیشتنی داهاتوو ڕوون کردنەوە بدەن بە پەرلەمان، فەرموو ڕوپاك خان.
**بەڕێز روپاك احمد رحمان:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
بەپـێ یاسـای ژمـارە (١) (٢٠١١) ی یاسـای ڕێکخـراوە ناحکومییەکـان سـەبارەت بەو بڕیـارەی وەزارەتی ئەوقاف نوێنەرێکی ناردۆتە سەر کەناڵێکی راگەیاندن سوکایەتی بەو دەزگایانە ئەکات لە بواری خوێندنی قورئان و سونەت، ئەو سوکایەتییە ئەبێ رابگیرێ، نابێ پەرلەمانی کوردستان قبوڵی بکات مامۆستایەکی ئاینی بڵێ لە سەنتەرەکانی خوێندنی قورئان جێگەی کاری نەشیاون، یان لەرێگەی داواکاری گشتی.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**
بۆ ئەو بابەتە بە ڕەسمی لیژنەی ئەوقـاف لە پەرلەمـانی کوردسـتان رائەسـپرین بـۆ ئەوەی لەگەڵ بەڕێـز وەزیـری ئەوقـاف قسـە بکـات و ڕوونکـردنەوەی پێویسـت بخـاتە بەردەمـی پەرلەمـانی کوردستان لە کۆبوونەوەی داهاتوو، فەرموو دکتۆر اسماعیل.
**بەڕێز اسماعیل علی طه:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
ماددی (٧٩) هاتیە ل پەیڕەوی دەمی (١٤) ڕۆژیدا پێشنیازە بڕیاری هاتییە پێشـکەش کـرن دەسـتا سەرۆکایتیی دیارە کە یـان بێنیـتە نـاڤ کارنـامە یـان دوماهیکا بێـتە دیـاری کـرن، مە پێشـنیازە بڕیـاری پێشـکەش کـری (٧٦) پەرلەمانتـاری واژوو کـری، (٥) پەرلەمانتـاری دژی داخـازی بـوون، یەعنی بوویە (٨١) پەرلەمانتارا، یا دی پشنیازا بڕیارا گازا سپی بتە تەوزیع کرن کەینگی دیتە کـار دا؟ حکومەت مولزەم بێت گازا سپی بتە دان بۆ خەڵکی چونکی ڤیگاڤی وەخت بڕیارییە.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**
فەرموو دکتۆر هەورامان.
**بەڕێز هەورامان حمە شەریف:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
بابەتی ئەو کیتابەی دەرچووە لەلایەن وەزارەتی ئەوقافەوە، من سەرۆکی لیژنەی ئەوقافم، خـۆم قسە ئەکەم، هەر کەسی تریش قسە ئەکات ئازادە، ئەو بابەتە بووە مایەی نیگەرانی...
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**
مامۆسـتا، کۆبـوونەوەیەکی لیـژنە ئەکەیـن بەڕێـزت لەو ئالیەتێـك دائەنـێن بـۆ شـێوازی بەدواداچـوون، کۆبـوونەوەی داهـاتووی پەرلەمـان دەرفەت ئەدەیـن بە بەڕێـزت دوای ئەوەی کۆبوونەوەی لیژنەت کردووە و بەدواداچوونـت کـردووە عەرزی بـکەی بـۆ بەردەمـی پەرلەمـانی کوردستان، ئێستا بەڕێزیشت هەر وەك ئەندامێك قسە ئەکەی، فەرموو.
**بەڕێز هەورامان حەمە شەریف:**
... ئەو بابەتە کە بلاو بوویەوە بووە مـایەی نیگەرانـی زۆربەی هەرە زۆری موسـلمانان بە تـایبەت ئەوانەی مەدرەســەی تەحفیــزی قورئــانن، لە زمنــی وەزارەتــی ئەوقــافیش کە زیــاد لە (١٠٠) مەدرەسـەی تەحفیـزی قورئـان هەیە، ئەوەی کە قـوڕەکەی خەسـت کـردەوە کەسـێك شـەهادەی

دکتۆرای هەیە لە کەنالێکی رەسمی سەرجەم ئەو مەدرەسانەی خستە ژر پرسیارەوە بەوەی خەڵك ئەبەنە ژوورەوە و کاری ناشایستە ئەکەن، پیوستە ئەو برا بەڕێزە داوای لیوردن بکات بە رەسمی، ئێمە لەگەڵ دەرچوونی ئەو نووسراوە من بە وردی موتابەعەم کردووە لەگەڵ بەڕێز وەزیری ئەوقاف، لە نەتیجە پش ئەوەی جەلسەی پەرلەمان دەست پێ بکات قسەمان کردەوە، گەیشتینە ئەو نەتیجەی کە بە زووترین کات ئەو ئیشکالە چارەسەر بکەین، ئەوەی بۆتە ناڕازی بەو جۆرەی لێ ئەخوێندرێتەوە کە مەدرەسەی تەحفیزی قورئان نەمێنێ چارەسەر ئەکرێ، نەتیجەکەشی بۆ پەرلەمان و ڕای گشتی رائەگەیەنین.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك نزار.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپی ماددەی (٥٦) قسە ئەکەم، لە هەفتەی ڕابردوو لە دانیشتنی ئاسایی پەرلەمان ئەو قسەیەم کردوو وئێستاش دووبارەی ئەکەمەوە، زیاتر لە چەند سەد شەهیدێك نۆ مانگە مووچەیان وەستاوە لە نێوانی وەزارەتی شەهیدان و وەزارەتی پێشمەرگە، ئەوانەی بە ناوی چاکسازی لە وەزارەتی شەهیدانەوە چەند سەد شەهیدێك ناوی ئاراستەی وەزارەتی پێشمەرگە کراوە گوایە ئەوانە بخرێنە سەر پیشمەرگەی خانەنشین، بەڵام نۆ مانگە تا ئێستا ئەو خانەوادەی شەهیدانە مووچەیان وەستاوە، داوای ئەکەین لێرە بەڕێزتان چی زووە ڕێکاری یاسایی بۆ فەوتانی ئەو شەهیدانە بگرنەبەر بۆ ئەوەی مووچەیان نەفەوتێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو حەسیبە خان.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕوون کردنەوەم هەیە، وەکو ئەندامی لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمانی کوردستان و لەگەڵ هەڤاڵان بێ جیاوازی ساڵانە چەندین جار سەردانی چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستان ئەکەین، ئەو بابەتانەی هاتوونەتە لیژنە بێ جێاوازی کارمان لەسەر کردووە، تا ئێستا هیچ ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان نەبووە داوا بکات لەگەڵ ئێمە بەدواداچوونەکان بەشدار بێت و ڕێگەمان پێ نەدابێت، ئەوەی ئەبینم لەو دانیشتنانەی پەرلەمان ژمارەیەکی زۆر ئەو هەڤاڵانەی ئاگادار نین لە کاری لیژنەی ئێمە شتی نا دروست بڵاوئەکەنەوە، داوا ئەکەین بەر لەوەی پەیامی ناراست بگەیەنن، یان مەبدەئیەن داوا بکەن لەگەڵ لیژنە بەشدار بن، یان ڕێز لە کاری لیژنە بگرن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك هیڤیدار.

**بەڕێز هیڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یاداشێتکم ئاراستەی بەڕێزت کردبوو لەسەر بڕیارێکی بەڕێز وەزیری دارایی کە قەراری دابوو نابێ دایك وکوڕ وهاوسەر وکچ وکوڕ لەیەك فەرمانگەی ئیش بکەن کەپشت بەهیچ سەنەدێکی قانوونی نەبەستبوو، ئەگەر جوابت وەرگرتووە پێمان ڕابگەیەنی، سوپاست ئەکەین.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە نووسـراوی فەرمـی بۆمـان نـاردوون وداوای ڕوونکردنەوەمـان کـردووە، کە جـوابی هـات وەڵامتـان ئەدەیـنەوە، بەڵام ئەوەی زانیوومـانە پـێش ئەو فەرمـانەی کە بڵاوبـوویەوە جەخـت کردنەوە بوو لەسەر گشتاندنێکی پێشتر، نووسـراوە تەنیـا لەو بەشـانەی کە کارووبـاری دارایـین، نـاکرێ کەسـێك و هاوسـەر و یـان بـراکەی یەکـێ مودەقیـق بـێ، یەك موحاسـیب بـێ، بەڵام لە بەشەکانی تـر هـیچ شـتێك نەوتـراوە، ئەوەی دووەم شـەرحێکی تێـدایە کە لە گشـتاندنی یەکەم نیـیە، چـاوەری ڕوون کـردنەوەی وەزارەت ئەکەیـن، زۆر خەڵکـیش لەسـەر ئەوە پرسـیار ئەکـات، فەرموو کاك کاروان.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە گوێرەی یاسای ژمارە (١)، ماددەکانی (١، ٧٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردسـتان قسـە ئەکەم، لە (٢٠٢٢/٥/٢٧) دوو پێشـنیازە یاسـامان پێشـکەش کـردووە بـۆ هەمـواری یاسـای قەرزی بچووکی ساڵی (٢٠١١)، هاوکات بۆ بیرخستنەوە پڕۆژە یاسای مەقاصە بـۆ پاشـەکەوتی مـووچەی فەرمـانبەرانی هەرێمـی کوردسـتان، لە کاتێکـدا ئەو پـڕۆژانە مـافێکی شـەرعی مووچەخـۆرە کە بگەڕێـتەوە، بەرامـبەر ئەوەی حکـومەتی هەرێـم فشـاری بەردەوامـی هەیە لەوەی قەرزی لای هاووڵاتی وەرگرتەوە لە کاتێکدا زیاتر لە (١٠) ملیـار دۆلاری مووچەخـۆران قەرزارە، داوا ئەکەیـن بە زووترین کات ئەو پڕۆژە یاسایانە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێ، بەگوێرەی بـڕگەی یەکەمـی ماددەی (٧٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان پڕۆژە یاسا کاتی تەقدیمی ئێـوە ئەکـرێ خوێندنەوەی یەکەمی بۆ ئەکرێ، ئینجا ئەنێردرێ بۆ حکومەت، بەڵام ئێوە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ ناکەن ئەنێرن بۆ حکومەت، ئینجا دێنەوە بۆ ناو قاعەی پەرلەمـان، ئەوە خروقـاتێکی واقیعـی پەرلەمـانی کوردسـتانە، مووچەخـۆرانی هەرێـم مـافێکی ڕەوای خۆیـانە، داوا ئەکەم دانیشـتنی داهاتووی پەرلەمان ئەو بابەتە بخرێتە بەرنامەی کار و خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك رزگار.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەو بەدواداچـوونەوەی کردوومـانە لە ڕێـگەی کەلار بـۆ دەربەنـدیخان لەگەڵ کـاك مەلا ناصـر و شیرین خان و ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، سەردانی بـانکی هەرێممـان کـردووە لە مانگی (٨) هەموو هەفتەیەك (٢٠٠) ملیۆن دینـاری بـۆ خەرج ئەکـرێ، ئەوە کەمە لە چـاو کـارەکە، داوا ئەکەیـن لە بەڕێزتـان نووسـراوێك ئاراسـتەی سـەرۆکی حکـومەت و جێگـرەکەی و وەزیـری دارایی و وەزیری ئاوەدان کردنەوەش بکرێ بۆ ئەوەی زەختێك بکرێ ئەو بڕە زیاد بکرێ، ئەو بـرا بەڕێزەی ئێستا لەوێیە بەڕێوەبەری بانقی نوێیە، خەمخۆرە، ئەگەر بکـرێ ئەو بـڕە زیـاد بکـرێ بـۆ ئەوەی کار لەو ڕێگەیە ڕانەوەستێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بە یاداشت ئاراستەی بکەن، فەرموو کاك عەباس.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٥٦) بڕگەی یەك بۆ ماددەکانی (٧٩، ٦٦)، لە پەرلەمانی کوردستان هەموو جەلسەکان سەعاتی یەکەم کۆمەڵێك گفتوگۆیە، بەڵام بەرهەم، کۆمەڵك یاداشت بۆ حکومەت نێردراوە، دیارە نوێنەرایەتی خەڵك ئەکەین، حەقی شەرعییە خەڵك داواکاری بکات بگەیەنین بەو حکومەتە، بۆیە پێشنیار بۆ یەك بابەت ئەکەم، ئەگەر بەڕێزتان هەموو ئەو یاداشتانەی لاتانە کە زۆربەیان داواکاری تایبەتن بە وەزارەتەکانی ناوخۆ و دارایی و پەروەردە و سامانە سروشتییەکان و ئەم بابەتانە، لەگەڵ سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی بە یەك یاداشت بانگهێشتی ئێرە بکرێن لە جیاتی ئەوەی هەموو ڕۆژ سەعاتێك قسە بکەین و بەرهەمی نەبێت، لێرە ئامادە بن و ئەو گفتوگۆیانە ڕووبەڕووی ئەوان بکەینەوە، ناکرێ وەڵامی ڕاست و ڕەوانی ئێمە و ئەوان نەدەنەوە، ئەو ئیشەی ئەکرێ بڵێین ئەکرێ و ئەوەی ناکرێ بڵێین ناکرێ، کۆمەڵێك کێشە هەیە دووبارە ئەبێتەوە...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو موژدە خان.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاگادارین نەوت لە بازارەکانی جیهان بە (٨٠) دۆلارە، بەداخەوە لە هەرێم بە (٣٠٠) هەزارە، نەوت بە وڵاتان ئەفرۆشین بە کەمتر و بە خەڵکی خۆمان کە خاوەنی نەوتەکەیە بە زیاتر ئەکرن، (١٢٠) دۆلار لە ولاتانی دراوسێ گرانتر، چۆن بەسەر پەرلەمان تێئەپەڕێ بەو شێوەیە بێت، داوا ئەکەم لیژنەی مەعنی ڕاسپێرین بەداواداچوون بکات، ئەگەر یەك دۆلار نەوت بەڕێز بێتەوە خێرا نەوت و بەنزین زیاد ئەکەن، بەڵام نزیکی (٥٠) دۆلار لە نرخی جیهانی شکاوە، بەڵام نرخی نەوت و بەنزین گرانترە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوان کۆبوونەوەیان کردبوو، خۆم لێرە نەبووم، بەڵام سەیری جەلسەم کرد و سەرۆکی لیژنە ڕوون کردنەوەی دابوو، فەرموو هەلەز خان.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماوەیەکە چەندین ساڵە داهێنانەکە دیتە کرن ئەوژی خشتی بڵاوکردنەوەی مووچەیە، ئەو خشتەیە خەڵکی نیگەران کری کو ماوەی (٢٥) ڕۆژە حکومەت نەشیتن مووچە دابەش بکات، ئەز نزانم حکومەت بژی پارت پتڤی ل بەر دەستی هەی، مادام هەیە عەجەب بۆ خشتەیە، ئایا وەخت نەهاتیە هەردوو لیژنت تایبەت ڕوون کردنەوە بدەن کو ژ هەلوست هەبوویە ل سەر وان بابەت، وەخت نەهاتیە خەڵك ڤی حالەت بێتە رزگار کرن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەدریە خان.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی قسەکانی مامۆستا عبدالستار و مامۆستا هەورامان و روپاك خان و دکتۆر شرکۆ ئەکەم، ئەو بابەتەی بە ناو دکتۆرە لەو کەناڵە، پشتگیری لە بەشێك قسەکانی کاك سەرکۆ ئەکەم سەبارەت بە سزادراوانی بادینان، خۆم سێ جار لە سلێمانیەوە سەردانی سزادراوانی بادینان بکەم، بەداخەوە بە موبەریری موهاجە و نەخۆشی ڕێگرییان لێ کردم، گولستان خان ئاگادارە، ئەو مافە یاسایيە کە فەرمانێکی هەرێمیە ئازاد بوونیان بە مەرج کە (٤٠ بۆ ٦٠) کەم کراییەوە، مەفروزە ئەنجومەنی وەزیران لیژنەیەك پێك بێنێ و بەدواداچوون بۆ ئە بابەتە بکات، ئەو مافە یاساییە بۆ سزادراوانی بادینان و گشت سزادراوانی هەرێم جێ بەجێ بکرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا احسان.

**بەڕێز احسان محمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرێمی کوردستان ل هەموو سکتەرا بەرالایەکا هەی، ئەو سکتەری هەی پێتڤی ڕێکخستنینە هەمی بوارێ، دەست خۆشیا بێ سنوور وەزارەتا ئەوقافی دکەم بۆ ڕێکخستنەکی، ئەڤرۆکە کەس تنەگەهیتن وەزارەتا ئەوقاف دژی قورئانیە، ڕێکخستنەکی بخیتێ، ئەزی ڤێرێ هەمی خەڵکی کوردستانی دڵنیا دکەم ناڤا هۆلی پەرلەمان وەك مەلایەکی پارتی دیموکراتی کەسەکی خۆ خەمخۆرتر نابینم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لەگەڵ لیژنە قسە بکەن، فەرموو دکتۆر ڕێبوار.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر قەرزی وەزارەتی کارەبا لەسەر هاوبەشان، زۆرێك لە هاووڵاتی پەیوەندی ئەکەن وێڕای سوپاس بۆ وەزارەتی کارەبا بە ڕێژەیەك لێخۆش بوونی دەرکردبوو، بەڵام ئێستا داوا ئەکەم بە ڕێژەیەکی بەرچاوتر ئەو لێخۆشبوونە بکرێ، بە مەرج ئەو لێخۆشبوونە بە هیچ شێوەیەك شوێنە تیجارییەکان نەگرێتەوە، بەڵام ڕێژەکە بەرزتر بکرێتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر زێدان.

**بەڕێز زێدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر داواکاری خەڵکی ناوچە سنوورییەکان، بە تایبەتی خەڵکی برادۆست کە داوایان ئاراستە کردووە، ماوەی چەند ڕۆژێکە وڵاتانی دراوسێ بۆردوومانی بێ حەدی ئەو ناوچەیە ئەکەن و زیانێکی زۆر بەر جوتیار کەوتووە، داوا ئەکەم پەرلەمانی کوردستان ڕێکاری یاسایی و دبلۆماسی بگرێتەبەر بۆ چارەسەری ئەو کێشانە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سەرچنار خان.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکەی من لەسەر ئەوەیە هەندێ لە وەزارەتەکانی حکومەت موستەشاری یاسایییان نیە؟ یان ئەگەر هەیانە بۆ ئیشی پێناکەن، ئەو هەموو بڕیارە نایاسایییە دەرئەچێ، بۆ نموونە وەزارەتی ئەوقاف کە ئەو دەنگدانەوەی دایەوە، وەزارەتی دارایی باس کرا نابێ خوشك وبرا ونازانم چی، پێچەوانەی یاسا بەرکارەکانە، وەزارەتی ناوخۆ تابلۆی ئۆتۆمبێلی کردووە بە ئینگلیزی کار بە پێی ئەو یاساییەی لە پەرلەمان دەرچووە ئەبێ کوردی بێ، یان وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، ئەوانە دەنگدانەوە دروست ئەکات، ئەبێ بەدواداچوون بۆ ئەو بابەتانە بکەن، ئەو موستەشارە یاساییانەیان بۆچییە؟ زانیاریان نییە، یان ئیشیان پێ ناکەن؟ وەزارەت ئەبێ لە ئاستی پێویست بڕیار دەربکات نەك گرفت دروست بکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شیرین خان.

**بەڕێز شیرین یونس عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چەند جارێك پرسیارم ئاراستەی حکومەتی هەرێم کردووە لەسەر تەواو نەکردنی دوو سایدی کۆیە بۆ هەولێر، هیچ وەڵام نییە، داوا ئەکەین لە سەرۆکایەتی پەرلەمان لیژنە ڕاسپێرین بۆ ئەوەی بزانین هۆکار چییە کە (١٣) ساڵە بەردی بناغەی دانراوە، هەموو جەلسەیەك و هەقاڵانیش ئەڵێن لەو ڕێگایە قوربانی هەیە، پێشنیازە یاسای لێبووردنی گشتیمان بە ژمارەی یاسایی تەقدیم کردووە و وەڵام نییە تا ئێستا، پێشنیازە یاسای خانەنشینی هێزەکانی ئاسایش و ناوخۆمان داوە و چەندین جارە لە سەرەتای ئەو خولەوە داومانە، حەقە پەرلەمانی کوردستان لەسەر ئەو یاسایانە قسە بکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك دیاری.

**بەڕێز دیاری انور حەمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرمەبنای ئەو پەیڕەوی ناوخۆیە ئەبێ پارێزگاری لە یاسا بکەن و لە جێ بە جێ بوونی یاسا بکەن، لە کوێ هەبووە پەرلەمان خۆی یاسا دەربکات، بەڵام بەشێك بێ لە یاسا شکێنی، لەبەرچاوی ئەو یاسا بشکێنن، بەڵام سەرۆکایەتی پەرلەمان قسە نەکەن، ئەو هەموو ناحەقیە ئەبینرێ سەرۆکی پەرلەمان نابێ بڵێ ئەمە شکاندنی یاسایە، کە باسی ئەوە ئەکەین حکومەت پڕۆژە یاسای بوودجەی نییە، وەڵامی یاداشت ناداتەوە، مافی خەڵك ئەخوات و خزمەتگوزاری پێشکەش ناکات، سەرۆکایەتی پەرلەمانیش جوابی یاداشتی ئۆپۆزسیۆن ناداتەوە یان پڕۆژە یاساکانیان ناخاتە پەرلەمانەوە، دەیان بابەت هەیە پەیوەندی بە ژیانی خەڵك هەیە نایخاتە دانیشتنەکانەوە لە پەرلەمانی کوردستان، بەڵام لەسەر بابەتی دیکە کۆ ئەبێتەوە لە کاتێکدا دەیان بابەتی دیکەی گرنگ هەیە لە هەرێم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ئەرشەد.

**بەڕێز ارشد حسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ناوچە سنوورییەكانی هەرێم زۆربەی و بە تایبەتی ناوچەی برادۆست لە پاش تەرحیلی (٧٨)ەوە تا ئێستا ئاوەدان نەكراوەتەوە كە نزیكی (١١٥) گوندە، ئەوانەی ئاوەدانیش كراوەتەوە ڕۆژانە تۆپباران ئەكرێن، پێمان باشە داوا بكرێ لە حكومەت قەرەبووی ماددی و مەعنەوی بكرێنەوە، ئەمنیەتیش دابین بكرێ، بۆ ئەوەی ئەو ترس و دڵەڕاوكێیە نەمێنێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا ئەبو بەكر.

**بەڕێز ابوبكر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە كاتی خانەنشین بوونی پیشمەرگە پێشلكاری بەرامبەر بە دوو یاسا ئەكرێ لەو پەرلەمانە دەرچووە، یاسا ژمارە (٣٤) ی (٢٠٠٧) و یاسای خانەنشینی كەمئەندامی پێشمەرگە و یاسای ژمارە (٣٨) ی ڕاژە و خانەنشینی پێشمەرگە، كە شۆڕشی گەلەكەمان كە گیانی لەسەر دەست بووە و مووچەی نەبووە كە تا ئێستا حكومەت داوای ئیستیحقاقی تەقاعودی لێ بكات، موخاڵەفەیەكی گەورەی یاسایە، ئەو پێشمەرگانەی ئێستا لەو قاعەیەن، كاك مەلا ناصر و كاك دكتۆر سیروان، پێشمەرگە كەی مووچەی هەبووە لە (٦٠ و ٧٠) كان تا ئەمڕۆ خانەنشین داوای ئیستیحقاقی تەقاعودی لێ بكرێ، ئەوە موخالەفەی گەورەی یاسایە، بۆ دوای (٩١) دروستە، بەس پێش ئەو بەرواره ناحەقییە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوەمان بە یاداشت بدەیت بۆ ئەوەی بەدواداچوون بكەین، بەڕێزان دەست بە بڕگەی یەكەمی بەرنامەی كار ئەكەین كە بەردەوامی لەسەر خوێندنەوەی دووەمی پڕۆژە یاسای پەروەردە و فێركاری لەهەرێم، فەرموو ماددەی دوو، بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان، ستافی وەزارەتی پەروەردە ئەكەین.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەشی دووەم:

بنچینە فەلسەفییەكان و بنەما گشتییەكانی پەروەردە و فێركردن:

یەكەم/ بنچینە فەلسەفییەكانی پەروەردە و فێركردن لە هەرێم:

ماددەی دوو:

بنچینەی فەلسەفییەكانی پەروەردە و فێركردن:

١ پەروەردە و فێركردن میكانیزمی تواناسازی و بنیاتنەری تاكێكی كوردستانی خوێندەوار و هۆشیار و داهێنەرك و بنەمای هێنانە ئارای كۆمەڵگایەكی شارستان و هاوچەرخ و پێشكەوتن كە تێیدا بە هاو پرەنسیپەكانی دیموكراتی دادپەروەری كۆمەڵایەتی یەكسانی نێوان هەردوو ڕەگەز و پێكەوە ژیان و ئاشتیانە و مرۆڤ دۆستی و پاراستنی ژینگە و خۆشەویستی خاك جێگیر ئەبێت.

٢- ڕوانین له قوتابی و خوێندکار وەك تاکێکی خاوەن خواستی فێربوون و توانستی داهێنان و شیکردنەوە کە مافی ڕێز لە گرتن و توانستی رەخنە گرتنی هەیە.
٣- دەستبەر کردنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادی تاك بە پێی دەستوور و یاسا کار پێکراوەکان و بەڵگەنامە نێودەوڵەتییە پەسند کراوەکان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کی قسەی هەیە؟ (دکتۆر محی الدین، دکتۆر اسماعیل، مامۆستا ابو بەکر، هەلەز خان، سەرچنار خان، کام مەم، دکتۆر هەورامان، گولستان خان، کاك جمال، شرین امین، نەجاة خان، کاك هێڤیدار، کاك ئازاد، کاك هیمداد، دکتۆر ڕێبوار، گولیزار خان، کاك چیا)، فەرموو دکتۆر محی الدین.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دوو باس لە قوتابی و خوێندکار ئەکات وەك تاکێکی خاوەن خواستی فێربوون، ئەوە بنچینەی فەلسەفی پەروەردە فێرکردنە لە هەرێم، پێم وایە بە دەرکردنی مامۆستاش وەك بەشێك بنچینە فەلسەفییەکان پێویستە دابنرێ، کۆپی یەکەمی پێش ئەوەی ڕاستاندنی بۆ بکرێ ئەو بابەتە لەلایەن لیژنەی تایبەت دەقێك هەبوو، داوا ئەکەم دەقی نوسخەی ڕابردوو بگەڕێتەوە شوێنی خۆی کە ئاماژەی بە ڕۆلی مامۆستا کراوە وەك چەقی خوێندن .

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو هەلەز خان.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەروازە ئێکدا ئەگەر سەیری بکەین یا گوتی پێناسەکان، بنەما گشتی و بنچینە و ئاماژەکان، هیچ ئاماژە ب فەلسەفی نەکریە، بەشی دوودا مە بەحس بنچینا فەلسەفی کری، یان دڤتن ئەڤ بنچینە فەلسەفیەکان دگەل دەروازا یەکەمدا پناسە و بنەما گشتییەکان و فەلسەفییەکان، یان ژی بهێتە لادان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك مەم.

**بەڕێز مم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە داڕێژەرانی پرۆژەکە و لیژنەی پەروەردە ئەپرسم زانیمان بنەما ئوسسە، ئەی بنچینە چییە؟ یەك شتە، بکرێتە بنەما فەلسەفی و گشتییەکانی پەروەردە و فێرکردن، ماددەی دوو، لە چوارچوەی بنەما فەلسەفییەکان ئەو داڕشتنە پێشکەش ئەکەم، بونیاتنانی کەسی هۆشیاری پەرەپێدان و زمەینەسازی و بڕیاردان و ژیان دۆستی و پێکەوە ژیان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو گولستان خان.

**بەڕێز گلوستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی ڕاکەی کاك مەم ئەکەم بۆ ماددەی دوو، لە جیاتی بنچینە بنەما فەلسەفییەکانی پەروەردە و فێرکردن، سەبارەت بە پرەنسیپەکان کە لە ناوەراستی ماددەکە هاتووە بە هاوپرەنسیپەکانی دیموکراتی، دووەم، مافی هاووڵاتی بوون زیاد بکرێ، سێیەم، دادپەرەوەری کۆمەڵایەتی دوای ئەوە یەکسانی نێوان هەردوو ڕەگەز و پێکەوە ژیانی ئاشتیانە و مرۆڤ دۆستی و پاراستنی ژینگە و سروشت و خۆشەویستی خاکی کوردستان جێگیر بکرێ، خاڵی یەکەم لەگەڵ خاڵی سێیەم نزیکە ئەگەر بکرێتە یەك باشترە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر هەورامان.

**بەڕێز هەورامان حمە شەریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دوو بڕگەی یەك داوا ئەکەم ئەوەی هاتووە یەکسانی نێوان هەردوو ڕەگەز بکرێتە دادپەروەری نێوانی هەردوو ڕەگەز.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شیرین خان.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بنچینە فەلسەفی وپەروەردە وفێرکردن بەسیستەمێکی پەروەردەی باش وتەندروست و سەردەمیانە فەراهەم ئەبێت، بۆیە تێبینی ئەوەم هەیە ئایا میکانیزمی خوێندنی ئێمە تا چەند گونجاوە تا بتوانین بە دارشتنەوەی دەقێکی ئەوها لەو یاسایە بنچینەیی فەلسەفەیی بنیات بنرێ، سەبارەت بە دووەم، لە ماددەی یەك پێشنیازی ئەوەمان کرد دەستەواژەی قوتابی و خوێندکار دەستەواژەیەکی گونجاوی بۆ بکرێ، بڕگەی سێ، دەستەبەر کردنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادی، بەداخەوە لەسەر سیاسەتی دەسەڵاتی ئێمە ڕەنگە بڵێین ئازادی باڵندەیەکی هێندە بریندارە توانای فڕینی نییە، کەوایە وەکو بەرنامە چیمان ئەبێ بۆ ئەوەی یەکسانی بۆ خوێندکار و سیستەمی هێندە گونجاو دابین بکرێ تا هەست بە دابین کردنی مافەکانی ئازادی و مرۆڤ جێگەی بکرێتەوە، لە کاتێکدا مامۆستا لەسەر بیر و ڕای جیاواز و لەسەر داواکردنی مافی خۆی سزا ئەدرێ، لێبرینی مووچەی بۆ کراوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك جەمال.

**بەڕێز جمال حویز مصطفی :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دوو بڕگەی یەك تێبینیم لەسەر پەروەردە و فێرکردن میکانیزمی تواناسازی و بنیاتنەری تاکێکی کوردستانی، خوێندەوار و هۆشیار و داهێنەرن، ئەبێ بنووسرێ داهێنەرە، چونکە تاکێکی بنەمای هێنانە ئارای کۆمەڵگایەکی شارستانی و هاوچەرخ و پێشکەوتووە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
فەرموو گولیزار خان.
**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
لە ئاخیری بڕگەی یەکەم ئەڵێ یەکسانی نێوان هەردوو ڕەگەز، لە جیاتی وشەی یەکسانی بکرێتە هاوسەنگی، چونکە لە ڕووی زامانییەوە یەکسانی لە نێوان شتە هاوشێوەکان و جۆری و ڕەگەز بکرێ، بەڵام هەرکات ڕەگەزی دوو شتی جیاواز بێ و وشەی هاوسەنگی بەکار بێ.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
فەرموو کاك چیا.
**بەڕێز چیا حمید شریف:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
تێبێنی خۆم ئەو تۆمباران کرنە ژ لایە ئێرانی شەرمەزار بکەم، هێڤیدارم حکومەتا مەرکەزیا بەغدای بتە سەر ئەرکی خۆی و رگری بکەت، سەر خالا ئکی، پ باشە دادپەروەری و پکڤە ژیان بتە زدە کرن، چونکی یەکسانی دروست نیە، هەردوو ڕەگەز گورەی رێکەفتنا نێودەولەتی هەردوو ڕەگەز بێنە لادان، ئەڤ یاسا پشتی (٢٠) ساڵی دی هەردوو ڕەگەز زەحمەت بێتن، ڕەگەزی سێ هەیە، لە خالا سێ، دەستەبەر کردنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادی تاك بەپێی دەستوور، دەستووری کێری؟ پێ باشە بکرێتە بەپێی دەستووری عێراق و هەرێمی کوردستان، مادام دەستوورە بەشەکا پەروەردەیی گرێدای بێ حکومەتا ناوەندی عێراقی.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
فەرموو خەدیجە خان.
**بەڕێز خدیجە عمر طە:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
کاتی یاسایەك سیاغە ئەکرێ خۆی لە چەند بەشێکی سەرەکی پێکدێ، بەشی یەکەم پێناسە و ئامانجە، بەشی دوو ئەحکامی مەوزوعیە، ئەوەی تر حوکمە گشتییەکانە، ئەخیرەن باسی هۆکاری دەرچوواندنە، ئەوەی بینیم لە خلالی ئەو چەند ساڵە و ساڵانی تریش لە هیچ یاسایەك باسی بنچینە فەلسەفییەکان نەکراوە، ئەتوانین فەلسەفەکە لە هۆکارەکان و ئامانج باس بکەین، پێم وایە ئەو ماددەیە زیادە، پێم باشە ئەو ماددەیە لابرێ.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
فەرموو سەوسەن خان.
**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
پشتیوانی هەلەز خان ئەکەم سەبارەت بە بنچینە فەلسەفییەکان لە ناو پێناسەکان هیچ باسی نەکردووە، سەبارەت بە نووسینیش لە ڕووی ڕێزمانییەوە نووسیویانە بنچینە فەلسەفییەکانی و بنەما گشتییەکانی، پێم باشە بکرێتە بنچینە فەلسەفی و بنەما گشتییەکانی پەروەردە و فێرکردن، ناکرێ دوو کۆ لەیەك رستە بێ، سەبارەت بەو شەرعییەی لە بنچینە فەلسەفییەکان هاتووە پێم باشە کورت و پوخت بکرێ باشترە، سەبارەت بە رستەی دوو لەبڕگەی یەکەم

پشتیوانی کاك جەماڵ ئەکەم کۆمەڵگەی شارستان بکرێتە کۆمەڵگایەکی شارستانی، سەبارەت بەدووەم، لەماددەی یەك پەرلەمانتارەکان ئاماژەیان پێدا و گفتوگۆیەکی زۆر کرا، ڕوانین لە قوتابی و خوێندکار ئەو قوتابی وخوێندکارە لەسەر یەك وشە ڕێك بکەوین و جێگیر بکرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشتر هاوپیشەمان کاك چیا قسەیەکی کرد لەسەر سێ ڕەگەز، یەعنی ئەمانەوێ ڕوونکردنەوەمان بداتێ، دوو ڕەگەز هەیە، ڕەگەزی مێ و ڕەگەزی نێر، ڕەگەزی تر نییە، داواکارین بە پێی ماددەی (٥٥) ئەو بەشەی بسرێتەوە لە پرۆتۆکۆل.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا نەجاة.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی یەك ئەگەر بەریخۆ بدەینە دوماهیك، پاراستنی ژینگە و خۆشەویستی خاکی کوردستان، خاکی کوردستان زێدە بکەین، برگ سێ پشتەڤانیا ئاخافتنی کاك چیا دکەم، بەپێی دەستوور و یاسا کارپێکراوەکان لەهەرێمی کوردستان، دەست نیشان بکەین.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ئازاد.

**بەڕێز ازاد اکرام بهرام:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دوو، ڕوانین لە قوتابی و خوێندکار وەك تاکێکی خاوەن خواستی فێربوونە، لە پاش فێربوون مافی مومارەسە کردن و پرسیار کردن، چونکە فێربوون مومارەسە و پرسیار کردن نەبێ فێر نابێت، لەبەر ئەوەی مەنهەج زۆرە فێر نابێت بەس لەبەر کردنە، دەوام کەمە، لە ماددەکانی تر مەنهەج کەم بکرێتەوە و دەوام زیاد بکرێ، چوار سەعات زۆرە کەمە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك هیمداد.

**بەڕێز هیمداد صباح بلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە خاڵی دوو پشتیوانی کاك ئازاد ئەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خالا ئێك پشتگێریا خوشکا هەلەز و خوشکا سەوسەن دکەم، فەلسەفە بێتە دیاری کرن، ئەگەر نەبێت ئەڤ ماددی زیادەیە، دوو، پشتەڤانیا دکتۆر هەورامان دکەم، یەکسان ببێتە دادپەروەری

ناقبەرا هەردوو ڕەگەز، ئەز پێشنیار دکەم ئەڤە بێتە زدە کرن، دادپەروەری نێوان هەردوو ڕەگەزا و ڕێز گرتن بۆ بەها بالایەکانی کۆمەڵایەتی، خالا سێ بێژیتن دەستەبەر کردنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادی تاك بەپێی دەستوور و یاسا، پێش دەستوور پێشنیار دکەم بەپێی بنەمای ئاینی ئیسلام و بەها کۆمەڵایەتی بالاکان، پاشی بێتە دەستوور و یاسا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا ئەبو بەکر.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە دکتۆر محی الدین و مامۆستا هەلەز ئەکەم، دوو، پەروەردە و فێرکردن لەو یاسایەش چوار کۆڵەکەی هەیە، پەروەردە، فێرکردن، قوتابی، مامۆستا لەگەڵ پرۆگرام، پێویستە پرۆگرامەکان ڕەنگدانەوەی پێداویستی سەردەم و خواستی سەردەم بێ، فێرکردن بتوان بە جەستەی بەها باڵاکانی کۆمەڵگەی کوردەواری و ڕەسانەیەتی و هاوچەرخایەتی بەرجەستە بکات، فیعلەن ئەوەی دکتۆر محی الدین وتی پەیوەندی نێوان مامۆستا و قوتابی ئەبێ ئاماژە بە مامۆستاش بکەین، چونکە لەسەر ئەساسی ڕێز و متمانە بنیاتنراوە، هەردوو لا بەرامبەر بە یەکتر ئەرکیان لەسەر شانە و مافیان هەیە، خاڵی سێیەم، زیادەیە، لابرێ، لەبەر ئەوەی لە خاڵی یەکەم و دووەم ئاماژەی پێدراوە، یەکسانی پێویستە هەبێ، چونکە یەکسانی بەرامبەر یە یاسا، بەڵام دادپەروەریش زیاد بکرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا عبدالستار.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی یەکەم پشتگیری ئەو داڕشتنەی کاك مەم ئەکەم، فیعلەن بنچینەش بنەما فەلسەفییەکان پێ باشترە، ئەگەر هەر ئەمێنتەوە لە نیوەڕۆکەکەی کە تێیدا بەها پرەنسیپەکان تا ئەخیری جێگیر ئەبێت، ئەڵێم یەکی لە بەها و پرەنیسیپی پەروەردەی تاکی پێ ئەکرێ و ئەتوانێ خزمەت بکات بەها و پرەنسیپی ئیسلامە، باسی بەها و پرەنسیپی دیموکراتی ئەکەین باسی ئیسلام ناکەین، پێشتریش وتم ئەو کۆمەڵگاییەی پێکەوە بەستراوە، پێم باشە ئەوەی بۆ زیاد بکرێ کە تێیدا بەها و پرەنسیپی ئاینی ئیسلام جێگیر بکرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك زاهیر.

**بەڕێز ظاهرمحمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی یەکەم دێری کۆتایی یەکسانی، پشتگیری ئەو هاوڕێیانە ئەکەم یەکسانی بکرێتە دادپەروەری، خاڵی دوو، ڕوانین لە قوتابی و خوێندکار بکرێتە یەك وشەی فێرخواز، خاڵی سێیەم، دەستەبەر کردنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادی تاك بە پێی دەستوور و یاسا کارپێکراوەکان و بەڵگەنامە نێو دەوڵەتییە پەسند کراوەکان، پرسیار ئەکەم لە لیژنە بەڵگە نامە نێودەوڵەتییە پەسند کراوەکان مەبەست چییە؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

مەبەستیان پەسند كراوە لەلایەن عێراقەوە، ئەگەر عێراق پەسندی نەكرد بێ ناتوانین ئاماژەی پێ بكەین، فەرموو دكتۆر ڕێبوار.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحيم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو بنچینانە كۆمەڵێك پرەسیپی و بەهاو دەستەواژەی جوانی تێدایە، ببێتە هاندانێك بۆ ئەوەی قوتابی لێهاتووتر و كارامتر بە ئەركی خوێندنی خۆی هەڵسێ، هەرچەندە ئەو پڕۆژە یاسایە بۆ ئایندەیە، ئەكرێ لە دوای دەرچوونی ئەو یاسایە هەندێ ڕێنمایی بگۆردرێ، بەڵام لە ئێستا ئەمەوێ بەڕێزان لە وەزارەتی پەروەردە ئاگادار بكەمەوە ڕێنمایی ئەكرێ پێی ئەڵێن ڕێنمایی ئەزموونەكان، زۆرێك لە كەسوكاری قوتابی پەیوەندیان كردووە و داوایان كردووە ئەو ڕێنمایییە هەموار بكرێتەوە، ئەویش ئەوەیە دیارە سیاسەتی حكومەتی هەرێم ئەوەیە هانی هاووڵاتی و قوتابی بدات بخوێنن، بەڵام ئەو ڕێنمایی ئەزموونەكان ڕێگری ئەكات قوتابی بخوێنێ، چۆن؟ ئەگەر قوتابییەك دوو ساڵ لەسەر یەك لە پۆلێك كەوت دوایی چوو بوو ئەزموونی دەرەكی و ئیمتیحانی خاریجی دایەوە، دوایی دەرفەتی پێ نادرێ لەو قوتابخانە ئەهلیەكان بخوێنێ، تیناگەم ئەو ڕێگرییە چییە؟ ئەگەر ئیمكانییەتی دارایی باش بێ بچێتە ئەهلییەكان كە هەر وەزارەتی پەروەردە مۆڵەتی پێداون، داوا ئەكەم لە بەرپرسانی وەزارەتی پەروەردە بە تایبەتی دوای دەرچوونی ئەو یاسایە بە تایبەتی ئەو ڕێنمایییە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو دكتۆر زێدان.

**بەڕێز زێدان رشيدخان اودل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەنیا گرفتەكەم لەسەر ئەوەیە بنچینە فەلسەفیەكان، ئەگەر وشەی فەلسەفە تێكەل بەو یاسایە بكەین، ڕاستە لە ڕووێكەوە مەبەست گرنگیدانە بە پەروەردە، بەڵام فەلسەفە زانستی جێاوازە، لە ڕۆمانی و شارستانی ئیسلامی گرنگی زۆری پێدراوە، ئەوەی فەلسەفەی پەروەردەیی سوودی لێ وەربگرن پێناسەیەكی دوو دێریم هەیە كە تێكەل بكرێ (فەلسەفەی پەروەردەیی) واتە جێ بەجێ كردنی پرۆگرامی میتۆدی بێردۆزی فەلسەفەیی لەسەر پەروەردە، چونكە فەلسەفە ڕۆڵی هەیە لە دیاری كردنی ڕێگاكانی تایبەت بە پرۆسەی پەروەردە، لێرە تەعریفی تایبەت بە فەلسەفە نییە، ئەوەی هەیە تەنیا بنچینەی پەروەردەیە لەگەڵ فێركردن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عباس.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەشێك لە قسەكانم كرا، پشتگیری لە هەلەز خانیش ئەكەم، ئەگەر ئەو ماددەیەش مایەوە پێم وایە پێناسەكەی كاك مەم زۆر گونجاوە، پشتگیری خەدیجە خانیش ئەكەم داوای لادانی ئەو ماددەیەی كرد.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك موسلیم.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش داوا ئەكەم پێناسەی فەلسەفە بكرێ، بە ناونیشانی فەلسەفەی پەروەردە، ئەگەر لەوێ پێناسە نەكرێ پشتیوانی ئەو بەڕێزانە ئەكەم لە ناو نیشانەكە دوو دەستەواژەی كۆ هاتووە، بنەما گشتییەكان لابرێ وبكرێتە بنچینە فەلسەفیەكانی پەروەردە و فێركردن، لە خەتی دووەم دەستەواژەی كۆمەڵگایەكی شارستان بكرێتە شارستانییەت، پشتیوانی مامۆستا عبدالستاریش ئەكەم بنەماكانی ئاینی ئیسلام بچەسپێ، لە خاڵی سێ دەستەبەر كردنی مافەكانی مرۆڤ و ئازادی تاك لە دوای ئەوە بەها ئاینی و كۆمەڵایەتییەكان تا ئەخیر.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك هێڤیدار.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەكەم، پەروەردە، فێركردن، میكانیزمی تواناسازی و بنەما، كاری تاكی كوردستانی خوێندەوار، هۆشیار و داهێنەر، بنەمای هێنانە ئارای كۆمەڵگایەكی شارستان و هاوچەرخ و پێشكەوتن تا ئەخیر، خۆ ئەو پەرلەمانە قانوون دەرئەكات، ئەبێ یەكسان بێ بۆ هەموو كەس، پێكەوە ژیانی ئاشتییانە، مرۆڤ دۆستایەتی، پاراستنی ژینگە، ئەوانە دەستەواژەی جوانن، بەڵام بە چ میكانیزمێك ئەوە ئەگاتە تەلەبە؟ ئەگەر ئینشائێك بنووسم ئەگەرێم جوانترین دەستەواژە، جێ بەجێ كردنەكەی چۆن ئەبێ؟ دووەم، ڕوانین لە قوتابی و خوێندكار، لە دوای خوێندنەوە ڕۆژی تر كردمان لەسەر ئەو بابەتە، لەسەر قوتابی و خوێندكار چووم لەگەڵ یەكێتی قوتابیانی لای خۆمان پارتی دیموكرات قسەم كردووە لەسەر ئەو وشەی قوتابی و خوێندكار چۆن هاتووە؟ دوو پێشنیار هەبوو هەردووكی مەعقول بوون، بۆ ئەوەی لەو بابەتە لێدەربچین خوێندەڤان وشەیەكی زۆر مەعقولە ئەتوانین بەكار بێنین، یانیش قوتابی لە ڕەوزە دەست پێ ئەكات تا ئامادەیی تەواو بكات و ببێتە قوتابی بۆ ئەوەی لە كولیەش ببێتە خوێندكار، ئەو قوتابی و خوێندكارە زۆر ناشیرینە لەسەر پەرلەمان تێبپەڕی، دەستبەر كردنی مافەكانی مرۆڤ و ئازادی تاك بە پێی دەستوور و یاسا، لە ئەلمانیا ژیاوم برادەرانی تریش لێرەن لەوی ژیاون، كەلتووری مافی مرۆڤ و بابەتی دیموكراسی لە ڕەوزە دەست پێ ئەكات، ئەڵێن ئەمرۆ ئەچنە فلان پارك و لە هۆڵەكە ئەخرێتە دەنگدان، ...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو سەرچنار خان.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی دوو، زیادەیە، چونكە لە قەواعیدی عامی دەستوورە، دەستوور فەلسەفەی موحەد دائەنێ بۆ هەموو نیزامێكی حوكم، ئەگەر بەو شێوازە بێت هەمووی یاسایەك و فەلسەفەی هەبێت پێكدادان دروست ئەبێت لە نێوان یاساكان، دەستوور نیزامی فەلسەفی داناوە بۆ هەموو

وەزارەتەکـان، ئەگەر هەر مـایەوە ئەکـرێ وەك مامۆسـتا هەلەز باسـی کـرد پـێش مـاددەیەك پێناسەکان و بنچینەکان و ئامانجەکـان بکـرێ، بنچیـنەی فەلسـەفی هەر نەهـاتووە، لە کاتێکـدا لە دەروازەی یەکەم باس نەکراوە، ئەبێ لەوێ چارەسەر بکرێ بۆ ئەوەی بتوانین ماددەیەك دابنێـین و ئیشی لەسەر بکەین.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ماددەی دوای ئەو.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوەری دووەم/ بنەما گشتییەکانی پەروەردە و فێرکردن:

ماددەی (٣):

١ فێربوون مافێکی دابین کراوە و بە خۆڕاییە لە سەرجەم دامەزراوە حکومییەکان بۆ هەر تاکێك کە مەرجەکانی هاتوو لەو یاسایەی تێدابێت.

٢- زمـانی کـوردی زمـانی فەرمـی خوێنـدنە لە سـەرجەم دامەزراوەکـان جـگە لەو دامەزراوانەی تایبەتن بە پێکهاتەکـان وەکـو (تورکمـان، سـریان، کلـدان، ئاشـوور، ئەرمەن، عەرەب) کە خوێنـدن تیایاندا بە زمانی دایك ئەبێت و ئەو دامەزراوانەی بە پێی حوکمەکانی ئەو یاسایە مۆڵەتیان پـێ دراوە بە زمانێکی تر بخوێنن.

٣- بەکارهێنـانی تونـدوتیژی و جەسـتەیی و دەروونـی و هەمـوو جۆرەکـانی جیاکـاری و خـراپ مامەڵە کردن لە دامەزراوەکان قەدەغەیە.

٤- پەروەردە و فێرکردن لە دامەزراوە حکومییەکان لەسـەر هەمـان سیسـتەم و بەهـاو میکـانیزم بەڕێوە ئەچێت.

٥- قوتابی خوێندکار بە چەقی پرۆسەی خوێندن و فێرکردن هەژمار ئەکرێت.

٦- وەرگرتنـی هەر بـڕە پـارەیەك لەقوتابیـان وخوێنـدکاران و کەسـوکاریان لەلایەن قوتابخـانە و خوێندنگا و پەیمانگا پەروەردەییە حکومییەکان بە مەبەستی خوێندن قەدەغەیە.

٧- وەزارەت کار بۆ پیادە کردنی شێوازی نا ناوەندی ئەکات بە مەبەستی پێدانی دەسەڵاتی زیـاتر بە بەڕێوەبەرایەتی دامەزاروە حکومییەکان.

٨- مامۆستا پێشەنگی سەرەکییە بۆ پەروەردە و هاندانی گیانی فێربوون و داهێنـان و گەیانـدنی زانیاری و توانستە جۆراجۆرەکان بە قوتابیان و خوێندکاران و پێویسـتی بە پەرەپێـدانی خـودی بەردەوام هەیە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ (کاك بەهجەت، کاك چیا، دکتۆر ڕێبورا، کـاك هەلـکەوت، کـاك شـێخ ظـاهر، کـاك رزگار، کاك جلال، سوسەن خان، خەدیجە خان، گولیزار خان، کاك هیڤیدار، سارا خان، کلارا خـان، رۆبیا خان، کاك رۆمیۆ، کاك ئازاد، کاك هیمداد، مامۆستا نجاة، دکتۆر محی الدین، دکتـۆر شـێرکۆ، کاك کاوە، دکتۆر اسماعیل، مامۆسـتا ئەبـوبەکر، مـوژدە خـان، مامۆسـتا عثمـان ، سـەرچنار خـان، هەلەز خان، کـاك سـیپان، کـاك مەم، مامۆسـتا عبدالسـتار، گوڵسـتان سـعید، گوڵسـتان بـاقی، کـاك جمال، کاك راهی، روپاك خان، شادی خان، بدریە خان، کاك رزگار، کاك مەلا ناصر، کاك فیصل، کـاك

كاروان، شرين امين، دكتۆره شايان، كاك ياسين، كـاك عەلـی، دكتـۆره گەلاویـژ، كـاك مسـلم)، كـاك بەهجەت.

**بەڕێز بهجت علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

برگا دووەم بێژی زمانی كوردی زمـانی فەرمیـیە جـگە لەو دامەزراوانەی تـایبەتن بە پێكهاتەكـان وەكو توركمان وسريان وكلد وئاشوور وعەرەب وئەرمەن، پـێم باشـە ئەو خـاڵە تەزاروب دەكـات لەگەڵ دەستووری عێراق و هەیكەلی ئیداری حكومەت عێراق و كوردستانیش، پێم باشە وای لێ بێ پێكهاتەكان وەكو توركمان و سريان و عەرەب.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك جلال.

**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زمـانی كـوردی فەرمیـیە، ئەو قوتابخـانەی ئەهلیـانەی مـۆڵەتی فەرمیـان لە وەزارەتـی پەروەردە وەرگرتـووە، دەیـان رێكـلام ئەبینـین بە شـانازییەوە ئەڵـێن زمـانی ئینگلیـزی سـەرەكییە، كەوایە زمانی كوردی زۆر نەشیاوە ئەبێ چارەسەر بكـرێ، تونـدو تیـژی لەگەڵ ئەوەم لێـدان بگەڕێـتەوە، نەما لە قوتابخانەكان، مامۆستا بە چەقۆ لێی ئەدرێ لەلایەن قوتابی، مامۆستا نێـرگەلە ئەكیشـێ لەگەڵ قوتابی، خاڵی تر، وەرگرتنی پـارە، زۆربەی زۆری قوتابخانەكـان پـارە وەرئەگێـرێ بە نـاوی ئەنجومەنێك، شتێكی نەشـیاوە، ئێسـتا فێربـووینە بەرێـوەبەری قوتابخانەكـان پـاس گێـراوە بـۆ قوتابی ئەڵێ برێك پارەیەك بدە ئێمە هاتووچۆ بە قوتابی ئەكەی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو هەلكەوت.

**بەڕێز هەلكەوت انور خليفه:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕگەی حەوت ئەڵێ وەزارەت كار بۆ پیادەكردنی شێوازی نا ناوەندی ئەكات بە مەبەستی پێـدانی دەسەڵاتی زیاتر بە بەڕێوەبەڕایەتی دامەزاروە حكومییەكان، لە كوردستان چەنـدین دامەزراوەی ناحكومی هەیە وەكو زانكۆ و پەیمانگا و قوتابخـانە لە كەرتـی تـایبەت، ئەگەر وەزارەت ڕێنمـایی دەربكات ئەوانیش لەژێـر چـاودێری پەروەردە ئەبـن، بـۆیە پـێم باشـە بڕگەیەكـی بـۆ زیـاد بكـرێ (وەزارەت كار بۆ پیادە كردنی شێوازی ناوەندی بكات بە مەبەسـتی پێـدانی دەسـەڵاتی زیـاتر بە بەڕێوەبەڕایەتی دامەزراوە حكومی و ناحكومییەكانی).

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو گولیزار خان.

**بەڕێز گليزار رشيد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕگەی پێنج، قوتابی خوێندكار بە چەقی پرۆسەی خوێندن و فێركـردن هەژمـار ئەكرێـت، تـاكەی بەو دوو وشەیە هەر یەك مەعنا بێت، فێرخواز.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ڕۆمیۆ.

**بەڕێز ڕۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی دوو، زمانی کوردی فەرمییە لە سەرجەم دامەزراوەکان جگە لەوانەی تایبەتن بە پێکهاتەکان کە خوێندن بە زمانی دایکە، پێم وایە دیاری کردنی ناوی نەتەوەکان ئیشی وەزارەتێك نییە، کێشەی بۆ ئێمە دروست کردووە، لە ڕەشنووسی دەستووری هەرێم کە خۆمان ئەندامی لیژنە بووین، بە شێوەیەکی تر هاتووە، گەلی کلدانی، سریانی، ئاشووری، لە نێوان دوو کەوانە بێ فاریزە و بێ هیچ شتێك، نەتەوەیەك بە ژمارە کەم بێت و تۆ کەرت کەرتی بکەی عەدالەت نییە، پێمان باشە بڕگەی دوو بەو شێوەیە بێت (زمانی کوردی زمانی فەرمی خوێندنە لە سەرجەم دامەزراوەکان جگە لەو دامەزراوانەی کە تایبەتن بە پێکهاتەکان کە خوێندن تیایاندا بە زمانی دایك ئەبێت وەکو زمانی (سریانی و تورکمانی و ئەرمەن و عەرەبێ) لەو دامەزراوانەی بە پێی حوکمەکانی ئەو یاسایە مۆڵەتیان پێ دراوە بە زمانێکی تر بخوێنن)، چونکە باسی زمانە نەك نەتەوە، لە بڕگەی پێنج، قوتابی و خوێندکار بە چەقی پرۆسەی خوێندن، پێم وایە بکرێتە بە بناغەی پرۆسەی خوێندن، بڕگەی شەشەم، وەرگرتنی پارە، ئەوە حەقیقەتێکە، وابزانم ستافی وەزارەتی پەروەردەش لێرەن، لەبەر نەبوونی پارە کەسوکاری قوتابی پارە ئەبەخشن بۆ چاك کردنی لایەنێکی قوتابخانە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك هیمداد.

**بەڕێز هیمداد صباح بلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زمانی کوردی فەرمییە لە سەرجەم دامەزراوەکان جگە لە پێکهاتەکان، هاوڕام لەگەڵ کاك ڕۆمیۆ، دەست خۆشی لە ستافی وەزارەت ئەکەم کە ناوی پێکهاتەکان دێت، بەڵام ناوی نەتەوە و زمان جیا بکرێتەوە وەکو کاك ڕۆمیۆ وتی، ئەتوانین خاڵێکی تر زیاد بکەین، زمانی تورکمانی ببێتە ئیختیاری لە مەکتەبەکانی کوردستان، وەکو مافێك لە سەرجەم قوتابخانەکان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ڕۆبیا خان.

**بەڕێز ڕۆبیە اویملك عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا لەلایەن کاك ڕۆمیۆ پیشتگیری ئەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کلارا خان.

**بەڕێز کلارە عودیشۆ یعقوب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دوو، (زمانی کوردی زمانی فەرمی خوێندنە لە سەرجەم دامەزراوەکان جگە لەو دامەزراوانەی کە تایبەتن بە پێکهاتەکان)، ناڤی پێکهاتی غەلەتە، رازی نین جاراکا دی دووبارە

بێتن چ قانوونەکی، دیڤ یاسایی ژمارە (٥) ی (٢٠١٥) ناڤی مە گەلی کلدانی سریانی ئاشووریە، ئەڤ بڕگە بهیتە تەعدیل کردن وەکو کاك ڕۆمیۆ وتی، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك کاوە.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی چوار، پەروەردە و فێرکردن لە دامەزراوە حکومییەکان لەسەر هەمان سیستەم و بەهاو میکانیزم بەڕێوە ئەچێت، پرسیار بۆ لیژنە کام سیستەم؟ ئایا کە یاسایەکی نوێ دائەنێن پێویست نییە هەندێ گۆڕانکاریش بکەین لەو سیستەمە؟ دوێنێ لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە بازیان قوتابخانەیەك (٨٥) تەلەبە لە یەك ژوور، یەك پانکەش هەبووە، ئەوە شێوازی پەروەردە و سیستەمە؟ قوتابخانەیەکی ئەهلی (٢٥) تەلەبە، بەڵام حکومی (٨٥) تەلەبە، ئەو سیستەمە لێکچووی کام سیستەمی دونیایە؟ باوەڕ ناکەم لەوڵاتێکی دواکەوتووش ئەو سیستەمە هەبێت، لەسەر بڕگەی حەوت، وەزارەت کار بۆ پیادە کردنی شێوازی ناناوەندی ئەکات، نابێ بڵێی کار ئەکات، ئەبێ بڵێی وەزارەت سیستەمی ناناوەندی پەیڕەو بکات بە مەبەستی پێدانی دەسەڵاتی زیاتر بە بەڕێوەبەرایەتی و دامەزراوە حکومییەکان، ئەبێ مولزەم بکرێ کە سیستەمی ناناوەندی پەیڕەو بکات، وتم مامۆستا بوومە و ئەزانم موعاناتانی مامۆستا و خوێندنگا چییە، بێدەسەلاترین کەس بەڕێوەبەر کە ئەبێ بەڕێوەبەر قوتابخانەکانە، ئیدارەی مەکتەبە، هیچ دەسەڵاتی نییە، ئەکرێ لەو یاسایە جێ بکرێتەوە سیستەمی ناناوەندی پەیڕەو بکرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا عوسمان.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ئەنجامی بەدواداچوونی خۆم کە چەند دایك و باوکێك وتیان وەك پەرلەمانتار ئێمە کچێکمان لە قوتابخانەیەکە، کوڕێکیش لە قوتابخانەیەك، دانەیەك (١٠) هەزاریان لێ وەرگیراوە یەکیان (٥) هەزار، لەبەر ئەوەی مودیرەکە خۆی لەگەڵ شوفێرەکانی هاتووچۆی قوتابی تەنسیقی هەیە، هەر شۆفێریك لەگەڵ ئەوان نەبێ قوتابی ناهێنێ، لەسەر گیرفانی قوتابی (١٠) هەزار و ئەگەر پاس بێ (٥) هەزارە، ستافی وەزارەت ئاگاداری ئەو بڕیارەن؟ هەندێکیان وانین، سایەقەکان ئەڵێن بەڵێ وایە، داوای ڕوون کردنەوە ئەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا ئەبو بەکر.

**بەڕێز ابو بەکر عمر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی یەکەم، فێربوون مافیکی دابێن کراوە و بە خۆڕاییە لە سەرجەم دامەزراوە حکومییەکان بۆ هەر تاکێك کە دانیشتووی هەرێمی کوردستان بێت، ئیتر مەرجەکانی ئەو یاسایە زیادەیە، بۆ هەمووانە، تەنانەت ئەوانەشی خاوەن پێداویستی تایبەتیشن، خاڵی حەوت، مەسەلەی پیادە کردنی شێوازی ناناوەندییەتی، هیچ پەیوەندی بە بنەما گشتییەکانی پەروەردە نییە، ئیجرائاتی

کارگێرییە، ئەکرێ لە بەشی شەشەم یان حەوتی ئەو یاسایە زیاد بکرێ، خاڵی هەشت، یەك دیوی مامۆستا باس ئەکات، پێویستە کەسایەتی مامۆستا و ژیانی ئابڕومەندانە بۆ مامۆستا دابین بکرێ بۆ ئەوەی بە ئەرکەکانی هەلسێ، نەك قوتابی فێر بکات، مووچە و مافی مامۆستا دیاری بکرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك فیصل.

**بەڕێز فیصل عباس عولا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیر و ستافەکەی ئەکەم، خاڵی شەشەم پێم باشە بەو شێوەی لێ بکرێ (وەرگرتنی هەر بڕە پارەیەك لە خوێندکار و قوتابی وکەسوکاری لەلایەن قوتابخانە وپەیمانگا پەروەردەیە حکومییەکان باخچەی مندالانی حکومی قەدەغەیە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆرە شایان.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دوو، پشتیوانی کاك ڕۆمیۆ ئەکەم، پرسیارێکیشم، ئایا زمانی کوردی فەرمییە جگە لەو دامەزراوانەی تایبەتن بە پێکهاتەکان، ئایا لەوێ زمانی کوردی هەر نییە، یان زمانێکی لاوەکییە؟ لەگەڵ ئەوەشم پێکهاتەکان بە زمانی دایك بخوێنن، بڕگەی شەش، ڕەنگە هەندێ مەکتەب ڕاستەوخۆ پارە وەرنەگرن، بەڵام لە ڕێی کڕینی مەلزەمە هەندێ لە مامۆستایان داوای مەلزەمە ئەکەن لە قوتابی، یان کڕینی کەل و پەل وەکو فێنکەرەوە و سوتەمەنی لەلایەن قوتابییەوە، بە تەلەبە ئەڵێن بە دایك و باوکت بڵێن ئەو شتە بکڕن، ئەوە جیاوازە لە یارمەتی دارایی و بەخشین کە باس کراوە لە ماددەکانی تر کە بە ئارەزومەندانەیە، بەڵام کە بە تەلەبە ئەڵێی مەلزەمە بکڕە یان بە جۆرێکی تر کیتابی مەنهەجی هەبێت چ پێویستی بە مەلزەمە هەیە؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ڕوپاك خان.

**بەڕێز ڕوپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دووەم ئەڵێ خوێندن بە زمانی کوردییە، ئایا خوێندنگا ئەهلی و تایبەتەکان کە خوێندن بە زمانی ئینگلیزییە ئەکەوێتە کوێی ئەو یاسایە؟ چوارەم، پەروەردە و فێرکردن لە دامەزراوە فەرمییەکان بە هەمان سیستەم و بەها، بەها لێرە زۆر دووبارە بۆتەوە، پێویست ناکات لە پێناسەکان باس بکرێ، بەهای چی؟ بۆ نموونە بەهای کۆمەڵایەتی و ئاینی و ڕەوشتی پێویستە پێناسە بکرێ، بڕگەی هەشت، مامۆستا پێشەنگە بۆ پەروەردە وهاندانی گیانی پەروەردە، پەروەردە لێرە زیاد بکرێ، لە کۆتایی لەگەڵ پاراستنی شکۆی مامۆستا زیاد بکرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك مەلا ناصر.

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بنەما گشتییەکانی پەروەدە، بڕگەی حەوت، وەزارەت کار بۆ پیادە کردنی شێوازی ناناوەندی ئەکات بۆ مەبەستی پێدانی دەسەڵاتی زیاتر بۆ بەڕێوەبەرایەتی دامەزراوە حکومییەکان، پێویستە دەستەواژەی پیادە کردن بگۆردری بۆ پێویستە وەزارەت بنەمای ناناوەندی بچەسپێنی، دەسەڵاتەکانی دیاری بکرێ و فراوان بکرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك یاسین.

**بەڕێز یاسین خضر طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر قسە کرا لەسەر ماددەی سێ، بەپێی دەستووری عێراق ئەبێ زمانی عەرەبی و کوردی دوو زمانی سەرەکین، نالێین هیچ زمانێك پەراوێز بخرێ، بەڵام بە ڕەئی من زمانی فەرمی ئەبێ کوردی و عەرەبی بێت بە حوکمی ئەوەی لەگەڵ عێراقین، تۆ قوتابخانەیەك جیا ئەکەیتەوە بە زمانی تورکی و سریانی و ئاشووری، هیچمان لێك تێناگەین، بۆ زمانی فەرمی پەروەردە نەکەین بە زمانی کوردی و عەرەبی هەموو بە یەکەوە بژین، بۆ لە تورکمانێك نەگەم و ئەویش لە من نەگات، بەیانی دووبەرەکی زۆر دروست ئەبێ، لە ئێران هەموو کوردەکان فارسی ئەزانن، بەڵام هەمووومان عەرەبی نازانن، زمان جیایە لەگەڵ ئەوەی مەکتەبی بۆ جیا بکەیەوە، زۆر کەسمان دیوە ئەڵێ منداڵەکەم کوردی نازانێ، ئەبێ ئیجباری بێ، منێکی کوردیش تورکمانی فێربم و ئەویش کوردی فێر بێت، باسی خوێندکار ئەکات بە پێی دەستووری عێراق نابێ خوێندن بە پارە بێت، لە هەموو عێراق مەکتبەکی ئەهلی نییە، بەڵام کوردستان هەمووی ئەهلیە، داوا ئەکەم پارەیەکی زۆر هەیە با ئەو قوتابخانانە بکرێتەوە، بکرێتەوە حکومی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاروان فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دوو، زۆر قسە کرا، پشتیوانی بەشێکیان ئەکەم، ئەو بابەتە پێچەوانەی بڕگەی یەك لە ماددەی چواری دەستووری عێراقە، خۆی تەعنی لێ ئەگێری قانوونی نییە و هەڵبوەشێتەوە، باوەڕم هەیە پێکهاتەکان مافی تەواویان هەیە لە هەر خوێندنگایەك بە زمانی خۆیان بخوێنن، چۆن باوەڕم هەیە زمانی کوردی زمانی ئەساسی دەولەتی عێراقییە، عەرەبیش بە هەمان شێوە، ناکرێ قەتیس بکرێ، بەڵام باوەڕیشم وایە زمانی کوردی لە قەیرانە، وشەی جگە لە هاتووە، ئەبێ لە هەموو شوێنی وەکو یەکتر بێ، تورکمانیش مافی هەیە، عەربیش، بەڵام زمانی کوردیش ئەساس بێت، خۆی لە ئاساس دا دا کێشەی زمانی کوردیمان هەیە،نە سەنتەرێکی ئەوتۆمان هەیە کە تەتویری ئەو زمانە بکات، نە لێکۆڵینەوەی ورد ئەکرێ، ناکرێ بە یاساش دووبارە کێشە بۆ زمانی کوردی بکەینەوە، بڕگەی شەش پشتیوانی کاك فیصل ئەکەم، بڕگەی حەوت کاك کاوە و کاك یاسین پشتیوانی هەردووکیان ئەکەم کە باسی شێوازی ناناوەندی ئەکرێ، وەکو ئیحتیماڵە بەردەمی وەزارەت، ناکرێ بە ئەگەر بێت، ئەرکی وەزارەتی پەروەردەیە کار بکات بۆ

ناناوەنـدیەتی، بکـرێ بە واجـب، بـڕگەی هەشـت لابـرێ، مامۆسـتا پێشـەنگە ئەو تەعـریفەی بـۆ مامۆسـتا کـراوە لە چەنـدین مـاددەی تـر لە یاسـاکە دووبـارەیە، هەتـا لە ئەرکـی مامۆسـتا و بەڕێـوەبەریش بە وازیحـی هـاتووە، پـێم باشـە لابـرێ، خـزمەت بە یاسـاکە ناکـات جـگە لە درێژکردنەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك رزگار.

**بەڕێز رزگار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم، خوێندن لە قوتابخانەی حکومی و ناحکومی مـافی هەر تـاکێکی کوردسـتانە، ئەوە وەکـو خاڵی یەکەم زیاد بکری، بڕگەی دوو، زمانی کوردی بە هەردوو ئەلف و بای کـوردی و لاتینـی زیـاد بکرێ، (جگە لەو ) لابرێ، لە پاڵ زمانی کـوردی هەر نەتەوەیەکـی تـر مـافی هەیە بە زمـانی دایـك بخوێنێ، لە سێیەم، بەکارهێنانی تونـدوتیژی جەسـتەیی و دەروونـی، هەر ئەوە زیـاد بکـرێ، هەر رەفتار و کردار ئیستخفار کردنی پیشە بۆ خواست و ئارەزوو و حەزەکانی کەسی و هەموو جۆرە جیاکـاری و خـراپ مـامەلە کـردن لە دامەزراوەکـان قەدەغەیە، ئەوە زیـاد بکـرێ، لە چـوارەم پشـتگیری کـاك کـاوە ئەکەم کە هەمـان سیسـتەم و بەهـاو میکـانیزم دیـاری بکـرێ، ئەگەر دیـاری نەکرێ دیار نییە بە کام ئاراستەیە، لە هەشتەم پشتگیری ئەو بەڕێزانە ئەکەم کە لابرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شیخ ظاهر.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم، فێربوون مـافێکی دابینکـراو و بەخـۆڕاییە لە سـەرجەم دامەزراوە حکومییەکـان، بەپێـی ماددەی (٣٤) خـاڵی دووەم لەدەستووری عێـراق دەقێکـی دەسـتوورییە کەخوێنـدن بە خـۆڕایی مافێکی هەر هاووڵاتی عێراقییە لە سەرجەم قۆناغەکان، لێرە باسی مەرج ئەکات، پێم باشـە ئەو مەرجانە لابرێ، وەکو دەقە دەستوورییەکە چۆن لە سـەرەتا هـاتووە بەو شـێوە بێـت، لە سـێیەم، بەکارهێنانی توندوتیژی جەستەیی و دەروونی هەموو جۆرەکانی جیاکاری خراپ مـامەلە کـردن لە دامەزراوەکـان قەدەغەیە، بکـرێتە دامەزراوە پەروەردەییەکـان، هەرچەنـد لە خـاڵی نـۆیەم لە پێناسـەکان مەبەسـتی دامەزراوە پەروەردەییەکـانە، بەڵام لێـرەش ئامـاژەی پـێ بکـرێ لە ڕووی سـیاغە باشـترە، لە پێـنجەم، دیسـان دووبـارە، شەشـەم، وەرگرتنـی هەر بـڕە پـارەیەك لەقوتـابی وخوێنـــدکار وکەســـوکاریان لەلایەن قوتابخـــانە وخوێنـــدنگا وپەیمانگـــا پەروەردەییەکـــان بە مەبەستی خوێندن قەدەغەیە، تەحدیدی کردیە بە مەبەستی خوێندن، پێم باشە بەو شێوەی لـێ بکرێ، نـابێ هـیچ بـڕە پـارەیەك لە قوتابیـان و خوێنـدکاران و کەسوکاریان لەلایەن قوتابخـانە و خوێندنگا پەیمانگا پەروەدەییە حکومییەکان وەرگێری بۆ هەر مەبەستیك بـێ، ئەوە زیـاد بکـرێ، حەوتەم، وەزارەت کار بۆ پیادە کردنی شێوزای ناناوەندی ئەکات، پشتگیری ئەو هاورێیانە ئەکەم باسی ئەوەیان کرد وەزارەت سیستەمی ناناوەندی پەیڕەو ئەکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سارا خان.

**بەڕێز سارا دڵشاد بکر:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
پشتگیری قسەکانی کاك ڕۆمیۆ ئەکەم.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
فەرموو کاك ئازاد.
**بەڕێز ازاد اکرام بهرام:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
پشتگیری قسەکانی کاك ڕۆمیۆ و کاك هیمداد ئەکەم کە زمانی تورکمانی لە هەرێم ببێتە ئیختیاری، لە هەموو وڵاتێك دوو زمان بە ئیختیاری ئەخوێندرێ، کاك یاسین کە ئەڵێ زمانی تورکمانی فێرببین، ئەگەر بخوێندرێ فێر ئەبین، فێری قسە کردنی ئینگلیزی و عەرەبی نازانین، لەبەر ئەوەی ئێمە زۆر قەواعید و ئەدەب ئەخوێنین، بەڵام تەلەبەیەك ناتوانێ باش بخوێنتیەوە، بڵێ بنووسە نازانی بنووسێ، لەبەر ئەوەی ئیهتیمام بە نووسین و خوێندن و قسە کردنیش نادەین، پێویستە ئەو مەنهەجە بگۆڕێ، ئێستا قسە ئەکەم پێویستم بە قەواعید نییە، منداڵێکیش کە فێری زمان ئەبێ قەت بیر لە قەواعید ناکات، ئەو مەنهەجە بگۆڕێ، ئیهتیمام بە نووسین و خوێندن و قسە کردن بدرێ.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
فەرموو دکتۆر ڕێبوار.
**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحيم عبدالله:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سەرنجی بەڕێزتان بۆ بابەتێکی گرنگ ڕائەکێشم کە لە ئایندەیەکی نزیك کاریگەری نەرێنی ئەکاتە سەر فەرهەنگی زمانی کوردی، ئەویش لە قوتابخانە بە ناو ئەهلییەکان زمانی کوردی بنبڕ ئەبێ، ئەکرێ بڵێین دوای (٥ تا ١٠) ساڵی تر نەوەیەکی خوێندەواری کورد لە زمان کۆپی پێستی ئینگلیز بەڕێوەییە، بۆچی بایەخ نادرێ بە زمانی کوردی لە قوتابخانە ئەهلییەکان، گرنگە وەزارەتی پەروەردە چۆن لە یەکی لە بڕگەکان زمانی کوردی فەرمییە لە قوتابخانە حکومییەکان، ئاواش زمانی کوردی فەرمییە لە پاڵ زمانی ئینگلیزی لە ئەهلییەکان، چونکە ئیلیزاماتی قانوونی دروست ئەکات، دوو، گرنگە لەو بڕگەیە ئەرکی وەزارەتی پەروەردە بە ڕوونی دیاری بکرێ کە یەکێ لە بەرپرسیارییەتی ئەوەیە ژینگەیەکی تەندروست بۆ قوتابی دیاری بکات بۆ خوێندن بە پێی ستاندارد و ڕێنمایی یونسکۆ.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
فەرموو موژدە خان، بەڕێزان ئەوە تەنیا بنەماکانە، میکانیزم لە دواوەیە، ئەحکام فەرەزیە لە دواوەیە.
**بەڕێز مژده محمود محمد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
یەکەم ئەڵێ فێربوون مافێکی دابین و خۆڕاییە لە سەرجەم دامەزراوە حکومییەکان بۆ هەر تاکێك، ئەوەشی بۆ زیاد بکرێ (کە لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێیە)، سەبارەت بە خاڵی دوو ئەڵێ زمانی کوردی فەرمییە لە سەرجەم دامەزراوەکان، تەلەبەی پۆلی حەوتم دیوە لە قوتابخانە

نێودەوڵەتییەکـان لە ئینگلیـزی زۆر عـیملاق قسـە ئەکـات، نـاتوانێ ئەو لاپەڕەیە بە (٥) دەقە بخوێنێتەوە، پێم سەیرە وەزارەتی پەروەردە چۆن تا ئێستا بەسەری تێپەڕیووە یان بە ئەنقەست بووە، مادام وایە لە کوردستانن حەقە زمانی فەرمـی بێـت، خـاڵی چـوار، پەروەردە و فێرکـردن لەدامەزراوە حکومییەکـان لەسـەر هەمـان سیستەم، دیـاری نەکـراوە، ڕوون کـردنەوە پێویسـتە، سـەیرە وەزیـری پەروەردەش ئامـادە نیـیە کە یاسـای وەزارەت ئەنووسـرێتەوە، خـاڵی (٥) ئەڵـێ قوتابی و خوێندکار لە جەلسەی ڕابردوو قسە زۆرینە قسەی لەسەر ئەوە بوو، ئایـا لیـژنەی بەڕێـز یان وەزارەت هیچ وشەیەکی بەرامبەر ئەو وشەیە دانراوە بـۆ ئەوەی لە بڕگەکـان قسـەی لەسـەر بکەین یان ئەچێتە دەنگدانەوە؟ ئەو کات چۆن موناقەشە ئەکرێ، ئەگەر شتێك دانراوە مەفـروزە بوترێ بۆ ئەوەی موناقەشە بکـرێ، ئەوەی خـاڵی شـەش هەر عەیـبە ئەو بـڕگەیە، لەبەر ئەوەی بە پێـی مـاددەی (٣٤) ی دەسـتوور بـڕگەی دوو خوێنـدن لە عێـراق بە خـۆڕاییە، شـتێکی تـر، ئەگەر لانەدرێ پارەی حانووت بۆ کوی ئەچێ؟ وەرئەگیرێ، خاڵی حەوت، وەزارەت کار بـۆ پیـادە کـردن ئەکات، واجوانترە بڵێی وەزارەت سیسـەتەمی ناناوەنـدی پەیـڕەو ئەکـات، ئینجـا ئەو ناناوەنـدیە ئیدارەییە یان داراییە یان هەردووکی؟ خاڵی هەشت، ئەرکی مامۆستا، پێم باشە ئەوەی بـۆ زیـاد بکرێ، لەگەڵ پاراستنی شکۆی مامۆستا و ژیانێکی شایستە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو هەلەز خان.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان تێبینی هەبوو لەسەر بڕگا چوارەم، بێژیت لەسەر هەمـان سیسـتەم و بەهـاو و میکـانیزم، بەری ڤی بەحسـی میکـانیزم نەکـریە، ژ بەر هنـدێ تەلەبێـت دکەم لیژنـا پەروەردی دگەل لایەنـی پەیوەندیدار ڕوون کردنەوە بدەن ئایا کامە سیستەم و میکانیزمە، لسەر حەوتەم، هەمان پرسیار هەیە، ڤێری بەحسی شێوازی ناناوەندی ئەکات، ئایا ئەڤ شێوازی بتنێ کارگێریە، یان کارگێری و داراییە؟ هەشت، بەحسـی مـاف و ئەرکـێ مامۆسـتا کـری، دگەل بۆچوونـا مامۆسـتا هەلەدنـیمە، مامۆستا موژدە، دبێتن بەحسێ پاراستنا شکۆیێ مامۆستا بێتە کرن و ئیزافە بێتن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کە ئەڵێ لەسەر هەمان سیستەم و میکانیزم مەبەستی هی ڕابردوو نییە، تەوحید ئەبـێ، سیستەم و میکانیزمیش ئەگەر تا ماددەی ئەخێر بخوێنەوە بە تەوزیـح هەیە، مەبەسـت کـۆنەکە نییە، مەبەست موەحەد ئەبێ، ڕەنگە دەرفەتان نەبووبێ سـەیری بـکەن تـا ئەخیـر، داوا ئەکەم تـا ماددەی کۆتایی بخوێنەوە، فەرموو کاك مەم.

**بەڕێز مم اسکندر مەم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پـێم باشـە بـڕگەی دوو بەو شـێوەیە بێـت ئەو پـڕۆژە یاسـایە شـایەنی ئەوەیە ڕەنـگە ٥٠% ی وشەکانی لابدەی مەعنـای تێکنەچـێ، زۆر کـورتی ئەکەمەوە (زمـانی کـوردی زمـانی فەرمیـیە لە سەرجەم دامەزراوەکان و پێکهاتەکانیش مافی خوێندنیان بە زمانی دایك بۆ زامن کراوە)، بڕگەی پێـنج پـێم باشـە لێکبـدرێ لەگەڵ هەشـتەم وای لـی بکـرێ (قوتـابی خوێنـدکار چەقـی پرۆسـەی خوێنـدنن و مامۆسـتایانیش پیشـەنگی پەروەردە و فێرکـردنن)، بـڕگەی شـەش لابـرێ چـونکە

زیـادەیە، لە بـڕگەی یەکەم ئەڵـێ مـافێکی دابـین کـراوە بە خـۆڕاییە، لە دەسـتووری عێـراقیش هـاتووە، مـادام بـڕگەی یەك ئەڵـێ بە خـۆڕاییە چ پێویسـت ئەکـات بڵێـی پـارەی لـێ وەرنـاگێری، تەحسیل حاصلە، بڕگەی حەوت بە بڕوای من دابڕێژرێتەوە و بگوازرێتەوە بۆ ناو ئەو دەروازانەی پەیوەنـدیان بە وەزارەتەوە هەیە، ئەرکـی وەزارەتە کە کـار بـۆ پیـادە کردنـی ئەمە ئەکـات، لەو دەروازانەی ئەخیـر لەوێ جـێگەی بـۆ بکـرێتەوە بەو شـێوەیە (پەیـڕەو کردنـی ناناوەنـدیەتی لە پرۆسەی خوێندن و پێدانی دەسەڵاتی زیاتر بە بەڕێوەبەرایەتی و دامەزراوە حکومییەکان) لێـرە هەلگیرێ، هەشتەم، لە بڕگەی پێنج ئیشارەتم پێ کرد لێك بدرێ زیادەیە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو کاك راهی.

**بەڕێز راهی راهبەر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی دوو کاك ڕۆمیۆ قسەکانی کـردم پشـتیوانی ئەکەم، بـڕگەی یەکەم و شەشـەم پشتیوانی کاك مەم ئەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو کاك رزگار.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دوو، زمانی کوردی زمانی فەرمییە لە سەرجەم فەرمانگەکان ئێستا ڕوونە ئەو قوتابخـانە ئەهلیانەی رێکلام ئەکەن بـۆ خۆیـان ئەڵـێن زمـانی ئینگلیـزی فەرمیـیە، زمـانی کـوردی خسـتۆتە خەتەرەوە، پێویستە پەرلەمـان و وەزارەتـی پەروەردە پارێزگـاری لە زمـانی کـوردی بـکەن وەکـو نەتەوەکانی تر، چۆن ئێستا ئەو ئاوارە عەرەبانەی لە هەرێمن مەکتەبی عەرەبیان بۆ دابین کراوە، بۆ ئەوەی زمانی خۆیان فێر بن و بیپارێزن، نیو ملیۆن کورد لە بەغـدا هەیە مەکتەبـی کوردییـان نیـیە، بەڵام پێکهاتەکـان مەکتەبـی خۆیـان هەیە خەتەرە، پێویسـتە زمـانی کـوردی نووسـراوە فەرمییە، بەڵام پەرەی پێ بـدرێ، وەکـو ئەو بـرا بەڕێـزانە باسـیان کـرد ئێسـتا هەنـدێ تەلەبە لەو مەکتەبانەن کوردی نازانن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو کاك عەلی.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێـزت شـتێکت وت بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمـان، پرسـیاری جەوهەری مـن بـوو، پێشـتر وا تێگەیشتبووین بەشێکی زۆری ئامانجی ئەو یاسایە ئەوەیە فەراغـی قـانوونی پەروەردە هەیە لە چوارچێوەی ئەو یاسایە رێکی ئەخەینەوە نەك بۆ ئاینده، بەشـێکی لەوانە نـاکرێ، زمـانی کـوردی فەرمیـیە، ئەوە عەمەلـی نیـیە، نـاتوانێ خوێنـدنگایەکی نێـودەولەتی بەشـێکە لە سـەرجەم دامەزراوەکان، نـاتوانێ ئیجبـاری بـکەی، کە مـۆڵەتەکەی وەرگرتـووە نمـوونە بـریج سـکول چـۆن ئیجباری ئەکەی؟ لەو مەرحەلە بڵێی بۆ خوێندنگاکانی سەر بەحکومەتی هەرێم یان لۆکالییەکان، خوێنـدنگا لۆکالیەکـانیش دوو بەشـە، کۆمەڵایەتییەکـان بە کـوردییە، بەڵام زانسـت و بیرکـاری

ئینگلیـزییە، ئەو بـڕگە ئەبـێ ڕێکبخـرێتەوە، پەروەردە و فێرکـردن لە دامەزراوە حکومییەکـان، ئەوانیش لەسەر هەمان سیستەم و میکانیزم نییە، نەك ئەهلییەکان، ئەوەش ئەبێ ڕێکبخرێتەوە، هەندێ مەکتەب هەیە ئەڵێ لە (٩٥) بـۆ سـەرەوە قوتـابی نمـوونەیی وەرئەگـرن، هەر حکومیشـە، هەندێکی بە ئینگلیزی ئەخوێندرێ، تەمانام ئەکرد وابووایە کە لە پێناسەکان هاتبوو، لە سـنووری سـلێمانی بە هەمـووی ئەڵـێ خوێنـدنگا، لە سـنووری هەولێـر بە هەمـووی ئەڵـێ قوتابخـانە، هەر خوێندکار و قوتابی نییە، خوێندنگای کۆدەشتی بنەرەتی، بەپێی ئەو پێناسـە ئەبێـتە قوتابخـانە، خوێندنگای سەرباغی بنەرەتی، لە هەرێمێك بەشێکی خوێنـدنگایە و بەشـێکی قوتابخـانەیە، ئایـا وەزارەت ئەوانە ڕێکئەخاتەوە دوای ئەو قانوونە یان وەکو خۆی ئەبێ؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شادی خان.

**بەڕێز شادی نوزاد وەهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دوو پشتگێری قسەکانی کاك ڕۆمیۆ ئەکەم، بۆ سـێیەم پـێم وایە خـاڵی پێـنج ببێـتە خـاڵی سێیەم، تەسەلسولەکەی بگۆڕێ، بەکارهێنانی تونـدوتیژی جەسـتەیی و دەروونـی هەمـوو جـۆرە جیاکارییەك بە تەواوی پشتگێری کاك رزگار عیسی ئەکەم بۆ ئەو خاڵە، خـاڵی هەشـت، پشـتگیری مامۆستا ئەبو بەکر هەلەدنی و روپاك خان ئەکەم بۆ زیاد کردنی ئەو برگـانەی پێشـنیاریان کـرد و تەسەلسولەکەشی بگۆڕی بێتە خاڵی چـوارەم، شـکۆی مامۆسـتا زۆر لەوە گەورەتـرە لەو بنەمـایە جێگەی بکرێتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا عبدالستار.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی پێنج، قوتابی و خوێندکار بە چەقی پرۆسەی خوێندن هەژمار ئەکرێن، زۆر باسی پەروەردە ئەکەین، ئەی بە چەقـی پەروەردەش هەژمـار نـاکرێ، خـاڵی شـەش، بـاس لە وەرگرتنـی هەر بـڕە پارەیەك ئەکرێ لە قوتابی لە خوێندنگا حکومیەکان قەدەغەیە، ئەی ناحکومییەکان، جگە لەو بڕە پارەی ڕێگەیـان پێـدراوە وەرگـرن بە ڕێنمـایی، وەرگرتنـی هەر بڕێکـی تـر قەدەغە نیـیە؟ چـونکە زانیاریم هەیە و بەڵگەشم هەیە لە هەندێ قوتابخانەی ناحکومی لەبەرامـبەر ئەوەی قوتـابی دوو دەقە و پێـنج دەقە دواکەوتـووە هەر دەقەی هەزار دیناریـان لـێ سـەندووە، دروسـتە؟ ئەبـێ ناحکومییەکانیش هیچ بڕە پارەیەك جگە لەوەی بەرامبەر خوێندن وەریئەگرن قەدەغەیە، شکۆی مامۆستا باسـیان کـرد پشـتگیریان ئەکەن، پـێم باشـە پاراسـتنی شـکۆ و کەسـایەتی مامۆسـتا لە پـڕۆژە یاسـایەك بە وردی بنووسـرێ، یەکێتـی مامۆسـتایانیش گلەییـان هەیە و ئەڵـێن شـتیکمان نـاردووە کـاتی خـۆی رەتکـراوەتەوە و لەو قەزیەش هەر راوێژیـان پـی نەکـراوە، خـاڵی چـوار، زیـادەیە، باسـی پەروەردە و فێرکـردن ئەو یاسـایە بـۆ ئەوانە، چ پێویسـتی بە نووسـینی هەمـان سیستەم و میکانیزم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو گولستان خان.

**بەڕێز گلستان باقی سلێمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕوون کردنەکـا هەی سـەبارەت بە بـڕگەی شـەش، وەرگرتنـی هەر بـڕە پـارەیەك لە قوتابیـان بە مەبەستی خوێندن، لێرە بەحسێ باخچە نەکریە، ئەوانیش لە زمنـی چوارچێـوەی وازارەت نـین؟ ڤێرە بەحسێ هنـدێ کردبـێ کـو بـاخچە چـی پـارە قەدەغەیە، واتە بەحسـی لهەنـدی دا کـو پـارە وەرگێری بۆ هندی خارنا شایستە و وەکو ئێك بۆ قوتابیـان، لبرگـا ئێکـی هـاتبوو خانـدنا حکـومی پارە نایەتە ستاندنێ، ڤێرە دوو هەڤ دژی پەیدا بێتن ل برگا شەش و ماددا نەهێ، مە وەکو لیژنا بڕیاردا وەکوی ماددا نەهێ بێتە لادان، ئەڤە ببتە ڕێنمایی و ژ لایە ئەنجومەنا دیاك و بابان بهێـتە دانان، ب دلێ خۆ بڕە پارەیەك دابێن بکەتن بـۆ خارنـا، دوو پرسیار لایـی کـاك جەلال و مامۆسـتا عثمان هاتیە بەحس کرن، بەرێ چەند ڕۆژا مە کۆبوونەوەك ڕێکخستبوو ل پارێزگـاهێ دهـۆکی ژ لایی پەیوەندیدار ل سەر گواستنەوە قوتابیا و ئەو قۆرغکاریەی هەی ژ لایەك بەشـیك شـوفێران و هندەك ژ ریڤەبەرا، ئەڤ دیاردە بەربلاڤە، وەکو لیژنا ڕێگری بکەین.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شەمۆل.

**بەڕێز شمۆل اشین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی دوو، پشتیوانی قسەکانی کـاك کـاروان ئەکەم، بـۆ خـاڵی شـەش پشـتیوانی گولسـتان خـان ئەکەم، وا ڕێکەوتـین مـاددەی (٩) وەرگرتنـی بـڕە پـارەیەك بـۆ تێچـووی خـواردن وەرگیـرێ، وا ڕێکەوتین ئەو ماددەیە لابرێ، بەڵام دانراوە، پیوێستە خاڵی شەش بەو شێوەیە بێـت (وەرگرتنـی هەر بڕە پارەیەك لە قوتابیان و خوێنـدکاران و کەس و کاریـان لەلایەن قوتابخـانە و خوێنـدنگا و پەیمانگا پەروەردەییە حکومییەکان و باخچەی منداڵانی حکومی قەدەغە بێت، بەپێی ئەو خـاڵە بێت جگە لەوەی قەدەغەیە ئەتوانن لە کەس و کاریـان وەرگـرن بـۆ مەبەسـتی تـر، بە مەبەسـتی خوێندنەکە لابرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ماددەی (٩) کە لانەبراوە، لەبەر ئەوەی لیژنەی یاسایی کۆی پڕۆژە یاساکەی وەکو ئەوەی لە لیژنە هاتووە پەسـندی کـردووە، ئەو تێبینـیە لە ژێـر مـاددەی (٩) نووسـراوە کە لیـژنەی داوای کردووە لابرێ، فەرموو خەدیجە خان.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دوو پشـتگیری ئەو بەڕێـزانە ئەکەم کە پیوێسـتە ئەو بـڕگەیە بگونجێنـدرێ لەگەڵ بـڕگەی یەکی یاسای ژمارە (٥) ی (٢٠١٥) ی یاسای پاراستنی پێکهاتەکان، پشتگیری کـاك رزگـاریش ئەکەم کە سیاغەکەی بە شێوازێکە هەست ئەکەی زمانی کـوردی لەو قوتابخانـانە ناخوێنـدری و ئیهمـاڵ کراوە، ئەبێ لە پاڵ زمانی دایـك زمـانی کـوردی بخوێنـدری، بـڕگەی شـەش، وشـەی قوتابخـانە و خوێندنگاش ئەبێ یەکلایی بکرێتەوە وەکو وشەی قوتابی وخوێندکار وموەحەد بێـت، گولسـتان خان باسی کرد و پرسیارم لا دروست بوو، ئایا باخچەی منداڵان ئاساییە پارە وەرگرێ؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان سەبارەت بە قوتابی و خوێندکار و خوێندنگا و قوتابخانە وەختێکی زۆر لە خۆمان ئەبەین، ڕەئییەك دروست بووە و باشە بۆ ئەو بابەتە، فەرموو مامۆستا نەجاة.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

برگا چاری پەروەردە و فێرکردن ئەگەر بەرێ خۆ بدەیت تەناقوزەك دروست بێ لەگەڵ برگا چلێ ماددی ئێك، چونکە بەحسی پەروەردە و فێرکردن دکەتن بەحسی هەردوو دامەزراوە دکەتن، حکومی و ناحکومی، ڤێرە تەنیا بەحسی دامەزراوی حکومی دکەتن، پرسیار، تیمی وەزارەتی جیاکاری هەیە ل پەروەردە و فێرکردنی ناڤبەرا دامەزراوێت حکومی و ناحکومی، بێتە ئێکلا کرن، ئەگەر بەرێ خۆ بدەی قوتابی هەی دچیتە دوماهیکی نا حکومی خۆ تەحویل دکەتە نا حکومی، بۆچی؟ چونکە حکومی دشێت دەرەجە ب دەست خۆ بێنیت، دبێت تەوحید بێت ما بەینا حکومی و ناحکومی، هەروسا پالپشتیا ئاخافتنا کاك رزگار عیسی و کاك رزگار محمد دکەم کو زمانی کوردی ل دامەزراویت نا حکومی و زانیست ژی پیکڤە ئێك مەترسی دا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك چیا.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ب کورتی خاڵا دووی پیشتەڤانیا کاك رۆمیۆ کاك هیمداد دکەم کوە پیکهاتە تنی بێتە نڤیسین، ئاین بێتە لادان، خاڵا پێنجێ بەحس کرن، خاڵا شەشی وەرگرتنی هەر بڕە پارەیەك قەدەغەیە، راستە بەس وەکو هاڤالا ئیشارەت دا دیتە وەرگرتنی، دبێت سزادان هەبێت و بێتە زێدە کرن، ئەگەر ئەڤ پارە هاتە وەرگرتن سزا چییە؟ ریڤەبەری سزا دەی یان ئیدارییە؟ دبێت لیژنا پەیوەندیدار سزا زیاد بکەت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك هێڤیدار.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دووەم، پشتگیری کاك رزگار عیسی ئەکەین، زمانی ئەلف و بێی عەرەبی و پیتی لاتینی لەسەر زیاد بێ، سێیەم، بەکارهێنانی توندوتیژی جەستەیی و دەروونی هەموو جۆرەکانی جیاکاری و خراپ مامەڵە کردن لە دامەزراوەکان قەدەغەیە، لە زۆر شوێن رسێرچم لەسەر کردووە چارەسەر کراوە، سزای قوتابی نەماوە لە لێدان، بەڵام ئەبێ سزاش هەبێ، ئیشی ناو مەکتەبی پێ ئەکەم، دایك و باوکی بانگ ئەکەم، نابێ هەموو سزایەك لابدەی، جیاکاری، وەزارەتی پەروەردە لێرەیە، قوتابخانە هەیە پۆلی جیا کردۆتەوە، کوری بەرپرس، مامۆستای جیا، بەڵگەش هەیە، ئەبێ وەزارەت ئەوەی نووسیویەتی جێ بەجێی بکات، پیشتگیری وەرگرتنی هەر بڕە پارەیەك بۆ هەموو مەبەستێك کاك زاهیر باسی کرد، خاڵی هەشت، ئەمەوێ لەسەر بوەستین، مامۆستا پێشەنگی سەرەکییە، تکا لە بەڕێزت و وەزارەت ئەکەم مامۆستا باشترین ژیانی هەبێ، نەوە دروست ئەکات، لای کەم هاندانێکی تایبەت هەبێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر محی الدین.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکانی کاك ڕۆمیۆ و کاك ئەبوبەکر هەلەدنی و دکتۆر ڕێبوار ئەکەم، ئەوەی تر پەیوەندی بڕگەی چوار کە باسی پەروەردە و فێرکردن لەسەر هەمان سیستەم و بەها، ئەگەر مەبەست بنچینە فەلسەفییەکانی پەروەردە و فێرکارییە لە هەرێم ناکرێ دوو بنچینەی فەلسەفی پەروەردەیی لە هەرێم پەیڕەو بکەین، پێم باشە ئەو دەقە دابڕێژرێتەوە کە هەم دامەزراوە حکومییەکان و هەم نا حکومییەکان لەسەر هەمان سیستەم وبەها بەڕێوە بچن بەو شێوە (پەروەردە و فێرکاری لە دامەزراوەیی و پەروەردە و فێرکارییە حکومییەکان و نا حکومییە مۆڵەت پێدراوەکان لەسەر هەمان بنچینە و بەها و میکانیزم بەرێوە ئەچێت)، خاڵی کۆتایی، پێم باشە بەو شێوەیە بێ (مامۆستا پێشەنگی سەرەکییە بۆ پەروەردە و هاندانی گیانی فێربوون و داهێنان و گەیاندنی زانیاری و توانستە جۆرا و جۆرەکان بە قوتابیان و خوێندکاران و مافی پەرەپێدان و ڕێزگرتن و ژیانی شایستەی بەردەوامی هەیە)، وەرگرتنی پارە لە شەشەم، پشتگیری ڕای کاك مەم ئەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر شێرکۆ.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفى :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دووەم، پێناسەی دامەزراوە بە گشتی هاتووە، بەڵام پێویستە تەحدید بکرێ زمانی کوردی فەرمییە لە سەرجەم دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکردندا، وشەی قەدەغە لە دوو بڕگە هاتووە ئەگەر بکرێ بەرێ پێ نەدراوە جوانترە، بڕگەی چوار وحەوت، وا ئەبینم ڕێك پێچەوانەی یەك بن، چونکە لە چوارەم باس ئەکرێ یەك سیستەم، لەحەوتەم باسی ناناوەندی ئەکات، واتە بەڕێوەبەڕایەتییەك بۆی هەبێ تایبەتمەندی خۆی ڕەچاو بکات، یەك سیستەم بێ لەولاش ئەڵێ سیستەمی ناناوەندی بەکار ئەهێنی، ئەبێ ڕوون بکرێتەوە بۆ نموونە لە بواری کارگێڕی و دارایی و ناناوەندییە، بەڵام لە بواری مەنهەج هەمان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سیپان.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددی ئیکی و هەشتی پشتگیریا موژدە خان و ئەبو بەکر هەلەدنی و ست هەلەزی دکەم، ل چارەم، پەروەردە و فێرکردن لە دامەزراوە حکومییەکان لسەر هەمان سیستەم و بەها، ڤێری پرسیاری دکەم، چ هەمان میکانیزم، لە ناو هەمان کابێنە بن لسەنتەری باژێری، مامۆستا وانەبێژ بن، بێریزی بەرامبەر مامۆستا بێت ودەست درێژی لسەر بێتە کرن و وەزارەتا پەروەردەیا بێ دەنگ بێتن، خاندنگا لناڤا ئاخیدا بێتن و (٤٠) قوتابی ل ژورەکا بێتن، ئەڤەیە؟ پیتڤیا لسەر میکانیزمەکی سەردەمیان وەزارەتی پەرەوەردی یاسایی خۆ داریژیتن، خاڵا شەش، بەحسێ

وەرگرتنا بڕەك پارە كردی، ئەڤە بوویە دیاردەیەكی بەرچاڤ ناڤ خاندنگاها، ئەڤەش بۆ سیستەمی پەروەردەیی سەقەتە، نەشیتن خزمەتگوزاری شایستە دابێن بکەتن، مامۆستا ناچارە گێرفانا خۆ خزمەتگوزاری دابێن بکەتن مەعاشی خۆ دوو هەیڤا جارەکی دیتە دان، یان بۆ هەر پێداویستەکی خوێندنگا ناچارن وەرگرن بۆ پرۆسە پەروەردەیی، خالا هەشتی، مامۆستا پێشەنگی سەرەکیە، ڤێری پێم باشە شکۆی مامۆستا بێتە پاراستن و بچاڤەکی مەزنتر تەماشا بکەن، مە دیت هەرەشا لسەر مامۆستا هاتیە کرن، ئەگەر پارێز بەندی هەبێتن زۆر باشە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووو گوڵستان خان.

**بەڕێز گوڵستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕگەی یەك و دوو و چوار و سێیەمیش پێویستە ئاماژە بە دامەزراوە حکومییەکان ئەدرێ وشەی پەروەردەیی بۆ زیاد بکرێ، دامەزراوە پەروەردەییە حکومییەکان، باسی زمانی کوردی، پێم باشە وای لێ بکرێ، زمانی کوردی زمانی فەرمی خوێندنە لە سەرجەم دامەزراوە پەروەردەییەکان جگە لەو دامەزراوانەی بۆ پێکهاتەکانە، پێکهاتەکانیش ئاماژەیان پێ دراوە و نەتەوەیەکی تریشی بۆ زیاد بکرێ کە خوێندن بەزمانی دایك بێت ومەرجە زمانی کوردیش بخوێندرێ، خاڵی سێ، بەکارهێنانی توندوتیژی زارەکیشی بۆ زیاد بکرێ، چونکە نادروستە، خاڵی پێنج، قوتابی و خوێندکار بە چەقی فێرکردن و پەروەردە، خاڵی هەشت لەگەڵی کە مامۆستاش پیشەنگی سەرەکییە و ئەرکییەتی کاری پەروەردەیی بۆ فێرخوازان و گەیاندنی زانیاری و توانستە جۆراو جۆرەکان بە قوتابیان بگەیەنێ و شکۆی مامۆستا پارێزراو بێ، وەرگرتنی پارە، وشەی باخچەش زیاد بکرێ، ئەو پابەند بوونە بۆ پەیمانگا پەروەردەییە حکومییەکان نەبێت ناحکومیش بگرێتەوە، خاڵی حەوت، وەزارەت شێوازی ناناوەندییەتی پەیڕەو بکات لە ئیداری و داراییی بە مەبەستی دەسەڵاتی زیاتر بە بەڕێوەبەری دامەزراوە پەروەردەییەکان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووو شرین خان.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕگەی دوو قسەکانم کرا، پشتگیری کاك مەم و کاك رزگار و کاك عەلی و دکتۆرە شایان و گولستان خان ئەکەم، بڕگەی سێ، بەکارهێنانی توندوتیژی، لە کاتێکدا ئەبینین سزادانی خوێندکار و لێدان و شکاندنەوە و جیاکاری و جێاوازی کردن بوونی هەیە، بڕگەی شەش ئەڵێ وەرگرتنی بڕە پارەیەك بە مەبەستی خوێندن قەدەغەیە، زۆرجار لە ناوەندەکانی خوێندن ئەبینین بۆ پڕ کردنەوەی پێویستی و کەموکورتی قوتابخانە، ڕەنگە ئیجباریش بێت، ئەمەوێ ئەو پرسیارە بکەم سەبارەت بە بڕگەی شەش و س وشەی قەدەغە هەیە، چۆن موعالەجە ئەکرێ ئەگەر بەردەوام بوون سزا هەیە یان نا؟ بڕگەی حەوت، کار پۆ پیادە کردنی شێوازی ناناوەندی ئەکات، پێم باشە بکرێ بە پێویستە وەزارەت بنەمای ناناوەندی بچەسپێنی و دەسەڵاتیش دیاری بکری و فراوان بکرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
فەرمووو کاك جەمال.
**بەڕێز جمال حويز مصطفى :**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
بـڕگەی یەکەم، هەرچەنـدە بەڕێـزت ڕوون کـردنەوەت دا، بەڵام چـونکە نووسـراوە سـەرجەم دامەزراوە حکومییەکان، حکومەت دەیان دامەزراوەی هەیە، پێویستە بڵێین سەرجەم دامەزراوە فێرکـاری و پەروەردەیـیە حکومییەکـان، بـڕگەی دوو، پشـتیوانی دکتـۆر ڕێبـوار ئەکەم، بـڕگەی هەشت، پشتیوانی مامۆستا ئەبو بەکر ئەکەم، بڕگەی حەوت، پشتیوانی کاك مەلا ناصر ئەکەم.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
فەرمووو سەوسەن خان.
**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
بـڕگەی یەك، ئەڵـێ فێربـوون مـافیکی بە خـۆڕاییە، ئەوە دژ یەکە لەگەڵ مـاددەی (٩) کە ئەڵـێ پێویسـتە جـۆر و تیچـووی خـۆراك لە بـاخچەی منـالانی حکـومی بـۆ خـۆراك کە ئەنجـومەنی بەخێوکار، ئەوە دژە، ئەگەر ڕوون کردنەوە بدەن، بڕگەی دوو، پشـتیوانی ئەو بەڕێـزانە ئەکەم کە زمانی کوردی ڕەسمیە، پێویستە پێکهاتەکان لە پاڵ زمانی کوردی زمانی خۆیان بخـوێنن، بـڕگەی چـوار، پەروەردە و فێرکـردن لە دامەزراوە حکومییەکـان لەسـەر هەمـان سیسـتەم و بەهـا، کـام سیسـتەم و بەهـا؟ ئەگەر بـۆ دامەزراوە ناحکومییەکانیشـە پێویسـتە لە پـاڵ حکومییەکـان ناحکومییەکـانیش ئیـزافە بکـرێ، بـڕگەی هەشـت، پـێم باشـە لە کۆتـایی بەو شـێوەی لـێ بکـرێ (مامۆستا پیشەنگی سەرەکییە بۆ پەروەردە و هانـدانی گیـانی فێربـوون و داهێنـان و گەیانـدنی زانیاری و توانستە جۆراوجۆرەکـان بە قوتابیـان، پێویسـتی بە گەشەسـەندنی بەردەوامـی خـۆی هەیە، سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
فەرمووو دکتۆرە گەلاویژ.
**بەڕێز گلاويژ عبيد عثمان :**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
دەست خۆشی لە بەڕێزان ئەکەم، پـێم خۆشـە ڕوون کـردنەوەیەك بـدەم، لێـرە باسـی پرۆگرامـی خوێنـدنە نەك زمـان، کە بـاس ئەکەن زمـانی کـوردی بخوێنـدری لە دامەزراوە حکومیەکـان و نیودەوڵەتیەکـان، لە مـاددەی (١٢٦) لە چـوارەم هەیە، ئەڵـێ زمـانی کـوردی ئەبـێ لە هەمـوو دامەزراوە ناحکومییەکان بخوێندرێ، مەبەست پرۆگرامی خوێندنە، لە دووەم پێم باشـە (زمـانی کوردی زمانی فەرمی پرۆگرامەکانی خوێندنە لە سەرجەم دامەزراوەکان جگە لەو دامەزراوانەی تایبەتن بە پێکهاتە وەکو (تورکمان و سریان و ئاشوور و کلدان و عەرەب کە خوێنـدن تیایانـدا بە زمانی دایك ئەبێ و ئەو دامەزراوانەی بە پێی حکومەکانی ئەو یاسایە مۆڵەتیان پـێ دراوە کە بە زمـانیکی تـر بخـوێنن)، باسـیان کـرد خوێنـدنگاکان چـۆن ئەبـێ بە زمـانی ئینگلیـزی، مۆڵەتیـان وەرگرتـووە بە زمـانیکی تـر بخـوێنن، شەشـەم، وەرگرتنـی هەر بـڕە پـارەیەك، ئەو ماددەیەمـان هەلگرتبوو وەکو ڕەئی هەموومان، هەشتەم، مامۆستا پێشەنگی سەرەکییە، ( هینـری) ئەڵـێ پـێم

وایە مامۆستا ئەوەندە کاریگەرە بەخۆشی نازانی کەینی کاریگەری و هۆکارەکانی تەواو ئەبێ لەسەر قوتابی، پێویستە شایستەترین ژیانی هەبێ، پێم باشە بڕگەیەکی تر زیاد بکەین، نۆیەم بۆ ئەوەی گۆڕانێك لە پەروەردە و فێرکردن ڕوو بدات مەرجە هەموو قوتابخانەکان هەمان هەلومەرجێ ستانداردی نیودەوڵەتی زانستی بیانگریتەوە، لەهەمان کاتیش هەریەکیان خاوەنی ئەجێندا و بەرنامەی کەلتووری تایبەت بە خۆیان بن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك مسلم.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، ڕایەکان لەسەر یاسایەکی گرنگە، پشوو درێژ بن، ئەمانەوێ پڕۆژە یاساکە دەوڵەمەند بکەین، بڕگەی دوو، زۆربەی ئەندامان هاوڕا بوون لەسەر ئەوەی زمانی کوردی لە قەیرانە، لە داهاتوو کاریگەری بەدەر ئەکەوێ، ڕۆژ بە ڕۆژ قوتابخانە ئەهلییەکان لە زیاد بوونن و ڕێکلامیشی بۆ ئەکەن ئەو ڕستانە دووبارە ئەکەنەوە کە فێری زمانی ئینگلیزی بوون، کارەساتە، بەشی ئەخیر ئەڵێ ئەو دامەزراوانەی بەپێی حوکمەکانی ئەو یاسایە مۆڵەتیان پێدراوە بە زمانێکی تر بخوێنن، پێم وایە ڕێخۆشکردنە ئەبێ لابرێ، بڕگەی شەش، وەرگرتنی بڕە پارەیەك، ئەو بابەتە بوونی هەیە، بەڵگەی ئاشکرا هەیە بە مەبەستی کڕینی پێداویستی قوتابخانە، ماوە، ماوە بەڕێوەبەرایەتییەکان وەرەقە ئەنێرنەوە و داوای پارە ئەکەن بۆ پێداویستی قوتابخانە، پێویستە باخچەی ساوایانیش دابنرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر اسماعیل، ئەو ئەندامە بەڕێزانە قسە لەسەر ئێوە ئەکەن، کە ڕاپۆرتتان وایە، ئەبێ جوابیان بدەنەوە.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە دامەزراوە هاتیە چار جارا، پێتڤیە بێتە دامەزراوەی پەروەردەیی، دوو، پشتەڤانیا مامۆستا ئەبو بەکری دکەم، سێ، خالا دوێ پشتەڤانیا مامۆستا رۆمیۆ و خوشکا کلارا خان دکەم، وەکو سالا (٢٠٠٥) (کلدانی و ئاشوور و عەرەبێ) هاتییە، خالا چارێ، نە گەلاکا وازیحە، هەمان سیستەم و بەها، پرسیار هەی، مەخسەد چییە؟ بەڕێزت وتی قوتابی و خوێندکار دووبارە نەکەن، دبێت بێتە چارەسەر کرن، خالا شەشی پشتگێری کاك شیخ زاهر و کاك هیڤیدار، ئیزافەك هەبێت بۆ هەر مەبەستەك هەبێت، بێتە دیاری کرن بۆ هەر مەبەستا هەبێتن، خالا هەشتی، پشتەڤانیا وان خوشك و برا دکەم گوتی حورمەت و ڕێزا مامۆستا بێتە گرتن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەدریە خان.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش تێبینیم لەسەر خاڵی دوو، پرسیار، ئایا ئەوە پێچەوانەی ئەو یاسایە نییە کە لە خوێندنە ئەهلییەکان بە ئینگلیزییە یان زیاتر گرنگی بەو لایەنە ئەدرێ، بۆ خاڵی سێ، هاوڕای گولستان

خـانم، وشـەی زارەکـی بـۆ زیـاد بکـرێ، خـاڵی شـەش، وەرگرتنـی پـارە، بـۆ ئەوەی کـات نەڕوا، خوێندنگاکان زۆر جار غەرامە هەیە، هاورێیانم باسی پێداویستیان کرد، بە نووسـین و داواکـاری لەلایەن قوتابی یان دایك و باوکی قوتابی، بۆیە پێم باشە کە ئەوترێ وەرگرتنی هەر بڕە پارەیەك بێڵێن بە مەبەستی خوێندن و هەر پێداویسـتیەکی قوتابخـانە و بـاخچەی ساوایانیشـی بـۆ زیـاد بکرێ، خاڵی هەشت، جەخت لەسەر ئەوە ئەکەمەوە، شکۆی مامۆستا پارێزراو بێت، گرنـگ بـو بە ماددەیەك باسی پێگەی مامۆستا بکرایە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەیەك هەیە تایبەتە بە پرەنسیپە گشـتییەکانە، کـۆی یاسـاکە بخـوێننەوە، فەرمـوو سـەرچنار خان.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەڵێم ئەو ماددەیە و ئەو یاسایە بۆیا ئەوا گەورەیە زۆر شتی تێدایە دووبارەیە، باسـی بنەمـا گشـتییەکان ئەکەن هـاتووە، لە ماددەکـانی دواتـر بـۆ تەلەبەی بـاخچە هـاتووە، بـۆ بنەڕەتـی و ئامادەییش هاتووە، (٢٠) ماددە هەر زیـادەیە، ئەکـرێ لە داڕشـتنی داهـاتوو مـاددەیەکی گشـتگیر هەمـوو بنەماکـانی تێـدابێ، خـاڵی تـر، لەو هەشـت خـاڵە، ئـیمە دەسـتوورمان هەیە، سیسـتەمی حوکمی دیاری کـردووە، خـاڵی یەك ئەڵـێ خوێنـدن بە خـۆڕاییە، مـاددەی (٣٤) بـڕگەی (٢) باسـی بڕگەی یەکی کردووە، ماددەی (٤) بڕگەی (١) خاڵی دووەمی بـاس کـردووە، مـاددەی (٢٩) بـڕگەی (٣) چوارەمی باس توندوتیژی کردووە، دەستەواژەی دامەزراوە حکومییەکان لە بـڕگەی (١٩، ٢٠) کراوە، باسی دامەزراوە کـراوە، بەڵام پەروەردە و حکـومی، باسـی نـا حکـومی نەکـراوە، ئەبـێ لە دامەزراوە حکومییەکان لێرە هاتووە بگەڕێنەوە بـۆ پێناسـەی پێشـوو، دامەزراوەی پەروەردەیـی حکومی و دائەنێن، پێشنیاریشم بـڕگەی هەشـت باسـی مامۆسـتایە بێـتە پـیش بـڕگەی پێـنج کە باسی قوتابییە، مامۆستا باس بکری لە بڕگەی پێنج باسی قوتـابی بـێ، بـڕگەی شـەش، هـیچ بـڕە پارەیەك وەرناگیرێ، ئەگەر بە مەبەستی خزمەتگوزاری بوو؟ بـڕگەی حەوت، حەز ئەکەم تەوزیـح بدرێ ئایا ئیدارییە یـان کـارگێرییە؟ ئـێمە مەبەدەئـی تەدەروجـی قانوونیمـان هەیە، دەسـتوور و بڕیارمـان هەیە، لە ئەخیـر تەعلیماتمـان هەیە، نـابێ دژی یەك بـن و ئەگەر پێویسـتی بە قـانوون هەبێ دائەنرێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لەبەر ئەوەی دەستووری هەرێممان نییە، دەستووری عێراق هەیە، راستە لێرە جێ بەجێ ئەکرێ، ئەو مەبادیئە دەستوورییانەی هاتوون بۆ مەجالێکی دیـاری کـراو لەنـاو قـانوون بە مەرجـێ دژی یەك نەبن تەفصیلی پێ بدرێ، نابێ بڵێین لە دەستوور هەیە و لێرە باس نەکرێ، فەرمووو مـاددەی چوار. ئەگەر ئەتەوێ وەکو لیژنە وەڵامت هەبێ بۆ ئەندامانی پەرلەمان ئەبێ لێرە بێت، فەرمووو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئیزافەی باشتان کرد، هەول ئەدەین جێیان بکەینەوە، لەسەر کۆی یاساکە سەرچنار خان وتی یاساکە دوور و درێژە، یەکی لە تێبینی ئێمە ئەوەیە ئەو قـانوونە زۆر درێـژە، دووبـارەی زۆر تێـدایە و پێویسـت نیـیە، بەڵام توانـای مـنیش سـنووردارە، یەکـێ لە تێبینـی مـن ئەوەیە ئەگەر

ئەندامی بەڕێزی لیژنە لەسەر هەموو ماددەیەك قسە بکەن منیش قسە ئەکەم، چونکە تێبینی زۆرم هەبووە و جێ نەکراوەتەوە، بەڵام ئیحترامەن کە ڕاپۆرتێك ئامادە ئەکرێ ڕێزی لێ ئەگرم، ئەگەرنا ئەو ماددانەی تێبینیم هەیە لەسەری وتوومە قسەی لەسەر ئەکەم، ناکرێ هەموویان ئەو تێبینیانەی هەیان بووە جارێکی تر بیلێتەوە، لەسەر زمان، بەشێکی زۆری کۆك بووین لەسەر ئەوەی زمانی کوردی کەلتووری ئێمەیە، لەبەردەم مەترسی گەورەیە، ئەرکی سەرەکی ئێمە ئەو لیژنە و ئەو قانوونەش ئەبێ پارێزگاری کردن بێ لە شەرەفی ئێمە کە زمانمانە، ئەبێ زمانی کوردی ڕێزی لێ بگیرێ، وەکو خاتوو گەلاوێژ ئاماژەی پێدا لە ماددەکانی تر ئەوە بە ڕوونی ئەبینن، تێبینیەکی تری عامیش، من وەکو ئەندامی لیژنە هەستم کردووە بەشێکی زۆری ئەندامانی بەڕێز کە قسە لەسەر قانوونەکە ئەکەن جوان دیارە تا کۆتایی نەیانخوێندۆتەوە، چونکە هەندێ وەڵامی پرسیاری خۆیان دەست ئەکەوێ ئەگەر تا کۆتایی بیخوێنەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ماددەی چوار.

**بەڕێز گلاوێژ عبید عثمان :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوەری سێیەم/ بنەما گشتی و هاوبەشەکانی پەروەردە و فێرکردن:

ماددەی چوار:

١ - فێرکردن و گەشە پێدان و بنیاتنانی نەوەیەکی بەهرەمەند بە زانست.

٢- بنیاتنانی تاکی هۆشیار کە شانازی بە نیشتیمان و کەلتووری کوردستانی خۆی بکات و لە بنیاتنانی وڵاتەکەی دا بەشدار بێت.

٣- پەرەپێدانی بەهاکانی دیموکراتی ئاشتی و پێکەوە ژیانی ئاشتییانە و یەکسانی نێوان ڕەگەزەکان و ڕێزگرتنی ئاینەکان و ئازادی تاك و مافەکانی مرۆڤ و پاراستنی ژینگە.

٤- گەشەپێدانی توانستەکانی قوتابی و خوێندکار تا ببن بە هاونیشتیمانییەکی خوێندەوار و داهێنەر و هاوچەرخ و چالاك و خاوەن هۆشیاری کەسایەتی سەربەخۆ کارکردن بۆ ئەوەی فێربوونی بەردەوام بە درێژایی تەمەن ببێتە بەشێك لە فەرهەنگی ژیانیان.

٥- گەشەپێدانی توانای نەوەکان بۆ ئامادە کردنیان تا بەشداری لە ژیانی گشتی کۆمەڵگا و بازاری کار و پێشکەوتنی هەرێمدا بکەن.

٦- ئامادە کردن و هاندانی قوتابیان و خوێندکاران تا بەردەوام بن لە خوێندن لە قۆناغی بەرزتر دا.

٧- گرنگیدان بە پەروەردەی وەرزشی و هونەری و جەستەیی قوتابیان و خوێندکاران.

٨- کارکردن بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری و ڕەخساندنی هەلی فێربوون و گەڕاندنەوەی دابڕان بۆ ناوەندەکانی خوێندن.

٩- هێنانە ئارای کۆمەڵگایەك کە بڕوای بە ئاوێتە کردنی پەروەردەیی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت هەبێت بەپێی بنەماکانی یەکسانی بۆ ئەوەی فێرکردنێکی ئاست بەرزیان بۆ دابین بکرێ.

١٠- بەهێزکردنی تواناکانی قوتابیان و خوێندکاران بۆ بیرکردنەوەی زانستی ئەنجامدانی توێژینەوە و تاقی کردنەوەکان بە بەکارهێنانی سەرچاوەی زانستی و تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو.

١١- هەوڵـدان بـۆ راهێنـانی قوتـابی و خوێنـدکار لەسـەر شـێوازە هاوچەرخەکـانی خوێنـدن و پەرەپێـدانی توانسـتی پیشـەیی خوێنـدکاران و ئامـادە و مەشـق پێکردنیـان بە ئاراسـتەی خۆگونجاندنی تواناکانیان لەگەڵ پیشەیەکی دیاری کراوی پێویست لە بازاری کاردا.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت لەسەر ماددەی (٤) قسە بکەن ئەم بەڕێزانەن، کاك (رزگار)، (گلیزار) خان، کاك (د.زیدان)، کاك (جلال)، کاك (چیا)، مامۆستا (ابوبکر) کاك (مەم برهان)، کاك (د.اسماعیل)، (هلز) خان، (سەرچنار) خان، کاك (دیاری)، کاك (د.محی الدین)، (مژدە) خان، کاك (نزار)، (لیزا) خان، کاك (هیمداد)، مامۆستا (نجاة)، (شنۆ) خان، کاك (ذکری)، مەلا (هەورامان)، (بدریە) خان، کاك (بەڵێن)، (روپاك) خان، (شیرین) خان، کاك (گۆران)، (د.شایان)، (بدریە) خان، فەرموو.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنـاوی خـوای بەخشـندەی میهرەبـان، سـەبارەت بە مـاددەی (٤) بـڕگەی دووەم بنیادنـانی تـاکی هۆشـیار کە شـانازی بە ئـاین و نیشـتمان و کلتـووری کوردسـتانی خـۆی بکـات و لە بنیادنـانی وڵاتەکەیدا بەشداربێت، بە ئاین و نیشتمان (ئاین)ی بۆ زیاد بکرێـت، سـەبارەت بە خـاڵی سـێیەم پەرەپێدانی بەهاکانی پـێش دیمـوکراتی پەروەردەی ئیسـلامی دیموکراسـی و ئاشـتی و پـێکەوە ژیانی ئاشتییانە لە بری یەکسانی چەسپاندن و دادپەروەری بۆ زیـاد بکرێـت، سـەبارەت بە خـاڵی چوارەم گەشەپێدانی توانستەکانی قوتابی و خوێندکار تا بـبن بە هاونیشـتمانییەکی خوێنـدەوار داهێـنەری هـاوچەرخ، چـالاك خـاوەن هۆشـیاری، کەسـایەتی سـەربەخۆ کـارکردن بـۆ ئەوەی فێربوونی بەردەوام بەدرێژایی تەمەن ببێتە بەشێك لە باتی فەرهەنگ ببێـتە (خولیـای ژیانیـان)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (ذکری)، فەرموو.

**بەڕێز ذکری احمد اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بنـاڤێ خـودێ مەزن و دلۆڤـان، مـاددا (٤) مـن پـێم باشـە خـالا یەك و دوو بـکەنە یەك خـاڵ بەم شێوەی لێبکرێت، یەکەم فێرکردن/ فێرکردن و گەشەپێدان و بنیادنانی نەوەیەکی بەهرەمەنـد بە زانست و تاکەکی هۆشیار کە شانازی بە نیشتمان و کلتووری کوردەواری خۆی بکات، هەرچەنـدە برادەران بەحسێ مامۆستایەکی براستی مامۆستا شەرحەکا گەلەکا مهمە...

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددە (٤) کاك (ذکری).

**بەڕێز ذکری احمد اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم باشە ژیانەکا شایستە بۆ مامۆستایی بێتە دابین کرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، پابەندی ماددەکە بن بەڕێزان، کاك (بەڵێن)، فەرموو.

**بەڕێز بەلێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی یەکەم، فێرکردن و گەشەپێدان و بنیادنانی نەوەیەکی بەهرەمەند بە زانست و پەروەردە، (پەروەردە)کە زیاد بکرێت، چونکە هەدەف لە ئامانجەکە لە تەواوی یاساکە زیاتر پەروەردەیە وەك لە فیرکردن، بڕگەی پێنجەم لەگەڵ بڕگەی یازدەهەم ئەگەر بخوێنینەوە گەشەپێدانی توانای نەوەکان بۆ ئامادەکردنیان تا بەشداری لە ژیانی گشتی کۆمەڵگا و بازاڕی کارو پیشکەوتنی هەرێمدا بکەن، یازدەهەم هەوڵدان بۆ راهینانی قوتابی و خوێندکار لەسەر شێوازە هاوچەرخەکانی خوێندن و پەرەپێدانی توانستی پیشەیی خوێندکاران و ئامادە و مەشق پێکردنیان بە ئاراستەی خۆگونجاندنی تواناکانیان لەگەڵ پیشەیەکی دیاریکراوی پێویست لە بازاڕی کاردا، یەعنی هەر یەك ئامانجی هەیە، یەك هەدەفە، یەك داڕشتنە یەك بخرێ، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (د.اسماعیل)، ناومان خوێندیتەوە لێرە نەبووی، (د.محی الدین)، فەرموو.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٤) بڕگەی سێیەم پێشنیاری ئەوە دەکەم کە یەکسانی نێوان رەگەزەکان بکرێتە (یەکسانی رەگەزیی)، لەتەکیدا وشە (لێبوردەیی) بۆ زیاد بکریت، لە هەمان کاتدا خاڵی سێیەمیش دیسان باس لە پەرەپێدانەکەی لابدرێت بکرێتە (راهێنان و کارکردن بۆ چەسپاندنی بنەماکانی دموکراتی و ئاشتی و پێکەوە ژیان و هتد) لەگەڵ ئەوەی (کاری بەکۆمەڵ و گیانی لێبوردەیی) ئیزافە بکرێت لەو بڕگەیەی، ئەوەی تری پەیوەندی بەوە هەیە کە بڕگەی چوارەمە ئاخیر دێری نووسرایە بۆ ئەوەی فێربوونی بەردەوام بەدرێژایی تەمەنی، قوتابی یان خوێندکار لە قۆناغی بنەڕەتی کە دەکاتە سێی ئامادەیی بەدرێژایی تەمەنی هەر لەو خوێندنگەیەی نامێنێت، بۆیە بەدرێژایی تەمەنی ناکرێت، پێم وایە ئەوە زیادەیە ئیزافەیەکی لێ ئەوە دەکەین، پێم وایە بەدرێژایی تەمەنی لابدرێت دەستەواژەیەکی زیادە، بڕگەی یازدەهەم ئەوەیە پێشنیاری یەکەم بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە (کارکردن بۆ راهێنانی قوتابیان و خوێندکاران لەسەر شێوازە هاوچەرخەکانی خوێندن وە پەرەپێدانی زانستی بە زانیاری ئەوتۆ بتوانی بە دەنگ پێداویستییەکانی کۆمەڵگا و رۆژگاری ئەوتۆ پشت بەستێ بە پەیڕەکردنی شێوازی زانستی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان)، پێشنیاری ئەوە دەکەم بڕگەیەك زیاد بکرێت بە زنجیری دوازدە بەو شێوەی لێبکرێتەوە (دەستەبەرکردنی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی بە ئاراستەی کاری بەرهەمهێن و دەستپاکی، راستگۆیی، بڕوابەخۆبوون، هەڵسوکەوتی دروست بەرامبەر فێرگە و مامۆستا و پرۆسەی پەروەردە، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك (رزگار عیسی سوار)، فەرموو.

**بەڕێز رزگار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مـاددەی (٤)، فەقەرەی دوو (مێـژوو) زیـاد بكـرێتن، بنیادنـانی تـاكێكی هۆشـیار كە شـانازی بە نیشتمان و كەلتوور و مێژوو بكاتن، گەلەك كە مێژووی نەبیتن، كەلتووریشـی نـابیتن ئەو گەلەش كە مێژووی خۆی نەناسی رەگ و ریشەی كوتال نابیتن لەو خاك و نیشتمانە، لە فەقەرەی سـێیەم یەكسانی لە فەقەرەكانی پێشتریش گوتمان بكرێتە دادپەروەری، لە ماددەی چوارەم، دێری سێیەم كە باس دەكـرێتن بـۆ فێربـوون داهێنـانی لـێ زیـاد بكـرێتن ببیـتە بەشـەك (فەرهەنـگ) لابـرێتن بكرێتە پرەنسیپوو بنەمـای ژیـانی، لە بـڕگەی پێـنجەم هەمـووی نـاخوێنمەوە، بەڵام بەم شـێوەی لێبكرێت (گەشەپێدانی توانای قوتابیان بۆ ئامادەكردنیان وەك بیرمەند و داهێنەر تـا پێشـەوا بـی لە ژیانی گشتی و كۆمەڵگا وە پێشكەوتن لە جیهان و هەرێمی كوردستان)، مـاددەی (٦) هەرێمـی كوردستان و ئەم دێرەشی لێ زیاد بكرێتن (بەجۆرەك كە جیهان پشت ببەستیتن بە هێز و ئاستی زانسـتی و توانـایی كـاری قوتابیـانی هەرێمـی كوردسـتان) داواش لە هەمـوو ئەنـدام پەرلەمـانە بەڕێزەكان دەكەم ئەم یاسایە ببیتە ئەوەی قوتابیانی هەرێمی كوردسـتان بـازاڕی جیهـانی داگیـر بـكەن هەم لە رووی زانسـتییەوە هەم لەڕووی توانـا، مـاددەی شەشـەم بەم جـۆرەی لێبكرێـت (هاوكاری و زەمینەسازی ماددی و مەعنەوی و دەروونی و جەستەیی بۆ قوتابیـان بـۆ خوێنـدنی بەردەوام و بەرزتر، بڕگەی حەوتەم، گرینگیدان پەروەردەی وەرزشـی و هـونەری و دەروونـی لـێ زیاد بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك (جلال)، فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە بـڕگەی پێـنجەم و شەشـەم پشـتگیری وتەكـانی كـاك (ڕزگار عیسـی سـوار) دەكەم دەمەوێـت لەسەر ماددەی حەوتەمـیش قسـە بـكەم بەڕاسـتی گرینگیـدان بە پەروەردەی وەرزشـی هـونەری جەستەی قوتابیان، ئێمە لە كۆنەوە هەمووومان كە قوتابی بوین ئەوەی جیلی منە بەبیری دێت لە ئیستیفاف رادەگیراین و نەشیدی نیشتمانی و چەندین جموجۆڵی وەرزشی بە ئێمە دەكرا ئێسـتا بەداخەوە لە هەمـوو وڵاتـانی جیهـانیش سیسـتەمە لە قۆنـاغی بنەڕەتـی را هەموویـان جـودا دەكردنەوە كامە بۆ باسكە باشە، كامە بۆ بالە باشە، كـامە بـۆ تـۆپێ باشـە، كـامە بـۆ هونەرەكـانی جەنگی باشە، كەچی لە وڵاتی خۆمان زۆربەی زۆری كە دەگاتە بنەڕەتی و دواناوەندیش دەرسـی وەرزش، هونەر دەرێن بابدرێتە (كیمیا)ی، بدرێتە (فیزیا)ی، ئەورۆ بـا نەخوێنـدرێت، باشـە چـۆن ئێمە دەتوانین ئەو جیلە پێ بگەینین لەبواری وەرزش و هونەر كە ئەورۆ دوو چەكی كاریگەرە لە ئاستی دونیـا هەمـوو وڵاتـان بە هـونەر و وەرزش.. بەتـایبەتی وەرزش، كەچـی ئـێمە دەرسـەكان فەرامۆش دەدەینە ماددەكانی تر، بەڕاستی زۆر گرینگە هەر قوتابی لە سەرەتا لە بنەرەتـی ئەگەر گرینگی بە وانەی وەرزش و بە هـونەر بـدریت بە صـەراحەت سـەلیقەی دەبێـت بـۆ خوێنـدنیش،

توانایەکی باشی دەبێت، مێشکی لەڕووی دەروونییەوە ئارام دەبێت بۆ ئەوەی لەڕووی وەرزش و هونەرییەوە بەرەوپێش بچێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (چیا)، فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیەکی لسەر ماددا (٤)، خالا (٣)ە بەهاکانی دیموکراتی لڤێرێ بکرێتە (دیموکراسی) ئاشتی و پێکڤە ژیان ئەڤە بەشەکە ژدیموکراسی پێویست ناکات، رێزگرتنا ئاینی هەر بەشەکە ژدیموکراسییە، ئازادیێ تاك و مافی مرۆڤ ژبەشەکە ژدیموکراسی، کورتر بێتە کرێنێ، هەروەسا خالا (٥،٦،٧،٨،٩،١٠،١١) خالەکی زۆر زۆر تیکرارینە من پێ باشە تەخلیصەك بێتە کرنێ چونکی ئەڤ هەشت خالا هەموو لسەر بەهێزکرنی توانای قوتابییە یەك بوارێ وەرزشییە، بوارێ ژیانێیە، بوارێ پێداویستی تایبەتە، بۆیە ژپێویست هەشت خالا ناکەت، ئەم دشێین ڤی هەشت خالا بکەینە یەك خال، بەس وەکو مەسەلەن وەرزش و هونەری، پێداویستیێ تایبەت، قوتابیی و بەهێزکردن بەم شێوازێ هەتا دوماهیێ، مەشقکردن، بۆچی ئەم دهەشت خالا بنڤیست، ئەم دشێین یەك خالێ ئیشارەتا ڤان خالا بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (نزار)، فەرموو.

**بەڕێز نزار مەلا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ئامانجە گشتی و هاوبەشەکانی پەوەردە و فێرکردن لە ماددەی (١) یەکەم فێرکردن و گەشەپێدان و بنیاتنانی نەتەوەیەکی بەهرەمەندو بە زانست، پێم باشە وشەی (پەروەردە)ش لە پیش (فێرکردن) زیاد بکرێت، لە ماددەی (٢) پشتگیری لە کاك (رزگار) دەکەم سەبارەت بە وشەی (مێژوو) لە پێش وشەی (نیشتمان) زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

(لیزا) خان، فەرقتان نییە (گلیزار) خان، فەرموو.

**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٤)، خاڵی سێیەم هەمان تێبینیم هەیە کە تەوزیحم کرد لە ماددەی (٢) خاڵی یەکەم، کە لەجیاتی وشەی (یەکسانی) باشتر وایە وشەی (هاوسەنگی) دابنرێت، سوپاس،

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

(لیزا) خان، فەرموو.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم ماددەیە بڕگەی دووەم، کاتێك دەڵێت (کە شانازی بە نیشتمان و کلتووری کوردستان بکرێت) بەڕای من (زمان)یشی بۆ زیاد بکرێت (کە شانازی بە نیشتمان و زمان و کلتوور بکرێت)، هەروەها بڕگەی سێیەم لێرە دەستەواژەی کە باس لەوە دەکات (رێزگرتنی

ئاینەکان) لە هەرێمی کوردستان تەنها پێکهاتەی ئاینی نییە، بەڵکو پێکهاتەی ئـاینی و نەتەوەیـش هەیە وەکو خوشك و برا تورکمانەکان بـۆیە پـێم باشـە لێـرە (ئـاینی و نەتەوەکـان) زیـاد بکرێـت، وشەی (نەتەوەکان)یشی بدرێتە پاڵ، هەروەها لە بڕگەی چوارەمیش کە باس لە رستەی کۆتـایی باس لە کارکردن بۆ ئەوەی فێربـوونی بەردەوام بەدرێژایـی تەمەن بـاس لەوە دەکـات بەڕای مـن (کارکردن) وشەیەکی زۆر گونجـاو نـیـیە لێـرە، بـا (هانـدان) بێـت، هانـدان بـۆ ئەوەی فێربـوون و هزرسازی، وشەی (هزرسازی) دەتـوانین لێـرە زیـاد بکەیـن بەمەبەسـتی دەوڵەمەنـدکردنی هـزر و پێگەیاندنی هزر دێت، هەروەها لە حەوتەم پشتگیری لە قسەکانی کـاك (رزگـار) دەکەم، کە دەڵـێ لێــرە وشــەی (دەروون)ی بــۆ زیــاد بکرێــت، گرینگیــدان بە پەروەردەی وەرزشــی و هــونەری و جەستەیی و دەروونی، هەورەها لە بڕگەی نۆیەم هێنانە ئارای جـوانترە بکـرێتە بـۆ پێگەیانـدنی، هێنانە ئارا ببێت بە پێگەیاندنی کۆمەڵگەیەك، چونکە هێنـانە ئـارا تۆزێـك وشـەیەکە لەگەڵ یاسـا جوان نییە، بۆ پێگەیاندنی کۆمەڵگەیەك، هەروەها دەیەم داهێنانی نوێی بۆ زیـاد بکرێـت دیسـان کاك (رزگار) باسی لە داهێنانی نوێ کرد، بۆی ئەوەی کە گرینگی بدرێت بە داهێنانی نـوێ هەم بـۆ مامۆستایان هەم بـۆ قوتابیـان زۆر جـار ئـێمە وەکـو پەرلەمانتـار قوتابیـان دێـن قسـەمان لەگەڵ دەکەن کە داهێنـانێکی نوێیـان هەیە، بەڵام هـیـچ شـوێنێك نـیـیە کە سـەردانی بـکەن بـۆ ئەوەی گرینگی بە داهێنانەکانیان بدرێت، بۆیە باشـترە بڕگەیەکـی دیـکە بـۆ ئەم مـاددەیە زیـاد بکرێـت، بــڕگەی دوازدەهەم گرینگیــدان و پاڵپشــتیکردنی بیــرۆکەی نــوێ و داهێــنەرانەی قوتابیــان و مامۆستایان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (هیمداد)، فەرموو.

**بەڕێز هیمداد صباح بلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بە مـاددەی (٤) ئامـانجە گشـتی و هاوبەشـەکانی پەروەردە فێرکـردن خـاڵی دووەم بنیاتنانی تاکی هۆشیار لەجیـاتی ئەو تـاکەی تـاك گشـتییە، ئـێمە ئەو یاسـایە یاسـای پەروەردەیە ببێتە قوتابی باشترە کە شـانازی بە نیشـتمان و کەلتـووری کوردسـتانی خـۆی بکـات و لە بنیـاتی وڵاتەکەیدا بەشداربێت، لێرە مـن هەمـان فکـرەم هەبـوو بـۆیە پشـتیوانی لە (لیـزا) خـان دەکەم، ئاینی و نەتەوەیی زیاد بێت، لە هەمان کات پشتیوانی لە کاك (چیا) دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (دیاری)، فەرموو.

**بەڕێز دیاری انور حمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسـەر مـاددەی (٤) یەعنـی بـڕوا بـکە لە چەنـدین بەشـی دیـکەی ئەم پـڕۆژە یاسـایەیا ئامـانجە گشتییەکان بەلایەنی کەمەوە رەنـگە دە پەڕەی گرتبێـت، دە جـار دووبـارە بـووبێتەوە، بـۆیە مـن پێشـــنیاز دەکەم تەواوی ئەم یـــانزە بـــڕگەیەی کە لە مـــاددەی (٤) دا هەیە، تەواوی ئامـــانجە گشـتییەکان لە خوێنـدنی بـاخچەی سـاوایان، لە خوێنـدنی بنەڕەتـی، لە خوێنـدنی ئامـادەیی بـۆ نمــوونە، بەشــێکی گەورەی هەمــوو ئەمە نــازانم بــۆ ئەوەنــدە پێــداگرییان کــردووە لەســەر دووبـارەکردنەوەی بەشـێك لەم شـتانە، دەکرێـت بکرێـت بە دوو خـاڵ بەشـێك بێـت لە ئامـانجە

گشتییەکان هەر بۆ پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن، بۆیە پێشنیاز دەکەم بەم جۆرەی لێبکرێت، هیوادارم، ماددەی (٤) (ئامانجە گشتی و هاوبەشەکانی پەروەردە و فێرکردن بریتییە لە فێرکردن و گەشەپێدان و بنیادنانی نەتەوەیەکی بەهرەمەند و هۆشیار کە بەشداربێت لە بنیادنانی وڵاتەکەیدا شانازیکردن بە نیشتمان و کلتووری وڵاتەکەیەوە بکات و تاکێك بێت بڕوای بە بەهاکانی دیموکراسی، ئاشتی، پێکەوە ژیان، ڕێزبگرێت لە ئازادی تاك، ئازادی رادەربڕین و مافەکانی مرۆڤ و باوەڕی بە خوێندنی هاوتای خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان هەبێت) یەکەم، دووەم ( گرینگیدان بە تواناکانی خوێندکار لەڕووی پەروەردە و وەرزش و هونەر و پیشەیی و بیرکردنەوەی زانستی و ئەنجامدانی توێژینەوە و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا و بەشێوەیەکی دروست و گەشەپێدانی توانای نەوەکان بۆ بەشداریکردنیان لە ژیانی گشتی و نەهێشتنی نەخوێندەواریدا)، واتا ئامانجەکان هەوڵەکان هەمووی ئەمانە دەکرێت بە پێنج دێر بە شەش دێر جێ بکرێنەوە لە تەواوی پرۆژە یاساکەدا، یەعنی لە چەند بەشێکدا دەچیتە هەر بەشێکی ئەم پرۆژە یاسایەوە کە ئامانجەکان دانراوە دیسانەوە کۆمەڵێك لەم دێرانە دووبارە کراونەتەوە، چەند بڕگەیەکی بۆ دانراوە، بۆیە بەڕاستی ئەمە هیچ زەروور نییە و من پێشنیاز دەکەم بەم جۆرەی لێبکرێت، پشتیوانی لە قسەکانی (لیزا) خان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، مامۆستا (ابوبکر)، فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پێم وایە ئەم (١١) خاڵە زۆرە دەکرێت لە چوار پێنج خاڵ کورت بکرێتەوە، بۆ نموونە لەسەر تاکی وشیار لە بڕگەی دوو، پێنجدا هاتووە، لەسەر مەسەلەی توانست و توانا لە بڕگەی چوار و پێنج و دە و یانزەیا هاتووە، لەسەر مەسەلەی گەشەپێدان لە بڕگەی چوار و پێنجدا هاتووە، لەسەر بەردەوامی لە خوێندن تا عومر بمێنێ لە بڕگەی چوار و شەشدا هاتووە، زۆربەی زۆر دووبارەن، خاڵی سێیەمیش مەبەست چییە لە یەکسانی نێوان رەگەزەکان؟ کە ئێمە هەر دوو رەگەزمان هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (مژدە) خان، فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە قسەکانی کاك (دیاری)، مامۆستا (ابوبکر) دەکەم، سەبارەت بە ماددەی (٤) پێشنیار دەکەم خاڵی دووەمی بەم شێوەیە بێت (بنیاتنانی تاکی هۆشیار کە شانازی بە ئاین و نیشتمان و زمان و کلتووری کوردستانی خۆی بکات و لە بنیاتنانی وڵاتەکەیدا بەشداربێت)، دەستت خۆش بێت.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

(شنۆ)خان، فەرموو.

**بەڕێز شنو اشقی عبدالله:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
پشتیوانی لە قسەکانی مامۆستا (ابوبکر) دەکەم، سەبارەت بە ماددەی (٤)، بڕگەی چوارەم دووبارەی بڕگەی یەکەمی هەمان ماددەیە وبڕگەی یەکەمی ماددەی دووەمە کە باس لە گەشەپێدانی توانستەکان قوتابی وخوێندکار دەکات، باس لە هاونیشتمانییەکی خوێندەوار و داهێنەر وهاوچەرخ وچالاك، ئەمە بەتەواوەتی دووبارەیە وپێشنیار دەکەم لاببرێت، پێنجەم باس لە بازاڕی کار دەکات، بەهەمان شێوە لە بڕگەی دەیەمی هەمان ماددەیە روونتر باس لەم بابەتە کراوە کە دەڵێ (گونجاندنی تواناکانیان لەگەڵ پیشەیەکی دیاریکراوی پێویست لە بازاڕی کاردا) پێنجەم لابدرێت، (گرنگیدان بە پەروەردەی وەرزشی و هونەری و جەستەیی) مەبەستیان چییە؟ ئەگەر لیژنەی تایبەتمەند وەڵام بدەنەوە، هەروەها (ئەتەکێت) زیاد بکرێت، (گرینگیدان بە پەروەردەی وەرزشی و هونەری و ئەتەکێتی قوتابیان و خوێندکاران)، زۆر سوپاس.
**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، (شیرین امین)، فەرموو.
**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سەبارەت بە ماددەی (٤)، بڕگەی دووەم (بنیاتنانی تاکی هۆشیار کە شانازی بە نیشتمان و کلتووری کوردستانی خۆی بکات و لە بنیاتنانی وڵاتەکەیدا بەشداربێت) سەبارەت بەم بڕگەیە پشتگیری لە رەئی (بدریە) خان دەکەم کە (ئاین)ی بۆ ئیزافە بکرێت، سەبارەت بە بڕگە سێیەم (پەرەپێدانی بەهاکانی دیموکراتی، ئاشتی، پێکەوە ژیانی ئاشتییانە، یەکسانی نێوان رەگەزەکان هەمان پرسیاری مامۆستا (ابوبکر)م هەیە، پشتگیری لە رەئیەکەشی دەکەم، ئایا مەبەست لە رەگەزی سێیەمیشە ئەگەر مەبەست لە رەگەزی سێیەمیش بێت بۆ ئەو کەسانەی بابڵێین کە بە خۆڕسك یان سرووشتییە لەڕووی جەستەیی و تەندروستی و زانستییەوە ئەو ئەشکالەیان هەیە زۆر زۆر ئاساییە، بەڵام ئەگەر مەبەست لەو کەسانە بێت کە لەسەر خواستی خۆیان دەستکاری رەگەزەکانیان دەکەن بۆیە پێشنیاری ئەوە دەکەین کە ئەو جۆرە کەسانە بەداخەوە لەم یاسایەدا بەدەر بکرێت، سەبارەت بە بڕگەکانی تر بە هەمان شێوە پشتگیری لە رەئی کاك (چیا) دەکەم، پێویست دەکات بڕگەکانی تر هەست دەکەین بە دوور و درێژی و بگرە دووبارەش هاتووە بۆیە رێك بخرێتەوە و تێکەڵکێش بکرێت، زۆر سوپاس.
**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
(د.هەورامان)، فەرموو.
**بەڕێز هەورامان حمە شریف:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، من لەسەر ماددەی (٤) قسە دەکەم، بڕگەی یەکەم بەم جۆرەی لێبکرێت (فێرکردن و گەشەپێدان و بنیاتنانی نەوەیەکی) لە جێی (بەهرەمەند)، (دەوڵەمەند) بە زانست، دووەم (بنیاتنانی تاکی هۆشیار کە شانازی بە ئاین و نیشتمان و کلتووری کوردستانی خۆی بکات و لە بنیاتنان و پاراستنی وڵاتەکەیدا بەشدار بێت) واتا هەم (بنیاتنان)، هەم حیفز و ئامادەی رووبەرووبوونەوەی هەبێت کاتێك ئەگەر وڵاتەکەی کەوتە ژێر

مەترسی، سێیەم پەرەپێدانی هەتا دەگاتە پەرەپێدانی ئاشتیيانە، دوایی کە باسی یەکسانی نێوان رەگەزەکانە بەم جۆرەی لێبکرێت (چەسپاندنی دادگەری نێوان هەردوو رەگەز) رەگەزەکان لابرێت دوای کە دی دەڵێ (رێزگرتنی ئاینەکان)، (رێزگرتنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام و ئاینەکانی دیکە، ئازادی تاك مافەکانی مرۆڤ و پاراستنی ژینگە)، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (گۆران)، فەرموو.

**بەڕێز گۆران عمر علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر ماددەی (٤)، خاڵی دووەم قسە دەکەم، (بنیاتنانی تاکی وشیار کە شانازی بە نیشتمان و کلتووری کوردستانی خۆی بکات و لە بنیاتنانی وڵاتەکەیدا بەشدار بێت)، داوا دەکەم (پاراستنی زمانی بۆ زیاد بکرێت)، چونکە یەکێك لە بنەماکانی بوون بە دەوڵەت بەهێزکردن و دەوڵەمەندکردنی زمانە، لەناو هەموو گەلاندا بەس گەلی کوردە پارێزگاری لە زمانەکەی خۆی ناکات، نمونە بەپێی دەستووری هەمیشەیی عێراق زمانی کوردی و عەرەبی زمانی فەرمییە لە وڵاتی عێراق، ئێمە ئەو کوردانەی کە بەشێك لە شارەکانی ئەوان نیشتەجێن ئایا ئەوانە رێگە بەوە دەدەن کە ئەو کوردانەی کە نیشتەجێن لەوێ بە زمانی عەرەبی لەناو قوتابخانەکاندا بخوێنن، بەڵام ئێمە لە هەرێمی کوردستان ئەو عەرەبانی کە لێرە نیشتەجێن پارێزگاری لە زمانەکەی خۆیان دەکەن و بە زمانی خۆیان دەخوێنن لە قوتابخانەکاندا، بۆیە پێویستە تاکی کورد هۆشیار بکرێتەوە لە پارێزگاریکردن لە زمانی کوردی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

(د.زیدان)، فەرموو.

**بەڕێز زیدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

رەنگە تێبینیەکانی من هەم ئەم ماددە بگرێتەوە کە تایبەتە بە ماددەی (٤)، هەمیش ماددەی (٣)ی پێشتری خۆی، بە حوکمی ئەوەی پێشتر لە لیژنەش تێبینییەکانم خستبووە روو لەسەر داواکاری لیژنە خودی خۆشیان داوایان لێکردم کە ماددەکانی هەمووی تایبەت بە بنەماکان تایبەت بە ئامانجەکان تایبەت بە مانەوەش لە هۆڵ کە نزیکەی دە دوازدە ماددە بوو بکەمە سێ ماددە، ئەو ئەرکەشم کێشا هەمووم رێك خستەوە دایتمە سەرۆکایەتی لیژنەش کە بنەماکانی یەك ماددە بێت، چونکە یاساکە تەنها یاسای پەروەردە و خوێندنە، فێرکارییە، ئامانجەکانیش ئەو پێنج ماددەیەی کە هەیە لە ماددەی (٤)، ماددەی (٦)ی (ئامانجی باخچەکان)، ماددەی (١١)ی (ئامانجی بنەڕەتییەکان)، ماددەی (١٥)ی (ئامانجی ئامادەییەکان)، ماددەی (٢٢)ی (ئامانجی پەیمانگاکان) هەموومان رێك خستۆتەوە کردوومانە ئامانجی ئەم یاسایە، ئەم رێکخستنەوەیە بەداخەوە سەرۆکایەتی لیژنەش بە پەسەندی وەرنەگرتوو ئێستاش ئەو ماددانە هەموویان دووبارەن، ئەو ماندووبوونەش بە هەدەر رۆیی، بۆیە تێبینییەکانی ئێمە پێویستە بەهەند وەربگیرێ، پێویستیشە بۆ خزمەتی یاسایەکە بێت، چونکە هەر کەسێك کە دێ ئەم یاسایە دەخوێنێتەوە ناڵێ دەچم ئەم بەشە دەخوێنمەوە کە پەیوەندی بە باخچەکانەوە هەیە یان بە بنەڕەتی و ئامادەیی یان هەر بەشێکی تر تا پەیمانگاش، کەواتە پێویستە ئەو تێبینیانە

وەرگرنەوە وەکو خۆی دابرێژنەوە بۆ ئەوەی سوودی گشتی هەبێت و هەموو خاڵەکانیش کۆکراونەتەوە هەمووی کراونەتە یەك مادده لە هەر سێ بڕگەکاندا.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (نجاه) خان، فەرموو.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت ماددێ (٤) بڕگێ حەفتێ پالپشتیا ئاخافتنێت کاك (جەلال پەرێشان)ی دکەم، کو بەدەل (گرینگیدان) ببیتە (پابەندبوون بپەروەردەی وەرزشی و هونەری) ل بەر هندێ دا ئەڤ دووانە بگرینگی بهێنە وەرگرتن شیناوێ چ ماددەێ دی نەوەرگرن، هەروەسا ل ڤێرێ ماددێ حەفتێ (جەستەیی) ئەم دشێین چونکی وەرزش ژجەستە ژتێدا هەی محتاجی نەجەستیی بکا تێدا، سەبارەت ماددا دەهێ دێرا دوماهیکێ هەکە ئەم بەرێ خۆ بدەینێ هەمی بخینین ڤی شکلی لێبکەین دێرا دوماهیکێ (بەهێزکردنی قوتابیان تواناکانی قوتابیان و خوێندکاران بۆ بیرکردنەوەی زانستی ئەنجامدانی توێژینەوە و تاقیکردنەوەکان بە دابینکردنی سەرچاوەی زانستی و تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو بۆ بەکارهێنان) تڤیا دابین ببی پاشی بەکاربینن، نە یەکسەرا ئەم بەکاربینن، تبیا وەزارەت دابین بکاتن سەرچاوێت زانستی تەکنەلۆژیا و پێشکەڤتی پشتی هەنگی بهێتە بەکارهینان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

(کلارە)خان، فەرموو.

**بەڕێز کلارە عودیشو یعقوب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاڤاکرنا تاکی ل سەر بنەما بەهاکانی مرۆڤایەتی وڵاتەکی سەرکەفتی و بهێز دروست کەت، دویرش دەمارگیریا ئاینی نەتەوەیی ئەڤەش قۆناغا زارۆکی دەسپێکاتن کوردستانێ ئەم پێدفی بنەوەیەکی وەساینە، چونکە کوردستان یا هەمەجۆری ژلایەنی نەتەوەیی و ئاینی، لەوما پێشنیار دکەم ماددا (٤) بڕگا دوێ وەسا لێبهێتن (بنیاتنانی تاکی هۆشیار نیشتمان پەروەر، رێزگرتن، باوەری بهەمەجۆریا ئاینی و نەتەوەیی هەبیتن شانازی بمێژوو کەلتووریێ گەلێ کوردستانێ بکات ل بنیاتنانی وڵاتەکی بەشداربیتن) یاسایی ژی پەرەپێدانی بەهاکانی مرۆڤایەتی بهێتە زێدەکرن، دگەل دیموکراتی، هەروەسا پشتگیری لە قسەکانی (لیزا) خانی دکەم سەبارەت (رێزگرتنی ئاینەکان و نەتەوەکان)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (د.اسماعیل)، فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددا (٤)، خالا یەکێ (فێرکردن و گەشەپێدان و بنیادنانی نەوەیەکی بەهرەمەند بە زانیاری)، نەك بە (زانست) بە زانیاری مەعلوماتی هەبن خو بخو مەعقول نینە وی علم هەمی هەبی بەس مەعلومات دروستە ل وێرێ پتر جهێ خۆ دگریتن بدروست دبینم، خالا دوێ بێژیتن (کە شانازی بە) پشتگیریا خوشکا (مژدە) دکەم (بە ئاین و نیشتمان)، ئاین بێتە بەری نیشتمانی، هەمی وەکو

یەکی شانازی بدینێ خۆ ببەن، خالا سێیێ پشتگیری و پشتەڤانیا خوشکا (شیرین)، مامۆستا (ابوبکر)ی دکەم رەگەزەکان ناچڤی ل ڤێرە بیت چ زهنا مرۆڤی نەچیت بۆ تشتەکی دی، هەردوو رەگەزن لەنێوان دوو رەگەزدا رەگەزەکان نەمینیتن ئەڤ جەمعەکا دەبیتە ئەگەری هەندێ چیدبیتن فکرا مرۆڤێ بوو جهەکی دی بچیتن، دیسا دیڤرا دبیژیتن رێزگرتنی ئاینەکان بەری وی ببیتە (رێزگرتنی ئاینی ئیسلام و ئاینەکانی تر) پشتەڤانیا مامۆستا (هەورامان)ی دکەم دڤێ بۆچونێدا، خالا ئەخیری دبێژیتن (هەوڵدان بۆ راهێنان) ئەو هەوڵدان نەمینیت ئەما رەئسەن (راهێنان) دا بیتە ئەرکەك واجبەك ڤێ رابیتن ئێك ژئەهداف ئەڤەنە نە ئەهدافا مەحاوەلە کرنە ئینەما ئەهداف رابوونا ڤی کاری راببیتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (مەم بورهان)

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بۆ لیژنەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە ئێستاکە بەس تەنها نموونەی ئەم ماددەیە نزیکەی (٦٠%)ی وشەکان لادەبەم تەماشای بکەن بزانن هیچ مانا دەگۆڕێت یا پوخت تر دەبێت، زۆر زۆر درێــژدادڕی هەیە بەداخەوە سەرەرای دەست خۆشیم بۆ ماندووبوونیان بۆ ئەو زەمیلانەمان، بڕگەی یەکەم لێگەڕێ، بڕگەی دووەمیان (بنیاتنانی تاکی هۆشیار کە شانازی بە نیشتمان و کلتوورەکەیەوە بکات بۆ بنیاتنانی وڵاتەکەی) تەبعەن (کلتوورەکەی) نەك کلتووری کوردستانی زیادە، نە ئەفغانییە نە سیریلانکییە یەعنی ئەو شتانە نییە پێویست بەو تەفاصیلە ناکات لێرە هاتووە، خاڵی سێیەم پەرەپێدانی بەهاکانی دیموکراسی و پێکەوە ژیانی ئاشتیانە یەکسانی نێوان رەگەزەکان رێزگرتنی ئاین، ئازادی تاك مافی مرۆڤە، ژینگە هەموو ئەمانە لەناو سیستمی دیموکراسیا کە وتت رێزی بگیرێت هەمووی جێگەی دەبێتەوە، پێکەوە ژیانی ئاشتییانە جێگای ئاشتی دەبێتەوە مافەکانی مرۆڤ هەموو ئەمانە دەگرێتەوە پێویست بەمە ناکات، بڕگەی چوارەم هیچ پێویست ناکات، پێویست دەکات لابرێت زیادەیە لەناو ئەوانەیا جێگای بۆ کراوەتەوە، بەنسبەت بڕگەی پێنجەم گەشەپێدانی توانای نەوەکان بۆ ئامادەکردنیان تا لە خوێندن بەردەوام بن و بەشداری لە بەرەوپێشبردنی کایە جیاجیاکانی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگای کوردیدا بکەن، بە تەنیا بەم نیو دێرە ئیزافەی بکەی بەشێکی زۆری بڕگەکانی دیکە لەدواتر هەیە ئەتوانی لابدرێت ئەوانەی بەخێرایی ئاماژەی پێدەکەم، خاڵی شەشەم ئامادەکردنی قوتابیان و خوێندکاران بەردەوام بن لە خوێندن لە قوناغەکانی زیاتر و دواتردا بەرزتردا ئاماژەی پێکراوە لە دەستکارییەکانی خاڵی پێنجەمدا، لە حەوتەمدا بەرای من دیسانەوە ئەمە زیادەیە، پەروەردەی وەرزشی کەواتە دەبێت بڵێین گرینگی بە هونەری بدرێت بە پیشەیی بدرێت، بە زانستی بدرێت، بە چی بدرێت، لەبەر ئەوەی پەرەپێدان لەبوارە جیاجیاکاندا بدرێت کۆی کایە جیا جیاکان دەگرێتەوە پێویست ناکات یەك کایە ئێمە ئاماژەی پێبکەین، هەشتەم (نەهێشتنی) بکرێتە (کەمکردنەوەی)، چونکە نەهیشتنمان پێ جێبەجی ناکرێت، پێم وایە بڕگەی دەیەمیان بە تەواوەتی دیلیت بکریت لەبەر ئەوەی لە پێشنیازە چاککراوەکەی بڕگەی پێنجەمدا جێگای بۆ کراوەتەوە، بڕگەی یازدەیەمیش دیسانەوە هەمووی لابرێت، پەرەپێدانی توانای پیشەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێکردووە، جێگەمان کردبۆوە بە نیو دێر، پێم وایە جێگەی دەبێتەوە و ئەم

کورتکردنەوەیە خزمەتی پڕۆژە یاساکە دەکات، کۆی پڕۆژە یاساکە کە سەد و هەشتا و ئەوەندە ماددەیە ئەو درێژدادڕییە بەڕاستی زەرەر لە یاساکە دەدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

(هلز) خان، فەرموو.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینێت من ل سەر ماددا (٤) بڕگا یەکەم ئەڤەیە وەکو (د.اسماعیل) گوتی زانست و زانیاری ئیزافە بێتن، چونکی شاملترە، سەر برگا دوو بنیاتنانی تاکی هۆشیار کە شانازی بە ئاین و نیشتمان و کلتوور نەمینێت هەتا دوماهیکێ بێتە داڕشتن، سێیەم دەمێ ئەم کۆبووین دگەل بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی من ئەڤ تێبینیا گوتێ، سەرۆکا پەرلەمانی گوتی چاك بکەن ئەڤ تیبینیا مە ئەڤە بوو، یەکسانی نیوان هەردوو رەگەز، جەماعەت ژئاگهدارن، ل ماددا چویدایا راستڤەکری لڤێرێدا هەر وەکی خۆیا هاتی لبەر هندێ پێشنیارێ دکەم کو عورفیدا، قانوونیدا، شەریعەتیدا، مەبتنێ دوو رەگەزێت هەین، ژدوو رەگەزێ زێتر نینە ل بەر هندێ یا عەرەبی ژنووسای (مساوات مابین الجنسین) ل بەر هندێ بێتە تەحدیدکرنێ، سەبارەت بڕگا چوارەم پشتگیریا کاك (مەم)ی دکەم، پشتگیریا ڤان بەڕێزان دکەم مامۆستا (هەورامان)، (بدریە) خان، (شیرین) خان، (مژدە)، (د.اسماعیل)، مامۆستا (ابوبکر)، سەبارەت ماددا دوو (د.اسماعیل)، سەبارەت ماددا دوو، ماددا سێ، بەس یەك پرسیار من هەیە دکتۆر ئەگەر مەجال هەبیت سەرۆکی پەرلەمانی، نوکە ئەز بخۆ ناگەهەم بەس ئەنداما لیژنا پەروەردێمە من حەقی روونرکنێ نینە جوابدانە پەرلەمانتارەکی کو داخازکری لیژنێ ئەگەر پرسیار هەبتن و بەرسف نەداتن بەرسف لدەڤ من هەی، ئایا من حەق نینە ئەز بەرسڤ بدەم، بێمە سەر ستەیجی؟ ئەگەر تەنێ حەق دانا من بۆهندێ ئەز دێمە سەر ستەیجی دوو پرسیاری جوابدەم و دەزڤرمە جێی خۆڤە...

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان لێژنەی تایبەتمەند دوای مشورەتکردن لەناو یەکتری دەتوانن وەڵامێکی هاوبەش لە راو سەرنجەکان بە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان بدەنەوە.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئیمزا نەکرییە.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

تەمام، (سەرچنار) خان، فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش چەند تێبینیەکم لەسەر ئەو ماددەیە هەیە، بڕگەی یەك (فێرکردن و گەشەپێدان و بنیاتنان) نا، (بونیاتنان)، (بنیاتنان) چییە؟ وشەیەکی هێنە، بکرێت بە (بونیاتنان) نەوەیەکی بەهرەمەند بە زانست و (زانیاریەکە)ی بۆ بکرێت، بڕگەی دووەم، (بونیاتنانی تاکی هۆشیار شانازی بە ئاین و بە نیشتمان و کلتووری کوردستانی خۆی بکات و لە بونیاتنانی وتەکانی وڵاتەکەیدا بەشداربێت)، سێیەم ئەمەی کە دەیخوێنمەوە دەڵێم ئاوای لێبکرێت (پەرەپێدانی بەهاکانی دیموکراتی، ئاشتی پێکەوە ژیانی ئاشتییانە، ڕێزگرتنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام و

سەرجەم ئاینەكان یەكسانی نێوان دوو ڕەگەز)، (ڕەگەزەكان) لابرێت بكرێت بە (هەردوو ڕەگەز) لەگەڵ (ئـازادی تـاك مافەكـانی مـرۆڤ پاراسـتنی ژیـنگە)، بـۆ ئەم سـێ خـاڵە پشـتگیری لە بەڕێـز مامۆستا (ابوبكر)، (بدریە) خـان، (شـیرین امـین)، (د.هەورامـان)، (د.اسـماعیل)، مامۆسـتا (هلـز) دەكەم، خاڵی چوار و تا كۆتایش هاوڕام لەگەڵ وتەكانی بەڕێز كـاك (مەم)، پشـتگیری لەو دەكەم، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، (روپاك) خان، فەرموو.

**بەڕێز روپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە مادده (٤) بڕگەی دووەم (بنیاتنانی تاكی هۆشیار كە شانازی) پێش نیشـتمان (ئـاین) ئینجا (نیشتمان) كلتـووری كوردسـتانی خـۆی بكـات، سـێیەم (پەرەپێـدانی بەهاكـانی) كە دەڵـێ (بەهاكانی دیمـوكراتی) پـێش (دیمـوكراتی)، (پەروەردەی ئیسـلامی دیمـوكراتی ئاشـتی پـێكەوە ژیانی ئاشتییانە) یەكسانی نێوان ڕەگەزەكان لابدرێت یاخود بكرێتە (چەسپاندنی نێوان هەردوو ڕەگەز)، (چەسـپاندنی دادپەروەردی نێـوان هەردوو ڕەگەز) یـان (یەكسـانی نێـوان دوو ڕەگەز)، چونكە دوو ڕەگەزمان هەیە) وەكو بەڕێزان باسـیان كـرد، (ڕێزگـرتن لە ئـاینی پیـرۆزی ئیسـلام و ئاینەكان)، بۆ ئەم سێ بڕگەیە پشتگیری لە (بدریە) خان، (هلز) خان، (سـەرچنار) خـان، مامۆسـتا (ابوبكر)، بۆ بڕگەی سێیەم (شیرین) خان، هەروەها مامۆستا (هەورامان) دەكەم، بڕگەی چـوارەم لە بەشی كۆتـایی دەڵـێ (لە فەرهەنگـی ژیانیـان) ئەگەر (فەرهەنـگ) بكـرێتە (خولیـای ژیانیـان)، هەروەهـا لە حەوتەم (گرینگیـدان بە پەروەردەی وەرزشـی) پـێش ئەوە (پەورەدەی ئیسـلامی و وەرزشی و هونەری)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

(د.شایان)، فەرموو.

**بەڕێز شایان كاكە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ماددەیە بڕگەی سێیەم (یەكسانی نیوان ڕەگەزەكان) یا ئەوەتـا بكـرێتە (یەكسـانی نێوان هەردوو ڕەگەز) یاخود ئەگەر كرایە (هەرسێ ڕەگەز) بڵێین نێر و مـێ و ڕەگەزی سـێیەم بە مەرجێك ڕەگەزگۆڕینی لێ بەدەر بكرێت، چونكە ئەمـن ئەگەر دەرفەت بـدەن لەڕووی زانسـتی و تەندروسـتییەوە یەك ڕوونكـردنەوەی بچـووك لەسـەر بـابەتی ڕەگەزی سـێیەم دەكەم، ڕەگەزی سێیەم بە دوو جۆر دەگوترێت ئەوانەی كە هەربۆخۆیان كە لەدایك بوون هەر ئەنـدامی زاوزێـی نێرینە و مێینەیان هەیە كە ئەوانە دەچنە قوتابخانەی بنەڕەتی و قوتابخانەی ئامـادەیی ئـێ خـۆ دەبی یەكسانیەك بكرێت لەنێو ئەوانە نەك لە بن گوێی یەكتـری تەلەبەكـان پسـكە پسـك بـكەن و بلێن مەسـەلەن بـۆ نمـونە نێرەمـوكە، ڕەگەز گـۆڕینیش بـابەتێكی تـرە كە دیـارە كۆمەڵگـای ئـێمە بەتەواوی لەگەڵیدا نین، بۆیە ڕەگەزی سێیەم بەڵـێ بەشـێك لە نێرەموكەكـان پێیـان باشـە پێیـان بگوترێت ڕەگەزی سێیەم تەنانەت بەعزێكیان داوای یاسای تایبەت بەخۆشیان كردوە، بـۆ بـڕگەی دووەم پشتگیری لە (بدریە) خان، هەموو هاوپیشەكانی تر دەكەم كە باسـیان كـرد لە زیـادكردنی ئاین، پشتگیری كاك (گۆران) دەكەم، بۆ بڕگەی سێیەم پشتگیری مامۆستا (ابوبكر)، (شیرین) خان و هاوڕێكـانی تـر دەكەم، بـۆ بـڕگەی حەوتەم كە دەڵـێ (گرینگیـدان بە پەروەردەی وەرزشـی و هـونەری) (ماڵداریش)ی بـۆ زیـاد بكرێـت، كە ئـێمە دەڵێـین یەكسـانی نیـوان ڕەگەزەكـان كەواتە

پیاویش یا کوڕیش هەر لە بیدایەتەوە ڕەگەزی نێر دەبێت فێر بکرێ چۆن ماڵداری بکات، هاوکار بێت لەگەڵ خێزانەکەی لە ماڵێ، بۆیە (ماڵداریش) زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (عبدالستار)، فەرموو.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە خاڵی سێیەم لە ماددەی چوارەم، باسی پەرەپێدانی بەهاکانی دیموکراتی و ئاشتی و تا ئاخیری دەکات، والله من هەر پرسیارێکم هەیە لە ستافی وەزارەت، نازانم لێم بۆتە گرێیەك بەراستی، زۆر باسی بەهای دیموکراتی و باسی پرانسیپی دیموکراتی و باسی فەلسەفەی دیموکراتی و ئیدی من دەپرسم یەعنی چی ئەمانە چین بەهای لەکوێ بوو دیموکراسی، کامە بەهای؟ ئەگەر باسی پێکەوە ژیان بکەین لێرە وتوومانە، ئەگەر باسی ئاشتی بکەین وتوومانە، ئەگەر باسی مافی مرۆڤ بکەی لەوێ وتوومانە، پاراستن ڕێزگرتن لە ئاینەکان، من هەست دەکەم زۆر زەق کراوەتەوە ئەو قەزیە، ئێمە بەهاکانی پیرۆزی ئیسلاممان هەیە، هەڵسوکەتوو ڕەوشتە جوانەکانی ئیسلاممان هەیە، هەزار ئەوەندەی کە لە دیموکراتیدا هەیە لە ئیسلامدا بە زیادەوە هەیە، ئێ لەوێ نووسراوە لێم بۆتە گرێ نازانم بۆ نایەنووسن، پێمان شەرمە باسی بەهاکانی ئیسلام بکەین، باسی بەهاکانی ئاین بکەین، بۆیە من پێم وایە هەر لەجیاتی ئەوەی بنووسرێ یا ئەوەتە مەسەلەن بەلایەنی کەم بنووسرێ ( پەرەپێدانی بەهاکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام)، سەبارەت بە ڕێزگرتنی ئاینەکان دەکرێ بنووسرێ مەسەلەن ئاینی ئیسلامیش بنووسرێ، بەڵام وەکو سەرنجی خۆم حەقیقەتەن، بە تێگەیشتنی خۆم لە قورئان پێموایە ئەو جیاکارییە نەکرێت ئاساییە لێرە لەو قەزیەدا، چونکە (امن الرسول بما أنزل إلیە من ربە والمؤمنون کل امن بالله وملائکتە وکتبە ورسلە) هەموو بەیەکەوە، کە من بڕوام بە ئیسلام هەیە بڕوام بە ئاینەکانی دیکەش هەیە، بڕوام بە پێغەمبەری خوا هەیە کە محمد (د.خ)، بڕوام بە پێغەمبەرەکانی دیکەش هەیە، بەڵام ئەگەر بەمەبەست بنووسرێ هەندێ جار مەبەستێکی لە پشتە ئەمە خراپە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڵێ بەڕێزان ئەو بەڕێزانەی ناویان تۆمار کردبوو کۆتایی هاتن، ئەگەر لیژنە وەکو لیژنە دوای مشوراتی خۆتان وەڵامێکتان هەیە، فەرموون، ئەگەر نا جەلسەکە هەڵدەگرین بۆ سەعات (٢:٣٠)، وەکو ئەندام نا، وەکو لیژنە جواب بدەنەوە، فەرموون.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٤) دیارە رایەکی زۆرینە هەبوو لەسەر ئەوەی کە ئامانجەکان لە زۆر ماددەکانی ئەم پرۆژە یاسایەدا ئاماژەپێکراوە بۆیە بەڕاستی ئێمەش وەکو لیژنە سەرنجێکی بەجێمان لەسەر زۆری ئامانجەکان هەبوو دەکرێ ئێمە سیاغەی بکەینەوە لەگەڵ لیژنە ئاسایی دواتر ئامانجەکان یەك بخەین ئەمە رایەك، سەبارەت بە بڕگەی سێیەمیش کە دەستەواژەی ڕەگەزەکان بەکارهاتووە لە ماددەی (٢) ئیشارەتی پێدراوە کە پێشتر ئێمە ڕێك کەوتبووین لەسەر ئەوەی هەردوو ڕەگەز بێت، ئەوە دواتر چاك دەکرێتەوە، دەکرێتەوە هەردوو ڕەگەزە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، جەلسەکە هەڵدەگرین تا سەعاتی (٢:٣٠)، بەڕێزان تکایە (٢:٣٠) لێرەبن.

# پاش پشوو

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، بەڕێزان فەرمانبەرانی راگەیاندن پەخش بکەنەوە، فەرمووون سەرۆکایەتی هەردوو لیژنەی شارەوانی و پەروەردە، فەرموو کاك عبدالسلام ماددەی پێنجمان بۆ بخوێنەوە.

**بەڕێز عبدالسلام عبدالله حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٥):

یەکەم: باخچەی منداڵان قۆناغێکی ئارەزوومەندانەیە، وە دوو ساڵ بەر لە خوێندنی بنەڕەتی دەست پێدەکات، وە منداڵ بۆ خوێندنی بنەڕەتی ئامادە دەکات و هەموو ئەو منداڵانەی تێیدا وەردەگیرین کە لە رۆژی دەستپێکردنیان لە باخچە یان رۆژی (٣١/کانونی یەکەم)ی ئەو ساڵە تەمەنیان گەیشتبێتە چوار ساڵ یان پێنج ساڵ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان کێ قسەی لەسەر ئەو ماددەیە هەیە؟ ئەوانەی قسەیان هەیە (هلز خان، کاك چیا، گلیزار خان)، هلز خان فەرموو.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیێت من ل سەر ماددەیا پێنج ئەڤەیە ئاخر دێرا وێ دبێژیت تەمەنیان گەیشتبیتە چوار یان پێنج ساڵ، (یان) ل ڤێرێ نا عەدالیەت پێدا دکەت، چونکی مە باخچە نینە وی ئاستێ پێتڤی چوار سالی ناهێتە وەرگرتن ئیلا ئەگەر کەمینە نەبیتن، ژبەر هەندێ ئەم مولزەم بکەین چوار و پێنج ساڵ حکومەت ژیێ چوار ساڵ ژی وەرگریت ل باخچەیا، چونکی مافەکی وانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك چیا فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیا من ل سەر وێ ماددێ بوو کە چوار یان پێنج ساڵ بێتە تەحدید کرنێ پشتی هەنگی سی و ئیکێ هەیڤا دوازدە گەلەك جاران مەسەلەن (١/١) خودێ دایە، ئەگەر (١٢/٣١) بیت تەقریبەن ساڵەك دێتە ژ دەست دانێ، ژبەر هەندێ من پێباشە تاریخا ل دایك بوونا وی ببیتە مەسەلەن چوار سالی خۆ تەمام بکەت نەك ساڵێ (١٢/٣١)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

گلیزار خان فەرموو.

**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی پێنج ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ ماددەی شەش هەرچەندە ماددەی شەشەم باسی ئامانجەکان دەکات، بە رای من ئامانجەکان یان دەبێت ئەم ماددەیە ماددەی

شەش لە پێش ماددەی پێنج بێت، ماددەی پێنج ماددەی شەش بێت، چونکە لێرەدا باسی ئامانجەکان دەکات، هەرچەندە من لەگەڵ لیژنەی تایبەتمەندم کە ئەوان باسی ئەوەیانکرد ئەم ئامانجانە کە زۆرن دەبێت پوختی بکرێتەوە، هەروەها لێرەدا من لە ماددە پێنج ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەل ماددە شەش کە باسی ئامانجەکان دەکات باخچەی منداڵان دەکات دەڵێت رێخۆشکەر بێت بۆ خوێندن لە قوتابی بنەڕەتیەکان، بۆ ئەم مەبەستە باشتر وایە کە قۆناغی باخچەی منداڵان کە ئارزومەندانەیە ئیختیاریە، ئیختیاری نەبێت، بەڵکو باشتر وایە کە ئەم قۆناغە بکرێتە مەرجێك بۆ دەست پێکردنی خوێندنی بنەڕەتی، چونکە لە ئامانجەکان ئەگەر بەراوردی بکەین یەعنی ناگرێتەوە ئەم ماددەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی شەشەمان بۆ بخوێننەوە، فەرمووو.

**بەڕێز شمول اشین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوەری دووەم ئامانجە تایبەتیەکانی باخچەی منداڵان.

ماددەی (٦):

یەکەم: کارکردن بۆ گەشەپێدانی کەسایەتی منداڵ بە تێکەڵاوبوون لەگەڵ منداڵانی دیکە لە ژینگەی دەرەوەی بازنەی خێزان و پیادەکردنی چالاکی پەروەردەیی چێژبەخش و فێرکردنی سوودبەخش.

دووەم: بەدەستهێنانی بنەما بەرەییەکانی خوێندنەوە و نووسین و ژماردن و هاندانی هەستی جوان ناسی و هونەر و پەرەپێدانی کارامەیی جەستەیی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کەس قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ کەس نیە، ماددەی دوای ئەوەمان بۆ بخوێننەوە، فەرموون.

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٧):

وەزارەت باخچەی منداڵانی نوێ دەکاتەوە و پشتیوانی پەرەپێدانی باخچەی منداڵان دەکات، کەرتی تایبەت هاندەدات بۆ کردنەوەی باخچەی منداڵانی نا حکومی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ ئەوانەی دەیانەوێت قسە بکەن (هلز خان، مەلا ناصر، کاك چیا، کاك هێڤیدار)، کاك مەلا ناصر فەرمووو.

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئامانجە تایبەتیەکانی باخچەی منداڵان ماددەی حەوت لابردنی بڕگەی وەزارەت لە کەرتی تایبەت هان بدات بۆ کردنەوەی باخچەی ساوایانی نا حکومی، یەعنی لەوێ ئەوە زیادە، دەبێت دوو بڕگە بڕگەیەکی زیادە ئەوەی کۆتاییەکەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
کاك مەم فەرموو.
**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
من پێشنیاز دەکەم ماددەی حەوت بکرێتە ئەو بەشەیەوە کە پەیوەندی بە وەزارەتەوە هەیە، کە دەڵێت وەزارەت باخچە بکاتەوە لەوێ جێ بکاتەوە، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
کاك چیا فەرموو.
**بەڕێز چیا حمید شریف:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
من پێ باشە وەزارەت بێتە لادانێ، چونکی باخچێ منداڵان ڕێڤەبەرێێن پەروەردیێن گشتی ئەو سەرپەرشتیا وان دکەن نەك وەزارەت، بۆ وێ وەزارەت بێتە لادان، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
کاك هێڤیدار فەرموو.
**بەڕێز هێڤیدار احمد سلیمان:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
هەمان بۆچوونی بەڕێز کاك چیا و کاك مەمم هەیە، وە ماددەی حەوت دەکرێت بەشی ڕێزبەندی سێیەمی ماددەی شەشەم، یەعنی ماددەیەکی تایبەت بۆ ئەم بابەتە ببێتە چوارچێوە، هەم ماددەکانی یاساکە کەم دەبێت و هەمیش دەبێت بەشێك لە ماددەی شەشەم، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
هلز خان فەرموو.
**بەڕێز هلز احمد محمد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ل ڤێ ماددێدا دیارە ئیلزامە حکومەتێ نەهاتیە کرنێ کو باخچان بکەتەوە، ل بەر هەندێ سیاغەکا دی تر هەندەك وشەی دی تر لێ بێنە زێدە کرن، پێویستە وەزارەت باخچەی منداڵان نوێ بکاتەوە و پشتیوانی پەرەپێدانی باخچەی منداڵان بکات و کەرتی تایبەت هان دەدات بۆ کردنەوەی باخچەی منداڵانی نا حکومی، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
فەرموون ماددەی دوای ئەوەمان بۆ بخوێننەوە.
**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**
ماددەی (٨):
یەکەم: پێویستە ژمارەی منداڵان لە هەر پۆلێك لەگەڵ رووبەری پۆلەکەدا گونجاو بێت و ژینگەیەکی لەباری تێدا دەستەبەر بکرێت.
دووەم: ئەگەر باخچەی منداڵان یەك دەوام بوو دەبێت دەوامی رۆژانەی باخچە لە شەش کاتژمێر کەمتر نەبێت، وە ئەگەر باخچە دوو دەوام بێت دەبێت دەوامی رۆژانەی باخچە لە پێنج کاتژمێر کەمتر نەبێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ دەیەوێت لەسەر ئەم ماددەیە قسە بکات؟ ئەوانەی دەیانەوێت قسە بکەن (کاك سەرکۆ، هلز خان، کاك چیا، کاك هێڤیدار، کاك دکتۆر محی الدین، شادی خان، خدیجە خان، کاك هەڵکەوت، شنۆ خان، کاك بەڵێن)، فەرموو کاك سەرکۆ.

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی هەشت بڕگەی یەکەم ئەوەی کە باس لەوە دەکات پێویستە ژمارەی منداڵان لە هەر پۆلێك لەگەڵ رووبەری پۆلەکەدا گونجاو بێت، ئەگەر ئەمە لە رووی ستانداردەوە دیاریکراوە بۆ نموونە هەیە ناکرێت بەپێی حەجمی ژوور بێت، دەبێت بەپێی ئەوە بێت مامۆستاکە چەندێك دەتوانێت، ئەگەر ئەوە چاك بکرێت بەپێی ستانداردی پەروەردەیی بێت، بڕگەی دووەمیش ئەگەر باخچەی منداڵان یەك دەوام بێت دەبێت دەوامی رۆژانەی باخچە لە شەش کاتژمێر کەمتر نەبێت و دواتری دەڵێت پێنج کاتژمێر، خۆی لە رووی ستانداردی پەروەردەییەوە هەشت کاتژمێرە یەعنی ئێمە کەمی دەکەینەوە، پێویست دەکات ئەویش بە هەمان شێوە بکرێت بە ستاندارد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك چیا فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەیا هەشت بڕگەیا ئێکێ من لەگەل ژینگەیا هەرێما کوردستانێ ناگونجێت، چونکی مادام دەست نیشانکریە پۆلەکێ دا پێتڤیە عەدەدی بنڤیسی، ئەگەر تە عەدەد نەنڤیسی باشە ئەڤ ماددە بێتە لادان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر محی الدین.

**بەڕێز محی الدین حسن شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی هەشت تێبینیەکی ئەوەتۆ نەبوو، ببورە من لە ماددەی حەوت تێبینیم هەبوو، دوای لێبوردن دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك هەڵکەوت فەرموو.

**بەڕێز هەڵکەوت انور خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی هەشت بڕگەی دوو دەڵێت نابێت لە شەش سەعات کەمتر ئەو منداڵە لە باخچەی ساوایان بێت، ئایا منداڵێك تەمەنی چوار ساڵ بێت تەحەمولی ئەوە دەکات شەش دانە سەعات گوێڕایەڵی شتێکی وا بێت، بە رەئی من زۆرە لە چوار سەعات زیاتر نەبێت باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

شنۆ خان فەرموو.

**بەڕێز شنۆ اشقی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

له بڕگەی دووەم رەچاوی هیچ ستانداردێکی جیهانی کراوە کە دەڵێت دەوامی یەکەم و دەوامی دووەم، لەبەر ئەوەی بە بڕوای من ئەمە نا یاساییە، جێگرکردنی ئەمە لە یاسادا شەرعیەت دانە بە شتێکی نا یاسایی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاروان فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی هەشت من دوو تێبینیم هەیە، یەکەم: کاتێك کە پێویستە باس لە ژمارەی منداڵان بکرێت ئێمە لە ئەساسدا خۆمان دەبینین کە ژمارەیەکی زۆری منداڵان لە یەك خوێندنگەیە، من قەت لەگەڵ زیاد نیم لە قانوندا، بەڵام حەقە لێرە سەقفێکی رەقەمی دیاری بکرێت، بۆ ئەوەی کە چارەسەری ئەم بابەتە بکات، چونکە پێموایە ئەمە دەبێتە عورفێکی خراپ، وە هەشە بە داخەوە ئێستا، دووەم: ئەوەی شنۆ خان باسیکرد دەقیقە، ئێمە دەزانین کێشەمان هەیە ئێستا ناتوانین خوێندنگەی زیاتر دروست بکەین، لەبەر ئەوەی تەبەعاتی مالی هەیە ناتوانێت بیکات، بەڵام لایەنی کەم قانون نەبێت، با نەبێتە یاسا، با لابرێت، ئەگەر هاتوو پێویست بوو قەیناکە ئێستا هەیە، بەڵام ناکرێت بەڕاستی ئەمە قانون بێت بۆ ئەوەی کە ببێتە یاسا ئەگەر دوو دەوامیش هەبێت شتێکی یاسایی بەڕاستی ئاسایی نییە ئەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك هێڤیدار فەرموو.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادام تیمی وەزاری لێرەیە ماددەی هەشت، یەکەم: پێویستە ژمارەی منداڵان لە هەر پۆلێك لەگەڵ رووبەری پۆلەکە گونجاو بێت، زەحمەت نەبێت گونجاوەکە چۆنە، ئێستا وەڵامەکەمان بدەن، یەعنی هیچ ستانداردێك هەیە دەبێت قاعەکە چەند بە چەند بێت و چەند کەسی تێدا بێت، ستانداردەکە چۆنە، یەعنی پێوەرەکە چۆنە ئەگەر جەنابیان وەڵام بدەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوان ناتوانن وەڵام بدەن دەتوانن بە نووسین وەڵام بدەنەوە تا دکتۆرە ڤاڵا دەگەڕێتەوە، شادی خان فەرموو.

**بەڕێز شادی نوزاد وهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی هەشت من پێشنیازەکەم بەم شێوەیەی لێبکرێت، پێویستە ژمارەی منداڵان لە هەر پۆلێك لەگەڵ رووبەری پۆلەکەدا گونجاو بێت بەپێی ستاندارد، چونکە جیاوازی هەیە ئێستا ئێمە ناتوانین ژمارەیەك دیاری بکەین، چونکە هەندێك جار پۆلەکان بچووکترن یان

گەورەترن بەپێی مەتر مربەع و بەپێی ستاندارد، ژمارەی منداڵەکان مەتر موربەع دیاری دەکرێت بۆ باخچەی منداڵان بۆ قوتابخانەکانیش بە هەمان شێوە، لەبەر ئەوە دەبێت وشەی ستاندارد زیاد بکرێت بۆ ئەم ماددەیە تا بتوانین مافی هەموو منداڵێك وەکو یەك دابین بکەین لە باخچەی منداڵاندا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکەی منیش هەر لەسەر بڕگەی دووەمە، لە راستیدا ئێستا ئەوەی کە واقیع دەگوزەرێ ئێمە ناتوانین باخچەی منداڵان بەو شێوازەی کە لەم یاسایە دەقنووسکراوە جێ بەجێ بێت، ئەگەر بەڕێزان لە تیمی وەزاری تاوەکو د.ڤاڵا دەگەڕێتەوە بینووسن وەڵام بدەنەوە، ئەوەی کە ئێستا ئێمە ئاگادارین زۆربەی باخچەکان سێ سەعات و نیو تا چوار سەعات دەوامی تێدایە لەبەر کەمی شوێن، ئایا لە رووی واقیعیەوە ئێمە دوای دەرچوواندنی ئەم یاسایە دەتوانین ئەم بڕگەیە وەکو خۆی جێ بەجێ بکەین یان نا؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خدیجە خان فەرموو.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هلز خان فەرموو.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیێت من ل سەر ماددەیا هەشت بڕگەیا ئێك پشتگیریا شادی خانی دکەم، ل دیڤ ستانداردا بێتە دەست نیشان کرنێ، ل سەر بڕگەیا دووەم شەش کاتژمێر گەلەکن، یەعنی دبیت مە واقیعی بین ل هەرێما کوردستانێ مە نینە باخچەی ئێك دەوامی، سەدا هەشتا باخچەیێت مە دوو دەوامینە، یاسایەکێ هۆسا مە دەربێخین مامۆستایەك مولزەم بکەین شەش کاتژمێرا دەوامێ بکەتن ئەوی مامۆستای ژی بچیکێت هەین، زارۆکێن هەین دزڤڕیتە ماڵا خۆ، وە دەواما مامۆستایان هەمیا پێنج دەمژمێرە، ئایا بۆچی ئەڤ ئیستسنایە بۆ مامۆستای باخچەی منداڵان دێتە دانان کو شەش دەمژمێرا ل باخچەی دەوام بکەتن، ل بەر هەندێ ئەز پێشنیار دکەم ئەو شەش کاتژمێرە ژی هەر ببنە پینج کاتژمێر دا پتر یا واقیعی بیتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون ماددەی دە بخوێننەوە، ماددەی نۆ لەسەر پێشنیاری لیژنە هەڵگیراوە، بەڵام لیژنەی یاسایی لەبەر ئەوەی بە پاکێج پەسەندی پرۆژەکەیانکردبوو دەستکاریان نەکردووە، یەکسەر بڕۆنە ماددەی دە.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
دووەم :
بەشی خوێندنی بنەڕەتی تەوەری
تەوەری یەکەم: بنەماکانی خوێندنی بنەڕەتی.
ماددەی (١٠):
یەکەم: قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی نۆ ساڵە و لە پۆلەکانی یەکەم تا نۆیەم پێکدێت و قۆناغێکی پاپەندکراو بە یەکەم قۆناغی خوێندنی پەیڕەوکراو دادەندرێت.
دووەم: ١- هەر منداڵێك لە رۆژی (٣١/کانونی یەکەم) تەمەنی بگاتە شەش ساڵ دەبێت پەیوەندی بە قوتابخانەیەکی خوێندنی بنەڕەتی بکات.
٢- لە خوێندنی بنەڕەتی پەیڕەوکراو مەرجە بۆ هەموو کەسێك کە تەمەنی لە شازدە ساڵ تێپەڕ نەبووبێت.
٣- پێویستە قوتابی بەر لەوەی تەمەنی نۆزدە ساڵی تێپەڕ بکات قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی تەواوکردبێت.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێزان سەبارەت بەم ماددەیە کێ دەیەوێت قسە بکات؟ سوسن خان نوقتە نیزامیەکەت بڵێ تاوەکو منی خان ناوەکان دەنووسێت، فەرموو.
**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ئێمە ئیزافەمان هەیە دوای ماددەی هەشتەم ئەگەر بکرێت دەرفەتمان پێبدرێت بۆ ئەوەی ئەو ماددانە باس بکەین، چونکە پێویستە باخچەی منداڵان قۆناغێکی زۆر گرنگە و کۆڵەگەی فێرکردن و پەروەردەی منداڵە، بۆیە من پێشنیار دەکەم سێ ماددە لێرە زیاد بکرێت، ئەگەر دەرفەتم بدەی ئاماژەیان پێدەدەم...
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
ئەو ماددانەی کە دەتانەوێت ئیزافەی بکرێت لە کۆتایی کە موناقەشە تەواوبوو ئینجا دەتوانین دەرفەتتان بدەین بۆ ئەوەی بخەنە روو، من پێموایە ئەگەر سێ ماددە زیاد بکرێت لە ماددەی نۆ و دە و یازدە، ئەوها بڵێ، بەڵێ بەڕێزان ناوەکان دەخوێنمەوە (هلز خان، مژدە خان، دکتۆر اسماعیل، د، شێرکۆ، کاك کاوا، کاك سیروان، مامۆستا ابوبکر، کاك باڵانبۆ، شنۆ خان، کاك سەرکۆ، کاك لقمان، کاك عباس، کاك بهجەت، کاك جلال، کاك سروان، کاك چیا، کاك شێخ ظاهر، رۆژان خان، سوسن خان، کاك بەڵێن، کاك ادریس، کاك هێڤیدار، کاك یاسین)، کاك سیروان فەرموو.
**بەڕێز سیروان فرج محمد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
لە بنەماکانی خوێندن ماددەی دە، دووەم دەڵێت بنەڕەتی پەیڕەوکراو مەرجە بۆ هەموو کەسێك کە تەمەنی شازدە ساڵ تێپەڕ نەبووبێت، ئەگەر ئەو مەرجە مەبەستی ئیلزامیە مەرج راست نیە، دەبێت وەکو ئەرکە، من پێشنیار دەکەم بنووسرێت ناچاریە، یەعنی ئیلزامیە، چونکە مەرج

ئیلزامی ناگەیەنێت، لەبەر ئەوە ئەو وشەیە یان ناچاری بۆ بەکار بێنین یـان هەر وشـەی ئیلزامـی بۆ بەکاری بێنین بۆ ئەوەی پێویستە شتێکی ترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جلال فەرمووو.

**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت ب مـاددەی دە بـڕگەی یەکەم هەر منـداڵێك لە ڕۆژی (١٢/٣١) یەعنـی بەڕاسـتی شـەش سـاڵ زۆرە، لەبەر ئەوەی ئێسـتا ئـێمە دەبینـین جـاری وا هەیە منـداڵێك پێـنج ڕۆژی مـاوە، هەیە وەزارەت دەڵێـت ئەگەر سەعاتێکیشـی مابێـت قەبـوول نـاکەین دەبێـت ئـیلا شـەش سـاڵ تەواو بکات، منداڵی ئەو زەمانە هەمووومـان دەزانـین ئایپـاد بەکـاری دەهێـنن، یوتیـوب بەکـار دەهێـنن، بەڕاستی منداڵ زۆر زیرەك بووە، شـەش سـاڵ گەلەك زۆرە، بە مەزەنـدەی مـن ئەگەر ئەو شـەش ساڵە تەسبیت بکرێت لە چوار و نیو تاوەکو پێنج، پێنج ساڵیش، یەعنی دەڵـێمەوە خەڵکێکـی زۆر بەڕاستی ساڵانە پەنا دەبـاتە بەر ناسـنامەی ئەحـوالی مەدەنـی تەزویـر لەبەر خـاتری پێـنج ڕۆژ و مانگێك و دوو مانگ و سێ مانگ، هەویەی تەزویر دەکـات بەس تـاوەکو منـداڵەکەی وەرگیرێـت، دەبێت وەزارەت بەڕاستی بە جدی لەو خاڵە ورد بێتەوە یەعنـی ئەو شـاش سـاڵە بێـتە پـێش بە لای کەم پێنج ساڵ بێت، لە پێنج ساڵ زیاتر نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بهجت فەرمووو.

**بەڕێز بهجت علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن ژی تێبینـی ل سـەر ماددەیـا دە دووەم هەیە، هەر منـداڵێك لە ڕۆژی (١٢/٣١) تەمەنـی بگـاتە شـەش سـاڵ دەبێـت پەیوەنـدی بە قوتابخـانەیەکی خوێنـدنی بنەڕەتـی بکـات، ل ڤێـرە پرسـیار ئەڤەیە یەعنـی شـەش سـاڵ بـۆ تەمەنـێ بچیکـی هـاتیە دیـار کـرن، بەس بچـیکەك تەمەنـێ وی مەزەنترە دێ چ لێهێت، مەسەلەن یەکی یەکە ئەو دهێتە بێبەش کرن ل خانـدنێ، یەعنـی مە زۆر بچیکیت هۆسا یا هەی ل گوندا و ل دەرڤە ئەڤە دەمینن نەشێن بخوێنن، چونکە یاسـاکە رێ پـێ نادەت، پێشنیارێ دکەم مەسەلەن (١٢/٣١) ئەگەر ببیتە یەکی یەك ناهێتە وەرگرتن، ببیتە (١/٣١) ل جهێ (١٢/٣١)، دا ئەڤێت حەفت ساڵیش بێتە وەرگرتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك لقمان فەرمووو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دە ویڕای ئەوەی لە بڕگەی یەکەم پشـتیوانی لە بیروبۆچـوونی کـاك بهجـت دەکەم، لە بڕگەی سێیەم، پێویستە قۆناغی قوتابی بەر لەوەی تەمەنی بگـاتە نـۆزدە سـاڵی تێـپەڕ بکات قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی تەواوکردبێت، بەڵام ئێستا زۆرێك دەبینین تەمەنی لە سەرووی ئەوەیە، بەڵام فرسـەتی خوێنـدنی نەبـووە پێشـووتر، پێشـنیاز دەکەم وای لێبکرێـت، پێویسـتە قوتابی بەر لەوەی تەمەنی نـۆزدە سـاڵ تێـپەڕ بکـات قۆنـاغی خوێنـدنی بنەڕەتـی تەواوکردبێـت

دوای ئەوە دەتوانێت خوێندنی ئێواران یاخود بە شێوازی تاقیکردنەوەی دەرەکی درێژە پێبدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕۆژان خان فەرمووو.

**بەڕێز ڕۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ژی تێبینیا من ل سەر ماددەیا دە بڕگەیا دووەم هەر خالا ئێکی هەمـوو تێبینیـا مـن تێبینـی برادەران بی، کو (٣١/ کانونی یەکەم) ئەو ڕۆژ تەحدیـد کـرنە زەرەری دداتە قوتابیـان هەیە پێـنج ساڵ و سێ ڕۆژ بن عەمری وانا ئەڤ گلەییە زۆرجار هاتیە کرنێ نەهێن وەرگرتنێ ل قوتابخـانە، ئەز پێشنیار دکەم ئەو ڕۆژە بێتە لادان کانونی یەکەم ڤەکـری بیـتن، ئەگەر ڕۆژەك ژی بیـتن هەتـا ببیت (٣١) ڕۆژ وێ پێنج ساڵی بێتە وەرگرتنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ادریس فەرمووو.

**بەڕێز ادریس اسماعیل عبوش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بە مـاددەی دە بـڕگەی دووەم خـاڵی یەکەم هەر وەکـو کـاك جـلال گـووتی منداڵەك بە گوێرەی ناسنامە فەرمیەکان دەبینی مانگ یان دوو مانگ لە تەمەنی کەمە بۆ ئەوەی ببێتە شەش ساڵ دایك و باوکیان ناچار دەبن بۆ ئەوەی دەست ببەن بـۆ دروسـتکردنی ناسـنامەی سـاختە بـۆ ئەوەی منداڵیان وەربگیرێن، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە فشارێك لەسـەر قوتابخـانە دروسـت ببێت بۆ ساڵی خوێندن، پێوستە بۆ وەرگرتنی من نـاڵێم بـا شـەش سـاڵی کەمتـر وەربگـرن، بەڵام پێویسـتە بـۆ وەرگرتنـی هەر منـداڵێك زیـاتر گرنگـی بە ناسـنامە فەرمیەکـان بـدرێت، ئەوەی تـر زۆرجار دەبێنین خێزانێك بە تایبەتی ئەوانەی کە هەبوونن لە قوتابخانە منـداڵیان لەو پەڕی شـار دەنێرن بۆ ئەو پەڕی تری شار بۆ قوتابخانەیەك کە دەڵێن ئەو قوتابخانە باشە، مامۆستایان باشە، ئەوەش وا لێـدێت کە زیـاتر فشـار بخـاتە سـەر ئەو قوتابخـانەیە دروسـت ببێـت، بە تـایبەتی بـۆ کەسانی هەبوون لەو کاتە واستە و واستەکاری دروسـت دەبێـت، دیـارە کە نـاوی قوتابخـانەك بە باشی بچێت ئەو فشار لەسەر زیاد دەبێت و واستە و واستەکاری زیاتر دەبێت، زۆرجار وا دەڵـێن ئەو کەسـانەی کە لە دەوروبەری ئەو قوتابخـانەیە دەژیـن بێـبەش بـبن لەو قوتابخانـانە، مـن بە پێویست دەزانم و پێشنیار دەکەم بۆ وەرگرتنـی قوتـابی و دابەشـکردنیان لەسـەر قوتابخانەکـان لەسەر ئەساسی جوگرافی و نزیکترین قوتابخانە بێـت بـۆ ئەوەی ئەو کێشـەیە دروسـت نەبێـت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز وەکیل وەزیری پەروەردە و ئەو ستافە بەڕێزەی لەگەڵی هـاتوون پرسـیارەکانی ئەنـدامانی بەڕێـزی پەرلەمـان بنووسـن بـۆ ئەوەی بەیـانی کە بەڕێـز وەزیـری پەروەردە دێـت لە سـەرەتای دانیشتنەکە چارەگێکی دەدەینێ بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیارە سەرەکییەکان بداتەوە، وە بەڕێزیـان مـۆڵەتی وەرگرتـووە، لەبەرئەوەی لە زاخـۆیە لەگەڵ بەڕێـز سـەرۆکی حکـومەت بـۆ کـردنەوەی هەنـدێك دامەزراوەی پەروەردەیـی لەبەرئەوەی نەیتـوانی ئامـادە بێـت، بەڵام بفەرمـوون ئێـوە

تێبینیەکان بنووسن بۆ ئەوەی بەیانی بەڕێزیان بتوانێت وەڵامی ئەندامانی پەرلەمان بداتەوە، کاك سروان فەرموو.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دە هاوڕای برای بەڕێزم کاك بهجتم ئەوەی کە منداڵان لە (١٢/٣١)، بەراستی لابردنی ئەوە زۆر باشتر دەبێت، چونکە خۆم یەکێکم لەوانەی تووشی ئەو ئاریشە بوومە، ئێستا کچەکەی من یەکی یەك لە دایك بووە کەچی وەریان نەگرت، یەعنی بوو بە حەوت ساڵ ئینجا چوو بۆ قوتابخانە، لەبەر ئەوە من هاوڕای کاك بهجتم، ئەوەی تریش لە بڕگەی سێیەم هاوڕای برای بەڕێزم کاك لقمانم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مژدە خان فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دە پێشنیار دەکەم خاڵی یەکەم: قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی نۆ ساڵە هەیە بە دوو و سێ ساڵە لە پۆلێك دەبێت نابێت بگوترێت نۆ ساڵ بگوترێت نۆ پۆڵە، بنەڕەتی نۆ پۆڵە، نەك نۆ ساڵ، هەیە بە دوو ساڵ پۆلێك دەبڕێت، یەعنی ئەوە هەڵەیە، سەبارەت بە خاڵی دووەمیش خوێندنی بنەڕەتی پەیڕەوکراو پێویستە بکرێتە مەرج بکرێت پێویست، پێویستە بۆ هەموو کەسێك کە تەمەنی لە شازدە ساڵ تێپەڕ نەبووبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفی :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەکانی کاك بهجت و مژدە خان دەکەم، ئەوە تێبینیەکەم بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینەکەی منیش هەر لەسەر خاڵی یەکەم لە بڕگەی دووەمە کە تەحدیدی (١٢/٣١) کردووە، لە ڕاستیدا بەڕێز وەکیل وەزیری پەروەردە و ستافی وەزارەت کە دەزانن نەك هەر ئێمە ئەوانیش و ئێمەش لەو کاتەدا رووبەرووی چ تەکلیفێك و تەکلیفاکاریەك دەبینەوە لەسەر ئەوەی منداڵێك بۆ دوو ڕۆژ بۆ سێ ڕۆژ و چوار ڕۆژ وەرناگیرێت، یەعنی تۆزێك مرونەتی تێدابندرێت بە مانگێك پێش ئەوە، بیست ڕۆژ پێش ئەوە خوێندکارەکە وەربگیرێت، بۆ ڕۆژێك و دوو ڕۆژ ساڵێکی خوێندنی نەفەوتێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك باڵانبۆ فەرموو.

**بەڕێز بالأنبۆ محمد على:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بنەماکانی خوێندنی بنەڕەتی ماددەی دەیەم بڕگەی دووەم خاڵی یەکەم وێڕای پشتگیریکردنم بۆ کاك بهجت و کاك سروان، من پێمباشە ئەم ماددەیە بەو شێوەیەی لێبکرێت هەر منداڵێك لە رۆژی (٣١/کانونی یەکەم) تەمەنی بگاتە شەش ساڵ دبێت پەیوەندی بە قوتابخانەی بنەڕەتی بکات، ئەمە پێویستە رەچاوی ئەوە بکرێت سێ مانگ یەعنی پێموانییە کاتێکی زۆر بێت، سێ مانگی بمێنێت بۆ شەش ساڵ یان شەش ساڵی تەواوکردبێت، لەبەرئەوەی دەزانین زۆربەی لە دایك بووان وا رێك دەکەوێت تا سێ مانگ و چوار مانگیان دەمێنێت بۆ (١٢/٣١) لە خوێندن وەربگیرێن، وە ئەگەر ئەمە چاك نەکرێت لە ماددەی سێیەم ئیشکالمان بۆ دروست دەبێت ئێستاش روونکردنەوە لەسەر ئەوە دەدەم، وە لە خاڵی دووەمیش پشتگیری کاك سیروان دەکەم، مەرج لێرەدا گونجاو نیە خوێندنی بنەڕەتی پەیڕەوکراو، مەرج بۆ کارێك دادەندرێت پێویستە ئەو کارە بکرێت بەم مەرجانە، لەبەرئەوەی ئەم مەرجە پێویستە بکرێت بە زۆرە ملێ یان ئیلزامی بەو شێوەیە دروست دەبێت، لە کاتێکدا لە خاڵی سێیەم دەڵێت پێویستە قوتابی بەر لە تەمەنی نۆزدە ساڵی تێپەڕ بکات قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی تەواو کردبێت، لێرەدا پێویستە رەچاوکردنی ساڵی وەرگرتنی دیاری بکرێت، چونکە ئەگەر خوێندکارێك سودفە وا رێکەوتبوو سێ مانگی مابوو بۆ ئەوەی کە لە شەش ساڵی وەربگیرێت، کەواتە لە کۆتاییدا ساڵێکی ئەو خوێندکارە دەفەوتێت، لەبەر ئەوە ئەمەش پێویستە هەر چاك بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێخ ظاهرفەرموو.

**بەڕێز ظاهرمحمد على حسين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دە بڕگەی دووەم خاڵی یەکەم هەر منداڵێك لە (٣١/ کانونی یەکەم) تەمەنی بگاتە شەش ساڵ دەبێت پەیوەندی بە قوتابخانەیەکی خوێندنی بنەڕەتی بکات، من پشتگیری لەو برادەرانە دەکەم بەڕاستی ئەوە زۆرجار گرفت دروست دەکات، یەعنی ئەگەر سێ رۆژی کەم بێت و دوو رۆژی زیاد بێت پێویستە ئەو (٣١)ەکە لاببرێت، یەعنی بە شێوەیەك رێك بخرێت لیژنەیەك دابندرێت بۆ ئەوەی ئەو قوتابییە هەڵبەسەنگێنن ئایا شیاوی ئەوەیە کە وەربگیرێت یاخود وەرنەگیرێت بۆ لەسەر دوو رۆژ یان سێ رۆژ ساڵ بمێنێتەوە، یاخود ساڵی پاشتر دەوام بکات، بۆیە پشتگیری کاك جلال و کاك بهجت و کاك سروان و کاك لقمان دەکەم لەسەر ئەو بابەتە، سەبارەت بە خاڵی سێیەم پێویستە قوتابی بەر لەوەی تەمەنی نۆزدە ساڵی تێپەڕ بکات قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی تەواوکردبێت، من پێمباشە لە رووی سیاغەکردن بەم شێوەیەی لێبکرێت، پێویستە قوتابی لە تەمەنی نۆزدە ساڵیدا قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی تەواو بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك چیا فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیا من ل سەر ماددەیا ئێکێ یە ل رۆژا (١٢/٣١) من پێمباشە ل رۆژا دایك بوونا هەر قوتابیەك شەش ساڵ تەمام کر بیت نەك (١٢/٣١)، چونکی هەر قوتابیەك ل رۆژا ل دایك بوونا وی بیت وی دەمی شەش ساڵی خۆ تەمام بکەتن، (١٢/٣١) نە شتەکی دروستە و نە یاساییە، چونکی قوتابخانە ئێکی نۆ دەست پێ دکەن، یان هەیڤا دە دەست پێ دکەن، پێویست ناکات (١٢/٣١) بێتە بەکارهێنان، چونکی ئەگەر ئێکی ئێك خودێ دابیت یەعنی چەند رۆژەکا ساڵەکیش دەست وی دچیت، رۆژا ل دایك بوونێ هیچ کێشە و ئاریشە چی نابیت، هەر کەسەك رۆژا ل دایك بوونا وی ببیتە ئەساسێ وەرگرتنێ ئەو ژی شەش ساڵیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوسن خان فەرمووو.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری ئەو پەرلەمانتارە بەڕێزانە دەکەم کە لە بڕگەی دووەم خاڵی یەکەم لە راستیدا ئەو مەرجە هەڵبگیرێت، چونکە زۆرجار وا هەبووە قوتابی لەبەر یەك رۆژ ساڵێکی قوتابخانەی لێ بەفیڕۆ چووە، لەبەر ئەوە من دەڵێم با زیاتر کارامەیی منداڵ لەبەرچاو بگیرێت نەك ئەو تەمەنە، چونکە قوتابی هەیە لە تەمەنی پێنج ساڵی دەتوانێت بخوێنێتەوە و هیچ کێشەشی نابێت، وە لە بڕگەی سێیەم لە راستیدا پێمباشە بڕگەیەك زیاد بکرێت بە رێزبەندی چوارەم پێویستە مامۆستای کارامە و بە توانا دابندرێت بۆ قۆناغی بنەڕەتی، چونکە قۆناغێکی چارنووسازە بۆ خوێندنی باڵاتر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك یاسین فەرمووو.

**بەڕێز یاسین خضر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا، پشتگیری لە قسەکانی کاك بەڵێن وکاك سروان کاك چیا وکاك لقمان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.اسماعیل فەرمووو.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵا ئێکێ ماددەیا دەیەم ئەز پشتەڤانیا خوشکە مژدە دکەم، فیعلەن بۆ پۆڵ دروست ترە، قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی نۆ پۆڵ پێك دێت، چونکی ل تەعریفاتەدا تەعریفا ساڵی خوێندن ناهاتیە کرن، بەڵێ تەعریفا بۆڵێ هاتیە کرن، پۆڵ ساڵەکا خوێندنا قوتابییە ل هەر قۆناغەکا خوێندنا دابیت، مادام ل تەعریفاتدا هاتیە ل ڤێرێ ببیتە پۆڵ باشترە، یا خاڵا دووێ ئەز پشتەڤانیا وانا دکەم کو فیعلەن بچیکێ هەی زیرەکە مەعقول نینە دوو رۆژ و سێ رۆژ ببیتە مانع ساڵەك ب سەرڤە بچیتن، یەعنی بلا مودەك بێتە دانان بزانن چەند ئیتفاق ببیتن هەیڤەك ژی

ئیشكال نینە، یەعنی شەش ساڵ كەم هەیڤەك بیتن یـان بە لایەنـی كەم ئەڤە بچیـتە ئێكـی ئێـك نەبیـتە (١٢/٣١)، خـاڵا دووەم: خوێنـدنی بنەڕەتـی پەیڕەوكـراو مەرجە بـۆ هەمـوو كەسـێك كە تەمەنـی شـازدە سـاڵی تێـپەڕ نەبووبێـت، یەعنـی ل شەشـی دچیـتە خوێنـدنی نـۆ مەرحەڵێـت دیراسینە ئەڤە بوونە چەند، پازدە، مەعنا وێ ل بنەڕەتی ئێكی هەتـا شەشـی و حەفتـی هەتـا نـۆ مافێ رسوبێ ئیك ساڵ ب تنێ یا هەی، ئەگەر هۆسا بیت، ئەوە بێتە چارەسەركرن، خـاڵا دووێ ل گەڵ خاڵا سێ ئەز حەز دكەم لیژنەیا تایبەت بۆ من جیاوازیەك بخەتە ڤێرێ، دبێژیتن شازدە ساڵ تێپەڕ نەبووبێت، ل ڤێرە دبێـژیتن لەوەی تەمەنـی نـۆزدە سـاڵی تێـپەڕ بكـات قۆنـاغی خوێنـدنی بنەڕەتی تەواوكردبێت، كا بۆ من پچەكی لێكدانەكێ بكەن بزانم كو لیـژنە تەوزیـحەك بـدەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

شنۆ خان فەرموو.

**بەڕێز شنۆ اشقی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینیم لەسەر خاڵی یەكەمی بڕگەی دووەم هەبوو قسەكانم كرا لەلایەن كـاك بـاڵانبۆ، پشـتیوانی لە قسەكانی كاك باڵانبۆ دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

هلز خان فەرموو.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینیێت من ل سەر ماددەیا دە بڕگەیا ئێكەم پشتگیریا بەڕێـزان دكەم كـو ئەوێ دبێـژن نـۆ پـۆڵ بیتن، چونكی دیارە بڕگەیا بیسـت پێـنج ل ماددەیـا ئێكـێ دا پێناسـە پـۆڵ یـا هـاتیە كرنـێ، دوو: ئەگەر هۆسا بیتن نۆ ساڵ بیتن تەلەبە یا هەی دوازدە ساڵە قۆناغە بنەڕەتـی تێپەڕنیـتن، چـونكی دیارە ل بڕگەیا سێ دا هەتا پێش نۆزدە ساڵ دشێتن قۆناغا بنەڕەتی تیپەڕنیتین، من تێڕوانینەكـا جودا یا هەی بۆ وان بەڕێزان ئەڤێ دبێژن دڤێتن (١/٣١) بچیتە هێڤەتر، من دڤێ روونكردنێ بدەم ئێكی ئێك تا (١٢/٣١) موالیدەكە، ئێـك موالیـدە، كەنگـی تەڵەبە دهێـنە نڤیسـینێ ل مانگـا شـەش، دبێژیتـێ هەتـا دوماهیكـا هەیڤـا دوازدە تە ژی مـافێ هەی، تەمەنـێ وی دبیـتە شـەش دی تۆمـار بـكەت، باشـە ئەگەر مە تەمدیـدكر گریمـانە كـر مە هەیڤا ئێـك ل سـاڵا دیتـر ژی ئیـزافە كـر بـۆ موالیـدەكا دی تـر، ژبەر هەنـدێ ئەگەر تە هەیڤـا ئێـك ئیـزافە كـر ل سـاڵا دیتـر هەیڤـا دووش دێ تەڵەب دكەت، چەندین ساڵە مامۆستا برهان دزانیت ئەڤ شتە هەبوو تووشی موشـكیلە بـووین، چونكی هەیڤا دووش تەڵەب كر، هەیڤا سێ ژی موالیدا ساڵا دی تر، ژبەر هەندێ ب دیتنا من ئەڤ بڕگەیە یا هەیە قانونیە ل جهێ خۆ بمێنیتەڤە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك هێڤیدار فەرموو.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلێمان:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بە مـاددەی دە بـڕگەی دووەم خـاڵی یەك بـرادەران زۆربەیـان قسـەیان لەسـەرکرد، پشتگیری بەڕێز کاك چیـا دەکەم، هەر منـداڵێك لە ڕۆژی (١٢/٣١) ئەو کـات تـاقیکردنەوەی نیـوەی ساڵە، لەو ڕۆژە بووە شەش ساڵ نیوەی ساڵەکە کو دەچێت دەوام دەکات بەپێی ئەم نووسـراوە، دەبێـت ئەو کـات بچێـت دەسـت بە خوێنـدن بکـات، نیـوەی سـاڵ تێپەڕیـووە، ئەوەی دووەم پشـتگیری بەڕێـز دکتـۆر اسـماعیل سـگێری دەکەم، کـابرا سـاڵێك خـوا نەخواسـتە لە قوتابخـانە پرسەیەکی بۆ دروسـت بـوو، موشـکیلەیەکی بـۆ دروسـت بـوو نەیتـوانی تەواو بکـات، مەعقولە ساڵێك قۆناغی بنەڕەتی هەموو مەجالێ بۆ بێڵی ئەگەر دەرنەچوو، هیوادارم بەوە دابچـنەوە، وە جەنابی وەزارەت حەز دەکەم بەیانی وەزیر وەڵامی ئەوە بداتەوە، بەڕێـز کـاك برهـان، یەعنـی لە نیوەی ساڵ دەبێت بچێت بەشدار بێت، نیو ساڵی لێ تێپەڕی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسـەکانی مـژدە خـان و دکتـۆر اسـماعیل دەکەم بـۆ بـڕگەی یەکەمـی ئەم مـاددەیە، بڕگەی دووەم کە دەڵێت هەر منداڵێك ئەوەندەی تەواوکرد دەبێت پەیوەنـدی بە قوتابخـانەیەکی خوێندنی بنەڕەتی بکات، منداڵ چۆن دەتوانێت پەیوەندی بکات کە موخاتـب ناڵێـت، لە مـاددەی دوازدەدا باس لە بەخێوکەر دەکات، بە خێوکار دەکات، بـۆیە دەبێـت لە ڕێـی بەخێـوکەرەکەیەوە بێت ئەو دەقە وا دابڕێژرێتەوە، ئەوەی تریش پەیوەندی بە سـاڵ ومانـگ و ئەوانە هەر مـودەیەك زیاد و کەم بکەین گلەیی دروست دەبێت، چونکە تۆ مانگێك کەمت وەرگرت و دوو مـانگیش ئەو مـافەی هەیە، بـۆیە مـن لەم ڕووەوە پشـتگیری لە ڕەئـیەکەی مامۆسـتا هلـز خـان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاوە فەرموو.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم دەبووایە ئەو بەڕێزانەی کە بە نوێنەرایەتی وەزارەتی پەروەردە لێرەن بە دەنگدان مـافی ئەوەیان هەبووایە کە وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە، ئەوە بخرابایە دەنگدان، نەك ئـێمە چـاوەڕێ بکەیـن بەیـانی وەزیـری پەروەردە وەڵام بـداتەوە، سـەبارەت بە مـاددەی دەیەم بـڕگەی دووەم و سێیەم بە تەواوی پشتگیری لە قسەکانی دکتـۆر اسـماعیل سـگێری دەکەم، بەڕاسـتی نەوعەك لە تەزاروب هەیە، چـونکە خۆتـان دەزانـن کـۆمەڵگەی ئـێمە دەئـیمەن کۆمەڵێـك گرفتـی سیاسـی و کـۆمەڵایەتی هەتـا ئـابووری هەیە و وا دەکـات کە قوتـابی لە خوێنـدن دابـڕێـت، بـۆیە ناکرێـت مەسەلەن شـازدە سـاڵ لە بـڕگەی دووەم تەحدیـد بکرێـت، ئینجـا لە بـڕگەی سـێیەم نـۆزدە سـاڵ تەحدید بکرێت، چونکە بەدیلی ئەوە چیە، بەدیلـی ئەوەیە خوێنـدنی ئێـوارانە یـاخود خوێنـدنی خێرایە کە خوێندنی ئێـوارانیش لە هەمـوو شـوێنێك نـیە، بـۆ نمـوونە هەتـا شـارۆچکەیەك هەیە

خوێندنی ئێوارانی لێ نیە، ناحیە هەیە خوێندنی ئێوارانی لێ نیە، ئەوە نەوعێك گرفت دروست دەكـات، هیـوادارین وەزیـری پەروەردە روونكـردنەوەی زیـاتر لەسـەر ئەو مـاددەیە بـدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرقی نێوان بڕگەی دوو و سێ بەیانی جەنابی وەزیر دەبێت بـۆ ئەنـدامانی بەڕێـزی پەرلەمـانی روون بكـاتەوە، فەرقیـان چـیە، هەر چەنـدە فەرقیـان هەیە، مەبەسـتی ئەوەیە تـا شـازدە سـاڵ دەتوانێت پەیوەندی بە خوێندنی نیزامیەوە بكـات، بەڵام دوای شـازدە دەبێـت یـاخود خوێنـدنی خێرا یان خوێندنی ئێواران، نـۆزدەكە سـێ سـاڵ رسـوبە سـەقفەكەیە، بەڵام خۆیـان ئەم قسـەیە بكەن، فەرمووو كاك سەركۆ.

**بەڕێز سەركۆ ازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دە قسەكانی من كرا، پشتیوانی لە قسەكانی كاك لقمان و مژدە خـان دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عباس فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دە مـن سـێ چـوار تێبینـیم هەیە، یەكەم: (١٢/٣١) كە یەكسـەر بكەیـنە (١/١) لەبەر یەك سەبەب، چـونكە بەڕاسـتی ئەمە واقیعێكە ئەوانەی لە بیسـت و پێـنج تـاوەكو سـی و یەكیش لە دایك دەبن هەوڵدەدەن بیكەنە یەكی یەك، لەبەر ئەوە ئەمە سـاڵێكی تەواوی لە قـیس دەچێت، ئەم سی و یەكە بكەینە یەكی كانونی دووەم باش دەبێت، مەسـەلەی خـاڵی دوو و سـێ مەسەلەی شازدە ساڵ خۆی بە پـازدە سـاڵ تەواوی دەكـات، مـن دەزانـم شـازدە سـاڵ و نـۆزدەكە مەبەستی ئێواران نیە لەم خاڵە، ئەگەر مەبەستی ئێـواران بێـت زۆر خـراپە، بەڵام هەر شـازدەكە لادەیـن نـۆزدەكە بهێڵیـنەوە، مـن پێمـوایە بە پـازدە سـاڵ تەواوی دەكـات و چـوار سـاڵی مەجـال دراوەتێ بۆ ئەو قۆناغـانەی كە ناتوانێـت سـەركەوتوو بێـت یـان لە خوێنـدن دوور دەكەوێـتەوە، بۆیە شازدەكە لابدەین، بەڵام كۆتاییەكەی ئەوەیە كە لە ماوەی نۆزدە ساڵ بنەڕەتی تەواو بكـات، پێموایە كافیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموون ماددەی دوای ئەوەمان بۆ بخوێننەوە.

**بەڕێز رۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەوەری دووەم: ئامانجەكانی خوێندنی بنەڕەتی.

ماددەی (١١):

یەكەم: بنیاتنـانی بنەماكـانی پەروەردە و خوێنـدنەوە و نووسـین و ژمـاردن لای قوتابیـان و پەرەپێدانی تواناكانیان لەو بوارانەدا.

دووەم: بەهرەمەندکردنی قوتابیان بەزانست وپەرەپێدانی تاواناکانیان وگەشەپێدانی کارامەییە سەرەکییە جۆراوجۆرەکانی قوتابیان بە تایبەتی کارامەییەکانی زمانەوانی ژماردن و هونەری و جوڵەیی.

سێیەم: فێربوونی بنەماکانی پەروەردە و هاونیشتیمانی بوون و مەدەنیەت و هاندانی قوتابیان بۆ گیانی دەست پێشخەری تێکۆشان وکۆڵنەدان وتوانای پشوو درێژی بەمەبەستی ئامادەکردنیان بۆ بەشداریکردنی کارا لە هەڵبژاردنی شێوەی ژیانیان.

چوارەم: ئامادەکردنی قوتابیان بۆ بەردەوامبوون لە خوێندنی ئامادەیی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، کێ دەیەوێت لەسەر ئەم ماددەیە قسە بکات؟ بەڕێزان ناوەکانی دەخوێنمەوە (کاك زیاد، گوڵستان سعید، کاك جمال، کاك کاروان، کاك عباس، شادی خان، کاك مەم، کاك جلال، کاك لقمان، کاك شاخوان، کاك یاسین، شیرین خان، د.اسماعیل، د.محی الدین، مژدە خان، مامۆستا ابوبکر، هلز خان، د.ڕێبوار، کاك پێشەوا، لیزا خان، مامۆستا نجاة، کاك سەرکۆ، مەلا ناصر، د.گلاوێژ، سەرچنار خان، کاك ازاد)، کاك زیاد فەرموو.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم ماددەیە بڕگەی یەکەم و دووەم پەرەپێدانی تواناکان لە پەروەردە و خوێندنەوە و نووسین و ژماردن و گەشەپێدانی کارامەییەکان لە زمانەوانی ژماردن هونەری و جوڵەیی، بە رای من هەردووکیان بکرێتە یەك بڕگە، بڕگەیەکی زۆر بەهێز دەردەچێت و لە یەکیش دەچێت، سەبارەت بە بڕگەی سێیەم لێبوردەیی بۆ زیاد بکرێت، چونکە لە پەروەردە لێبوردەیی زۆر گرنگە، لێبوردەییشی بۆ زیاد بکرێت، تێکۆشان کۆڵنەدان توانای پشوو درێژی و لێبوردەییشی بۆ زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

گوڵستان خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ئامانجەکانی خوێندنی بنەڕەتی لە ماددەی یازدە بڕگەی یەکەمیان بنیاتنانی بنەماکانی پەروەردە و فێرکردنی خوێندنەوە، فێرکردنی بۆ زیاد بکرێت لێرە، لە بڕگەی دووەمیاندا جگەلە لەو خاڵانەی کە ئاماژەی پێدراوە کارامەییەکانی زمانەوانی ژماردن و هونەری و جوڵەیی زانستی و مێژووی و ژینگەیی بۆ زیاد بکرێت، لەگەڵ ماف و ئەرکی هاوڵاتیبوون بۆ خاڵی سێ زیاد بکرێت، فێربوونی بنەماکانی پەروەردە و ماف و ئەرکی هاووڵاتی بوون چەمکەکانی مەدەنیەت، وە هاندانی قوتابیان بۆ گیانی دەست پێشخەری بە مەبەستی ئامادەکردن و دروستکردنی پابەندبوون و گەشەکردنی هەستی نیشتیمانی ئەوە زۆر گرنگە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیزا خان فەرموو.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێموایە لەم ماددەیەدا بڕگەی یەکەم و دووەم زۆر لە یەك دەچن بۆیە پێویستە بکرێت بە یەك بڕگە هەردووکیان بەم شێوەیە، بنیاتنانی بنەماکانی پەروەردە و بەهرەمەندکردنی قوتابیان بە زانست و پەرەپێدانی تواناکانیان و گەشەپێدانی کارامەییە سەرەکیە جۆراوجۆرەکانی قوتابیان بە تایبەتی کارامەییەکانی زمانەوانی و ژماردن و هونەری و جوڵەیی، کەواتە یەکەم و دووەم زۆر لە یەك دەچن هەر وەکو باسمکرد ئەگەر بکرێت بە یەك بڕگە باشتر دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك پێشەوا فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفى :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەی سێیەم ئەوەی کە دەڵێت فێرکردنی بنەماکانی پەروەردە و هاونیشتیمانی بوون و مەدەنییەت ئەگەر مەبەست لە شارستانییەتە ئەو مەدەنیەتە نازانم بۆ من کەمێك وازح نییە، هاندانی قوتابیان بۆ گیانی دەست پێشخەری تێکۆشان پێمباشە کاری گرووپیشی بۆ زیاد بکرێت، هەروەها لە بڕگەی چوارەم کە دەڵێت ئامادەکردنی قوتابیان بۆ خوێندنی ئامادەیی پێموایە زەرور نیە یەعنی خۆی وازحە کە کەسێك بنەڕەتی تەواوکرد بۆ ئامادەیی دەچێت، یەعنی شتێك نییە پێویست بە نووسین بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عباس فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم ماددەیە منیش هەمان ڕەئیم هەیە پشتگیری لە ڕەئیەکەی لیزا خان دەکەم، ئەم دوو ماددەیە پێویستە هەمان مەبەستیان هەیە بیکەین بە یەك بڕگە، سەبارەت بە بڕگەی چوارەم من لەگەڵ ئەوەم کە لابرێت، بڕگەی سێیەم لە جیاتی بۆ بەشداری کارا لە هەڵبژاردنی شێوەی ژیانیان دەتوانین بۆ هەموو بوارەکانی ژیانی لێبکەین، ئێمە دەتوانین بڕگەی چوارەمیشی بەکار بێنین و پوخت تر دەبێت ماددەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یازدە بڕگەی یەکەم پشتیوانی گوڵستان خان دەکەم وشەی فێرکردن لە دوای پەروەردە زیاد بکرێت، هەروەها سەبارەت بەوەی ئەگەر بڕگەی یەکەم و دووەم بکرێت بە یەك بڕگە جارێکی تر پشتیوانی لیزا خان دەکەم بۆ ئەوەی لە یەك نزیك بکرێتەوە، هەروەها سەبارەت بە بڕگەی چوارەم بڕگەی چوارەمیش لابرێت پێموایە زەرور نیە پشتیوانی کاك پێشەوا دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
شادی خان فەرموو.
**بەڕێز شادی نوزاد وهاب:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سەبارەت بە ماددەی یازدە من پێمباشە ئاماژە بە خاڵێـك بـدەم، لە بنچینـە فەلسـەفیەکانی بنەمـا گشـتییەکانی پەروەردە و فێرکـردن کۆمەڵێـك خـاڵ ئامـاژەی پێـدراوە، بنەمـای فێربـوونی ئەم خاڵانەی کە لێرە ئاماژەی پێدراوە ئەو مەرحەڵە تەمەنەیە یاخود بنیاتنانی ئەو کەسایەتیە لەسـەر ئەم بنەما فەلسـەفیانە مەرحەلە عمـری بنەڕەتـیە، واتە لە شـەش سـاڵی تـاوەکو نـۆزدە سـاڵی کە ئاماژەی پێدراوە، بۆیە ئێمە گرنگە تەرکیز بکەینەوە سەر ئەو خاڵانەی تر لە بنەما فەلسەفیەکاندا هاتوون بەشی هەرە زۆریان لێرە بێنەوە و کاریان لەسەر بکرێت، وەکو مەسەلەی پرەنسـیپەکانی دیمـوکراتی زۆر گـرنگە لێـرە کە ئامـاژەی پێبـدرێت، دادپەروەری کـۆمەڵایەتی یەکسـانی نێـوان هەردوو رەگەز ئەمە زۆر گـرنگە کە کـاری لەسـەر بکرێـت لەم مەرحەلە عمـریەدا، هەروەهـا مـن پشتیوانی لە قسەکانی کـاك زیـاد دەکەم بـۆ خـاڵی سـێیەم بـۆ زیـادکردنی لێبـوردەیی، هەروەهـا ئیزافەکردنی پێکەوە ژیان ل دوای دەستەواژەی هاونیشتیمانی بوون، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
مژدە خان فەرموو.
**بەڕێز مژدە محمود محمد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سـەبارەت بە مـاددەی یـازدە بـرگەی دووەم پێشـنیار دەکەم بەوەی کە دەڵێـت بەهرەمەنـدکردنی قوتابیان بە زانست و زانین، وشـەی زانینیشـی بـۆ زیـاد بکرێـت، چـونکە جیـاوازن، سـەبارەت بە خـاڵی سـێیەم کۆتـاییەکەی رێـزی سـێیەم کە دەڵێـت بە مەبەسـتی ئامادەکردنیـان بـۆ لە بـڕی بەشـداریکردنی کـارا لە هەڵبژاردنـی شـێوەی ژیانیـان بەو شـێوەیەی لێبکرێـت، بە مەبەسـتی ئامادەکردنیان بۆ هەموو بوارەکانی ژیانیـان، سـەبارەت بە خـاڵی چـوارەم لابرێـت، لەبەر ئەوەی بەپێـی ئەوە بێـت فەرزکـراوە بچـنە ئامـادەیی، بەڵام لە قۆنـاغی بنەڕەتیـدا دەچـنە پەیمانگـای وەرزشی، دەچنە کۆمپیوتر، هونەرە جوانەکان، بۆیە مەفروزە ئەو خاڵە لابرێت، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
مامۆستا ابوبکر فەرموو.
**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
منیش لەو خاڵەدا هاوڕای کاك عباسم کە خاڵی چوارەم زیادە، هەروەها لە خاڵی سێیەمیشدا سێ بنەما جەختی لێبکەینەوە بۆ ئەوەی زۆر ئاڵۆزی نەکەین لەسەر ئەو تەمەنە کە ئەویش بنەماکانی پەروەردە و فێرکردن و متمانە بەخۆبوون هاونیشتیمانییە، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
د.گلاوێژ فەرموو.

**بەڕێز گلاوێژ عبید عثمان :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یازدە هاوڕام لەگەڵ ئەو ئامانجانەی خوێندن کە هەیەتی، بەڵام پێموایە کە پێویستە خاڵێکی تری بۆ زیاد بکرێت، لێرە، ئەویش ئەرکی سیستەمی پەروەردە و خوێندنە قورسایی بخاتە سەر وشەی دیالۆگ گرنگی بە بەشداری و هاوبەشیکردنی قوتابی و خوێندکار بۆ ژیانی پێکەوەیی، وە دروستکردنی نەوەیەك بە ئاگا بێت لە مافەکانی خۆی و ئامادەش بێت بۆ وەرگرتنی ئەرك و بەرپرسیاریەتی لە داهاتوودا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ازاد فەرموو.

**بەڕێز ازاد اکرم بهرام:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی یەکەم بنیاتنانی بنەماکانی پەروەردە خوێندن و نووسین و قسەکردن زیاد بکرێت، چونکە بەڕاستی کە سیڤییەك پڕ دەکەیەوە لێت دەپرسن موستەوای نووسین و قسەکردن و خوێندن دەنووسرێت، ناڵێن موستەوای قواعید و ئەدەبت چییە، ئینجا ئەوانەی کە بە زمانی کوردی نازانن ئەو کوردییەی کە دەخوێنن قواعید و ئەدەبێکی ئەوەندە زۆرە کو فێری زمانی قسەکردنەکە دەبێ، یان ئەوانەی بە ئینگلیزی و عەرەبی دەخوێنن ئەوەندە قواعیدە هیچ ئیهتیمام نادرێت بە خوێندن و نووسین و قسەکردن، لێرە قسەکردن لەلای من زۆر گرنگە، هەروەها لە بڕگەی چوارەمیش ئامادەکردن لێرە بە گوێرەی قابیلیەت و ئیختیصاص بنووسرێت، مەسەلەن ئێمە زۆر حەز دەکەین لە پۆلی نۆ تەلەبەك لەوانەیە حەز دەکات بچێتە گب یان هەندەسە یان بیرکاری، یان فیزیا یان وەرزش یان ڕەسم؟ یان وەرزشی، لێرە دیار بکرێت یەعنی لەو بە چ شێوەیەك ئامادەی دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شاخوان فەرموو.

**بەڕێز شاخوان ڕؤوف مصطفى :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یازدە بڕگەکانی یەك و سێ وشەی ڕەوشت زیاد بکرێت لە دوای بنەماکانی پەروەردە و ڕەوشت و خوێندنەوە، هەروەها پشتیوانی گوڵستان خان و کاك عباس و لیزا خان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرچنار خان فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش چەند تێبینیەکم هەیە لەسەر ئەم ماددەیە، بڕگەی یەکەم بنیاتنانی بنەماکانی پەروەردە و نووسین و ژماردن ئەمە خۆی قۆناغی بنەڕەتی سێ بازنەیە، بازنەی یەك و دوو و سێ، لە بازنەی یەکەم کە پۆلی یەك و دوو و سێ یە ئەم ژماردن و نووسین و خوێندنەوە فێر دەبێت، یەعنی ناکرێت تۆ لێرە بۆ هەر سێ بازنەکەی بێنیتەوە، لەبەر ئەوە بڕگەی یەك لابرێت، لەبەر ئەوەی

لەگەڵ ئامانجەکانـدا نـایەتەوە بـۆ هەمـوو خوێنـدنی بنەڕەتـی ئەمە خـاڵی یەك، بـڕگەی دووەم: بەهرەمەنـدکردنی قوتابیـان بە زانسـت دەبـوایە زانیـاری بـۆ زیـاد بکرێـت، ئینجـا لیـژنەی تایبەتمەنـدیش پێمـان بڵێن ئەو جـوڵەیيە مەبەسـتیان لە چـیە، جـوڵەیی کە لە کۆتـایی هـاتووە، بڕگەی سێیەم: فێربوونی بنەماکانی پەروەردە لێرە ئەوەی زیاد بکرێت بنەماکانی دینداریشی بـۆ زیاد بکرێت، ئینجا هاونیشتیمانی بوون و مەدەنیەت تاوەکو کۆتایی، ئەوەشمان پێ بڵێن لیـژنەی تایبەتمەند هەڵبژاردنی شێوەی ژیانیان مەبەستیان لە چییە خۆیـان هەڵیبژێـرن، بـڕگەی چـوارەم زیـادەیە، چـونکە تەحصـیل حاصـڵە، ئەگەر لابرێـت زۆر باشـە ئامـادەکردنی قوتابیـان بـۆ بەردەوامبـوون لە خوێنـدنی ئامـادەیی، ئەی ئەوەنـدە سـاڵە چـی دەخـوێنن هەر ئەوە دەخـوێنن، خوێندنی دوای ئەوەش ئلیزامی نییە، لەبەر ئەوەی ئەوە نەش بێت هەر ئاسـایی و لابرێـت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.ڕێبوار فەرموو.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحيم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بنەما پەروەردەییەکان بۆ قۆنـاغی بنەڕەتـی بـابەتێکە فـوق العـادە گـرنگە ئامـاژەی پێبکرێـت، ئەویش بابەتی ڕێزگرتنە لە یاسـا و سیسـتەمی گشـتی کۆمەڵگـا، حەز دەکەم ئەوە وەکـو نمـوونە بێـتە لە بـڕگەی یەکەمـدا، لە بـڕگەی دووەمـدا وشـەی جـوڵە لابرێـت بکـرێتە وەرزش، دیـارە مەبەستی هەر وەرزشە، چونکە وەرزش جـوڵەی تێـدایە، بەڵام بـا بە وازحـی بێـت، مـادام هـونەر هاتووە با وشەی وەرزشیش بێت، بڕگەی چوارەمیش زیادەیە پێموایە هەڵبگیرێت ئەو سێ بنەما سەرەکیە کیفایەتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاروان فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن پێمـوایە ئەو مـاددەیە و چەنـدان مـاددەی تـریش لە داهـاتوو کە موناقەشـەیان دەکەیـن بە تایبەتی ماددەکانی شەست و سێ و چوار و پێنج و شەش و حەوت قابیلی لابردنن، لە ئەساسـدا ئەوانە پێویست ناکات، خۆی یاساکە لەسەر ئەمەیە، ئامانجەکانی خوێندنی بنەڕەتی و خوێندنی ئامادەیی، ئەگەر بێینە سەر ئەو بڕگانەی کە لە ماددەکەدا هەن هەموویـان تەحصـیل حاصـڵن بـۆ نموونە بنیاتنانی بنەماکانی پەروەردە و خوێندنەوە و نووسین و ژمارە ئەی تەبعەن تۆ بۆ ئەوەی دەخوێنی بۆ ئەوەی کە فێری خوێندنەوە و نووسـین و ژمـارە ببێـت، ئەگەر ئەمە نەبـڕی نـاتوانی بچیە قۆناغی دواتر ئەمە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم: کە باس لە بەهرەمەندکردن دەکات لە هـیچ شوێنێکی ئەم یاسایە باسی بەهرەمەندبوونی تێدانیە، یەعنی شتێك نیە کە تۆ بتوانی منداڵ لەم یاسایەدا کە ئێمە کۆمەڵێك تەرحمان هەیە دواتر پێشکەشی دەکەین، کە منداڵ بەهرەمەند بکات، بەهرەمەنـدی چـیە فێـری پیشـەیەك بیـت لە پـاڵ خوێنـدنەکە، ئەمە لەو یاسـایەدا جـێگەی نەکراوەتەوە، کەواتە بەهرەمەند هەر نـیە لە خۆیـدا، سێیەمیان فێربـوونی بنەماکـانی پەروەردە تەبعەن ئێمە بۆ فێربوونی بنەمەکانی پەروەردە و هاونیشتیمانی بـوون و خۆشەویسـتی تـاوەکو

دواییە، باشە، خاڵی چوارەم: وەکو برادەرەکانیشم باسیانکرد تۆ ئەگەر ئەم قۆناغە تەواو نەکەی ئەسڵەن ناچی بۆ ئامادەیی، بۆ ئەوەی بچی بۆ ئامادەیی خەڵکێك کەوا واز بێنێت پێویست ناکات ئاماژەی پێ بکەی، بۆیە پێشنیار دەکەم بە داخەوە یاساکە زۆر و بۆریەکی زۆری تێدایە، ئەو شتانەی کە لە کوردستان لە رووی واتایی و کرداریيەوە بەرجەستەن ئێستا لە یاساکەدا هەمووی نووسراوە، کە پێویست ناکات بنووسرێت، یەعنی بەشێکی زۆر دەکرێت بە تەعلیمات حەل بکرێت، پێویست ناکات تۆ لە یاسا ئەو هەموو درێژ دادەرێژیت دووبارەکردنەوەیە، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەمە لابرێت و بە پێویستی نازانم کە لە یاساکەدا هەبێت، ئەگەر لە یاساکەشدا بمێنێتەوە پشتیوانی لە کاك عباس دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك مەلا ناصر فەرمووو.

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یازدە لە ئامانجەکانی خوێندنی بنەڕەتی بە هیچ شێوەیەك ئاماژەی بە پاراستنی بەها باڵاکان و رەوشتی قوتابی و خوێندکار نەکردووە، بۆیە پێویستە بە روونی ئاماژەی پێبدرێت، هەروەها پشتگیری لە قسەکانی کاك عباس و لیژا خان و هەڤاڵانی تر دەکەم بۆ ئەم مەبەستە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.محی الدین فەرمووو.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یازدە پێشنیار دەکەم هەردوو بڕگەی یەکەم و دووەم لە یەك بدرێت وەکو برادەرانیش ئاماژەیان پێکرد، ئەوەی پەیوەندی بە بڕگەی سێیەم و چوارەمەوە هەیە بە تایبەتی لە دوا دێری بڕگەی سێیەم ئامادەکردنیان بۆ بەشداریکردنی کارا لە هەڵبژاردنی شێوەی ژیانیان، هەر لەگەڵ ئەوەی چوارەم ئامادەکردنی قوتابیان بۆ بەردەوامبوون لە خوێندنی ئامادەیی، جۆرێك لە بەر یەککەوتن هەیە، بۆیە پێشنیاری ئەوە دەکەم کە بڕگەی سێیەم لە دێری سێیەم یان لە کۆتا دێرەکەی لابرێت و تەنها ئەوەی چوارەم بمێنێتەوە، ئامانجەکانی خوێندنی بنەڕەتی بە گشتی لە ئامانجە گشتیە هاوبەشەکانی پەروەردە و فێرکردن لە ماددەی چوار بە درێژی باسی ئەوەی کردووە، بۆیە پێویست بە کورتکردنەوە دەکات و زیاد ئامانجانەی کە هاتووە لەوێ ئاماژەی پێکراوە بۆ ئەوە پێویست دەکات کورتی بکەینەوە، چونکە خۆی لە سەد و هەشتا یەك ماددە دەدات، ئەگەر ئێمە وەکو فەرهەنگێکی گەورەیە بۆیە باشتر چڕی بکەینەوە، ئەگەر شتێك پێویستی بەوە بوو با رێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە ئەو وەختە چارەسەری بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا نجاة فەرمووو.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەیا یازدە دوو تێبینیێت هەی، ئێکێ پشتەڤانیا ئاخافتنێت لیـزا خـان و کـاك جـلال دکەم کو بڕگەیا ئێکێ و دووێ گەڵەك نزیکی ئێکن ببیتە ئێك بڕگە، یا چـوارێ ژی ئەگەر ئەم بەرێ خۆ بدەینێ خوێندنا بنەڕەتی دەرئەنجامێ وێ بەردەوامبوونە لە خوێندنا ئامادەیی، ژبەر هەندێ بڕگەیا چوارێ بێتە لادان ل ڤێرە پشتگیریا ئاخافتنێت دکتۆر رێبواری دکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەرکۆ فەرموو.

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یازدە بـڕگەی دووەم بەهرەمەنـدکردنی قوتابیـان بە زانسـت و پەرەپێـدانی تواناکانیـان و گەشـەپێدان و کـارامەییە سـەرەکیە جۆراوجۆرەکـانی قوتابیـان لەگەڵ بـڕگەی دووەمـدا تـێکەڵ بکرێـت فێربـوونی بنەماکـانی پەروەردە و هاونیشـتیمانبوون و مەدەنـیەت و هاندانی قوتابیان بۆ گیانی پێکەوەیی و دەست پێشخەری، هەروەها بڕگەی چوارەمیش لابرێت پشتیوانی لە قسەکانی کاك عباس دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

شیرین خان فەرموو.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یـازدەم بـڕگەی یەکەم پشـتگیری لە رەئـی گوڵسـتان خـان دەکەم، قسـەکانم دووبارە ناکەمەوە، بۆ بەسـتنەوەی بـڕگەی یەکەم و دووەم پشـتگیری لە رەئـی لیـزا خـان دەکەم، هەروەهـا بـۆ بـڕگەی سـێیەم پشـتگیری لە رەئـی کـاك شـاخوان دەکەم کە پێویسـتە فێربـوونی بنەماکانی پەروەردە و بەها باڵاکانی رەوشت ئیزافە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك یاسین فەرموو.

**بەڕێز یاسین خضر طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من زۆربەیانکرا، بەڵام پشتگیری گوڵستان خان و لیزا خان دەکەم، هەورەها لە مـاددەی دووەمیش دەمەوێت ئەو شـتە زیـاد بکرێـت وەرزش و ژیـنگە، جـوڵەیی یەعنـی چـی، لە بـڕگەی چوارەمیش پشتگیری لە رەئی کاك پێشەوا دەکەم کە لابرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك لقمان فەرموو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یازدە بـڕگەی دووەم بەهرەمەنـدکردنی قوتابیـان بە زانسـت و پەرەپێـدانی تواناکانیان و گەشەپێدانی کارامەییە سەرەکیە جۆراوجۆرەکانی قوتابیـان بە تـایبەت کـارامەیی

زمـــانەوانی ژمـــاردن هـــونەری جـــوڵەیی زیـــادە، مـــادام ئـــێمە دەڵـــێین کـــارامەییە ســـەرەکیە جۆراوجۆرەکان تەواو کەواتە هەمووی دەگرێتەوە، هەروەهـا بـڕگەی چـوارەمیش لابرێـت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هلز خان فەرموو.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یازدە، یەکەم: ئەڤ ئامانجە هاتیە دانان تەنێ بازنێ ئیکە، بـازنێ ئێـك هەتـا سێ بەس بۆ وانەیە، ب دیتنا من ئەڤە یا زێدەیە، چونکی بڕگەیا دووێدا یا هـاتی، یـا بەحـس لـێ کریە دبێژیت گەشەپێدان هەتا دوماهیکێ دێتن زمانەوانی و ژماردن هونەری، یا هـاتی ل بڕگەیـا دووێدا، ژبەر هەنـدێ ئەز پشـگیریا وان بەڕێـزان دکەم ئەڤـێ دبێـژن ماددەیـا ئێکـێ بهێـتە لادان، سەبارەت ب بڕگەیا دووێ پشـتگیریا سـەرچنار خـان دکەم کـو زانسـت و زانیـاریش بێـتە ئیـزافە کرنێ، بڕگەیا سێیەم ژی هەر دیسان پشتگیریا سەرچنار خـان کـو دینـداری بەری پەروەردە بێـتە ئیزافە کرنێ، هەروەسا بڕگەیا چوار پشتگیریا ئەڤان بەڕێزێـت هەنـێ دکەم مـژدە خـان و دکتـۆر ڕێبوار و کاك عباس و سـەرچنار خـان و نجـاة خـان و کـاك سـەرکۆ ئەڤ بڕگەیـا هەنـێ بڕگەیەکـا زێـدەیە، تەحیصـل حاصـڵە، دوو: شـەرت نـیە هەمـی تەلەبە بچـنە ئامـادەیی مە پەیمانگەهێـت پەروەردەیی ژی هەین، دشێت بچیـتە پەیمانگەهێـت پەروەردەیـی ژی ژبەر هەنـدێ ب دیتنـا ئەڤ بڕگەیا هەنێ یا زێدەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵا یا دووێ ل دیڤ ماددەیا یازدە پشـتگیری و پشـتەڤانیا وانە دکەم ئەوانـێ دبێـژن زانـین لـێ زێدە بیت، زانست و زانین دا شامل تر بیت، دیسان پشتەڤانیا وان بۆچوونان دکەم کو فێربوونی بنەماکانی ئـاین بەری پەروەردە هەبیـتن، چـونکی ل ڤێـرێ وان ڕێزگـرتن بـۆ ئـاین هەبیـتن بەری پەروەردە، وە پشتی پەروەردە بێتە دیارکرن بەهاکانی ڕەوشـت دیسـان و هاونیشـتیمانی پـێگڤە ژیان گەلەکا پێتڤیە ل ڤێ مەرحەلێ، پێگڤە ژیان تەئکید ل سەر ڤێ بێتە کرن تەڤەبولکرنا ئێـك و دوو، ئەما یا چوارێ یان بێتە لادان هەر پێتڤـی نیـنە، یـان ژی ئەگەر هەر مـا ب ڤـی ڕەنگـی بیـت ئامادەکردنی قوتابیان بۆ بەردەوامبـوون ل قۆناغەکـانی دوای تـر، یەعنـی دا نەچیـتە ئامـادەیی، چونکی مومکین نیە بچیتە ئامادەیی لەوانەیە بچیتە پەیمانگـایەکی، ئەو پەیمانگـا قۆناغـا دوای وییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال حويز مصطفى :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یازدە بڕگەی یەکەم و دووەم پشتیوانی کاك زیاد و لیزا خان و کاك عباس و کـاك شـاخوان دەکەم، لە بـڕگەی سـێیەم و چـوارەم پێمباشـە هەردووکیـان لەیەك بـدرێن بەو شێوەیەی خوارەوە.

فێربوونی بنەماکانی پەروەردە و هاونیشتیمانیبوون و مەدەنیەت و هاندانی قوتابیان بـۆ گیـانی دەست پێشخەری تێکۆشان و کۆڵنەدان و توانـای پشـوو درێـژی بە مەبەسـتی ئامادەکردنیـان بـۆ بەردەوامبوون لە خوێندنی ئامادەیی و ئامادەییە پیشەییەکان و هەڵبژاردنی خولیا و پاشەڕۆژی خوێندنیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك مەم فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی بڕگەی دووەمی ماددەی یازدە من پێشنیاز دەکەم تەبعەن وشەی زانست لێرە گشتگیرە هەموو کایەکان دەگرێتەوە، هەر بمێنێت بەم شێوەیەی لێبکرێت، بەهرەمەنـدکردنی قوتابیـان بە زانسـت و پەرەپێـدانی تواناکانیـان و گەشـەپێدانی کارامەییەکانیـان، ئیتـر ئەو جۆراوجـۆر زمانەوانی و ژماردن و چـی و ئەو شـتانە پێویسـت ناکـات، بە نیسـبەت بـڕگەی سـێیەم پێشـنیار دەکەم بەم شـێوەیەی لێبکرێـت، سـیاغەکە بگـۆڕین دووەم نیـوەی زیـاتری لابرێـت، بکـرێتە فێربـوونی بنەماکـانی پەروەردە و فێرکـردن و ئامـادەکردن بـۆ بڕیـاردان لە بـوارێکی پسـپۆڕیدا، کێشەی وڵاتی ئێمەیە هەموو حەز دەکەن ببن بە پزیشك لە داهاتوودا، یەعنی نـیە ئەو حەزەیـان بـۆ دروسـت بکەیـن لە بـوارێکی تـر بێـت لە دوای بنەڕەتـیەوە حەزی لە کایەکـانی تـری زانسـت مرۆییەکان و زانستەکانی تـر بێـت، یەعنـی توانـای بڕیـاردان بـۆ بـوارێکی پسـپۆڕی، بە نیسـبەت بڕگەی چوارەم پێشنیاز دەکەم بەم شێوەیەی لێبکرێت تەبعەن نووسراوە ئامـادەکردنی قوتابیـان بۆ بەردەوامبوون لە خوێندنی ئامادەیی، کاری بنەڕەتی ئامادەکردنی قوتابیان نـیە بـۆ خوێنـدنی ئامادەیی، چونکە لە دوای بنەڕەتی پیشەیی هەیە، هونەری هەیە، پەیمانگـای هـونەرە جوانەکـان هەیە، صناعە هەیە، پیشەسازی هەیە، ئەم بوارانە هەیە، بۆیە پێشـنیاز دەکەم داڕشـتنەوەکە بەم شێوەیەی لێبکرێت، ئامادەکردنی قوتابیان بۆ تەواوکردنی قۆناغەکانی خوێندنی دوای بنەڕەتـی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون ماددەی دوازدەمان بۆ بخوێننەوە.

**بەڕێز گلاوێژ عبید عثمان :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوەری سێیەم: خوێندنی پابەندکراو.

ماددەی (١٢):

یەکەم: ١- بەخێوکار بێ پاساوی تەندروستی و هەبوونی راپۆرتی پزیشکی پەسەندکراو لەلایەن لیژنەی تەندروستی تایبەتمەند مافی ئەوەی نیە رێگە لە چوونی منداڵەکەی بۆ قوتابخانەیەکی خوێندنی بنەڕەتی و بەردەوامبوون تێیدا بگرێت.
٢- راپۆرتی سەڵمێندراوی لیژنەی پزیشکی تەنها بۆ یەك ساڵی خوێندنە.
دووەم: بەخێوکار دەتوانێت منداڵەکەی لەسەر خەرجی خۆی لە قوتابخانەیەکی نا حکومی بخاتە بەر خوێندن.
سێیەم: ١- هەر بەخێوکارێك بەدەر لە حوکمی برگەی یەکەمی ئەم ماددەیە رێگە لە چوونە بەرخوێندن یان بەردەوامبوون لە خوێندنی منداڵەکەی بگرێت بەپێی بژاردنێك کە بڕەکەی لە پێنج سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت سزا دەدرێت.
٢- لە کاتی دووبارەکردنەوەی رێگەگرتنەکە سزای ناوبراوەکەی برگەی ئەلفی ئەم بەندە دوو هێندە زیاد دەکرێت.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، کێ دەیەوێت لەسەر ئەم ماددەیە قسە بکات؟ با ناوی تۆمار بکات، ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت قسە بکەن (نجاة خان، لیزا خان، مامۆستا مەلا ویسی، کاك هێڤیدار، کاك هیمداد، د.محی الدین، بدریە خان، کاك سیپان، د.اسماعیل، مامۆستا ابوبکر، مژدە خان، کاك مسلم، کاك چیا، د.زیدان، سوسن خان، کاك شێخ ظاهر، کاك زکری، رۆژان خان، شیرین یونس، شادی خان، کاك مەم، شنۆ خان، کاك عباس، کاك مەلا ناصر، کاك عثمان سێدەری، کاك سەرکۆ، کاك کاروان، شیرین امین، کاك یاسین، کاك لقمان، کاك علی، مامۆستا عثمان ، هلز خان، کاك کاوە، سەرچنار خان، گوڵستان خان، کاك بەڵێن، کاك جلال، د.شایان، کاك فیصل)، کاك علی فەرمووو.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم موتڵەقیە خراپە کۆمەڵێك بیانووە، من پێشنیار دەکەم خاڵێك جێگیر بکرێت لە کاتی هەبوونی بیانوویەکی رەوا ئەم سزایە بەکار نەهێندرێت، بۆ نموونە گوندێکە دوورە دەستە مەکتەبی تێدانیە توانای هاتووچۆیان نیە یان خەڵکێك کە باری دارایی خراپە یەعنی ناتوانێت چی بکات، یەعنی دەبێت سزا بدرێت، بۆیە برگەیەك جێگیر بکرێت کە لە کاتی بیانوویەکی رەوا پەروەردەکان ئەم دەرفەتە بدەن کە منداڵەکەی نەتوانێت بخوێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك زکری فەرموو.

**بەڕێز ذکری احمد اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دوازدە من پێ باشە ماددەی دوازدە هەر لابرێت، خاڵەك لە ماددەی دوازدە ئیزافە بکرێت بەم شێوەیەی لێبکرێت، هەر بەخێوکەرێك منداڵەکەی لە خوێندن دەربێنێت سزا دەدرێت کە بڕەکەی لە پێنج سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە دوو ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، یان راپۆرتی پزیشکی هەبێت، بەخێوکەر دەتوانێت لەسەر خەرجی خۆی منداڵەکەی بخاتە بەرخوێندن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك بەڵێن فەرمووو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینیەكەم لەسەر خاڵی یەكەمی بڕگەی سێیەمە ئەگەر بەخێوكارێك بەدەر لە حوكمی بڕگەی یەكەمی ئەم ماددەیە ڕێگای چوونە بەرخوێندنی یان بەردەوامی لە خوێندن لە منداڵەكەی گرت بەپێ بژاردەیەك سزا دەدرێت، یەعنی پێشتر مرونەتێكی تێدا بێت، پێشتر ئاگاداركردنەوەیەكی بۆ بچێت، ئاگادار بكرێتەوە لەوەی كە ئەم حاڵەتە پێچەوانەی یاسا بەركارەكانە، ئەگەر هەر بەردەوامبوو لەسەر ئەو كاتە بچێتە حاڵەتی سزاوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیزا خان فەرمووو.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەسەر ئەم ماددەیە لە بڕگەی یەكەم كاتێك لە خاڵی دووەم باس لەوە دەكرێت كە ڕاپۆرتی سەلمێندراوی لیژنەی پزیشكی تەنها بۆ یەك ساڵی خوێندنە، ئایا دەكرێت هەموو ڕاپۆرتێك بۆ یەك ساڵ بێت، ڕەنگە قوتابیەكە پێویستی بە یەك مانگ یان دوو مانگ هەبێت بۆ پشوودان، بۆیە پێموایە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە بۆ ئەوەی چارەسەرەكەی ئاسانتر بێت، ڕاپۆرتی سەلمێندراوی لیژنەی پزیشكی بڕیار لەسەر ماوەی مۆڵەتی قوتابی دەدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاخر ئەوە مۆڵەت نیە، ئەوە هەرنەیهێشتووە بچێت بۆ قوتابخانە، كاك مەم فەرمووو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەربارەی بڕگەی یەكەم خاڵی یەكەمی هیچ پێناسەیەك نیە لە كۆی ئەو پێناسانانەی لە ماددەی یەكەمیەوە هاتووە پێناسەكە پێناسەی بەخێوكار بێت، بەخێوكاری قوتابی هاتووە لە بڕگەی سی و شەشی ماددەی یەكەمدا، بۆیە پێویست دەكات لە كۆی ئەو ماددانەی كە هاتووە هەمووی بەخێوكاری قوتابی بۆ ئیزافە بكرێت بۆی، چونكە بۆی پێناسە بە تەواوەتی مەبەست لەوەیە ئەوە یەك، دوو: بە نیسبەت بڕگەی سێیەم خاڵی یەكەم تەبعەن دەڵێت هەر بەخێوكارێكی قوتابی وەكو گوتمان بەدەر لە حوكمی بڕگەی ئەوەندە لە ڕێگەی چوونە بەرخوێندنی بەردەوامبوون لە خوێندنی منداڵەكەی بگرێت، بەخێوكاری قوتابی مەرج نیە ئەوەی كە بەخێوكاریەتی ئەم باوكی بێت یان دایكی بێت، بۆیە لە جێگەیەك بڵێی منداڵەكەی بگرێت بڵێین ئەو قوتابیە بگرێت كە ئەركی بەخێوگرتنی لە ئەستۆیە، بە نیسبەت خاڵی دووەم لە بڕگەی سێیەم دەڵێت سزای ناوبراوەكەی بڕگەی ئەلفی ئەم بەندە كوا بڕگەی ئەلفە، كوا ئەمە بەندە، ئەمە لە كاتی دووبارەكردنەوەی ڕێزەگرتنەكەیە سزاكەی خاڵی یەكەمی ئەم بڕگەیە دوو هێندە زیاد دەكرێت، كارەساتە بەڕاستی بەو شێوەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو بەندە هەموو پڕۆژەكە بەندبوو ڕەنگە سەد جار بەند بەكار هاتبوو، هەموویمان كردووە بە بڕگە ئەگەر دانەیەكمان لەبیرچووبێت بمانبوورن، لە ئەسڵی پڕۆژەكە وابوو، كاك سیپان فەرمووو.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دوازده دبینم دگەل ژین و ژیارا هاولاتیان ب شێوەیەکی گشتی ناگونجێت، ئەم شتەکی سەر فەرز بکەین کو ئیلا دچیته بەرامبەر خواندنێ، چ دایك و باب نینه حەز نەکەن زارۆکێت وی ل ناڤا خواندنێ دا و ل باشترین خوێندنگه و باشترین مامۆستا وانه بیژنێ، ل دەما کو رێگریەکا هەبیت یان بارودۆخێ دارایی گونجاو نەبیت ئەم نەهێین بارگرانی ل سەر وی چی بکەین و سزاشی بۆ دابین بکەین، لەو را داخاز دکەم دبیت ل خالا سێیەم بهێته لادان، بەڕاستی هیچ سزایەك وی کەسی نەبیتن، چونکی چ کەسێك نینه چ دایك و باب نینه کو حەز نەکەن زارۆکێ وان ل باشترین خوێندنگەهێ بخوێنیت، لەو را کو دیارکرنا راپۆرتا پزیشکی رەنگە ئەو کەس ژی ژبەر پێ چێ نەبوونا دارایی نەشێتن زارۆکێ خۆ بخاتە بەر خواندنێ، چونکی نە بتنێ ب رێکی بەر خوێندنگەهێ بەلکو پێداویستی بێته دابین کرن...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان چی پێشنیار دەکەن یەکسەر ئەوە بڵێن، بڵێن دەمەوێت لابرێت یان بکرێتە دوو سەد هەزار، شەرحی مەکەن، د.زیدان فەرموو.

**بەڕێز زیدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەکە لە رووی ماددەی قانونیەوە ئیشکالمان لەسەر نیە، بەڵام ئەگەر سەیری ژیانی کوردەواری بکەین بە تایبەت لە خاڵە سنووریەکانمان ئەوانەی کە لەوێ نزیکن و ئاگاداریشن بەشێکی زۆری رەوەندەکان کە کۆچ دەکەن بۆ بژێوی مەڕ و ماڵاتیان لە وەرزی هاویندا، لە سەرەتا بەهار دێن تا کۆتایی پایز، هەموو ئەو خاوەن مەڕ و ماڵاتانە مندالّەکانیان لە خوێندن دا دەبڕێنن دێن لەگەڵ خۆیان دەهێنن، چارەسەری ئەم کێشەیەی ئەم مندالانە بۆ خوێندن بەو سزایە ناکرێت، دەبێت ئێمە بیر لە بەدیلێکی تر بکەینەوە رەوەندەکان رێگری بکەن لەوەی کە منداڵانەکانیان لە خوێندن دابڕێنن لەگەڵیان بەشداری بکات ئایا بە یاسایەك رێك بخرێت یان بە هەر شتێکی تر، ئەم شێوازە پابەندی رێنماییش نابن و پابەندی سزاکەش نابن، بۆیە ئەوە کێشە و گرفتێکی گەروەیە کە ئێمە لە ژیانی رۆژانەدا هەستی پێدەکەین، پێویستە چارەسەر بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك هیمداد فەرموو.

**بەڕێز هیمداد صباح بلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکەی من لەسەر خاڵی سێیەم بوو لە ماددەی دوازدە یەك و دوو، قسەکانی من لەلای کاك (مەم)ەوە گوترا پشتگیری لە قسەکانی دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك مەلا ویسی فەرموو.

**بەڕێز ویسی سعید ویسی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سـەبارەت بە مـاددەی دوازدە لە بـڕگەی سـێیەمدا هـاتووە هەر بەخێوكارێـك ڕێـگە لە چـوونە بەرخوێندنی یاخود بەردەوامبوون لە خوێندنی منداڵەکەی بگرێت بەپێ بژاردنێك کە بڕەکەی لە پێنج سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت سزا دەدرێت، دوو: لە کاتی دووبارەکردنەوەی ڕێگە گرتنەکە سزایەکی دوو هێندە زیاد دەکرێت، ئەم ماددەیە ناکۆك و تەعاروزە لەگەڵ مـاددەی دووی بـڕگەی نۆی یاسای توند و تیژی خێزانی ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠١١)، لە بڕگەی نـۆی مـاددەی دووی یاسـای توند و تیژی خێزانیدا هاتووە ناچارکردنی منداڵ بۆ کارکردن و بەجێهێشتنی خوێنـدن تـاوانە و سـزایەکی بە گـوێرەی مـاددەی حەوتەمـی یاسـاکە بـریتیە لە بەنـدکردن لە شـەش مانـگ کەمتـر نەبێت و سێ سـاڵ زیـاتر نەبێـت لەگەڵ غەرامەیەك لە یەك ملیـۆن دینـار کەمتـر نەبێـت و پێـنج ملیۆن زیاتر نەبێت یاخود یەکێـك لەو دوو سـزایە، لێـرەدا بەخێوکـاری قوتـابی کە ئەنـدامی یەك خێـزانن لە یەك کاتـدا دوو دەقـی سـزایان لەسـەر جـێ بەجـێ دەکرێـت، دەبێـت کە یەکێکیـان سزایەکەی سووکە و ئەوەی تریان سزایەکەی قورسترە، ئەمەش لە کاتی جێ بەجێکردنی یاساکە ئیشـکالیەتی یاسـایی دروسـت دەکـات، بـۆیە بـۆ نەهێشـتنی ئەم دژ بەیەکەی ئەم دوو یاسـایە پێشنیار دەکەین ماددەی دوازدەی بڕگەی یەکەمی خـاڵی دوو بەم جـۆرەیە دابڕێـژرێتەوە، لەگەڵ زیان نەگەیاندن بە هەر سزایەکی توندتر کە بە دەق لە یاسـا کارپێکراوەکـانی هەرێمـدا هاتبێـت هەر بەخێوکارێـك ڕێـگە لە چـوونە بەرخوێنـدن یـاخود بەردەوامبـوون لە خوێنـدنی منـداڵەکەی بگرێت بەپێ بژاردنێك کە بـڕەکەی لە پێـنج سـەد هەزار دینـار کەمتـر نەبێـت سـزا دەدرێـت، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
کاك مەلا ناصر فەرموو.
**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سـەبارەت بە مـاددەی دوازدە بـڕگەی سـێ ئەگەر بـڕگەی سـێ هەر لابـدرێت زۆر باشـترە، لەبەر ئەوەی سزایە، بەڵام ئەگەر لانەدرێت سەبارەت بە سزادانی بەخێوکاری قوتابی ئەگەر بەهۆکـاری خراپی باری دارایی ڕێگریکرد لە چوونی منداڵەکەی بۆ قوتابخـانە پێویسـتە حکـومەت تێچـووی پێداویستیەکانی منداڵەکە لە ئەستۆ بگرێت، نەك سزای بدات، ئەگەر قوتابی بە هۆکاری نەبوونی قوناغێکی خوێندن وازی لە خوێندن هێنـا پێویسـتە پەروەردەکـان بەشـی ناوخۆییـان بـۆ دابـین بکات بە تایبەتی بۆ قۆناغەکانی ئامادەیی، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان، زۆر سـوپاس بـۆ بەشـداریەکانتان، خوێنـدن بەپێـی دەسـتوور ئیلزامیە، لە پرەنسیپە گشتییەکانی ئەم پڕۆژەیە کە موناقەشەمانکرد گوتمان خوێنـدن ئیلـزامیە، واتە ئیجباریە، واتە زۆرە ملێیە، هەر خۆتان ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان هەبوو پرسیاریکرد گوتی ئەم قەدەغانەی نووسیووتانە ئەگەر یەك جێ بەجێی نەکرد عقوبەکەی چیە، ئێستا ئێمە هاتین لە ناو ئەم پرەنسیپە گشتییانە پڕۆژەکە تێیدا هاتووە وردکردنەوەی پرەنسیپە گشتییەکانە لە نێوان ئەگەر و لە شێوەی ئەگەر و حوکمە، واتە ئەگەر یەکێك ئەم قەدەغەیەی شکاند حوکمەکەی چـیە،

لابردنـی سـزا، یەعنـی ئـێمە لە پرەنسـیپەکەوە لایـبەین، بڵێـین خوێنـدن ئیختیـاریە، خوێنـدنی بنەڕەتی ئیختیاریە، دەبێت ئێمە کە موناقەشە دەکەین بەڕێزتان زۆر لە ئێمە شـارەزاترن، دەبێـت کە موناقەشە دەکەین رەبتێك دروست بکەین لە نێوان پرەنسیپە گشـتیەکان و بنەمـا گشـتیەکان لەگەڵ وردکراوەی بنەما گشتیەکان لە ناو ماددەیەکی قانونیـدا، شـتێك دەڵێـی ئیجبـاریە دەبێـت بیکەی، دایك و باوکی بەڕێز کە تۆ بەخێوکاری منداڵەکەت حەقت نیە ئیختیاری نیە نەینێـری بـۆ مەکتەب کچەکەت یان کوڕەکەت نەنێری بۆ مەکـتەب، ئیلـزامیە دەبێـت بینێـری، ئەی ئەگەر نەی نارد دەبێت سـزای بـۆ دابنێـی، بەڕێـزان، رەبتێـك دەبێـت دروسـت بکەیـن، هەمووـمـان دەڵـێن لە دەسـتوور هـاتووە کە خوێنـدن ئیلـزامیە، دەسـەڵاتی جـێ بەجێکـار حکـومەت ئیجبـار دەبێـت خوێندنی بەخۆڕایی لە مەرحەڵەی بنەڕەتی بەپێی دەستوور و بەپێی بنەما گشتیەکان بۆ هەموو لایەك فەراهەم بکات، باشـە، ئەگەر خوێنـدنی بە خـۆڕایی فەراهەم کـراو بـاوکەکە یـان دایـکەکە منداڵەکەی نەنارد بۆ خوێندن بەبێ پاسـاو، دەبێـت رەبتـی بکەیـن کە موناقەشـە دەکەیـن رەبـت دەبێت لە بەینی ماددەکاندا دروست بکەین، دەزانم ئێوە زۆر لە ئێمە شارەزاترن زۆر لە ئێمە زیاتر دەزانن، شیرین یونس فەرموو.

**بەڕێز شیرین یونس عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دوازدە لە بڕگەی یەکەم خاڵێکی بۆ زیـاد بکرێـت مـن جیـاوازتر لەوان قسـە دەکەم، بە هیچ نەوعەك نابێت منداڵ لە خوێندنی بنەڕەتی داببڕێت و قۆناغی ئیجباریە و دەبێت لەهەر ئەگەرێکی ڕووداوێکی وەهادا داواکاری گشتی سکاڵاکار بێت، چونکە بە دابڕانـی منـداڵێك لە خوێنـدنی بنەڕەتـی هـیچ مانـایەك نـامێنێتەوە، چـونکە زۆربەی دایـك و باوکەکـان رەنـگە بیانوویەك بدۆزنەوە بۆ ئەوەی بتوانن کە سزای پێنج هەزار بە لای من سـزای مـادی هـیچ شـتێك نـیە، دەکرێـت سـزایەکی توونـدتر دابنرێـت بـۆ ئەوەی بتـوانن سـکاڵاکار هەبێـت لەسـەری و سـکاڵاکارەکەش داواکـاری گشـتی بێـت، چـونکە منـداڵ کە لە خوێنـدنی بنەڕەتـی ئەوان ئـێمە پەروەردە دەکەین ناکرێت نەچن، کە دەبینین رۆژانە لەسەر شەقامەکان منداڵ زیاتر دەبێـت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.شایان فەرموو.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ بڕگەی یەکەم خاڵی یەکەم بەس ئیعادە سیاغەیەك بکـرێتەوە، وشـەی کۆتـایی کە نووسـراوە بگرێـت بخـرێتە بەردەم رێگـا، واتە مـافی ئەوەی نـیە رێـگە بگرێـت لە چـوونی منـداڵەکەی بـۆ قوتابخانەیەکی خوێندنی بنەڕەتی و بەردەوامبوون تێیدا، بۆ خـاڵی دووەم بنووسـرێت راپـۆرتی سـەلمێندراوی لیـژنەی پزیشـکی تەنهـا بـۆ یەك سـاڵی خوێنـدنە ئینجـا ئەوە زیـاد بکرێـت جـگەلە لەوانەی کە نەخۆشـی درێژخایەنیـان هەیە، هەروەهـا کە نەخۆشـی شـێرپەنجە بە درێژخـایەن دابنرێت تا ئەو کاتەی چاك دەبێت، چـونکە منـداڵ هەیە تووشـی شـێرپەنجە نەبـووە، بـۆ بـڕگەی سێیەم خاڵی یەکەم دێری پێش کۆتایی بەو شێوەیەی لێبکرێت، بەپێ بژاردنێك سزا دەدرێـت کە

بڕەکەی لە پێنج هەزار دینار کەمتر نەبێت، واتە سزا دەدرێتەکە بخرێتە دوای بەپێ بژاردنێك، بۆ خاڵی دووەمی بڕگەی سێیەم پشتگیری لە قسەکانی کاك مەم دەکەم قسەکانی منی کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرچنار خان فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی سێیەمی ئەم یاسایە لەسەر سزاکە کاتێك کە قسەکەی جەنابت تەواوەو باسی پاساو نەکراوە، وشەی پاساو نەهاتۆتەوە، کاتێك بەخێوکار بەبێ پاساو مەسەلەن ڕێگرە دەبێت ئەو کاتە تۆ سزای بەسەردا دەدەی، بەڵام حاڵەتمان هەیە ئێمە یەعنی ئەگەر قوتابیەکە خۆی نەچوو بۆ خوێندن، خۆی ئارەزووی نەکرد ئەوە یەك، دووەم: ئەگەر باری دارایی ڕێگر بوو کە ئەم بەخێوکارە نەتوانێت ئەم منداڵە بنێرێتە بەر خوێندن لەوێدا دەتوانین حەلی بکەین بەوەی بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ دەستەبەر بکرێت، یەعنی لێرە جێی بکەینەوە، چونکە ئەگەر وا نەکەین ئێمە لە بەینی مەسئولیەت و سەڵاحیەتی بەخێوکاردا تەعاروزێك دروست دەبێت، لەم لاوە تۆ مەسئولیەتت داوەتێ کە بینێرێتە بەرخوێندن خۆ دەبێت سەڵاحیەتیشی بدەیتێ، ئەگەر هەر بە زۆریش بینێرێت یەعنی ئەگەر منداڵەکە نەڕۆیشت بە زۆری بینێرێت دەڵێیت توند و تیژیت بەرامبەرکردووە، دەگەڕێیتەوە بۆ یاسای توند و تیژی، یان قانونی رعایەی ئەحداسمان هەیە کە مەسئولیەتی وەلی دیاریکردووە، یەعنی دەبێت کە ڕێك سازیەك لە بەینی ئەمانە بۆ ئەو بابەتەش ئەگەر بابەتەکە خۆی بوو باری داراییەکە و بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ زیاد بکرێت و کێشەکە حەڵ دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك مسلم.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دوازدە بەڕاستی من یەك ڕستە هەیە کە پێشتر لە ڕەشنووسەکە هەبوو لابراوە، دەڵێت دەبێت بەخێوکاری قوتابی منداڵەکەی بنێرێت بۆ قوتابخانە سەرەڕای سزادانەکەی، بەڕاستی ئێمە باسی مەرحەڵەیەکی منداڵ دەکەین کە لە نێوان شەش بۆ نۆساڵدایە، یەعنی ئەوانەی کە لە ترافیکەکاندا دەوەستن کە بەڕاستی سواڵیان پێدەکەن، چونکە بەڕاستی لەو مەرحەڵەیە منداڵ چی پێدەکرێت کرێکاری پێ ناکرێت، خۆ کاسبیەکی پێ ناکرێت ماڵەوە بەخێو بکات و بەخێوکار پشتی پێ ببەستێت، بۆیە ئەمە بەڕاستی ئەرکێکە لەسەر شانی بەخێوکار کە منداڵەکەی بنێرێتە قوتابخانە، وە ئەگەر نەینارده قوتابخانە دایك و باوکەکە بەبێ عوزرێکی یاسایی دەبێت سزا بدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عثمان سێدەری فەرمووو.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دوازدە بڕگەی سێیەم دیارە من ئەم پێشنیارەم هەیە ئەگەر لەبارەی ئەوەی ئەگەر سەبەب هەژاری بێت یان نەبوونی قوتابخانە بێت یان ڕێگا و بان بێت، کەواتە لەم حاڵەتانەدا ئێمە چۆن بتوانن یەعنی ئەو خەڵکانە مولزەم بکەین بەوەی کە پێ بژاردنێك بخەینە ئەستۆیان، هەروەها پێویستە بۆ چارەسەری ئەمە توێژەرەی کۆمەڵایەتی سەردانی ئەو کەسانە بکات، یان ئەو گوندانە بکات و ڕاپۆرتی خۆی ئامادە بکات بۆ ئەوەی بزانین ئایا سەبەبەکان چیە کە ئەم کەسە منداڵەکەی نەناردۆتە بەرخوێندن، وە بە نیسبەتی پێ بژاردنەکەشەوە لەبەر ئەوەی ئەمە حاڵەتێکی تازەیە لە کوردستاندا بە بۆچوونی من پێویستە بکرێت بە بیست و هەزار دینار بۆ ئەوەی هاوڵاتیانی خەڵکی هەرێمی کوردستان بتوانن مولزەم بن بەوەی کە ئەم پارەیە بدەن، ئیمە ئەگەر حیسابی خەڵکی لادێیەکان بکەین لەوانەیە داهاتی ساڵانەی کەسێك یان ماڵێك ملیۆنێك دوو ملیۆن نەبێت، لەبەر ئەوەی ناتوانێت ئەم غەرامەیە یاخود ئەو پێ بژاردنە دەفع بکات ئەگەر بڕەکە بکرێت بە دووبارە ئەوە هەر پێی ناکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە بۆ ئەوە نیە پارە کۆ بکرێتەوە، بۆ ئەوەیە خەڵك لەبەر پارەکە منداڵەکەی بنێرێت، سوسن خان فەرمووو.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا منیش لەگەڵ ئەو پەرلەمانتارە بەڕێزانەم یەعنی بەعزێ جار لەبەر دۆخی خراپی دارایی بووە کە خانەوادە یاخود بەخێوکار منداڵەکەی نەناردۆتە قوتابخانە، ئایا وەزارەتی پەروەردە داتایەکی وایان هەیە کە بتوانن هاوکاری ئەو قوتابیانە بکەن کە لە کاتی پێویستدا یارمەتی ئەو قوتابیانە بدەن کە لە خوێندن دانەبڕێن، سەبارەت بە بڕگەی دووەم لە ڕاستیدا من تەسەور بکەم ئەو بڕگەیە دووەمە زیادە، چونکە دەڵێت بەخێوکار دەتوانێت منداڵەکەی لەسەر خەرجی خۆی لە قوتابخانەیەکی نا حکومی بخاتە بەرخوێندن، ئەو بڕگەیە بوون و نەبوونی وەکو یەکە، چونکە ئەو بڕگەیە هەبێت و نەبێت ئەو بەخێوکارە ئەگەر بیەوێت منداڵەکەی بخاتە بەرخوێندنی نا حکومی دەیخاتە بەرخوێندن، ئینجا چ لێرەدا ئاماژەی پێبدرێت یان نەدرێت، ئەوەی تر لە ڕستیدا ئەو سزایانەی کە دانراون ئەگەر بەخێوکار ئامادە نەبوو ئەو بڕە پارەیە بدات وەزارەت هەڵوێستی چی دەبێت، چی دەکات، ئایا ئاسانکاریان بۆ دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

قانونمان هەیە، قواعیدی عامەمان هەیە، قانونی دەینی حکومیمان هەیە، نجاة خان فەرمووو.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخافتنێت من هاتنە کرن ژ لایێ مامۆستا مەلا ویسی، پشتەڤانیان ئاخافتنێت وی دکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بدریە خان فەرموو.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دوازدە بڕگەی یەکەم کە باسی بەخێوکار دەکات، تەبعەن ئەم خاڵە هەندێك تایبەتمەندی هەیە دکتۆرە شایان باسی نەخۆشی درێژخایەنیکرد لە بڕگەی دووەمدا لە ماددەی دوازدە سەبارەت بەوانەی کە نەخۆشی درێژخایەنیان هەیە، ئێمە بە حوکمی ئەوەی کە لیژنەی مافی مرۆڤین چەندین کەیسمان هەیە لە شار و شارۆچکە و گوندەکان کە یەکێك نەخۆشی درێژخایەنی هەبێت، بۆ نموونە بەڵەکی و هەندێك لەو نەخۆشیانە، جاری وا هەیە نەك بەخێوکار قوتابخانەکە مانیعە، مانیعە بۆ ئەوەی کە خوێندکارە بەشداری خوێندن بکات، هەروەها بۆ بڕگەی سێیەم پشتگیری لە قسەکانی کاك علی و کاك بەڵێن دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەی دوازدەیە باسی یەك پاساو دەکات، پاساوی تەندروستیە، هەندێ پاساوی تر بۆ نموونە پاساوی نەریت کچە و ناینێرێت، پاساوی ئابووری، وە ئەو پاساوەی کاك علی باسیکرد شوێنەکە دورە دەستە یان ئەوەی دکتۆر زێدان باسیکرد کە پەیوەندی بە ڕەوەند و کۆچەریەکانەوە هەیە، بۆیە نابێت لە تەندروستیدا کورت بکرێتەوە بە ڕەئی من، بڕگەی دووەمیش بەڕاستی بە زیاد دەزانم، چونکە مادام لەسەر خەرجی خۆی نیە چ پێویست دەکات لێرە دەرج بکرێت کە بۆی هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان یەك ساڵ دانراوە بۆ ئەوەی ساڵانە باوکەکە ناچار ببێت ڕاپۆرتی پزیشکی بکات نەوەك یەکجار ڕاپۆرت بکات و ئیتر منداڵەکە باشیش بوو هەر بڵێت من ڕاپۆرتی پزیشکیم هەیە، ڕاستی بۆ حیمایەکردنی منداڵەکەیە دکتۆرە خان، فەرموو ڕۆژان خان.

**بەڕێز ڕۆژان محمد کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لە قسەکانی کاك علی دەکەم لەوەی کە ئەگەر بارێك هەبێت لە دەرەوەی ئیرادەی خۆی بێت، هەروەها پشتیوانی لە قسەکانی کاك مەلا ویسی دەکەم کە بگونجێنرێت لەگەڵ یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠١١)ی بەرنگاربوونەوەی خێزانی لە توند و تیژی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاروان فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەت موناقەشەی زۆر لەسەر ئەم ماددەیە کرا، من دەمەوێت واقیعی تر قسەی لەسەر بکەم، ئەگەر سزا نەبێت چی ڕوو دەدات پرسیارەکە ئەمەیە، من پێموایە وەکو جەنابیشت خۆت

ئامــاژەت پێکــرد ئەمە پابەنــدبوونە، بــابەتێکی دەســتووریە، ئەوە بــابەتێکی ئەخلاقــی و کۆمەڵایەتیشە، تۆ ناکرێت کەسێك منداڵەك لە خوێنـدن دابڕێـت، بەڵام هـیچ سـزایەك نەبێـت و چاوەڕوانی ئەو دایك و باوکە بکات، خەڵکێك هەیە وەکو بەشێك لە هەڤەڵاکانم ئاماژەیان پێکرد سـواڵ بـۆ منداڵەکانی دەکـات، بەڵام نایانێرێـت بـۆ خوێنـدن، ئەمەی کە کەسێك ناتوانێـت لەبەر بارودۆخی هەژاری بینێرێت دەکرێت موعـالەجەی قـانونی بـۆ بـدۆزینەوە، چـونکە مـن ئێسـتا بە خێرایی لێکدانەوەیەکم کـرد ئەگەر حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان تەبەنـی سـەد هەزار عـائیلە بکات لە هەرێمی کوردستان کە ئەگەر منداڵێك نزیك بە پێنج سـەد هەزار دنیـاری پێویسـت بێـت بۆ یەك ساڵی خوێندن کە من دڵنیام کەمتری پێویستە دەکاتە سـی و چـوار ملیـۆن دۆلار، یەعنـی دەکرێـت حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان مـولزەم بکرێـت بـۆ ئەو خـانەوەدانەی کە نـاتوانن منداڵەکانیان لەبەر هۆکاری هەژاری بنێرنە بەرخوێندن هاوکاریان بکرێـت، یـان ئەو کەسـانەی کە دووره دەسـتن لەسـەر نـاوچە سـنووریەکانن دەکرێـت هاوکـاری بکـرێن بـۆ ئەوەی هۆکـاری گواسـتنەوەیان بـۆ دابـین بکرێـت، بـۆیە مـن پێشـنیاز دەکەم سـزاکە توونـد تـر بکرێـت جـا هەر چەندێکە ملیۆنێکە یان دوو ملیۆنە کەمتر نەبێت لەوە، بەڵام دوو بڕگەی تری بـۆ ئیـزافە بکرێـت، یەکەمیـان: حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان پابەنـدە بە هاوکـاریکردنی مـادی ئەو خـانەوادانەی نـاتوانن تێچـووی خوێنـدن دابـین بـکەن، خـاڵی دووەم: حکـومەت پابەنـدە بـۆ دابینکردنـی هۆکارەکـانی گواسـتنەوە، لە نـاوچە دووره دەسـتەکان و نـاوچە سـنووریەکان، ئەمە هۆکـارە قـانونیەکەیە کە پێمـوایە ئەوان نـاتوانن منـداڵەکانیان بنێـرنە بەر خوێنـدن، بەڵام کەسـێك بە ئەنقەست نەیەوێت منداڵەکەی بنێـرێتە بەر خۆێنـدن نەك دوو ملیـۆن چـوار ملیـۆنیش کەمە بـۆ ئەوەی کە سزای بدەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

شیرین امین فەرمووو.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێگومان ئێمە لەگەڵ ئەوەدایـن کە لە قۆنـاغی بنەڕەتـی منـداڵ چ ئیجبـاری بێـت ئیـلزام بێـت بە خوێنـدنەوە ئەگەر هـیچ نەبێـت لەبەر دوو هۆکـار، یەك لەبەر ئەوەی کە لە رووی پەروەردەیـی و فێرکردنەوە ئەو منداڵە بنیات دەنـدرێت، دووەم لەبەر ئەوەی کە ئەو منـداڵانە لە کـارکردن پـێش تەمەنـی یاسـای یـاخود سـەر شـەقام دوو دەکەونەوە، بەڵام لە پـاڵ ئەمەدا سـەرەنجەکانی ئـێمە ئەوەیە کە دەپرسین ئەگەر منداڵێك لە هەر ناوەنـدێکی خوێنـدن دابـڕێـت چـۆن بـۆ بەڕێـوەبەرە گشتیەکان و پەروەردە یان بۆ وەزیر و وەزارەت یەکلا دەبێتەوە کە هۆکـارەکەی چـیە، بـۆیە مـن پێشنیاری ئەوە دەکەم پێویست دەکات لە ئاستی پارێزگا و ئیـدارە سـەربەخۆکان لە بەڕێـوەبەرە گشتیەکان لیژنەیەك پێك بهێنێت لە ڕێگەی ئەو قوتابخانانەوە کە هەر منداڵێك لە خوێنـدن دوور دەکەوێتەوە بەدواداچـوون بکرێـت، ئەگەر هۆکـارەکەی وەکـو هاوڕێیـان ئاماژەیـان پێکـرد بـاری دارایی بێت لەبەر دەخلی خێزان بێـت پێویسـت دەکـات حکومەت و وەزیـر و وەزارەت لایەنـی تێچووی خەرجکردنی ئەو خوێندکارە بگرنە ئەستۆ، ئەگەر هۆکارەکـانی تـری گواسـتنەوە یـاخود نەبوونی قوتابخانەن ئەمە دیسانەوە لەسەر حکومەت پێویسـتە ئەو ڕێکـارانە چارەسـەر بکـات،

هەروەها بۆ بڕگەی دووەم پشتگیری لە ڕەئی سوسن خان دەکەم، وە بۆ بڕگەکانی تر پشتگیری لە ڕەئی کاك علی و کاك مەم و دکتۆرە شایان و سەرچنار خان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فیصل فەرمووو.

**بەڕێز فیصل عباس عولا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا، پشتگیری لە قسەکانی دکتۆر زیدان و شیرین خان و مەلا ناصر و مەلا ویسی و ڕۆژان خان و کاك کاروان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێخ ظاهرفەرمووو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دوازدە بڕگەی یەکەم خاڵی یەکەم دەڵێت بەخێوکار بێ پاساوی تەندروستی، لێرە تەنها پاساوی تەندروستی بە عوزری داناوە بۆ ئەوەی بەخێوکار مەسئول بێت لەوەی کە ڕێگری بکات لە نە ناردنی بۆ قوتابخانە، من پێشنیار دەکەم ئەم بڕگەیە سیاغەکەی بەم شێوەیەی لێبکرێت بەخێوکار بەبێ هەبوونی پاساوێکی باوڕپێکراو مافی ئەوەی نیە ڕێگری بکات لە منداڵ بە چوون بۆ قوتابخانەیەکی خوێندنی بنەڕەتی و بەردەوامبوون تێیدا، خاڵی دووەم: ڕاپۆرتی سەلمێندراو بەڕاستی من شتێکی زیادە ئەوە لابرێت، خاڵی دووەم: بەخێوکار دەتوانێت منداڵەکەی لەسەر خەرجی خۆی لە قوتابخانە ئەوەش ئەگەر پارەی هەبێت کەسەکە بەخێوکار دەتوانێت منداڵەکەی خۆی بنێرێت ئازادە لەوە، یەعنی ئەوە لێرە شتێکی زیادە، هەروەها پشتگیری لە قسەکانی سوسن خانیش دەکەم ئەو بڕگەیە لابرێت، خاڵی سێیەم: هەر بەخێوکارێك ئەگەر عوزرەکەی نەبوونی پارە بوو یان نەبوونی ئیمکانیەت بوو یان شوێنێکی دوورە دەست بوو لە لادێیەك بوو یان نەبوونی سەیارە بوو و چەندین هۆکاری ترمان هەیە کە بەخێوکار نەتوانێت منداڵەکەی بنێرێت بۆ قوتابخانە، لێرە غەرامە دانراوە یان عقوبە دانراوە پێنج سەد هەزار دینار ئەگەر دووبارەش بووەوە زیاترە، بۆیە پیمباشە ئەو بڕگەیەش چارەسەرێکی بۆ بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی گشتی ئەو پاساوانەش لەبەر چاو بگیرێن کە لە واقیعی ڕۆژانەدا هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك هێڤیدار فەرمووو.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو قوتابخانە هەن لە دوو گوند گوندی بانە قەڵاتی شێخان و بانە قەڵاتی گەردی سەر بە ناحیەی دێگەڵەنە، ئەمە نامەی ڕەسمیان ناردووە بۆ ئێمە، بەڕێز سەرۆکی لیژنەی پەروەردە دکتۆر عبدالسلام و دکتۆرە گەلاوێژ ئاگادارە لەم گوندە لەم قوتابخانەیە هەیە کچیان هەیە لە پۆلی حەوتەوە دە وانە تێدا ناگوترێتەوە دەڵێن ڕێگای گوندەکەی ئێمە ئەگەر باران بێت دەبێتە قوڕاو بە ماتۆڕسیکل دەبێت هاتووچۆ بکەن، مەسەلەن حکومەت خۆی کە ئەمە کابرا باوکی

نەیهێشت کچەکەی بچێت دەبێت سزا بدرێت، ئەگەر حکومەت خۆی لەو گوندە خەتا بار بێت مەسەلەن وەزارەتە مەعنیەکەی سزا بدات ئەمە یەك، هەر قوتابییەك ئێستا جەنابی دکتۆرە تەکلیفی ساڵێك لەسەر بن خێزانێك سی و پێنج هەزاری مانگانەی هاتووچۆ بۆ هەشت مانگی ساڵ حیساب بکەین دوو سەد و هەشتا هەزار دەکات، ئەگەر رۆژانە دوو هەزار دینار بدرێتە منداڵەکەی بچێتەوە قوتابخانە لە هەشت مانگی چوار سەد و شازدە هەزار دینار دەکات، یەك جانتا سی هەزار دینارە، پەنجا هەزاریش قەرتاسیەکە دەکات، تۆ لە ماڵێکدا سێ منداڵت هەبێت بۆ قوتابخانە ملیۆنێك و سەد هەزار تەکلیفی ئەو سێ منداڵەیە، یەعنی دەبێت هەردوو رووەکە وەربگری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك چیا فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیا من ل سەر خالا دووێ بوو، راپۆرتا پزیشکی بۆ ساڵێك ئەز دبێژم راپۆرتا ساڵەکێ زۆر درێژە، من پێ باشە هەر سێ یان چەند هەیڤا راپۆرت دووبارە بێتە کرن، چونکێ بارێ تەندروستی هەر کەسەکێ سێ یان چوار هەیڤ دێتە گۆڕینێ، ئەڤ راپۆرتە ساڵەکێ زۆر درێژە، هەندەك قوتابی هەنە بۆ ماوەی سێ هەیڤن یان چوار هەیڤە تەندروستیا وان باش دبیت و دووبارە دشێن بێنە دەوامێ، ژبەر هەندێ من پێ باشە هەر چوار هەیڤا راپۆرت دووبارە بێتە کرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قەسەکانی من زۆربەی کران هەر وا بە سەریعی ئەوەی سەبارەت بە هۆکاری دوورە دەستیەکە پشتگیری لە قسەکانی حاجی علی دەکەم، لە بڕگەی یەکەم پشتیوانی لە قسەکانی لیزا خان و شیرین امین دەکەم، سەبارەت بە بڕگەی دووەم بۆ یەك ساڵ بۆ نەخۆشیە درێژخایەنەکان پشتگیری لە قسەکانی دکتۆرە شایان دەکەم، هەروەها سەبارەت بە بڕگەی سێیەم لێرە هاتووە کە رێگر بێت لە بەردەوامبوون لە خوێندنی منداڵەکەی شەرت نیە منداڵی خۆی بێت ئەو قوتابیە بگیرێت کە ئەرکی بەخێوکردنی لە ئەستۆیە، دەڵێت چوونە بەر خوێندن یان بەردەوامبوون لە خوێندنی منداڵەکەی بگرێت، یەعنی رێگە لە ئەوە بگرێت شەرت نیە منداڵی خۆی بێت بەخێوکارەکەی بێت، دیسانەوە پشتگیری لە قسەکانی کاك مەم دەکەم، وە بۆ ئەوەی بڕگەیەك زیاد بکرێت دیسانەوە پشتگیری لە قسەکانی کاك مسلم دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا عثمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش داوا دەکەم بڕگەی سێیەم یان لابرێت یان بیانوویەکی شەرعی بۆ بدۆزرێتەوە، یەعنی وەکو پاساوێکی شەرعی، جاری وا هەیە کۆمەڵگای ئێمە کۆمەڵگایەکی موسڵمانە ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردەش ئەوەندەی لە خزمەت لە دیموکراتیە لە خزمەت ئیسلامدا نیە بەڕاستی، بۆیە من داوا دەکەم بڵێین بە پاساوێکی شەرعی یان ڕێنماییەکی وا بێت کە بەو شێوازە بێت کە لەگەڵ نەریتی ئەو خەڵکە بگونجێت، زۆر خەڵکم بینیووە کچەکەی لە قوتابخانە دەرهێناوە لەبەر ئەوەی تاقە کچ بووە لە قوتابخانەیەکی کوڕان بووە، یەعنی هەندێك شتەکە فراوانتر بکرێت بۆ ئەوەی یاسایەکە تۆکمە تر بێت، بۆیە پشتیوانی لە قسەکانی کاك علی و مامۆستا ناصر و سوسن خان و کاك مسلم و سەرچنار خان و مامۆستا ابوبکر دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.محی الدین فەرموو.

**بەڕێز محی الدین حسن شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا پشتگیری لە ڕەئیەکانی مامۆستا ابوبکر و کاك هێڤیدار دەکەم سەبارەت بەو هۆکارانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مژدە خان فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دوازدە خاڵی یەکەم لە کۆتایی نیوە دێری دووەم کە دەڵێت ڕێگە لە چوونی منداڵەکەی بۆ قوتابخانەیەکی خوێندنی بنەڕەتی و بەردەوامبوون تێیدا بگرێت، خۆی بکرێتە ڕێگە بگرێت جوانترە، ئەوە زۆر گونجاو نیە، سەبارەت بە دووەمیان کە دەڵێت بەخێوکار دەتوانێت منداڵەکەی مەرج نیە ئەوە منداڵی خۆی بێت، لەوانەیە مامی بێت یان نەوەی بێت، یەعنی هەر پێموایە ئەو بڕگەیە زیادە، سەبارەت بە خاڵی سێیەم چەند تێبینیەکم هەیە یەکێك لەوانە ئەگەر ڕێگریەکە مادی بوو کە زۆرمان قسەمان لەسەر ئەوە هەیە، پێشنیار دەکەم بڕگەیەکی بۆ زیاد بکرێت لە خاڵی سێیەم، پێشنیار دەکەم ئەگەر ڕێگریەکە مادی بێت بڕگەیەکی بۆ زیاد بکرێت ئەگەر بەخێوکار نەیتوانی منداڵەکەی لەبەر باری دارایی بنێرێت لە ڕێگەی لیژنەیەکەوە بسەلمێندرێت ئەو کاتە دەوڵەت هەموو ساڵێك لە ڕێگەی لیژنەوە داڕێژێتەوە بە شێوەیەکی جوانتر بیسەلمێنێت باری داراییان خراپە و بیمەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ دەستەبەر بکرێت، تێبینیەکی ترم هەیە ئەی ئەگەر ئەو منداڵە لە پۆلی سێ و چوار و ئەوانە وازی هێنا، ئایا باوك و دایکەکە یاخود بەخێوکارەکە سزا دەدرێت، وە خاڵێکی دیکە عەزیەت نەبێت ئەو پرسیارەم وەڵام بدرێتەوە لەلایەن لیژنە و ئەو بەڕێزانە، خاڵێکی تر ئەی تەحریکی دەعواکە کێ دەیکات، داواکاری گشتی دەیکات یاخود بەڕێوەبەرە گشتیەکان یاخود بەڕێوەبەری قوتابخانە دەیکات، یەك خاڵی دیکەم هەبوو خۆی لە تەمەنی منداڵیدا منداڵ چاکە و خراپەی خۆی لە یەکتری جیا ناکاتەوە، ئەگەر بە زۆر نەندرا خوێندن یاخود ئەگەر لە خوێندن وازی هێنا و

باوکەکە نەهێشت بە زۆر نارديەوە بۆ خوێندن ئەو کاتە نابێتە توونـد و تیـژی خێزانـی کە بە زۆر ئەوە دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

شادی خان فەرموو.

**بەڕێز شادی نوزاد وهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راستی مـن هەنـدێك سـەرم سـوڕماوە هـیچ پاسـاوێك نـیە بـۆ مەحـروم کردنـی منـداڵێك لەوەی خوێندن بکات بە تـایبەت مەرحەلەی سـەرەتایی و ئەو بەشـە خوێنـدنەی کە بەپێـی دەسـتووری عێراقی ئیلزامیە، هیچ پاساوێکی تر رەوا نـیە بـۆ بـێ بەشـکردنی، تەنهـا لایەنـی تەندروسـتیەکە هەیە، تەنهـا لایەنـی تەندروسـتیەکە کە لە بـڕگەی یەکەمـی مـاددەکەدا ئامـاژەی پێـدراوە، بەڵام هەمــوو ئەو هۆکــارانەی دیــکەی کە هاوکــارانم ئاماژەیــان پێــدا هاوکــارن کە هەن و دەبێــت چارەسـەری یاسـاییان بـۆ دۆزیـنەوە، بـۆ ئەمە مـن پێشـنیار دەکەم مـاددەکە دابڕێـژرێتەوە بەم شێوەیەی خوارەوە. هەر بەخێوکارێـك بەدەر لە حـوکمی بـڕگەی یەکەمـی ئەم مـاددەیە رێـگە لە چـوونە خوێنـدن یـان بەردەوامبـوون لە خوێنـدنی منداڵەکەی بگرێـت یـاخود ئەو منـداڵەی لە ئەستۆیەتی ئەم رێکارانەی بەرامبەر ئەنجام دەدرێت، یـاخود دەبێـت چەنـد خاڵێـك ئەم بـڕگەیە، یەکەم: ئەگەر بەپێی بەدواداچوونی توێژەری کۆمەڵایەتی یاخود پەروەدەکاری نـاو خوێنـدنگاکە ئەگەر هۆکـارەکە هۆکـارێکی مـادیە تەنهـا ئەوە دەبێـت ئاڕاسـتەی وەزارەتـی کـار و کاروبـاری کـۆمەڵایەتی بکرێـت بـۆ بـڕینەوەی ئەو پێداویسـتیانە یـاخود دابینکردنـی ئەو پێداویسـتیانەی خێزانەکە هەیەتی، کە ئەمە لیژنەی یاسایی دەتوانن دایڕێژنەوە بە باشتر، دووەم: یەکسەر نابێتە بچێـتە پـی بـژاردن، وە هەمـوو حاڵەتەکـانی وازهێنـان یـان دەرهێنـان لەبەر خوێنـدن نـاچێتە چوارچێوەی ئەوەی کە توونـد و تیژی خێزانی بێت، هەندێك جـار حـاڵەتی دیـکەیە، بـۆیە دەبێـت بڕگەیەك زیاد بکەین ئەگەر بەرمەبنای توونـد و تیژی خێزانی بوو ئەوە یاسـای ژمـارە (٨)ی سـاڵی (٢٠١١) مامەڵە لەگەڵ ئەم کەیسە دەکات، بەڵام ئەگەر هۆکاری دیـکە هەبـوون بـۆ دەرهێنـان لەبەر خوێندن ئەوە دەبێت بەپێ بژاردنێك جاری دووەم دوای ئاگادارکردنەوە، ئینجا جاری سێیەم دوو قات بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك یاسین فەرموو.

**بەڕێز یاسین خضر طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن بە پـێچەوانەی هەمـووان قسـە دەکەم، بەڵام یەك تێبنـیم هەیە بـۆ برادەرانـی لیـژنە هـیچ نانووسن، نایبینین هیچ بنووسن ئەو قسانەی ئێمە تا کوێ دەڕوات، لە خاڵی سێیەم لێرەدا دەڵێت هەموو قسەمان لەسەر ئەوەیە کە پێنج سەد هەزار دینار لە کابرا بەسەندرێت لە باوکی لە کـوڕی کە منداڵەکەی نەنێرێت بۆ قوتابخانە، ئێمە بۆ شتێك نەکەین یەعنی دەیـخەمە بەردەسـتی ئێـوە بۆ ئێمە حکومەت پابەند نەکەین هەر کەسێك منداڵەکەی بنێرێتە مەکتەبێ مانگی پەنجا هەزاری بدرێتێ، ئەی بۆ ئەوە پێشنیار ناکەین، ئەمە بۆ بەیانی نیە، لە ئەوروپا کە سەیری دەکەیـن خەڵـك

زۆری منـداڵ هەیە دەڵێـت بـۆ ئەوەی کـوڕەکەم منـداڵەکەم مـووچەیەکی هەیە، ئـێمە بـۆ هەر پڕۆژەیەکی حکومەتی بێنین میللەتی ئەوا لێبکەین سزا بدرێت، یەعنی تۆ مانگانە پەنجا هەزاری بدرێتێ بۆ چیە کاکە، یەعنی ئێمە ئەو یاسایە دەردەکەین بۆ ئێستا نیە، بۆ نەوەکانمـانە، ئـێمە بـۆ وا نەکەین حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر کەسێك منداڵی بنێـرێتە مەکتەبـێ پەنجـا هەزاری بدرێتێ، ئێمە بۆ بەس بیر لە سزا بکەینەوە، تۆ بێـنە بەر چـاوی خـۆ کەسـێك پێشـمەرگەیە پێـنج سەد و چل هەزاری مووچەیە چوار منداڵی دەچنە مەکتەبـێ ئـی چ بکـات ئەو هەمـوو سـزایە لە کوی بێنێت، بۆیە پێشنیار دەکەم...

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشـنیارەکەت گەیشـت گوتـت هەر کەسـێك منـداڵی نـاردە قوتابخـانە پەنجـا هەزار دینـاری پـێ بدرێت، کاك عباس فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بە مـاددەی دوازدە مـن لێـرە لە راپـۆرتی پەسـەندکراو لەگەڵ ئەوەدام کە هۆکـارێکی بـاوڕپێهێنەری بـۆ ئیـزافە بکەیـن، ئەم هۆکـارە بـاوڕپێهێنەرە بـۆ ئەمـانە دەبێـت کە بەڕاسـتی لە سنوورە نایگاتێ مەکتەبی نیە، سەبارەت بە خـاڵی دوو لە بـڕگەی یەکەم راپـۆرتی سـەڵمێنداروی پزیشکی تەنهـا بـۆ یەك سـاڵ ئەمە بکـرێتە سـاڵانە، چـونکە ئەگەر بڵێـی بـۆ یەك سـاڵ لەوانەیە لە ڕێنماییەکان بەڕاستی یەعنی یەکجار دەکرێـت و یەك سـاڵ دەکرێـت و کۆتـایی پـێ دێـت، ئەگەر بڵێی ساڵانە ئەمە کۆتایی پـێ دێنێـت، لە بـڕگەی دووەمیـان بەخێوکـار دەتوانێـت بخوێنێـت ئەو تەحصـیل حاصـڵە بەڕاسـتی ئەمە هەر لابرێـت باشـە، کـابرا پـارەی خـۆی دەدات و لە مەکتەبـێ بڕوات ئەوە حکومەت پێشی خۆشە ئێستا هەمـوو بچـنە قوتابخـانەی تـایبەت هـیچ موشـکیلەی نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

شنۆ خان فەرموو.

**بەڕێز شنۆ اشقی عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بە مـاددەی دوازدە تەنهـا ئامـاژە بە پاسـاوی تەندروسـتیکراوە لە راسـتیدا کوردسـتان ئەوەندە پێشکەوتوو نیە کە منداڵ تەنها گرفتی تەندورستی هەبێت بۆ ئەوەی نەتوانێت بخـرێتە بەر خوێنـدن، گەورەتـرین گرفـت کە هەیە رێگـا و بـانە لە نـاوچە دوورە دەسـتەکان، هەروەهـا ئیمکـانیەتی دارایـی کە بەشـێکی زۆریـان هاوڵاتیـانی هەرێمـی کوردسـتان بەم دوو قەیـرانەوە دەنـاڵێنن، لەبەر ئەوە پێویسـتە حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان بەر لەوەی سـزای هەر خێزانێـك

بدات بەدەر لەم پاساوە تەندروستیە هاوکاری و ئاسانکاری تەواو بۆ منداڵ دابین بکـات، هەم بـۆ هاتووچۆ هەم بۆ ئیمکانیەتی دارایی ئەو کاتە سزای بدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

گوڵستان خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بە خوێنـدنی پابەنـدکراو لە مـاددەی دوازدە مـن پێشـنیار دەکەم خاڵێـك زیـاد بکرێـت حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەند بکرێت بە دابینکردنـی پێداویسـتیەکانی خوێنـدن کە ئیتـر ئەمە هیچ پاساوێکی دارایـی بـۆ خـانەوادە و خێـزان نـاهێڵێتەوە، سـەبارەت بە خـاڵی دووەم لە بڕگەی یەکەمیش راپۆرتی سەڵمێندراوی لیـژنەی پزیشـکی کە سـاڵانە پێشـکەش بکرێـت نەك بـۆ یەك ساڵ، واتە ئەگەر حاڵەتەکە بەردەوامبوو بۆ ئەو نەخۆشیە ساڵانە پێشکەش بکرێت، بۆ خاڵی دووەمی ئەم ماددەیە هەر لابرێت، چونکە خەڵك ئەگەر خۆی بیەوێت ئەوە خۆی دەیبـات بـۆ نـا حکومی، سەبارەت بە باری دارایی خراپی خەڵك راستیەکەی بۆ ئەوەی هیچ بەهانەیەکی دارایی نەمێنێت سەرەڕای ئەوەی ئەو خاڵەی کە داوامکـرد ئەو پێداویسـتیانەی خوێنـدن دابـین بکرێـت بیمەیەکی کۆمەڵایەتیش بدرێت بە خانەوادەکان، پشتیوانی لە رەئیەکەی سـەرچنار خـان و کـاك مەلا ویسی دەکەم و شیرین خان بۆ داواکـاری گشـتی بێـتە مەوزوعەکە، پشـتگیری لە کـاك علـی دەکەم کە گوتی ئەو شوێنانەی رێیان دوورە ئەوەی هاتووچۆ خراپە، هەروەها پشتگیری لە رەئی کاك کاروان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەرکۆ فەرموو.

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتا پشتیوانی لە قسەکەی جەنابت دەکەم یەعنی خوێندن خوێندنێکی پابەندکراوە، خـۆ لە تەوەری سێیەمدا باسکراوە، ئێمە کێشەیەکمان هەیە لەم مـاددەیە زۆر گـرنگە هۆکـار چـیە بـۆ ئەوەی کە خەڵك لە خوێندن دوورکەوتۆتەوە، ئێستا ئێمە بەپێی ئەو ئامـارە فەرمیـانەی کە لەبەر دەستمانەدایە ساڵانە نزیکەی دە هەزار خوێنـدکار کە تەخـروج دەکەن دانـامەزرێن، نـزیکەی دوو سـەد و شەسـت و یەك هەزار خوێنـدکاری دانەمەزراومـان هەیە، ئەوانەی کە بڵێـین دەرچـووی دانەمەزراو لە زانکۆکان، یەعنی ئەمە وا دەکات خەڵك سارد دەکاتەوە کە بۆ ئەوەی رێگەیەکی تر بگرێتە بەر کە ئەمە شتێکی زۆر خراپە و حکومەتی هەرێمی کوردستان کابینەکـانی یەك لە دوای یەکەکان هۆکاربوونە بۆ ئەوەی کە خەڵك ئومێدی بە خوێندن کەمتر ببێـتەوە، وە متمـانە کەمتـر ببێتەوە بەوەی کە دوور بـکەونەوە لە خوێنـدن، نموونەیەکمـان لایە ئـێمە کـۆمەڵەی ئەوانەی کە دەروناسـی و کۆمەڵناسـیان تەواوکـردووە هەزار هەشـت حەوت سـەد و شـتێکی دامەزراوە نـۆ هەزار و پێـنج سـەد کەسـی دانەمەزراوە کە ئەمـانەی تەخروجیـانکردووە، ئەمـانە ژمـارەیەکی دیـــاریکراون، وە ئەکێکـــی تـــر لەو رێگایـــانەی کە ئـــێمە وەرمـــانگرتووە داتـــایەك بەس لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی یان بەڕێوەبەرایەتی گشـتی پەروەردەی سـلێمانی نـزیکەی ئەوانەی کە گەڕێندراوەتەوە بۆ خوێندن ئەوە ریگـایەکی تەندروسـتان گرتـۆتە بەر بـۆ ئەوەی کە

بچن قسە لەگەڵ کەس و کاری خوێندکارەکاندا دەکەن بۆ ئەوەی بتوانێت بگەڕێنەوە بۆ خوێندن هەزار و هەشت سەد و شەست و سێ خوێندکار کە دابڕاون لە خوێندن ساڵی پار لە سنووری سلێمانیدا گەڕێندراوەتەوە، بۆیە گرنگە حکومەت وەکو حکومەتی هەرێم و وەزارەتی پەروەردە ئەو ئەرکەی کە ئیلزامە لەسەری بەوەی کە هەم دابینکردنی خوێندن بۆ خوێندکاران و بتوانێت ئەوەی کە مافێکی سەرەتایی و دەستووری خۆیەتی، وە لەگەڵ ئەوەشدا دامەزراندن لە کەرتی تایبەت بێت یان لە کەرتی گشتی ببێتە هۆکار بۆ ئەوەی هاندان کە هاوڵاتیەك دەتوانێت زانکۆ تەواو بکات بتوانێت تەعین بێت دابمەزرێنرێت، لە بڕگەی سێیەمدا من لەگەڵ ئەوەدام بەڕاستی سزاکە توووند بکرێت، قەت لەگەڵ ئەوەدا نیم سزایەکەیان کەم بکرێتەوە، چونکە ئەمە هاندانە بۆ ئەوەی نەخوێندەواری لەم وڵاتە زیاد بکرێت، وە لەگەڵ ئەوەشدام دوو بڕگە زیاد بکرێت ئەوەی باس لەوە دەکات لە ناوچە سنووریەکانەوە هەم خوێندنگا دابین بکرێت و هەم ڕێگای گواستنەوە و پشتگیری لە قسەکانی کاروان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هلز خان فەرمووو.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە خاڵا دوو راپۆرت بۆ ساڵانە بیتن و پێش دەست پێکرنا ساڵا خویندنێ بێتە پێشکەشکرن، ئەو ژی تەئکید ل ڤی چەندی دکەم، بڕگەیا دووەم بهێتە لادان، چونکی بەخێوکار یا ئارزومەندە بچیکێ خۆ ببەتە ئەهلی یان بباتە حکومی ب دیتنا من ئەو یا زێدەیە، ئەگەر بڕگەیا سێیەم ماوە کە ئەم بەس ئیعتیماد ل سەر پاساوا تەندروستی کر تەبعەن مە گەلەك پاساوێ دی تر هەین پاساوا کۆمەڵایەتیا هەین، دارایی هەین، خزمەتگوزاریا هەین، ئەڤە تەنێ هەمی دبنە ڕێگر کو بەخێوکار نەشێتن کوڕێ خۆ یان کچا خۆ یان ئەو بچیکێن بەر دەستێ خۆ بەڕیکەتە بەر خواندنێ دا، ئەگەر وەکی خۆ ما ئەڤ بڕگە سێ ئەڤ بڕە پارەیە گەلەکە ب قەناعەتا من کەسێکێ فەقیر حاڵە نینە بخوات پارێ وی ئیحتیماله هەمی ساڵەکە ملیۆنەکە باشە ئەگەر پێنج سەد هەزار ژی نەهات بدات دیڤ را دبیتە ملیۆنەك، باشە نەشیا ملیۆنەکی ژی بدەتن دیڤ را چ لێ دێت، ئەو دبیتە قەردار و دەیندار کو بچیك هینایە سەر دنیایێ، ب دیتنا من ئەڤ مەبلەغە گەلەکە، ئەگەر وەکی خۆ ما پشتگیریا وان بەڕێزان دکەم ئەڤێ دبێژن ئەڤ بڕگە بێتە لادان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری پەروەردە دەکەین، بەخێربێن، ئەگەر ئامادە بیت دوای دوو سێ دەقەی تر بۆ ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەیتەوە کە بەڕێز مامۆستا سەیوان نووسیوویەتی، د.اسماعیل فەرمووو.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵا ئێکێ ئەز پشتەڤانیا مامۆستا شێخ ظاهردکەم، فیعلەن کوردستان پێتڤیە ئەڤ واقیعی بەرێ خۆ بدەینێ، هەم میسالی بەرێ خۆ بدەینێ میسالیەکا خەیالی مە یەت هەین یەعنی حالێ وانا یا ئابووری ڕێگە نادەتێ، ژبەر هەندێ ئەز دبینم بەخێوکار پێویست ب پاساوی باوڕپێکری

بيتن، ژبەر هەندێ ئەگەر رێكی لێ نەگريت ئەڤ ئيجرائاتێت دەرحەق بێنە كرن، دوو: باشە ئەگەر قوتابی خۆ نەچوو مەرحەلا شەشێ بنەڕەتی ئەو نەچوو باب نەشێتێ كورێت هەی يەعنی باب ئەو هێز و قوەت نينە كورێ خۆ فرێ كەت، باشە ئەوی رێگری بكە و كورێ وی ئيمتيناع كر هەر باب بەرپرسيارە، هەر باب بێتە موحاسەبە كرن و دهێتە سزا دان، ئەز دبينم يەعنی پێتڤيە ل ڤێرێ شتەك بۆ بێتە ديار كرن، خالا دووێ ئەز پشتەڤانيا خوشكە هلز دكەم پێتڤيە سالانە بيت و فيعلەن بيدايەتە سالێ بێتە پێشكەشكرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ماددەی سيازدە بخوێننەوە تا ئەو كاتەی بەڕێز سكرتێری پەرلەمان ناوی ئەو بەڕێزانە تۆمار دەكات كە پێويست دەكات قسە لەسەر ئەم ماددەيە بكەن، دواتر داوا لە وەزير دەكەين لە ماوەی دە دەقە وەڵامی ئەو پرسيارانە بدەنەوە كە لەسەر ماددەكانی پێشتر لەلايەن بەڕێز ستافی وەزارەتەوە نووسراوە، فەرموون ماددەی سيازدە بخوێننەوە.

**بەڕێز عبدالسلام عبدالله حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوو ئەندامی بەڕێز فەرموويان كە پێناسەی بەخێوكاری قوتابی نەكراوە، داوا لە بەڕێزيان دەكەم موراجەعەيەكی ماددەی يەكی پڕۆژە ياساكە بكەنەوە لە سی و شەشەمين پێناسەيدا بەو شێوەيە پێناسەكراوە، بەخێوكاری قوتابی ئەو كەسەيە كە بەخێوكردن و چاودێريكردنی منداڵ (قوتابی، خوێندكار) بەپێی ياسا بەركارەكان لە ئەستۆ دەگرێت.

تەوەری چوارەم: بازنەكانی قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی.

ماددەی (١٣):

خوێندنی بنەڕەتی لەم سێ بازنەيە پێكدێت:-

بازنەی يەكەم:

١ - پۆڵەكانی يەكەم و دووەم و سێيەمی خوێندنی بنەڕەتی لە خۆ دەگرێت.

٢ - لەم بازنەيەدا قوتابخانەكان پەيڕەوكردنی سيستەمی مامۆستای پۆڵ پابەندن.

٣ - قوتابی لە بازنەی يەكەمدا لە هەر بابەتێكی خوێندندا كارتی هەڵسەنگاندنی پێدەدەرێت، نەك كارتی نمرەكان واتە كەوتن لەو بازنەيەدا نيە.

بازنەی دووەم:

١ - بازنەی دووەم پۆڵەكانی چوارەم و پێنجەم و شەشەمی خوێندنی بنەڕەتی لە خۆ دەگرێت.

٢ - لەم بازنەيەدا سيستەمی مامۆستای بابەت پيادە دەكرێت كە تێيدا هەر بابەتێكی خوێندن لەلايەن مامۆستای پسپۆڕ لە بابەتەكەدا دەگوترێتەوە.

٣ - لەم بازنەيەدا قوتابيان كارتی نمرەكانيان پێدەدرێت، دەرنەچوون و مانەوە لە هەمان پۆڵ هەيە بەپێی حوكمەكانی ئەم ياسايە.

بازنەی سێيەم:

١ - بازنەی سێيەم پۆڵەكانی حەوتەم و هەشتەم و نۆيەمی خوێندنی بنەڕەتی لە خۆ دەگرێت.

٢ - لەم بازنەيەدا سيستەمی مامۆستای بابەت پيادە دەكرێت كە تێيدا هەر بابەتێكی خوێندن لەلايەن مامۆستای پسپۆڕ لە بابەتەكە دەگوترێتەوە.

٣ - لەم بـازنەیەدا قوتابیـان کـارتی نەمرەکانیـان پێـدەدرێت، دەرنەچـوون و مـانەوە لە هەمـان پـۆڵ بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە هەیە.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەر بەڕێزێك دەیەوێت لەسەر ئەو ماددەیە قسـە بکـات بـا دەسـت بەرزکاتەوە؟ بۆ ئەوەی لەلایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمانەوە ناوەکانیـان تۆمـار بکـرێن، ئێسـتاش داوا لە بەڕێز وەزیری پەروەردە دەکەین بۆ ماوەی دە دەقە وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە.

**بەڕێز ئالان حەمە سعید/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بە داوای لێبووردنەوە لە ئیلتیزامێکی دیـکە بـووم بـۆیە نەمتـوانی ئامـادەبم، بە شـێوەیەکی گشـتی ئەو تێبینیـانەی کە لەبەر دەسـتی ئـێمەدایە بەشێکیشـم لە تێبینـی بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمان بینی، بەڵام دەمەوێت هەندێك خاڵ ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی باس بکەم، سـەرەتا لە بنچیـنە فەلسـەفیەکان کە مـاددەی دووە، بنچیـنەی فەلسـەفەیی گـوێم لە بەڕێزێـك بـوو باسـی لەوەکرد کە بۆ بابەتی فەلسەفە تێکەڵ بەم بابەتەکراوە، بـۆ خـۆی پەروەردە سـڵفێکی فەرعـیە لە فەلسـەفە، ئەوانەی کتێبەکـانی (ئەفلاتـۆن)یـان خوێنـدۆتەوە وئەوانەی چەمـکە فەلسـەفیەکانی (دیکارت)یان خوێندۆتەوە دەزانن کە چـۆن ئیهتیمـام دەدەن بە فەلسـەفە و بـاس لە فەلسـەفەی پەروەردە دەکەن، بـۆ نمـوونە لا (دیکـارت) کە جیـاوازی دەکـات لە نێـوان تەعلـیم و لە نێـوان تەدریب، وە چۆن تەعریفی تەعلیم دەکات، لەلای ئەفلاتۆن چۆن باسی ئەوە دەکات کە مەوهیـبە بابەتێکی ویراسی نـیە، بەڵکـو دەکرێـت لەلای هەر تەبەقەیەك منـداڵی هەر تەبەقەیەك مەوهیـبە هەبێت، وە باس لە پرۆسەی فێربـوون دەکـات کە منـداڵ وەزیفەیـان لە نـاو دەوڵەت چـیە، لەبەر ئەوە بۆ خۆی مەفهومی پەروەردە مەفهومێکی فەلسـەفیە بەڕاسـتی، وە پەروەردەش بـۆ خـوی سڵفێکی فەرعیەی لە سڵفەکانی فەلسەفە، بۆیە لێرە کە دەڵێت فەلسەفە لە شوێنەکانی تـریش لە ماددەکانی تر دەمەوێت ئەو خەتە گەشتیە وازح بکەمەوە کە دەڵێین بنەما گشـتیەکان ئەمە دوو بابەتی لە یەك جیاوازن، ئەمە دیدە، ئەمە روئیـایە، ئـێمە دەمانەوێـت چ تاکێـك پـێ بگەیەنـین لە رێگەی پرۆسـەی پەروەردە و فێربـوونەوە، مەبەسـتەکە لێـرە ئەوەیە، بـۆیە زیـاتر ئەگەر دیـقەت بدەیتە سیاغەی ماددەی دوو تەرکیز دەکاتە سەر قوتابی و خوێندکار، بۆ؟ لەبەر ئەوەی وەزیفەی مامۆستا و وەزیفەی ناوەندەکانی خوێندنە کە ئەم دیدە فەلسەفیە لە ناو ناوەنـدەکانی خوێنـدن تەرجـومە بـکەن، وە وەزیـفەی وەزارەتە کە کـار بکـات تـاوەکو هەمـوو موسـتەلزەمات لە نـاو ناوەندەکانی خوێندن بە ئاڕاستەی ئەم فەلسەفەیە بە ئاڕاستەی ئەم دیـدە بـڕوات کە حکـومەتی هەرێمی کوردستان بـۆ پرۆسـەی پەروەردە و فێربـوون هەیەتـی ئەویـش بناغەکـانە، ئەم بـابەتە بابەتێکی تەفسیلی نیە، ئەوە نیە کە دووبارەکرابێتەوە، هەر چەمکێك لەم چەمکانە لە عەداڵەتـی کـۆمەڵایەتی، لە دیمـوکراتی، لە هـاوڵاتی بـوون، لە خۆشەویسـتی کوردسـتان، لە بـابەتی ژیـنگە پارێزی، لە مـرۆڤ دۆسـتی، لە یەکسـانی رەگەزی، هەر چەمکێـك لەمـانە چەمکـی زۆر گـرنگن کە ئێستا وەزارەتـی پەروەردە کـاری خـۆی لەسـەرکردووە و لە نـاو کتێبەکانیشـیان هەیە بەڕاسـتی، کتێبەکانی ئێمە لە کتێبی کارامەییەکان گرنگی دەدەن بە ژینگە، گرنگی دەدەن بە خۆشەویسـتی نیشـتیمان، گرنگـی دەدەن بە بەرپرسـیاریەتی، هەوڵـدەدەن قوتـابی لەو شـێوازە تەقلیـدیەی کە ئێستا وانە وتنەوەی تێیدایە دەریبێنن ئەویش بۆ شـێوازی نـوێ، میتـۆدێکی نـوێ، میتـۆدی نـوێ

لەوەی کە قوتابی و خوێندکار ئازادترین تەنها زانیاری وەرنەگرن و زانیاری بدەنەوە، بەڵکو مافی ئەوەیان هەبێت بتوانن ڕەخنە بگرن، یان بە شێوازێکی ڕەخنەگرانە بیر لەو بابەت و دەقانە بکەنەوە کە لەبەر دەستیاندایە، لەبەر ئەوە ماددەی دووەم دیدی حکومەتە دیدێکی فەلسەفەییە بۆ ئەوەی کە ئێمە لە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەمانەوێت ئینتاجی چ تاکێك بکەین بۆ کۆمەڵگا، ئەمە سەبارەت بە ماددەی دووەم، ئەوانەی دیکەش بابەتەکانی تر مەفاهیمی یەکسانی هەردوو ڕەگەز مەفاهیمێکی ئاسایین دژ یەك نین لەگەڵ هیچ مەفهومێکدا، خوای گەورە دەفەرموویێت (لقد کرمنا بنی ادم)، نەی فەرمووە (لقد کرمنا الرجاله)، (بنی ادم) پیاو و ئافرەت دەگرێتەوە، لەو مونتەڵەقەوە لەو مەفهومەوە ئێمە تاکێکمان هەیە پێی بگەیەنین کە هەستێکی نیشتیمانی هەبێت، لەگەڵ پێکەوە ژیاندا بێت، ڕێز لە مافی هەردوو ڕەگەز بگرێت و وەزیفەیان لە بوارەکانی کاری گشتی تێگەیشتنی بۆی هەبێت، وە خۆشەویستی خاکی هەبێت، توانا عەقلیەکانی و توانا زەهنیەکانی پەرە پێ بدات و کارامەییەکانی پەرە پێدات، ئەمە دیدێکی پەروەردەیی بوو، خاڵەکانی دیکە ئەوەی کە بەڕێزان لەو تێبینیانە ئاماژەیان پێداوە ڕێنمایی ئەزموونەکان هەموار بکرێتەوە، ئەو ڕێنماییەی کە باسی دەکەن کە لێرەش لە پڕۆژە یاسایەکە ئاماژەتان پێداوە شازدە ساڵ و نۆزدە ساڵە ئەوە هیچیان تەعاروزیان لەگەڵ یەك ناکەن، بە ئیجازەی بەڕێزتان بە کورتی بۆ روون دەکەمەوە، بۆ قۆناغی بنەڕەتی لە یەك تاوەکو نۆ ئەگەر قوتابیەك هەتا لە پۆلی شەشی بنەڕەتی بێت و سێ لەسەر یەك بکەوێت دەرنەچێت ئەو قوتابیە ناچێتە خوێندنی ئێواران، هەتا تەمەنی دەگاتە نۆزدە ساڵ، وا فەرز بکەین قوتابی ساڵێك دەر دەچێت و ساڵێك دەر ناچێت، بەڵام لە ساڵەکانی کۆتایی قۆناغی بنەڕەتی سێ ساڵ زیاتر تەمەنی مەسەلەن لە پۆلێکدا دەمێنێتەوە، بەڵام هێشتا تەمەنی نەگەیشتۆتە نۆزدە ساڵ هەتا قوتابیەك تەمەنی نەگاتە نۆزدە ساڵ، گوێم لە بەڕێزێك بوو ئینتیقادی وەزارەتی پەروەردەی کرد کە ئەمە ریگری لە دەرفەتی خوێندن دەکات، نەخێر، بە عەکسەوە وەزارەتی پەروەردە بە چەند ڕێگەیەك خوێندنی فەراهەمکردووە، هەتا ئەو قوتابیە نەگاتە نۆزدە ساڵ ناخرێتە بەر خوێندنی ئێواران لە قۆناغی بنەڕەتی، واتە مافی هەیە ئەگەر قوتابیەك سێ ساڵ لە پۆلی شەشی بنەڕەتیش بمێنێتەوە ئەو قوتابیە دەتوانێت لە خوێندنی ڕۆژ بەردەوام بێت، بەڵام ئەگەر قوتابیەك نەیتوانی هەتا تەمەنی نۆزدە ساڵی ئەو قۆناغی بنەڕەتیە قۆناغێکی نۆ ساڵیە و خۆشی بە نۆ ساڵی چۆتە قوتابخانە و تێپەڕی بکات ئەوە دەخرێتە بەر خوێندنی ئێواران، خوێندنی لێ بێبەش ناکرێت، بەڵام تەمەنەکەی ناگونجێت لەگەڵ منداڵێکی دیکە لە ناو قوتابخانە، بابەتێکی دیکە کە قسەی لەسەرکراوە چۆن ئەو فەلسەفەیە جێ بەجێ دەکرێت، دەگەڕێمەوە سەر ئەو خاڵە وا بزانم پرسیاری کاك هێڤیدار بوو، ئەو فەلسەفەیە لە ڕاستیدا لە ڕێگەی ئەو میکانیزمانەوە جێ بەجێ دەکرێت کە بریتین لە، یەك: پرۆگرامەکانی خوێندن، دوو: هێنانی مامۆستایان، ئیتر هەر یەکێك لە ئێمە کە لێرە دانیشتووین و هەموومان لە ئاستی بەرپرسیاریەتی لەم وڵاتە ئێستاش کاریگەرین بە مامۆستایەکانمان کە لە قۆناغی بنەڕەتیەوە، ئێستا ڕاستە بە دیدێکی دیکە بە شێوازێکی دیکە کە لە بابەتەکە بڕوانین بابەتەکمان لا ئاسانە، بەڵام ئەمەی کە هەیە مەعریفەیەك و تەربیەیەکی موتراکمە کە مرۆڤ وەری دەگرێت لە ڕێگەی مامۆستاوە، مامۆستا زۆر کاریگەری هەیە، ناوەندەکانی خوێندن زۆر کاریگەریان هەیە، لەبەر ئەوە ئەم فەلسەفەیەی پەروەردە بۆ خۆشەویستی کوردستان و بۆ پێکەوە ژیان و بۆ ڕێزگرتنی پێکهاتەکان، بۆ ژینگە پارێزی، ئەمە لە

ڕێگەی سیاسەتی وەزارەتی پەروەردە کە بریتیە لە پرۆگرامەکانی خوێندن، هەروەها راهێنانی مامۆستایان لەسەر ئەو پرۆگرامە و پراکتیزەکردنی ئەو فەلسەفەیە جێ بەجێ دەکەین، لە راستیدا هیچ یەکێك کاتێك کە کێشەیەك دەبێت کێشە لە سیستەمی پەروەردە نیە، هیچ یەکێك لە ناوەندەکانی خوێندنی ئێمە دژ بە بەها بەرزەکانی مرۆڤایەتی دژ بە ئازادی و دژ بە دیموکراسی هیچ کەسێك پەروەردە ناکەن مامۆستاکانی ئێمە، بەڵام هەندێکجار ئەو مەنزومەی پەروەردەییە خەرق دەکرێت لەلایەن مەنزومەی دیکەوە، مەنزومە ئیعلامی، لە ناو مامۆستاکانی ئێمە فێری کارێك ناکەن کە دژ بەم بنەما فەلسەفییانە بێت، بۆیە ئەگەر تاکێك دەربچێت لەو بنەمایانە ئەوە مەنزومەی پەروەردەییە خەرقکراوە لەلایەن بابەتەکانی دیکەوە، ئاماژەدان بە کلد و ئاشووریەکان، ئێمە لە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ پێکهاتەکان نۆزدە قوتابخانەی خوێندنی تورکمانیمان هەیە، چل و نۆ قوتابخانەی خوێندنی سریانیشمان هەیە، ئەگەر بەلاتانەوە ئاسایی بێت کە کەلیمەی کلد و ئاشووریەکان بکرێتە پێکهاتە بەلای ئێمەشەوە ئاساییە، بەڵام بابەتی ئەوەی کە زمانی خوێندن بۆ ئەو بابەتانە نەخێر ئەمە یاسا سەروەری کردووە، وە سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان وایە کە هەموو پێکهاتەیەك مافی هەبێت بە زمانی دایکی خۆی بخوێنێت، بگرە لەم یاسایە هەنگاوێکی گەورەتر و باشتریشمان هاوێشتووە، ئەگەر قوتابیەك لە یەکێك لە قوتابخانەکانی خوێندنی وەزارەتی پەروەردە بە سیستەمی با بڵێین کوردی بێت غەیری تورکمانی و سریانی، ئەگەر هاتوو ئەو قوتابیە دایك و باوکی سریانی بوو یان ئەو قوتابیە دایك و باوکی تورکمان بوو بیەوێت منداڵەکەی فێری زمانی دایکیان بن، بەڵام لە قوتابخانەیەکدا لە گەڕەکی منتکاوە مافی هەیە لە هەفتەیەکدا رۆژێك بێت بۆ عەنکاوە یان قوتابخانەیەکی تورکمانی وانەی زمانی دایکی خۆی بخوێنێت، ئەمە لە چوارچێوەی فەراهەمکردن یان جێ بەجێکردنی مافی پێکهاتەکان، خاڵێکی دیکە لێدانی قوتابی و ئەو بابەتانە، بەڕاستی بەڕێزم پڕۆسەی پەروەردە کاك جلال خۆش دەوێت، بەڵام زۆر موخالیفم لەگەڵ قسەکانی شتی وام بیست نازانم تا چەند وابوو، پڕۆسەی پەروەردە بە لێدان زەبت ناکرێت، ئێمە قوتابخانەمان هەیە فەلاقە خانەمان نیە، وە ئێمە لە وەزارەتی پەروەردە زۆر مکوڕین لەسەر ئەو بابەتە، هەموو ئازاردانێکی جەستەیی و دەروونی هەر کەسێك بیکات بەڕاستی پلەی مامۆستایەکەی لێ وەردگرینەوە، چونکە هیچ منداڵێك شیاوی ئەوە نیە لێی بدرێت، خەڵك منداڵەکەی خۆی دەنێرێتە قوتابخانە بۆ ئەوەی پەروەردە بکرێت و زانست و زانیاری پێ بگەیەنرێت، سرووشتی هەموو منداڵێك وایە بە تایبەتی ئەوانەی کە منداڵن یان ئەوانەی کەوتوونەتە قۆناغی هەرزەکاریەوە جۆرێك لە فرە جوڵەییان هەیە، جۆرێك لە شێوازێکیان هەیە کە زۆر ئینزیبات نیە وەکو کەسێکی کامڵ ئەوە سیلەی ژیان و تەمەنە، لەبەر ئەوە مامۆستا ئیدراکێکی باشی هەیە بۆ ئەو تەمانانە کە مامەڵەی لەگەل دەکات، بەڵام هەندیکجار حاڵەتێك روو دەدات مامۆستایەکە کۆنترۆڵی خۆی لە دەست دەدات ئەوە رێکاری پێویست وەردەگیرێت، خەڵك منداڵەکەی نانێرێت بۆ ئەشکەنجەدان، بەڵکو خەڵك منداڵەکەی دەنێرێت بۆ قوتابخانە بۆ فێربوو و بۆ پەروەردە کردن، وە سوپاس بۆ خوا ئەمە لە کوردستان ماوەیەکی زۆرە قەدەغەکراوە، وە ئەم حاڵەتە زۆر کەم بۆتەوە ئەگەر تاك تاك نەبێت، زاهیرە نیە، ئەگەر تاك تاك حاڵەتێك هەبێت، یەعنی نەبۆتە زاهیرە هەر حالەیە، ئەگەر تاك تاك حەڵەتێك وەزارەتی پەروەردە دوور لە چاوی میدیا رێکاری پێویست وەرگرتووە تاوەکو ئاستی

لێسـەندنەوەی نەك نەقڵكـردن، چـونكە نەقـڵ بە گـوێرەی قـانون نـابێتە عقـوبە، هەتـا ئاسـتی لێسەندنەوەی پلەی مامۆستایەتی و كردنی بە فەرمانبەر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سـوپاس جەنـابی وەزیـر دە دەقەكەت تەواوبـوو، ئەگەر ئەوانـی تـر بمێنـنەوە بـۆ دوای موناقەشاتی تر، ئێستاش فرسەت دەدەین بەو بەڕێزانەی كە دەیانەوێت گفتوگۆ لەسـەر مـاددەی سیازدە بكەن، ئەو ناوانەی كە تۆماركراون (د.اسماعیل، مژدە خان، هلز خان، رووپاك خان، بـدریە خان، سەرچنار خان، د.شێركۆ، گوڵستان خان، كاك عبدالستار، كاك بەڵێن،كاك كـاروان، كـاك رزگـار، رۆژان خان، كاك بهجت، كاك زیدان، كاك ازاد، كاك هێڤیدار، رۆژان خان، كاك جلال پەرێشان)، كاك دكتۆر زیدان فەرمووو.

**بەڕێز زیدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبنیـی مـن لەسـەر مـاددەی سـێزدە، مـاددەی سـێزدە پەیوەنـدی هەیە لەگەڵ مـاددەی حەفتـا و حەفت كە دابەشكردنی بە شەوانەكانە، ئەگەر سەرەنج بدەین لە قۆنـاغی بنەڕەتـی گۆڕانكـاریەك دروست بووە ئەم قۆناغە دابەش بووە بەسەر نۆ پۆڵدا كە پێشتر بنەڕەتی تەنها شەش پۆڵ بـوو، لە حەوت و هەشت و نۆ قۆناغی ناوەندی بوون، بەڵام ئێمە هەموو هەدەفمان ئەوەیە كە قوتابی باشترین پەروەردە و باشترین خوێندی فێر بكرێت، وە لە بەشی هەر زۆری شار و شارۆچكەكانی هەرێمی كوردستان بە تـایبەت لە قەزا و ناحیەكانـدا دایـنگە و بـاخچەی سـاویان رێژەیـان كەمە، كەواتە دەست پێكی قۆناغی بنەڕەتی دەبێتە دەست پێكێك بـۆ ئەوەی قوتـابی فێـرە خوێنـدن و خوێنـدنەوە بكرێـت، لەم بـازنەیەدا كاتێـك كە بە شـەوانەكان دابەشـكراوە لە مـاددەی حەفتـا و حەفت كە پەیوەندی بە لێـرەوە هەیە هەمـان دابەشـكردنە كە بیسـت و چـوار ئەو بەشـانەیە بـۆ مامۆستایان لە قۆناغی بنەڕەتی لە پۆلی یەك تا پۆلی نۆ، بۆیە بە پێویستی دەزانـم پـۆلی یەك تـا سـێ كە كەوتنـی تێـدا نـیە بە شـەوانەی مامۆسـتایان تەركیزێكـی زیـاتری لەسـەر بكرێـت كەم بكـرێتەوە بـۆ ئەوەی مامۆسـتا بە باشـترین شـێوە قۆتـابی فێـری نووسـین و خوێنـدنەوە بكـات، تەركیزێكـی زۆری لەسـەر تەنهـا تەواوكردنـی بە شـەوانەی نەبێـت كە بەس كـات بەڕێ بكـات بـۆ ئەوەی بە شـەوانەكانی خـۆی تەواو بكـات، بەڵكـو بە شـەوانی لەو سـێ پـۆڵەدا كەم بكـرێتەوە، هەدەف لەوە بێت كە قوتابی فێری خوێندن و خوێندنەوە بكات جیاوازی لەگەڵ قۆناغەكـانی تـر بكرێـت، ئەمەش بـابەتێكە كە دەبێـتە هۆكارێـك لەم قۆنـاغەدا قوتـابی سـەركەوتوو بێـت و خوێندنێكی باشیش فێر ببێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك بهجت فەرمووو.

**بەڕێز بهجت علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بازنەكانی قوتابی خوێندنی بنەڕەتی ماددەی سێزدە بڕگەی یەكەم خاڵا سێیەم قوتابی لە بـازنەی یەكەمدا لە بابەتێكی خوێندندا كارتی هەڵسەنگاندنی پێ دەدرێت، نەك كارتی نمرەكان، وە كەوتن لەم بازنەدا نیە، ئەو شتێكی باشە تەشجیعەكە بۆ قۆتابیە كو ل ڤی ئاسـتێ پـێ دەربـازبنن، بەس هەندەك یا قوتابییێت هەی ل وان پۆلا ئاستێ وان لاوازە، دیجا ئەڤ ئاستێ وان لاواز دزڤـڕیتەوە

بۆ هەندەك بابەت، هەندەك تەندروستینە، هەندەك ویراسینە، هەندەك هەر زەهنا وان یا كەمە كو شتی وەربگرن، پێشنیار دكەین ئەڤ دێرە زێدە ببیت لە كۆتایی بێژین بەڵام پێویستە مامۆستای پـۆڵ ئەو قوتابیـانەی كە ئاسـتی لاوازیـان هەیە خـولی بەهێزكردنیـان بـۆ ئەنجـام بـدرێت لە قوتابخانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك ازاد فەرموو.

**بەڕێز ازاد اكرم بهرام:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش تێبینیم لەسەر بڕگەی یەكەم خاڵی سێیەم لە ماددەی سێزدە هەیە، كەوتن لە بازنەیە نـیە، لە جیاتی كەوتن لەو بازنەیە نیە ئاگاداری بەخێوكار بكرێـت لە نزمـی ئاسـتی فێربـوونی قوتـابی لەم بازنەیە تێپەڕ دەكرێت یان تێپەڕ ناكرێت، یەعنی یەكسـەر تێـپەڕ نەكرێـت، چـونكە كە تێـپەڕ دەكرێـت ئەو مسـتاوایە خـراپە لەگەڵـی دەڕوات تـاوەكو قۆنـاغی بنەڕەتـی تەواو دەكـات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

رۆبینە خان فەرموو.

**بەڕێز رۆبینە اویملك عزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی سێزدە دبێژیت بازنەی یەكەم لە خاڵی سێیەم هەر چەندە قوتابی لە بازنەی یەكەم كەوتن و مانەوە نیە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە پۆڵی چوارەم نمرە دەبێـت كەوتـن و مـانەوەی هەیە، بۆیە لێرەدا وەكو ئەزموون ئامادەكـاری لە پـۆلی سـێ بەبـێ كەوتـن و مـانەوە نمریـان پـێ بدرێت بۆ ئەوەی كە دەچێت بۆ مەرحەلەی چوار بۆ ئەوەی ئەو قوتابییە ئەو ئەزموونە تـاوەكو لە پـۆلی چـوار نمـرە پێشـكەش تـازە و قـورس نەبێـت، بـۆ لە مەرحەلەی سـێ دیـاری بكرێـت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك د.شێركۆ فەرموو.

**بەڕێز شێركۆ جودت مصطفی :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەوەی پێناسەی قۆناغ بكەیـن بـریتیە لەوەی كە مەنهەجـێكە و دەبێـت وەربگیرێـت و دەبێت تەجاوز بكرێت، بۆیە ناوی قۆنـاغە، لێـرەدا مامۆسـتای تـایبەت بە بـابەت یـان مامۆسـتای تایبەت بە پۆڵ بۆ ئەم قۆناغە زۆر پێویستە كە مامۆستای تایبەت بە بابەت بخـرێتە جـێگەی ئەو تەعبیرەی كە بڵێین مامۆسـتا پـۆڵ، ئەم قوتـابیە لەو مامۆسـتایە بێـزار دەبێـت ئەگەر مامۆسـتای پـۆڵ هەمـوو وانەكـانی پـێ بڵێـت، مامۆسـتای پـۆڵ فریـای بەرنـامەی سـاڵانە و پـلانە ورد بـۆ بابەتەكـانی هەمـوو بابەتەكـان نەتوانێـت رێكخـاتەوە بە باشـی، بـۆ چەنـدین ئەسـبابی تـر، بـۆیە تەنانەت هەڵسەنگاندنەكەش پێویستە هەڵسەنگاندنی نمرە بێـت، بـۆ ئەوەی كە تەجـاوزی بكـات، نەك لەبەر ئەوەی كە تەنها لاوازەكان یان بڵێین فێر خوازە لاوازەكـان دەركەون، بەڵكـو بـۆ ئەوەی كە بەهرەمەندەكانیش تێستی (I Q) هەیە بەهرەمەنـد و عەبقەریەكـانی نـاو پۆڵەكـانی خوێنـدن

بخاته روو، لەبەر ئەوە یەکەمیان مامۆستای بابەت بێتە جێگەی مامۆستای پۆڵ لەم ماددەیە، دووەمیان هەڵسەنگاندن بە نمرە بێت، وە تەجاوزکردن بێت نەك ئەوەی کە تەنها هەڵسەنگاندن نەبێت و تێبپەڕی و بچێتە قوناغێکی تر لاواز بێت و بچێتە قۆناغی دووەم، وە ئەگەر عەبقەریش بێت بەهرەمەند بێت هەر هەستی پێ نەکرێت و بچێتە قۆناغێکی تر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بدریە خان فەرموو.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی سێزدە من پێشنیار دەکەم بازنەی یەکەم و دووەم بکرێتە یەك، پۆڵەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم و تاوەکو شەشەمی تێدا جێگا بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

مژدە خان فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی سیازدە پێشنیار دەکەم لە یەکەمیان خاڵی سێیەم لابرێت، چونکە ناکرێت کە بازنەی یەکەم بناغەی خوێندنەوە و نووسین و فێربوونە ناکرێت بە لاوازی بچێتە بازنەی دووەم، پێشنیار دەکەم خاڵی سێیەمی بازنەی دووەم و سێیەمیش هەر لابرێت بکرێت بە یەك بڕگە، چونکە دووبارەیە یاسایەکەی درێژکردۆتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

گوڵستان خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکانی من لەسەر ماددەی سیازدە سەبارەت بە بازنەی یەکەم کە دەتوانم بڵێم بنەمایەکی سەرەکیە بۆ ئەوەی کە توانایی و مەرجی فێربوونی منداڵ لەم قۆناغەدا هەبێت، بۆیە پێم گرنگە هەڵسەنگاندنەکە لەسەر مەرجی فێربوون بێت، یەعنی ئێمە منداڵێك نەنێرین بۆ پۆلی چوار هیچ نەزانێت، پیتەکان نەناسێت، ژمارە نەزانێت، ئێمە ئەگەر ئەزموونی ئەو خوێندکارانەی ساڵانی رابردوو سەیر بکەین کە لەو سێ پۆڵە رۆیشتوون و نەماونەتەوە ئاستی زانستی خوێندکار لە ئاستێکی نزمدایە، بۆیە زۆر گرنگە مەرجی فێربوون و توانایی زانستی مەرجی بنەمای هەڵسەنگاندن بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالستار فەرموو.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر قسەم لەسەر بڕگەی یەکەم خاڵی سێیەم لە ماددەی سێزدە هەیە، کە ئاماژەیان پێکرد ئێمە هەست دەکەین بەڕاستی ئاستی زانست و خوێندن و پەروەردە رۆژ لە دوای رۆژ لە دابەزینە، وە ئەگەر بەروارد بکەین قوتابیەکی پۆڵی شەشی ئێستا کە ساڵانی هەشتەکانیش پۆڵی

شـەش هەسـت دەكەم ئاسـتی زۆر دابەزیـووە، یەعنـی ئەو كـات لە رووی فێربـوون و لە رووی پەروەردەوە، لە رووی زمانەوە، لە رووی زانستەوە، زۆر پێشكەوتووتر بـووە، ئەم خـاڵی سـێیەمە حەقیقەتەن هەست دەكەم جۆرێكە لە دروست كردنی تەمبەڵی، یەعنی سێ پـۆڵ دەبڕێـت بەبـێ ئەوەی هـیچ خەمـی كەوتنـی هەبێـت، یەعنـی دایـك و باوكیشـی یـاخود بەخێوكارەكەشـی هەر كەسێك بێت ئەویش ئەو خەمەی نابێت، بۆیە من بە هەڵەی دەزانـم بەڕاسـتی سـێ پـۆڵ ببڕێـت بەبێ ئەوەی هیچ فێر ببێت، راسـتە هەڵسـەنگاندنی بـۆ دەكرێـت، بەس نـامێنێتەوە، یەعنـی هەر چەند خراپیش بێت نامێنێتەوە، بۆیە من پێموایە ئەوە زۆر كاریگەری دەبێت، چونكە ئەساسێكە ئەمە یەعنی قۆنـاغێكە بـۆ پەروەردەكـردن و راهێنـانی كەسـێك كە بچێـتە قۆناغەكـانی دیـكە و قوتابیەكی زیرەك بێت، ئەگەر هەر بشمێنێتەوە من پێموایە تەنها یەك سـاڵ بێـت نەك سـێ سـاڵ، سێ ساڵ یەكجار زۆرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك كاروان فەرموو.

**بەڕێز كاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سـەبارەت بە مـاددەی سـیازدە بـڕگەی یەكەم خـاڵی سـێیەم بەشـێكی تێبینیەكـانم بـرادەران باسیانكرد، من لێرە چەند سەرە قەڵەمێك دەخەمە روو، ئەم بابەتە بەر مەبنـای چـی دانـراوە، بەر مەبنای كام توێژینەوەی زانستی لە دنیادا هەیە خوێندكارێك یاخود قوتابیەك یاخود فێرخوازێك سـێ قۆنـاغی خوێنـدن ببڕێـت، بەڵام جـگەلە هەڵسـەنگاندن بەربەسـتێك نەبێـت بـۆ ئەوەی كە تێیپەڕێنێت یان بمێنێتەوە، لە ئەساسدا ئەم یاسایە یاسای پەروەردەیە پێش ئەوەی جەنابیشـت ئامـادەبی جەنـابی وەزیـر ئامـاژەم پێكـرد ئەم یاسـایە هەمـوو بـابەتە واتـایی و كرداریەكـانی بەرجەستەكردووە لە یاسایەكدا، كە مـن پێمـوایە بەشـێكی زیـادەیە، دواتـر بەشـێكی لە شـوێنی خۆی باسی دەكەین و بەشێكیشی دواتر باسی دەكەین، بەڵام ئێمە لەگەڵ تەمبەڵكردنی منـداڵ و لەگەڵ دواخستنی پرۆسەی فێركردن زیاتر سوودێكی تری نیە بۆ ئەوەی فێرخوازێـك لە قۆنـاغی سەرەتایی لە سێ ساڵ یەكەمی سەرەتای بیناكردنی مەعریفەی خۆی بۆ داهاتوو مەخـرەجەكەی تری چیە، بەر مەبنای چی ئەمە دانراوە، بۆیە پێشنیاز دەكەم لە راستیدا ئەمە لابرێت بـا كەوتـن هەبێت هەتا ئەگەر ساڵێكیش بێت رەنگە ئاسـایی تـر بێـت، بەڵام ئەگەر كەوتـن هەبێـت لە سـاڵی دووەم و سێیەم، چونكە سەرەتاییە و بیناكردنی قۆناغەكانی داهاتووە پێم باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

شنۆ خان فەرموو:

**بەڕێز شنۆ اشقی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەكانی كاروان دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
دیارە ئەوەی لە بازنەی یەکەم لە خاڵی سێ باسکراوە ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە بۆ ماددەی یازدە لە ئامانجەکانی خوێندنی بنەڕەتی دەڵێت بنیاتنانی بنەماکانی پەروەردە (خوێندنەوە، نووسین، ژماردن) لای قوتابیان، لەم سێ مەرحەلەیەی کە باس دەکرێت بە هەڵسەنگاندنە بە نمرە نیە، ئێمە پێمانوایە دەتوانین ئەو ئامانجە بێنێتە دی، بەڵام پشتیوانی لە ڕەئیەکەی کاك بهجت دەکەم ئەگەر خوێندکارێك یاخود قوتابیەك لەو سێ مەرحەلەیە بە هەڵسەنگاندن تەواوی دەکات ئاستی نزمبوو بتوانن خولی ڕاهێنانی بۆ بکرێتەوە پێش ئەوەی بچێتە قۆناغی چوارەوە، سەبارەت بە بڕگەی دووەم و سێیەم لە ڕاستیدا هیچ جیاوازیەکم نەبینیووە، یەعنی ئەگەر بێجگەلە لە خاڵی یەك واز لێ بێنێ خاڵی دوو هەردووکیان مامۆستای بابەت پیادە دەکرێت لەلایەن مامۆستای پسپۆڕ بابەتەکە دەگوترێتەوە کارتی نمرەیان پێ دەدرێت و دەرچوون و مانەوە بۆ هەمان پۆڵ هەیە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، من پێشنیاز دەکەم بکرێتە دوو بازنە، بازنەی یەکەم ئەو سێ قۆناغەیە کە باسکرا، بازنەی دووەم لە پۆڵەکانی چوار تاوەکو پۆڵی نۆیەمی بنەڕەتی دەگرێتەوە، زۆر سوپاس.
**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
کاك جلال فەرمووو.
**بەڕێز جلال محمد (جلال پەرێشان):**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
من بەڕاستی ماددەی سێزدە سێیەم من لەگەڵ ئەوەم هەڵسەنگاندن نەمێنێت نمرە بگەڕێتەوە، ئێمە هەمووومان بەبیرمان دێت کە لە قۆناغی سەرەتای بووین ئەو بنەڕەتیەی ئێستا مامۆستا لە پۆڵی یەکەم یەك کێ بڕکێی دروست کردبوو لە نێوان قوتابیان بۆ ئەوەی ئاستی زانست بەرەو پێشەوە بچێت، هەمووومان موونافەسەی یەکترمان دەکرد لە یەکی سەرەتاییەوە، بەڵام کە هەڵسەنگاندن بێت و نمرە نەبێت ئەو کێ بڕکێیە دروست نابێت، ئەوەی تر سوپاس بۆ جەنابی وەزیر من مەبەستم لە لێدانەکە تەنها ئەوەبوو لە شوێنی حەساس و هەستیاری قوتابی نەدرێت، دەیان جار لە دەستمان دەدرا و لە پشتی دەستمان دەدرا بووینە پەرلەمانتاریش، زۆر سوپاس.
**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
کاك هێڤیدار فەرمووو.
**بەڕێز هێڤیدار احمد سلیمان:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
یەکەم جار بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری پەروەردە دەکەین کە ئەمڕۆ لە شاری ئێمە بوو لە ئێدارەی سەربەخۆی زاخۆ بۆ دروستکردنی دوو قوتابخانە، زۆر سوپاست دەکەین، جەنابی وەزیر، سیستەمی خوێندن لە کوردستان چیە دەمێکە لە ناو خەڵك دەڵێن ئەو سیستەمەی خوێندن سویدیە، ئیتالیە، فیلەندیە، زۆر ناوی هەیە، حەز دەکەم بەپێی ئەو یاسایە سیستەمی خوێندن چیە، هەروەها سەبارەت بە بازنەی یەکەم خاڵی سێیەم برادەران قسەیان لەسەرکرد بەپێی هەڵسەنگاندنی وەزارەت، ئەم شێوازە سێ ساڵی یەکەم دەرچوون و دەربازبوونی تێدا هەیە، سیستەمێکی باشە، یەعنی قازانجمان لێکردووە، قازانجەکەی چۆنە، یان خراپە، چونکە وەختی

خۆی یەکمجار من لە قوتابخانە بووم لە پۆلی سێیەم یەکەم بووم، یەعنی خۆشە لە بیرمە، ئینجا بزانم هەڵسەنگاندنی ئێوە چۆنە لەسەر ئەو بابەتە بۆ ئەوەی بەرچاو روونیمان هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

رۆژان سلێڤانەیی فەرموو.

**بەریز رۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەست پێکێ بەخێرهاتنا جەنابێ وەزیر و شاندی دگەلدا دکەم، من ژی هەمان بۆچوونا برادەران هەی ب راستی، خالا سێ دبێژیت هەڵسەنگاندن، هەڵسەنگاندنەك سەر چ ئەساسی بۆ وی دکەن ئەگەر هەر کەوتن نەبیت، گووتنا کەوتن یان ژی ل ڤێرێ خەڵەتە دەر نەچوون دروست ترە، ئەڤە چەندین ساڵە ئەڤ سیستەمە دێتن پەیڕەو کرنێ، ئەرێ چ تویژینەوەیەك دیراسەیەك بۆ هاتە کرنێ بۆچی ئەڤرۆکە ل قانونێ دا ڤان سێ ساڵە دەرباز کەت بێ حسێب کەت کو دەر نەچوون هەبت، ئەز دبێژم چ دایك و باب رازی نەبین هەر چی ل گەل ئاخافت با دیتبا کو دەمێ قوتابخانێ دا هەمیا ئەڤ گرفتە هەبی کو هەندەکا حەز دکر کو زاڕۆکی وان هەر ما با ل پۆلا ئێکێ، چونکی دگووتن چ فێر نەبیە چوویا پۆلا دووێ دبیتە بارگرانی بۆ من و ئەز ژی پێوە ماندیمە و مامۆستاش ژی پێڤە ماندیە و بەیانی دچیتن چوارێ و دچیتە زانکۆش ژی ئەم دبینین ئاستێ قوتابیا کە ل ئاستیدایە بۆ نڤیسین و خواندنێ، ئەز گەل هەندێمە کو ئەگەر بێتە سیاغە کرنێ ژی قوتابی بمێنیت، بەحسا بازنا ئێکەم دکەت پۆلا ئێکەم ئەگەر هەڵسەنگاندن ل سەر نمرە نەبیت ب شێوەیەکی دی ئەز نزانم حەز دکەم کو جەنابێ وەزیری بۆ ئێمە زێدەتر روون بکەتەوە، ئەڤ هەڵسەنگاندنە ل سەر ئەساسێ دکەن ئەگەر نمرە نەبن، بێتە نڤیسینێ نە کەوتن ببیتە دەر نەچوون، بەس پۆلا ئێکێ ئەگەر هەبیتن بچیتە پۆلا دووێ، بەس پۆلا دووێ و سێ زۆر خەڵەتە ئەگەر هەڵسەنگاندن ل سەر نمرە نەبیتن و ب ڤی شێوە بچیتە پۆلا چوارێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك مەم فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەمەوێت ئەو پرسیارە لە وەزیر بکەم ئەوەی کە پەیوەندیدارە بەم بازنانە لەسەر بنەمایەك چەمکی بازنە بەکار هاتووە، وە دەیانەوێت پێمان بڵێن چینە ئەو بازنانە، بۆ نموونە یەك فاریزە جیاوازی لە نێوان بازنەی دووەم و سێیەممان پێ بڵێت، کە کاك (بەڵێن)یش باسیکرد من پشتیوانی لێدەکەم، ئەوە تەبعەن بازنە بۆچی تۆ دادەنێی بۆ ئەوەی سەربەخۆ بێت و هەر یەکە خاڵی جیاکەرەوە هەبێت لە ناویاندا، بەڵام لە نێوان بازنەی دووەم و سێیەم وەك لێرەدا هاتووە هیچ خاڵێکی جیاوازی و جیاکەرەوە نیە ئەوە یەك، دوو: بە رەئی من مەسەلەی بازنە هەر لە رووی زمانەوانیەوە لە رووی مەفهومی فەلسەفیشەوە هەموو بازنەیەك جۆرێك لە سەربەخۆیی خۆی هەیە، بەڵام ئاستانەی خوێندن قۆناغی یەك تاوەکو سێ، چوار تا شەش، حەوت تا نۆ، هەموو ئەمانە تەواوکەری یەکترین، وە ئاستن ئەمانە، ئاستێك هەیە ئاستی یەکەمە یان ئەگەر ناوی بنێین ئاستی دووەم یان ئاستی سێیەم، ئاستی دووەم دروست نابێت ئەگەر ئاستی یەکەم

نەبێـت، سـێیەمیش دروسـت نابێـت تـا دووەم نەبێـت، بـۆیە ئەم بـازنە جیـاکەرەوانە لە رووی مەفهومەوە من بە تەواوی نـازانم، بـۆیە مـن پێنشـیاز دەکەم لێـرەدا وەڵامـی ئەم پرسیارەشـمان بداتەوە، ئاستی یەکەم و ئاستی دووەممان هەبێت، یاخود دەبێت جیاوازیەکمان بۆ دیاری بـکەن لە نێوان ئاستی دووەم و ئاستی سێیەمدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك د.اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە مـاددێ سـێزدێ خـاڵا دووێ لەم بـازنەیەدا قوتابخانەکـان پەیڕەوکردنـی سیسـتەمی مامۆستای پۆڵ پابەند دەکات، ئەز پشـتەڤانیا کتـۆر شـێرکۆ دکەم، ژبەر کـو دبێـژم گەلەك پێتڤـیە هەندەك مامۆستا هەنە ئەرکێ خۆ ب جێ نـاهینی، چـل قوتـابی دەبـنە قوربـانی وی مامۆسـتای، هەندەك جـارا چـل یـاخود چـل و پیـنج قوتـابی ل پۆلێـدا دبـنە قوربـانی، ئەڤە مە گەلەکـا دیتـی مامۆستایێ پۆلێ ئەرکێ خۆ نە رابوویە ب تایبەت دزانیت رسوب و ساقتی و کەوتن و نەکەوتن نینە، ژبەر هەندێ ئەگەر هەر ببیتە سیستەمێ مامۆستای بابەت ئەو باشترە، نەك مامۆستای پۆڵ، خاڵا سێ کە رسوب هەبیت یان نا، ئێکەم کەوتن تەرجوما سقوتە، ئەز دبێژم پێتڤـیە پەیڤەکـا دی بیت ئەڤە نە یا دروستە، وەکی دی ئەز پشتەڤانیا دکتۆر شێرکۆ و خوشکە شنۆ خـان و مامۆسـتا عبدالستار و مامۆستا کاروان و خوشکە مژدە و مامۆستا جلال و خوشکە رۆژان کو پێتڤیە ئیدی رسوب هەبیتن، ژبەر ڤان ئەگەرا، ئێك ئەگەر رسوب نەبیت مامۆستا زەحەمەتێ ناکێشیت گەلەك، قوتابیش گەلەك خەمێ لێ ناخۆت و زەحمەتێ نابەت، قوتابی خـۆ ب خـۆ ژی زەحمەتـێ نـابەت، ئەگەر ئەم بێـژین نە دبیـت رسـوب نەبیـت دا نەفسـیەتا قوتـابی تێـك نەچیـت، ئەم هەمـی ئەم سیستەم خاند و خواندن دەرباز کر کو رسـوب هەبـوو و ئەڤرۆکە ئەم پەرلەمانتـارین یـان دێ ل وەزارەتێ داینە ل ڤێرێ، کەواتە مەعنای وی عەملیەکا ناجحە، ئەگەر ژبەر نەفسیەتا قوتابی بیت ئەڤە نە خۆش حجەتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

روپاك خان فەرموو.

**بەڕێز روپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەبارەت بە مـاددەی سـێزدە پشـتگیری لە قسـەکانی دکتـۆر شـێرکۆ دەکەم کە مامۆسـتای پـۆڵ بکرێتە مامۆستای بابەت، هەروەها ئەو بەڕێزانەی کە لە خاڵی سێیەم لە بـازنەی یەکەم گووتیـان هەڵسەنگاندن بکرێتە کارتی نمرەکان، ئایا باشتر نیە قوتابی لە سەرەتای قۆناغی خوێندنە توانـای دیـار دەکەوێـت کە کـارتی نمرەکـانی پـێ بـدرێت، نەك هەڵسـەنگاندن، هەروەهـا پشـتگیری ئەو بەڕێزانە دەکەم کە هەڵسەنگاندنیان کردە بە کارتی نمرەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

رۆژان خان فەرموو.

**بەڕێز ڕۆژان سعید کریم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
پێشنیار دەکەم کە بە پێچەوانەی زۆرێك لەو هەڤاڵانەم کە پێشنیاریانکرد ئەو خاڵەی سێیەم کە لە بڕگەی یەکەمی ماددەی سیازدەدا هەڵسەنگاندنەکە لابرێت، پێشنیار دەکەم هەڵسەنگاندن بمێنێت، بەڵام بە نمرە بێت، لەبەر ئەوەی ئەو قۆناغە قۆناغێکی پابەندکراوە قۆناغی بنەڕەتی، من پێشنیار دەکەم خستنی تێدا نەمێنێت، بەڵام هەڵسەنگاندن ببێت بە نمرە نەك ئاست دیاری بکرێت، باش و باشتر و باشترین، وابزانم ئێستا وایە بەو شێوەیەیە، بۆیە ئەگەر خستنی تێدا نەبێت، چونکە لەو قۆناغەدا قۆناغی پەروەردە و فێرکردنە نەك سزادان بە خستن، وە گرنگە ئەوەیە کە هەموو تاکێك لەو قۆناغەدا شتێك لە بوارەکانی زمان و بیرکاری و مێژوو و ئەو ئەمانجانەی کە لەم یاسایەدا هاتووە بۆ پەروەردە و فێرکردن فێر ببێت و زانیاریەکی سەرەتایی وەربگرێت، بۆیە پێشنیار دەکەم کە قۆناغێکی پابەندکراوە خستن نەبێت، وە لە بڕگەی دووەمیش خاڵی سێیەمی هەر بەو شێوەیەی خاڵی سێیەمی بڕگەی یەکەمی لێبکرێت و هەڵسەنگاندن بکرێت بە نمرە نەك بە ئاست، زۆر سوپاس.
**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
شیرین امین فەرموو:
**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
منیش لەسەر ماددەی سیازدە تێبینیم لەسەر خاڵی یەکەم و سێیەم هەبوو، سەبارەت بە خاڵی یەکەم پشتگیری لە ڕەئی گوڵستان خان دەکەم، وە بۆ خاڵی سێیەم کە کەوتن لەم بازنەیە نیە ناکرێت بیر لە ڕێکار و تکنیکێکی تر بکەینەوە، بۆ نموونە کە منداڵێك لە قۆناغی یەکەم و دووەم و سێیەم کە یەکێکە لە گرنگترین قۆناغەکانی فێربوون بۆ منداڵ، منداڵێك لەم قۆناغە ڕەنگە بەپێ پێویست کە تا پۆلی سێ دەبڕێت پێش ئەوەی بچێتە پۆلی چوار هێشتا بە تەواوەتی فێری ئەلف و بێی کوردی نەبووبێت، وە هاوڕێکەی زۆر بە باشی فێری خوێندن و نووسین بووە، ئایا ئەم منداڵە لە پۆلی چواردا چی بکات، لە کاتێکدا لەبەرکردنی هەیە، ماددەی جوگرافیەی هەیە، بۆیە من پێشنیازی ئەوە دەکەم کە بیر لەوە بکرێتەوە پۆلەکان بەسەر گرووپدا دابەش بکرێت، بۆ نموونە ئەو منداڵانەی کە درەنگتر شت وەردەگرن توانای فێربوونیان کەمترە یان تەرکیزیان کەمترە، هەر ئەشکالێکی تریان هەیە دابەش بکرێن لەگەڵ ئەو منداڵانەی کە توانای فێربوونیان با بڵێین نزیکی یەکترن یان زووتر شت وەردەگرن، یەعنی جیاکاری بکرێت، بەڵام ئەم جیاکاریە بۆ ئەوە نەبێت کە منداڵێك لە منداڵێکی تر زیرەکترە، نەخێر، بۆ ئەوەبێت کە توانای فێربوونی ئەم منداڵانە درەنگترە بیر لە تەکنیکی تر بکرێتەوە، بۆ ئەوەی هیچ نەبێت لە کاتی قۆناغی یەکەم و دووەم و سێیەم دەبڕێت ئەم منداڵان لە رووی توانا و لە رووی فێربوونەوە نزیکتربن لە یەکترەوە، زۆر سوپاس.
**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
هلز خان فەرموو:

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ل ماددەیا یازدێدا ئامانجەکان خالا ئێکێ دبێژیتن بنیاتنانی بنەماکانی پەروەردە و خوێندن و نووسین و ژماردن لای قوتابیان، باشە ئەگەر گەفتن نەبیتن تەبعەن ئەز ل گەل موستەلەحی کەفتن نیمە دەرنەچوونە، ئەگەر نەبیتن ئەڤ ئامانجە هەنێ نەهاتە جێ بەجێ کرن کو ئامانجا ئێکێیە، قوتابی فێرە ژمارە و نووسین و شتەکی نەبوو مەعقولە بێی دەرباز بکەی ب کارتەکا هەلسەنگاندنێ بۆ ئەوەی موراعاتە دەروونی وی بکە، ئێ ئەڤ بچیکە هەنێ چ شتەك ل مەوزوعێت دەروونی هیچ شارەزا نەبوویە تێدا، دەروونی وی خراپتر دبیت ئەگەر بردت بۆ قۆناغە دووێ و ل وێرێش بەرێخۆداینێ یێ دەرنەچوویە و ئاستێ وی یێ فێرکردنی کەمتر ل گەل هەڤالێت وی، ژبەر هەندێ ئەز ل گەل هەندێدامە ب ڤی شێوازی خالا سێ بێتە داڕشتن لەم بازنەیەدا قوتابیان کارتی نمرەکەیان پێ دەدەرێت دەرنەچوون و مانەوە لە هەمان پۆلدا هەیە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، سەبارەت ب خالا دوو ئەز پشتگیریا هەر بەڕێزێکی دکەم کو بەحسی مامۆستاینێ بابەتی کری، چونکی ئەگەر مامۆستاینێ پۆلێ بەری دە سالە بەری بیست سالە هات بیتە پەیڕەوکرن هەنگی مە ئیختیصاصات نەبوون، ئەز ئێکیش وانە بووم کو سێ بابەت پێکڤە دگووتن، ئەگەر ئەو مامۆستایە یێ سەر نەکەفتی بیت ل گووتنا وانێ دا دێ وە لێدکەتن تەلەبە دەمرتین، بابەتێ بیرکاری بابەتێ زانستیە سێ بابەتێ سەرەکینە، نوکە ئینگلیزی ژی هەتا هەندەك جێگەیان مامۆستای چوار بابەت دبێژیت، مەعقول نینە نوکە ئەڤ فەراغە هەنێ تووش بووی ب سەدان مامۆستا مە دەرچوویێت هەمی ئیختیصاصات یێ هەی، دوو: ئەڤ قوتابیە هەنێ بیزار دبیتن ئەگەر سێ وانە ل دیڤ ئێك را ئێك مامۆستای ببینیتن کو نزیکەی دوو سەعات و نیڤە، خاصەتەن ئەگەر ئەڤ مامۆستاینێ هەنێ ل دەف وی قوتابی مەرغوب نەبیتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرچنار خان فەرمووو:

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی سیازدە بازنەی یەکەم منیش هەمان بۆچوونم هەیە، بازنەی یەك بە تایبەتی کە قۆناغی یەکەم و دووەمی پۆلەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم دەگرێتەوە کە خوێندنی بنەڕەتیە، ئامانج و هەدەف لەمە ئەوەیە فێری نووسین و ژماردن و خوێندنەوە ببن، جا ئەگەر دەرنەچوون نەبێت لێرە ئەم مندالە ئەگەر فێر نەبوو کەواتە یەکەم ئەمانجەکەت نەهێناوەتە دی و دووەم مندالەکەت پال پێوەناوە بۆ پۆلێکی تر کە هێشتا سەرەتای خوێندن و نووسین و ژماردن فێر نەبووە، لێرە لەوە دەچێ پرسیار بکەی بۆ ئەمە چارەسەری ئەوەکراوە کە دیداری گەشە هەیە، یەعنی راستە دیداری گەشە هەیە، بەلام جێگای ئەوە ناگرێتەوە، مندالی وا هەیە بە دیداری گەشەکەش هەر فێر نابێت، یان ئیختیار دەدرێتە دەستی دایك و باوك، دایك و باوك لەبەر ئەوەی بە عەتەف بڕیار دەدەن لە پرۆسەی خوێندندا حەز دەکات مندالەکەی لە مندالەکانی تر دانەبڕێت دەلێت با دەربچێت، لەبەر ئەوە پێمباشە خالی دووەم و سێیەم لە بازنەی یەکەمدا وەکو بازنەی دووەمی لێبکرێت، یان وەکو سێیەمی لێبکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز جەنابی وەزیر لە ماوەی شەش دەقە وەڵامی پرسیارەکانی پێشووتر و سەرەنجی و تێبینی و پرسیارەکانی ئێستاش ئەگەر پێویست دەکات فەرموون.

**بەڕێز ئالان حەمە سعید/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە شێوەیەکی گشتی لەو خاڵە دەست پێدەکەم کە باس لە ئیمتیناع لە خوێندن دەکات، ئیمتیناع لە خوێندن جێ بەجێکردنی دەستوورە کە خوێندن ئیلزامیە، مادام خوێندن ئیلزامی بێت دەبێت ئێوەش تێ بگەن ئەویش ئەوەیە کە دەبێت هەموو باوکێك وەلی ئەمرێك منداڵەکەی بەرێتە بەر خوێندن، ئایا ئێمە لەوە هیچمانکردووە وەکو سوسن خان پرسیاریکردووە، بەڵێ، ئێمە لەگەڵ دەزگای خێرخوازی بارزانی و لەگەڵ یونسێف و یونسکۆ و لەگەڵ انترسۆس لەگەڵ رێکخراو پارێزی کوردستان تاوەکو ئێستا سیازدە هەزار منداڵمان گەڕاندۆتەوە بۆ بەر خوێندن ئەمە یەك، دوو: لە (٩/١٨) حەملەیەکمان دەست پێکردووە تاوەکو (١٠/٣٠) دەخایەنێت بۆ گەڕاندنەوەی دوازدە هەزار منداڵی دیکەش کە لە ساڵانی رابردوو لە خوێندن دابڕاون، لەبەر ئەوە کاك علی فەرموویەتی کە لە گوندێکدا قوتابخانە نەبێت، لە زۆربەی هەرە زۆری گوندەکانی ئێمە قوتابخانە هەیە، هەتا بۆ ئەوەی یەك تاك بێ بەش نەبێت رۆژانە تووشی ئەو گرفتە بووین لە سیستەم کە لە ئەنجوومەنی وەزیران دەرچووە لە ساڵی (٢٠٠٩) دەڵێت نابێت لە شوێنێك لە پازدە منداڵ کەمتر بێت پازدە قوتابی ئینجا لە گوندەکە، ئێستا ئێمە هەمانە شەشە و حەوتە موخالەفەی سیستەممانکردووە لە پێناوی هەدەفێکی گەورە کە ئەوەیە منداڵ بۆ بەر خوێندن بگەڕێنینەوە، لەبەر ئەوە بەپێی ئەم یاسایەش نامەنەوێت فەرزی بکەین لە پازدە قوتابی کەمتر نەبێت، بابەتی ئەو خوێندنە ئیلزامیە ئەساسەکەی دەستوورە، ئەساسەکەشی ئەوەیە کە وەلی ئەمر نەیەوێت لەبەر هەر هۆکارێك بێت منداڵەکەی نەباتە بەر خوێندن، خاڵێکی دیکە (١٢/٣١) باسکردبوو، بەڕێزان، بابەتێکە دەبێت لە حەدێکدا بوەستێت، رۆژانە ئێمە تووشی ئەم گرفتە دەبین دەڵێت (١/١) بۆ وەرناگرن، باشە، (١/١) وەردەگرین دەڵێن بۆ (١/٢) وەرناگرن، دەبێت لە حەدێك بوەستین، حەدەکە بریتیە لە (١٢/٣١)، سیستەمی قوتبخانە بنەڕەتیەکانیش (١٢/٣١)ی داناوە، لە عێراق (١/٣١)ە، لەلای ئێمە (١٢/٣١)مان دانەوە، چونکە ئەگەر ئێمە لە رۆژێکدا لە تەوقیتێکی زەمەنی نەوەستێت ئەوەی دیکەش داوای دەکات، بۆ ئەم مەبەستە ئێمە زۆر بە حەدی مامەڵەمان لەگەڵ ئەوەکردووە، چونکە یەك رۆژ موخالەفە بۆ هەر کەسێك بکرێت ئەوی دیکەش دەڵێت خۆ من دووی مانگم بۆ منیشی بکەن، بابەتی گواستنەوەی منداڵ باسی لێوەکراوە، گواستنەوەی منداڵ عایدی وەزارەتی پەروەردە نیە، ئێمە رێنماییمانداوە بە ناوەندەکانی خوێندن، ئەو پاسانەی کە گواستنەوە دەکەن ئەوانە پەیوەندیان بە ناوەندەکانی خوێندنەوە نیە، دۆکۆمێنتی ئەو پاسانە و ئیجازەکانیان تەسلیمی نزیکترین بنکەی پۆلیس بکەن، هەر ناوەندێکی خوێندنی حکومی ئێمە تێکەڵ بەم بابەتە بێت بەڕاستی رێکاری پێویستی بەرامبەر دەگیرێتە بەر، مامۆستا ازاد فەرمووی چۆن دەبێت لە رۆژێکدا چوار سەعات بخوێنێت، نەخێر، لە یاساکە لە ماددەی سی و سێ هەڵە نەبم لەم پرۆژە یاسایە دەڵێت لە چوار کەمتر نەبێت، فەرق هەیە، چوار بخوێنی و لە چوار کەمتر نەبێت، چونکە بۆ ئەوەی کە مەعلومەکە دەقیق بکرێت، بەڕێزان، ئەو هەڵسەنگاندنەی بازنەی یەکەم کە لەم ماددەیە زۆرترین قسەی

لەسەرکرا، لە چیەوە هاتووە، فەلسەفەکەی چیە، زۆر بە سادەیی پەروەردە لە تەعریفێکی سادەدا بـریتیە لە پەیبـردن بە توانـا شـاراوەکانی ئینسـان و تەوزیفکردنـی بەکارخسـتنی لەگەڵ ئەو ژینگەیەی کە تێیدایە، ئێمە لەم قۆناغە ئەوەندەی دەمانەوێت کارامەیی بەها لە منداڵدا بچێنین ئەوەندەی دەمانەوێت بناغەی ئینسان سازی بکەین ئەوەندە ئامانجەکەمان بابەتی فێربوون نیە، بەڵام فێربوونیشمان پەراوێز نەخستووە، لەبەر ئەوە منداڵێك شەش ساڵ حەوت ساڵ، هەشت ساڵ تووشی شۆك دەبێت لە قۆناغی یەکەم، با ئێمە سەیری پەروەردە نەکەین وەکو عەتف و زەمانی خۆمان، قسەیەك هەیە زۆرجار ریوایەت دەکرێت بە ناوی ئیمامی علی رەزای خوای لەسەر بێت، بەڵام نازانم هی ئیمامی (علی)یە یان نا، دەفەرمووێت (لا تعلم ابنائکم علی عاداتکم فأنهم خلق لزمان غیر زمانکم)، یەعنی ناکرێت باوکێك بە چاوی ئەوەی لە رابردوو خۆی چۆن بووە ئاوا ئێستا لەم ژینگەیە لەم سەردەمە ئاوا مامەڵە لەگەڵ منداڵەکەی خۆشی بکات، چونکە ئەوانە خەلق بوون بۆ زەمانێك غەیری زەمانی ئێمە، لەبەر ئەوە من بیست ساڵ لەمەوپێش لە ئیعدادیەبووم نابێت ئێستاش هەر وا سەیر بکەم کە تەڵەبەیەکی ئیعدادیە دەبێت وەکو ئەو زەمانە بێت یان دەبێت ئەگەر من منداڵەکەم ئیعدادیەیە، بەڕێزان، ئەم قۆناغە قۆناغێکی یاریدەدەرە بۆ مرۆڤ سازی بۆ فێربوونی بەها، بۆ کارامەیی، بۆ تێگەیشتن لە چەمکەکان، وەزیفەی مامۆستایە کە ئەو منداڵە فێر بکات، ئەگەر منداڵێك باش فێر نەبوو خەلەلەکە لە ئێمەیە لە وەزارەتی پەروەردە، ئەویش بە راهێنانی مامۆستایان چارەسەر دەکرێت، ئەگەر هاتوو منداڵێك باش فێر نەبوو بوو بەخێوکاری قوتابیەکە هەستی پێکرد مافی مانەوەی هەیە، بەڕێزان، هەر لە ناو ئەم پرۆژە یاسایە نووسراوە بابەتی هەڵسەنگاندن و تاقیکردنەوەکان بە پەیڕەوێك دەردەچێت کە ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان دەریدەکات، وردەکارەیەکی لەوێیە، من وەکو باوکێك کە ئەگەر منداڵەکەم لە پۆلی دوو لە بابەتی کوردی و بیرکاری باش نەبوو مافم هەیە بە قوتابخانەکە بڵێم دەیهێڵمەوە، وە هیچ کەسێکیش رێگری ناکات، ئێستاش عەمەلیەن وایە، خاڵێکی دیکە ئەو بازانانە چ فەرقێکیان هەیە، بەڵێ، بازنەکان فەرقیان هەیە، بازنەی یەکەم دەرنەچوونی تێدایە، بازنەی دووەم و سێیەمیش تەعریفیکردووە، بۆ ئەم بازانانە دانراون، بۆ هەر بازنەیەکی خوێندن ئەهدافێکی تەعلیمی هەیە کە لە بەڵگەنامەکانی پرۆگرامدا رەنگ دەداتەوە، ئێمە دەمانەوێت لە بازنەی یەکەم چ فێری منداڵەکان بکەین، دەمانەوێت لە بازنەی دووەم بەپێی ئاست و تێگەیشتن ئەو پرۆگرامانەی کە هەیانە مەناهیج سیلسلەیەکی پێگەوە گرێدراوە بەپێی ئاستەکان و تەمەنەکان و بازنەکانی خوێندن دانراوە لە هەرێمی کوردستان، واتە لە ناو ئەو بەڵگەنامانەی خوێندن دانراوە ئێمە دەبێت چی بە منداڵێکی پۆلی چواری بنەڕەتی بڵێین، وە دەبێت چی بە منداڵێکی پۆلی هەشتی بنەڕەتی بڵێین، لەبەر ئەوە ئەو بازنانە دیاریکراوە ئامانجەکەی لێی ئەمەیە، سیستەمی پەروەردەی ئێمە کوێیە، دەرچوونی ئەم یاسایە و هەموو ئەو قسانەی کە لەسەر سیستەمی پەروەردەی ئێمە دەکرێت کاك هێڤیدار، سیستەمی پەروەردەی ئێمە سیستەمێکی پەروەردەی کوردستانیە، کە ئێوەی بەڕێز لەم پەرلەمانە تەشریعی دەکەن، دەنگی لەسەر دەدەن، بەڵام زۆر تەبیعیە سوود لە هەموو ئەزموونەکانی دنیا وەربگرین، ئێمە قانونەکانی فەرەنسامان تەرجومەکردووە و خویندوومانەتەوە، هەروەها ئەوەی فیلەندا، بە عەکسەوە زۆرجار موناقەشە دروست دەبێت لەسەر ئەوەی کە بۆ دەوامی خوێندن کەمە، لە فیلەندا کە کەمترین دەوامی خوێندن هەیە

ئەركی ماڵەوە نیە ساڵانێكی زۆر فیلەندا لە رەنكینی پەروەردە ژمارە یەكی جیهانیش بوو، بەڵام خۆ بە سەعاتی خوێندن نیە، بەو كارامەییانەیە كە تۆ فێری دەكەی، گرنگترین شت لە فەلسەفەی پەروەردەی ئێستا ئەوەیە تۆ چۆن منداڵ خۆشبەخت دەكەی، چۆن ئێمە وەزیفەمان ئەوەبێت ئەو مەفهومەی كە دەمانگووت بە سلێمانیانە ئێمە وامان دەگووت دەمانگووت بەربووین لە مەكتەب، بەربوون بۆ زیندان دەبێت بەڕاستی، یەعنی چۆن ئەو مەفهومە لە مێشكی مرۆڤێكدا بگۆڕی ئەو منداڵە خۆشبەخت بكەی، لەبەر ئەوە ئەساسی حەلەقەكان بەو جۆرە دانراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

نوقتەیەكی نیزامی هەیە؟ فەرموو كاك هێڤیدار.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێز جەنابی وەزیر، لە ماددەی دە بڕگەی دووەم خاڵی یەكەم دەڵێت هەر منداڵێك لە رۆژی (١٢/٣١) تەمەنی بگاتە شەش ساڵ دەبێت پەیوەندی پێوە بكات، قسەمانكرد جەنابت لێرە نەبووی ئەگەر (١٢/٣١) دەبێتە ئیمتیحانی نیوەی ساڵ ئەو كات تەمەنی بوو بە شەش ساڵ دەبێت ئەو كاتە بچێت دەوام بكات، یەعنی ئەوها داڕێژراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز وەزیری پەرورەردە فەرموو.

**بەڕێز ئالان حەمە سعید/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مەبەستەكە ئەوەیە بۆ ئەم ساڵی خوێندن ئەو منداڵانە لە قوتابخانە كە كاتی ناو تۆماركردن دەكرێتەوە، ئەو منداڵانە وەكو قوتابی تۆمار دەكرێت كە لە دایك بووی (٢٠١٦/١/١) تاوەكو (٢٠١٦/١٢/٣١)، ئەوانە لە ماوەی ئەو ساڵەدا كە موالیدەكانیان لە (١/١) دەست پێدەكات تاوەكو (١٢/٣١)، بۆ نموونە (٢٠١٦) ئێستا گووتوومانە ئەو منداڵەی لە باخچەی ساوایان باخچەی منداڵان لە پۆلی یەك وەردەگیرێت بریتیە لە دایك بووی (٢٠١٨/١/١) تاوەكو (٢٠١٨/١٢/٣١)، ئەوەی لە پۆلی دووی باخچەی ساوایان وەردەگیرێت بریتیە لە دایك بووی (٢٠١٧/١/١) تاوەكو (٢٠١٧/١٢/٣١)، ئەوەشی لە پۆلی یەك وەرگیراوە ئەم ساڵ دەبێت لە دایك بووی (٢٠١٦/١/١) تاوەكو (٢٠١٦/١٢/٣١) مافی هەیە خۆی تۆمار بكات، جگەلە لە قوتابخانە نێودەوڵەتیەكان، چونكە هەندێكیان بە سیستەمی بەریتانی دەخوێنن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەگەر لیژنەی تایبەتمەند وەكو لیژنە رایەكتان هەیە فەرموون.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

راستیەكەی ئێمە لە ماددەی سیازدەدا خاڵێكی تری تێدابوو بڕگەی (د) لە پڕۆژەكەدا كە یەكەمجار هاتبوو، ئێمە لامان نەبردووە وەكو لیژنە بەڕاستی نازانم چۆن لابراوە، ئایا ئەمە هەر وەكو ماددەی نۆ نەزانرا و دانراوەتەوە یان هەر بابەتێكی تر ئێمە پێویستمان بەوەیە كە روونكردنەوەیەك لە لیژنەی قانونی وەربگرین بزانین گۆڕانكاریەكە چۆن كراوە، (د) دەڵێت لە

کاتی داواکردنی بەخێوکاری قوتابی دەکرێت قوتابی بۆ ساڵێکی تر لە هەمان پۆڵدا بمێنێتەوە، دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی بەڕێوەبەر بە مەرجێك داواکە بە نووسراو بێت و پاش گفتوگۆکردن بێت لەگەڵ مامۆستا یان مامۆستایانی قوتابی، بۆیە پێویستمان بە ڕوونکردنەوەیە کە ئەم خاڵە ئێمە وەکو لیژنە لامان نەبردووە بۆچی لابراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز لیژنەی یاسایی فەرموون.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە سەفحەی دووەمی ڕاپۆرتەکە لە کۆتایی نووسراوە لیژنەی یاسایی ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەتمەندی پێ پەسەندە، تەبعەن ئەوە سێ ساڵ و نیوە ئەو خولە ئەندامانی لیژنەی یاسایی من تەقریبەن لێرەم یەکەمجارمە ڕاپۆرتێك بەم شێوەیە دێتە ناو خوێندنەوەی دووەم، لەبەر هەستیاری و گرنگی ئەم یاسایە بەجێمان هێشت بۆ ناو خوێندنەوەی دووەمدا کە بێتە ئەم دانیشتنە، چونکە مەعلوماتمان نەبوو، تیمی وەزارەت وەزیری مەعنی و وەزارەتی مەعنی لەگەڵ لیژنەی تایبەتمەندی پەرلەمان تەنسیقی زۆر باشیان هەبوو، ئێمە جگەلە لەوە سەیرمانکرد ئەوە نەبووە یەکسەر ڕاپۆرتەکە تەسدیق بووە لای ئێمە، لە ڕووی دەستووری و یاسایی ئەرکی سەرەکیمانە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، جگەلە لەم ئیتارەی دەستووریە هیچ دەستکاریەکمان نەکردووە یەك کەلیمەش مەسح نەبووە، چۆن هاتووە بەم شێوەیە هاتۆتە ناو هۆڵی پەرلەمان، بەڵگە لەسەر قسەی من ماددەی نۆ هاتبوو بۆ ئێمە نووسرابوو با لیژنەی یاسایی ئەم ماددەیە مەسج بکات، سەبارەت بەم ماددەیە ڕازی نەبووین مەسج بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دواتر لە کۆی پێشنیارەکان هەندێك پێشنیاری نوێ بەپێی پەیڕەو دابنێین، فەرموون ماددەی چواردە بخوێننەوە.

**بەڕێز ڕۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی سێیەم

خوێندنی ئامادەیی

تەوەری یەکەم: بنەماکانی خوێندنی ئامادەیی.

ماددەی (١٤):

یەکەم: قۆناغی خوێندنی ئامادەیی لە خوێندنگە و کۆمەڵگەی پەروەردەیی لە سێ ساڵ پێکدێت و پۆلەکانی دەیەم و یازدەیەم و دوازدەیەم لە خۆ دەگرێت.

دووەم: دوای تێپەڕاندنی قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی لە هەموو بابەتەکانی خوێندن بە سەرکەوتوویی قوتابی مافی هەیە پەیوەندی بە قوناغی خوێندنی ئامادەیی حکومی بێبەرامبەر بکات بە مەرجێك تەمەنی لە بیست ساڵ تێپەڕ نەکات.

سێیەم: پێویستە خوێندکار بەر لە تێپەڕبوونی تەمەنی بیست و چوار ساڵی قۆناغی خوێندنی ئامادەیی تەواوکردبێت.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت گفتوگۆ لەسەر ماددەی چواردە بکەن با ناویان تۆمار بکەن، ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت قسە بکەن (کاك د.اسماعیل، کاك د.شێرکۆ، هلز خان، مژدە خان، کاك کاوە، کاك عثمان سێدەری، کاك بهجت، کاك چیا، کاك هێڤیدار، لیزا خان، د.زیدان، کاك ابوبکر)، کاك بهجت فەرموو.

**بەڕێز بهجت علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینی من ل سەر بنەماکانی خوێندنی ئامادەیی ماددەیا چواردێ خالا دووەم و سێیەمە، خالا دووەم ناڤ سەنتەرێ باژێڕادا بەحس دکەتن کە ئەوەی تەمەنێ وان ببیتە بیست ساڵ حەقێ وانە بشێن، بەس گەلەك دەڤەری دی مە یا هەی مەسەلەن ل قەزا و ناحیە و ل گوندا خاندنا ئێڤاران ل نینە، پێشنیارێ دکەم کو ئەو بیست ساڵە بۆ وان بیت کو ل ناڤ سەنتەرێنە، ل دەرڤەی وێ ببیتە بیست و یەك ساڵ، بۆ ئەوەی بێ بەش نەبن ل خاندنێ، سەبارەت ب خالا سێ پیویستە خوێندکار بەر لە تێپەڕبوونی تەمەنی بیست و چوار ساڵی قۆناغی خوێندنی ئامادەیی تەواوکردبێت، هەروەها پێشنیارێ دکەم ئەو ژی ببیتە بیست و پێنج ساڵ بۆ وان مەنتەقێت کو خاندانا ئێڤاران لێ نینە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك چیا فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیا من ل سەر خالا دووەم و سێیەم بوون، دەست نیشانکرنا تەمەنی و دیارکرنا تەمەنی رێگریەکە بۆ بەردەوامیا خاندنێ، مە پێ باشە تەمەن دیار نەکرێت کەسەك کە عەمری بیست و پێنج ساڵ یان بیست و شەش ساڵ بلا ئامادەیی تەواو بکات هیچ موشکیلەیەك نینە، دەست نیشانکرنا وی تەمەنی رێگری دبیت ل خاندنا باڵاش دا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

د. زیدان فەرموو.

**بەڕێز زیدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ماددەیە ناونیشانەکەی پێویست ناکات ئێمە بڵێین بنەماکانی خوێندنی ئامادەیی، ئەمەش بازنەیەکی ترە لە پرۆسەی خوێندن لە دوای بنەڕەتی بازنەی ئامادەیی دێت، وە لە هەمان کاتیشدا ئەو بەڕێزانەی کە پرسیاریشیانکرد سەبارەت بە تەمەن ئێمە تەمەنی بیست و چوار ساڵیمان هەیە کە قۆناغی ئامادەیی تەواو بکات، بەڵام ئێمە تاقیکردنەوەی دەرەکی ئامادەییشمان هەیە کە تەمەنی سەرووتر وەردەگرێت و لە ناو یاسایەکەشدا هەیە کە تا بیست و حەوت ساڵ و بیست هەشت ساڵە، بۆیە لێرە دەبێت یەکجار ئاماژەی پێ بکرێت، لە دواتر

دووبـاره نەکـرێتەوە، بڵێـین قۆنـاغی ئامـادەیی تەواو دەکـات کە لە بیسـت و چـوار سـاڵی و تاقیکردنەوی دەرەکیش دەتوانێت تەواو بکات لە تەمەنی بیست و حەوت ساڵی، زۆر سوپاس.
لیزا خان فەرمووو.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من لەلایەن کاك بهجت و کاك چیا کرا من پشتگیری لە قسەکانیان دەکەم، بەڕاستی دانـانی مەرجـی تەمەن بـۆ ئەوەی کە قوتـابی وەربگیرێـت یـاخود دەبێـت پـێش ئەو تەمەنە قۆناغەکـانی تەواو بکـات بەر تەسـککردنی ئەو دەرفەتەیە کە بە قوتـابی دەدرێـت، راسـتە قوتابخـانەی ئێوارانمـان هەیە و تـاقیکردنەوەی دەرەکیمـان هەیە، بەڵام ئەمەش هەسـت دەکەم جیاکـاریەك دروسـت دەکـات، بەڵکـو قوتـابیەك حەز دەکـات تەمەنیشـی گەورەیە بچێـتە پـۆڵەوە بخوێنێت، بـۆیە دەبێـت ئەو دەرفەتەی پێبـدرێت، هەروەهـا پرسـیارێکم لە جەنـابی وەزیـر هەیە هەرچەندە رەنگە پەیوەستیش نەبێت بەم ماددەیەوە، بەڕێز جەنابی وەزیـر، سـەرەتا بەخێـربێن، لەسـەر قوتابیـانی ئـۆتیزم ئایـا چ رێکارێـك هەیە لەم پـڕۆژەیە دەزانـم باسـی ئەوەتـانکردووە کە خاوەن پێداویستی تایبەتەکان بەشێکتان بۆ دیاریکردووە، بەڵام بەپێی قسـەی دەروونـاسـێك کە ماوەکانی پێشووکردی منداڵی ئۆتیزم لە کۆمەڵگەی ئێمە خەریکە رێژەیـان بەرز دەبێـتەوە، بـۆیە پێویستیان بە پەروەردەیەکی تایبەت هەیە بۆ ئەوەی کە خێزانەکانیـان بتـوانن پێیـان بگەیەنـن، بۆیە دەمەوێت بزانم کە وەزارەتەکەی جەنابتان بۆ ئەم بابەتە چی هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك هێڤیدار فەرموو

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم دوای تێپەڕاندنی قۆناغی خوێنـدنی بنەڕەتـی مـن پێمباشـە ئەوەهـای لێبکرێـت لە هەموو بابەتەکانی خوێندنی بنەڕەتـی سـەرکەوتوو قوتـابی مـافی هەیە پەیوەنـدی بە قۆنـاغەی خوێندنی ئامادەیی حکومی بێبەرامبەر بکات بە مەرجێـك تەمەنـی لە بیسـت سـاڵ کەمتـر بێـت، پشـتگیری لە قسـەکانی بەڕێـز کـاك بهجـت دەکەم، لەبەر ئەوەی مـاددەی پـازدە باسـی قۆناغەکانیکردووە بەشی زانستی و وێژەیی و پیشەیی، بەڕێز وەزیری پەروەردە، لەم بەشە باس نەکـراوە دەکرێـت ئەمەی بـۆ زیـاد بکرێـت بە مەرجـی وەرگرتنـی قوتـابی لە ئامـادەیی لە بەشـی زانستی و وێژەیی و پیشەیی بۆ هەر بەشێك نمـرەی جیـاواز هەبێـت، یەعنـی دەکرێـت لە پـۆلی نۆی بنەڕەتی بچێتە ئامادەیی هەموویان یەك موعدەل هەبێت و هەر بە کەیفی خۆی بچێتە ئەو بەشە، لە ماددەی پازدە باسکراوە، بەڵام لێرە مەسەلەن وەکو دەروازەیەك بۆ ئەوەی بچێـتە ئەوێ تێیدا روون بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عثمان سێدەری فەرموو.

**بەڕێز عثمان كريم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی چواردە بڕگەی دووەم من پێشنیار دەكەم وەكو ئەو هەڤاڵانەش بەشێكیان پێشنیاری ئەوەیانكرد كە ئەو ماوەی تەمەنە یان زیاد بكرێت یان لابرێت، من هەر لەگەڵ ئەوەم لابرێت نەمێنێت، هەروەها لەگەڵ لابردنی بڕگەی سێیەمیشم هیچ زەرورنیە سنوورێك دابنرێت بۆ ئەوەی كە بەربەستێك بۆ خوێندن لەبەردەمی خوێندنی ئەو خەڵكانەی كە هەلومەجێكیان لەوانەی بۆ نەرەخسابێت لە كاتی خۆیدا خوێندنەكانی گەیاندبێتە ئەو كاتە یان دوای ئەو كاتە، بۆیە من لەگەڵ ئەوەم كە ئەو نەرجی تەمەنە هەر نەمێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك كاوە فەرموو.

**بەڕێز كاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی چواردە بڕگەی یەكەم لەسەر قۆناغی ئامادەیی لە خوێندنگە و كۆمەڵگەی پەروەردەیی، جارێ لە مەسەلەی خوێندنگە و كۆمەڵگەی پەورەردەیی كە هەردووكیان حكومین جیاوازییەكی زۆر هەیە لەسەر دەوام، بۆ نموونە لە خوێندنگەیەكی حكومی دەوامەكەی كاتژمێر دوازدە تەواو دەبێت، بەڵام كۆمەڵگەیەكی پەروەردەیی كاتژمێر دوو تەواو دەبێت، تەقریبەن ئەو موستەلزەمات و هەموو ئەو شتانەی كە بۆ كۆمەڵگەیەكی پەروەردەیی دابین دەكرێت زۆر جیاوازە لە قوتابخانەیەكی ئامادەییەكی حكومی كە ئەمە خۆی لە خۆیدا جیاوازیە بەڕاستی، ئینجا لەوەش خراپتر بەڕاستی جیاوازیە لە وەرگرتنی خوێندكاران لەو قوتابخانانە، یەعنی من بەڵگەم هەیە لەو هەولێرە وەزیر هەبووە سێ خوێندكاری سێ منداڵی بە یەكەوە لەو قوتابخانەیە وەرگیراوە، پەرلەمانتار دوو وەرگیراوە، خەڵكی حزبی وەرگیراوە لەسەر ئەساسێك، بەڵام خەڵكی تر هەبووە كە شیاوبوونە وەرنەگیراوە لەو كۆمەڵگایانە، یەعنی ئەوە جۆرێكە لە ئیمتیاز بۆ خەڵكی دەست ڕۆیشتوو و خەڵكی دەسەڵاتدار، لەسەر بڕگەی دووەم و سێیەم پشتگیری لە قسەكانی كاك بهجت دەكەم، هەمان بۆچوونی ئەوم هەیە، چونكە كێشەیەكی زۆر هەیە لەوەی كە لە هەندێك ناوچە لەبەر ئەوەی خوێندنگەی ئێواران نیە كێشە دروست دەبێت بۆ خوێندكاران، لەسەر قسەكەی لیزا خان دەمەوێت هەمان پرسیار لە جەنابی وەزیر بكەم، دیارە لە (٢٠٢٢/٦/٦) بە ئیمزای بەڕێزتان كە نووسراوێك تەعمیم كراوە بۆ هەموو پەروەردەكان سەبارەت بە خوێندنی خاوەن پێداویستی تایبەت كە مامۆستای تایبەت كە وانە بێژیان بۆ دابین بكرێت، بەڵام لە ئێستادا گرفتێكی گەورە هەیە یان بەشێكیان وەرنەگیراون یان بەشێكیان وەرگیراون مامۆستایان بۆ دابین نەكراوە، كێشەیان هەیە دەڕۆنە دەوام وەك چۆن دەچنە دەوام بە هەمان شێوە دێنەوە، لەبەر ئەوەی مامۆستای تایبەتیان بۆ دابین نەكراوە، ئەوە قسەی من نیە تەقریبەن قسەی ئەو خاوەن پێداویستیە تایبەتانەیە كە داواكاریان لە ئێمە هەبووە كە داواكاریەكانیان بگەیەنن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
کاك د.شێرکۆ فەرموو.
**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفی :**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سەبارەت بە ماددەی چواردە هەر وەکو ماددەکانی تر لە پێشتر مەسەلەی سێ ساڵ یان سێ پۆڵ، بۆیە ئێمە سێ پۆڵمان پێ پەسەندترە وەك لە سێ ساڵ، بۆ موراعاتی مەسەلەی دەرچوون و دەرنەچوونی یان نەبرینی بە چەند ساڵێك زیاتر، زۆر سوپاس.
**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
کاك ابوبکر هەڵەدنی فەرموو.
**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
پشتگیری لە قسەکانی کاك دکتۆر شێرکۆ دەکەم، چونکە لە ماددەی یەك بڕگەی بیست و پێنج پێناسەی پۆڵ کراوە، بۆیە خوێندنی ئامادەیی پێکدێت لە سێ پۆڵ، زۆر سوپاس.
مژدە خان فەرموو.
**بەڕێز مژده محمود محمد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سەبارەت بە ماددەی چواردە لە خاڵی یەکەم ساڵ پێموایە نەگونجاوە، چونکە تەڵەبە هەیە لە پۆلی شەش دوو ساڵ خۆی دەهێڵێتەوە یان دەرناچێت، یەعنی ساڵ نەگونجاوە لەوەدا، من یەك شتی ترم هەیە بۆ جەنابی وەزیر، بەڕێزت ئاگاداری ئەو فەوزا و کاراساتەی عەزیەت نەبێت مندال لە ناو خۆڵدا سیاجی نیە کە مەکتەبەکەی کابینەیە هەشت سەد خوێندکارە لە گەڕەکی مەلا داواد، سەیری بکە بە ناو ئەو شاخ و دەشت و گرد و ئەو خۆڵە، یەعنی بەس خۆڵ و بەرد و دارە ئەوەتان بینیووە، هیوادارم بە زووترین کات بەدواداچوون بکەن بۆ ئەو بابەتە، یەعنی ئەو ڤیدیۆیەیە رێك کارەساتە، سەیری ئەو منداڵانە بکە، بەڕێزت باس لە خۆشبەختی دەکەیت، چ خۆشگوزەرانی و خۆشبەختیەك هەیە لەوەدا، زۆر سوپاس.
**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
هلز خان فەرموو.
**بەڕێز هلز احمد محمد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
چونکی ل ماددەیا ئێکێ برگەیا بیست و پێنج پێناسەیا پۆڵ هاتیە کرنێ، ژبەر هەندێ ئەز ژی پشتگیریا وان بەڕێزان دکەم کو ل ڤێرێ سێ ساڵ پێکدێت بهێتە گهۆڕینێ ببیتە سێ پۆڵ، چونکی مە تەڵەبەییێت هەی پتر ل سێ ساڵە ب تایبەتی ل قۆناغا دوازدە خۆ دهێلێتن، یا دروست ترە ل گەل قانونێ بگونجێتن ئەڤەیە سێ ساڵ ببیتە سێ پۆڵ، زۆر سوپاس.
**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
کاك د.اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ خالا ئێکێ ل ماددەیا چواردێ هەر دیسان ئەز پشتەڤانیا هلز خان و مژدە خان و دکتۆر شێرکۆ و مامۆستا ابوبکر دکەم ببیتە پۆڵ، چونکی وەکو گووتی ل برگەیا بیست و پێنج ل ماددەیا ئێـك پۆڵ هاتیە پێناسەکرن، نەك سالا دیراسی، ژبەر هەندێ پێتڤیە، هەروەسا بۆ خالا دوو و سێ هەز پشتەڤانیا مامۆستا بهجت کاك چیا و لیزا خان و مامۆستا کاوە دکەم، چونکی گەلەك جهێ هەین وەسائیل لێ نینە، خاندنا ئێڤاران لێ نینە، باشە ئەگەر خاندنا ئێڤاران لێ نەبیت چ بکەتن، بە لایەنی کەم دەریڤەکی بدەنێ سالاکا دی بۆ زێدە بکەن بەڵکی تێپەڕیت و وێ قۆناغێ ببڕیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامیت هەبوو؟ فەرموو.

**بەڕێز زیدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پڕۆژە یاسایەی کە پێشتر لە بەردەستمان بوو بەداخەوە هەر چەندە پێشتر لە ماددەی سێ و چواریش ئاماژەم پێکرد بنەماکان و ئامانجەکانم رێکخست بوو، مانەوە لە پۆڵم رێکخست بوو لە ماددەی پازدە، بیست و دوو و بیست و نۆی کۆن، بەڵام بەداخەوە مانەوەی پۆڵ هەر لەم یاسایەدا نیە، بەڕاستی ئەوەش کارەساتێکی گەورەیە ئەگەر یاسا تێپەڕێت مانەوەی پۆڵی تێدا نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز جەنابی وەزیر وەڵامتان بۆ ئەندامانی پەرلەمان، فەرموو.

**بەڕێز ئالان حەمە سعید/ وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مانەوە لە پۆڵ و تاقیکردنەوەکان هەر لەم پڕۆژە یاسایە کراوەتە پەیڕەو کە لە ئەنجوومەنی وەزیران دەردەچێت کاك دکتۆر زێدان، سەبارەت بە گرفتی قوتابخانەی مەلا داود مژدە خان، بەڵێ، ئێمە ئاگادارین، بەس گرفتێکمان هەیە لەو جێگەیە کە ئەویش ئەوەیە کە ئەوەی من موتابەعەمکردووە لە چوار مانگی رابردوو ئەو مەنتیقەیە تاپۆی نیە، وە زەوی موخەصەص نەبووە لەلایەن شارەوانیەوە تاوەکو ئێمە بتوانین قوتابخانەی لەسەر دروست بکەین، ئەوەی کە کردوومانە بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێز پارێزگاری سلێمانی و بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی سلێمانی کردوومانە، وە ئەگەر سەیری پەیجی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی رۆژئاوای سلێمانی بکەی پێرێ بەڕێز بەڕێوەبەری پەروەردەی رۆژئاوام ناردۆتە ئەوێ، وە پێم گووتووە دەرخستەیەکمان بۆ بکەن تاوەکو پانزە ملیۆن دیناریشتان بۆ سەرف دەکەین، بۆ خۆشی لە سەرەدانێکی مەیدانی ئاماژەی پێداوە، ئەوەی کە جەنابت باسی دەکەی قوتابخانەی مەلا داودە، بەڵام بەداخەوە زەویەکی موخەصەص بۆ پەروەردە بە رەسمی لەلای شارەوانیەوە نیە، چونکە ئەوەی کە من بیستوومە ناوچەکە ناوچەیەکی بێ تاپۆیە، ئەمە یەکێك بووە لەو گرفتانە ئەوەشی کە لەسەر ئێمە بە ئەرکی خۆمانی هەڵساوین، بەڕێوەبەری پەروەردەی رۆژئاوامان ناردووە، بۆ دڵنیابوونەوە دەتوانی سەیری پەیجی فەرمیان بکەی، سەبارەت بە خاڵی سێیەم

بـابەتی بیسـت و چـوار سـاڵ و ئەو بابەتـانە ئامـاژەی پێـدەکرێت، بەڕێـزان، ئیختیلافـی تەمەن دروست دەبێت، ئەوە قۆناغی ئامـادەییە، کەسێك کە لە پـۆلی (١٠)ی ئامـادەییە تەمەنـی شـازدە ساڵە ئەگەر بە ئاسایی پۆلەکانی تێپەڕ کردبێت، ئەگەر ئێوە بتانەوێت ئەوە مەفتوح بکەن یەعنی کەسێك چل ساڵ بێت لە ئامادەیی بخوێنێت بەڕاستی لە بەینی شـازدە سـاڵێك و چـل سـاڵێکدا ئێوە بە خۆتان بە گونجاوی دەزانن، مومکینە کێشـە دروسـت ببێـت، ئیختیلافـی تەمەنـی گەورە دروست دەبێـت، یەعنـی ئەو سـەقفە زەمەنـیە ئەو سـاڵەی کە دیـاریکراوە دیراسـەکراوە بـۆ ئەو ساڵانەی کە کەسێك تێیدا دەرناچێـت و دەمێنێـتەوە، وە لە پـاش ئەوە ئەوانە وەکـو کـاك دکتـۆر زیـدان گـووتی دوو دەرفەتـی خوێنـدنیان هەیە، دەرفەتـی خوێنـدنی ئێوارانیشـیان هەیە، وە دەرفەتی خوێندنی دەرەکیشیان هەیە، بەڵام من لەگەڵ ئەو پێشنیارەی بەڕێـزتم کە بـۆ ئەوەی لە یاساکە دەرفەتێـك بـدەینە خۆمـان، لەو ناوچـانەی کە خوێنـدنی ئێوارانمـان نـیە بتـوانین ئەوانە بهێڵینەوە تاوەکو خوێندنی ئێواران دەکەینەوە، ئەوە پێشنیارێکی مەعقول و گونجاوە، بەڵام بـۆ ئەوەی کە بیست و چـوار سـاڵەکە لابرێـت جەنابتـان بڕیـار دەدەن، بەڵام مـن لە ئێسـتاوە پێتـان دەڵـێم ئیختیلافـی تەمەن کێشـەی گەورەش دروسـت دەکـات، قوتابیـانی ئـۆتیزم کە لیـزا خـان پرسـیاریکرد، مـاددەیەك لە نـاو ئەم پـڕۆژە یاسـایە هەیە بە هەمـاهەنگی لەگەڵ ئەو دەرووناسـە بەڕێزەی کە جەنابت ئاماژەت پێداوە پێکەوە دامانڕشتووە و خستوومانەتە نـاو ئەم پـڕۆژەیەوە، دوو جۆر سیاسەت هەیە سەبارەت بە منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت، جۆرێکیـان سیاسـەتی تێکەڵ نەکردنە، کە ئەم سیاسەتە دژی هەموو ستانداردەکانی مافی خاوەن پێداویسـتی تـایبەتە، وە دژی سـتانداردی نێـودەوڵەتیە بـۆ مـافی فێربـوون، جـۆرێکی تریـان هەیە کە سیاسـەتی پێکەوەبوونە، ئێمە لەم پڕۆژە یاسایە سیاسەتی تێکەڵکردنمان پەیڕەوکردووە، کە قوتابی خاوەن پێداویستی تایبەت نابێت جیا بکرێتەوە لە قوتابی ئاسایی، بۆ خۆی جیاکردنەوەیان گەورەتـرین عقوبەیە و گەورەترین توند و تیژیە دژی خاوەن پێداویستی تایبەت، بەڵام خاوەن پێداویسـتی تایبەت لە داونە و لە ئۆتیزمەوە بە هەموو جۆرەکانیەوە هەموو سنفێکی هەیە، خاڵێك کە گرنـگ بێـت ئەو منـداڵانەی ئۆتیزمیـان هەیە لیـژنەی پزیشـکی دەرەجەکانیـان دیـاری دەکـات، ئەگەر گونجاوبن بۆ ئەوەی کە لە پۆلی خوێندنی ئاسایی بخـوێنن دەخـوێنن، بەڵام ئەگەر حاڵەتەکەیـان بە جۆرێك بێت بنێردرێنە سەنتەرەکانی تەئهیلکردن راهێنانیان و ناردنەوەیان بـۆ کـۆمەڵگە ئەوە دەنێردرێنە سەنتەرەکانی دەرەوەی وەزارەتی پەروەردە، ئەوەی کاك کاوە ئاماژەی پێدا، کاك کاوە ئێمە لەم ساڵی خوێنـدن (٢٠٢٢-٢٠٢٣) فەرمانێکمـان دەرکـردووە هـیچ کەسـێك بـۆی نـیە منـداڵی حیزبە حکومەتە یان هەر کەسێکی دیکەیە بۆی نیە منداڵ لە هیچ قوتابخانەیەك لە چوارچێوەی ئەو پێوەرانەی کە دایانناوە وەربگرن، لەم ساڵی خوێندنەوە ئێمە ئەوەمان جێ بەجێکردووە، من بەرپرسم بەرامبەر یەك منداڵ بە موخالیفی وەرگیرابێت، حەز دەکەم یەك ناوم پێ بڵێیـت سـاڵی خوێندنی ئەم ئێسـتا (٢٠٢٢-٢٠٢٣) وەرگیرابێـت، چـونکە هەمـوو بـرادەران دەزانـن زۆر زەختمـان لەسەر بووە ئەم ساڵی خوێنـدن نەمـانکردووە، پێشـتر کـراوە، دە یـان چـواردە یـان پـانزە کـراوە وەرگرتن بنەمایەکی دیاریکراوی نەبووە، نەك ئەوەی کە پێوەرێـك هەبووبێـت، بەڵام لە دەرەوەی پێـوەر، بەڵام وەرگـرتن بـۆ خـۆی بنەمـایەکی دیـاریکراوی نەبـووە، خـاڵێکی تـر کـاك کـاوە باسـی ئەوەتکرد بۆ کۆمەڵگەی پەروەردەیی، کۆمەڵگەی پەروەردەیی بریتی نیە لەوەی کە ئەهلـی بێـت، کۆمەڵگەی پەروەردەیی مەفهومێکی موئەسەسـاتیە کە بـریتیە لە بـاخچە و قۆنـاغی بنەڕەتـی و

قۆناغی ئامادەیی بە هەمووی بە یەکەوە یەك کۆمەڵگەی پەروەردەییە، دەکرێت حکومی بێت و دەکرێت ئەهلی بێت، مەرج نیە کۆمەڵگەی پەروەردەییە حکومیەکان تاوەکو سەعات دوو دەوام بکەن، هەیانە سەعات دوازدە و نیوی نیوەڕۆ یان یەکی نیوەڕۆ لێدەبێتەوە، یەعنی هەر قۆناغی ئامادەییە، ئێمە مەبەستمان چیە، مەبەستمان حەلەقەی ئامادەییە لە ناو کۆمەڵگەی پەروەردەیی لە ناو ئەم پڕۆژە یاسایە بۆ پێش چاوڕوونی، کاك هێڤیدار بابەتی ئینسیابیەت هەموو تەڵەبەیەك لە پۆلی نۆ دەچێتە ئامادەیی پیشەیی یان ئامادەیی وێژەیی یان زانستی لە ناو ئەم پڕۆژە یاسایە دەسەڵات دراوەتە بە ئەنجوومەنی وەزارەت بە گوێرەی ژمارەی قوتابیان، ئەنجوومەنی وەزارەتی پەروەردە بڕیار بدات ئینسیابیەت معیاریەت دابنێت چ نمرەیەك و چ مەقعەدێك دەچێتە بەشی زانستی و چ دەچێتە بەشی پیشەیی، بەڵام ئەوەش وا بەستەکراوە بەوەی کە ئەو قوتابیانە کە ناچنە زانستی و وێژەیی زەمینە سازیت کردووە لە بەشی پیشەیی وەربگیرێن یان نا، ئەو نووسراوەی (٦/٦) ئاخیر وەڵام، ئەو نووسراوەی (٦/٦) کە تایبەت بە قوتابیانی خاوەن پێداویستی تایبەت کردوومانە، ئێمە شەش سەد و هەشتا و پێنج پلەماندواە، لە کوردستاندا ژمارەی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت زۆرن، پێمان گووتوون بە پەروەردەکان گووتوومانە ئەگەر لە گەرکێکدا چوار قوتابخانەی بنەڕەتی هەیە داوا بکەن لە کەس و کاری ئەو قوتابیانە لە دوو قوتابخانە منداڵەکانیان تۆمار بکەن، چونکە ئێمە ناتوانین هەر منداڵێك لە قوتابخانەیەکدا بێت و خاوەن پێداویستی تایبەت بێت مامۆستایەکی تێدا دابنێین، چونکە بە هەموو کوردستان توانیوومانە شەش سەد و هەشتا و پێنج پلە تەخصیص بکەین بەسەر شارەکاندا تەوزیعی بکەین، لەبەر ئەوە ئەگەر لە گەڕەکێکدا چوار قوتابخانە هەبێت داوامانکردووە لە دووانیان دابنرێت بۆ ئەوەی ئێمە مامۆستای دەرچووی پەروەردەی تایبەت بۆ ئەوان دابنرێن، لە بەشێکی زۆری شوێنەکان دانراوە، بەڵام لە بەشێك دایك و باوکەکان پەنا دەبەنە بەر نزیکترین قوتابخانەی خۆیان، ئەوە حەقی خۆیانە، بەڵام تواناکەی ئێمە ئەوەیە شەش سەد و هەشتا و پێنج پلەمان هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەد و شەست و حەوت مادده ماوە لەم پڕۆژە یاسایە بۆ ئەوەی تەواو بکرێت، ئەگەر موعەدەل رۆژێ پانزە ماددەش تەواو بکەین پێویستمان بە دە دانیشتنی تر هەیە، بۆیە تکاتان لێدەکەین گفتوگۆکان چڕ بکەنەوە، بەیانیش سەعات (١٠) ئێمە دەست بە دانیشتن دەکەین، دەستەی سەرۆکایەتی سەعات (٩:٤٥) دەقە ئێمە لێرە لە ژوورە دەبین، تکاتان لێدەکەین سەعات (١٠) نیساب تەواو بکەین، وردە وردە بۆ ئەوەی بتوانین ئەم ماددانە تەواو بکەین، چونکە پەرلەمانی ئەرکی گەورەتریشی لەبەردەمە، زۆر سوپاس، دانیشتنەکەمان کۆتایی پێ هێنا.

| منى نبى قهوچى | هێمن هەورامی | د. ڕێواز فائق حسێن |
|---|---|---|
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |